# لەبارەی نووسەری ئەم رۆمانەوە

خوێنەرە بەڕێزەکان!

ابراهیم یونسی, نووسەری ئەم رۆمانە (زۆر بەداخـەوە) بـەو جـۆرەی پێویسـتە لـەنێو خوێنەرانی کورد لە دەرەوەی ئێران دا نەناسراوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کـە ئـەویش وەك زۆری دیکە لە نووسەرانی کوردزمانی ئێرانی بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئێران دا نەی توانیوە بەرهەمەکانی خۆی بەزمانی کوردی بنووسێ و بڵاو بکاتەوە. ئەویش هـەروەك علی محمد افغانی, محمد قاضی, علی اشرف درویشیان و... لە لای ئەدیبان و خوێنـەرانی فارسی زمان زیاتر ناسراوە تا هاوزمانەکانی خۆی. بەجۆرێکی دیکە بڵێین ئەویش و زۆر لە نووسەرە کوردە ئێرانی‌یەکانی دیکەش زیاتر لەوە کە وەك ئەدیبێکی کـورد ناسـرابن, وەك نووسەرێکی فارسی‌زمان یان هەر نەبێ فارسی نووس ناسراون. بۆیە ئەگەر زۆر بەکورتییش بووە ناساندنی ئەو نووسەر و وەرگێڕە بە تواناو پایەبەرزە بەپێویست دەزانم.

بەداخێکی گرانەوە ئـەمنیش وەك زۆربـەی خوێنـەرە کوردەکـان لەنیزیکـەوە ابـراهیم یونسی, یان وەك کوردەکانی ئێران دەڵێن بـرایم خـانی یوونسـی (نـاوبراو لـە بنەماڵـەی یوونسی‌یەکانی بانەیە) ناناسم و شارەزای ژیان و بەسەرهاتی نیم. هەر ئەوەنـدە دەزانم کـە پێشتر یەکێك بووە لە تێکۆشەرانی سیاسـی و ئەنـدامی رێکخـراوی ئەفسـەرانی حیزبـی توودەی ئێران بووە. ساڵی ١٩٥٤ کە رێکخراوی ئەفسەرانی حیزبی توودە ئاشـکرا دەبـێ, ناوبراو دەگیرێ و لەگەڵ یازدەکەسی دیکە لـە هاوپەروەنـدەکانی حـوکمی ئیعـدامیان بـۆ دەردەچێ. پاشان لەبەر ئەوەکە کاتی خۆی لە وەختی ئەنجامدانی ئەرکی رەسمی‌ـدا لاقێکـی لەدەست داوە حوکمەکەی لە ئیعدامەوە دەکرێتە حەبسـی ئەبـەدو ئـەوانی دیکـە ئیعـدام دەکرێن. هەشت ساڵ دوای گیرانی واتە سـاڵی ١٩٦٢ لەسـەردەمی حکوومـەتی دوکتـور عەلی ئەمینی دا لە زیندان ئازاد دەکرێ.

وەك لە وتوویژێکی چاپکراوی خۆی لەگەڵ گۆڤاری "چیستا" دەردەکەوێ کاك ابـراهیم یونسی ساڵی ١٩٢٦ی زاییـنـی لـە دایـك بـووە و بـەو پێیـە ئێسـتا لـە تەمـەنی ٧٣ ساڵی‌دایە. بەڵام وەك لەکارەکانی ڕادیارە بە خۆشی‌یەوە هێشتا ژیانێکی زۆر پڕکارو پڕباری هەیەو وەك لاوێکی بەگوڕ بەڵام بە ئەزموونی پیاوێکی وەنێوساڵ کەوتووەوە درێژە بە کارو تێکۆشانی فکری و ئەدەبی دەدا.

ڕەنگە بە ئاسانی بتوانین بڵێین کەم نووسەرو وەرگێڕی کورد بە ئەندازەی ابراهیم یونسی پڕکار بووەو ئەوەندە بەرهەمی نووسراو و تەرجەمەکراوی خستۆتە بەردەستی خوێنەدەواران. هەر ئەوەندەی ئەمن بزانم برایم خان لانیکەم دوازدە بەرهەمی نووسین و نیزیك بە شەست کاری وەرگێڕانی هەیە کە بە هەموویان سەرلە دەیان هەزار لاپەڕ دەدەن و زۆربەی هەرە زۆریشیان چاپ کراون. تەنانەت زۆر لەکارەکانی چەند جاریش چاپ کراونەوە, چونکە هەم نووسینەکانی و هەم تەرجەمەکانی لە پلەیەکی یەکجار بەرزی ئەدەبی‌دان و خوێنەرانی فارسی زمان و فارسی‌زان بەئۆگرییەوە دەیان خوێننەوە.

برایم خانی یوونسی کە فارسی‌یەکی یەکجار جوان دەنووسێ لەدوو زمانی ئینگلیسی و فەڕانسەیی‌یەوە تەرجەمە دەکا. بەڵام وەك بۆخۆی باس دەکا بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی لە زمانی ئینگلیسی‌یەوە کردوونە فارسی. جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەگەرچی ناوبراو (ئەوەندەی ئەمن بزانم) تا ئێستا هیچ کتێبێکی بە زمانی کوردی نەنووسیوە بەڵام شارەزایی‌یەکی بەرینی لەداب ونەریتی کوردەواری و لە پەندو مەتەڵ و زاراوەی باو لەکۆمەڵی کوردەواری دا هەیە. خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەر دەستتان راستی‌و دروستیی ئەو باوەڕەی من بۆ هەمووان دەردەخا.

کتێبی "نزا بۆ ئارمێن" کە ئێستا لەنێو دەستی خوێنەری بەڕێز دایە یەکێك لە تازەترین نووسینەکانی برایم خانی یوونسی‌یە. ئەم کتێبە کە بە زمانێکی یەکجار سادەو ڕەوان و هەر لەوکاتەدا دڵگر وشیرین نووسراوە بەباوەڕی من هەوڵدانێکە بۆ راست کردنەوەی هێندێ هەڵە وکاری نادروست کە لە پێوەندی‌یەکانی نێوان دوو گەلی هاوزنجیر و زۆرلێکراوی کورد و هەرمەنی‌دا روویان داوە. نووسەر مەبەستی خۆی لە چوارچێوەی داستانێکی ئەوەندە شیرین و دڵچەسپ دا گەیاندوە کەخوێنەری بەهەست وبەسۆز بەدوای دیمەنەکانی خۆی‌دا بەکێش دەکاو لەکاتێك دا لەزۆر جێگا بزەی دەخاتە سەر لێو, لە زۆر جێگای دیکە فرمێسکی لەچاوان دا قەتیس دەکا. بەپێویست نازانم زۆری لەسەربڕۆم, چونکە پێم وایە هەرکەس بەوردی ئەم رۆمانە بخوێنێتەوە, هەر دەگاتە ئەوئاکامە کەئەمن پێی‌گەیشتووم. داوەری لەسەر ئەوەش کەئەمن چەندە توانیومە ئەو لوتف وشیرینی‌یە کە لە رۆمانەکە دا هەیە بێنمە نێو وەرگێڕاوە کوردی‌یەکە, بەخوێنەرە بەڕێزەکانە.

پاییزی ١٩٩٩

وەرگێڕ

# ١

مێگەل هاتبۆوە نێو دێ, قاڕوقووڕی مەڕان کە دەت گوت پۆلێك عــارەقخۆرن گــۆرانی دەڵێن, و تۆزو خۆڵی هاتنەوەی ران بۆ نێو دێ , دامرکابوو. وەك هەمیشە لاوەکان لە ســەر بانی مزگەوتێ سەریان بە گاڵتەو گەپ و پێکەنینــەوە گــەرم بــوو. ژنــان و کچــانیش لــە حەوشەی ماڵەکان خەریکی دۆشینی بزن و مەڕان بوون. هێشتا گاڕان نەهاتبوو.

روخساری کابرا شەکەت و داگیراو بوو... چەند رۆژێك بوو بــێ دەمــاخ بــوو. خەبــەری ناخۆش ناخۆش دەهاتن. ئاگری داغ رووخابوو.

کابرا زۆرتر لە دەرێ بوو, لە دەوروبەری ئاوایی ئاوارە بوو" بەشی زۆری دوانیوەڕۆیــان و ئێواران لەسەر حەوز و کانیی گەورە بوو... جارجار لە بن دارێك دەخەوت... بەڵام ئێســتا ئیدی سارد بوو. پاییز داهاتبوو, گژو گیا وردە وردە تاریك و زبرو ژاکاو ببوون. دەت گــوت پێخوست کراون.

کابرا دەگەڕاو بیری دەکردەوە... لەچی؟ ... بۆخۆی دەیزانــی و خــوای خــۆی... ئــەم رۆژانە فکری زۆر ئاڵۆز بوو. بەڵام کێو... لە جێی خۆیبوو ـ راست وەك ژیان: بەرز و نزم, رێك و نارێك, تاریك و رووناك... راست وەك ژیان خۆی. هەوراز تاسەرێ, دوایــە لووتکــە. کە گەیشتیە لووتکە, بــە پتەیــەك ســەرەوژێر دەبیــەوە, ئــەودەم تلاوتــل... تــا دەگەیــە گەڵی... لەتکە بەردێکیش نیە پێیەوە بگیرسێیەوە.

ژنە دوور لە حەوز و کانێیەکە دانیشتبوو, پشت لە جنوب و روو لە دەشــت... بــۆ وا دوور؟ کابرا لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە. دیار بوو غەریبەیە: رەنگە پێی وا بووبێ لەوانەیە کەسێك بێ, نوێژێ بکا یان دەزنوێژێ هەڵ گرێ. رەنگە نەیویستبێ لەگەڵ کەس بەرەوڕوو بێ... ماندوو بوو.هەر لەدوورەوە دیار بــوو. کــابرا راســتەوخۆ تەماشــای نــەدەکرد, ئــەم شتانەی بە سیلەی چاو دەدی.

دەنگی گریانی منداڵ کابرای وشیار کردەوە. سەری هــەڵ بــڕی" ژنــە داهــاتبۆوە ســەر منداڵەکەی.... مەمکی دەدایە؟ کابرا رووی وەرگێڕا. وادیار بوو دەنگی قرووسکەی سەگی

بەر گوێ کەوت!... ئاوڕی دایەوە. بە هەڵە نەچووبوو: سەگێکی زەلام لە تەنیشت ژنەکە بوو. سەگ بە هەردوو گوێ و هەردوو چاو سێرەی لەو گرتبوو, خۆی مات کردبوو دەیمڕاند... لەتەنیشت ژنەکە راکشابوو, سەری وەسەر چەمۆڵەی کردبوو.

منداڵەکە دەگریا ـ وادیار بوو دایکیشی... سەگەکە لە بنی گەروویەوە دەی مڕاند... دنیا تاریك ببوو" لێرەوار وەك زەروویەك کە خوێنی هەڵ مژیبێ و خوێت پێدا کردبێ پەیتا پەیتا تاریکایی دەرشایەوە... ژنە دەگریا... کابرا لە دوورەوە چاوی لێبوو کە بە قولینچکی لەچکەکەی فرمێسکی سڕی...

قەڵافەتی کابراش داگیرابوو ــ شەکەت و بێحەوسەلە بوو: پیریش هێندێ خووی تایبەتی لەگەڵ خۆی دێنێ: حەوسەلە کەم دەبێ وهێندێ جار شاقەلی کەوا درێژ دەبێ و گوزەشتی زۆر ـ زۆرتریش تەنیا و لەگەڵ فکر و خەیاڵی خۆی نێوچاوان تێك نان, و مۆڕ بوونەوە لە شتی نەدیتراو... و جارجاریش وەك ئەم سەگە مڕەیەك یان قرووسکەیەك.

ئەگەر ناسیاوی هەبێ, لە دوورەوە هاتوە... بە پێی قاعیدە نابێ لێرە وەمێنێ... خورجێنی بە کۆڵەوە بوو" کلاشەکانی داکەندبوون. دەستی برد, لە پێش دا بە قولینچکی لەچکەکەی چاوی سڕینەوە... و ئاوی لووتیشی... وەرسووڕا, کلاشەکانی هێنانە پێش... دەستێکی بە کلاشەکانەوەو دەستێك بەمنداڵەکەوە... منداڵەکە هەر دەگریا. سەگەکە سەری هەڵێنابوو, لەسەر دەستان هەڵ تووتەکابوو, خۆی خاوکێش دەکرد.

کابرا لێی نزیك بۆوە, ژنە بەسەری قامکی سەرپۆشەکەی هێنایە پێش, خەریك بوو هەستێ. کابرا دەستی بردە پێش, گوتی: "هەڵ مەستە کچم... منداڵەکە خەبەر مەکەوە!" منداڵەکە بێدەنگ ببوو.

ژنە لە بن لێوانەوە گوتی:"نەخەوتوە ـ بەخەبەرە" راوێژی دەنگەکەی زۆر مەزلۆومانەو غەریبانە بوو. شتێکی بە سەگەکە گوت... راوێژی قسەکەی کوردی نەبوو... سلاوی کرد... ویستی هەستێ, کابرا گوتی:"هەڵ مەستە... هەڵ مەستە... منداڵەکە خەبەر مەکەوە!" منداڵەکە چاوی لێك نابوون.

ژنە بە سەری قامکی لەچکەکەی هێنایە پێش وبە دەنگێك کە دەیەویست ئارام بێو ئارام نەبوو, گوتی:"بەخەبەرە, نەخەوتوە..." بەلام چاوی منداڵەکە خەوتبوون.

کابرا باشی گوێ لێ ببوو, راوێژی دەنگەکە زۆر مەزلۆومانەو بە ئازار بوو. گوتی:" دیارە نوستوە!"

"نا مامە... نەخۆشە..." و لە پرمەی گریانی دا. کابرا تێ مابوو. ژنە تاوێك لەبن لێوانەوە گریا" منداڵەکە دیسان لێوی کردن, و گریا. دایکەکە نەختێك رایژاند و گریا. سەگەکە گوێی بۆ ئەم وتووێژە راداشتبوو, ماندوو بوو, خۆی لەبەر یەك کێشایەوە.

کابرا گوتی:"کچم, لەکوێوە هاتووی؟"

ژنە گوتی:"لەو لایەوە..." بە سیلەی چاو لێی دەڕوانی... کابرا زیاتریش پرسیارو بە دواداگەڕانی لە رووخساری دا بەدی کردبوو. ژنە دیسان بە سیلەی چاو تەماشای کرد.

"خزم و کەست لە نێوئاوایی هەن؟"

"!"

کابرا سەری داخست, ژنە بە خێسەخێس چاوی لێ کرد.

"ئەدی چی"

"هیچ مامە... دەمەویست بچمە "شیروانە" گوندی شێر ئاغا..." و دیسان گریان.

نیشانەکان راست بوون, ئەوە بوو کە هۆسپ پێی گوتبوو. کەڵەگەت, وێچوو, دەم و چاو پڕو تا رادەیەك بەخۆوە... قەڵافەتێکی گەش و ریشێکی کۆڕپە.

"باشە, ئەمە گریانی ناوێ. ئێرە شیروانەیە... راست هاتووی... هەستە کچم... ئەمن شێر ئاغام... هەستە! درەنگە... غەمی منداڵەکەت نەبێ... منداڵە ئیدی, نەخۆش دەبێ... چاك دەبێتەوە... باشە ئیدی, منداڵە... ماندووی. مەگری!"

بۆخۆشی نەیزانی گوتی چی, لەو شتانە کە لەخۆوە بۆ دڵخۆشی دانەوەی خەڵکی دیکە دەگوترێن و سوودیشیان نیە... بەڵام ئیدی دابە, ئەم قسانە دەکەن تا کەلێنێك پڕ بکەنەوە, وەك ئەو سیغارە کە ئەگەر قسەیەك نەبوو بیکەن, دای دەگیرسێنن تا بەتاڵاییەك پڕ بکەنەوە.

بیروزەینی هەردووکان مەشغووڵ بوو: ژنە بە گومان بوو: ئەدی ئەگەر شێر ئاغا نەبوو... ئەگەر ئێرە شیروانە نەبوو... ئەگەر... ئەگەر. ئەم"ئەگەر"انە بەزەینی ژنەکە دا دەهاتن... بەڵام سەیر ئەوە بوو وەڵامیان نەدەویست. شێر ئاغا هەستی کردبوو ژنەکە بە راوێژی هەرمەنی قسە دەکا... هەستێکی ناڕوونی بۆ پێك هاتبوو کە نەیدەتوانی ناوێکی روونی لێ بنێ... هیچی لێ نەپرسی... دروستیش نەبوو بپرسێ. ـ میوان بووـ لە هەر بارێکەوە تەماشات کردبا, جوان نەبوو. بە تایبەتیکە ژنیش بوو.

وەڕێ کەوتن بۆ لای ئاوەدانی, شێرئاغا لە پێشەوە, ژنە بە دوای داو سەگەکەش لە تەنیشتی.

سەگەلی ئاوایی هەر لە دوورەوە ویستیان بزانن ئەم سەگە غەریبە چ کارەیە, و سەگەکە لەسەر داوای ژنەکە خۆی نەناساند. منداڵەکە دەگریاو ژنە هەر بەدەم ڕێگاوە لە باوەشی دا رایدەژاندو لەبن لێوانەوە هێندێ شتی دەگوت. لەچۆمی پەڕینەوە. سەگەلی ئاوەدانی بە پیریانەوە هاتن. سەگەکە خۆی بە بەلەکی ژنەکەوە نووساندبوو و تەماشای ژنەکەی دەکردو بەچاو لێی دەپرسی چ بکا. ژنە هەر تاونا تاوێک قامکێکی بە لێویەوە دەناو دەیەویست بێدەنگ بێ" منداڵەکەش جارجار دەگریاو بێدەنگ دەبوو.

شێر ئاغا لە سەگەکانی راخوڕی, سەگەل کلکیان دەگەلۆزیان گرت و کەمێك دوور کەوتنەوە, بەڵام لەبنەوە هەرچاویان لەو سەگە غەریبە مۆڕ دەکردەوە.

ئاغا بانگیکرد:"رەحیم... حوسێن!..."

لەجێیەك هەر لەو نزیکانەوە یەکێك گوتی:"بەڵێ ئاغا!"

"بلێ با چرا فتیلەکە لەسەر پلیکانان دانێن... وریابە کچم, پێش خۆت جۆگەلەیە..."

"بەچاوان مامە..."

KKK

# ٢

تازە لەسەربانی مزگەوتێ هاتبوومەوە. دنیا تاریك ببوو. بابم هێشتا دیـار نـەبوو. ئـەم ڕۆژانە هەمیشە بێ کەیف بوو. کاتێکیش کەیفی ساز نەبایە, ماڵەکە کپ و کڕ بوو, کەس نەیدەوێرا پێ بکەنێ" بۆخۆشی دەیزانی, بۆیە زۆرتری ڕۆژەکان ئاوارە بـوو. لەدەوروبـەری ئاوایی دەگەڕا, زیاتر لە دەوروبەری حەوز وکانییەکەی ئەوبەر چۆمی. دایکم, خوشکەکانم, ئەمن ـ هەموو دەمان زانی... هەوڵمان دەدا بەپەلەپڕووزە شـتێك بخـۆین و بخـەوین... و لێی گەڕێین بەتەنیا بێ. ئەو دەمانەی لەماڵێ بووین, بە سەری پەنجان بەرێدا دەڕۆیشتین و لەبن لێوانەوە قسەمان دەکرد. ماڵەکە ببوو بە ماڵی مردووان... دایکم هەمیشە قامکی بە لێویەوە بوو کە کەس قسە نەکا...

بانگی دابوو, تازە چرایان هەڵ کردبوو, لوولە لامپاکە هێشتا گەرم نەببوو, پلێتەکەی هێشتا هەڵ نەدرابوو. ڕەحیم بە غاردان هاتە سەر ـ چرا فتیلەکەی لـە تەویلـە هێنابووـ هاتبوو بۆ شەمچە, لە پێش دا پلێتەی لامپایەکەی هەڵ دا, پاشان فتیلەکەی هەڵ کرد و ڕۆیشت.

"ئەمن شارەزای ڕێگاکەم" دەنگی بابم بوو "بۆ ئەمانەی رادێرە... پەلە مەکـە...!"و پاشان هەر لەبەر پلیکانانەوە بانگیکرد "فاتم!" فاتم دایکم بوو. میوان هـاتبوو, قـەتیش وانەبوو دایکم بە پیر میوانەوە بچێ: خاڵەکانم لەمێژ بوو مردبوون. قەراریش نـەبوو کـەس بـەژن و ماڵـەوە بـێ. "فـاتم!" چـوومە سـەر پلیکانـەکان... دایکـم و خوشکەکانیشـم گەیشتنێ.

بابم گوتی:"میوانمان هەیە..."

دایکم وەك هەمیشە گوتی:"میوان بەخێر بێ, پێی میوانی لەسەر چاوان...!"

بـابم هاتـە سـەرێ و لـە درێـژەی قسـەکانی دا گوتی:"مانـدوون... خـەریکی ئـەو مندالەبن."

بە دوای ویش دا ژنێکی مندالێ لەباوەش و لە دوای ویش سـەگێکی زەلامەکـە هـەولی دەدا تەنیشـت بەتەنیشـتی ژنەکـە بـەرێ دا بـڕوا. ڕەحـیم خـۆی بـەدیوارەوە نووسـاند, و

گوتی:"چغه... ئاغا... ئەم سەگەش...!" بابم گەیشتبۆ سەر پلیکانان, ئـاوڕی دایـەوەو چاوی بە سەگەکە کەوت کە پێبە پێی ژنەکە دەهاتە سەرێ. گوتی:"کارت پێی نەبێ!"

ژنەکە لەبن لێوانەوە گوتی:"کاری بەکەس نیە!"

دایکم و خوشـکەکانم لەسـەر پلیکانـەکان بـوون" دایکـم بەچـاوێکی پـڕ پرسـیارەوە تەماشای بابمی کرد" بابم گوتی:"میوانمـان هەیـە." دایکـم گوتی:"فـەرموون... بـەخێر هاتن!"و دەستی لەسـتۆی ژنەکـە کـردو ماچـی کـرد. خوشکەکانیشـم ماچـیان کـرد, و منداڵەکەیان لـێ وەرگرت" خوشکەکان ژێریان کردەوە... سەگەکە لەروخسـاری ژنەکـەوە رامابوو... ژنە هێندێ شتی بە سەگەکە گوت و لەسەر پلیکانان لە سووچێك رووبـەڕووی ژووری دایکم دای نیشاند.

بابم گوتی:"ئێوە بچن بەمنداڵەکە رابگەن... ئەم بەستەزمانە ماندوویە, با نـەختێك بحەسێتەوە, هەتا ئەمن نوێژەکەم دەکەم."

چوونە ژووری دایکم.

نیو سەعاتێك پێ چوو" منداڵەکە هەروا دەگریـا و بێـدەنگ دەبـوو, خوشـکەکان بـە پەلەپەل دەهاتن و دەچوون, لەخۆوەش, دیار نەبوو لەچی دەگەڕان.

بابم نوێژەکەی کرد, زۆریش بە شێنەیی, پێم وایە یەك دوو هەڵەشی تێدا کردن. دایکمو خوشـکەکانم لـە ژوورەکـەی دیکـە خـەریك بـوون... دادە مـەنیجی خوشـکم هاتەسـەر پلیکانەکان و بانگی کرد:"رەحیم سەتڵەکە پڕ کـە لـە ئـاو و لەگـەڵ تەشـتەکە بیهێنـە سەرێ!"

بابم سڵاوی نوێژێی دایەوەو گوتی:"برۆ بانگی دایکت کە!"

رۆیشتم, بە ترس و لەرزەوە بە پێش سەگەکەدا تێپەڕیم ـ سەگەکە جۆرێـك راکشـابوو کە دیوەخانیش و ژووری دایکیشمی لێوە دیار بوون... دایکم هات.

بابم گوتی:"ها ـ منداڵەکە چۆنە؟"

دایکم گوتی:"نەختێك بێحاڵە... وادیارە سەرمای بـووە ـ چـاك دەبـێ ئیشـەڵڵا... رەحیمم نارد بە دوای پوور حەنیف دا... با ئەویش بێ بزانم ئەو چ دەڵـێ... بەسـتەزمانە وادیارە رێیەکی دوورودرێژی بڕیوە..."

"نەیگوت لە کوێوە هاتوە؟"

"نەخەیر... بەڵام کە سەریکردەوە پێم وایە خاچ بوو لـە ملـی دابووـ ئەگـەر باشـم دیبێ... خوا کوێریان کا خەڵکی دنیایان ئاوارە کردوە..."

بابم گوتی:"له راوێژی را دیاره دەبێ هەرمەنی بێ... گەلێکی بەدبەختن ـ له خۆمـان بەدبەخت تر ئەوانن... ئاوێکیشی بۆ گەرم کەن که ئەگەر پێـی خـۆش بـوو منداڵەکـەی بشوا, یان خۆی..."

دایکم گوتی:"منداڵی نەخۆش!"

"ئەمن چووزانم... ئەمه کاری ژنانه... بـۆ خۆتـان باشـتر دەزانـن... لـه لای پـوور حەنیفیش باسی هەرمەنی و ئەو جۆره شتانه مەکە..."

دایکم گوتی:"ئەی لەو پیاوەی! دەڵێی ئەم سەرەم لەبەر تاوێ سپی کردوە!"

بابم گوتی:"زۆر باشه, زۆر باشه! ئەتۆ بچۆ, رەنگه کۆمەگیان بوێ."

پوور حەنیف بەگۆچانکوتان هات له منداڵەکەی روانـی و هێنـدێ دەسـتووری دان و دانیشت دەستی کرد به چەنه لێدان و نەقڵ و نەزیرەگێڕانەوە. له تریقه تریقی خوشـکەکان را دیار بوو که هەوڵیان دەدا دەنگیشیان نەڕوا.

شێومان خوارد. شێوی سەگەکە ژنەکە خۆی هێنای له سواڵەتێکیکردو هەر لـه سـەر پلیکانان له پێشی دانا. به پێچەوانەی شەوەکانی پێشوو نه بابم گوتی جێم لەبەر هەیوانێ بۆ راخەن و نه ئەمنیش خەوم هات. دەنگی خوشکەکانیش هەر باش دەهات.

بابم بانگی کرد:"فاتم!" ئەمن خێرا راست بوومەوە گوتم:"دایه بابم بانگت دەکا!"

دایکم هات, بابم گوتی:"منداڵەکه چۆنه؟... ئەو ژنه هیچی بۆ کرد؟"

دایکم گوتی:" ئێستا وەنەوشەو سنبل الطیبمان بۆ کوڵانـدوەو داومانـەتێ... دایکـی حەمامی پێ کردوە... چووزانم... جارێ خەوتوە."

بابم گوتی:"زۆر باشه... کەوایه سەماوەرەکەی بێننه ئێرە... میوانەکەشت بێنه!"

هەموویان هاتن: پێشان دایکم, دوایه خوشکەکان, هەموو له ریزێك دانیشـتن روو بـه قیبلەو بابیشم له پەنا پەنجەرەی بەر هەیوانێ روو بەوان. کچەکه سەرو چـاوی شـوتبوون و لەچکی لەسەر نابوو.

چاوێکی جوانی هەبوون ـ خوشکەکانیشم وایان دەگوت ـ ئارام و هـەر لەوکاتـەدا بـێ قەرار, وەك پەپوولەیەك که پەلەقاژەی بێ و جموجۆڵی دەست و لاقی دیـار بـێ, جموجـۆڵی نێوەوەشیان هەست پێدەکرا. وەختێك زۆریان لـێ نزیك دەبوویەوە دوو چاوەکه دەبوونه یەکو دەبوونه ئەستێرێکی پڕنهێنی. دیاره ئەمه لێکدانەوەیەکه که ئێستا لێی دەکـەم. حاڵـەتی چاوەکانی خەمناك بوو, دەقووڵ کەوتبوون, پێم وایه لەبەر ماندوویی خەریك بوون به بنـی کالانەکەیانەوە بنووسێن. پێستی دەم و چاوی سپی و دەم و چاوی هێلکەیی بوون.

که دانیشتن سەگەکە نەختێك سووڕاو شانی بە شیپانەی دەرکی دیوەخانێوە دا. هەر لەو کاتەدا لە دایکیشمی دەڕوانی. ڕەحیم سەماوەرەکەشی هێناو لەپێش دەمی دادە شیلان، خوشکی گەورەمی دانا.

بابم گوتی:"میوەمان نەبوو؟"

دایکم گوتی:"شووتیمان هەیە... بە چاوان، ئێستا دەیهێنم."

چامان خواردەوە... بابم گوتی:"باشە، ئەوەش ئەوا!..."و بۆ ئەوەی قسەیەکی کردبێ و دانیشتنەکەی کردبێتە خۆمانە گوتی:"سەگەکەت سەگی چاکە، دادە خاتوون... سەد کوردی خراپ دێنێ... دیارە ئەرکی خۆی بەباشی بەجێ دێنێ و نان و نمەکی لەچاودایە... بۆخۆت فێرت کردوە؟"

ژنە بە خۆی نەبوو، گوتی:"نەخەیر ئاغا، هۆسپ..."و سوور هەڵ گەڕا، و تاوێك شڵەژا...و قسەکەی تەواو نەکرد. بابم بۆ ئەوەی لەو شڵەژانە بیهێنێتەدەر، گوتی:"تفەنگچییەکی باش دێنێ، پیاو دەتوانێ بە خاترجەمی ژن و منداڵی خۆی پێ بسپێرێ... سەگی چاکە قەزاو بەڵای لە هێندێك لە هاونیشتمانانمان دا...!"

ژنە شڵەژانەکەی تەواو ببوو. گوتی:"بەڵێ ئاغا سەگێکی زۆر باشە... سەیر خووی بە منداڵەکەوە گرتوە..." گریانی لە ئەوکێ مابوو. دایکم هاتە نێوقسەکانی گوتی:"کچم، نارەحەت مەبە... ئەمن شەش منداڵم گەورە کردوون... منداڵە، نەخۆش دەبێ، چاك دەبێتەوە، دەکەوێ، دەست و لاقی دەشکێ... منداڵ ئەوەیە. خوا ڕەحم بە منداڵی هەموو دایکان بکا! هەر تۆزێك ناساز بن، ئاسوودەیی بە دایکیان ناهێڵن، وەختێکیش کەیفیان سازە، دەست دەکەن بە گەمەو ناهێڵن بخەوی... دەیانەوێ یاری بکەن ـ ئەگەر گەورەش بوون ئاوا! بە خوا لە دایکان بەدبەختتر خوا خەڵقی نەکردوە!... ئای... ی، هەتا گوێلکێك دەبێ بە گا کلکی وشترێ دەگاتە عەرزی!... هەر... وەختێکیش گەورە دەبن، کوڕی بابی خۆیانن، بۆ خۆیان گەورە بوون! باشە ئیدی، ئەمە ڕەسمی زەمانەیە!"و بە تانووتەوە چاوێکی لەمن کرد.

بابم گوتی:"بەڵێ... ڕۆژگارێکی خەراپە... بەراست دادە خانم گوێم لە ناوی هۆسپ بوو... خۆ بە سەهوو نەچووم؟... ئەتۆ کەسێکی وا دەناسی ـ لە کوێیە؟ دیار نیە بەدفەرە! ئەتۆ خەبەرت لێی هەیە؟ خزمایەتیت لەگەڵی هەیە؟ ئەو گوتوویە بێیە ئێرە؟ ... حەتمەن ئەوگوتوویە...! ئەی ناپیاو!... خواعومری درێژ کا لاوێکە سەنگی خۆی ئەڵماس دێنێ... باوەڕکە، دادە خانم، ئەمن ئەگەر شتێکم بەدەست بایە لەم وڵاتە سەد

سەرۆك عەشیرەتی نارەسەنم دەداو ئەم هەرمەنیەیەم دەکرێ... بەڵام مخابن، چ بکەم، هیچم بە دەست نیە!"

رەنگ و رووی ژنەکە کرابۆوە، ئەو رەنگ پەرینەی نەمابوو، و سووراوی دڵخۆشی سەرگۆناکانیی رەنگاندبوو... بەو حاڵەش چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بوون. چاوەکان وەك ئەستێرەی شەوی زستانێ دەترووسکانەوەو دەلەرزین. پێکەنین کەوتبۆ سەر لێوو زاری بابم... بابم لە فکری خۆی دا بوو، هەروا وەدوای فکرەکەی کەوتبوو:"دەڵێن خوا تەختە تاش نیە، تەختەرێکخەرە... ئەگینا حاجۆ لە کوێ و هۆسپ لە کوێ ! ئۆی... بڕوانە لە کوێ ڕا هێناونی و لە کوێ رێکی خستوون! جووتی چاکن ماشەڵلا، خوا عومردرێژیان کا، خوا سلامەتیان کا... باوەڕ کە دادە خانم، ئەم دوانەم بە قەد هەردوو کوڕەکەم خۆش دەوێن... سەد کوڕیشم بوایەن، بەقەد هەر سەدیانم خۆش دەویستن... بە هەزاران کەس دەبن ـ سوپاسالارن ـ خوا بێمزەرەتیان کا! "

بابم سەری هەڵ بڕی" هەر کە فرمێسکی لە چاوی دا دی، راچەنی، گوتی:"ها چیە؟ هۆسپ شتێکی بووە !؟ حاجۆ...!؟ مەترسە، بڵێ!"

ژنە تێك رابوو، هەمووماں تێك رابووین، هەمووماں چاوەڕێی کاردانەوەی ژنەکە بووین. ژنە بەشەرمێکی کچانەوە، بە لکی لەچکەکەی سووچی چاوەکانیی سڕیەوە... بابم وەك مار هاتبۆ سەر کلکێ، چاوی دە چاویەوە بڕیبوو- چاوەڕوانی وەڵام بوو.

"نا ئاغا، هیچ نەبووە... بە گیانی روویبکی... بەگیانی ئەو کوڕەم هیچ نەبووە..." لێرەدا ئێمە دڵنیا بووین کە هەرمەنیەیە. "هەتا چوار شەو لەمەوبەر ساغ بوو... دواتر ئیدی ئاگام لێ نیە ـ خوا دەزانێ..."

نارەحەتیی ماسوولکەکانی بابم بە ئاشکرا کەم بۆوە. گوتی:"کەوایە ئەتۆ سێ رۆژ و چوار شەوان لەرێگا دا بووی!... لە کوێ بووی، لە کوێ دەخەوتی ـ چیت دەخوارد..."

ژنە هەناسەیەکی هەڵ کێشا... گوتی:"وەڵا ئاغا، بڵێم چی... ئەم رۆژانەی دوایی... ئەودەم کە تورکەکان هاتنە نێوخاکی ئێران، و لەپشتەوەمان سەریان وەدەر نا... ئیدی هومێدێك نەما... بۆ خۆت ئاپۆ (مام) حاجۆی دەناسی... لەگەڵ هۆسپ و چەند کەسی دیکە رۆیشت تا لە پشتەوە را بیان خافڵێنن، بەڵکوو ناچار بن بگەڕێنەوە... بەڵام ئیدی هیوایەك نەمابوو...لەگەڵ هۆسپی رۆیشتن. ئیدی خەبەرم لێیان نیە. ژمارەیەك چوونە ئەوبەر ـ ئێرەوان ـ ژمارەیەکیش هاتنە ئێران... ئەمن و منداڵەکەو ئەم سەگەش لەگەڵ

ژمارەیەك ـ هەرکەس بۆخۆی ـ هاتینە ئەم بەر. بڵێم چی, ئاغا, زۆرمان کوێرەوەری چاشت... پێشتر ئاپۆ حاجۆ و هۆسپ گوتبوویان ئەگەر شتێك بوو خۆم بگەیەنمە ئێرە..."

"شەوانە لە کوێ دەخەوتی? چیت دەخوارد...!?"

"وەڵڵا, ئاغا! ... ترسێکی وام نەبوو, بە قەولی جەنابت ئەم سەگە لە تفەنگچییەکی باش پتری متمانە پێ دەکرێ" چەند نانێك و دووسێ هێلکەکوڵێوم لە خورجێنەکەدا پێ بوون... شەوانە لەنێو لۆدە گیاو خۆیانە گەنمان دا دەخەوتین... ئەم پەتووەشمان پێ بوو کە دیتت... سەگەکەش لە تەنیشتمان بوو..."

بابم گوتی:"سبحان الله!... لەرێگا تووشی کەس نەبووی, کەس ئازاری نەدای... رێگات لەکێ پرسی?..."

"لە رێبواران ـ زۆرتر لە ژنان ـ پیرەژنان... شوانان... شەوی یەکەم لەگەڵ شوانێکی خۆمان هاتین و چەند سەرێکیش بزن و مەڕ ـ دوایەش بە تەنیا..."

ئەمانەی دەگوت و لە رووبەرووی خۆیەوە رادەما, دەت گوت دیمەنەکان دەبینێ و هەست بە ترس دەکا. بابم دوایە باسی کرد" گوتی ئەو رۆژە لە دوورەوە چاوی لێ بووە کە خۆی لە جێگای بڵند و سەر تیرە شانان بواردوە, ترساوە نەوەك با بۆنی هەرمەنی بۆ تورکان بەرێ! فەقیرە وەك جۆگەلە ئاوێکی باریکی نێو قامیشەڵان بە خشەخشی هەر گەڵایەك خۆی لە نێو لاسکەکان دا شاردۆتەوە...

بابم ناڕاستەوخۆ ناوونیشانی هۆسپی لێدەپرسی. لە نێوقسان دا گوتی:"شیلان, رۆڵە, هەستە سەرێکی ئەو منداڵە بدە نەوەك وەخەبەر هاتبێ." ژنە ویستی هەستێ, بۆ خۆی بچێ, بابم گوتی:"نا, ئەتۆ دانیشە!" دادە شیلان هەستا, بەپارێزەوە بە لای سەگەکەدا تێپەڕی" چوو, و هاتەوە:

"منداڵەکە نوستوە!"

"زۆر باشە... ئەودەم هۆسپ ژنی نەبوو... پارچە ئاگرێك بوو بۆ خۆی... باشە پێت نەگوتین دەبیە چیی هۆسپ!"

ژنە بە شەرمێکی کچانەوە لەچکەکەی هێنایە سەر نێوچاوانی, وگوتی:"کابانێ ویم."

بابم بەپێکەنینەوە گوتی:"ها... باشە, توانیوتە بیکەیە بنیادەم!? ئەودەم کێوی بوو!"

هەمووومان پێکەنیین. ژنە زەردەیەکی کرد و هەناسەیەکی هەڵ کێشا.

بابم گوتی:"کچێ خۆم خاترجەم بە" ئەوهۆسپەی ئەمن دەیناسم, ئەو حاجۆیەی ئەمن دیومە بچنە نێو ئاگریش بە ساغی دێنەوە دەر, تۆفیق لەکن خوای بێ... ماشەڵڵا, بێ چاوێنی بن, جانانەیەکن بۆ خۆیان. ئەمن قەولت پێ دەدەم هەر ئەمرۆ و سبەی سەرو

کەللەی دەردەکەوێ... هەرچەند ئەوەشت پێ بلێم وەختێك پێی گوتووی بچۆ فلانـە جـێ, لەوانەیـە بـەم زووانـە نەیەتـەوە.... چـونکە دەزانیَ کـە لێـرە لـەخۆت و منداڵەکـەت خاترجەمە... ئێرە مـاڵیَ خۆتە کچم... منداڵەکەش ئیشەڵڵا چاك دەبیَ... بزانین دوایـە خوا چ دەکا... ئەتۆ بۆخۆشت وەزعت باش نیە, وریای خۆشت بە ـ خەفەت مـەخۆ, خـوا کەریمە, بە دەردی دەڵێن سێوێك هەڵاوێ, تا دێتەوە خوار سەد جار دەسووڕیَ... دەبـیَ بـە هومێد بی, هەتا گیان لەلەش دا بیَ هیواش هەیە...دنیا خراپ نـەبووە ـ بریـا خـراپ بایە!" پاشان رووی‌کردە دایکم و گوتی:"شووتی‌یەکە بەرنە ژووریَ خۆتان, قاشـێکیش بـۆ من بنێرنە بەر هەیوانیَ ـ ئەم خوشکە ماندوویە... هەر نەبیَ ئەم شەو مەیەڵێن بەخەبەر بیَ, با بۆ خۆی بخەویَ..." رووی لە خوشکەکانم بوو...

هەستان... و رۆیشتن. لە زارکی دەرکیَ را دایکم گەڕایەوە, گوتی:"ئاغا, ئـەم سـەگە هەر لێرە دەبیَ؟"

بابم گوتی:"قەیدی‌چیە, با لەوێ بیَ ـ سەگێکی نەجیب و عاملێندراوە."

ژنە گوتی:"ئێستا وەختی خۆیەتی, بۆ خـۆم دەی‌بەمـە حەوشـەی... کارەکـەی بکـا. ئازاری بۆ کەس نیە و دەنگیش ناکا."

رۆیشتن.

KKK

# ٣

شەوی دواتر میوانمان هەبوون - وەك هەمیشە لە نەخافلّ, وەك هەموو شتێكی عەشیرەتی - بێ خەبەردان, بێ بەرنامە: سەرتیپ, یەكێك لەئاغاكانی دەوروبەر لە شارەوە هاتبۆوەو كەوتبۆ درەنگ وەخت و هاتبوو - یان لەرێگا دا, ئیشتیای‌كردبوو سەردانی شێرئاغا بكا!

سەرتیپ لەو سەرتیپە خۆولاّتیانە بوو, لەوانەكە لەقەبی سەرتیپی‌یان بە چەند تمەنێك لەقاجارەكان كڕیبوو, و "هەنگ"یان دابۆوەو "تیپ"یان وەرگرتبوو. كچو خوشكەكانی بەمو بەو بە شوو دابوون, چەند"جۆ" (شعیر) لەم دێ و نیو "دانگ" لەو دێی وەك شیربایی و هەشتێك و مارەبڕانە وەرگرتبوو, و ببوو بە ئاغا. سەیر ئەوە بوو كچ وخوشكەكانی هەموو نەزۆك بوون و بەجحێلّی مردبوون و سەرتیپ ببوو بە گەورە ملّكداری ئەو نێوە!

هەشتا سالّێك تەمەنی بوو, و ئێستا كاری ببوو بە ژن هێنان. حەوت ژنی هەبوون: چواری دایمی, و سێی تەعلیقی... هەرجارەی یەكێكیانی دەهێنایەوە تا نۆرەیان تێ وەردەسووڕا. ئەوەدەم ژنێكی دیكەی دێنا. پڕی تەویلەیەكیش قەرەواشی‌هەبوون. ئەقلّی پێ نەدەشكا كە پیر بووە و ئەگەر ئەركێكی دەرهەق بەو ژنانە هەبێ كەوتۆتە ئەستۆی خەلّكی دیكە... بەهەر حالّ, هەموو لا رازی بوون“ هەم بۆ خۆی هەم نۆكەرەكانی. نۆكەرەكانی هانیان دەدا: ماشەلّلا لاوی, چ وەختی پیریتە... ئەی بێ قەزابی!

سەر و سمێلّ و برۆی رەش دەكردنەوە. چووبۆ تەورێز دەستێك ددانی سەدەفی‌كڕیبوون, سپی وەك بەفرێ لەگەلّ چەند كیفی زێڕ, پیاو حەزی دەكرد تەماشایان كا. لەو دەوروبەرانە باس باسی ئەو ددانانە بوو: چ سپی, چ خاوێن... بۆشكەیەك سەهۆلاّو بخۆیەوە"سڕ" نابن!

پیاوێك بوو بەخۆوە, سمێلّ داچۆڕاوو سەروكەللە و زگ هەلّمساو, ئەوەندەی دەخوارد دەت گوت ئەسپی دابەستەیە.

بە كورتی هاتبوو, بە پێنج شەش سوار و قوتووە سیغاری سەدەف و دارسیغاری كارەباو خەنجەری دەسك ماسی و دەمانچەی دە تیری‌لوولە كورت و لەهەموان گرنگتر سەعاتی "مانگ و رۆژ"ەوە. سەعاتی "مانگ و رۆژ" حەوتووی جارێكی قورمیش دەویست,

حەوتووێکی تەواو کاری دەکردو لەحزەیەکیش نەدەنووست! جگە لەوە, وەك سەعاتی بابم کلیلیشی نەبوو, دەسکە قورمیشی هەبوو! دارسیغاری کارەبای هەبوو بیست سانتی میتر درێژ, جێی دەم پێوەنانیخڕ بەقەد هێلکە کۆترێك, زەرد وەك عەنبەر, وەختێك بۆ زاری دەبرد و زاری دەکردەوەو "هێلکە"کەی بەهەردوو لێوان دەگرت, زاری, پەرژین بێ دەت گوت قوونی مریشکێکە کە هێلکە دەکا. ئەو وەختانەش کە مژی لێدەدا فشەفش نەبێ لەدەمی نەدەهات. سمێڵەکانیشی وەك باڵندەیەکی گرانگەست کە لە هەوا باڵە فڕەی بێ, هەڵڵاو پێدایان دەکرد.

دەیان گوت سەعاتی "مانگ وڕۆژ"یان لە ئەستەمبووڵەوە بۆ هێناوە" دەیان گوت سەری مانگان, مانگێکی دەمەداسی لە پەنا دەستەکەی وەدەر دەکەوێ, راست وەك ئەو مانگە کە لە ئاسمان وەدەر دەکەوێ... ئەو شەوانەش کە تاریکەشەون, مانگ دەرناکەوێ! ماشەڵڵا!

لەبیرمە شەوێکیان میوانی سەرتیپ بووین ـ سەری مانگ بوو, ئەمن نەم دەزانی. مامۆستاو چەند کەس لەریش سپییانی ئاواییش لەوێ بوون ـ هاتبوون بزانن مانگ چۆن دەردەکەوێ, و داخوا مانگ نوێیە یان نا. لە دیوەخانێ دانیشتبووین" لای ئێواری بوو. مامۆستا لەبن لێوانەوە, وەك لەبەر خۆیەوە قسان بکا,گوتی:"پێم وایە ئێستا وەختیەتی!"

سەرتیپ چاوێکیلە سەعاتەکەیکرد و گوتی:"نا, مامۆستا... ئێستا هێندێکی ماوە... نەختێك سەبر فەرموو... هێشتا وەختی نەهاتوە" هەموویان وەك چاوەڕێی رووداوێکی گرنگ بن, لەسەر چۆك دانیشتبوون و چاویان بڕیبوو دەستی سەرتیپ و سەعاتەکە.

سەرەنجام مانگ دەرکەوت... سەرتیپ گوتی:"ئای, خەریکە دەردەکەوێ!" هەموو چاومان تێوە بڕی ـ ئەمن لەهەمووان زیاتر "ئای... ئای... ئێستا کەمێك دەرکەوت...!" و لە سەری رۆیشت:"عەزۆ... وەرە بیبە خزمەت شێرئاغا بیبینێ!" عەزۆ نۆکەری بە پێوە وەستاوی دیوەخان بوو. پاڵی بە لاشیپانەی دەرگاوە دابوو, دەستی دە سمێڵانی وەردەدا.

سەرتیپ زنجیر سەعاتەکەی لەسەرگیرفانی کەواکەی کردەوەو سەعاتەکەی دایە دەست عەزۆ:"وریابە!"

عەزۆ زۆر بەئەدەبەوە سەعاتەکەی وەرگرت و هێنای بۆ بابم ـ ئەمن لە پاڵ دەستی بابمەوە دانیشتبووم... وای! راستیان دەکرد, مانگ دەرکەوتبوو. چەندیش جوان ـ مانگی راستی! سەرتیپ رووی کردە من گوتی:"بەڵێ کاك یادۆ, ئەم مانگە هەمووشەوێ وەك

مانگی ئاسمان ـ گەورە دەبێ تا دەبێتە مانگی پڕ... مانگی چاردە شەوە! پاشان وردە وردە چووك دەبێتەوە وەك مانگی ئاسمان... دوایەش ئیدی ون دەبێ... ئەو دەم دەبێتە "تاریکەشەو"... بەڵێ!"

ئەمن بە جارێك سەرم سوڕ مابوو, دەمەویست دەست بەسەر مانگەکە دا بێنم. بابم دەستمی دایە دواوەو سەعاتەکەی وە مامۆستا دا. مامۆستا نەختێك تەماشای کرد و, بە دەست سەعاتەکەی هەڵ سەنگاند ـ داخوا قورسە یان سووکە ـ بە سەرسوڕمانەوە پرسی:" بێ ئەدەبی نەبێ ئەمەتان بە چەند کڕیوە؟"

سەرتیپ زەردەیەکی پان و پۆڕی هێنایە سەر لێوانی, ددانە سەدەف و زێڕەکانی بریسکەیان داو پرسیارەکەی بە پرسیار جواب دایەوە:"بە فکری جەنابت بەچەندم کڕیبێ باشە؟"

مامۆستا گوتی:"وەڵڵا قوربان چیت عەرزکەم ـ ئەم جۆرە شتانە لە توانای مەمانان دا نین تا ئاگامان لەنرخەکەیان هەبێ, هەر ئەوەندەی لێ دەزانم کە مەلاخۆرە نیە!"و پێ کەنی... هەموو پێ کەنین.

سەرتیپ بەخۆڕانانەوە چاوێکی لە حازرییان کرد وگوتی:"ئەمەم بە دوازدە تمەن پووڵی سپی کڕی, لە ئەستەمبوول ـ قۆردوونەکەشی پشتەماسیە ـ زێڕی رووسیە, بێگومان سەرنجتان داوە؟" رووی قسەکەی لەبابم بوو.

بابم گوتی:"بەڵێ, پیرۆز بێ, زنجیرسەعاتێکی جوانە."

سەرتیپ گوتی:"پێشکەشە"و سەعاتەکەی ـ کە دەورێك گەڕابوو, و هاتبۆوە لای خۆی ـ بە قۆڕدوونەوە بۆ بابم راداشت.

بابم دەستی هێناپێش:"نا, بەگیانی ئێوە... پیرۆزی خۆتان بێ... سەرتیپ, هەموو کەس وەك جەنابت گەنج و دڵتەڕ نیە... نا, مەبارەکی خاوەنی بێ!" ئەمن ئارەزووم دەکرد کە خۆزگە بابم دەستی سەرتیپی نەگێڕابایەوە... هاتم هاوار کەم "وەریگرە!..." بەڵام لە وەزعی روخساری بابم ترسام...

ΠΠΠ

سەرتیپ هاتبوو بە سەعاتی "مانگ و رۆژ"و هەموو قایش و قرووشێکەوەو ماڵەکە شلووق بوو, سەگی دادەئامینێش بە ناچاری دوور خرابۆوە بۆ قولینچکی حەوشەی. (بابم گوتبووی بەناوی ئامین بانگی بکەین, با خەڵك نەزانن هەرمەنیە, نەوەك راپۆرت بە

تورکان بدەن. ئەگینا ناوی خۆی ئارمێن بوو.) ئەو شەوە سەگی بەستەزمان لەحەوشەی هەر لەبەر خۆیەوە نووزاندی. هەرچەند بەدایم چاوی لە ژوورەکەی دادە ئامین و منداڵەکەی بوو، بەڵام لەو جێیەکە لێی دانیشاند بوو، نەبزووت.

دادەئامین خەریکی منداڵەکە بوو، و منداڵەکە هەروا ناساز بوو... هەموو بۆی بە پەرۆش بوون. بەو حاڵەش ئەو وەختانەکە منداڵەکە دەنووست، ئەویش یارمەتیی دایکم و خوشکەکانی دەدا... ئەو شەوە هەموو چووبوونە نهۆمی خوارێ و ژوورەکانی سەرێیان بۆ سەرتیپ و هاوڕێیەکانی چۆل کردبوو. ئەو شەوە تێ گەیشتین چ ژنێکە! بە دەردی دایکم دەی گوت هەر قامکێکی سەد هونەری لێ دەبارێ. ئەوە چێشت لێنانی، ئەوە فرنی دروست کردن و نەخشاندنیو ئەوەش مەجومعە رازاندنەوەی... ماشەڵلا "مێگەل"ێکی باشیدێنا!

ئەو شەوە هەر دانیشتن و سەرتیپ وەك هەمیشە دەستیکرد بە ترو تۆپان کە بەلێ، ساڵی دادێ بە نیازە لەسەر خێران ژنێکی دیکە بێنێ ـ تازە بێوەژنەکەی حاجی مەلا شێخ عەلیی مارە کردبۆوە. گوتی پار کە چوومە تەورێزێ بۆلای حەکیم، حەکیم پێی گوتم ژنی تازە وەك بەفر و شیلەیە... میجاز"میزاج"ی ساف دەکا! ئەگەر بتوانێ هەر ساڵە ژنێك بێنێ، باشترە. حەکیم شتێکی دیکەشی بۆ دانابوو: قۆنیاغ "کۆنیاك". گوتبووی لەگەڵ نانی نیوەڕۆ و شەوان پیاڵەیەك قۆنیاغ بخواتەوە بۆ میجازی باشە. ("دەنگی میجاز" و هێندێ وشەی دیکە وەك جزەجزی شتێك کە لەتاوەدا سووری دەکەنەوە بەنێو ددانە سەدەفەکانی دا دەهاتە بەر گوێ. بابم دەیگوت:"ددانەکان پووکی دەگرن، وەسەر خۆی نایەنێ." هێندێك جار ددانی سەرەوەی "شلێپ" بەردەبوونەوە سەر ددانی بەرەوەی. لەو وەختانەدا سەرتیپ دەستی دەبرد لەجێی خۆی دادەنانەوەو بە پێکەنینێکی بەدرۆ سەرو کلکی مەسەلەکەی وێك دێنا.)

نانیان دانابوو، بە عەزۆیگوت قۆنیاغەکەی بۆ بێنێ، لەگەڵ ئیستیکانێکی بەتاڵ. عەزۆ شووشەیەکی بۆهێنا ئاوێکی زەردی وەك زراوی مەڕیی تێدا بوو، رەحیمیش چوو لە خوارێ ئیستیکانێکی بەتاڵی هێنا. سەرتیپ بەدەم ناخواردنەوە دەستی کرد بەتاریفی خاسیەتەکانی ئەم دەرمانە... کە: نازانی لەو وەختەوە ئەم دەرمانەی دەخۆم، میجازم چەند باشتر بووە" دەی گوت حەکیم گوتوویە پیاڵەیەك بخۆمەوە، بەڵام ئەمن زیاتر دەخۆمەوە ـ خەوم باش لێدەکەوێ، هەتا بەیانی وەخەبەر نایەم ـ شێرئاغا نازانی چ لە پیاوی دەکا. سوێندەکە بە سەری تۆ پیاو بابیشی مردبێ لەبیری دەچێتەوە!... ئیستیکانێکتان بدەمە خزمەت؟ خەراپ نیە تاقیی بکەیەوە!"

بابم گوتی:"نا, سوپاست دەکەم... حەکیم بۆ جەنابتی داناوە, لەوانەیە بۆ میجازی من باش نەبێ ـ جگە لەوەش باش دەخەوم و بابیشم وەك بۆ خۆتان دەزانن لەمێژە بـە رەحمـەت چووە... سوپاس, نۆشی گیانتان بێ!"

مامۆستا گوتی:"جەنابی سەرتیپ, ئەم دەرمانە شووشەی بە چەند دەکڕن؟"

سەرتیپ گوتی:"شووشەی نازانم ـ نازانم چەند دەکەوێ. سندووقێکی دوازدە دانەییم لە عێراقـەوە بـۆ دێـنن بـە سـەد روپیـە... حیسـابم نـەکردوە شووشـەی چـەند دەکـەوێ. ئینگرێزییە. (ئێنگرێزییەکەی وەك منداڵان بە پسـکی دەگـوت) پێـی دەڵـێن حەسـنی (مەبەستی هەنسی بوو) ـ

مامۆستا وەك مێشان دەرکا, دەستێکی راوەشاند وگوتی:"ئۆۆی!" یانی سەر لە ئاسمان دەدا. فەرمووتان حەسەنی؟"

"بەڵێ حەسەنی!"

مامۆستا گوتی:"سبحان الله" دە فکرەوە چوو کە کێ دەزانـێ. لەوانەشـە ئـەوەی دای هێناوە یەکی وەك خۆی, مەلا حەسەن ناوێك بێ... کەوابێ سەیر نیـە ئەگـەر کەرامـەتی وای هەبێ!

ئەو شەوە ئەوەندەی بۆخۆم دیتم و هـەتا مەجومعەکـە لـەوێ بـوو, سێچـوار پیاڵـەی خواردنەوە. پاشانیش شووشەو ئیستیکانەکەی لە لای دەستیەوە لەسەر پەنجەرەی دانان. بـۆ سبەینێ بەیانی چی وای تێدا نەهێشتبوو. وادیارە وەك بۆ خۆی دەیگوت: بۆ"میجاز" زۆر باش بوو. هەر کە پیاڵەیەکی خواردەوە, روخسـاری پشـکووت و دوایـەش وەك چـەوەندەری سوور داگیرساو لەوە بەولا ئیدی نۆرە قسەی کەسی نەدا.

مەجومعەکانیان بردەوەو میوەیان هێنا ـ کاڵەك و ترێ. لـە وەختـی میـوە خـواردن دا سەرتیپ دەسـتی بـرد دەمانچـەیەکی زۆر چـووکەڵەی لەبـەر پشـتێنی دەرێنا:"ئەمـەتان دیبوو؟"

بابم گوتی:"نا, پیرۆز بێ ـ تازەتان کڕیوە؟"

"راستییەکەی چت لـێوەشێرم ـ نـەم کڕیـوە... نوێیـە, کارخانەیـە... تەماشـای بکەن!" دوگمەیەکی داگرت, خەشابە فیشەکەکەی لە قۆنداغێ بەر بـۆوە, یـەك دوو جـار گەلەنگێدەنی راکێشاو رووی لە میچی کرد و چرکاندی:"عەزۆ... ببە خزمەت ئاغا!"

بابم, تاوێك دەمانچەکەی ئەم دیو ئەو دیو کرد ـ نوێ نوێ بـوو, دەت گـوت رەشـمارەو تازە توێژی هاویشتوە... ئەمن دەستێکم بە سەری دا هێنا...

سەرتیپ گوتی:"کاکە یادۆ, ئەتۆ ماشەڵلا بێچووە عەشیرەتی ـ دەست لـە دەمانچـەی نادەن ـ ژەنگ هەڵ دێنێ. دیوتە هەر لەبەر ئەوە لە نێوکیفەکەشـی دا لـە دەسـرۆکەیەوە دەپێچن...!" بابم مۆڕەیەکی ناخۆشی لـێ کردم.

"زۆر جوانە, پیرۆز بێ... فەرموتان نەتان کڕیوە!"

"نەخەیر, بیلژیکییە. بۆ شەڕی مەجلیسێ دەناڵێنێ (بابم دەیگوت لەخۆی ترسەنۆکتر نیە, وشتەی لـێ بکەی زراوی دەچێ!) بەڵێ... ئەمە "غازی" مەرحەمەتی فەرمووە, بە سەد فیشەکی کارخانەوە... بەڵێ..."

بابم گوتی:"بەڵێ, بەڵێ ! پیرۆز بێ!"

غازی مستەفا کەمال بوو, غەزای کردبـوو, یۆنانیـیەکانی لـە تورکیـە دەرکردبـوو, کوردو هەرمەنیـیەکانی کوشتبوو, دێهاتی سووتاندبوو, منداڵی ساوای لەبەر چاوی دایكو بابان لە ئاگر هاویشتبوو, و ببوو بە "غازی" بـابم دووپـاتی دەکردوە:"مـەبارەك بـێ زۆر جوانە...!"

ئەمن شارەزای ئەخلاقی بووم, هەستم بە ناڕەحەتییەکەی دەکرد... سەرتیپیش رەنگـە هەر ویستبێتی ناڕەحەتی بکا کە "بەڵێ, دیوتە "گـەورە پیـاوان" هـەموو کـەس بـەپیاو دانانێن!" ئەمن بۆ خۆم وام لێك دایەوەو ناڕەحەت بووم.

بەیانی درەنگێك رۆیشتن, بابم بە پێی عادەت زۆری هەوڵ لەگـەڵ دان کـە بـۆ نیـوەڕۆ بمێننەوە... بەڵام نەمانەوەو رۆیشتن.

هەموومان پێکەوە لە دیوەخانێ نانی نیوەڕۆمـان دەخـوارد. دادە ئـامین ئێسـتا ئیـدی غەریبە نەبوو. ئەو وەختانەی میوانمان نەبوون, زۆر جار هەموو پێکەوە ـ بـابم و دایکـم و خوشکەکانم و ئەمن ـ لەدیوەخانێ شێو یان نیوەڕۆمان دەخوارد. بابم بەدەم پاروو کردنەوە, روو بـەو کەسـە کـە لـە زەینـی دابـوو, گوتی:"ناپیـاوە شـانازییش دەکـا... "غـازی" مەرحەمەتی فەرمووە!" ئەڵقەی نۆکەرییەی لە گوێ کردوە, دڵی بەوە خۆشە کە ئەڵقەکە مس نیە, زێڕە... لەسەر سفرەین, پیاو نازانێ بڵێ چی. هێندێك دەوڵەت پەرژین بـێ وەك تەپەگوو مێش و مەگەز لەدەوری خۆیان کۆدەکەنـەوە. مـێش و مەگـەز لـە دەوری غـازی کۆبوونەوەو کوردو هەرمەنیی بۆ دەکوژن. شانازییش دەکەن... بڵێم چی, دنیا گـۆڕاوە... رابردوو رۆیشتوە, بۆتە وێنەیـەکی کـۆن, بـێ گیـان و بـێ ژیـان...! ۰۰۰۰۰ ئـەخلاق نەماوە... ناپیاو وەك نێرەکەری ماین بـەز کـاری بۆتـە ژن هێنـان... و نۆکەرایـەتی... ئێستاش کە لە سایەی سەری "غازی"یەوە بۆتە عارەقخۆر..." (لەوە را تێ گەیشتم کـە قۆنیاغ عارەقە!) ژن بۆ "میجاز" هەروەها قۆنیاغ بۆ "میجاز"... ئەگـەر قسـە پشـکەڵ

بوایەن دەی توانی حەمامی شارێکیان پێ گەرم کا. جۆرێک قسان دەکا, بە دەردی ژن دەڵێن, دەڵێی لەگەڵ "غازی" بوونە دەستە خوشك!"

لە پڕ دەستی لە نێو دەوری دا ڕەق بوو, و لە دادە ئامینەوە ڕاما ـ دادە ئامین دەستی لە نانخواردن کێشابۆوە... "چیە ـ دیسان منداڵەکە تێك چۆتەوە!؟"

دایکم گوتی:"کێ گوتوویە؟... ناوەڵڵا شوکور باشە, نەت دیوە نوستوە, چما چ بووە؟"

"ڕۆڵە ئەدی بۆ نانی ناخۆی؟"

دایکم تازە تێدەگەیشت ـ وادیار بوو دادە ئامین دیسان ڕۆیشتبوو, خوا دەی زانی بۆکوێ ـ زۆر جار چاوی لە دوورەوە دەبڕی. گوتی:"بخۆ کچێ! نانەکەت بخۆ... خوا کەریمە... منداڵەکە شوکور باشە. مێردەکەشت ئیشەڵڵا پەیدا دەبێتەوە ـ هیچ نەبووە, هەموو شتێك چاك دەبێ ئیشەڵڵا ـ هەرچی خوا نەیکا نابێ... بخۆ!"

دادە ئامین لەبەر دڵی بابم دووبارە دەستی پێ کردەوە.

بابم گوتی:"کچم, ئەتۆ بەم کارانەت ئێمەش لەخواردن دەکەی... نانەکەت بخۆ, کچم" ئەمن بەڵێنت پێ دەدەم هیچ نابێ"

دایکم فکری بۆ شتێکی دیکە چوو. پاش ڕۆیشتنی سەرتیپ و پیاوەکانی کوێخا هات و تاوێك لەگەڵ بابم سرت و خورتیان بوو... گوتی:" ڕۆڵە, ئەتۆ ئیدی غەریبە نیی ـ ئەتۆش ئێستا یەکێك لە منداڵەکانی... ئەتۆ ئیدی ماشەڵڵا ژنی, گەورەی, ماڵێك بەخێو دەکەی. بێچاوێنی بێ. لێرە ڕۆژی هەزار کەس دێو دەچێ, کاری بە ئاغایە ـ دەبینی یەکێك لەگەڵ ژنەکەی بەشەڕ هاتوە, یەك لەگەڵ دراوسێی کێشەیەتی... ڕەعیەتە, لەسەر ئاو و ملکی ڕێك نەکەوتوون. کوێخا دەبێ بێتە لای و فەرمانی لێوەرگرێ. دەبێ خەبەر بێنێ و خەبەر بەرێ... ئاغاش وەك هەموو سەرۆك عەشیرەتێك خەبەری بۆ دێنن, خەبەری بۆ دەبەن. ئەگەر ڕۆژێك کەسێك هات و سرتەی لەگەڵ کرد, ئەتۆ نابێ وەخۆتی بگری و پێت وابێ خوانەکردە لەگەڵ تۆیانە ـ بڵێی ئاها, هاتوە من بەرێ, یان دوور لە ڕووی ئاغا ـ ئاغا تەحویلم دەداتەوە, یان چی... (بابم پێکەنینێکی تاڵی هاتێ وگوتی:"بەڵێ, ئاغا هەر ئەمەی کەم بوو!") "ئاغا ئەگەر لەو جۆرە پیاوانە بایە, کاکە حاجۆ هەر ناویشی نەدێنا. لە چ دەترسی ڕۆڵە؟ ئێرە خاکی عوسمانی نیە, ئێرە خاکی ئێرانە ـ پەرژین بێ, دوور لە ڕووی حازرییان هەرکەس بە تۆ بڵێ پشتی چاوت برۆیە, یان فلان و فیسار, سەهوو دەکا! خۆت نارەحەت مەکە ـ نانەکەت بخۆ, خۆت مەخۆوە. بە خۆخواردنەوە هیچ ناکرێ... دەبێ دانیشین بزانین خوا چ دەکا..."

بابم زۆر بە جیددی گوتی:"ناحەقی ناگرم. ئەم فەقیرەش وەك ئاسك هەمیشە پارووی بە ترس و لەرزەوە قووت داوە, هەقیەتی..." تاوێك راوەستاو لەسەری رۆیشت:"بەلاّم نەك لێرە!"

نیورۆژمان خواردبوو, چامان دەخواردەوە کە منداڵەکە کورکەی لێ هەستا ـ خوشکم خێرا راست بۆوە, دادە ئامین راست بۆوە ـ خوشکم رۆیشت" دایکم بە دادە ئامینێی گوت:"پەڕۆت لە منداڵەکە گۆڕین, نەت شوشتن, بیان دە بە نەجیبێ بیان شوا. بۆی هەلّ خا ـ جارێ ئەم شەویش بەمانە رابوێرە هەتا سبەینێ فکرێك دەکەینەوە..."

KKK

# ٤

وەك ڕۆژان  پۆپەشمینەکەی بابمیان هێنا تا سەرخەوی دوانیوەڕۆیەی بشکێنێ و ماڵەکە بێدەنگ بوو" ئەوەندە نەبێ جاروبار دەنگی شوتنی قاپ و قاچاغ و دەنگدانی خوشکەکانم و کارەکەرەکان کە بە سپایی یەکتریان وشیار دەکردەوە, یان دەنگی ئەو پێکەنین و حیلکە حیلکەیان کە لە سنگی خۆیان دا دەیان خنکاند, دەهاتە بەر گوێ. ئەمن ئێستاش نەم زانی بۆچی هەمیشە لەوەختی قاپ شوتن دا ئەو هەموو حیلکە حیلکەیە دەبێ.

ئەمن وەك جاران لە حەوشەی بووم و یان دارم لە بڕکەکان رادەکێشا, یان چۆلەکەم دەردەکردن. سەگی دادە ئامین لە قولینچکی پەنا دەرکەی راکشابوو, هانکە هانکی دەکرد... هاتم, پێم گوت. گوتی:"فەقیرە تینوویەتی, ئێستا ئاوێی بۆ دەبەم!" خەریك بوو جلی لەبەر منداڵەکە دەگۆڕین. پاش تاوێك هات, قاپە ئاوەکەی بۆ گۆڕی... و منی بردە پێش و بە سەگەکەی ناساندم... دەستی بە سەری دا هێنا... حەیوانەکە تاوێك بۆنی پێوە کردم و لەوە دوا بووینە هاویاری.

بابم خەوەکەی کرد, و چایەکەی خواردەوە. دادە ئامین منداڵەکەی هێنا. ئەی ماشەڵڵا, ماشەڵڵا چەند منداڵێکی جوانە! دایکم چەند داوە مووی سەریی بادابوون و بۆ چاوەزار مووروویێکی شینی بە مێوێ پێ هەڵ واسیبوون, و "نووشتە"یەکی بە سنجاخ لە شانی راستی قایم کردبوو کە ناردبووی لە لای باوە سەیی محمد بۆیان هێنابوو.

بابم گوتی:"وای, ماشەڵڵا, ماشەڵڵا, وەرە لای بابە, وەرە!" و باوەشی بۆ کردەوە. منداڵەکە تاوێك لێی روانی و دەم و چاوی بە شانی دایکیەوە نووساند. منداڵێکی جوان بوو. سپی, چاوگەورە ـ هەرچەند هێشتا ناساز بوو جارجار زەردەیەکی دەهاتێ. دادە ئامین بردیە لای بابم و گوتی:"گنا بابایی... گنا بابایی!" (بچۆ لای بابە). بابم تۆزێك قدیلکەی داو منداڵەکە تۆزێك خۆی شیرن کرد ـ ئەمە یەکەمین دانیشتنی یەکتر ناسین بوو" و ناومان نا "ڕێوی" ـ رووبیك.

بابم دیسان وەك هەمیشە بەتاقی تەنیا کەوتە رێ بۆ ئەوبەری رووبار. یەکەم جار بوو دەم دی کە بە سپایی دەمانچە دەتیرەکەی لەژێر"سەڵتە"کەیەوە بەست. پێش ئەوەی بڕوا بە

دایکمی سپارد که وریا بن, پیاوەکان هەمیشە یەکیان لەبەر دەست بێ" بۆخۆی لەو بەری چۆمی‌یە, ئەگەر کەسێك هات, ئەگەرکارێك بوو یەکێکی بە دوا دا بنێرێ, سەگەکەش بێتەوە جێی خۆی... لەسەر پلیکانان.

هەتاو هێواش هێواش لەبناری وەسەر کەوت و لە لووتکەی شۆڕ بۆوە... لە پشت کێوەکانەوە بەدەم تەپۆلکەی پشت ئاوایی‌یەوە پێ‌دەکەنی, و تەپۆلکە وەك نەخۆشێکی کە تازە هەستابێتەوە بە بێحالی وەلامی پێکەنینەکەی دەدایەوە... با, هەناسەی هەلٚ دەکێشا, سێبەر وەك دەمی گەسکی کارەبایی وەدوای هەتاو کەوتبوو, و رووناکایی هەلٚ دەلووشی, و رەنگ و رووی زەوی لە جیاتی بکرێتەوە, تاریك دەبوو. رانە مەڕ کەم کەم نیزیك دەبۆوە. ژنان لەمالان دا بەرە بەرە کەوتبوونە جموجۆلٚ" کیژان تاق تاقە لە سەر رێی کانی دەبینران ـ هەوا فێنك ببوو. هەرچەند پاییز داهاتبوو, پاش نیوەڕۆیان ئەگەر شنەبایەکی نەهاتبایە گەرماکەی لە توانادا نەبوو. دەنگی مالٚینەوەو شوشتنی مەنجەلٚ و قابلٚەمە و کیتەلٚەو سوێنان لە حەوشەی مالٚەکان بەر گوێ دەکەوت. کوێرەرێگاکەی ئەوبەر چۆمی چۆلٚ بوو ـ هێشتا مێگەل دیار نەبوو. مێگەل زۆرتر لەوبەرەوە دەهات و جاروباریش لە پشت ئاوایی‌یەوە. بەرزایی و نزمایی کێوان هێشتا دیار بوو. چاوم لە بابم بووکە لە تەنیشت گۆڕستانە کۆنەکە, لە بن کێویلە پاییزەیەك دانیشتبوو, رووی کردبۆ دەرودەشت و هەردووك دەستی خستبوونە سەر وەکازەکەی. بە فکری خۆم چاوم لێ بوو کە نێوچاوانی تێك ناوەو قسەی سووك بە هێندێ کەس دەلٚێ کە لێی دیار نین و هەر تاوە نا تاوێك تف فڕێ دەدا.

دادە ئامین لە حەوشەی جلی دەشوتن. "کارۆ"شی لە پەنا بوو ـ کارۆ ناوی سەگەکەی بوو, بۆخۆمان بانگمان دەکرد "کاوڕ". چوومە لای دادە ئامین.

گوتی:"هێندێك یاری لەگەلٚ کارۆ بکە, وەڕەزە... ئەمن هێندێك کارم هەیە... ئەمە چەند رۆژە کەس یاریی لەگەلٚ نەکردوە... سەگ دەبێ یاری لەگەلٚ بکرێ."

گوتم:"زۆرمان یاری کردوە ـ ماندوویە."

گوتی:"یاریی چیتان کردوە... هەروا دانیشتوە؟ کارۆ لەو عەجاییبانەیە, یاریی وا دەزانێ هیچ سەگێك نای زانێ."

گوتم:"مەسەلەن چی؟" تیرو کەوانم بە دەستەوە بوون.

گوتی:"مەسەلەن ئەو تیروکەوانە بێنە, بیدە بە مـن." تیروکەوانەکەم وێ دان. تاوێك لەبەر لمبۆزی سەگەکەی راگرتن" کارۆ نەختێك بۆنی پێوە کردن. پاشان گوتی:"باشە ئێستا ئەمانە بەرە لەنێو برکەکان دا بیان‌شارەوە. بە جۆرێك کە ئەو چاوی لێی نەبێ..."

چووم تیروکەوانەکەم شاردنەوەو هاتمەوە...

"شاردتنەوە؟"

"بەڵێ."

"زۆر باشە... گنا... بیان دۆزەوە!" ئەو رستەیەی دوایی بە هەرمەنی گوت.

کارۆ دەرپەڕی, بڕکەکانی یەك یەك بە لمبۆزی هەڵ دانەوە, هەمووو جێیەکی باش پشکنی... نەختێك بە دەوری خۆی دا سووڕا - بۆنی کرد و قرووسکاندی... پاشان لەنەکاو دەرپەڕی و هات بۆ لای من... و دەستی کرد بە سووڕان و وەڕین لەدەوری من. بۆنی بە گیرفانی منەوە دەکرد و چاوی لە دادە ئامین دەکرد. حەیوانێکی سەیر بە هۆش بوو - ئەمن بە تایبەتی بۆ ئەوەی گاڵتەم لەگەڵ دادە ئامین کردبێ تیروکەوانەکەم لە نێو بڕکەکان دا نەشاردبوونەوە.

دادەئامین گوتی:"هەی فێڵەزان! کەوایە نەت شاردوونەوە... دەتەویست ئەم حەیوانە فەقیرە ئەزیەت بکەی! ئەمە لە بنیادەمێکی ئاسایی بەهۆش ترە... وامەزانە - مێردەکەم زۆریکوێرەوەری بۆ عاملاندنی کێشاوە..."

ئەو رۆژە کارم یاری لەگەڵ کارۆ بوو... بابم هاتەوە - ئێستا ئیدی ئێوارە بوو" دەنگی قاڕوهۆڕی بزن و مەڕ و هۆقەهۆقی مانگاو گامێشان دێیان پڕ کردبوو, و تۆزێکی بۆنخۆش - پڕ لە بۆنی لەشی بزن و مەڕ دێیەکەی داگرتبوو" جێی حەیوانەکانی خۆمان بەحەوشەی ماڵێوە نووسابوو. دایکم و خوشکەکانم و نەجیب و رەحمە, لەوێ خەریك بوون و دەنگی گۆرانی گوتنی ژنان و کچان و لاواندنەوەی ئاژەڵەکان, و جاروباریش تێوە خوڕینیان و لە نێویانیش دا خوشە خوشی ئەو شیرەی دەڕژایە سەتڵەکان باش دەبیسترا...

بابم هاتەوە, بە رەحیمی گوت بەڕەیەك شتێك لەبەر هەیوانەکە راخا - لەوێ دادەنیشێ.

بابم حەزی دەکرد ئەو وەختانە لەبەر هەیوانێ دانیشێ و بۆخۆی فکران بکاتەوە... ئەمنیش ئێستا وام - ئەمنیش بوولێڵی ئێوارانم پێخۆشە - وەختێکەکە سروشت چۆتەوە پاڵ خۆی. رۆژ رۆیشتوەو شەویش وەك پێویست نەهاتوە... بەڵام هاتنەکەی کاری سانیەو دەقیقەیە, و لەو وەختانەدا, گیانی بنیادەم غەمێکی خۆش - غەمێکی لەبەر دڵان - هەست پێ دەکا, و پیاو لەگەڵ سروشت دەچێتەوە پاڵ خۆی. هێڵ و نەخشی کێوان سڕاونەوەو لێڕەوار بۆتە پەردەیەکی رەشی یەکپارچەی بێ پینەو پەڕۆ. گیانیش هەروەك ئەم چیایانە لەپەژارەیەکی ئارام دا خۆی دەشوا هەتا جارێکی دیکە لە نێو ئەو شلەمەنیەیە

تاریکه سـەر دەردێنێتـەوە, بـە قەڵافـەتێکی دیـارەوە, بـە روخسـارێکی شـەوی و بـەنیو روخسارێك كە پاڵی بە ئاسمانەوە داوە.

چەکچەکیلەکان تیژ تێدەپەڕن, پێت وایە ئێستا لە سـەر و گوێلاکـت دەدرێـن, بـەڵام بستێکیان دەمێنێ بۆ سەرت دەگەڕێنەوەو وە هیچ کوێ ناکەون" ئاوایی لەبێدەنگی دا نوقم دەبێ, تەنیا جاروبار دەنگی قاپ و قاچاغ یـان دەنگـی کەبانوویـەك دێ کـە فـەرمان بـە کچەکەی یان بەبووکەکەی دەدا... پیاوەکان لە مزگەوتێن.

مەلا بـانگی دەدا. هـەوا کزەیـەکی هەیـە... تاوێـك رادەبـرێ... خـەڵکی چـوونەوە ماڵەکانیان" ئیدی بە دەگمەن کەسێك لەسەر هەرزاڵێ نـانی بخـوا یـان بخـەوێ... چـرای ماڵەکان ـ ئەوانەی چرایان هەیـە ـ هـەڵ کـراوە" ئـەو ماڵانـەی چـرایان نیـە ئاگریـان کردۆتەوە" ئاژەڵ وردە وردە وەختی حەسانەوەیان دێ... هێشتا لەحەوشەن... شەو داهاتوە.

بابم لەبەر هەیوانێ دانیشتوە" بە سپایی چووم لە پـەنای دانیشـتووم ـ وەسـەر خـۆی نەهێناوە, بەڵام هەست دەکەم پێی زانیوم... تاوێك تێدەپەڕێ... دەنگی وەڕینـی سـەگەل بێدەنگیی شەوێ دەشڵەقێنێ. سەوەڕەکە تونـدە, دیـارە دەوری کەسـێك یـان حـەیوانێکیان داوە... و جاروباریش دەنگی زیـڕەی منـداڵ! دەنگەکـە لـەلای مـاڵی مامۆسـتایە, کـە کەوتۆتە جنووبی رووبارەکەو یەکەم ماڵی ئاوەدانێیە, لە نیزیك "کانێیە ژنان"... تاوێك دواتر دەنگی سەوەڕەکە دەپچڕێ و قاڵمەقاڵم...!

بابم زۆر بە ئاسایی دەڵێ:"رەحیمی بنێرە بزانێ چ بووە ـ بڵێ چرایەش هەڵ کەن... بڵێ با بۆخۆی بڕوا, شیلان بێ چرایەکە هەڵ کا.

بانگی دادە شیلانێ دەکەم و رەحیمی دەنێرم.

چرایەکە هەڵ کراوە, بابم هاتۆتە دیوەخانێ و دووبارە چـۆتەوە بـەر هـەیوانێ وگـوێی داوەتە قاڵمەقاڵمەکە. دەمەقاڵێیەکە لەدەرکی ماڵی خۆمـان نیزیك بۆتەوە ـ کۆمـەڵێکن بەرواڵەت دەپازدە کەس... قسەکانیش تێکەڵ پێکەڵن... "خوایە بۆیان نەمێنم...! ... منداڵی دە بێ گوناح! خەبەر بەئاغا بدەن...! بیان بەنە ماڵی ئاغا... لە پێش دا لێیـان بکەنەوە!..."

بابم بانگی کرد:"فاتم... فاتم!... کەسێك بنێرە بزانە چ بووە...! بۆچی هەروا خەوتان لـێکەوتوە...!"

دایکم لە ژووری دیوەخانێ را گوتی:"نەنووستووین ئاغـا... چـوون...! ئـەو کچـەش چووە..."

"کچەکە... کچەکە بۆچی؟"

"باشه ئیدی..."

رەحیم هاتەوە... بابم بـەتووڕەیی‌گوتی:"ها ئێـوە لـەکوێن؟... سـەعاتێکە بانگتـان دەکەم ـ حوسێن لە کوێیە؟... لەم ماڵە زەلامەدا کەسـێك نیـە!؟" لـەکاتێك دا بـانگی نەکردبوو! دیار بوو وەڕەزە.

"ئاغا چووم ـ ئێستا هاتمەوە."

بابم گوتی:"باشە, چیە, ئەو قاڵمە قاڵمە چ بوو؟"

"ئاغا دوو منداڵی وردیلەن ـ پێنج شەش ساڵە... هەردووکیان ـ دوور لـەرووتان ـ بەگوێدرێژێکەوە بەستوون... خەویان لـێ کەوتبوو... نازانین ئی کوێن ـ ڕێیان لـــێ ون بووە..."

بابم گوتی:"چۆن... نەتان پرسی؟ ئێستا لە کوێن؟"

"لێرەن, ئاغا."

"لە کوێ؟... چۆن نازانن ئی‌کوێن ـ منداڵی پێنج شەش ساڵە دەبـێ بزانـی خـەڵکی کوێیە!"

"وەڵڵا قوربان جوابێکی تەواو نادەنەوە ـ عەرزت دەکەن لە چیای ڕا هاتوون..."

بابم گوتی:"ئای...!" و چۆ دەفکرەوە... "ئێستا لەکوێن؟..."

دەمەقاڵەکە گەیشتبۆ دەرکی ماڵێ.

لەو بێنەو بەرەیەدا بوو کە دادە ئامین بە چاوی بەگریانەوە هاتە سەرێ, بە خـۆی و دوو منداڵی وردیلەی ڕەنگ پەڕیوەوە کە دیار بوو بران.

بابم نەختێك تەماشای‌کرد... فکری پەرێشان بوو. وەرگـەڕا بـەرەحیمی گوت:"باشـە, ئەتۆ بڕۆ خەریکی کاری خۆت بە... بڵێ خەڵکەکەش بـڕۆن وەدوای کـاری خۆیـان کـەون. "پاشانیش" هەر نەبی یەکێکتان هەمیشە لەبەر دەستان بێ!..."

"بە چاوان ئاغا."

منداڵەکان لە نێو دەرگا لە تەنیشت کەوشکەنەکە ڕاوەستابوون ـ زەرد, لاواز ـ و دەلەرزین.

بابم گوتی:"باشە!" و هەناسەیەکی هـەڵ کێشـا... دادە ئـامین هـەروا دەگریـا. بـابم دووپاتی کردەوە "باشە..." و دوایە:"دەیان ناسی؟"

"بەڵێ بابە!" ئەمە یەکەمین جار بوو کە بە "بابە" بانگی بابمی دەکرد. "بەڵێ بابـە, لەوێ لەگەڵ ئێمە بوون... کوڕی گاگیکن..."

"لێیان بپرسە بزانە چۆن هاتوونە ئێرە... کێ هێناونیە ئێرە... ئەم چەند رۆژە لە کوێ بوون!"

دادە ئامین بە کوردی بە برا گەورەکەی ـ کە ناوی شاهین بوو ـ گوت:"ئاغا دەپرسێ چۆن هاتوون بۆ ئێرە ـ بۆخۆت بڵێ چۆن هاتوون ـ مەترسە."

شاهین گوتی شەوێ بە پشتی ولاغەکەوە خەویان لێ کەوتوە, بەیانی کە وەخەبەر هاتوون تەماشایان کردوە تەنیان...

دادە ئامین گوتی:"چما شەوێ بەرێوە بوون؟ ئەدی بە رۆژ چیتان دەکرد؟..."

"بە رۆژ خۆمان لە کێوەکان دەشاردەوە ـ لە نێو بەردان , لە نێو داران دا... شەوانەش وەرێ دەکەوتین..."

بابم گوتی:"وەرە توخوا... خۆمان دەشاردەوە! بستە منداڵێك خۆی شاردۆتەوە!" جۆرێك بوو دەت گوت قسە لەگەڵ خۆی دەکا. پاشان گوتی:"چۆن!؟ خۆیان ـ هەر ئاوا؟! چۆن بووە لە سەرمان رەق نەبوونەوە!"

دادە ئامین گوتی:"پەتووە کۆنێکیان تێوە پێچا بوون." پاشان رووی کردە منداڵەکان:"دایك و بابیشتان لەگەڵ بوون؟"

"ئەوان لە مە دوور بوون ـ گوتیان جۆرێك برۆن کە تورکەکان نەزانن پێکەوەین... دوایە ئیدی خەومان لێ کەوت..."

بابم گوتی:"بەستەزمانانە... ویستوویانە هەر نەبێ منداڵەکان بێنن! فەقیرانە!..."

رواڵەتیان ئەوەندە بێگوناح و ترساوو برسیەتیچاشتوو بوو کە هەمووان گریانیان بۆیان دەهات. ـ دایکم و خوشکەکانیشم هاتبوون ـ قەلافەتی بابم داتەپیبوو, لێوەکانی وشك ببوون و قولینچکی لێوەکانیکەفێکی سپییان هەڵ دابوو.

دادە ئامین پرسی:"دوایە؟... ئازیزم مەترسە, هەموو شتێك بڵێ ـ ئێرە تورکی لێ نین..." و ئاخرەکەی بۆخۆشی لە پرمەی گریانی دا.

"پاشان هیچ... ئەمرۆ دوانیوەرۆیە پیرەژنێك نانی داینێ... دەچۆ جێگایەك... ئێمەی کردەوە, ـ دوایە دووبارە سواری کردینەوە, و گوریسەکەی دووبارە بەستەوە... و گوتی بەم رێگایەدا بێین... گوتی مەچنە ئەو دێیانە, ئەوێ تورکی لێن, دەتان گرن, دەتان کوژن ـ گوتی بێینە ئێرە..." لێوی لەرزی, دەنگیشیی دەلەرزی. جووتە برا تاوێك سەیری یەکتریان کرد. دوایە برا چووکە هاتە نیزیك برا گەورە, سەری وە شانی کاکیکرد و لە بانگی گریانێی دا. برا گەورەکە شانیی لە باوەش کرد و بەزمانی خۆیان دلخۆشیی دایەوە. بەلام سەرەنجام بۆخۆشی گریا.

بابم لەو چەند دەقیقەیەدا چەند ساڵ پیر ببوو, زمانی هەڵ دەنگووت. دڵی تێك چووبوو. هەمووان دڵیان تێك چوو بوو. ژنەکان بە بانگ دەگریان... چاوەکانی بابم ئاڵۆز بەلاّم وشك هەلاّتوو بوون... چاوی لە سەرەوەی دەرگای ژوورەکەوە بڕیبوو... دایکم و خوشکەکانم و دادە ئامین چڵمیان هەڵ دەلووشی, بە قولینچکی لەچك و داوێنی کراسەکانیان فرمێسکیان دەسڕین. دادە ئامین لێیان چۆ پێشێ, شانیانی لە باوەش گرت و گوتی:"مەگرین ئازیزانم... ماندوون ـ مەگرین!" بابم وەرسووڕا, بە پەرێشانی وەك قسە لەگەڵ خۆی بکا گوتی:"ئایی! سبحان الله!... دوو منداڵی ریوەڵە... تورکن ئیدی... لێیان دەدەن, دەیان کوژن! دەك وێران بی دنیا! کەماڵ پاشا منداڵان راو دەکا! بەڵێ تورك بوون شانازییە!... بەڵێ بەڕاستییش شانازییە ژن و منداڵ کوشتن... فەتحی کردوە!... خەڵکی خۆی فریو دەدا... ئیمپەراتۆریی عوسمانی لەت و کوت بووە, هەر کوتەی کەوتۆتە دەست دەوڵەتێك و ئێستا جەنابی گۆپاڵی داوەتە دەستی هێندێ کەسی بەزیو, دەڵێ لێدەن, بکوژن, ئێوە نابەزن, ئێوە نەشکاون... دەتوانن ژن و منداڵی کورد و هەرمەنی بکوژن... عەسکەر وخەڵکەکەی لە ئەسپێ و چڵك و چەپەڵ دا دەتلێنەوە. بەلاّم شانازی دەکەن کە تورکن, کە گۆپاڵی وەدەست داون ژن و منداڵی کورد و هەرمەنی بکوژن...!"

دایکم هەودای فکرەکانیی پساند, گوتی:"ئاغا, ئەم بەستەزمانانە برسین... لە پێش دا با شتێك بخۆن... هیزێکیان بێتەوە بەر, دوایە دەرەتان زۆرە..."

بابم ئاوڕی دایەوە, بە بێحاڵی چاوێکی لێ کرد, دەت گوت هیچ کەس و هیچ کوێ نابینێ, گوتی:"ها؟ گوتت چی؟ قسەیەکت کرد؟"

دایکم دووپاتی کردەوە:"گوتم برسیانە, ماندوون ـ جارێ با شتێك بخۆن..."

بابم گوتی:"باشە, با بخۆن ـ ئەمن نەم گوتوە نەخۆن!... ئەمەیان ئیدی کاری خۆتانە... ئامین هەیە بۆ خۆی دەزانێ چ دەکا... ئەیی! لەو رۆژگارە. خوا دەزانێ ئێستا دایك و بابی بەستەزمان لە چ حاڵ دان...!" پاشان roovیکردە دادە ئامین و گوتی:"کچم ئێستا نا, دوایە کە نانەکەیان خوارد لێیان بپرسە لە کوێ لە دایك و بابیان هەڵ براون ـ بەڵکوو بە جۆرێك بزانی لە چ گوزەرێکن... بەڵکوو بیان دۆزینەوە... وەکی منداڵەکە دەڵێ, نابێ زۆر دوور بن..." دوایە "منداڵەکە چۆنە؟..."

"باشە بابە ـ لە سایەی سەری تۆوە ـ بە چاوان, لێیان دەپرسم."

بابم گوتی:"زۆر باشه, ئێوه بچن بەو منداڵانه ڕابگەن... ئەمانەش وەك منداڵەکەی خۆت ـ ئەتۆ ئیدی دایکی ئەمانەشی ـ ئەتۆ لێیان بەرپرسی ـ شیلان ومەنیجیش هەن..."

دایکم و خوشکەکان و دادە ئامین دەست بە کار بوون, و ماڵەکە بە چاکی شلووق بوو.

ΠΠΠ

ئەو شەوە بابم بە قەدەر دە ساڵان پیر ببوو. گووپی تێك قوپا بوون ـ کاتێك شێویشیان هێنا دەستی نەچووە نان خواردن. دایکم بۆ هەمووان کوکیی شویتی دروست کردبوو. وەك جاران شیر و ماست و ڕۆنەکەرەو هەنگوینیش هەبوو. بابم عادەتی بوو شەوانە هەر کەمێك نان و ماستی دەخوارد. ئەو شەوە هەر دەستی بۆ مەجومعە نەبرد. هەرچی دەدی هەر دەی گوت بیدەن بەمنداڵەکان. بە بێ ئیشتیایی یەك دوو پارووی خواردن و مەجومعەکەی وەلا نا...

دایکم گوتی:"چیە ئاغا پێت خۆش نیە؟"

بابم گوتی:"دڵم نابا, بیدەن بە منداڵەکان."

"...کام منداڵ؟..."

"ئەو جووتە براکە..."

"داومنێ ـ بە تایبەتی نەم هێنانە ئێرە, چونکە یەکەم شەو بوو, نەوەك شەرم بکەن ـ گوتم با بە ئاسوودەیی نانەکەیان بخۆن... زووتر نانم دا بەوان ـ هەنگوین, ڕۆنەکەرە, کووکی... هەموو شتێکم دانێ ـ ئامینیشیان لە کن بوو."

"دیسان بیان دەیە"

دادە ئامین گوتی:"هەموو شتێکیان خوارد بابە, تێریان خوارد, خەویان دەهات, جێم بۆ ڕاخستن خەوتن..."

بابم گوتی:"لە کوێ؟ جێیەکەیان لە خۆتان نیزیك بێ ـ منداڵن ـ با هەست بە تەنیایی نەکەن."

دادە ئامین گوتی:"لە نیزیك خۆمان بابە..." بابە بابەیەکی بوو, بە قەولی دایکم پیاو هەر حەزی دەکرد گوێی لێ بێ.

بابم گوتی:" زۆر باشە!" نێوچاوانی تێك نا, تاوێك لە فکرەوە چوو, دوایە گوتی:"دەمەویست شتێکت پێ بڵێم, ڕۆڵە... دەزانی ئەم منداڵانە بێکەس و بێدەرن,

هاتوون... هەرچۆنێك بێ  هاتوون... ئەم خەڵكـە ئەگـەر نەشـت دیبـێ, بیسـتووتەكە چین... بە داخەوە زۆر خەراپ بوون" ئەو تۆزە ئەخلاقەش كە جاران هەبوو ئێستا نەماوە ـ ئێستا هەموویان لە پاڵەوانی زیندوو دەگەڕێن. باسی سەرۆك عەشـیرەتەكان هـەر مەكـە. بوونە فۆتە حەمام, هەر جارە بەبەر كەسێكەوەن. ئێستا بە داخەوە بە بـەر كـەماڵ پاشـاو عیسمەت پاشاوەن... هەموو شتێك دەكەن بۆ دەمانچەیەك, خەڵاتێك. خەڵكی ئاسـاییش ئەقڵیان پێ ناشكێ. هێندێ كەسی دیكە بە فریویان بردوون... پێوە بوون بەسـتەزمانانە. بۆ پارە هەمـوو كارێك دەكەن... هەر چۆنێك بێ, دەمەوێ چۆن دەتوانی حاڵیـیان بكەی كە لە ماڵێ دوور نەكەونەوە, لەگەڵ هەموو كەس بە ڕێ دا نەڕۆن. ئەمانـە دیـن و ئیمانیـان نیە. دەیان دزن, بە توركانیان دەفرۆشن... وریایان بـە... ئێسـتا ئیـدی كـەس و كـاری ئەمانە ئەتۆی ـ ئەمانەش وەك منداڵی خۆتن."

دادە ئامین گوتی:"بە چاوان بابە."

دادە ئامین ڕۆیشت. بابم داوای ڕەحیمی كرد كە بچێ كوێخای بـۆ بـانگ بكـا. كوێخـا هات. بابم, ڕۆژانی جەژن نەبایە, قەت نوێژی لە مزگەوتێ نەدەكرد. بە كوێخای گوت هەر ئەمشەو بچێتە مزگەوتێ بە ڕەعیەتەكان بڵێ هەوڵ بدەن لـە هاتوچـۆیان بـۆ گونـدەكانی دیكە دا, یان لەگەڵ ئەو كەسانە كە لـە دەرەوە دێـن باسـی ئـەم ژنـەو ئـەم دوو منداڵـە نەكەن, بە ژن و ماڵیشیان بڵێن ـ ئێستا كە خەریكی كاری خەلەوخـەرمان و دەغـڵ ودان هێنانەوەن, پێویست نیە لەلای ئەو دەرویش و هەژارانە كە دێن بۆ خەرمان لۆغـە, باسـی ئەمانە بكەن... با بزانین خوا چیمان لەگەڵ دەكا.

ئەو شەوە تێپەڕی و سبەی و دوو سبەش تێپەڕین" منداڵەكەی دادە ئامین ئیدی چـاك چاك ببۆوەو دوو برایەكەش ڕەنگ و ڕوویان هاتبۆوە بەر" ئێستا ئیـدی زۆربـەی وەخـت لـە حەوشەی پشتەوە لەگەڵ "كارۆ" خەریكی یـاری بـوون. دادە ئـامین لـە خۆشـیـیان لاقـی عەرزی نەدەگرت.

بەو حاڵەش جاروبار لە سەر سفرە خـەیاڵی دەڕۆیـی. چـاوەكانی وەك دوو مەتـەی ڕەش دیواریان كون دەكردو بەرەو "نادیار" دەڕۆیشتن و بۆ خۆشی بەدوایان دا. ئەم وەزعـە پـاش لێخوڕینی مەڕو ماڵات و خەواندنی منداڵەكەو چـۆل بـوونی مـاڵ زیـاتر دیـار بـوو. لـە حەوشەی گۆرانیی دەگوت. ئەمن لەگۆرانیـیەكە حاڵی نەدەبووم. بەڵام لە وان و لە دەنگـی دا غەمێك هەبوو كە بە خۆم نەبوو غەمباری دەكردم. زۆربەی ئاهەنگەكانی لەبـەر گـوێم غەمگین بوون. دەنگەكە لە غەم هەڵ دەستا, ڕاوێژ و ئاهەنگی وشەكانیش غەماوی بـوون ـ غەم لە دەنگ و ڕاوێژ و ئاهەنگی وشـەكان دا هـەبوو: داسـتانی ئـێش و ئـازار بـوون,

بەسەرهاتی غەریبی بوون, سروودی بێماڵ وحاڵی بوون... "ئاوارە" بوون. دەنگێکی شیرنی هەبوو. بە نارە نار گۆرانیی دەگوت, وای نەدەگوت بابم و ئەوانی دیکە گوێیان لێ بێ. بە دەنگێکی نەرم دەیگوت. ئەمن ئەودەم هەستێکی روونم نەبوو... تەنیا هەستم بە غەم دەکرد ـ غەمێکی ناسك, وەك غەمی هەوای سەر لە ئێواران.

ئێستا هەست دەکەم کە رەنگدانەوەی هەست و پەژارەی کچێکی جحێڵ بوون کە دەزگیرانەکەی چووبێتە شەڕ, هەموو هاتبنەوەو ئەو نەهاتبێتەوە, و کچەکە وەختێك لە کانی ڕا دەگەڕێتەوە لەسەر تەختە بەردێك دانیشتبێ, گۆزەکانی لە تەنیشت خۆیدانابن و چاوی دەرێگاوە برِیبێ و بانگی دەزگیرانەکەی بکا. بە خەیاڵ بانگی بکا بێتەوەو ئاشقانە گلەیی لێ بکا کە بۆچی وەدرەنگ کەوتوە... ناکا لە ولاتێکی دیکە یارێکی دیکەی گرتبێ ـ و بەڵێن و پەیمانەکانی وەبیر بێنێتەوە.

گوێم لە دەنگی دەزگیرانەکەیەتی کە دەڵێ چووە لە شار و بەران دیاریی بۆ بێنێ, دیارییەك کەهیچ لاوێك بۆ دەزگیرانەکەی خۆی نەهێنابێ. ئاخر, قەرار بوو لەم سەفەرە لەچکی زێرکفت بێنێ... گوڵی ئەڵماس نیشان بۆ سەر سنگی بێنێ...

تاوێك دواتر گوێم لە خۆی بوو کە دەی گوت, ئێستا دەست نەکەوتوە, بۆخۆی ساغ بێ, بۆخۆی بێتەوە هەموو شتێکە" ئەگەر بۆخۆی هاتەوە دڵی خۆی لە سەر سنگی دەدا, ئەڵماسەکانی چاوی لەسەر دادەنێ... با بێتەوە, ئاوارەیی بەسە. هەموو کیژۆڵان لەگەڵ دەزگیرانەکانیان قەول و قەرار دادەنێن, هەر ئەو ماوە... ئێستا دڵی خۆش نیە هیچ, تانووتی کچە دراوسێیان چ لێ بکا! بەڵێن دەدا کە ئیدی بێ بەڵێن نەبێ, ئیدی هەرگیز لە چاوەڕوانی دا ڕای نەگرێ, هەر کە مانگ لەکەل هاتە دەر, بچێتە جێ ژوانێ... دەی گوت لە دووریی وی دا فرمێسك دەرِێژێ و خوێن دەگری..."وەرەوە"!

ئەمن لە فکری خۆم دا ئەو دەستەیم دەدی کە دابوویە ژێر چەنەگەی و ئەو چاوانەی کە برِیبوونیە رێگای دەزگیرانەکەی... وێش دەچێ بۆیە وا بزانم, چونکە دواتر بە چاوی خۆم دیتم!

لەو جۆرە وەختانەدا لەدوورەوە, بێ ئەوەی پێ بزانێ سەرنجم دەدایە. دادە ئامین لێرەش دا هەردوو چاوی وەك دوو تەتەر لێك دەبەستن وەدەی ناردن... بۆ دوور, بۆ جێگایەك کە هەر بۆ خۆی دەیدی... گۆرانییەکە بە راوێژێکی غەماوی تەواو دەبوو... دەزگیران دیسان نەهاتبۆوە, و ئەو تەمابڕاو بوو ـ فرمێسکیش هەبوو... بۆ کوێ چوو بوو؟"

کەگۆرانییەکە تەواو دەبوو, تەماشایەکی دەوروبەری دەکرد, بەڵام لە ژێرەوە, بێ ئەوەی سەرنج بداتە جێگایەك. بەسەری قامکی لەچکەکەی دادەکێشاو زۆر خێرا قولینچکی

چاوەکانیی وشك دەکردەوە, و ئەگەر چاوی بە چاوم بکەوتایە زەردەیەکی دەهاتێ. دەم دی کە دەم وچاوی سوور داگیرساوە, پشتە لێو و قوولکەی بەر گەردنێی ئارەقیان کـردوە. منـدارە مووی دەم و چاوی شەدار بوون.

ئێستا وەختی ئەوە بوو کە سەرێکی سەرەوە بدا. لەوانەیە مندالەکە وەخەبـەر هاتبـێ. مندالەکەی زۆر خاوێن و رێك وپێك فێر کردبوو" مندالێکی بە زەحمـەت نـەبوو" شـەوانە وەختی خۆی شیرەکەی دەخوارد, وەك دایکم و خوشکەکانم باسـیان دەکـرد, شـەوێ جارێـك نەبێ هەڵ نەدەستایەوە" دادە ئامین پەڕۆی لـێ دەگۆڕین و شیری دەدایەو دەنووستەوە. سەیر ئەوە بوو لە لانکەش دا نەدەخەوت.

جارجار دەی هێنایە حەوشەو بە"کارۆ"ی دەسـپارد. کـارۆ لـە تەنیشـتی دادەنیشـت و مندالەکە یاریی بە چاوو گوێ و سەرو چاوی دەکرد.

دادە ئامین هـەموو رۆژێ منـدالەکـەی دەشـوت, و ئـەوە بـۆ ئێمـە یـەکێك لـە شـتە سەیرەکانی دنیا بوو. دایکـم و خوشـکەکانم سـەریان سـوڕمابوو. ئـەوەش هـەر لـە شـتە سەیرەکانی رۆژگار بوو کە مندالەکە هەمیشە سەرڕووت بـوو: وەك منـدالی لای خۆمـان کۆچکەی لەسەر نەدەکرد... مندالەکانی لای خۆمان هەر کۆچکەیان لەسەر هەڵ گیرابـا, تووشی گوێ ئێشە دەبوون و ئەودەم دایکەکانیان دەبوو دووکەڵی سیغاریان دەگوێ بکەن.

مندالەکە لەخەو هەستابوو" دادە ئامین وەك هەموو دایکێك, بـە لاواندنـەوەو قسـەی خۆشی دایکانە قۆنداغەکەی دەکردەوە, پەڕۆی لـێ دەگۆڕین. پاشان هێندێك ئاوی شـیلەو گەرمی دێنا, بەری دەستی لە ئاوەکە دەداو بـە دەم و چـاوی منـدالەکـەی دا دێنـا... بـە زمانی خۆیان دوعاشی دەخوێند ـ کە دواتر تێگەیشتم هەر ئەو بسم اللـە یـە بـوو کـە دایکانی لای خۆمان لەگەڵ مندالەکانیان دەیان هێنا: بە ناوی باب و کـوڕو روح القـدس. لەم جۆرە وەختانەدا ئەگەر ئاوەکە نەختێك سارد بایە, مندالەکە مچوڕکی پێدا دەهـات و جۆرێك سەری دەلەقاند کە وەك راچەنینی بزن مژە دەچوو, ئەم حاڵەتەی یەکجار خۆش بوو. خواردنەکەی دەخـوارد: هێنـدێك نـان کـە دادە ئـامین بـۆی دە شـیری گوشـیبوو. پاشـان مندالەکەی دەبرد لە پێش دا سڵاو لەدایکم بکا:"گنا مامایی!" مندالەکە لەگەڵ دایکـم ڕاهاتبوو, بەرە بەرە خووی بە بابیشمەوە گرتبوو. مندالێکی خوێن شیرن بوو. هەر چاوی بە دایکم دەکەوت چرای زەردەخەنەی بۆ لـێدەدا, و باوەشی دەکردەوە. تاوێـك لـەلای دایکـمو خوشکەکانم دەبوو, دوایە دادەئامین دەی بردە لای بابم:"بابایی... بابایی!" ئەمەی لە رێگا دا چەند جار دووپات دەکردەوە, "بابایی...!"

بابم ئێستا له دیوەخان بوو. دادەئامین منداڵەکەی لەبەردەرگا دادەنا, و بۆخۆی دەڕۆیشت بۆ لای بابم و له دوورەوە دەی گوت:"ئاری [وەره] ئاری, ئاری, ئاری!" و به دەست بانگی دەکرده لای خۆی ـ منداڵەکەش به گاگۆڵکه خێرا خێرا وەڕێ دەکەوت. بابم دەیگوت:"ئاماشەڵڵا! ئاماشەڵڵا!"

که دەگەیشته لای داده ئامین سەری هەڵ دەبری. دادەئامین قامکی بۆ لای بابم ڕادەداشت و دەی گوت:"بابایی ـ بابایی!" و بابم باوەشی بۆ دەکردەوە.

دایکم گوتی:"خوا بۆی گەیاندووی!"

ئەمن هەرچەند منداڵ بووم, هەر ئەودەمیش له راوێژی قسەی دایکم دا پێوەدانی چزووی تانووتێکم هەست پێ کرد" بابم مۆڕەیەکی لێکرد, داده ئامین رەنگێکی هێناو برد" بابم نێوچاوانی تێك نا. دایکم گوتی:"رۆڵه, وەخت بوو دڵی بتۆقێ بۆ منداڵێك... ماڵەکه چۆڵ بووه, ناشکوری نەبێ... کوڕەکان دوورن... ماڵی چۆلیش بۆخۆت دەزانی وەك ئاشی ئاو لێ بڕاوه..." و هەرچۆنێك بوو مەسەلەکەی پینه کرد.

بەڵێ, منداڵی داده ئامین, وەك بابم ناوی نابوو "رێوی" هەوای ماڵەکەی گۆڕیبوو. قاقای پێکەنینی هێنابۆوه سەر روخساری دۆش داماوی بابم. ئێستا وای لێ هاتبوو دیوارەکانیش وەڵامی پێکەنینەکەییان دەدایەوه, و گنج ولۆنجی دەم و چاوی دایکیشم ورده ورده تەخت دەبوون.

گیرفانەکانی سەڵتەی بابیشم وەك رابردوویان لێهاتبۆوه ـ ئێستا ئیدی هەمیشه دوو کلۆ قەند له گیرفانی سەڵتەکەی دا هەبوون و "رێوی"یش ئیدی فێر ببوو که بیپشکنێ. کاری ببوو به پشکنینی گیرفانەکان و یاری کردن به ریش و زنجیر سەعاتی بابم. لەسەر کۆشی بابم پاڵی دەدایەوەو هاتنه خواری نەبوو. ئێستا ئەوه بابم بووکه هاواری لێ بڵیند دەبوو "هەك رووت رەش بێ, لایبەن ئەو ناپیاوەی ـ پێی دامیزتم!" و داده ئامین بوو که دەیگوت:"ئەی بێ چاووڕوو! ببووره بابه..." تێی رۆ دەهات دەی ڕفاند, و منداڵەکه بوو که پەلەقاژەی دەکرد و بابم بوو که بەشی تەڕ بووی کەوایەکەی به دوو قامکان هەڵێنابوو, و خوشکەکانم غاریان دەدا تەشت و مەسینەیان دێنان هەتا بابم کەوایەکەی بشواتەوه... یانی ئاوێك بەو بەشەی دا بکا که منداڵەکه پیسی کردبوو" و تەواو. له هەموو ئەو ماوەیەدا "کارۆ"ش له پەنا دەرگاوه دووراودوور لەم یارییەدا بەشدار بوو, و جارجار مڕەمڕێکی سووکی دەکرد...

له جەرگەی یەکێك لەو دیمەنانه دا بوو که رەحیم هاته سەرێ و گوتی:"ئاغا پیاوی کەریم ئاغای هاتوه, عەرزت دەکا کاغەزی هێناوه!"

بابم هەروا کە بەشی تەڕی کەواکەی بە دوو قامکـان هـەڵێنابوو, گوتی:"سـوارە یـان پیادە ـ بەتەنیایە؟"

رەحیم گوتی:"پیادەیە ئاغا... بە تەنیایە."

بابم گوتی:"بی نێرە سەرێ." پاشان رووی‌کـردە من:"بـڕۆ بـە ئـامین و جووتـە براکـە بڵێ..."

هات. پیاوێك بوو سی, سی و پێنج ساڵە, بە قەڵافەتێکی شەکەت و ماندووەوە... لـە رێیەکی دوورەوە هاتبوو. گوندی کەریم ئاغا دوور بوو. لە تورکان نیزیکتر بوو.

کابرا کاغەزەکەی هێنا, دای بە بابم. بابم گوتی:"ماڵیاوا, لەو لای چ باسە؟"

کابرا گوتی:"دوعای سەرت, ئاغا...!؟"

ئاغا گوتی:"لە لای ئێوە هیچ خەبەر نەبوون ـ لای ئێوە عەسکەری لێیە؟"

"بەڵێ, ئاغا, لێیەتی... ئەم دوو سێ رۆژە لەچاو پێشوو زیاتر بـوون... لـە دێهـاتی ئێمە ئێستا زۆربەی شەوان لەسەر هەست دەخەون..."

"بۆ خۆت نەت زانی بۆ چی‌هاتوون... خەڵك باسیان نەدەکرد؟ لەچی‌دەگەڕان؟..."

"لە مامە حاجۆی دەگەڕێن, ئاغا."

"کەس حاجۆی لەو دەوروبەرانە دیوە؟"

"وەڵڵا قوربان, هێندێك دەڵێن دیویانە... دەڵێن لە هەموو جێیەکە ـ هێنـدێکیش دەڵێن لە "ئاگری" ماوەتەوە..."

"زۆر باشە, ماڵیاوا! رەحیم!... ناوت چ بوو کاکـە... ئەگـەر پێشـت گـوتبم لـەبیرم چۆتەوە..."

"شەریفی نۆکەرت, قوربان"

رەحیم هات.

"نان و چای بدە بەکاك شەریف, با نەختێك بحەسێتەوە, هەتا ئـەمن وەڵامـی نامەکـە دەنووسمەوە..." پاشان رووی کردە شەریف:"کاك شەریف کەنگێ وەڕێ کەوتی... لەوێ را دێی یان لەجێیەکی دیکەوە؟"

"راست لەوێ را دێم ئاغا ـ سەر لە ئێوارێ وەڕێ کەوتم..."

"لە رێگا تووشی عەسکەر و شت نەبووی؟"

"نەخەیر قوربان."

"زۆر باشە, کەوایە نان وچایەکەت بخۆ, ئیسـراحەتەکەت بکـە... ئەگـەر کـاری بـە پەلەت نیە, ئێستا ئەوە نیوەڕۆیە, شەوێ لێرە بە, بەیانی بڕۆوە..."

"ماڵت ئاوەدان بێ ئاغا ـ ئاغا گوتی زوو بچمەوە, کاری دیکەی هەیە..."

بابم گوتی:"زۆر باشە, دە ئەتۆ برۆ خوارێ نان و چایەکەت بخۆ, هەتا ئەتۆ نان و چای دەخۆی ئەمنیش وەلامی کاغەزی ئاغا دەنووسمەوە."

بابم نامەکەی خوێندەوەو بەئاشکرا تێك چوو. جارێکی دیکەشی خوێندەوە, وگوتی بچم دادەئامین ودایکم بانگ بکەم:"بڵێ منداڵەکەی لە لای کچەکان دانێ بۆخۆی بێ."

دایکم و دادە ئامین هاتن.

بابم پرسی:"جووتە براکە لە کوێن؟"

دادە ئامین گوتی:"لە حەوشەکەی دیکە, لە قولینچکێك دانیشتوون ـ بۆ ئەوەی لە بەر چاو نەبن." بابم گوتی دانیشن. دانیشتن. بابم نیوەرۆکی نامەکەی کەریم ئاغای بۆ باس کردن" گوتی پێویست ناکا ئەمانە لە لای کەس بڵێین ـ رووی لەدایکم بوو. گوتی نووسیویەتی تورکەکان لە ژنی پیاوێك دەگەرێن بە ناوی هۆسپ, وەك دەڵێن راپۆرتیان داوە کە خۆی و منداڵەکەی هاتوونە وێندەرێ, و گوتوویانە هەرکەس تەحویلی بداتەوە, دەوڵەت خەلاتی دەکا...

کە ئەمەی گوت دادە ئامین رەنگی وەك زەعفەرانێی لێ‌هات, دایکم دەستی بە چەنەگەیەوە گرت و گنج و لۆنجی دەم و چاوی قووڵتر بوون. دادە ئامینی بەستەزمان پێی وابوو بابم ئێستا تەحویلی دەداتەوە.

بابم تێ‌گەیشت, دڵخۆشیی دایەوە, گوتی:"کچم, پێش هەموو شتێك با پێت بڵێم, هێندم درۆ و ناراست بیستوە, پێشان کە گوتت خێزانی هۆسپم باوەرم نەکرد... گوتم رەنگە هاودین و هاو نەتەوەی یەکتر بن, یەکترتان ناسیوەو بیستووتە کە هۆسپ لوتفی لەگەڵ من هەیە, و بۆیە ئەو قسەیە دەکەی هەتا ئەمن پەنات بدەم. رەنگە پێت زانیبێ کە ئەمن ناراستەوخۆ, لە نێوقسان دا زۆر جار لێم دەکۆڵیەوە تا بزانم بەراستی ژنی وی و یان هەر ناسیاون... بە هەر حاڵ, ئێستا بە تەواوی دڵنیام کە خێزانی وی. کە خێزانی ویش بی, دڵنیا بە لەگەڵ کچەکانم تۆسقاڵێك فەرقت نیە, بەڵکوو عەزیزتریشی..."

دادە ئامین هەر بەو راوێژی مەزلوومانەی یەکەم رۆژ گوتی:"خوا کورانت پێ بێڵێ ـ خوا سێبەری ئێوە لەسەر هەمووان کەم نەکا!"

بابم گوتی:"هەرچۆنێك بێ, ئەمن لەگەڵ هۆسپ نان و نمەکم خواردوە, رۆڵە" ئەمن خۆم یەکێك لە پێشمەرگەکانی حاجۆم... ئاخ, ئەگەر دووکەسی وەك ویمان دەبوون, ئاوا نەدەبووین! پاشان حاجۆ و هۆسپ ئەمەگیان بەسەر بنەماڵەکەمانەوە هەیە ـ ئەگەر ئەوان نەبوایەن ئێستا ئەمن و ئەم پیرەژنە رەشپۆش بووین... بەهەرحاڵ, ئەوانە بەجێی خۆیان,

هەرکەسی دیکەش لە جیاتی تۆ بایە, بۆچوونی من هەر ئەمە بوو. دیارە نە بەو ئەندازەیە... پەرژین بێ, بە گۆڕی بابی کەمالٚ پاشاو خەلٚکی دیکە ـ چما ئەم دنیایە چیە, هەتا پیاو بۆ خاتری کەمالٚ پاشا, یان هەر پاشایەکی دیکە توورەکەی سوالٚ و جاسوسیيە لە مل بکا!... بە قەولی دایکی خوالێخۆشبووم (دایکم و دادەئامین گوتیان "خوا عافووی‌کا!"), جاسووسی گەوادیيە, جا بۆ هەرکەس بێ. ئێمە لێرە لە کوردستان مەسەلێکمان هەیە, دەلٚێن دەستێك دەستەکەی دیکە دەشواو هەردوو دەست دەم و چاوان. بە داخەوە سەرۆکانی ئەم "دوو دەستە" دەرەنگ کەوتنە بیری ئەم مەسەلەوەو سولٚتانی عوسمانی و کەمال پاشا بە دەستی خۆمان ـ بەدەستی هەرمەنی وکورد ـ خۆمانیان لە نێو برد... گوتمان ئەمجارە خوا وای‌کردوەو دوو دەستەکەی دیکە بە هومێدی خوا دەمو چاوان دەشۆن. ئەمەشیان بەناپیاویی رەزاخان و کەسانی دیکە وای لێ هات. بەهەرحالٚ ئەوەی نەدەبوو ببێ, بوو... ئێستا چەندی ماوە تا ئەم دوودەستە یەکتر دەگرنەوەو پێکەوە دەبن. کۆمەلٚ و تاکەکەس فەرقیان هەیە" نەفەرێك نەفەرێکە. رەنگە سەعاتێکی دیکە یان رۆژێکی دیکە بیروڕای بگۆڕێ و بگەڕێتەوەو دووبارە دەست بەکار بێ, بەلاٚم کۆمەلٚ... کۆمەلٚ فەرق دەکا. وەختێك بلاٚو بوون ـ ئۆی ـ دەبێ عومرێك خەلٚکێکی زۆر هەولٚ بدەن تا کۆیان بکەنەوە ـ ئەویش خوا بزانێ کۆ دەبنەوە یان نا... ئێ هێ!"

تاوێك راوەستا, دوایە لەسەر قسەکانی رۆیشت:"ئەم شتانەم بەتایبەتی بۆیە گوت کە بزانی لە کوێی و دەبێ چ بکەی... دوێنێ دیتم چووبوویە ئەوبەر چۆمی..."

راستی دەکرد, ئەمنیشی لەگەلٚ بووم. فەقیرە ئەو نیو سەعاتەی لە دەرێ بووین, لە دەنگی هەر پێیەك و هەر خشپەیەك دەسلٚەمیەوە ـ دەت گوت بێچووە ئاسکە ـ وەختێك دەسلٚەمیەوە بەراستی ترسی پێوە دیار بوو...!

بابم لەسەر قسەکانی رۆیشت:"ئەمانە ـ ئەم خەلٚکە ـ فەقیرن. بۆ پاروە نانێك, دەرپێ‌یەکی نوێ, چۆلەکەکوژێك, هەزار کاری بێ جێ دەکەن. گوتم مەیەلٚە مندالٚەکان لە مالٚێ دوور کەونەوە, چونکە دەیان دزن, دەیان بەن دەیان فرۆشن ـ زگی برسی, لە خوا ناترسی ـ و جگە لەوە, ئەمانە برسیی بەخەتاشن: کار هەیە, کار ناکەن ـ نۆکەری و جاسوسی‌یان پێ ئاسانترە ـ باب نۆکەرن" نانی نۆکەرییەیان خواردوە, کەسێك فێری نانی نۆکەرییە بوو, ئیدی دەستی ناچێتە کارێ... بێکارن و بەدەردی دەلٚێ دەستی بێکار کارگەی شەیتانە ـ شەیتان بۆ دەستی بێکار کاری زۆرە. فاتمیش دەبێ زۆر وشیار بێ ـ دایکی مالٚێیە, دەبێ بزانێ ـ چونکە ئەگەر ئەمن لە مالٚ نەبووم, ئەوە کە دەبێ ئەم مالٚە بەرێوە بەرێ, و بەرێوەشی دەبا. ئەم شتانەم گوت تا چاوو گوێت باش بکەیەوە و

منداڵەکانیش حاڵی کەی... دیارە واش نیە کە پێت وابێ بەند کراوی. نا, بەڵام نابێ متمانە بە هیچ بێگانەیەك بکەی. ئەم پیاوەی هاتوە نۆکەری ئاغایەکە کە دۆستی منە, زۆریش دۆستە, هەروەك دەبینی خەبەری بۆ ناردووم. بەڵام ئەم پیاوە نۆکەرە" هەر ئەمڕۆ لەوانەیە ئاغایەکی دیکە قەولێکی چەورتری پێ بداو بچێتە لای وی. بۆیە ئەتۆ دەبێ وریا بی. هیوادارم هیچ ڕوو نەدا, بەڵام تێبینی باشە, پیاو بۆچی سەرێکی نایەشێ لە پرێسکەی بەستێ؟ قەیدی نیە ئەگەر پێت کرا بۆ دۆشینی بزن و مەڕان یارمەتیان بدە. بەڵام ئیدی حەقت نیە بچی لە کانیە ئاوێ بێنی. چونکە لە لایەك کلفەت و کارەکەر هەن و لە لای دیکەش کانیە ژنان شوێنی دەنگۆسازکردن و خەبەر هەڵبەستنە. ئەوەندە بەسە جارێك بچی, تا سەد دێ ئەولاتر ناوبانگی خۆت و باسی قەلافەت و بەسەرهاتی خۆت بە درۆ یان بە راست ببیسیەوە. پێویستیش نیە بچی, ئەوە خوشکەکانت هەن, لەگەڵیان دادەنیشی. منداڵەکەش شوکور چاك بۆتەوە. وەختی خۆت لەگەڵ وان بەسەر دەبەی. بەهەرحاڵ دەبێ وریا بی. ئەتۆ ئاگات لە وەزعی عەشیرەتگەری نیە, کچم... هەر ئەم سەگە کە لەبەر دەرکی ئەم ژوورە کەوتوە, ئێستا بۆتە باسی دیوەخانان: بۆچی لەبەر دەرکێیە, ئەم کارە چ نهێنیەکی تێدایە؟ ئەم سەگە جاران لەوێ نەبوو. لە کوێ ڕا هاتوە؟ لەگەڵ کێ هاتوە؟... نامەوێ بڵێم با سەگەکە لەوێ نەبێ. ئێستا کە لەوێیە, با هەر لەوێ بێ. دەمەوێ ئەوەت پێبڵێم کە خەڵك بێکارن, قسان دێنن و دەبەن ـ ئەمەیان بۆ بۆتە جۆرە سەرگەرمیەك. کچم, ئێستا کە هاتوویە ماڵی خۆت, ئەمن وەك بابی تۆ ـ و ئەو منداڵانە ـ هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم , هەروەك دەرهەقی منداڵەکانی دیکەم هەستی پێ دەکەم ـ دەبێ وریا بی!"

دادە ئامین هەر بەو راوێژی غەریبانەو مەزڵوومانە گوتی:"خوا سێبەری تۆ لەسەر منداڵەکان لا نەبا! خوا ماڵێت ئاوەدان کا!"

بابم گوتی:"ئەمن ئیدی قسەیەکم نیە... جووتە براکەشت لەبیر نەچێ... ئێوە بڕۆن خەریکی کاری خۆتان بن, با ئەمن وەڵامی نامەکە بنووسمەوە."

KKK

# ٥

دوو سێ ڕۆژێك بەسەر ئـەم ڕووداوە دا تێپـەڕیوە, بـابم دەمانچـە دەتیرەکـەی لـە بـن سەڵتەوە لە خۆ بەستوەو لە دەوروبەری حەوزوکانێیە گەورەکەی ئەوبـەر چـۆمی دەگـەڕێ, هێشتا مێگـەل زۆر لـە ئـاوایی دوور نەکەوتۆتـەوە. شـنەبایەکی دێ. پشـیلە پاییزەکـان دەسووڕێنەوە... دایکـم هەناسـەیەك هـەڵ دەکێشـێ:"ئای! هـاوینیش ڕۆیشـت, پـاییز داهات!" پشیلە پاییزەکە دەگرێ:"خـۆش خەبـەر بـی ـ خەبـەری سـاغی و سـلامەتیت هێنابێ...! لە کوێوە هاتوی ـ بۆ کوێ دەچی! ڕێت لـێ ون بـووە!" پشـیلە پاییزەکـە زۆر لەسەرەخۆ, زۆر دایکانە, هەڵ دەگرێ, لەسەر تەختەبەندی دادەنێ و بەسەری قامکی پاڵی پێوەدەنێ:"برۆ بەخێر چی, وەدوا کاری خۆت کەوە... ئەی! زسـتانیش دێ... بـەهاریش دێ ـ خوا دەزانێ تا ئەودەم کێ دەمـرێ و کـێ دەمێنـێ! هـەتا بـەهارێ عومرێکـە!... کێوەکانیش فەقیرانە پیر بوون ـ ئەگەر جحێڵ بووم ئەمانەش جحێڵ بوون... بـە جحێڵـی هیچ شتێك لەبەر چاوم پیر نەبوو ـ کێوو دەشت و دارو دەوەن لەبەر چاوم جحێـڵ بـوون ـ چاوم جحێڵ بوون" سەرم لە ئاهوناڵەی دایك و بابم خوا عـافویان کـا, دەرنـەدەکرد: پشـت ئێشە! بنیادەم چۆن پشت ئێشە دەگرێ, چۆن بنیادەم خەوی لـێناکەوێ! بە پێوە خەوم لـێ دەکەوت... بەڵام فایدەی چی گەنج بووم و نەم دەزانی ـ هەتا چاوم هەڵێنان جحێڵی بوو بە دووکەڵ و بەحەوا دا چوو ـ خێرم لە جحێڵیی خۆم نەدی... بستە منـداڵێك بـووم هاتمـە ماڵەمێردان... پاشانیش خوا سـلامەتیان کـا منداڵـەکان, عومریـان درێـژ بـێ, چـما هێشتیان دەمێك ئاسوودە بم! ئاوێکی ڕەحـەتمان لـە گـەرووی نەچـۆ خـوارێ... ئەمـەیان سووریژەی گرت, ئەویان ئەسپەك, ئەوی دی خروێلکەی تووش بـوو... ئـەویان ژانـە زگ, ئەمیان گوێ ئێشە... دوایەش کە بەسلامەتی گەورە بوون, خەفەتیشـیان گـەورەتر بـوو. باوەڕ کە ئامین, هەتا ئەم دوایییانـە کـە ئەمانـە لـە لەشـکری هاتنـەوە, ئەگـەر بڵێـی لەحزەیەك خەوی ئارامم بووبێ, پاروویکی ئاسوودە لە گـەرووم چـووبێتە خـوار... حاشـا! ئەگەر دوور لە رووتان سەگێك دەوەڕی, دڵم دادەخورپا, ئەگەر دوو ڕەعیەت شەڕیان دەبوو,

بەندی هەناوم دەپسا, ئەگەر تەتەرێك دەهات ئەژنۆم دەشكان... ئەتۆ ئێستا دەزانی ئەمن چیم كێشاوە. شیلان و مەنیج تێنەدەگەیشتن دەڵێم چی ـ جگە لەوەش مێرد فەرقی هەیە لەگەڵ منداڵ ـ خۆشەویستی‌یەكان هەموو وەك یەك نین. خوا هەر یەكەی جۆرێك دروست كردوە... منداڵ ـ سلامەت بێ ـ خەراپترین كوڵە بە شانی بنیادەمەوە... دایك بوونەوەرێكی بەدبەختە... شەوێك سەری بێ خەفەت وەسەرینێ ناكا...!"

لە پەنا پەنجەرەی راوەستاوم, چاوم لە چۆمەكەیە كە هەروا بە تیغەكەی گەڵی دادەبڕێو دەڕوا... بۆكوێ؟ ـ نازانم. چاوم لەمێگەلە كە رێچكەی بەستوەو بە خوارەپێچە وەك شاخەوان بەقەدی كێوی هەڵ دەگەڕێ. چەند سەرێك لەوانی دیكە بەجێ ماون. دێ بێدەنگە, كڕوماتە ـ غەمبارە... جووتە براكە لە حەوشەی تەنیشتێ یاری دەكەن" منداڵی دادەئامینێ نووستوە" دادە ئامین و خوشكەكانم لە دیوەخانێ قژقژ پێدەكەنن. نازانم بە چی پێدەكەنن... هەوا فێنك و خۆشە... هێشتا گەرمی نەكردوە. ژنان ئەم وەختانە زیاتر لەكانێیە ژنانن: دیزە دۆو كۆدەڵە رۆنەكەیان بردوون دەئاوێیان ناون, هەتا پیاوەكان ئەگەر لە مەزرا گەڕانەوە ئاوو دۆیەكی فێنك بخۆنەوە... لە دەوری یەك دانیشتوون و چەنەگەیان گەرم داهاتوە.

دایكم بە خوشكەكان دەڵێ:"ئەو حیلكەحیلك و تریقە تریقە تەواو نەبوو! هەستن, هەستن ـ بڕۆن كارەكانتان بكەن, ژوورەكان خاوێن بكەنەوە, دەستێكیش بە دیوەخانێ دا بێنن ـ خۆ نابێ هەر بە تەمای ئامینێ بن ـ ئەم بەستەزمانەش گرفتارە... لامپاكە بستێكی تۆزوخۆڵ لەسەر نیشتوە, هەركەس بیبینێ لە دڵی خۆیدا دەڵێ بڕوانە ئەو ژنە شل و شەوێقانە ـ تف و لەعنەتتان دەكەن!" دوایە:"ئامین, حەمە فەرەج چەند گەز خامی هێنابوو. بزانە ئەگەر بە كەڵكی پەڕۆی منداڵەكە دێ, یەك دوو پەڕۆی بۆ لێ بكەوە, تا هیچ نەبێ بەشی لێگۆڕینێت هەبن, و هەموو جارێ ناچار نەبی پەڕۆكەی لەبەر تاوێ یان لەبەر ئاگری بۆ وشك كەیەوە. گوتوومە چەند گەزی دیكەش بێنێ كە بۆ شاهۆ و وەسمان (شاهین و وەسكان) ی بكەیە كراس و دەرپێ. ئەم منداڵە بەستەزمانانە گوناحن ـ دەزانی بۆیان بدووری؟"

"بەڵێ دایە, دەزانم, دوورینیان شتێك نیە... خوا دەوامی بابم و براكانم بدا!"

"زۆر باشە...!"

هەموو هەڵ دەستنە سەر پێ و دەڕۆن. هێشتا نەگەیشتوونە ژوورەكانیان كە دەنگی وەكاز و "یاهوو!" لە پلیكانان دەگەڕێ!

دایکم گوتەنی بسم الله ـ ئەم بەیانیەیە زووەو کەڵەباب خوێندنان و دەروێش!

دەروێش کە دەگاتە رووبەڕووی سەگەکە, تێك رادەبێ, داردەستەکەی لێ راست دەکاتەوەو رەق رادەوەستێ. "کارۆ" دژ کردەوە نیشان دەدا. زۆرم پێ خۆش بوو لێی دەنگ بدەم لە بەرێکی هەڵ درێ... بەڵام هیچ ناکرێ, میوانە. کارۆ لە بنەوە پرس دەکا. دەڵێم:"وەرە ژووری, کاری پێت نیە!"

دەروێشێکە بە هۆقەیەك ریش و پەشم, و خەرگەیەکی شڕ, و کوولەکە ئاویەکەوە کە لەماڵان کەوچك کەوچك رۆنی پێ خڕ کاتەوە.

دەڵێ:"یاهوو!" دەڵێم:"فەرموو! ماندوو نەبی!" دەڵێ:"عەمرت درێژ بێ!" و دادەنیشێ. دەچم بە دایکم دەڵێم کە دۆیەك, شتێکی بۆ بنێرێ.

بە بزمار جاجمێکمان بە دەرگای ژووری دایکمەوە داوە کە بەسەر پلیکانان دا دەکرێتەوەو عادەتەن دادە ئامین لەوێیە. جاجمەکە لا دەدەم و دەچمە ژووری. تاوێك دواتر گوێم لە مڕەیەکی سووکی کارۆ دەبێ ـ دەگەڕێمەوە دەبینم دەروێش بە قوونەخشکە خۆی گەیاندۆتە پەنا دەرگاو لە قەڵشتی نێوان جاجمەکەو چوارچێوەی دەرگاوە چاو لە ژووری دەکا. کە چاوی بە من دەکەوێ دەکشێتەوە ـ دەڵێ:"کاکە چووکەڵە لەگۆزەی ئاوێ دەگەڕام...!"

لەو "کاکە چووکەڵە"یەو لەوە کە هیچ کام لە پیاوەکان لەو دەوروبەرە نین قەڵسم. بانگ دەکەم:"رەحیم, حوسێن!" جواب نیە. لەکاتێك دا هەر دوێنێ بوو بابم پێیگوتن کە هەمیشە هەر نەبێ یەکێکیان لەو دەوروبەرە بێ وکەس لە نەکاو نەیە.

بە نارەحەتیەوە دەڵێم:"ئێستا دەچم دەڵێم بۆت بێنن."

دەڵێ:"پیر بی ئیشەڵلا!"

لایەکی جاجمەکەی لادەدەم, بێ ئەوەی بچمە ژووری دەڵێم :"دادە شیلان بانگ کە یەکێك لە کارەکەرەکان ئاوێ بۆ ئەو میوانە بێنێ." و دێمەوە پێش دەرکی دیوەخانێشی لێدەگرم.

دەروێش ئاوو دۆیەکەی دەخواتەوە. لەوانەیە کە پێیان دەڵێن "دێوانە" واتە هەقی هەموو کارێکیان هەیە. تەنانەت بە پێی ئەو ناوبانگەیان قسەی ناشیرنیش بە پیاوان و بە ژنان دەڵێن ـ بەرووەمەوە پێدەکەنێ. ئەمن رووبەڕووی دانیشتووم و ئەو سەبیلەکەی تێدەکا... گیرفانی دەپشکنێ ئەستێ و بەردەکان دێنێتەدەر. لەوەدا ئەسکیناسێکی دە لیرەیی لە گیرفانی بەردەبێتەوە, بە ئاشکرا دیارە شێواوە. وا نیشان دەدەم کە نەم دیوە.

دەیەوێ شتەکان تێکەڵ بکا, قسان دەکا, ئاسمان و ڕێسمان تێك دەکاتەوە. نیازی هەیە ئەگەر خوا ڕێکی بخا بچێتە زیارەتی حەزرەتی غەوسی گەیلانی, قدس اللە سرّەالعزیز" هاتۆتە خزمەت ئاغا, بەڵکوو بە هیمەت و بەرەکەتی مشایخان ئاغا خەرجی سەفەرەکەی بداتێ. دەڵێ لە "کانیەیە رەش"ەوە هاتوە (کانیەیە رەش وەك ئەمن بیستوومە دوو ڕۆژە ڕێیە) دەڵێ سێ شەو و ڕۆژە نەنووستوە" لە ڕێگا تووشی ڕەشمارێك بووە بە قەدەر گوریسێك" دەڵێ ڕێوییەکی دیوە بەقەدەر گوێلکێك ـ کلکی ئەها... ئەوەندە درێژ! دوو قامکی دەستی چەپی لەسەر ئێسکی چەنەگەی دادەنێ و دەستی ڕاستی بە سەبیلەکەوە درێژ دەکا: "ئەمەندە درێژ!" دەڵێ مار فەڕی باشە, ڕێوییش هەر وایە" ئیشەڵڵا خوا وەخێری دەگێڕێ, بە هیمەتی پیرو مشایخان. ویستوویە مارەکە بگرێ و بەدیاری بۆ ئاغای بێنێ, بەڵام دوایە لە دڵی خۆی دا گوتوویە کارت بە حەیوانی خوا چیە, مەخلووقی خوایە, ئازارێکی بە تۆ نەگەیاندوە, خوا ئەوی بۆ کێو و بەندەنان دروست کردوە, کارت پێی چیە, ئەویش مەخلووقی خوایە... ئیدی بۆ ئەزیەتی بکەی, حەیوانی خوای چی لەتۆ کردوە, لێی گەڕێ وەدوای کاری خۆی کەوێ... ئیدی ئازاری خەڵکی بۆچی!

بابم تووڕەیە, لە پێش دا لەوەکە کەس لەو دەوروبەرە نەبووە, و پاشانیش بە گشتی لەو شێخ و دەروێش بازاڕییە کە ئیسراحەتی لە خەڵك بڕیوە. بەڵام وەسەر خۆی نایەنێ. دوایەش قسەکانی دەروێشی گوێ لێ بووە, لێی دەپرسێ: "ها دێوانە! چ بووە, کێ خەڵکی ئازار داوە ـ باسی ئازاردانی خەڵکت کرد!"

دێوانە چاوێك دەمرێنێ ـ لەو دەروێشە چوختیانەیە, سنگی وەك پاژنەی دەرگا کە ژەنگی هێنابێ, نیخەنیخی دێ. لەم کوردستانە هەرچی دەی بینی, یان سۆفییە یان دەروێش, یان حاجی سۆفی یان حاجی دەروێش. ئەم دوو "چین"ە کۆمەڵایەتییە لە خوارەوەی هەرەمەکەن و دوو "چین"ی دیکەی کۆمەڵایەتییش لە سەری "هەرەم"ەکە: ئاغاو شێخ... کە هەر جارەی یەکێکیان لە سەرەوەیە. مەلاش لەو دەوروبەرانە جێیەکی هەیە.

دێوانە ئەو شتانەی بە منی گوتبوون بەدرێژتر بۆ بابم باس دەکا. دەڵێ: "بەڵێ ئاغا, لەمێژە گوتوویانە دیاریی شوانی ئاڵەکۆکە" لەدڵی خۆم دا گوتم با جارێکیش دیارییەکە ڕەشمار بێ, بە قیسمەت نەبوو. دیتم حەیوانی خوا زیانێکی بە من نەگەیاندوە, خوا بەخۆڕایی دروستی نەکردوە... دڵم نەهات بیگرم, بە دەستی بەتاڵ هاتم!"

بابم گوتی: "دەستی بەتاڵ یان گیرفانی بەتاڵ!" دێوانە قوت بوو, چاوی مراند و پێکەنینێکی تاڵی هاتێ, کە لە نێو مووی ڕیشیدا نقوم بوو, و تەنانەت نەگەیشتە سەر لێوانیشی. "بەم بەیانییە لە کوێ ڕا دێی؟ شەوێ لەکوێ بووی؟"

"قوربان, لەمێژە گوتوویانە دەروێش لە هەر کوێ شەوی بەسەر دابێ مـاڵی خۆیـەتی, بۆخۆتان ماشەڵڵا بەقەدەر دە مەلایان دەزانن... لەم کێوانـەی خـوا, بـن بـەردێك, سـەر کانیەك, نێو ئەشکەوتێك..."

بابم گوتی:"چۆن ـ چما ئەم دواییانە غەفوور ئاغا لە دیوەخانەکـەی دا ئەشکەوتیشـی دروست کردوە!؟" راوێژی قسەی بابم بە ئاشکرا تانووتی پێوە بوو.

"غەفوور ئاغا؟ کام غەفوور ئاغا؟ گاڵتە دەفەرموون..."

بابم گوتی:"گاڵتە! ئەمن پیاوی گاڵتەو گەپ نیم ـ هەموو کەس ئەمە دەزانێ. ئەگـەر بۆخۆشـت نـەت دیبـێ, بـێ شـك لـە خـەڵکت بیسـتوە. چـۆنە غـەفوور ئاغـا, باشـە؟ ئەشکەوتەکە تورکی هەر لـێ بوون؟"

دێوانە بە ئاشکرا سەری سوڕمابوو, بەو حاڵەش هەوڵی دەدا بەو پێکەنینە بێگاریانە کە لەنێو ریشیدا ون دەبوون, سەر و کلکی مەسەلەکە پێك بگرێ. بـەڵام بـابم وازی لـێ نەدێنا.

"باشە پێت نەگوتین!"

"قوربان درۆت عەرز ناکەم, بەسەری مەبارەکت راستیەکەم گوتوە."

بابم گوتی:"بە خۆڕایی باسی سەری مەبارەك مەکە. درۆ دەکـەی و بـە داخـم کـە درۆ دەنکی نیە لەگەرووت بگیرێ!"

لەو بێنەو بەرەیەدا بوو کە دەنگی کۆخەکۆخێك لەسەر پلیکانانـەوە هاتـە بـەر گـوێ. دیسان جگە لە مرەیەکی سووکی کارۆ کەس خەبەری نەدابوو ـ نۆکەرەکان دیسان لـەوێ نەبوون. بابم هێندە قەڵس ببوو, دەت گوت ئێستا دەتەقێ.

مامۆستا بوو, مەلای ئاوەدانی کە بۆخۆی سۆفیی نەقشبەندی و مریدی شێخ سەعیدی پیران بوو. پیاوێکی باش بوو, و بە پێچەوانەی مەلای دیکە نێوانی لەگەڵ تەمبەڵی نەبوو. بۆخۆی پارچە زەویەکی هەبوو دای دەچاند و رۆژانەش پاش کاروباری شەرعی خەڵکەکـە خەریکی دروست کردنی کەچك و تەشپی وکۆجەڵەو ئەو جۆرە شتانە بوو. لـەو بارەیەشـەوە بەڕاستی هونەری هەبوو. بابم هەر لەبـەر ئـەو خۆمـاندووکردنـەی زۆری خـۆش دەویسـت و جاری وابوو تەنانەت دەچوو لەلای دادەنیشت و دەستی دەدایە تەشوێ و مشارو شاگردیی بۆ دەکرد... زۆر جاریش کاری فەقیرەی تێك دەدا.

مامۆستا گوتی:"ئەم نێرەشێرە چیە, ئاغا لەوێ بەستووتانەتەوە ـ پیـاو سـامی لـێ دەکا!"

بابم گوتی:"بڵباسە, بەرازکوژە!"

"بەڵێ دیارە ـ ئەمن یاڵ وبژی وا قورس و قایم کەم دیوە ـ سەگێکی بەسامە!"

بابم گوتی:"وایە, ئیدی, بەراز کوژ هەر دەبێ بەسام بێ... مامۆستا ئەم ڕۆژانە بنیادەمیش بەسام بوون!... بەڕاست, سەیرە ـ دەڵێی کارگەکەت داخستوە...! بەرێکەوت بە نیاز بووم بێمەوێ ـ بێتاقەت بووم, دەمەویست بێم نەختێك یارمەتیت بدەم..."

مامۆستا پێکەنی:" ئەو وەختانەی تاقەتت هەیە, هەرچی دەیڕێسم لێم دەکەیەوە خوری, هاوار بۆ وەختێك کە بێتاقەتیش بی! بە هەرحاڵ گاڵتەم عەرز کردی, ئەگینا, هەروەخت دێی پێت لەسەر چاوم..."

بابم گوتی:"ڕێکەوتێکی سەیرە! بە ڕێکەوت پێش پێی جەنابت لەگەڵ جەنابی دێوانە باسی ئەمە بوو. ئەویش باسی "گاڵتە"ی دەکرد, و ئەمنیش عەرزم کرد کە نێوانم لەگەڵ گاڵتەو گەپ نیە... باش بوو تەشریفت هات... جەنابت دەتوانی حەکەم بی, لە نێوان من و جەنابی دێوانەدا. ئەو دەفەرموێ دوێ شەو لە چیای نوستوە, ئەمنیش عەرزی دەکەم لە ماڵی غەفوور ئاغا بووە" دەفەرموێ "دەروێش"ە , ئەمنیش عەرزی دەکەم "دەوڵەمەند"ە. ڕاوێژی قسەی بابم زۆر تانووتاوی بوو.

دەروێش گوتی:"ئاغا تۆ سەری خۆتان ـ تۆ گیانی ئەم کوڕەتان, کارت بەکاری هەژاران نەدابێ! گوناحمان نەکردوە دەروێشین... مامۆستا, جەنابت شتێك بفەرموو!..." ڕاوێژی قسەی پڕ لە پاڕانەوە بوو.

بابم دەستی برد و "کلیّات"ێکی بەرگ ڕەشی کە هەمیشە لەسەر تاقەی تۆزوخۆڵی لێنیشتبوو, هێنایە خوار. مامۆستا دەستی لەسەر سەری دانا, وەك ڕێزدانان لەبەر ئەوەی هەڵ نەستابوو. لای مەمانان داب وابوو, کاتێك قورئانیان دێنایە ژووری, یان دەبوو هەستی, یان ئەگەر لەبەر هۆیەك نەت توانی هەستی دەستت بەنیشانەی ڕێز دانان بخەیە سەر سەرت. مامۆستا قەندی لەدەم دابوو, چای دەخواردەوە.

بابم بە پشتە دەستی تۆز و خۆڵی "کلیات"ەکەی تەکاند و ماچیکرد. "دێوانە" وڕوکاس تەماشای دەکرد.

مامۆستا چایەکەی خواردەوە, و گوتی:"بەڵێ, دەت فەرموو!"

"بەڵێ... ئەمن عەرزت دەکەم دەوڵەمەندە... و عەرزت دەکەم پارووێکیان بۆ فڕێ داوەو ناردوویانەتە ئێرە بۆ جاسووسی... مامۆستا, بۆخۆتان دەزانن ئەمن تا ئێستا هەمیشە ڕێزی میوانم ڕاگرتوەو هەمیشەش ڕایدەگرم. بەڵام ئەوەشت عەرز کەم, کەسێك بە نیازی جاسووسی لەسەر ماڵ و بنەماڵەم بێتە ماڵم بەمیوانی نازانم... نەك هەر بە میوانی نازانم, بە دوژمنیشی دەزانم. ئێستا ئەمن ئەوەت عەرز دەکەم ـ جوان سەرنج بدەن:

جەنابی دەروێش دەست بەم کتێبەدا بدا و بڵێ بە حەقی ئەم کتێبەی و سەحەبی ئەم کتێبەی ئەمن بۆ ئەوکارە نەهاتووم, لە ماڵی غەفوور ئاغا را نەهاتووم, ئەمن پارەم لەتورکان وەرنەگرتوە... ئەمن لەسەر دەستی جەنابت بەڵێن دەدەم خەرجی زیارەتەکەی بدەمێ ـ بەڵام بە مەرجێك: کەسوێندەکەی خوارد, ئەمن لەبەر چاوی جەنابت گیرفانەکانی دەپشکنم" ئەگەر زیاد لە رادەی پارەی دەروێشی پارەوپووڵێکی پێ بوو, بە حەقی سەحەبی ئەم کتێبە دەسبەجێ دەیکوژم!" و توند دەستی بەکتێبەکەدا دا "ئێستا چ دەفەرمووی؟"

ئەی بابە کارێکی چۆنم کرد! بریا پێم نەگوتایە ـ دەم زانی کتێبەکە "کلّیات"ە, بەڵام بابم زۆر تووڕە بوو!

مامۆستا تێك چوو,گوتی:"وەڵڵا, چیت عەرز کەم ئاغا مەسەلەکە ئاڵۆزە... لایەکی مەسەلەکە جەنابتی کە ئەوەندەی بۆخۆم بزانم لەخۆوە قسە ناکەی, هەتا ئێستا بەین و بەینەڵڵا پێمەوە نەدیوی. دیارە ئەو فەرمایشتەی دەی فەرمووی, بەڵگەو سەرچاوەیەکی هەیە... ماشەڵڵا بۆخۆت مەلای دوازدەعیلمی, دەزانی کە سوێند خواردن و سوێنددان بە کەلامی خوا کارێکی کەم نیە... کەفارەتی هەیە, سزای هەیە, و ئاکامی هەیە... لای دیکەش دەروێشی حازرییە. ئەویش دەزانێ چی کردوەو لەنێوان خۆی وخەڵکی دیکە دا چ گوزەراوە ـ ئێستا هەرکەس بێ ـ یان هەرچی وەرگرتبێ, یان وەرنەگرتبێ, یان چ بەڵێنێکی دابێ. لەو نێوەدا هەر ئەمنم کە لە تاریکایەم: نە جەنابت سەرچاوەکەی خۆتم پێدەڵێی و نە ئەمنیش دەمەوێ یان دەتوانم پێبچەقێنم کەحەتمەن پێم بفەرمووی ـ رەنگە سەڵاح نەبێ" ئەمە کارێکی تایبەتێیە, کارێکی ئاسایی نیە" دەروێشیش هەتا ئێستا هیچی نەگوتوە نەبە بوون ونە بە نەبوون. باشە, دەروێش دەڵێی چی؟ وەك ئاغا دەفەرموێ, وایە؟ ئەگەر وایە, رێگای شەرعی پێلێنان لە گوناحەکەو داوای لێبوردن و تۆبەیە... ئەمن وەك دوعاگۆیەك پێشنیارت پێدەکەم سوێند نەخۆی, مەرجی دوای سوێندخواردنەکەشت لەبەر چاو بێ... ئاغا سوێندی خۆی خواردوە... پاشان... دێتە پێش, بنیادەمە, بنیادەم بە سەهوو دەچێ, تووشی وەسوەسە دەبێ,کاری بێرێ وجێ دەکا. ئەو هەموو حەدیس و شەرع و کەلامی خوایە هەر لەبەر ئەوەیە کە بنیادەم تەواو نیە, هەڵە دەکا, شەیتان بە فریوی دەبا... ئەگەر تووشی وەسوەسەی شەیتان بوویو بەڵێنێکت داوە, ویژدانی خۆت نەجات دە: پێلێنانی گوناح وەك داوای لێبووردنی گوناحە... داوای لێبووردن بکە... باشە, ئێستا گوتت چی؟"

دەروێش دەرپەڕی و هەتا بابم بە خۆی زانی سواری لاقی بوو, و جا ماچ کە:"ئەمان ئاغا, شەیتان فریوی دام ـ ئەمن کردم, ئەتۆ نەیکەی, بە گەورەیی خۆت لە گوناحم

خۆش بە..." بە کورتی... دانیشت, لە سیرێ تا پیوازێ هەموو شتێکی گوت. گوتی بەڵێ, بەڕاستی ویستوویەتی بچێتە زیارەتی بارەگای حەزرەتی غەوس, قدس اللە سرّە العزیز" بۆ خەرجی ڕێگاکە فریوی شەیتانی خواردوە... (بابم گوتی:"شەیتانی فەقیرت بۆ هێنایە ئەو نێوە ـ بڵێ غەفوور ئاغا!") بۆخۆی پێی وابووە, زۆر گوناح بکا ژن ومنداڵێکی کافر دەداو دەخا ـ و بەکورتی ئەوە داری تۆو ئەمەش پشتی من!

مامۆستا رامابوو. بابم وەرسووڕاو بە قەڵافەتێکی زۆر نارەحەتەوە گوتی:"خۆ سەرنجتان داوە!... کەمال پاشا, پیاوێکی وەك شێخ سەعیدی پیران لەدار دەدا, ئەو هەموو شێخ و مشایخ و خەلکە دەکوژێ و ئەو جەنابانەش بۆ دەپازدە بیست لیرە یان چۆلەکەکوژێك جاسووسیی بۆ دەکەن... جاسووس دەنێرن کە فلان ژنە هەرمەنی یان فلانە کورد کەلە ئاگری بە سلامەتی هاتۆتە نێو هۆزەکەی, بۆ لەداو بخەن ـ حیلە شەرعیشیان بۆی هەیە... کافرن! مامۆستا, کێ دەڵێ ئەمانە کافرن؟"

مامۆستا گوتی:"ئەمانەکافر نین, "ئەهلیکیتابن"... عیسا بە دینی خۆی, مووسا بە دینی خۆی "لکم دینکم و لي دین."ئەمن نەئیمامی شافیعیم, نە استغفراللە پێغەمبەری خوا... ئەمانە کاری حکوومەتن ـ زیانێکیان لەمە نەداوە..."

بابم رووی‌کردە دەروێش و گوتی:"دیتان جەنابی دێوانە! ئەم جارەیان خاتری جەنابت... جارێکی دیکە کاری وا "ئاقلانە"ت لێ‌ببینم, لێت خۆش نابم ـ مامۆستاش شاهید بێ... ئێستا بڕۆ خۆت و ویژدانت, بلێ ماڵەکەی پڕ بوو لە ژنەهەرمەنی!"

دەروێش گوتی:"استغفراللە!" نەختێك منجە منجی‌کرد, بابم دەستی راوەشاند کە پێویست نیە. دەروێش هەستا, ویستی بڕوا. بابم بەدەست ئاماژەی بۆ کرد دانیشێ:"دانیشە وەختی نیوڕۆژێیە. نیوڕۆژەکەت بخۆ جا بڕۆ!"

دەروێش پێی‌داگرت کەبڕوا. بابم گوتی ئێستا کە سوورە لەسەر ئەوەی بڕوا قەیدی نیە. بە منی گوت بلێم هێندێك نان و هەرچی لەبەر دەست دایە بۆی دە شتێکەوە پێچن کە برسیی نەبێ. دەستی برد دوو تمەنیشی لە گیرفانی سەڵتەکەی دەرهێناو وەمنی دا:"ئەمەشی بدەیە... بزانە ئەم پیاوانە لە چ جەهەننەمێك بوون, هەردووکیان بنێرە سەرێ...!"

دەروێش زۆر بەمەمنوونی چەند جار داهاتەوەو رۆیشت" لەبەر دەرگا داهاتەوەو دەستێکی بە رێسمەی دەرگاکەدا هێناو بۆ زاریی برد.

"پیاو"ەکان بوونی مامۆستا لە لای بابمیان بە دەرفەت زانی و هاتن ـ هاتن بەلام بە شەرمەزاری. بابم نەختێك چاوی لێ مۆڕ کردنەوە, گوتی:"ئاخر جارتان بێ... مامۆستا

تەشریفی لێرەیە!" ددانی دە چیڕەوە بردن و ئیدی هیچی نەگوت. گوتی بچم ئەگەر منداڵەکە بەخەبەرە. بیهێنم. مامۆستا لە مەسەلەکە ئاگادار بوو, جگە لەوەش, هەروەك گوتم نەقشبەندی بوو, و بەخوێنی سەری کەماڵ پاشا تینوو بوو...

دادە ئامین و منداڵەکە هاتن" دادە ئامین بەحورمەتی مامۆستا لەچکەکەی نەختێك زیاتر لە جاران داکێشابوو. وەك هەمیشە منداڵەکەی لەبەر دەرگا داناو بەسپایی گوتی:"گنا بابایی!" و بابم قامکی بۆ راوەشاند:"وەرە لای بابە... غاردە!... ئا ماشەڵڵا کوڕی باش!" و منداڵ بەگاگۆلکە خێرا خێرا رای کردە لای بابم. بابم هەروا دەستی رادەوەشاند و هانی دەدا کە غار بدا... هەتا گەیشتە سەرکۆشی.

"هەی بارك الله ڕێوی! ڕێویی خۆم, ڕێویی بابە!" منداڵەکە دەسبەجێ دەستی بۆ گیرفانی سەڵتەکەی بابم برد. بابم جاران کلۆ قەندەکەی بۆ لە گیرفانی چەپی سەڵتەکە داویشت, ئەمجارەیان خستبوویە گیرفانی راستی. ڕێوی گیرفانەکەی باش پشکنی. وەختێك هیچی نەدۆزیەوە, تەماشای بابمی کرد, تەماشایەکی بە پرسیار, و پێکەنی. بابم بە سەرسوڕمانەوە گوتی:"تێی دا نەبوو! پشیلەکە بردوویە!... ئەی پشیلەی سەگباب!" منداڵەکە هەروا چاوی تێوە بڕیبوو" بابم ئاتەکی راستی سەڵتەکەی هەڵ دایەوەو گوتی:"ئێرە نەگەڕای... ئێرەش هەیە...!" ڕێوی گیرفانەکەی دیتەوەو دەستە چکۆڵەکەی تێڕا کرد, کلۆ قەندەکەی دەرهێنا, و بە بابمی نیشان دا, و پێکەنیو ڕوومەتی بە زگیەوە نووساند.

بابم گوتی:"هەی فێڵەزان ـ ئاخرەکەی دۆزیتەوە!" و منداڵەکە لەسەر کۆشی بابم پاڵی دایەوەو سەری بە زگیەوە پاڵ داو دەستی کرد بە خواردنی قەندەکە, و دوایە یاریکردن بە ریش و گوێچکەو زنجیر سەعاتەکە. بابم گوتی:"کچم, میزی کردوە یان دیسان خۆی خۆش کردوە لێرە بیکا ـ نا پیاوە ئەگەر جێیگەرم کرد میزەکەی بەرەڵلا دەکا!"

دادە ئامین گوتی:"نا بابە, هەر ئێستا پێش ئەوەی بیهێنم رام داشت."

بابم گوتی:"زۆر باشە!" و هەروا تەماشای دەست وپلی گۆشتنی منداڵەکەی دەکرد, گوتی:"مامۆستا, ئەتۆ چ دەفەرمووی پێت چۆنە بە دیاریی بۆ کەماڵ پاشای بنێرین, ئەم خەپەتۆڵەی؟ دەنالێنێ بۆ بەربەسێڵێ... ئەویش ئاشقی ئەم جۆرە گۆشتەیە!"

مامۆستا کە دانیشتبوو بەئۆگرییەوە چاوی لە ئاکاری منداڵەکە دەکرد, گوتی:"چیت عەرز کەم, وەڵڵا زەمانەکە خەراپ بووە, ئاغا. ئەمە دەروێشەکەی, ئەمەش سەرۆك عەشیرەتەکەی... پیاو تێدەمێنێ. باوەڕ فەرموو جاری وایە بەسەرم دادێ ئەم وڵاتە بە قوڕێ گیراوە بەجێ بیلم و بڕۆم ـ بچمە عەجەمستان و بچمە ڕۆمێ ـ هەر

بەقوڕیگێراوێکی دیکە... خۆ ئەمن وەك جەنابت ملْك و زەوی و زارێکم نیە. دەزانم بچمە هەر کوێ هەر ئەوەیەکە دیومە. بەلاّم ئەوەش دەزانم کە هەتا ماوەیەك تازەیە. هەر نەبێ پیاو خەڵکەکەی ناناسێ" رق و خۆشەویستییەکی تایبەتیی بەرامبەریان نیە...تێماوم. خوای تەعالا بەشەری جۆرێك دروست کردوەکە پیاو سەری لێیسورِ دەمێنێ...!"

بابم گوتی:"بەلێ, وەك دەفەرمووی وایە... باشە, ئەمەش رێوی... بیبەوە کچم, ریشی نەهێشتم... ئەو نینۆکە سەگانەشی بۆ بکە ـ ناپیاوە هەموو دەم و چاومی بریندار کرد! بەلاّم وریابە بەجوانی بۆی بکەی, قامکی ئازار نەدرێ ـ منداڵە, ناسکە!"

ڕێوی هەروا چنگوڕکی لەدەم و چاوی دەدا. مامۆستا گوتی:"ماشەڵلا لەو هەموو حەوسەلەیە!" دادە ئامین منداڵەکەی کە نەی دەویست کۆشی بابم بەجێ بهێڵێ و پەلەقاژەی دەکرد, لەبابم جیا کردەوەو رۆیشت. مامۆستا هەرچەند نەقشبەندی بوو, و دلْفرەوان بوو, کاتێك دادە ئامین رۆیشت, گوتی:"ئاغا خەراپ نیە جەنابیشت کەمێك پارێز بکەی!"

بابم بە چاوێکی پڕ پرسیارەوە چاوی لێکردو گوتی:"لە چی؟"

"لە تێکەڵی لەگەڵ ئەمانە..."

بابم رەنگی گۆڕا:"یانی چی... پارێز لەچی!؟"

"منداڵەکەم عەرز نەکردی ـ منداڵ تەکلیفی لەسەر نیە..."

بابم گوتی:"ئەمن هیچ شتێکی نائاسایی لەهەڵس وکەوتی دا نابینم. بەیانییان وەك مەمانان لەخەو هەڵ دەستێ, دەست وچاوی دەشوا, نانەکەی وەك مە دەخوا, وەك مە دەخەوێ ـ حەتمەن وەك مەش خەون دەبینێ... زۆریش خاوێنە... هەم خۆی و هەم منداڵەکەی ـ بۆخۆتان دیوتانە..." هەناسەیەکی هەڵ کێشا:"ئای, خوا سلاّمەتت کا... پارێز! بەشەر مەخلووقی خوایە, مامۆستا!..."

"بەلێ, بەلاّم لەگەڵ ئەوەش..."

بابم سەری راوەشاند:"چ دەفەرمووی! بەستەزمانە تەنانەت وەختی دەزنوێژ گرتنیش ئاوێم لەدەستی دەکا!..."

KKK

# ٦

وەختێك مامۆستا ڕۆیشت, بابم داوای ڕەحیم و حوسێنی کرد, و زۆر توند بەسەریان داهات. بڕوبیانوو زۆر بوون: چووبوونە سەرخەرمان, وەدوای کاروباری خانم کەوتبوون, چووبوونە کێوی ڕەوەی خوێ بدەن ـ ڕەوە هێشتا لەکێوی بوو ـ چووبوونە... بەکورتی بیانوو زۆر بوون.

بابم زۆر بەتوندی پێی ڕاگەیاندن و گوتی لەمەو دوا وەشوێن هەر کارو فەرمانێك بکەون دەبێ لە پێش دا بە خۆی بڵێن. ئەگەر ئەو ئیزنی دان بچن ـ ئەمە جاری ئەوەڵ و ئاخریان بێ, جارێکی دیکە دووپاتی نەکەنەوە ـ و گوتی جارێ یەکێکیان بچێ کوێخای بانگ کا.

کوێخا هات. بابم دیسان هێندێ دەستووری پێدان: وشیار بن, شەوانە لەسەر هەست بنوون... خەبەری ناخۆش هەن ـ لەگەڵ مێگەلیش تفەنگچییان بنێرن ـ هەم لەگەڵ ڕانەمەڕ و هەم لەگەڵ گاڕان" بە حەسەنی پوور ڕابیەو سەلیمە درێژو حەمە شێتیش بڵێ هەمیشە لەماڵ بن. نەختێك ڕاوەستاو پاشان گوتی:"بڕۆ بیان هێنە ئێرە, کارم پێیانە..."

کوێخا ڕۆیی و پاش تاوێك هاتەوە. بابم گوتی بچم بەدایکم بڵێم نانی نیوەڕۆ دوا بخا هەتا کارەکەی تەواو دەبێ ـ چووم.

دێیەکەمان وەك زۆربەی دێهاتی ئەو خڕودۆڵانە ڕووی لە ڕۆژئاوا بوو ـ جگەلە ماڵی ئێمە کە ڕووی لەجنوب بوو. پەنجەرەی تەنیشت بەرهەیوانی دیوەخانێ بەلای جنوب دا دەکرایەوە کەبەشی زۆری پێشەکەی کێووگەلێیەکی تەنگ بوو کەدەگەیشتە شوێنی ڕەوە ئەسپەکەمان. دوو پەنجەرەی ڕوو بەجنوبی دیوەخانێ بەسەر دەشتێیان دا دەڕوانی... لەئاخری لای ڕۆژئاوای خانووبەرەکەدا پلیکانێکی باریك هەبوو لەگەڵ دەرگایەکی چووکەڵە کە دەهاتەوە دیوەخانێ... و هەمیشەداخرابوو ـ و لەسەرێ جێیەك وەك پاشخان هەبوو کە ئەمن تا ئەو ڕۆژە سەرنجم نەدابوویەو جێگای نوێنی بابم و میوانان بوو, و پەردەیەکی چیتی پێ هەڵکێشرابوو.

کوێخا هاتبۆوەو حەمە شێت و حەسەن و سەلیمەدرێژی لەگەڵ خۆی هێنابوون, فـەقیرە هێندەش درێژ نەبوو کەئەم ناوەیان بەسەردا بڕیبوو, هەوایەك لەخەڵکی دیکە درێژتر بوو.

لـە پـێش کەوشـکەنان راوەسـتان... بـابم گوتی:"کەوشـان دانـێن و وەرنـە ژوور." دوایە:"تفەنگەکانتان لەکوێن؟"

کوێخا گوتی:"نەتان فەرموو!"

بابم سەری راوەشاند:"داستانێکی سەیرە! چما قەرار وا نەبوو ئەمان هەمیشە چـەکیان پێ بێ؟ هەموو شتێك دەبێ سەدجار بفەرمووم! لاحول ولا... دەبێ قسەی سەد جار بجووی و لەدەمیان هاوێی! کار جارێك دێتە پێش" وەختێك هات رابرد, تازە چەك بەکەڵکی چـیم دێ! هەتا ئێوە دەچن فیشەکدانان دەبەستن و تفەنگەکانتان دێنن, هەیهوو, دێیەکە تـالآن کراوە!"

کوێخا گوتی:"نا, ئیشەڵڵا!"

بابم سەری راوەشاند, و گوتی:"هم!... بەڵێ... باشە, ئێستا ئـەم نوێنانـە لابـەن تـا دوایە پێتان بڵێم چ بکەن." هەموویان خێرا دەست بەکار بوون. دایکم رەق ڕامابوو" لەپێش دا هات سەرێکی پێدا گرت, دوایە کەدیتی بابم بێوازە گوتی نوێنەکان بەرنە کـوێ... و رۆیشت.

بابم گوتی:"زۆر باشە..." پاشان رۆیشتە لای پاشخانەکە, لای ئـەو دەرگایـە کـە لـە پشت نوێنەکان بوو. ئەڵقەرێزەکەی هەڵ گرت و دەرگاکەی کردەوە... بەکوێخای گوت:"بە دەرگای خوارەوە دەزانی؟... ئێستا لەگەڵ حەمە بچۆ دەرگای خوارەوە بکەوە, بزانـە ئاسـان دەتوانێ بێتە سەرێ... یان نا, چۆنە بە یەکجاری ئەم دەرگایـە لـێ بکەینـەوە؟... نـا, جارێ ئەتۆ بچۆ خوارێ لەگەڵ کەسێك. ئەگـەر دەرگـای خـوارێ قفڵـی پێوەیـە کلیلەکـە لەخێزانم یان لە رەحیم وەرگرە ـ رەنگە لای رەحیم بێ. قفڵەکە هەڵ گرە, پاشان حەمە لەوێ ڕا بێتەسەرێ..."

کوێخا رۆیشت. پاش چوارپێنج دەقیقە دەنگی پێیان لە پلیکانی پشتەوە هاتەبەر گوێ, حەمە لەکاتێك دا هەموو سەرو گوێلاکی داوی جاڵجاڵۆوکە بوو سەری وەدەر نا.

بابم گوتی:"زۆر تاریك نیە؟ ـ چاو دەبینێ؟"

"نا, ئاغا, رووناکە, کولاوکەی تێدایە."

بابم بۆخۆشی چوو, و سەرێکی بە پلیکانەکە دا گرت:"نا, باشـە, چـاو دەبینـێ." بـە حەمەی گوت:"کەوشەکانت دانێ وەرە ژووری..."

"لە خوارێ دام نان ئاغا..."

"ئا كارێكی زۆر ژیرانەت كردوە... بەڵێ, باشترە كەوشەكان لەخوارێ داكەنی." حەمە رۆیشت و لە پەنا كەوشكەنان راوەستا. بابم بە حەسەن و سەلیمەدرێژی گوت:"ئێستا ئـەم دوانەشتان بچن, لە خوارێ كەوشەكانتان داكەنن و هەر بەوێ دا وەرنە سەرێ, با شـارەزای پلیكانەكان بن."

رۆیشتن و هاتنەوە. بابم لەسەر پلیكانەكان بەكوێخای‌گوت:"بۆخۆشت دەركەی پێوەدە ـ دای مەخە ـ لەولاوە وەرە."

كوێخا هاتەوە... هەمووان سەریان سوڕمابوو... ئەمن بۆخـۆم ئەگەرچـی سـەرم بـە هەموو كون و كەلێنی ماڵێ دا كردبوو, قەت بیرم لەم پلیكانە نـەكردبۆوە... چـۆن بـوو ئەمەم نەدیبوو...! ئێستاش بەم كارەی بابم هەسـتم بەنیگـەرانی دەكـرد... بـۆ؟ ـ نـەم دەزانی. زۆر جار پیاو بەڵگەو پاساوێكی بۆ هەستی خۆی نیە ـ بەڵام دڵنیایـە كـە ئـەوەی هەستی پێ دەكا شتێكی راستە ـ وەك ئەو وەختانە كە هەورە, بەڵام بـەو حاڵـەش دەزانـێ هەتاو لە ئاسمانەو تەنانەت تا رادەیـەك دەزانـێ لـە چ حاندێكیشـە. هەسـتم دەكـرد كـە پێشهاتێك خەریكە روو دەداو بابیشم وەك من دڵنیایە كە شتێك دێتەپێش, جا درەنگ یان زوو, و ئێستا بە پێشوازی ئەو شتەوە دەچێ ـ لە راستی‌دا دەیەوێ وا بكا كە "ڕووداو"ەكە روونەدا.

بابم گوتی:"ئێستا گوێتان لـێ بێ ـ گوێتان باش بكەنەوە!"

"بەڵێ ئاغا, گوێمان لێتە."

بابم گوتی:"پێشهاتە... ئێستا وادیارە پشكەكە بەر ئێمەو دێیەكەمان كـەوتوە ـ وێ دەچێ رۆژێك توركەكان بێن و گێچەڵمان پێ بفرۆشن... ئێمە دەبێ ئامادە بـین. ئەوەنـدەی بكرێ دەبێ هـەوڵ بـدەین خوێنێـك بـە ناهـەق نـەڕژێ ـ بـەڵام باشـە, ئێمـە لایـەكی مەسەلەكەین ـ لایەكەی دیكەی ئەوانن... كە بە داخەوە ئێستا ئیدی بەتەواوی تـوركن. كەگوتیان ئیلدرەم (دەكوژم) ئیلدرەم. ئێستا كە سەرە پەتێكیان دەست كەوتوە, نعوذباللـە جوابی خواش نادەنەوە" تەنانەت لەگەڵ ئەوەی ئێرە وڵاتێكی دیكەیـە, بـە یارمـەتیی ئـەو ئاغایانە كە وەك فۆتە حەمام هەر رۆژەی بە بەر كەسـێكەوەن, شـەڕمان پێ‌دەفرۆشـن... ئێمەش لە سایەی خواوە دەوڵەتێكمان نیە ـ خۆ ئەگەر بشمان بێ, ئـەویش چـەپی لەبـەر ئەمانەدا نیە... ئێمە دەبێ خۆمان خۆمـان بپـارێزین. ئـەمن هەسـت دەكـەم ـ و بـەو خەبەرانەش كە بۆم دێن دڵنیام كە شەڕێكمان بە تووشەوە دەبێ ـ كەوایە, چ لەوە باشتر كە ئامادە بین. لەوانەشە هیچ نەقەومێ. خوا بكا نەقەومێ... بەڵام ئەمن لە دڵم چـەقیوەكە

دەقەومێ. دیارە ئەگەر خەبەرێك هەبێ, رەسووڵ ئاگادارتان دەكا. بەڵام بۆخۆشتان چاوتان هەیەو دەبینن, خوا چاوی بۆ دینێ داناوە... ئەگەر دیتان عەسكەرێكی تورك هات, یەكێكتان ـ حەمە نەبێ باشترە, چونكە حەمە برای كوژراوە, لەوانەیە لەبەر دەمارگرژیو بۆ تۆڵە سەندنەوە لەخۆوە شەڕێك ساز بكا... بەهەرحاڵ, ئەگەر خەبەرێك بوو, یەكێكتان بەم پلیكانەدا دێتە سەرێ, لە پاش دەرگای ئەم پاشخانە رادەوەستێ... دیارە وەك حەمە گوتی باشترە هەر لە خوارێ را كەوشەكانی دانێ كە هەستی لاقی نەبیسرێ. ئامادە, فیشەك لەبەر لوولەی تفەنگ دا. ئەگەر بوو بەشەڕ دەست بەكار دەبێ ـ گوێ قوڵاغ دەبێ بزانێ ئەمن دەڵێم چی. هەر كە گوتم:"دادەی" دەسبەجێ دەرگا دەكاتەوەو كاری خۆی دەكا!

كەوایە لە ئێستاڕا قەرار دادەنێین ئەم پلیكانە بۆ حەسەنی. دەمێنێتەوە حەمەو سەلیم: ئەوانیش هەر لەسەر ئەم پلیكانە بە ئامادەیی دادەنیشن ـ بێ هەست وخوست... تێگەیشتن؟"

"بەڵێ ئاغا!"

"زۆرباشە... لەمڕۆوە ئیدی ئەو دەركەی پشتەوە داناخەن ـ هەرئاوا بێ. ئەگەر عەسكەرێك هات"یادۆ" كاری ئەوەیە هەر كە سەرو گوێلاكیان دەركەوت ئەڵقەرێزی ئەم دەرگایە هەڵ گرێ ـ یان بۆ خۆم ـ كەحەتمەن لەماڵێم ـ ئەگەر لەبیرم بێ..."

گوتم:"بابە, ئەمن لەبیرم دەمێنێ..."

بابم گوتی:"زۆر باشە... بەدایكت بڵێ ـ بۆخۆشم پێی دەڵێم ـ كە لەمەو دوا نوێنان لەم پاشخانە دانەنێ...هەر لەمڕۆوە... زۆر باشە, كەوایە, قەرارەكەمان بوو بەوە كە پێش هەمور شتێك بە هیچ جۆر نەچنە هیچ كوێ, هەمیشە لە ماڵ بن, هەمیشە فیشەكدانتان بەستبێ... تفەنگچییەكانی كوڕەكان ئەمشەو یان سبەی شەو دەگەنێ. كوێخا هەوڵ بدا لەبەر چاونەبن ـ لە ماڵێك دانیشن ـ ماڵی خۆی. ئەگەر خەبەرێك بوو ئەوانیش دەوری ماڵەكە دەگرن ـ و ئەگەركۆمەگێك پێویست بوو دەی كەن. دیارە پێم وانیە ئەوانەی دەیان نێرن, زۆر بن. ئەوانیش دەزانن كە كارێكی بێ قانوونی دەكەن, و دەوڵەتەكەیان نایەوێ لەم هەل ومەرجەدا شەڕی لەگەڵ دەوڵەتێك بۆ ساز بێ. دوو دەوڵەت تازە رێك كەوتوون, نایانەوێ نێوانەكەیان تێك بدەن... بەهەرحاڵ ئەمن ئیدی كارێكم نیە... جگە لەوە كە دیسان دووپاتی بكەمەوە كە هەمیشە ئامادە بن..."پاشان ئاوڕی دایەوە سەر حەسەن و پرسی:"خوازبێنییەكەت بووبەچی... كێشە لەسەر شیربایییە؟"

حەسەن گوتی:"قوربان زۆری تێ‌گرتوە... پازدە تمەنی شیربایی دەوێ, ئەمنی فەقیر لەکوێی بێنم.

بابم گوتی:"ئەتۆ چەندت گوتوە؟"

"وەڵڵا قوربان ئەمن گوتم ئەوپەڕەکەی, ئەگەر دەست لەبنی گیرفانم وەردەم, هەشت تمەنم پێ‌دەدرێ..."

بابم گوتی:"ڕەسووڵ! قسە لەگەڵ بابی کچەکە بکە... ئەم لاوە پازدە تمەن لە کوێ بێنێ؟ قسەی لەگەڵ بکە, بەڵکوو بە دوازدە تمەن ڕازی بێ. لەزمان منەوەی پێ‌مەڵێ, با وانەزانێ خوانەخواستە بە زۆر پێی دەکەم..."

حەسەن گوتی:"ئاغا, ئەمن دوازدەتمەن لەکوێ بێنم!... هەمووداروندارەکەم ئەو جووتە گایەو ئەو چەند سەر حەیوانەیە. کەس نەزانێ کوێخا ڕەسووڵ دەزانێ. ئەمن دەبێ سێ چوار سەر حەیوان بفرۆشم هەتا ئەو چوار تمەنە جوورکەم ـ دەبێ‌حەوتوویەکیش لە کاروکاسبی بم..."

بابم گوتی:"خوا کەریمە... هێندێکی ئەوان دای دەشکێنن و هێندێکی ئەمن کۆمەگت دەکەم... ئەتۆش ئەوە خەریکە پیر دەبی ـ پیر ئارەزووی ژنیشی هەیە ـ ئێستا با بزانین ڕەسووڵ چ دەکا..."

حەسەن گوتی:"خوا دەست بەعەمر و ماڵی ئاغاوە بگرێ..."

حەمەشێت زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی و بەراوێژێك هەروا بزانە هاوشانی بابمە, گوتی:"ئەمە چ کارێکە دەی‌کەی, ئاخر بۆ لێرە دانیشن قەڵنە بکێشن و چای شیرن بخۆنەوە؟ ـ ئێوەش بێکارن وەڵڵا ـ ماشەڵڵا حەوسەلەتان هەیە! نۆکەری خۆت دەچێتەسەر ئەو پێچەی لای حەوزو کانی‌یەکە ـ هەر بایان دایەوە بەخزمەتیان دەگا ـ ئەو هەموو قەند و چایە بۆچی لە عەسکەری تورك خەسار دەکەی, وەڵڵا بێکاری!" هەموومان پێ‌کەنیین.

بابیشم پێ‌کەنی,گوتی:"پێم وابوو ئاقڵ بووی, ڕۆڵە, بەڵام دەبینم نا, ماشەڵڵا سەد ماشەڵڵا تۆزقاڵێك لەگەڵ پێشوو فەرقت نەکردوە بەقودرەتی خوای هەر کەرەکەی جارانی!... هەرچەند بەشێتیی خۆشت فەرمایشتێکی خەراپت نەفەرموو... دانیشن, دانیشن ـ پیاڵەیەك چا بخۆنەوە, دوایە برۆن. ڕەسووڵ بڵێ چای بێنن!"

هەمووان دووبارە چاویان لێك کردو پێ‌کەنین. بابم دیسان گوتی:"دانیشن!" و بۆ خۆشی دانیشت ـ لەفکرەوە چوو. تاوێك ڕاوەستا, پاشان گوتی:"ڕۆڵە, وەك ئەمن دیومەو دەبینم و هەست پێ‌دەکەم ئەتۆ شێت نی, ئەتۆ زۆریش ئاقڵی ـ بەڵام دەردت هەیە"

دەردەکەت وات لێ دەکا خۆت شێت بکەی... دەردت هەیە, بەدەردی دەڵێن برا کوشتەی... ئەمنیش بۆخۆت دەزانی, بیستووتە, باب کوشتەم. ئەمن دەبێ زۆر لەتۆ بەقین تر بم ـ بەڵام وانیم, بۆچی؟ ـ چونکە دەزانم بە کوشت و کوشتار کار چاك نابێ. ئێمە ئەگەر بمانەوێ خاکەکەمان و خۆمان لەدەست تورکان رزگار بکەین, دەبێ لە پێش دا دڵی خۆمان ئازاد بکەین ـ نەك بڵێین ئای هۆوە تورکە, هۆوە هەرمەنیەیە, هۆوە, نازانم, عەرەبە ـ هەموومان خوا دروستی کردووین و هەمووشمان هەقی ژیانمان هەیە ـ بەڵام هەرکەس لەسەر بەرەی خۆی. ئەگەر دڵەکانمان ئازاد بن کێشەیەکمان لەگەڵ یەکتر نیە: ئەوە بەرەی تۆیەو ئەمەش بەرەی من... ئەگەر هەر کەسە بەهەقی خۆی رازی بێ چ شەڕێکمان لەگەڵ یەکتر هەیە؟ بەڵام دڵەکانمان ئازاد نین, هەرکەس خۆی بە تۆپەتاقە دەزانێ. بۆچی؟ چونکە وەك تۆ شێتە. ئاغاوماغاش ـ خوا عەمریان نەدا ـ لەجیاتی خەڵکی لێك نیزیك بکەنەوە کاریان بۆتە دووبەرەکی نانەوە ـ ئەوە هەرمەنیەیە گـلاوە, ئەوە تورکە, فلانە, و ئەوە عەلەویە فیسارە... لەحاڵێك دا هەموو خوا دروستی کردوون. ئاغاکان لەجیاتیگرێی ئەو زنجیرانە بکەنەوە کە لەدەست وپێی دڵمان هاڵاون, هەر رۆژەو هەر سەعاتە گرێکوێرەیەکی تازەیان وێ دەدەن. لایەکی دیکە حکوومەتە... حکوومەتی تورکیش وەك هەر حکوومەتێك لەدزین وخواردن وکوشتن و بەندکردن بەولاوە کارێك بۆ خەڵکی خۆی ناکا, و تەنیا هونەری ئەوەیە کەوەك هەر حکوومەتێك ـ ئێستا لەوە گەڕێ کەدەستی ناڕوا ـ بەڵێ تەنیا هونەری ئەوەیە کە خەڵکی پێك وەربکاو بۆخۆی لەو نێوەدا مفت بلەوەڕێ. ئەگینا خەڵکی ئاسایی ئەوەن ـ وەك من وتۆ. هەموو ئاواتیان ئەوەیە منداڵێکیان ببێ, گەورەی بکەن, ژنێی بۆ بێنن, بەمێردی بدەن ـ و منداڵەکانی ببینن. ئەمن ئەمانە بەتۆ دەڵێم کە چووبوویە ئاگری... دیارە ئامانجێکت هەبووە کە چووی ـ چووی هەقی خۆت وەرگریەوە, نا؟"

حەمە گوتی:"بەڵێ, ئاغا."

"زۆر باشە, ئەتۆ بەو مەبەستە نەچووبووی کەهەر تورکان بکوژی, تورك بوو کە ماڵەکەتی زەوت کردبوو, براکەتی کوشتبوو, بابتی شاربەدەر کردبوو, ماڵەکەتی سووتاندبوو, نێوماڵەکەتی هەراج کردبوو... چووبووی هەقی خۆت بستێنیەوە...

بەهەرحاڵ! چووی و هاتیەوە. براکەت... براکانت لەدەست دان. ئەم عەسکەرەش براکانیی لەدەست داون, بۆخۆشی بەدبەختە, چونکە ئەتۆ بەکەیفی خۆت چووبووی,

ئەویان بەزۆر ناردبوو... یان فریویان دابــوو. پاشــان چــیی هەیــە؟ چــنگێك ئەســپێ... فریویــان داوە. دەڵــێن ئــەتۆ نــەوەی ســوڵتان مــرادی, نــەوەی پــووری پــوورزای ســوڵتان سولەیمانی... سوڵتان سولەیمان لانکەی منداڵەکەی زێڕ بووە, دەوڵەتی لە کوێوە تا کــوێ بوو, ـ حوکمی ئەوەندەو ئەوەندە رۆیشتوە. ئەو بەدبەختەیان وەڕێ خستوە ناردوویانەتە سەر من و تۆ ـ بردوویانەتە مێشکیەوە کە بەڵێ, هۆی ئەو ئەسپێ و چلك و چەپەڵە ئــەمن و تۆین. ئەمن و تۆین کە نەمان هێشتوە جێی سوڵتان ســەلیم بگرێتــەوە یــان منداڵەکــەی لەلانکەی زێڕی منداڵی سوڵتان سولەیمان دا بخەوێ... بەم "چەك"ەوە وەڕێیان خســتوە... و هەمیشە قەرارە دوای ئەوەی لە کاری من و تۆ و خــەڵکی دیکــەی وەك مــەمانان بــۆوە, پاڵی لــێبداتەوەو شەربەتو چای شیرین بخواتەوە... بەڵام دەبینی, دیسان هەر ئــەو چــلك و چەپەڵی پێشوو هەیە, زیادی کردوە, کەمی نەکردوە. بۆخۆت دیوتە. میللەت لەمیللــەتی تــورك زەحمــەتکێش تــر نیــە ـ مێشــکیان دزیــوە, بــەوەی دەژیــەنن کــە شــانازی بــە "سەرکەوتن"ەوە بکا. بەڵام داخوا بەراست ئەوان سەرکەوتوون؟ ـ ئەگەر لەمن دەپرسی, نا. پێم وایە شکانی وان لە شکانی مەمانان زۆر ســەخت تــرە. ئــەوان بــەو کوشــتارانە, بــەو سووتاندن و بەند کردن و شــاربەدەرکردنانە دەرگــای دڵــەکانیان پێــوەداوە ـ لەراســتیدا دڵەکانیان دوور خستۆتەوە. ئاخ, عومری نووحی دەوێ وئەقڵی لوقمان تا ئەو دڵە بێتــەوە دڵ و رێیەك بۆ لای دڵی من و تۆ بکاتەوە! عومری نووح ولێبــووردنی مەســیحی دەوێ تــا دڵی من بێتەوە دڵ و لەدڵی دراوسێیەکەم نیزیــك بێتــەوە! بــەرەڵڵابازیی کــەماڵ پاشــاو نەزانی و خۆبەزلزانی و خۆفرۆشــیی خۆمــان خۆشەویســتیی لــە هــەموو دڵان دا کوشــت. وەختێك خۆشەویستی رۆیشت, چەند عومری دەوێن تا بێتەوە ـ ئــەویش ئەگــەر بێتــەوە" ئای‌ی, کوا ئەو رۆژە کە تورك من بەبنیادەم بزانێ‌و ئەمن تــورك بەدڕنــدە نــەزانم! ئــەمڕۆ دەبینی ـ بەقسەی کەمال پاشا تورك بۆتە بنیادەم, بۆتە "ئەشرەفی مەخلووقات" و تــورك بوون شانازی‌یە و ئەمن وتۆ بووینە کرمی گڵێ! بەڵام کرمی گڵێیش هەستی هەیــە. هــەر ئەو کرمی گڵێیە ـ زۆر بەبێدەنگی ـ ریشەی دەخوا. نە ئەتۆ مردنی براکەتت لەبیر دەچێ و نەئەمن مەرگی بابم. لەهەردوو بەریش برا کوژراو و باب کوژراو و ماڵ ســووتاو زۆرن... ئەم قسانەت بۆیە پێدەڵێم تا بزانی کار بەکوشــتار چــاك نابێ. نــەك هــەر چــاك نابــێ, خەراپتریش دەبێ... نا, کەمال پاشاش سەرکەوتوو نیە... بۆخۆشی دەزانێ...!

ئەگەر ئێمە دڵمان لێك نیزیك بایە, کەمال پاشا ـ نەك ئەم کەماڵ پاشایە هەر کەماڵ پاشایەك ـ چۆن دەیتوانی ئەسیرمان بکا؟ ئێمە خۆمـان لـە پـێش دا رێمـان بـۆ تـەخت کردوە: دڵەکانمان لێك جیا بوونەوە, ئەوە رەفتارمان لەگەڵ هەرمەنییەکان, ئەوە ئاکارمان لەگەڵ عەلەوییەکان, ئەوە هەڵوێستمان بەرامبەر شێخ سەعید... لەگەڵ خۆمان بۆ؟ بۆ چۆلەکەکوژێکی خەلات! کورم, مەشـهووره دەڵـێن قەرەچـی گـەری تـۆو نیـە دایچـێنی. هەرکەس قەرەچیگەری بکا, قەرەچییە. ئەتۆ پیاوێکی تێگەیشـتووی ـ پـێم خـۆش نیـە قسەی وا بکەی, با بەگاڵتەش بێ. دەنا دەزانم هەقتە... ئـەویش هەقیـەتی: هـەر کـەس بەجۆرێك هەقیەتی: هەر کەس بەجۆرێك شانازی بەدایك وبابی خۆیەوە دەکا, بەڵام ئەگـەر راستییەکەت دەوێ ئەمانە هەمـوو دڵخۆشکەرەن. ئەگەر بـاب وباپیرانمـان ئەوەنـدە بـاشو گەورە بوون, کەوایە ئێمە بێکیفایەتین کە ئـەو "مەزنایەتی"یـەمان نەپاراسـتوە... نـا, ئاواش نیە. بەلام, باشە, ئەمە بۆ کۆمەڵی عەشیرەتگەری پێویستە. هەر عەشیرەتێك ئەگەر خۆی پێ بەرزتر وئازاترو نازانم کـار لێهـاتووتر لەعەشـیرەتەکانی دیکـە نـەبێ, نامێنـێ. بنەماڵەش هەروایە. کەوایە, هەڵەکە لە هەردوولایە: ئەو جۆرێـك بـەفریو چـووەو ئـەمن جۆرێك لام داوە. ئەگینا دەردی ئەو عەسکەرە هەژارە تورکە لەدەردی تۆو خەڵکی دیکـەی وەك تۆ کەمتر نیە... هەرچییەك بێ, ویستم وەبیرت بێنمـەوە: ئـەتۆ کـە بەئامانجێکـەوە چووی, هەوڵ بدە قسەی باش بکەی ـ حەیفە... رەسول بڵێ چای بێنن ـ بڵێ منداڵەکەش بێنن!"

KKK

# ٧

حەوتوویەك ـ دە ڕۆژ بەسەر ئەم خۆ سازكردنەدا تێپەڕیبوو, هیچ باس نەبوون" دایكم لەلای بابم دانیشتبوو. لە من بەو لاوە كەس لە دیوەخانێ نەبوو. دایكم لە خۆوە دەستی پێكرد, گوتی:"خوا هەموو خەسڵەتە باشەكان نادا بە بەندەی خۆی, بەڵام داویەتە ئەم كچە..."

بابم هیچی نەگوت, شتێكیشی نەبوو بیڵێ ـ بۆخۆی دەیدی: بە پاك وخاوێنیی منداڵەكەی, خۆی, ماڵەكە, ئاكار و ڕەفتاری, هەڵس و كەوتی... بە كورتی بە هەموو كارو كردەوەی دادە ئامین كەیفی دەكرد, هەموومان كەیفمان دەكرد. ئەی كە بە چ ئۆگرییەكەوە دەفر و ئامانی شیر و ماستی دەشوتن" ئیستیكان و ژێرپیاڵە, قۆری, كەشەفی چای, سەماوەر هەموو لەبەر خاوێنییان بریسكەیان دەدا. خۆ بە شوتنیش ڕازی نەدەبوو, پاش ئەوەی ئاوی بە ئیستیكان و ژێرپیاڵەكان دا دەكرد, بە دەسەسڕێكی خاوێن وشكیشی دەكردنەوە... بابم گوتەنی پیاو لێی خاترجەم بوو, كە چایەكەی دەخواردەوە دەی زانی بەرۆكی كەوایەكەی بە دڵۆپەی بنی ئیستیكانەكە تەڕ نابێ. بابم كەیفی بەو چایە دەهات كە دادەئامین لێی دەناو تێیدەكرد. پێش هەموو شتێك دەیگوت:"بڵێن با ئامین چایەكەی تێكا!" دادە ئامین چای لەئیستیكانی نێوقەدباریكی قەیتان دار دەكردو لەسەر كەشەفێك كەلە خاوێنییان دەبریسكایەوە, دەی هێنا. ئیدی بابم كەیفی دەكرد. خوشكەكانیشم فێر ببوون. هەر بەو شتە ئاساییی و خۆماڵییانە كە بوومان چەندە خواردنی باشی لێدەنا: دۆڵمەی كوولەكە, دۆڵمەی خەیار, بۆرانی, گەڵا چەوەندەر ـ پێمان سەیر بوو... خۆرشتی كوولەكە! لای ئێمە دووسێ جۆر زیاتر خواردنی لێ نەبوو. ئاش و ئەشكەنەو پلاو مریشك و پلاوگۆشت و خۆرشتی كوولەكەمان بە حەیاتمان نەدیبوو!

هەمیشەو دایم خەریك بوو. دایكم دەی گوت گیانی بێ ئارامە, خۆی بەكارەوە خەریك دەكا. هەموو جۆرە كارێكی دەكرد: شوتنی جلەكانی شاهۆو وەسمان و تەنانەت شوتنی خۆیان, شوتنی پەڕۆی منداڵەكە, منداڵەكە خۆی ـ تەنانەت كراسەكانی من و بابم...

لەحزەیەك بێکار نەبوو. باسی "ئوتوو"ی دەکرد کە ئێمە نەمان دەزانی چیە" بابم بەلێنیدا ئەگەر چۆ ورمێ و لەوێ هەبوو, حەتمەن بیکڕێ, بزانین چۆن شتێکە...

دایکم کە دیتی بابم هیچی نەگوت, پرسی:"ئاغا گوێتان لێ‌نەبوو؟"

بابم گوتی:"گوێم لەچی نەبوو... چاوم هەن, دەبینم... کچێکی زەحمەتکێشە..."

دایکم گوتی:"مەبەستم ئەوە نەبوو... دەمەویست ئەوە بلێم... چۆن بلێم... ئەو کچە زگپڕە..."

بابم گوتی:"نا! هێشتا منداڵەکەی لە مەمکێ نەکردۆتەوە!..."

"با, لێی کردۆتەوە... ئەو نەخۆشییەش زیاتر هی بێ شیریی دایکی بوو... بەڵێ حامیلەیە... وایە ئیدی. خوا هەموو کەسی وەك یەك دروست نەکردوە ـ هێندێ ژن وان ـ شیراوشیر حامیلە دەبن..."

"باشە... ئەم شتانە بۆخۆت باشتر دەزانی... وریای بە... گوناحە, لەوانەیە ئیشتیای لە شتێك بێ ولە رووی نەیە دەنگ بکا..."

"لەو شتانەی وریام, دوێنێ هەناری نۆبەرەیان هێنابوو, زۆر بە ئیشتیاوە خواردی... لەو شتانەی وریام, بەڵام کار زۆر دەکا, ئەگەر هەروا بڕوا, بەو گیانە بێ‌ئارامە کە هەیەتی, خۆی لە نێو دەبا. بە تایبەتی کە بەندییشە..."

بابم گوتی:"بۆچی بەندییە!... کێ گوتوویە بەندییە؟ ئازادە ـ ئەمن نەم گوت هەمیشەو دایم لەم چواردیوارە دا وەمێنێ ـ لەگەڵ کچەکان فەرقی چیە؟ گوتم ئەو وەختانەی میوان دێن, لەبەر چاو نەبێ... ئێستاش ـ گوێی شەیتانی‌کەڕ بێ ـ شوکور وادیارە چ باس نین."

دایکم گوتی:"کچەکان فەرق دەکەن ـ کچەکان دەزانن هەر کوێ‌یان واز لێ بێ دەتوانن بچن" بەڵام ئەو, هەر ئەوەندەکە گوتمان نەچێتە سەر کانی, نەچێتە ئەوبەر چۆمی, نەختێك لەبەری گران هات."

بابم گوتی:"ئەمن لەبەر خۆیمە ـ بیر لەبەرپرسایەتیی خۆم دەکەمەوە... خۆ تا ئێستا شوکور چ باس نەبوون ـ ئێستێ ئەگەر جاروبارێك چۆ ئەوبەر چۆمییش چیە, دنیا خەرا نابێ ـ مەسەلە هەر ئەوەندەیەکە وریای خۆی بێ, پارێز بکا... ئەگینا کەس نەی‌گوتوە بەندییە!"

هەور بە ئاسمانەوەن, بارانەی پاییزێ دەستیان پێ‌کردوە" لێڕەوار وەك پیرەژنی کوڕمردوو قژی خۆی دەڕنێتەوە, و چیا وەك پیرەپیاوی بێ‌ددان کەیەك دوو کۆلکی مابن و ئەوانیش ژان بکەن, نێوچاوانی تێك ناوە. ئازار دەچێژێ و وەسەر خۆی نایەنێ... با, بەقەوەت بووە, وەك

شوانان مێگەلی هەورانی وەپێش خۆی داوەو بەرەو لووتکە دەنگیان دەدا... دەقرووسکێنێ، ئەوەندە کە هەناسەی دەگیرێ... ماوەیەك هەناسە دەدا، پشوویەکی دێتەوە بەر، لەپاشان هەتا هێزی لەگەرووی دایە، دەزیرێنێ ـ لەچیاو بەندەنان دەگەڕێ.

هەتاو لەبن دەست ولاقی هەوران دا ماوەتەوە. هەور پێلەقە لەهەتاو دەدەن، هەتاو وەك کەسێك کە لە ئالۆزیی خۆپێشاندانێك دا کەوتبێتە بەر پەلاماری چلکاوخۆران و وەبن دەست و پێیان کەوتبێ هەر هەڵ دەستێتەوەو دووبارە دەکەوێتەوە بن دەست وپێیان... تا وای لێ دێ ئیدی هەڵ ناستێتەوە. وەك لەجێگایەك شەڕ بووبێ، یان جێیەك ئاگری گرتبێ هەورەکان بەپەلە بەرەوشوێنێك دەڕۆن ـ لەگەڕەکەکانی پشت چیاشەوە هاتوون ـ و چەند زۆریش" تاریك، تووڕە، بەسام.

هەتاو وەبن دەست و پێیان کەوتوە" هەور وەك تفەنگچیی عەشیرەتان و وەك گای شەڕانی، هەر دەگەنە یەك یەك بەگژ یەك دا دێن و تێك هەڵ دەقۆچن و دەسڕێژ دەکەن" بریسکەی دەسڕێژەکان بەبێدەنگی دەگاتە زەوی، پاش تاوێك دەنگی دەسڕێژ لە کێو و دۆڵان دەگەڕێ... دەگەڕێتەوەو لە تەپۆلکەی پشت ئاوایی دەدرێ و دەکەوێ و بە پرتەو بۆڵە لەگەڵ ئاوی رووبار دەڕواتە خوار. نێوچاوانی رووباریش تاریك و رق هەستاوە.

"وششش!" باران توندی کردوە" شۆرابەی باران وەك دیرەکی پەرژینی دەوری حەوشەی بەرچاوی تاریك کردوە" شووشە پەنجەرەکان بە پانایی روومەتیان فرمێسك دەڕێژن. لەم قولینچکی چاو، لەو قولینچکی چاو، لەنێو مژۆڵان ڕا... هیچ جێیەك نابینم. لەبەر چۆڕەچۆڕو ترپە ترپی باران لەسەر بانی گوێم لە هیچ نیە. دەڵێی فەوجێك منداڵی سێ‌چوار ساڵە لە سەربانی گرێوە غاریان کردوە.

دەنگی وشکی هەورەتریشقە دیسان لەئاوەدانی و گەلێیەکە دەگەڕێ، بریسکەی سپی و زەرد و بنەوشی لە پشتی پەنجەرە دەدرێن، هەم بەسامە، هەم دڵرفێن. گوێم لەدەنگی دایکم دەبێ:"ماشەڵڵا لەقودرەتی‌خوای!"... هەوەڵ تۆفی پاییزە. توولە ماری زەرد و سپی و بنەوشی لەبەر لافاوی ئاسمان هەڵ دێن، پەنا بۆ چیا دەبەن و چیا دەکەوێتە گەلێیەوە... پەنجەرەکان دەلەرزنەوە... "ماشەڵڵا لەقودرەتی خوای!" دارەکان وشەوشیانە، سەرمایە.

ئاورێکی خۆش لەکورەخانەدا دایسێ. دەچمە ژوورەکەی دایکم... "رێوی" لە خەو هەستاوە... هێشتا قۆنداغەیە، خوشکم لەپەنای دانیشتوە، قدیلکەی دەدا، بن چەنەگەو سنگی قدیلکە دەدا و منداڵەکە بەدەم پێکەنینەوە خۆی بادەدا. دایکم دەڵێ:"دەگریانی مەکە ـ کارت پێی چیە ـ بەستەزمانە بۆخۆی یاری دەکا!" پاشان:"ئەم کچە، بەم بارانە لە کوێیە... بەڵایەکی بەسەر نەهاتبێ..."

له دەنگی ناسکه ناسکی کارۆ و هەستی پێیەك کەهەر چوار پلیکانان دەکاتـه یـەك, هەموو ئاورِ دەدەنەوە لای دەرگا... دادە ئامینە, سەر تا بـەخوار تـەرِ, وەك گوێلکـت لـە مانگایە راکێشابێ, ئاو لە سەر هـەتا خـواری دەچـۆرِێ. هـەر دەگاتـە جـێ و زەنگوڵـەی پێکەنینەکەی لـێدەداو دەسبەجێش منداڵەکە پێدەکەنێ خۆی بـۆ دەکوتـێو بەراکشـاوی باوەشی بۆ دەکاتەوە. دایکم دەڵێ:"ماشەڵلا لە قودرەتی خـوای!" دادە ئـامین دەڵێ:"ئـەی دایە لەو بارانە... گۆپاڵ بارانە!... سەگ خێوی خۆی ناناسێتەوە... بابە هاتۆتەوە؟..."
دەڵێم:"نا."

دادە ئامین لەچکەکەی لادەبـاو بـە بـەری دەسـتی دڵۆپـە بارانـەکان لەسـەرو چـاوی دەسرِێتەوە, تاوێك دادێتەوە سەر منداڵەکە... هەستاوەتەوە, تێماوە" تەماشای دەوروبەری دەکا. چاوی بەسەوەتە هەنارەکە دەکەوێ ـ ئەمن نەم دیبوو. دەڵێ:"هەناریان بـۆ هێنـاوین دایە؟ لەکوێیان هێناون؟"

دایکم دەڵێ:"لە کوێ؟ لە کێوی... لـەو پشـتەی زۆرن... بابـت زۆری پێخۆشـن... رەعیەتەکان دەزانن, هەمووساڵێ ئەم وەختانە بـۆی دێـنن. ئەگـەر کـارت خـەلاس بـوو, هێندێکان دەنك بکە بۆ بابەش و بۆ خۆشمان ـ هەناری پێخۆشن..." تێدەگەم مەبەسـتی چیە.

"گوتت لەچیا ـ لەکوێی چیا؟"

دایکم دەڵێ:"ئەتۆ جارێ جلەکانت بگۆرِە... ئاگات لە منداڵەکەت بێ... هەر ئـەوە ماوە بچیە چیا!... دوورە کچم... دوو فرسەق رێگایە..."

دادە ئامین هیچ ناڵـێ, بـەلاّم هـەروا تێمـاوە. دادە مـەنیج دەڵێ:"یـادۆ, ئـەتۆ بچـۆ دیوەخانێ, یان بچۆ لای براکان ـ هەتا دادە ئامین جلەکانی بگۆرِێ... هەر لە جێ دا ئەتۆ بۆ هاتوویە ئێرە... ئەتۆ پیاوی, چ کارت بە ژووری ژنانە!" ئـەو کچـە هەمیشـە لەگـەڵ خۆی شەرِیەتی!

دایکم دەڵێ:"زوو کارەکانت بکە... با هەر نەبێ لەم هاتوچۆیەدا سەرماشت نـەبێ ـ بەو حاڵەوە کە هەتە!"

دەرِۆم, لووت و لێوم بەرداونەوە, بەلاّم بەدەمارەوە: پیاوم, پیاو کاری بەژووری ژنان نیـە. دەچمەوە دیوەخانێ. ئاگرەکە خۆش دەکەم, دوو سێ برِەداری باش دەخەمـە سـەر ئاگرەکـەو دادەنیشم گوێ دەدەمە دەنگی باران و قرچە قرچی ئاگر. زۆر پێ ناچێ کە بەدەنگی نووزەی کارۆ دەزانین بابم هاتەوە... بابمە, لە ئاوێ دا خووساوە... کەوای درێژ وئەم بارانە! هەر لە

کەوشکەنانەوە کەواکەی دادەکەنێ, دەڵێ:"بیدە بـە دایکـت, بلـێ کەوایـەکی وشـکم بـۆ بنێرێ... کڵاو و جامانەش..." هەڵم لە سەری هەڵدەستێ.

ئەو رۆژە بێ هیچ پێشهاتێك تێدەپەڕێ. لە بەیانی هەتا شەوێ باران دەبارێ. بەقـەولی دادەئامین گۆپاڵ باران... ئاگرەکە زۆر جێ دەگرێ. بابم لەتەنیشت پەنجەرە دانیشتوە, بەڵام هیچ کوێی لێوە دیار نیە. دەنکە بارانەی گەورە گەورە بێ پسانەوە, وەك لافـاو لەئاسمانـەوە دێنە خوار. بابم بە راوێژێکی خۆشحاڵانە دەڵێ:"بەچـاکی پەڵـەی داوە! زۆر بـەوەخت بـوو, نیگەران بووم, خەریك بوو وەدرەنگ بکەوی...!"

جلەکانی گۆڕیون... بێکارە. "برۆ بڵێ ئەگەر منداڵەکە هەستاوە بیهێنن."

پاش تاوێك دادەئامین, بە هەناری دەنك کراوو منداڵەکەوە دەگاتـەجێ, وەك هەمیشـە منداڵەکە لە کەوشکەنان دادەنێ و قاپە هەنارەکە کە لەگەڵ کەوچك و ژێرپیاڵە لـە سـەر سینیەیەکی داناون دێنێ, و لە پێش بابمی دادەنێ. ئەمەش دابێکی تازەیـە. جـاران قاپێـك بوو لەگەڵ کەوچکێکیدار. رێوی ئێستا ئیدی بانگهێشتنی نـاوێ. بۆخـۆی بـەغاردان دێ تادەگاتە راستی بابم, سەر هەڵ دێنێ و دەست دەکا بە ئە ئە تا بابم هەڵی گـرێ و لەسـەر کۆشی خۆی دانێ.

رێوی هاتۆتە بەردەمی بابم, سەری هەڵ بڕیوە, بە رووی بابمەوە پێکـەنیوە, بـەڵام بـابم نەیدیوە! دووبارە دەست دەکا بە ئە ئـە... بـابم پێدەزانـێ, دەڵێ:"ئـێ, رێـوی! ئـەتۆی! کەنگێ هاتووی کە پێم نەزانیوە!" رێوی پێدەکەنێ. بابم دەڵێ:"ئەی فێڵـەزان! وەرە, وەرە!" منداڵەکە هەڵ دەگرێولەسەر کۆشیی دادەنێ. رێوی وەك جاران دەست بەگیرفانی سـەڵتەدا دەکا و جیرەکـەی دەردێنـێ و پێدەکـەنێ... قەندەکـە لـەزاری دەنـێ وقۆنـاغی دووەمـی عەمەلیات دەست پێدەکا" بابم دەستی دەگرێ ـ دەستەکانی زۆر جوانن, تاوێـك تەماشـای بابۆڵەی باسکانی دەکا.. و دەڵێ:"نا, نابێ! لە پێش دا دەبێ ئەم نینۆکە سـەگانەت ببیـنم لە پاشان... ماچێ نەدەی بەبابەی, نایەڵم ـ ئەمن ریشی خۆم بەخۆڕایی نادەم بە کەس!" دادە ئامین دەڵێ:"بابایی ماچی!" رێوی روومەتی دەباتە پێش...

بابم دەڵێ:"ئەی رۆژگار...! باشە, ئەمرۆ چوویە کوێ, تەڕ نەبووی؟"

"بەدی بابەگیان... بارانەکە زۆر توند بوو... ئێوەش باش تەڕ بوون... ئەمن هەر کە باران دایدایە, خێرا رام کردو هاتمەوە ماڵێ..."

بابم دەڵێ:"باشە ئیدی, ئەتۆ جحێڵی, دەتوانی غار دەی... ئەتۆ فەرقت هەیە لەگـەڵ منی پیرەپیاو... ئەمن نەحاڵی غاردانم هەیە و نە لاقی غاردان ـ ئەتۆ ماشەڵڵا جحێڵـی, لەگەڵ منی پیرەپیاو فەرقت هەیە!"

داده ئامین دەڵێ:"نا بابە... پیرەپیاوی چی...! هێشتا ماشەڵڵا, بێچاوێنی بی, جحێڵی ـ ئیشەڵڵا سەد ساڵ عومرت دەبێ."

رۆڵە بۆچیمە!... ئەمە عومرە ئێمە هەمانە! دەمەوێ قەت سەد ساڵ نەبێ... ئەمە عومر نیە, ئەمە ئازارە, بەدبەختییە!..."

"بابە... بۆچی کەڵك لەم هەنارانە وەرناگرن؟"

"کەڵکی چییان لێ وەرگرم رۆڵە!... کەڵکیان هەر ئەم خواردنەیەو ئەوە دەش خۆم ئەها, ئاخ!" کەوچکێکی هەڵ گرت:"ئەمە بۆ رێوی!" دەنکێکی خستە دەمی رێوییەوە" رێوی رووی تێك ناو هەنارە جواوەکەی تف کردەوە" دادە ئامین, بە دەسرەیەك زاریی پاك کردەوە, گوتی:"بابە, پێی خۆش نیە... و پاشان هەنار ساردە لەوانەیە ژانەزگی پێ بگرێ."

بابم گوتی:"ئای...!"

دادەئامین گوتی:"بەڵێ... مەبەستم کەڵکی ئاوا نەبوو... ئاخر دایە دەیگوت ئەم چیایانە پڕ لە هەنارن..."

دەمەوێ قسەیەك بکەم, بابم چاوم لێ مۆڕ دەکاتەوە کە قسە نەکەم. پاشان دەڵێ:"رۆڵە, لێرە وەزع جۆرێکی دیکەیە... کێوی خوای هی هەمووانە" ئێستا ئەمن بێم دەست بەسەر میوەیەك دا بگرم کە سروشت داویە بە خەڵك و بەرم لەبازار بیفرۆشم! بۆخۆت دەزانی هەرمێ کێویلە و بەلاڵووك و گێوژ و ئەو جۆرە شتانە رەعیەتەکان لێیان دەکەنەوەو دەیان خۆن, لەتکە کێویلەی وشك دەکەن بۆ خۆشاوی زستانان کەپارووە نانێکی پێ بخۆن... خەڵك دەست تەنگن هیچیان نیە ئەم گەنم و جۆیە نەبێ, لەگەڵ نەختێك تووتن ـ ئەویش ئەگەر لەشکرکێشیی ئاغاکان و کەمال پاشا لێ گەڕێ ـ خەڵك فەقیرن... ئێستا ئەمن بێم دەست بەسەر دوو دەنك سێوە ترشە, یان هەرمێ, یان هەنار دا بگرم... نا رۆڵە!"

بابم ناردبووی ئەم هەنارانەیان بە تایبەتی لەشارۆچکە ڕا هێنابوو.

دادەئامین تا ئێستا دوو سێ جار چووبۆ گەڕان" ورەی بەرز بوو, رەنگ و رووی باش کرابۆوە" نێوچاوانی وەك نێوچاوانی "رێوی" پاك بوو. دەنگی تریقەی پێکەنینی خوشکەکانم دەهاتە بەر گوێ ـ وەك لوولێنە سەرەو بن بکەیەوە, هەر قوڵتە قوڵتی پێکەنین بوو کەهەڵ دەڕژا. دیارە ئەم گڕگڕ پێکەنینە, بە خۆشیی پێکەنینی منداڵەکەی بوو. ئەگینا نەك هەر ژنێکی جلف نەبوو, بەڵکوو زۆریش سەنگین بوو. دایکم گوتەنی"خانم" بوو. لەسەری هەموو سەرۆك عەشیرەتان زیاد بوو.

دوو سێ ڕۆژان باری ـ چاکیش باری. ڕەنگ و ڕووی بابم بە تەواوی کرابۆوە، شەکەتی بە ڕوانیەوە نەمابوو" هەوا وەك هەناسەی "ڕێوی" پاك و ئاسمان وەك سپێنەی چاوەکانی ساف بوو. دارەکان سەروگوێلاکیان شوتبوو، هەر دەبریسکانەوە، هەر لەو کاتەش دا گەڵایان دەوەراند... وەك جحێڵێك کە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووبێ، ئیدی ئەو تەڕ و تازەیی‌و شۆقەیان نەبوو. ئەگەر بای نەهاتایە، کز دادەمان و لە فکرەوە دەچوون" ئەو وەختەش کە هەوا تۆزێك ئاڵۆز دەبوو، سەر و پرچی خۆیان دەرنیەوە. لێرەوار تووشی بەڵەکی ببووو، هەموو گیانی پەڵە پەڵە بوو ـ زەرد، عەننابی و خۆڵەمێشی. کێو چووبۆ پاڵ خۆیەوە ـ سەرو سیمای وەك پیرەپیاوێکی دڵپاك دەچوو کە پاکیی هەناوی لە نێوچاوانی‌دا دیار بێ... پیرەپیاو دەردەدار بوو، بەڵام وەك بابە گەورەیەك کە بەدەم نەوەو نەتیجەکانیەوە پێبکەنێ، جارجار بەیانی‌یان کە تەماشای هەتاوی دەکرد، زەردەیەکی پڕ لە خێرخوازیی دەهاتە سەر لێوان... ئیدی هیچ... ڕاست وەك بابم، ئەو وەختانە کە خەفەتێکی دەبوو بەڵام بەدیتنی"ڕێوی" بزەی دەهاتە سەر لێو. چۆم بە نەڕەو گوڕەو تەشەرلێدانەوە سیخورمەی لەقەراخەکان دەکوتاو دەڕۆیشتە خوار ـ گەڵی پڕ لە هەراوهوریا بوو، بەڵام لە تەواوی ئەو هەراو هوریایەدا ڕەگێك لە شادی‌و خۆشی هەبوو... پاییز بوو.

بابم ماوەیەك لەبەر هەیوانێ مایەوە. ئەو ڕۆژانەی هەوا خۆش بوو، قاوڵتیی لەوێ دەخوارد. قاوڵتیی خواردبوو، دووربینە دووچاوەکەی لە چاوی دابوو، و بەکەیفە سەیری دەوروبەری دەکرد.

گوتی:"بچوو بزانە ئامین چۆتە دەرێ یان نا."

چووم. دادە ئامین ڕۆیشتبوو. بابم هەستایە سەرپێ، دەمانچە دەتیرەکەی لەبن سەڵتەکەیەوە بەست، داردەستەکەی تاو دایەو ڕۆیشت... لەسەر پلیکانان ئاوڕی دایەوە گوتی:"یادۆ، ئەتۆ هەر لێرە بە... ئەمانە جێی متمانە نین، هیچ نەبێ ئەتۆ لەبەر دەستان بە" (مەبەستی نۆکەرەکان بوو) "ئەمانە وەك بەن دۆخینی کورت هەتا لەم لاوە رایان کێشی لەولاوە دێنە دەرێ..."

بابم ڕۆیشت" ئەمنیش تاوێك چوومە ژووری جووتەبراکە، و تاوێك چوومە حەوشەی... بریا بە دادە ئامینێم گوتبا "کارۆ"ی بەرێتە حەوشەی هەتا یاریی لەگەڵ بکەم... براکان چووکە بوون، یاری لەگەڵ منداڵی چووك هیچ نیە... سەیر ئەوە بوو ئەو وەختانەی دادەئامین لەماڵ نەبوو نەدەکرا "کارۆ"ی لە جێگای خۆی ببزێوی: ڕووبەڕووی ژووری دایکم

دادەنیشت و ئاگای لە مندالّەکە بوو. ئەگەر زۆرت سەر هاویشتبا سـەری, قـەلّس دەبـوو, دەبوو دادەئامین بۆخۆی بێ و بەسرتە شتێکی پـێ بلّـێ. ئـەگینا لەگـەلّ خـەلّکی دیکـە نەدەچوو.

هەتاو بەتەواوی هەلّ کشیبوو. لەبەر هەیوانێوە چاوم لەبابم بوو, لـە پـێش گۆڕسـتانە کۆنەکە لە نیزیك هـەرمێ کێویلـەکان لەسـەر تەختـە بەردەکـەی هەمیشـە دانیشـتوە, دەستێکی داوەتە سەر وەکازەکەی و لەدەشتێوە راماوە. جارجار لەگەلّی دەچووم ـ ئـەمڕۆش ئەگەر بابم ئەو راسپاردەیەی پێنەسپاردبام دەچووم دەم دیتەوە, دەم زانی حەز لەکوێ دەکـا. زۆرتر دەچۆ ئەو بیشەلاّنەی خوار حەوزوکانێیەکە. بـابم راسـتی دەکـرد, بەسـتەزمانە وەك ئاسك هەمیشە پارووی بەترس و لەرزەوە دەخوارد. لـە هـەر خشـپەیەك دەسـلّەمیەوە. لـە نێوەڕاستی ئەو گۆرانییەدا کە دەی گوت, رادەچەنی...

بانگم کرد:"دادەشیلان, ئەگەر چا هەیـە بـە یـەکێك لەکارەکـەرەکان دا چـایەکم بـۆ بنێرە!" بۆخۆشم بە دوای فەرمانەکەدا رۆیشتم.

دادەشیلان نەختێك مۆڕە مۆڕەی لـێکردم وەك ئەوەی بەئەقلّم پێبکەنێ و هەروا بزانـە لێم حالّی نەبووە. دەم زانی لە دلّی خۆیدا دەلّـێ چـی:"بڕوانە گزگـل خـان, لاسـای بـابم دەکاتەوە! ماشەللاّ لە قودرەتی خوای, ئەمەش بۆتە بنیادەم!"

گوتی:"لەکوێ بووی ـ خۆشت ڕابوارد! سەعاتێکە کتری و چادان هەلّ گیراونـەوە... چ وەختی چایە... ئەوە نیزیك نیوەڕۆیە!"

باشە, الحکم لله. دووربینەکەی بابم لە کیفی دەرهێناو چووم لە بەرهەیوانێ دانیشتم و چاوم لە رێچکەی ئەو بزن و مەڕانە کرد کە بەچیای هەلّ دەگـەڕان و وەك توولـە مـار لـە تۆزوخۆلّێ وەردەدران و دەچوونە سەر, نێری لە پێشەوەی رانەکە بوو. پێم سەیر بوو, بۆچـی مەڕان نێرییان نیە ـ ئەمن هەرچی نێریم دیبوو بزن بوو... بۆچـی ئـاخر؟ خـۆ ئـەوانیش نێریان هەیە, زۆریش قەلّەوو گەورە, بەو دووگە زەلامەو ئەو شاخە پێچ پێچانەوە! بڕیارم دا لە بابم بپرسم... دووربینەکەم گێڕا. ئەو گابەرد و دارانـەم دی کـەزۆر جـار لـە نیزیـك و دوورەوە دیتبوومن... ئەم سروشتە سەیرە, چاکییەکەی ئەوەیە پیاو لە دیـتن و دیتنـەوەی وەڕەز نابێ. هەمیشە جوانە" ئێستا ئەگەر ئەم چیاو لێـڕەوارە بنیـادەم بوایـە, و هەمیشـە لەبەرچاوی بنیادەم هەلّ ترووشکابایەو تێیەوە رامابایە, بنیادەم شێت دەبوو! کەچی دەبینی ئەمە وانیە, هەروەخت تەماشای کەی دلّت پێی دەکرێتەوە...

له چیای دێمەوە خوار و دێمەوە لای بابم... ماوەیەك تەماشای دەکەم, هەروا دانیشتوەو دەفکرەوە چووە. دێمە سەیری نشێو و بێشەڵانەکەی خواریّ. جگـە لـەتلۆفکی داران هـیچ نابینم... دیسان دێمەوە لای بابم.

... ئای... چ بوو! بابم لەنەکاو شێت بوو, ئاتەکی کەواکەی بەجارێك بوونە باڵ!!!... بابم بەبەر راکردنەوە دەمانچەکەی دەرهێناو دوو فیشەکی هەڵ تۆقاندن. لەدووربینەکـە دا چاوم لـێ بوو سێرەی لەهیچ کویّ نەگرت... دەنگی تەقەکان نزم بوو.

رانەوەستام, دووربینەکەم دانا, هەر چوار پلیکانم کردنەیەکێك و بـانگم کـرد:"رەحیم, حوسێن... رەحیم!" رەحیم پێشتر چووبوو... کەوایە گوێیان لــێ ببـوو! لـە حەوشـەی دا دەنگی غاردانی خەڵکی ئاوایی دەبیسرا. تفەنگچیەکان بەغاردان رۆیشتن ـ حەمە شـێت لەپێش هەموانەوە بوو... غارم دایەوە سەریّ و بەرهەیوانیّ... دایکم بانگی کرد:"چ بوو یادۆ!" جوابم نەدایەوە... دووربینەکەم بەچاومەوە نا. تفەنگچیەکان گەیشتنیّ... بـەلاّم بابم دیار نەبوو, بابم لەنێو بیشەلانەکە بوو... دیسان دەنگی تەقەیەك هات و ئیدی هـیچ ... بێدەنگی! تاقە فیشەك وایە, وەك تەتەرێك وایـە کەلـە رێیـەکی دوورەوە بـە غـاردان هاتبیّ, پەیامەکەی راگەیاندبیّ وکەوتبیّ!

تفەنگچیەکان شۆڕ بوونەوە نێو بیشەلانەکە... و دووبارە بێدەنگی!

چ بوو... چۆن بوو... ئەدی بابم چی لـێهات" دادە ئـامین چـی لــێهات! دووربیـنم لەسەر نشێو و بێشەلانەکە میزان کرد ـ ماوەیەك بەنیگەرانی هەموو جێیەکم پشـکنی ـ خەبەرێك نەبوو. هاتە سەرم بۆخۆم بچم... لەپڕ دیتم ئـای... لەرۆژهـەلاّتی بیشـەلانەکە دەرکەوتن!

تفەنگچیەکان دووکەسیان وەپێش خۆ دابوون و بە قۆنداغە تفـەنگ لێیـان دەدان... بابم و دادە ئامینیش بەدوایان دا دەهاتن, بابم بـن پیلـی دادە ئـامینێی گرتبـوو. برینـدار ببوو!؟

لە دەنگی دایکم ڕاچەنیم:"یاخوا بمرم, برینـدار بـووە!" و بـەخۆی دادا. ئـاورِم دایـەوە. دایکم و دادە شیلان و دادە مەنیج بوون کە لە پشتمەوە راوەسـتابوون, هەرسـێکیان مـات بوون, رەنگیان بە رووانەوە نەمابوو.

چ بوو یادۆ, ئەتۆ لە هەوەڵەوە چاوت لـێ بوو!؟ ... "مـەگری کـورِم, ئیشـەڵلاّ هـیچ نەبووە. ئەوە دێنەوە..." دەنگی دایکم بوو, دڵخۆشیی برایـەکانی دەدایـەوە کـە دەگریـان "پێم بڵێ چ بووە؟"

"ئەمن دەم ڕوانی، دیتم بابم لە نەکاو جندار بوو، پاشان دوو فیشەکی هەڵ تۆقاندن... پاشانیش تفەنگچیەکان چوون ئێستاش ئەوە دێنەوە... ئەمانە کێن کە ئاوا لێیان دەدەن...!" هەر دوو هەنگاو جارێك حەمە شێت یەك دوو قۆنداغە تفەنگی لە پشت و نێو شانیان رادەکێشان.

هاتنەوە. هەموومان بە پیریانەوە چووین. بابم بە تفەنگچیەکانی گوت:"لەسەر ئاخوڕی تەویلەی بیان بەستنەوە... جاسووسی دەچڵکاو خۆرا... شەرت بێ دەردێکتان بەسەر بێنم بەداستان بیگێڕنەوە. توخماخی سەرتان بکەنمەوە!... غەفوورئاغاتان وا بۆ تەمبێ بکەم بەکەرێ بلێ پووری!..."

دادە ئامین هەر کە چاوی بەدایکم و خوشکەکانم کەوت خۆی لە باوەشیان هاویشت، سەری بەشانی دایکمەوە ناو جا بگری!

دایکم بەگریانەوە گوتی:"کچم چیت کرد، چ بەڵایەکت بەسەر خۆت هێنا! ئاغا، خۆ شکور هیچت نەبووە!..."

بابم گوتی:"نا، ئێوە کارتان بەمن نەبێ ـ لەگەڵ ئامینێ بچنە سەرێ... خەریکی وی بن!"

دایکم و دادەئامین و خوشکەکانم رۆیشتن. ئەمنیش خێرا چوومە سەرێ. جووتە براکە، فەقیرانە وەك هەمیشە لە ژوورەکەیان دا خۆیان شاردبۆوەو دەگریان" چووم، گوتم"هیچ نەبووە، مەگرین، ئێستا دادە ئامینیش دێ... و گەڕامەوە.

دە دەقیقەیەکی پێچوو هەتا دوو پیاوەکەیان لەسەر ئاخوڕێ بەستنەوە.

بابم گوتی:"دەڵێم لە بن داران دا بتان کوژن... دەبێ پێم بڵێن کارتان چ بوو، کێ ناردبوونی و چەندتان وەرگرتبوو...!"

دوو کەس بوون، سی سیوپێنج ساڵە، جوان چاك، تونـدوتۆڵ... دەستەپیاو. قسەیان یەك بوو:"وەڵڵا ئاغا... ئەم خانمە لە خۆڕا زیڕاندی!... بە خودا، بە پێغەمبەر لە خۆڕا زیڕاندی... ئێمە چووزانین کچی ئاغایە!"

بابم گوتی:"یەعنی ئەگەرکچە رەعیەت بایە، قەیدی نەبوو ـ بەڵێ؟ لێیان دەن سەگبابی جاسووس! جاسووسی بێناموس!"

بابم هەمیشە دەیگوت: لەکوردستان هەمووکارێك بە زۆر دەچێتە پێش: بەزەبری چەك یان بە زەبری پووڵ" ئەمە خەسڵەتی کوردە: یان دەبێ لێت بترسێ یان دەبێ موحتاجت بێ، ئەگینا کار ناڕوا.

لێیان دەن لەو جاسووسە سەگبابانە!"

لێیان دان, چ لێدانێك! ئەوانیش لەگەڵ هەر قۆنداغە تفەنگێكی لێیان دەدرا دەیان گوت:"ئەمان ئاغا... ئەمان ئاغا!"

بابم گوتی:"حەمە, ئەتۆ و رەحیم بەسەریانەوە دەمێننەوە... ئەوانی دی با برۆن وەدوای كاروباری خۆیان بكەون. هەروەخت دانیان بە تاوانی خۆیان دا نا, رەحیمی بنێرە ئاگادارم بكا!"

"بە چاوان ئاغا!"

"لە بیرت نەچێ, ئەمانەش شەریكی قەتلی براكەتن ـ بەزەییت پێیان دا نەیە! هەتا ئیقرار دەكەن كاری خۆت دەكەی." تەماشایەكی دەوروبەری كرد وگوتی:"ئەدی رەسووڵ لەكوێیە؟"

لە پشت دیوارەوە دەنگی سمی ئەسپان هات. بابم سەری راوەشاند:"سەد جارم گوت وشیار بن ـ وشیاری ئەوەیە كە سوار بێتە بەر دەرگای ماڵێ و ئاگادار نەبی!" و بەتووڕەیی‌یەوە گوتی:"ئەم رەسووڵە لە كوێیە... یەكێك بچێ بزانە كێیە!"

كوێخا هەر لەدوورەوە گوتی:"ئاغا, كەس نیە ـ خۆمانین..."

"خۆمانین... بەسواری!"

بابم تاوێك چاوی لەدەرگاوە بڕی. رەسووڵ جڵەوی ئەسپەكەی دایە دەستی هاوڕێكەی و بۆخۆی خێرا هاتە ژوورێ:

"بەلێ ئاغا!"

"لەكوێ بووی؟"

"ئاغا, لەگەڵ رەحمانی چووین ئەسپەكان بێنینەوە."

"ئەسپەكان بێنیەوە!... كێ گوتی بیان هێنەوە؟"

"ئاغا, لەحزەیەك سەبر فەرموو, عەرزت دەكەم..." لەتەویلەوە دەنگی "الامان" دەهات و حەمە شێت لێی دەدان و بەچ بێ ڕەحمی‌یەكیش!

بابم گوتی:"بلێ بزانم!"

"قوربان, وەسمانە كەچەڵ لە ئاشی ڕا هاتۆتەوە, باراشی هێناوەتەوە ماڵێ, كە بەپەنا بیشەڵانەكە داتێپەڕیوە گوێی لە پرمەی وڵاخ بووە... وەختێك باش ورد دەبێتەوە, دەبینێ دوو ئەسپیان لەدارێ خستوون و كەسیشیان لەكن نیە. نازانم چۆن بوو عەرزی ئاغام نەكرد... بەڵام دەسبەجێ فكرم كردەوە, زانیم هی ئەمانەن..."

بابم گوتی:"هەی نەبێ...!" و زاری پێداپچڕا, بەپێکەنینێکی تاڵـەوە گوتی:"باشـە, کەوابێ هاتبوون بەخێر وبە سلامەت کارەکە بڕنەوە...! کچێ خـەڵکی باوێنـە پاشـکۆی خۆیان و برۆ بەخێراتی!... زۆر باشە!..."

ڕۆیی بۆ لای پلیکانەکان, چووینە دیوەخانێ. بابم گوتی:"بڕۆ لە پشت پـەردەوە بـانگی دایکت کە ـ بۆخۆت مەچۆ ژووریّ, نەوەك کاری ژنانەیان هەبێ..." لەسەر ئەوە ڕانەوەستا ئەمن بڕۆم, بۆخۆی بانگی کرد:"فاتم!... فاتم!"

دایکم هەر لەدوورەوە جوابی دایەوە:"بەڵێ, ئاغا, ئـەوە هـاتم..." و هێـواش هێـواش هات:"بەڵێ, ئاغا!"

بابم گوتی:"ئەوکچە چۆنە؟"

"باشە, ئاغا... قەنداومان داوەتێ... ناردوومە لە لای بابە سەیدیش دوعای تـرس و لەرزی بۆ بێنن, هێشتا نەهاتۆتەوە... باشە, بەلام..." قسەکەی تەواو نەکرد.

بابم گوتی:"بەلام چی؟"

دایکم گوتی:"... یەك دوو تنۆکە خوێنی دیون ـ ترساوە..."

بابم نێوچاوانی تێك نا..."باشە ئیدی... بۆخۆتان ژنن, دەزانن چ بکەن. ئاگاتان لێـی بێ."

دایکم گوتی:"بێهێزە... منداڵەکان خەریکن "میوانی"ی بۆ دروست دەکەن, بەڵکوو هێزێکی بێتەوەبەر...ئاغا چ بوو ـ ئەم هەراوهورییایە چ بوو؟"

بابم گوتی:"چ بێ؟ دیسان لۆتیگەرییەکەی جارانی ئاغاکان. قەوم وقیلەکانی خۆمـان بۆ دڵخۆشکردنی تورکان ناردوویانە ئەم کچە فەقیرە بدزن... ئاغا! بێزم لـەناوی هەرچـی ئاغایە دەبێتەوە. بە پیاوی وەك حاجۆش دەڵێن ئاغاو بەمانەش دەڵێن ئاغـا. هـەر ئـەوەیان ماوە مەسینە هەڵ گرن و ئاوێ لەدەستی باش چاوەشە تورکەکان بکەن!... قوڕ بەسەرتان! شەرم ناکەن, عەیبەی نازانن!... فکری ڕووداوێکی وام دەکرد, هەر بۆیەش دیتت وەختێك ئەو دەڕۆیشت, ئەمنیش بەدوای دا دەچووم... خۆمان دەناسم ئیدی. ئەمن لەم بەر حـەوزو کانییەکە بووم, ئەو هەموو جارێ دەچۆ لای ڕەشەکانی... چاوەڕوانی شتێکی وا بووم کـە زیرەی لـێهەستا:"بابە, فریام کەوە!"

دایکم گوتی:"منداڵی بێگوناح!"

"هەر لە جێی خۆم ڕا دوو دەمانچەم هەڵ تۆقاندن... و غارم دا. دیـتم بـەڵێ یـەکێك لەم بەرەڵلایانە گرتوویەتی, کچەکە پەلەقاژەی خۆ ڕزگار کردنیەتی و ئـەوی دیکـەش بـە کۆمەگی کابراوە دێ. لەدوورەوە تەقەیەکم لەو یەکـەیان کـردو... بـانگم کرد:"مەترسـە

رۆڵە, هاتم!" گەیشتمە لایان. گوتم:"نەبزوون!" و سێرەم لێ گرتن... هەر ئاوڕیشم دەدایەوەو دەم گوت"بەملادا! بەولادا!" بۆ ئەوەی وا نیشان بدەم کە پیاوەکانیش ئەوە دێن.

بەهەرحاڵ... کچە پەلەقاژەی دەکرد و دەی زیڕاند... وەختێك نیزیك بوومەوە ئیدی ئەمانە پەلیان نەبزاوت. چاك بوو چەکیان پێ نەبوو... خۆیان ناشارەزا کرد. گوتم,"پێشم کەون!" بە ئامینێشم گوت,"رۆڵە ئەتۆ بڕۆ!" خوا هەقە زوو هاتەوە سەر خۆ, و وەڕێ کەوت... زۆری پێ نەچوو, پیاوەکانی خۆمان گەیشتنێ... دەزانم, ئەمانە غەفوورئاغا ناردوونی... ئێستا ئەمانە کەمێك گێژن. بەتایبەتی کەئامین هەم ئەو وەختەی زیڕاندی وهەم دواتر چەند جار منی بە"بابە" بانگ کرد... دیتم وە شك کەوتوون. لە بنەوە تەماشای یەکتر دەکەن, کەسەیرە, وا دیارە لێیان گۆڕاوە! بەهەرحاڵ, وەپێش خۆم دان ـ کەلە نشێوەکە بامان دایەوە کوڕەکانی خۆمان گەیشتنێ... بەڵێ, دوایەش دەرکەوت کە ئەو جەنابانە ئەسپیشیان هێناوە کە ئەو کچە فەقیرەی سواری پاشکۆی خۆیان کەن وبە لینگدان بچن مزگێنییەکەیان وەرگرن!"

دایکم گوتی:"خوا زەلیلیان کا یا خوا! ئەم کچە هەژارە چ خەراپەیەکی لەگەڵ وان کردوە!"

بابم گوتی:"کچەکە هیچی نەکردوە. بەڵام تورکان رقی مێردەکەیان لە دڵ دایە... بە خوێنی سەری تینوون. ئەم و حاجۆ هیچ نەبێ دوو ملیۆن لیرەی زێڕیان زیان لە کەماڵ پاشا داوە, کوژراو و برینداریش خاتری وان..."

دایکم گوتی:"ئۆ! کەوابێ کچە سەرۆك عەشیرەتە...!"

بابم گوتی:"مێردەکەی شێرە پیاوێکە! ناوت لەبەیتان دا بیستوە, خۆ...!"

کوێخا هات, گوتی:"قوربان, ئیقراریان کردوە... ئێستا دەفەرمووی چ بکەین!"

بابم گوتی:"لەگەڵ حەمەی بیان نێرە سەرێ... فاتم ـ ماندووم, بڵێ چایەك ساز کەن... هەتا نیوەڕۆیە زۆری ماوە..." سەعاتەکەی لە گیرفانی سەڵتەکەی دەرهێنا:"هێشتا سێ چارەکی بۆ بانگی نیوەڕۆیە ماوە...!"

کوێخا رۆیشت ـ دایکیشم رۆیشت ـ "دۆستەکان" هاتن. هەر گەیشتنەجێ و کەوشەکانی بابم و منیان تاو دایەو لە سەر سەریان دانان.

بابم بە پێکەنینێکی تاڵەوە سەری راوەشاند و گوتی:"بۆچی کاری قوڕ دەکەن, کە تووشی ئەم رۆژە بێن ـ ئاخر ئەوەی دێنێ!؟ بەلای خۆوە پێتان دەڵێن پیاو" خۆ بزن نین, ریشو سمێڵتان هەیە. بۆ کەوایەك و دەرپێیەکی نوێ یان بارەقەڵڵایەك...! دانیشن!... ڕەسووڵ, یەکێك بنێرە لە دوای مامۆستا... دانیشن!"

دانیشتن, هەر لەکەوشکەنان ـ حەمەش بە تفەنگەوە لەسەرسەریان راوەستابوو, وەك بورجی قوززەلّقۆرتێ. بابم دەستی برد "کلیات سعدی"ی لەسەر تاقە هێنایە خوار, چەند جار دەستی لەپشتی بەرگەکەی داو تۆزو خۆڵی لێ‌تەکاند ـ تاوێك لێی ورد بۆوەو لەسەر تاقەکەی دانایەوە... نەختێك چاوی لەدەوروبەر کرد وگوتی:"یادۆ, دووربینەکەت هێنایە ژوور؟"

غارم دایە بەرهەیوانێ... دووربینەکە لەوێ بوو. بابم گوتی:"لەمەو دوا لەبیرت بێ رۆڵە, هەتاو چەرمی خەراپ دەکا ـ حەیفە... لەکیفەکەی هاوێوە..." دیار بوو دەیەوێ وەختەکە بڕوا, هەتا مامۆستا دەگاتێ! "بزانە ئەو چایە بوو بە چی, هەر ساز نەبوو؟"

هەستام رۆیشتم و هاتمەوە:"ئێستا دەی‌هێنن."

هەستی پێیان لە پلیکانانەوە هات, لەگەڵ نووزەیەکی نەرمی حەیوانەکەو "یاالله"یەك کە مامۆستا لە وەسەر کەوتنی پلیکانان دا قەت لە بیری نەدەچوو. پاشان "یاالله"ی دووەم کەهەمیشە وەختی هاتنە ژوورێ دەی‌گوت. هەموومان لەبەری هەستاین‌و مامۆستا دانیشت. مامۆستا زۆر بە دەماغ دیار بوو, و بە پێکەنینەوە چاوی لە چاوی بابمەوە بڕیبوو. لەو دەمەدا چایان هێنا.

مامۆستا گوتی:"چ باسە ئاغا؟ ئەمن بەنیاز بووم بە خزمەت بگەم... نەمەویست موزاحیم بم, گوتم درەنگە, پاش نیوەڕۆیە دەچم, کەچی کوێخا رەسووڵ هات..."

بابم گوتی:"وەڵڵا چت عەرز کەم, ئەمنیش هەر زۆرم ئاگا لێ نیە! جەنابتان چایەکەتان بخۆنەوە, بەڵکوو دوایە شتێکمان دەست کەوێ..." دیسان دەستی برد "کلیات"ەکەی لەسەر تاقەی هەڵ گرت و دووبارە مامۆستا دەستی راستیی لەسەر سەری داناو نێوچاوانی تێك نا.

بابم گوتی:"رەسوڵ چای بۆ خۆتان و ئەو جەنابانەش بێنن ـ دانیشە, حەمە ـ دانیشە!"

رەسووڵ رۆیشت و هاتەوەو رەحیم چای بۆ هەمووان هێنا. ماوەیەك جگە لەو فووە کە لە ژێرپیاڵەکان دەکرا و لە دەنگی هەڵقووڕاندنی چا, دەنگێکی دیکە نەبوو. بە تایبەتی دەنگی گەرووی "جەنابەکان" زۆر رەوان بوو: قورت, قورت!

چایەکەمان خواردەوە. دیار بوو کە بابم ماندوویە. گوتی:"دەورێکی دیکەش چای بێنن... پێم وایە چایەکەی خەراپ نەبوو!"

مامۆستا گوتی:"نا, خوا هەقە, زۆر بۆنخۆش بوو... ئەبووجەماڵە ئاغا؟"

بابم گوتی:"بەو ناوەی هێناوە... هەموو ساڵێ سیپێکم بۆ دێنێ... تام و بۆنی ناخۆش نیە ـ وادیارە درۆی نەکردوە..."

مامۆستا گوتی:"نا, خوا هەقە ـ چایەکی زۆر باشە ـ هەم لێنانەکەی هەم تامەکەی, هەم خاوێنیەیەکەی, پیاو حەزی لێدەکا..." و بەپێکەنینەوە زیادی کرد:"باشە ئیدی, دیارە چای ماڵی ئاغایە, لەگەڵ چای ماڵی مەمانان هەر دەبێ فەرقی هەبێ."

چایان خواردەوە" بابم نەختێك فکری کردەوە, پاشان رووی کردە دوو "بەندی"یەکەو گوتی:"دەڵێن حازر بوون راستیەکە بڵێن! ئێستا کە مامۆستا تەشریفی لێرەیە, بە حوزووری وی بیلێن, ئەو بێگانە نیە ـ بۆ هەمووان مەحرەمە... لە پێش دا بزانم ئەتۆ ناوت چیە؟... ئەدی, ئەتۆ...!" ئاماژەی بۆ ئەوی بە تەمەنتریان کرد.

کابرا گوتی:"وەسمانی نۆکەرت..."

بابم پێکەنینێکی تاڵی کرد, پاشان دەرهەڵ بوو:"ئەتۆ ئەگەر نۆکەری من بای ئەو کارە قۆڕانەت نەدەکرد ـ کەنگێ بیستوتە شێرئاغای شیروانەی بووبێتە چەتە, پیاوان بدزێو بە تورکانیان بفرۆشێ؟ بۆ ناڵێی نۆکەری غەفوور ئاغام؟ بۆ ناڵێی نۆکەری تورکان؟ ـ نۆکەری من!... پیاح! ئەتۆ ئەگەر نۆکەری من بای دەستت بۆ کچی من درێژ نەدەکرد... یا بۆ ژنێکی کورد! ئەتۆ گەمژەی, ئەتۆ کەری, ئەگینا هەموو ژن و کچێکی کورد خوشك و کچی مەیە ـ چ فەرق دەکا!... بەڵام ئەتۆ کەری!"

مامۆستا گوتی:"اشهدبالله!"

وەسمان گوتی:"قوربان, بە کەریەتیی خۆمانمان ببەخشە ـ جەنابت گەورەی...!"

بابم گوتی:"جەناب, کەریش ئەگەر کەریەتیی لە ئەنداز تێپەڕاند, دارکاریی دەکەن. کەریەتیی کەرێش سنوورێکی هەیە... بەڵام ئەتۆ مەبارەك نەبێ بە سەرو سیما بنیادەمی... باشە ئێستا بۆ مامۆستای باس بکە, وای دابنێ ئەمن لێرە نیم و گوناحێکت کردوە, دەتەوێ باری خۆت سووك بکەی, کە مامۆستا دوعات بۆ بکا خوا لە گوناحت خۆش بێ...ئەوەش بزانە, جارێکی دیکەش هەر ئەم مامۆستای حازریە شاهید بوو. ئەگەر راست و دروست هەموو شتێك بڵێی هەروەك جارەکەی دیکە مامۆستا ئاگای لێ بووە لێت خۆش دەبم. راستیەکەی نەڵێی, فێڵ و فووت لە قسەت دا هەبێ, بە هەقی سەحەبی ئەم کتێبە نایەڵم لە سەر دنیایە زیندوو بی" و دەستی بە کتێبەکە دا دا.

مامۆستا روویگرژ کرد:"ئەوەش بزانە, ئەتۆ بەلای ناخێرت پیاوی عەشیرەتی ـ دەزانی ئەمنیش لە نێو دام و دەزگای خەڵکی دیکە دا پیاوی خۆم هەن ـ بێخەبەر نیم ـ دەمەوێ

لە زمانی خۆتی ببیسم... بچیە ئاسمانێ, بە زەوی دا بچیە خـوار, دەت بینمـەوەو سـزات دەدەم ـ بە هەقی سەحەبی ئەم کتێبە!" دیسان توند دەستی بە "کلیات"ەکە دا دایەوە.

مامۆستا نێوچاوانی تێك نابوو, و لەگوڵی مافوورەکەوە ڕامابوو. دوو پیاوەکـە زەرد و سپی هەڵ گەڕابوون, پێستی دەم و چاویان بە ئێسکی روومەتیانەوە نووسابوو. تازە ریشیان تاشیبوو, پێستی دەم و چاویان وەك پێستی مریشکی ئاوەکوڵکراو زیپکـاوی بـوو. زەقـایی سەرگۆنایان دەبریسکایەوەو گوویپیان تێك قوپیبوون.

وەسمان بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە کە بەڵێ, تورکان قەولیان پێداوە بچێتە ئەوبەر ببێتە ژاندارم...

بابم گوتی:"کێ؟ کێ قەولیداوە؟ هەر ئەو باش چاوەشەکە غەفوور ئاغا لە خزمەتی دا دەچەمێتەوەو ئیکلام دەکێشێ! ئەو بەڵێنی بەتۆ داوە... ئەمن سەرم لەکاری ئـەم خەڵکـە سووڕ دەمێنێ... ئەتۆ پێت وایە ئەم باش چاوەشە کێیە کە بتوانێ تۆ دامەزرێنێ؟ ئەویش یەکێکە وەك تۆ, تەنانەت لە تۆش کلۆڵتر ـ ئەگەر کلۆڵتر نەبایە, نەدەبوو بەباش چـاوەش. بەدراوی خۆمان لێکی بدەیەوە حوقووق "مەعاش"ی مانگانەی لەسـێ تمـەن تێناپـەڕێ, یانی رۆژی قرانێك... ئاخر بۆ فکر ناکەنەوە, کەمێك هۆشتان بێتـەوە بـەر خۆتـان! ئـەم بەدبەختییـە تـا کـەنگێ!؟ مامۆسـتا, جـەنابت کـە لەکـەین و بـەینی عەشـیرەت و عەشیرەتگەری دووری, بفەرموو خیلافت عەرز دەکەم؟"مامۆستا گوتی:"نا, خوا هەقـە!". "بۆچی بۆخۆتان مل نادەنە کار. خوا لەشێکی ساغی داونێ. ئەو نیعمەتـە هـەروا بـەفیڕۆ دەدەن کەچی, کە ببی بە ژاندارمی تورکان, بچی ببیە بەڵای گیانی مریشك و جووجیلـەی دێهاتییانی کوردو تورك و رانە فڕووجان بکڕووسیەوە...! بەژەهری مارت بێ! ئاخر تۆزێك ئەقڵتان ورد کەنەوە!... بەهەرحاڵ, مامۆستا داوای لێبووردن دەکەم. نەدەبوو بـێ ئیزنـی جەنابت قسان بکەم..."

مامۆستا گوتی:"تکا دەکەم, ئاغا! ئیزنی منیش بەدەستی جەنابتە!"

ئێستا جەنابت بپرسە بۆچی هاتبوون؟"

وەسمان گوتی:"وەڵڵا قوربان, ئێستا کە بڕیارە بڵێم, هەموو شتێك دەڵێم. ئەمـە جـاری سێیەمە, کە دێین ئاغا. دووجاری دیکەش هاتووین و گوێمان پێدا گرتـوە... بەخوایـەکی تاك و تەنیایە نەمان دەزانی کچی ئاغایە, هەتا ئەمڕۆکە بە گوێی خۆمان گوێمـان لــێ بوو بە جەنابتی گوت بابە: لەوێ دا بوو کەدەست وپێمان رەق بوون و زانیمان خەراپ حاڵی بووین. بەمەیان گوتبوو ژنێکـە دەم و چـاو سـپی, کـەمێك ریوەڵـە... زیـت و وریـا... گوتبوویان منداڵی شیرەخۆرەشی هەیە. ئەگەر منداڵەکەش بێنن باشتر... بەمەیان گـوت

هەرمەنیـیە. هەموو ئاگرەکان لەگۆڕی غـەفوورئاغا هـەڵ دەسـتن ئاغـا... خـوا مـاڵێی خەراپ کا. گوتی هەرمەنیـیە, خێرە..."

بابم گوتی:"سەیرە, غەفوور ئاغاش ئەم دواییانە بۆتە مفتیو شێخ الاسلام؟ مەبارەکە! خێرە, غەیرە دینە, هەرمەنیـیە! تورکەکان شێخ سەعیدی دەکوژن, کەماڵ پاشا دەفەرموێ خێرە" ئاگریی لەخوێن وەردەدا, هەزاران لاوو ژن و منداڵی کـورد دەکـوژێ, دەڵـێ خێـرە, سەدان هەزار پیاوو ژن ومنداڵی هەرمەنی و کوردی کوشتوە, دەڵێ خێرە. غەفوور ئاغـاش دەفەرموێ خێرە! باشە, ئەتۆ لە خۆتت نەپرسی ئەو ژنە هەرمەنیـیە کە غـەفوورئاغا دەت نێرێ بێـدزی ـ ئێستا هەرکەس هەیە ـ خوا خەڵقی نەکردوە؟ خۆ خوا تۆ وکـەماڵ پاشـاو غەفوور پاشای نەکردۆتە وەکیل گیانی لـێبستێنن یان هـەتکی بکـەن, یـان بیـدەن بـە تورکان کە بێنێرنە جادەلێدان و بەرد شکاندن و زگی منداڵە شیرەخۆرەکەشـی بـە سـەرە نێزە هەڵ درن؟..."

"وەڵڵا قوربان, گوتی ژنی هۆسپ هەرمەنیـیە, دەوڵەت بەدوایدا دەگەڕێ ـ هەرکـەس تەحویلی بدا پێنج هەزار لیرە ئەنعام وەردەگرێ... خۆ ئێمە ئەقڵی راست و تەواومان نیـە, کەسێکی وەك مامۆستاش نەبوو رێنوێنیمان بکا ـ ئێمـە چـووزانین, گـوتی ژنـی هۆسـپ هەرمەنیـیە..."

بابم گوتی:"ئەتۆ هۆسپ هەرمەنی دەناسی, دەزانی گوناحی چیە؟... دەبێ لەبەیتان دا ناویت بیستبێ! دەزانی چیی کردوە کە کەماڵ پاشا لێی ئاوس بووە؟ گوناحی ئەوەیە کە لە ئاگری شان بە شانی گەلی تۆ, بۆ تۆو کەسانی وەك تـۆی ئەحمـەق شـەڕی کـردوە... کـە دوایەش بە ناخێری گیانت ببیە ژاندارم و ئەنعام وەرگری!"

پاشان رووی کردە مامۆستا و گوتی:"نەم بیستبوو ئەم هۆسپە ژن ومنداڵی هـەبێ ـ ژنی هەبوو مامۆستا, جەنابت لەو بارەیەوە شتێکت بیستوە؟"

مامۆسـتا گوتی:"نەخـەیر ئاغـا... پـێم وانیـە شـتی وام بیسـتبێ ـ نەخـەیر نـەم بیستوە... ئەو وەختەی ئەمن دیومە زۆر جحێڵ بوو. لەبیرمە سەرەتای کار بوو ـ لەگـەڵ حاجۆ ئاغا بوو."

بابم گوتی:"بەڵێ... بەڵێ... ئەمنیش ئەوەندەی زانیومە ژنی نەبوو. لەوێش کێشـەی تورك و هەرمەنی نەبوو. تاك و تەرا هەرمەنی هەبوون, بەڵام ژن ومنداڵی هەرمەنی لەوێ نەبوون, کە بڵێین لەوێ ژنی هێناوە. ئاخر ئەوانیش وەك مەمانان ژنان لە بێگانان ناهێنن و کچانیشیان نادەن بـە بێگانـە... بـەڵێ!" دیسـان رووی کـردە وەسمـان و گوتی:"بـەڵێ, فەرمووتان خێرە!"

"ئاغا, به خوای تاق و تەنیا, تۆزقاڵێك خیلاف له قسەکانم دا نیه. حازرم له پێش ئەم ماموٚستایه دەست بەم قورئانەدا بدەم."

بابم پرسی:"بابت چکارە بوو؟ باب نۆکەری یان...؟"

"نەخەیر ئاغا, بابم وەرزێر بوو."

"چۆن بوو چووی, بوویه نۆکەرو لەگەڵ وەرزێران بوویه دوژمن, که ئێستا دەتەوێ ببیه ژاندارم, ئەویش ژاندارمی ئەو حکوومەتە؟"

"وەڵڵا چیت عەرز کەم ئاغا, رووی نەدارییه رەش بێ..."

بابم گوتی:"رووی خۆت رەش بێ... تاوانی بێکارەیی خۆت مەخە ئەستۆی نەداری... زۆر کەس لەتۆ نەدارترن, بەڵام بەحورمەت و پیاوەتی و شەرەفەوە دەژین. نەداری! خۆ زەوی زۆر و زەوەندە!..."

قوربان زەوی گای دەوێ, تۆوی دەوێ, زەوی لانی کەمێکی گوزەران دەوێ..."

بابم گوتی:"بۆ کەسێك که بەدبەخت بوو, وەك تۆ خۆی دایه دەستی بەدبەختی و بێ ئەنوایی برِو بیانوو زۆرن... ئێستا بزانم ماموٚستا چ دەفەرموێ... ماموٚستا جەنابت چ دەفەرمووی؟"

ماموٚستا گوتی:"وەڵڵا ئەمن شتێکم نیه بیخەمە سەر قسەکانی ئاغا. ئاغا راست دەفەرموێ. کارێکی زۆر بێجێتان کردوە... هیچ مەزهەبێك پەسندی ناکا. ئەویش بۆ کێ, بۆ کەماڵ پاشایەك کەهەزاران موسوڵمانی کوشتوە, هەزاران ژن و منداڵی لە ئەشکەوتاندا زیندەبەگۆرِ کردوە و لە لێرەواران دا سووتاندوە! ئەتۆ دەبوو لەخۆت پرسیبایه ئەو ژنه هەرمەنییەی بۆ چیه, بۆچی خەڵاتی بۆ سەری مێردەکەی یان بۆ دزینی خۆیو منداڵەکەی داناوە؟ دیارە دەبێ خەراپەی لەگەڵ کردبێ. ئێستا دەڵێین خەراپه. چما کەماڵ پاشا بۆخۆی چاکە دەکا, چاکەی کردوە؟ ئەو که تەنانەت رێگا نادا بە زمانی زگماکیت قسان بکەی, چۆن دەتەوێ ببیه ژاندارمەی؟ تورکی دەزانی؟"

"نەخەیر"

بابم گوتی:"ئەدی چی؟ خۆ ئەو رێگه به کوردەکانی نادا بەکوردی قسە بکەن, بە کوردی گۆرانی بڵێن, ئێستا خوێندنەوەو نووسینەکەی خاتری تۆ... ئێوە چۆن وەك کەرو گا سەرتان بەرداوەتەوەو بە قسەی باش چاوەشێکی پێ پەتی وەرِێ دەکەون!؟... بڵێم چی, خوا رەحم بەو خەڵکە بەستەزمانه بکا, نەزانین! باشە, لەوێ جگە لەو باش چاوەشە عەسکەری تورکیش هەبوو؟"

وەسمان گوتی:"باش چاوەشەکان هەر دوون ـ زۆر لەمێژە لەوێن... لـە جێـی دیکـەش هەن, بەڵام ئەمن باش نازانم."

ئەوی دیکەکە ناوی شەریف بوو, و بە شەرۆ بانگیان دەکرد, گوتی:"لە مەرگەش پێنج شەشێکی لێن. لەوێش باش چاوەشێکی لێیە... جارجار مولازمێکیش دێ, چـەند رۆژێـك لەماڵی سەلیم ئاغا دەمێنێتەوەو دەڕوا..."

مامۆستا گوتی:"مەبەستی ئاغا دیوەخان نەبوو... مەبەستی ئەو دەوروبەرە بوو. ئەتۆ جگە لەو دوو دەستەیە کەست نەدی؟"

شەرۆ گوتی:"درۆ نەبێ مامۆستا, بە چاوی خۆم نەم دی. بەڵام لە نۆکـەرەکانی سـەلیم ئاغام بیست کە دەیان گوت لەکانیبەردیش هەن. ئێستا چەند کەسن, ئەگەر درۆت عەرز نەکەم نازانم."بابم گوتی:"ئەوانی پێشێ رۆیشتبوون. ئەوانەی باسیان دەکەی تازە هـاتوون. ئەم قسەیەت هی چەند وەخت پێش ئێستایە؟"

"وەڵڵا قوربان, قسەی دوێنێ و پێرێیە. باش چاوەش لەماڵی غـەفوور ئاغـا کاغـەزی دابوومێ, بردم بۆ باش چاوەشی وێ... لەوێ بیستم گوتیان ئێرەمان کردۆتـە بەشـێك لـە خاکی خۆمان و تازە ناڕۆین."

بابم پێکەنینێکی تاڵی کرد و گوتی:"پیرۆزە, نەمرین و بیبینین!... هەرچەند تـورکی نازانین, و دیارە بەو پێشینەیەوە زۆر خۆشمان لـێدەگوزەرێ... تاوانیشمان کـردوە, چـونکە دەڵێین "ئێرانی"ین, مەغوول نیین و دەمانەوێ بـەزمانی خۆمـان لەگـەڵ ژن و منـداڵمان قسە بکەین! خیلافت عەرز دەکەم, مامۆستا...؟"

"نەخەیر, راست دەفەرمووی!"

بابم لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی:"دەی؟ چی دیکەتان نەبیست لـەدیوەخانێ... لـەنێو خەڵکی؟ خەڵك چییان دەگوت؟"

"چ بڵێین ئاغا... ئەم رۆژانە باس هەر باسی ئەم کوشت وکوشتارەیە. عەرزیان دەکردی رووسان سنووری خۆیان داخستوە... دەیان گـوت حـەیوانێکی زۆریـان بردۆتـە بایەزیـدو ئەرزەڕۆم, هی ئەوانە بوو کەلە ئاگری ڕا هێنابوویان" دەیان گوت ژمارەیەکی زۆریشیان ژن و منداڵ بردۆتە ئەنکەرە. دەیان گوت کافر دیتبانی بۆیان موسوڵمان دەبوو..."

مامۆستا گوتی:"چاکە ئەمانەش دەزانـی! بـە فەرمایشـتی ئاغـا پیـاو سـەری سـوڕ دەمێنێ, چۆن ئاغاکانتان دەدیو ئەمانەتان دەبیستو دیسانیش دەتانەویست بچن خزمەتی کەمال پاشا بکەن! چۆن ئەم شتانەتان دەبیستو بە رواڵەت پێشتان نـاخۆش بـوو, کەچـی

دیسان ملی ڕێگاتان دەگرت کە بچن ژنی فلانە هەرمەنیی بۆ بدزن؟ ئەویش هی کەسێك کە لە سەر من و تۆ شەڕی لەگەڵ کەماڵ پاشا کردوە, چونکە بۆخۆمان ئەقڵی ئەوەمان نیە شەڕ بۆخۆمان بکەین...؟ دەبێ حەتمەن شەڕ بۆ خەڵکی دیکە بکەین و دەگەڵ هی خۆمان ـ دەگەڵ خۆمان بەشەڕ بێین."

پاشان ڕووی کردە بابم وگوتی:"کەوتووینە دەورو زەمانێکی سەیر ئاغا! دەڵێن ئاخر زەمان... بەراست ئاخر زەمانە, ئاخر زەمان خۆ شاخ وکلکی نین... لەهەر بارێکەوە سەیری بکەی. جارێ خوا لەقورئان دا دەفەرموێ:"و لا تجسسوا ولا يغتب بعضكم بعضاً. ايحب احدكم ان يأكل لحم اخيه ميتاً*..." ئەمە هەر مەلایەك کۆلکە خوێندەوارییەکی هەبێ, دەیزانێ, و بە جەماعەتی دەڵێ. خوا دەفەرموێ جاسووسی بەسەر کاری خەڵکەوە مەکەن ـ جاسووسی مەکەن ـ نەی فەرمووە بەسەر کاری کوردەوە مەکەن, لە کاری هەرمەنی یان گاور یان مەسیحی یان یەهوودی دا بیکەن... دەفەرموێ خەڵك... واتە هەمووان. یانی هەموو ئەو مەخلووقاتەی دروستم کردوە... باشە, کەوایە ئەتۆ بەپێچەوانەی دەقی کەلامی خوا دەچی جاسووسی دەکەی. خوا ـ نەك هەر خوا ـ هیچ مەزەبێك, هیچ دین وئیمانێك نەی گوتوە ئەتۆ کە "موسوڵمانی" بچۆ ژنی یەهوودی یان گاور یان مەسیحی بدزە, یان منداڵی شیرەخۆرەی لەدایکی جیا بکەوە. یان دایکەکە بەرە بیدە بەدەستی جەللاد ـ ئەمە لەگەڵ کاری دڵداری فەرق دەکا کە کوڕە موسوڵمانێك دەچێ کچێگاورێك یان مەسیحیەك هەڵ دەگرێ. ئەمە دزی نیە بۆ وەی خەڵاتی لەسەر وەرگرێ. ئەمە دڵدارییە. کچەکەش پێی خۆشەو هەردووکیان تەکلیفیان لەسەرەو گەیشتوونە تەمەنی بلوغ" بەڵام لەبەر هێندێ هۆ ناتوانن بەپێیڕداب وشوێنی ناوچە زەماوەند بکەن" بۆیە پێکەوە دەڕۆن. دوایەش لەیەکەم ئاوەدانی کەهەست بکەن مەترسییان لەسەر نیە, دەچنە لای مەلاو مارەیی دەبڕن. ئەمە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی بێی بە تەماعی وەرگرتنی پارە یان پلەو پایەیەکی دیکە, ژنی شەرعیی عەبدێکی خوا بدزی بیبەی بۆ دوژمنێك کەهەر ڕۆژە هەزار بەڵای بەسەر بێنێ... وەڵڵا ئەمن تێماوم,

---

* جاسووسی لەسەرخەڵك مەکەن و غەیبەتی یەکتر مەکەن. داخوا پێتان خۆشە گۆشتی برای مردووی خۆتان بخۆن؟

ئاغا, تەکلیفێکی قورست لەمن کردوە. بڵێم لێیان خۆش بە, قورئان لێیان خـۆش نابـێ" بڵێم لێیان خۆش مەبە, دوو ژیانم بە فیڕۆ داوە کەخوا داونی... بەڕاستی تێماوم."

وەسمان گوتی:"مامۆستا, لەسەر دەستی جەنابت تۆبە! بەهەقی سـەحەبی ئـەم کتێبـە ئەمن ئەگەر ئیشەڵڵا لەم بەڵایە رزگارم بێ, شەرت بێ بەشەرتی خوای بـۆ هـەتا هەتایـە پشتە دەستی خۆم داغ کەم...!"

ماوەیەك کەس قسەی نەکرد... ژوورەکە کپومات بوو, ئاخرەکەی بابم وەدەنگ هـات و گوتی:"حەزت لەچای نیە مامۆستا؟ ئـەوی راسـت بـێ ئـەمن ئـەمڕۆ گـەرووم کـەمێك وشکە."

مامۆستا گوتی:"هەر جۆر کەئاغا پێی خۆشە."

بابم گوتی:"رەسووڵ بڵێ چای بێنن بۆ هەمووان!"

رەسووڵ رۆیشـت و هاتـەوە:"ئاغا, خـانم فـەرمووی تـازە دەمیـان کـردوە, چـاکی دەم نەکێشاوە, تاوێك سەبر بفەرموون."

"زۆر باشە... دەی مامۆستا, بەهەرحاڵ چ دەفەرمووی؟"

مامۆستا گوتی:"راستیەکەی ئاغا, لەپێش دا با عەرزی جەنابت بکەم ئەمن لەمێژە جەنابت دەناسم, دەزانم قسەی بێجێو بێ بەڵگە ناکەی. دەزانم وەختێك فەرمووت ئـا یـانی ئا و ئەگەر فەرمووت نا یانی نا... کەوایە بەباوەڕی من باش نیە هەموو وەختێك لەسـەر هەر شتێکی چووکەڵە ـ هەرچەند ئەمە چووکەڵەش نیە ـ سوێند بەقورئان بخۆی..."

بـابم بـە پێکەنینـەوە گوتی:"بـە چـاوان کەفارەتەکـەی دەدەم!... جـەنابت راسـت دەفەرمووی... ئەمن خۆم دەناسم, جەنابت و دۆستانی دەوروبەریش دەم ناسن, بەڵام هەموو کەس نام ناسێ" رەنگە پێیان وابێ ئەمن گاڵتە دەکـەم و پاشـان خـوا نەخواسـتە دەسـتم بەخوێنی بێتاوانێك سوور بێ. ئەگینا بەپێچەوانەی هێندێك لەئاغاکان نـە پیـاوی تـەڵاق خواردنم و نەئەهلی سوێندو قورئـان. جـەنابت تـا ئێسـتا لـەفزی تـەڵاقت لـەزمانی مـن بیستوە؟"

"استغفرالله!"

"کەوایە خەڵکی دیکەن, مامۆستا ئەمن ناچار دەکـەن کـەفارەت بـدەم... ئێسـتا چ دەفەرمووی؟"

"ئـەمن عـەرزت دەکـەم ئێسـتا کـەدەڵێن پـەژیوانین, ئـەم جـارە لێیـان خـۆش بـە. راستیەکەت عەرزکەم پیاو لەوجۆرە جێیانەدا تێدەمێنێ: بکـوژێ کـوردێکی کوشـتوەو دایکێکی کوردی زگ سووتاو کردوە" نەکوژێ, دوژمنێکی نەکوشتوە. بەڵام بـەباوەڕی مـن

دوژمنــی ئەســڵی ئەوانــەن کەئەمانــەیان خەڵەتانــدوە. بەفەرمایشــتی خۆتــان ئــەم بەستەزمانانەش لە نەزانی بەولاوە خەتایەکیان نیە... ئیشەڵلا, بەهومێدێ خوای, ئەمـە بۆ ژیانی لەمەودوایان دەبێتـە دەرسـێك. بەفەرمایشـتی خۆتـان ئەمـەش لەئاکامـەکانی خواردنی نانی نۆکەرییە. ئەمن خۆتان دەزانن و دەبینن مەلای ئاوەدانیم" بـە پێـی داب و شوێن ئەرکی مەلای ئـاوەدانی ئەوەیـە پـێش نوێـژی بـۆ خـەڵك بکـا, جـوابی پرسـیاری شەرعییان بداتەوەو ئەگەر جاروبار ناکۆکییەك لە نێویان دا پەیدا بوو, رێنوێنییان بکاو رێکیان بخاتەوە. بەڵام ئەمن پێم وایە کاری مەلا هەر ئەوە نیە. مەلاش دەبـێ وەك خـەڵکی دیکە کار بکا, عەرزی بکێڵێ, پاتاڵی راگرێ و بەناوی مەلایەتی نەبێتە سەرباری خـەڵك. گەورە پیاوانی ئیسلام هەموویان بە رەنجی شانی خۆیان ژیاون. خۆتان دەبینن ئـەمن هـەوڵ دەدەم بەو کەوچك وتەشپی و خرت وپرتە کە دروستیان دەکەم, ژیـانی مـاڵ و منداڵـەکـەم دابین بکەم... بە بڕوای من بێکارەیی شوورەییـیە, پێچەوانەی سوننەت و رەفتـاری گـەورە پیاوانی ئایینە... بە هەرحاڵ ئیشەڵلا خوا رەحم دەکاو دەیان خاتە سەر رێـی راسـت. پـێم وایە جەنابیشت ئەم جارە لێیان خۆش بی, خوا بەخشندەیەو بەخشینی پێ خۆشە... ئەسپ و تفەنگەکانیشیان هەر بدەوە ـ هی خۆیان نین. بەستەزمانانە پێوە دەبن..."

بابم گوتی:"چما تفەنگیشتان پێبوون؟"

"نەخەیر قوربان..."

بابم تاوێك ڕاما...

مامۆستا گوتی:"ئیدی دوودڵ مەبە بە قەولی شێخی سەعدی کاری چاك پێویستی بـە "استخارە" نیە"

بابم گوتی:"ئێستا دەچنەوە دەڵێن چی؟ ئاخر خۆ دەبێ شتێك بڵێن..."

وەسمان گوتی:"قوربان, دەڵێین تووشی رێبوارێکی خەڵکی ئێـرە بـووین, ئـەو ژنـەمان پێنیشان دا کە ناوونیشانەکەیمان پێ بوو, گوتی ئەوە کچی ئاغایـەو ئێمـەش کـەزانیمان کچی ئاغایە هاتینەوە."

"ئەم بەسەرهاتە بەگوێی غەفوور ئاغا هەر دەگاتەوە... ئەمەیان چ لـێ دەکەن؟"

وەسمان گوتی:"ئاغا, ئەمن یەکەبارێ خۆم پشتی دەستی خۆم داغ کرد بەحوزووری تۆ و مامۆستا... ها, ئەها!" و قامکی شادەی دەستی راستی توند لە پشـتی دەسـتی چـەپی داگرت "ها... ئەها!"

"ئەی ئەتۆ شەریف؟"

"قوربان ئەمنیش هەروا ـ نامێنمەوە."

بابم گوتی:"زۆر باشە... کەوایە بەحوکمی مامۆستا ئازادن... دانیشـن, چـایەکەتان بخۆنەوە ـ نیوەڕۆیە نانەکەشتان بخۆن و بەخێرچن..."

"خوا لەعەمرومالّت کەم نەکا ئاغا!" هەستان, دەستی مامۆستاو ئەژنۆی بابمیان ماچ کرد, بابیشم لاچاوی ماچ کردن. گوتی:"رۆلّە, لەگەلّ حەمەش یەکتر ماچ کەن. لەبیر خۆتانی بەرنەوە, حەمە برا کوژراوە, ئەگینا رقێکی لە ئێوە نیە... جارێکی دیکەش کاری وا بێئەقلاّنە مەکەن."

هەردووکیان لەگەلّ حەمە یەکتریان ماچ کرد. بابم گوتی:"یادۆ, کتێبەکە بەرە ماچی کەن." کتێبەکەم برد, ماچیان کردو رۆیشتن.

بابم گوتی:"باشە مامۆستا, ئەمەش ئەم ـ بەچاوان, کەفارەتەکەش دەدەین." و کتێبەکەی وێدا.

مامۆستا بەحورمەتەوە کتێبەکەی وەرگرت! کردیەوە پێکەنی:"سبحان الله!..."

KKK

# ٨

بابم هەر ئەو رۆژە بە کوێخای سپارد کە ئێشك بۆ ماڵێ دانێ. دووحەوتوویەك رابرد, هیچ باس نەبوون. دنیا بەچاکی سارد ببوو, ئێستا بەدەگمەن دەرگایەك یان پەنجەرەیەك دەکرایەوە, مەگەر ئەو رۆژانە کەهەوا خۆش بوو, بابم ئیشتیای دەکرد چەند دەقیقەیەك لە بەرهەیوانێ دانیشێ یان راوەستێ و بە دووربین چاو لە ولاتی کا.

چەند شەو رابردن و کەس باسی داستانی ئەودوو کەسەی نەکرد و بابیشم هیچی نەگوت و هیچی نەپرسی. ئەگەر فکرێکیشی بووبێ, لەگەڵ کەس باسی نەدەکردو کاری ببووە یاری لەگەڵ منداڵەکە ـ ئەو وەختانە کە منداڵەکە بەخەبەر بوو. وەك هەمیشە شێومان پێکەوە دەخوارد. لەبیرمە لەو ماوەیەدا تەنیا یەك دووجار لەدایکمی پرسیبوو ئامین چۆنە, و دایکم گوتبووی باشەو خاترجەم ببوو. تفەنگچی‌یەکانی براکانم رۆژی پێشتر رۆیشتبوونەوە.

خەریك بووین شێومان دەخوارد, "رێوی" لەسەرکۆشی بابم بوو, و دادەئامین وەك هەمیشە لەسەر سفرەی لەپەنا دایکم دانیشتبوو. سفرەش ئەو دای هێنابوو. پێشتر هەر دووسێ کەس پێکەوە جیاجیا لەسەر مەجومعەیەك دادەنیشتن... جاری وابوو پشتیشیان تێك دەکرد, بابم دەی گوت خوا هەڵ ناگرێ بۆ خۆبەخۆ سفرە باشترە... مەجومعەی بۆ میوانان هەڵ دەگرین. دایکم گوتی:"وەڵلا, ئەمە هەم ئاسانترەو هەم زۆر خاوێنترە... هەرچەند رۆژ جارێك دەیشۆین, ئیدی ئەو زرنگە زرنگە و تەقە تەقەی مەجومعەی مسیشی نیە... بۆ میوانیش ئەمە باشترە. بەڵام, باشە, هێندێك "تۆپەتاقە"ن. هەموو کەس لەگەڵ هەموو کەس نانی ناخوا..."

بابم گوتی:"وایە ئیدی, داب ودەستوورە... پێیان وایە... ئەم وا دەزانێ ئەگەر لەگەڵ فلانەی لەسەر سفرەی دانیشێ دنیا خەرا دەبێ, ئەو ئاغایە, ئەوەندە پارچە ملکی هەیە, ئەوی دیکە وردەمالیکە نیەتی... ئەو کوردە, ئەو هەرمەنیە, ئەوی دیکە تورکە... ئەگەر چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ هەرمەنی‌یان بووباینە هاوسفرەو یەکی وەك ئامینێ پەیدا بایە سفرەیەکی جوانی بۆ گوڵدۆزی کردبااین و هەموومانی لەسەر سفرەیەك

دانابایه, ئێستا حاڵمان ئەم حاڵە نەدەبوو..." تاوێك یاریی بە سنگی "رێوی" کرد, پاشان هەروەك قسەکەی نەپچڕیبێ, لەسەری رۆیشت:"ئێستا ئیدی نەیان دەناردینە بەردشکاندن..." رێوی خۆی بادەداو قژقژ پێ‌دەکەنی. بابم گوتی:"پێ‌مەکەنە ناپیاو... کەماڵ پاشا گوێی لێ بێ دەت نێرێتە بەرد شکاندنێ!..."

دایکم گوتی:"خوا تەخت و بەختی تەفر وتونا بکا بۆ خاتری پێغەمبەری... دایك و منداڵی فەقیر چیان کردوە!"

بابم گوتی:"هم... تەخت و بەخت! ئەو گەوادە قەوم و خزمانی خۆمان لەسەر کورسیی حکوومەتیان داناو شمشێریان دایەدەست ـ تەخت و بەخت! ئەم خوایەش نعوذباللە کاری سەیروسەمەرە دەکا... مەعلووم نەبوو ئەم جانەوەرە لە کوێوە هات, ئەسڵ ونەسەبی چیە... یەکێك دەڵێ یۆنانیە, یەك دەڵێ یەهوودیە... ئەم درندەیە لەکوێوە هات, مامۆستای, کێ‌بوو... وەڵڵا سەد رەحمەت لەجانەوەر... هیچ درندەیەك منداڵی وا بێ‌گوناح ئازار نادا. بەڵام دیتت ئەم جانەوەرە سەدان منداڵی بێگوناحی وای لەبەرێك هەڵ دری‌و خواردی..." هەروا دەستی دە منداڵەکە وەردەداو منداڵەکەش هەروا خۆی شیرن دەکردو دادەئامین لە فکرەوە چووبوو. پارووەکەی دەجوی, بەڵام پێم وانیە هەستی بەتامی خواردنەکە کردبێ. بابم بەسیلەی چاو وشیار بوو. "ئەمن قەولت پێ‌دەدەم ئەم "رێوی"یەی خۆمان باوێ بەردەم گورگی, ئازاری پێ ناگەیەنێ." لەپاشان:"ها رێوی دەڵێی چی ـ درۆ دەکەم!" رێوی سەری بەکەلەکەی بابمەوە گوشی. دادەئامین دەستی برد هەڵی گرێ. بابم گوتی:"چ کارت پێیەتی, بۆخۆی دانیشتوە! لێی گەڕێ با دانیشێ."

"ئاخر نایەڵێ ئێوە نانەکەتان بخۆن..."

"دەخۆین رۆڵە! پاشان باشترە... شەوە, رەحەت تر دەخەوین... لێی گەڕێ با لێرە بێ!"

"بابە, دەترسم میزی بەخۆی دا بکا..."

"بابم گوتی:"باشە, ئەمە قسەیەکە... ئەدی رێوی! هەستە... هەستە بچۆ ئامین!" رێوی خۆی لەبن کەواکەی بابم دا شاردەوە, دادە ئامین دەستی برد هەڵی‌گرت" رێوی‌کەمێك لینگەفرتەی کردو پەنای بۆ بابم برد, بەڵام سوودی نەبوو. بە گریانەوە رۆیشت وهاتەوە دیسان لەسەر کۆشی بابم جێی خۆش کردەوە.

ئەو چێشتەی دادە ئامین لێی‌نابوو, چاکی جێ‌گرت. سەرما بوو. بوورشی لێ‌نابوو, بە چەوەندەرو پەتاتەو گۆشت وگێزەر... ئێمە تا ئەودەم ناوەکەیشمان نەبیستبوو. بابم دەی‌خواردو تاریفی دەکرد, و دادە ئامین بەتاریفەکە کەیفی دەکرد.

دایکم گوتی:"وادیارە شوکور باسێك نیە...!"

بابم گوتی:"پەلەت چیە, رۆژگار بە بەریەوە هەیە. ئێستاش زۆر درەنگ نەبووە, هێشتا زۆرمان ماوە بۆ زستانێ."

دایکم گوتی:"یانی ئێوە پێتان وایە دیسان خەبەرێك دەبێ؟"

بابم گوتی:"خوا دەزانی... ئەمن چووزانم, ئەمنیش هەر وەك تۆم ـ خۆ ئەمن عیلمی غەیبم نیە..."

دایکم گوتی:"نا ئەتۆ وەك من نی, ئەتۆ قاقەزو تەتەرت بۆ دێن... ئەتۆ خەبەرت هەیە..."

"هەتا ئێستا نەهاتوە, هەرچی بووە, ئەوەندە بووە کە دیوتانە."

بەلاّم دایکم بەهیچ جۆر نەیدەسەلماند, قەت نەی دەسەلماند. هەمیشە پێی وابوو بابم هێندێ شتی لێ دەشارێتەوە... ژن هەمیشە وابیر دەکەنەوەو بابم لەو بەدگومانیێیە نارەحەت بوو.

بابم گوتی:"ئەتۆ بۆخۆت ژنەعەشیرەتی... گیروگرفتی مە ئەو دوو تورکە پێ پەتی و ئەسپێونە نین" دەردی مە دەردی غەفوور ئاغاو سەرتیپ وئەو جۆرە کەسانەیە... ئەمانەن کە ئاگرەکە خۆش دەکەن وئەوان تیژ دەکەن... ئێستا خۆیان مات کردوە, تا لەنەکاو پێوە بدەن. لەوانەیە ئێستاش بیانەوێ بمان خافلێنن. ئێمە دەبێ وا دابنێین کەلەو دەوروبەرانە ملۆمۆ دەکەن, وەك دالاّش. ئاخر دالاّشیش وایە, دەبینی چەند سەعات بەسەر سەری کەروێشکەوە لە ئاسمان دا چەرخان دەدا, هەتا وای لێدێ حەیوانی بەستەزمان مەترسیی لەبیر دەچێتەوە. وەختێك باش خەلەتا, ئەمجار وەك بەلاّی ناگەهان لێی دەدا. هەرچۆنێك بێ, ئێمە دەبی وریا بین... ئەو داستانەی بەسەریشمان هات, ئەمن پێش بینیم کردبوو... نەمەویست زۆر پێی لەسەر داگرم" گوتم لەوانەیە ئامین لەدلّی خۆی دا وای لێك داتەوە کە خوا نەخواستە زیندانێیە, یان مەسەلەن بارمتەیە, یان شتێکی دیکە... ئێستا ئیدی بۆخۆی تێگەیشتوە ـ دەزانێ کە دەبێ وریا بێ..."

دایکم گوتی:"ئەو فەقیرە خۆ وریایە... بەستەزمانە چ بکا! خۆ ئێستا دنیا سارد بووە جێیەکیش نیە بلێ دەچم... لەسایە خوایەوە لەمالێش دا هیچمان کەم نیەو هەموو شتێکمان هەیە... دوایەش دەبێ هێندێ سروسیپالّ بۆخۆی و مندالەکان بدوورێ, بۆ زستانێ هیچیان نیە... وردە وردە زستان دادێ... بە حەمە فەرەجم گوت چەند گەزی پارچە بۆ هێناین, بۆ خۆم و کچەکانیش پێویستمان بوو. دەبێ دانیشێ جەوری مەش بکێشێ. پاشان هەروەك گوتم فەقیرە بەم سەرمایە دەچێتە کوێ!"

بابم گوتی:"کاری چاکت کردوه ـ ئـەمن هـیچ لـەبیرم نـەبوو..." دوایـە رووی کـردە دادەئامین و گوتی:"رۆڵە, ئەتۆش لەمەولا هەرکەس هات لەژووری دایکت مەیەدەرێ. بەم سەرمایە پێویست نیە منداڵەکەش بەریە ئەو حەوشەی دیکە یان هەر جێیەك... بەگۆڕی بابیانەوە, هەر ناماقوولێیەك دەکەن با بیکەن. لە جێی خۆت مەبزوو. لەمەولا دەست بـە زاری کوڕەکەشەوە مەگرە... فایدەی نیە, پیاو ناتوانێ هەمیشـە مـەڕ بـێ, وەختـی واش هەیە دەبێ گورگ بێ و ددانی خۆی نیشان بدا. راستە مەملەکەت بێسەحەبە, بەڵام ماڵی من سەحەبی هەیە... ئەمن نامەوێ خوێن بڕژێ و لەونێوەدا هێندێ خەڵکی بێگوناحیش وەبەر پێیان بکەون. ئەگینا ئەوەندەش بێدەسەڵات نیم. راست ورەوان رێیـان پێنـادەم! خـۆ ناکرێ هەمیشە پیاو سەر دانوێنێ. چونکە ئەگەر کابرا ناتێگەیشتوو بێ, نەجابەت بە بێ دەسەڵاتی تێدەگا... لەجێی خۆت دانیشە, مەبزوو... ئەم منداڵانـەش هـەروا. ئـەوانیش لەجێی خۆیان دادەنیشن. ئەو بەستەزمانانەش بەو سەرمایە چەند دەتوانن لـەو حەوشـەیە دانیشن یان یاری بکەن! هەرچەند ماشەڵڵا جحێڵیشن..." پاشان رووی کردە دایکم:"بزانە ئەو منداڵانەش چیان پێویستە, بڵێ بۆیان بێنێ. لیباسێکی بنەوە, شتێك..."

دایکم گوتی:"لە بیرم بوو, ئاغا... ئێستا با حەمە فەرەج بێ بزانم... ئاغـا, چـیدی ناخۆی؟"

"نا, ئیدی ـ بەزیادی کەن. چێشتێکی زۆر خۆش بوو. گوتت ناوی چ بوو؟"

دادە ئامین گوتی:"بوورش!"

"چێشتی خۆتانە؟"

"نا, بابە, هی رووسەکانە*"

"ئەی نەحلەت لەبابیان...! بۆخۆیـان ئەوەنـدە کـەرو خواردنەکـەیان ئەوەنـدە خـۆش! هەموو شتێکی تێدایە, هیچی کەم نیە, خواردنێکی تەواوە ـ گۆشت, سەوزی, چـەوەندەر" بیدە بەمنداڵەکەش, بۆ ویش باشە."

دادەئامین گوتی:"داومەتێ بابە... بۆ سبەینێش بۆم هەڵ گرتوە..."

"ئەگەر ماوە بۆ منیش هەڵ گرە... خواردنی منداڵ و پیرەپیاوان یەکە... ئەمن وئـەو تووتکە ئێستا وەك یەکمان ددان هەیە..." لـەپڕ خـۆی خڕکردەوە:"هـەی رووت رەش بـێ

* خواردنی ئەڵمانێیەکانە.

ناپیاو! ئاخرەکەی کاری خۆت کرد! تف لە رووانت, بێحەیا!"و شـاقەلی کەوایەکـەی هـەڵ کێشا.

داده ئامین منداڵەکەی رفاند و بەسپایی شەپلاغەیەکی لەسمتی راکێشـا... "ئێسـتا رام داشتی نەت کرد! جارێکی دیکە مان بگری خوا هاوار!" منداڵەکە گریا.

بابم گوتی:"لێی مەدە... لێی گەڕێ!..."

داده ئامین گوتی:"بابە, لەوەتا جەنابت پشتی دەگری, جواب ناداتەوە..."

دایکم گوتی:"راست دەکا, ئاغا... منداڵ زوو تێدەگا... ماشەڵلا ئەمەش هەرچەند هەر بستێکە زۆر تێدەگا. لەژوورەکەی دیکەش هەر کە دایکـی لێـی تـوورە دەبـێ خـۆی لەباوەشی مەنیجی یان شیلانێ داوێ. ماشەڵلا منداڵێکی شیرنە. خوا بەدایك وبابی خـۆی بێلێ!..."

خوشکەکان تەشت ومەسینەیان هێنان و بابم ئاتەکی کەواکەی شوتەوە.

سەماوەرەکە وەکوڵ هاتبوو, داده ئامین هاتەوە, بەرەڵبێنە چکۆڵەکەی لـەخۆی داو لـە بن سەماوەرێ دانیشت, و "تووتکە"ش دیسان لەسەرکۆشی بابم جێیگەرم کـرد. لـە دەرێ بایەکە توندی کردبوو, داری پەنا بەرهـەیوانێ هـەر تـاو ناتاوێـك دەسـتی درێـژ دەکـردو سووچی پەنجەرەکەی دەخوراند. ئەمن هۆشم لە لای سمۆرەکان بوو: ئێستا چ دەکەن؟ هاوینێ زۆر جار لەم لکانەوە دەهاتنە بەرهەیوانێ, ئەگـەر کەسـی لـێ نەبایـە راوێچـکەیەکیان دەکردو دەرۆیشتن. ئێمە لە دوورەوە دەمان دیتن و وامان نیشان دەدا کەنەمان دیون...

دادەئامین دەورێك چای تێکردبوو, خواردبوومانەوە. تا ئێستا هـیچ کاتێـك بـابم لێـی نەپرسیبوو لە ئاگری چ قەوماوەو چ بەسەر خـەڵکی هـاتوە. ئـەمن زۆرم پرسـیار هـەبوو, بۆخۆشم نەم زانی چۆن بوو کە لەنەکاو پرسیم:"داده ئامین, چـۆن بـوو تورکـەکان هـاتن؟ ئەگەر هاتن چ رووی دا؟"

داده ئامین سپی بوو, زەرد بوو, تۆزێك تەماشای حـەوای کـرد. وەك ئـەوەی لـە نـەکاو زەبرێکت لەسەری دابێ. چەند چـرکەیەك وەك گێـژان تەماشـای دەوروبـەری کـرد, لـەپڕ هەستاو رۆیشتە لای بابم, دەستی برد منداڵەکەی لەسەر کۆشی هەڵ گرت و رۆیشت.

بابم گرژ بوو, دایکم وخوشکەکانم بە نیشانەی نارەزایی لە پرسیارەکەی من قولینچکی لەچکەکانیان بە لووتیانەوە گرت ولە بنەوە تەماشای بابمیان کرد. جووتە براکە لە گـوڵی مافوورەکە رامان.

دە دەقیقەیەك پێ چوو تا هاتەوە. چاوەکانی سوور هـەڵ گـەڕابوون, پشـتە لێـوی وەك پشتەلێوی منداڵی چووکەڵە کە گریابێ, هەڵامسابوون... لێو ولووتی بریسـکەیان دەدا.

ئیدی نە ئەو هیچی گوت و نەکەس هیچی لـێ پرسی. بەسەرهاتەکەیم زۆر دواتر پچڕپچڕ لە خۆی و براکەی بیست. بەسەرهاتێکی بەژان بوو... باب ودایکـی چـووبوونە ئەوبـەر و هەتا چەندین ساڵ بێسەرو شوێن بوون.

وەسبەینێڕا هەوا زۆر خۆش بوو. بابم نیـو سـەعاتێك لـە بەرهـەیوانێ دانیشـت و بـە دووربینێ چاوی لە دەشت و دەر کرد... ئەمن وبراکان و کارۆش لە حەوشەی تێـر یاریمـان کرد... دادە ئامین جلەکانی "رێـوی"ی شـوتبوو, و هـەڵی خسـتبوون... بـابم چـووبووە گەڕان. نیوەڕۆش وەك جاران رابرد... رۆژ زۆر کورت ببوون, هەتا بـە خـۆت دەزانـی شـەو داهاتبوو. بۆیە بابم ئیدی دوانیوەڕۆیان نەدەنوست.

نانی نیوەڕۆیەمان خواردبوو. بابم هەسـتا لـە پەنجـەرەی لای شـیمالەوەی چـاوێکی لـە دەشتێ کرد... چاك ورد بۆوە, گنجی نێوچاوانی وێك هـاتن... گوتی:"تێنەگەیشـتم... ئەو دووربینەم بۆ بێنە بـزانم... بـە سـەهوو نەچـووم!" دووربینەکـەم بـۆ هێنـا" گـوتی پەنجەرەکـە بکـەوە بـزانم...!" پەنجەرەکـەم کـردەوە. بـابم دووربینـی بەچـاویەوە نـا, و گوتی:"ئۆۆۆ!... قەت وا نـەبووە... دەبـوو لـەم لایـەوە تەشـریفیان هاتبـا.... لـەکوێ بوون!... رەحیمی بانگ کە!"

رەحیم هات.

بابم گوتی:"نیوەڕۆیە تەشریفیان هاتوە!... لە پێش دا بـەخانمێ بڵـێ میوانمـان هـەن, نانێك دروست کەن, وریا بن, ئەگەر چێشتی شەوی رابردوو ماوە, نەی هێننە سـەر سـفرە" پاشانیش بە رەسووڵی بڵێ ئامادە بن. سێچـوار عەسـکەر دیـارن دێـن ـ بڵـێ یـەك دوو کەسانیش بنێرێتە ئەوبەر, لای بەردەرەشان, بزانێ ئەویش کەسی لێیە!"

کوێخا رۆیشت, بابم گوتی:"هەستە بەئامین ومنداڵەکان بڵـێ لـە جێـی خۆیـان بـن, پێویست نیە بچنە هیچ کوێ ـ بە حوسـێنیش بڵـێ بچـێ لـەدوای مامۆسـتا..." دوایـە هەستا, ئەڵقەرێزی دەرگـای وچـخانەکەی هـەڵ گرت:"قـەول وابـوو ئـەتۆ لـەبیرت بـێ, لەکنەخۆ!" سەرم بەردایەوەو رۆیشتم.

چارەکێك ـ بیست دەقیقەی پێچوو تا گەیشتنێ. لەپەنجـەرە را دیـتم: یـەکیان سـواری ئەسپ یان هێستر بوو, و دووشـیان پیـادە بـوون... هەرسـێکیان عەسـکەر بـوون: بـاش چاوەشێك و دوو عەسکەر... بـەکورتی, هـاتن. تفەنگـەکانیان لەقولینچـکی خـوارەوەی ژوورەکە لەتەنیشت کەوشکەنان بەدیوار هەڵ پەساردو دانیشتن... زۆر قەڵس وقۆڵ. لە بن

لێوانەوە هێندێك باسی سەگەکەیان کردو کۆپەك کۆپەکێکیان* گرتەوە... بابم وەك هەمیشە لەجێی خۆی دانیشت: لەکۆتایی لای جنووب, لەتەنیشت سۆبەکە" باش چاوەش لەپەنای پەنجەرەو دووکەسەکەی دیکەش لە لای خوارەوەی. بابم لای شیمالی پیّنیشان دابوو, رووبەڕووی خۆی, بەلاّم باش چاوەش قبوولّی نەکردبوو.

باش چاوەش پیاوێك بوو چل چل وپێنج ساڵە, دەم وچاوپان وچوارگۆشە, زگ زل, چۆڵەمە داچۆڕاو, چاوسوور وهەلمساو. بەرچۆڵەمەی بەردەوام ئارەقەی دەکردو بە دەسەسرەیەکی چڵکن و پیس هەر خەریکی وشك کردنەوەی بوو. دووعەسکەرەکەی دیکە بنیادەمی ئاسایی بوون. دێهاتیی تورك. باش چاوەش دەمانچەی بەستبوو. قەمچییشی بەدەستەوە بوو. قەمچی‌یەکەی لە پەنای خۆی دانابوو... تفەنگیشی پێ بوو, بەلاّم تفەنگەکە عەسکەرەکان بۆیان هەڵ دەگرت.

مامۆستاش پەیدا بوو. "یاالّلە"ی دووەمی لەسەر پلیکانان گوت وهاتە ژوور. بابم یەك پێ لەبەری راست بۆوە. بەلاّم باش چاوەش وعەسکەرەکان لە جێی خۆیان نەبزووتن. مامۆستا لەبەری لای شیمال رووبەڕووی باش چاوەش دانیشت.

بابم گوتی:"مامۆستا, زۆر داوای لێبووردن دەکەم کەئەزیەتم دای. ئەمن بۆخۆم توورکی نازانم, گوتم جەنابت زەحمەت بدەم ـ ئەم زمان نەزانینە زۆر جار دەبێتە هۆی خراپ لێك حاڵی بوون... بەهەرحاڵ دەبووری."

مامۆستا گوتی:"خوا ببووریّ... بەهەرحاڵ کارێکە کەدەبێ بکریّ..." هێندێ شتی بە باشچاوەش گوت و باشچاوەشیش لە وەلاّم دا هێندێ شتی گوت. مامۆستا گوتی:"وادیارە نانی نیوەڕۆیان نەخواردوە..."

بابم گوتی:"ئێستا حازر دەبیّ... ئێمە بۆخۆمان خواردوومانە. نەمان دەزانی, خەبەرمان نەبوو." و بەگاڵتە گوتی:"بفەرموو میوانی درەنگ وەخت گلەیی لەسەر خۆیەتی" و پێکەنی. چاوەڕوان بوو جەنابی باشچاوەشیش لوتفی هەبێ و قسەی خۆش بەقسەی خۆش وەلاّم بداتەوە. بەلاّم جەنابی باش چاوەش لوتفی نەکردو وەك یەکانە خێسەیەکی لێکرد. دیار بوو بە نیازی شەڕە.

دیسان مامۆستا هێندێ شتی گوتن" دانیشتین, ئیدی کەس قسەی نەکرد. لەو بەینەدا یەکێك لەکچەکان (پێم وایە دادە ئامین بوو) بەتیژی بە بەر دەرکەیدا تێپەڕی, دەرگاکەی

---

* کۆپەك: سەگ. (تورکی‌یە)

نەختێك هێنایە پێش و پاش تاوێك دەرگاكـەی بـردەوە دواوەو هـەر بەوتیژیـیـە گەڕایـەوە ژووری دایكم. كەئەو ڕۆیشت, كارۆ هاتە پەنا دەرگا و ڕاست ڕووبەرووی باش چاوەش سەری وە چەمۆڵەی كرد و چاوی لەو و عەسكەرەكانەوە بڕی.

مەجومعەیەكیان هێنا... كەتەو مریشكی سوورەوە كراو و ماسـت وشـتی دیكـە لـە سەرو جەنابان دەستیان بە خواردن كرد. لەو بەینە دا وا دیار بوو خۆ ئامـادە كـردن تـەواو بووە. خشپەیەكی زۆر سووكم لەسەر پلیكانی لای ڕۆژئاوا بەر گوێ كەوت, ئەگەر بەهەڵـە نەچووبم ـ چونكە بای دەهات و دەنگی شەقەو ڕەقـەی دەرگـاو پەنجـەرەی تێكـەڵ كردبـوو. وادیار بوو جموجۆڵێكی ناشیانەم لەخۆم نیشان دابوو, بۆیە بابم گوتی:"هەسـتە بچـوو بـە ڕەسووڵی بڵێ بزانێ لەنێو ئاوەدانی میوەیەك شتێك پەیدا دەبێ, شووتی بێ, كاڵەك بێ... هەرچی بێ, مەحتەل نەبێ."

ئەمن شارەزای ئەم نهێنییە بووم, دەم زانیكە دەبـێ ئامـادە بـن, دەم زانـی كـە بـابم لەروخسارو ڕەفتاری باش چاوەش ڕا تێگەیشتوە كە پڕیان كردوەو هاتوە بۆ شەڕ" دەم زانـی لەوە دەترسێ نەوەك كارێكی ناشیانە بكەم وكارەكە تێك بدەم... هەرچەند نەشی دەویست لە ژووری نەبم! چونكە حەزی دەكرد لەئێستاوە شارەزای سیاسەتی عەشیرەتگەری بم و بـزانم چ دەكەن و دەبێ چ بكەن, بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا بتوانم بەرەی خۆم لەئاو دەربێنم.

چووم وهاتمەوە... میوانەكان تازە لە نانخواردن ببوونەوە, و بـاش چـاوەش ئیسـتیكانی ددان ئاژنەكانی بەدەستەوە گرتبوو, لەگەڵ عەسكەرەكان هەر ئەستەمبول ئەستەمبوڵی بوو. مامۆستا گوتی دەڵێ بیری ئەستەمبوڵی كردۆتەوە" دەڵێ لەماڵی ئاغاكانی دیكە بـۆ ددان ئاژنینەوە كەڵك لە پووشكەی ئەو گەسكە وەردەگـرن كـە لـە پـەنا دەركـەی دایـان ناوە...

بابم گوتی:"وایە ئیدی, هەر ماڵە داب و شوێنی خۆی هەیـە... ڕاسـتیش دەكـا, بـە پووشكەی ئەو گەسكە كـە دوور لـە رووتـان هـەموو پیسـاییەكی پێدەمـاڵن ددانیـان داژننەوە... بەڵێ هەر جێیە داب ودەستوورێكی هەیە."

ئەمەش یەكێك لە داهێنانەكانی دادە ئامین بوو. فەقیرە چـەندین ڕۆژ دادەنیشـت ددان ئاژنی دروست دەكرد. دنیایەكی دروست كردبوون و هەر مەجومعەیەك ئیستیكانێكی پڕی لەسەر دادەنا.

دەورێك چایان خواردەوە... کوێخا رەسووڵ هات بە زمانی خۆی راپۆرتی دا: سەعیدی ناردۆتە ئاشی. بارەکانیش ئامادەن, هەرکامەی بە یەکێك سپاردوە. بۆ ئەوەی شك نەکەن, شووتیيەکیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

بابم گوتی:"زۆر باشە... ئاگاتان لەئێستری ئەم پیاوانەش بێ... مامۆستا بێزەحمەت بپرسە داخوا ئاویان داوە یان نا." مامۆستا پرسی, گوتیان نا. بابم گوتی:"کەوایە ئاویشی بدەن... جارێ کارم پێتان نیە ـ بەڵام هەر لەخوارێ بن, نەوەك کارێك بێتە پێش. کوێخا رۆیشت.

چایەکەیان خواردەوە. هەوا زۆر تووش بوو" ئاسمان هەوراوی بوو" هەرچەند بایەکی توندی دەهات, مژ بەپەلە لەچیاکانەوە شۆڕ ببۆوە بۆ گەڵیيەکە. هەر تاوەناتاوێك با خۆی بە دەرك وپەنجەرەکانەوە هەڵ دەواسیو فیتووی لێدەداو فووی بە دووکەڵکێشەکەدا دەکردو دەڕۆیشت. بەڵام هێشتا دوور نەکەوتبۆوە کە شەپۆلێکی دیکە دەگەیشتە جێ. لکەدار هاواری بۆ پەنجەرە دێناو پەنجەرە سەری دەلەقاند... و لەشی رادەوەشاند.

باش چاوەش رووی کردە مامۆستاو گوتی:"ئەفەندی, مەپرسن بۆچی هاتووین, با بۆخۆمان بڵێین!؟"

مامۆستا تەرجەمەی کرد. بابم گوتی:"بۆخۆتان دەزانن, هەر داب نیە. لەمیوانی ناپرسن بۆچی هاتووی میوان ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. میوانە, بەخێر بێ, پێی لەسەر چاوان..."

باش چاوەش گوتی:"نا میوانێکی واش نیین مەئموریەتمان هەیە..."و دەستی برد کوتەکاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێناو دایە دەست بابم... پیتەکانی وەك پیتی کلیات و قورئان و کتێبەکانی دیکە نەبوون" وەك ئەو پیتانە دەچوون کەلە سندووقە چایەکانی کەلکەتە نووسرابوون. بابم چاوێکی لێکرد و دای بە مامۆستا" مامۆستاش پێکەنینێکی تاڵی هاتێ و گوتی:"ئەمنیش ئەم پیتانە نازانم!"

بابم گوتی:"ئێستا لێی بپرسە چی دەوێ, چیيان تێدا نووسیوە, نێوەرۆکەکەی چیە, خۆ ئێمە ناتوانین بیخوێنینەوە."

مامۆستا پرسی و باش چاوەش روونی کردەوە: بەدوای ژنێك دا دەگەڕێن نەختێك کزەڵە, لەقەدەر جوان, دەم وچاوسپی و کەمێك رەنگ پەڕیو, بە پرچێکی درێژی خورمایيیەوەو... منداڵێکی شەش حەوت مانگەشی هەیە. ژنی هۆسپ هەرمەنیيە.

ئەو دەی گوت و وشەکان و پاشگر وپێشگرەکان جێی خۆیان دەگرت و وێنەکەیان دەکێشایەوە. وێنەکە تەواو بوو. روخساری دادە ئامینێم لەبەر چاو بوو.

بابم سەری راوەشاند...

باش چاوەش گوتی:"هوکم دور... هوکمەت*...!"

بابم گوتی:"باشە, حوکمی حکوومەتی وان بەمە چی. خۆ ئێمە تورك نیین. بفەرموو, ئەفەندی ئێرە تورکیە نیە, ئێرە ئێرانە, لە جێدا ئەتۆ لە خۆڕایی هاتوویە ئێرە! ئەمن نە مەئمووری دەوڵەتم نە نوێنەری حکوومەت. ئەتۆ ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی من قسە بکەی, دەبێ بچی لەگەڵ سنووردار, قسە بکەی. ئیدارەی هەیە" بەرپرسی هەیە. پاشان, ژنەهەرمەنی بۆ دێتە ئێرە, لە کوێڕا؟ نازانم... بەوان چی وبە من چی! ئەمن لێرە دانەنیشتووم کاروگوزەرانی خۆم بەجێ بێڵم بزانم ژنی "مصیّب" هەرمەنی یان چووزانم, "شلموی"یەهوودی دێ یان نایە, بەمن چی!" بابم دەی زانی مامۆستا لە مەسەلەکە ئاگادارە" ئەم قسانەی بۆیە دەکرد نەوەك یەکێك لەعەسکەرەکان کوردی بزانێ و بەئەنقەست وا بنوێنێ کە حاڵی نابێ.

مامۆستا ئەمەشی تەرجەمە کرد. باش چاوەش گوتی:"راپۆرتیان داوەتێ و..." بابم بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی:"بفەرموو درۆیان عەرز کردوە. رەنگە راپۆرتی زۆر شت بدەن بە تۆ, بەلام هەروەك گوتم ئێمە تۆ وەك مەئمووری حکوومەت ناناسین. ئێوە میوانن. ئەوەندەش کە بۆتان باس دەکەم, لەبەر ئەوەیە میوانن. ئەگینا هیچ ناچار نیم!"

باش چاوەش گوتی:"باسی میوان نیە, ئەمن مەئموورم... هەرمەنی, گاور هاتۆتە ئێرە. ئەمن دەیگرم و دەیبەم "هوکم... هوکم!" و بەتووڕەیی دەستی بەو کاغەزەدا دا کە لەپێشی بوو... کاغەزەکە مۆر و نیشانەی دەوڵەتی پێوە بوو...

دژ کردەوەی"کارۆ" بەرامبەر بەم رەفتارە شتێکی نائاسایی بوو. تا ئێستا شتی وام لێ نەدیبوو: هەرکە باش چاوەش دەستی بە کاغەزەکەدا دا, خۆی بۆ هێرش ئامادەکرد, بەلام وەك ئەوەکە وەختی نەهاتبێ یان چاوەڕوانی دەستوور بێ, لەجێی خۆی دانیشتەوە. چەند جار لەبن گەروویەوە زۆر بەهێواشی مراندی, پاشان سەروملی راوەشاند و زۆر بەئارامی لمبۆزی لەسەر زەوی درێژ کرد.

---

* ـ حوکمی حکوومەتە.

بابم گوتی:"مامۆستا, دووباره بۆی روون بکەوە, بفەرموو جەناب, ئەتۆ ئەگەر وەدوای کەسێکی راکردووش کەوتبی, یان کارێکی دیکەت هەبێ, دەبێ دەوڵەتەکەت بۆ دەوڵەتی من بنووسێ و دەوڵەتی من جواب بداتەوە, نەك ئەوەکە سەرت داخەیو وەرێ کەوی لە ولاتێکی دیکەدا هەرمەنیەیان فلان وفیسار بگری... ئێستا کەحوکمت پێیە, ئێستا کە حکوومەتەکەت حوکمی پێداوی, بەیەکجاری ماڵیاتی دواکەوتووشم لێ بستێنە"

مامۆستا گوتی:"ئاغا, وەك دەبینم ئەم کابرایە بابایەکی زۆر خێڵەکی و نەزانە. با هەوڵ بدەین مەسەلەکە بەخۆشی ببڕێتەوە..."

بابم گوتی:"ئەمن قسەیەکم نیە" ئەمن هەر لەپێشەوەش عەرزم کردی میوانە, واتە حورمەتی لەسەر من پێویستە, بەلام... بەلام ئەمەش زۆری پێ لەبەرەی خۆی زیاتر راکێشاوە ـ فەرمانمان پێدەدا!... ئەمەش بەداخەوە خەتای ئاغاکان وخزم وخوێشەکانی خۆمانە. دار هۆرەی لەخۆی نەبێ ناقەڵشێ. وەك هەمیشە ئاغاکان لە پێشی دادێنەوەو ئەم پیاوەش بابایەکی بێمایەو نەخۆشە, خۆی لێ گۆڕاوە. ئەگینا بنیادەمێکی ئاسایی چۆن رێگا بەخۆی دەدا لە ولاتێکی دیکە, لەماڵێکی دیکە بەم زمانە لەگەڵ خاوەن ماڵ قسە بکا. بەهەرحاڵ, پێی بفەرموو ئێمە خەبەرێکمان لەژنی "مصیّب" و فلان وفیسار نیە."

هێشتا مامۆستا هیچی نەگوتبوو, باش چاوەش بەچاوی سوورهەڵگەڕاوو بەرچۆڵەمەی لەئارەق دا شەلاڵەوە گوتی:"حاجۆ!..."

بابم زەردەیەکی پڕ لە سووکایەتی پێکردنی هاتە سەر لێوان و گوتی:"حاجۆ؟ بڕۆ وەی بینە!... هەتا ئێستا ژنی "مصیّب" هەرمەنیی دەویست و ئێستا حاجۆی دەوێ! ئەدی ئیحسان پاشا؟" و پێکەنی.

باش چاوەش گوتی:"ئەمانە هەموو جاسووسی ئینگلیس... خائین...!"

بابم گوتی:"برۆ بیان گرە... خائینن برۆ بیان گرە!"

مامۆستا هەوڵی دەدا وەزعەکە ئارام بکاتەوە. بابم گوتی:"مامۆستا بێزەحمەت بپرسە داخوا پێیان گوتوە ئەمانە لێرەن؟"

مامۆستا پرسی. باش چاوەش گوتی:"بەڵێ لێرەیە" ژن و منداڵی هۆسپ هەرمەنی لێرەن!" و پشتەدەستی چەند جار بەمافوورەکەدا دا "ئێرە!"

کارۆ دیسان هاتە سەر دەستان و لەروخساری باش چاوەشەوە ڕاما. چەند جار لەبنی گەروویەوە پچرپچڕ مڕاندی. ترس لەچاوەکانی دەباری.

مامۆستا گوتی:"تکا دەکەم ئاغا, جەنابت نـەختێك دایشـکێنە... ئەوانـە لـەماڵی جەنابتن" خوا نەخواستە شتێك روو بدا خەڵك چـووزانن چ بـووە... هـەزار قسـە دروسـت دەکەن!..."

بابم گوتی:"وەڵڵا مـامۆستا, ئەمن قسەیەکم نیە. بەڵام ئەم پیاوە زۆر ناتێگەیشـتوویە. دەفەرمووی بەچ زمانێك قسەی لەگەڵ بکەم کە جەنابی پێی ناخۆش نـەبێ. ئـەم کابرایـە بڕیاری داوە کە تێنەگا. ئەگینا ئەمن قسەم نیە..."

مامۆستا گوتی:"ئێستا ئەگەر ئیزن بدەی ئەمن دەڵێم یەك دوومـانگ لەمەوبـەر دوو منداڵمان دیتن کە لە پشتی گوێدرێژێکیان قایم کردبوون و رێیان لـێ ون ببوو. بەڵام لەوە بە دوا هەرمەنیمان نەدیون..."

بابم گوتی:"فەرموو."

مامۆستا ئەمەی بە باشچاوەش گوت" گـوتی منداڵـەکان هەرمـەنی بـوون, بەسـەر پشتی ولاغەکەوە خەویان لێکەوتوە" ولاغەکەش رێیلـێ ون ببوو, هاتبۆ ئێرە.

باش چاوەش بەگاڵتەپێکردنەوە پێکەنی. بەرچۆڵەمەی لەرزاند و بە گاڵتەپێکردنەوە لە مامۆستای پرسی:"وەلاغەکە سەلامیشیکرد!؟" عەسکەرەکان لەبەر خۆیانەوە پێکـەنین" باش چاوەش لەسەر بێئەدەبیەکەی رۆیشت:"نەی گوت بۆ سەردان هاتوە!... خۆ زمـانی ویتان دەزانی!" دیسان عەسکەرەکان لەبەر خۆیانەوە پێکەنین و سەریان داخست. مامۆستا رەنگی تێك چوو...

"سبحان الله, پیاو تێدەمێنێ, نازانێ بڵێ چی! ئەم کابرایـە زۆر نەفامـە ـ هەرچـی بەسەر زمانیدا بێ, نایگێڕێتەوە!..."

ئیدی هیچی نەگوت. باش چاوەش گوتی:"بۆ جواب نادەیەوە؟"

مامۆستا بێ ئەوەی بابم هیچی گوتبێ, گوتی:"ئێوە بەم قسە خۆشانەتان شتێکتان بـۆ نەهێشتینەوە!"

بابم گوتی:"دەڵێ چی, چیت فەرموو؟"

"وەڵڵا ئاغا بڵێم چی... پیاو لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە تێدەمێنێ. نازانێ دەڵـێ چـی. بەقەولی پێشینان گووی دەخواو پێی وایە شەکری شکاندوە."

بابم گوتی:"بیفەرموو. ئەمن بەقسەی ئەم جۆرە کەسانە نارەحەت نـابم... هـەر دەبـێ بزانم دەڵێن چی. با بزانم لەگەڵ کێ بەرەوڕووم, ئەگەر تا ئێستاش نەم زانیبێ"

"دەفەرموێ وڵاغەکە سڵاویشی کرد, نەی گوت فڵانەکەس ناردوویە, یان نا, بۆ خۆی بەرێگاکەی زانیوەو بەسەردان هاتوە. دەڵێ لێیتان نەپرسی؟ خۆ ئێوە زمانتان دەزانی... لەگەڵ بنیادەمی وا پیاو قسەی پێنامێنێ."

بابم گوتی:"راست دەفەرمووی... راستییەکەی وا دیارە وەك فەرمووت ئاخر زەمانە... بەقەولی پێشینیان هەتا سەر بمێنێ,... عەمەلان هەڵ دێنێ, قەت بووە, لەولاتی خۆت و لەماڵی خۆت, میوان بەو لەبزە شیرنە قسەت لەگەڵ بکا!... جەنابت ئیدی هیچ مەفەرموو ـ پیاوی کەر بۆ دواندن نابێ."

ماوەیەك کەس قسەی نەکرد... باش چاوەش تاوێك یاریی بەقەمچییەکەی کرد, پاشان رووی کردە مامۆستاو گوتی:"ئەو دوو منداڵەی باست کردن, ئێستا لەکوێن؟"

مامۆستا بە نارەحەتییەکی ئاشکراوە گوتی:"دەپرسێ ئەو دوومنداڵە لەکوێن؟"

بابم هەروا بەبێ موبالاتی گوتی:"چووزانم, هەڵبەت چوونە جێگایەك... هەرکەس دێ, ئاو ودۆیەك دەخواتەوەو دەڕوا ـ خۆ ئێمە مەئموور لەسەر خەڵکی دانانێین بزانین دەچنە کوێ, چۆن رۆیشتوون. حەتمەن شەوێك لەمزگەوتێ بوون و بەیانی رۆیشتوون..."

کابرا وەك تێگەیشتبێ کە قسەیەکی خەراپیکردوە, ئێستا لەسەرەخۆتر دەدوا. گوتی:"ئێوە بەڵێن دەدەن ئەگەر کەسێکی وا هاتە ئێرە, یان بەجێگاکەیتان زانی, راپۆرتم بدەنێ؟"

بابم چاوێکی لێکرد, دەت گوت تەماشای پیسایی دەکا... دوایە گوتی:"نەخەیر! چونکە هەروەك گوتم ئەتۆ لەبەر چاوی مـن میوانێکی بێگانەی. ئەتۆ باش چاوەشی, مولازمی یان میرئالای یان هەرچی هەی بۆ دەوڵەتی خۆتان هەی" ئێرە هەروەك پێم گوتی خاکی ئێرانە... سبەینێ لەمن دەپرسنەوە کەبۆچی رێگام داوە یەکی وەك تۆ کە بە پێچەوانەی قانوون هاتوویە خاکی ئێران, بێتە ماڵەکەم. ئەمن سبەینێ دەبێ خەبەر بە دەوڵەتی خۆم بدەم, دەبێ درۆیەك سازکەم کە بۆ وێنە رێت لێ گۆڕاوە, لە سنوور تێپەڕیوی... پاشان داب وشوێنی عەشیرەتییە... پەنابەر وەك مەئموورێکی دەوڵەت نیە کە بێ ئیزن چووبێتە خاکی وڵاتێکی دیکە... پەنابەر, هەرکەس بێ, ئێرە ماڵی خۆیەتی و ئەمن لەجیاتی دەوڵەتی خۆم بەخێری دێنم... ئێستا رەنگە دەوڵەتەکەم سەرەنجام وەری نەگرێ و بیداتەوە بە دەوڵەتی ئێوە. بەڵام ئەمن ناتوانم. جگە لەوانەش, کام دین و مەزەب رێگا دەدا کەخانەخوێ لەسەر میوانی خۆی ببێتە جاسووس... ئێرە ماڵە, هەرکەس هات

پێی لەسەر چاوان. ئێوەش ئێستا لەدەوڵەتی خۆتان یاغی بن وپەنا بۆ دەوڵەتیئێران بێنن, ئەمن بەنوێنەرایەتیی دەوڵەتەکەم, بەحورمەتی دەوڵەتەکەم و بەحوکمی دین ومەزەبەکەم بەخێرتان دێنم و میوانداریتان لێدەکەم... خیلاف عەرز دەکەم مامۆستا! پاشان ئیدی ئەوە بە دەست دەوڵەتە کە راتان دەگرێ, یان دەتان داتەوە. ئەو بەشەی پێوەندیی بە منەوە نیە. ئەمن حەکەمی نێوان ئێوەو دەوڵەت نیم. ئەمن کوردێکی ئێرانیم. ئەمن خانەخوێم و ئێوە میوان..."

لەو بێنەو بەرەیەدا دەنگی گریانی منداڵەکەی دادەئامین بەرز بۆوە" کارۆ لە بن گەروویەوە مراندیو دووبارە بە چوار چاوان چاوی لە باش چاوەش و عەسکەرەکانەوە بڕی. بابم رووی کردە من, گوتی:"بزانە ئەو منداڵە بۆچی دەگری؟"

منداڵەکە بۆ لای بابم دەگریا... دەیەویست بێتە دیوەخانێ و دادە ئامین نەیدەهێشت و لە ژوورەکەدا دەی گێڕا. بەڵام هەرکە دای دەنایە زەوی بەگاگۆڵکە وەڕێ دەکەوت بۆ لای دیوەخانێ.

بابم گوتی:" قەیدی نیە, بلێ کراسە سپیەیە درێژەکەی بکەنە بەر و بی نێرن. بۆخۆت بیهێنە, لەبەر دەرگا داینێ."

پێم وایە مەبەستی بابم ئەوە بوو کە بەهێنانی منداڵەکە لەو جەنابانە حاڵی بکا کە مەسەلەکە زۆر سروشتیەو لە لایەکی دیکەش بەهیوا بوو بە هاتنی منداڵەکەو رەفتاری دڵپاکانەی, ئەم ئاڵۆزیە لەنێو بچێ.

چووم. دادەئامین کراسە سپیەکەی کردە بەر منداڵەکە, دەستێکی بەسەر وچاوان دا هێنا" دوعایەك کە بابەسەیی بۆی نووسیبوو, بەدەرزیە فەرەنگی لەسەر شانی قایم کردو منداڵەکەی دایە باوەشم. منداڵەکەم هێنا, لەپەنا کەوشکەنان دام ناو بۆخۆم چوومەوە جێی خۆم. بابم گوتی:"غاردە وەرە... غاردە وەرە! ئا بارك اللـە!" منداڵەکە بەگاگۆڵکە وەڕێ کەوت, چەند هەنگاوێك هات... سەری هەڵ بڕی و بە ترس وسەر سوڕمانەوە چاوێکی لە دەوروبەرکرد. بابم گوتی:"وەرە, وەرە لای بابە ـ غاردە!" بەڵام منداڵ نێوچاوانی تێك نا, وەرسووڕاو خێرا خێرا بەرێگای خۆی دا گەڕایەوە. بابم و مامۆستا پێکەنین. بابم گوتی:"رۆڵە, هەڵی گرە, با جلەکانی تۆزاوی نەبن... بیبە بۆ دایکی!" غارم دا, لە باوەشم کرد و بردمەوە.

باش چاوەش لە پڕ هاتە سەرپاشوان. قەمچییەکەی هەروا بەدەستەوە بوو. گوتی:"ئەمن دەبێ دایکی ئەم منداڵە ببینم و چەند پرسیارێکی لێ بکەم!"

بابم سوور هەڵ گەڕا, گوتی:"ئەمن هیچ کات ڕێگا نادەم. میوان هەقی ئەم جۆرە دەم درێژییانەی نیە... نا پیاوە زۆریان روو داوەتێ... لاقی زۆر لەبەرەی خۆی پتر راکێشاوە!... مامۆستا پێی بڵێ لەوە زیاتری نەکێشێ, چونکە زۆر خەراپ دەپسێ...بم بابم ئەمەی بە تووڕەیی تەواوەوە گوت.

هەرکە ئەمەی گوت, باش چاوەش بەهەموو قەوەتی خۆی قەمچییەکەی لە نێوچاوانی بابم راکێشا و دەستی بۆ چەکەکەی برد... نەبابم, نە هیچ کەس چاوەڕێی دژکردەوەیەکی وا نەبوون. چەند لەحزە هەموومان وەك بریسکە لێی دابین لەجێی خۆمان رەق بووین و تاوێك دواتر ژوورەکە بەسەریەك دا ڕژا. یەکەم دژ کردەوە هیکارۆ بوو. بەقەڵەمبازێك خۆی گەیاندە باش چاوەش و قەپی بەملیداکرد, بەجۆرێك کە باش چاوەش دەرفەتی چرکاندنی پەلەپیتکەی نەبوو... بەڵام هەر چۆنێك بوو فیشەك دەرچوو و کارۆ و باش چاوەش پێکەوە گەوزین ودووعەسکەرەکەش پەلاماری تفەنگەکانیان دا... بابم گوتی:"دادەی!"... دەنگی دوو تەقەی لەسەر یەك لەژوورەکە گەڕا... بابم لەسەر زگ خۆی بە زەویدا دابوو" یەکێك لەعەسکەرەکان کەوتبوو, ئەوی دیکە دەستی هەڵێنابوو, یەعنی تەسلیم...

حەسەن پەردەکەی لادابوو, حەمەشێت وسەلیم لەکەوشکەنان ڕا رووی تفەنگەکانیان تێ کردبوو. بابم هەستا, گوتی:"تەقە مەکەن!" ماڵەکە پڕ لەقاوو قیژ بوو... هەموو ئەو رووداوانە لەدەقیقەیەك دا قەومابوون.. کەس رەنگی بە ڕوانەوە نەمابوو... مامۆستاش لەوبەر کەوتبوو!

مامۆستا بۆچی!؟

بابم گوتی:"سبحان الله! ئەم ناپیاوە نەفامە چ کارێکی داینە دەست!... ناپیاوە کەرێك بوو پڕی تەویلە, دەك خوا لەبابەکەرەکەت خۆش نەبێ!... سەد رەحمەت لەکەرێ...!"

بی ئەوەی گوێ بداتە باش چاوەش وعەسکەرەکە چوو لای مامۆستا... "چ بووە... کوێتە!" مامۆستا خوێنی بەشانی دا دەهاتە خوار" کارۆ هەروا قورگی باش چاوەشی گرتبوو بەری نەدەدا و بە توندی سەری رادەوەشاند, و دەیقرووسکاند. بابم بانگی کرد:"ئامین... وەرە!" دادەئامین هات, چاو بە گریان و رەنگ هەڵبزرکاو و سەرگۆنا

رووشاو و سەر سوورماو... هەموو هاتبوون, بەلام بەروالەت کاتێك گوێیان لەدەنگی بـابم ببوو, و زانیبوویان کە شتێکی نەبووە, نەهاتبوونە ژووری دیوەخانێ.

بابم گوتی:"رۆڵە, چارێکی ئەم سەگە بکە ـ ئێمە دەرەقەتی نایەین!"

دادەئامین کارۆی لەئەستۆی باش چاوەش هـەڵ پچـڕی... بـابم گـوتی:"رەحیم غـاردە سۆفی رەحمان بانگ کە ـ بڵـێ دەرمـان و کـەل و پـەلیش لەگـەڵ خـۆی بێنـێ, زوو!" و بۆخۆشی چاوی دە مامۆستاوە بڕی. مامۆستا زیندوو بوو ـ شانی قەڵشـیبوو... سـبحان الله, باش چاوەش دەت گوت سەد ساڵە مـردوە: شـارەگی ملـی پسـابوو" قوڕقوڕۆچـکەو گەرووی هەڵ دڕابوون. بابم گوتی:"ئەوە بۆیە دەنگی دەرنەدەهات!" بەو راوەشاندنەی کارۆ و بەو شەویلاکە بەهێزەی هیچی بۆ نەهێشـتبوو. گوللـە بـن پیلـی کـارۆی سمیبـوو, لـەبن پیلەکەی دیکەی هاتبۆدەر و لەمامۆستا درابوو! سبحان الله!

دێیەکە شڵەژابوو, هەموو لەماڵی خۆمان خـڕ ببوونـەوە. بـابم گوتی:"رەسـووڵ, بـڕۆ پێیان بڵێ هیچ نیە. بڵێ زۆر سوپاس... لە سایە خوایەوە بە خێر گـوزەرا... بـا بچـنەوە ماڵەکانیان... شوکور بەخێر گوزەرا!"

تاوێك تەماشای دەوروبەری کردو گوتی:"ئەمـەش بەرنـە ژووری نۆکـەرەکان!" فـەقیرە دەپاڕایەوە: "خەتای باش چاوەش بوو... ئەمن خەتام نیە!... رەحم پێ‌بکەن!..."

بابم گوتی:"بڕوانە, بڕوانە... عەسکەرە بەلای‌خۆوە. تورکی نە لەسەرکەوتن دا ببینـی نە لەشکان دا. ئێستا ئەگەر وەزعەکە جۆرێکی دیکە بووایە, رەحمی بە ژن و منداڵ و ورد و درشت نەدەکرد!... بی‌بەنە خوارێ, هەر لەوێ بێ تا بزانین دوایە چیی لـێ‌دەکەین."

مامۆستا هۆشی هەبوو. کارۆ بێ‌حـاڵ بـوو, و دادە ئـامین دەی لاوانـدەوەو حەیوانەکـە دەی‌قرووسکاندو برینەکەی دەلستەوە.

بابم بەدادە ئامینێی گوت:"رۆڵە بەجۆرێك هێوری بکەوە تا ئەو جەراحـە دێ, بـەڵکوو خوا رەحم بەویش بکا... جارێ با هەر لێرە بێ, دوایە دەی‌بەینە جێی خۆی... ئەگەر پێت باشە بی‌بەینە ئەو وچخانەی تەنیشت ژووری جووتە براکە...؟ مەگری کوڕم... ماشـەڵلا بۆخۆتان پیاون... مەگرین!" رووی قسەی لەشاهۆ و وەسمان بوو.

KKK

# ٩

بابم گوتی:"رەسووڵ بڵێ بچنە مزگەوتێ ئەو دار تەرمە بێنن, کەلاکی ئەم نەفامەو ئەو عەسکەرە هەژارە بەرن. لەسەر تاتە بەردی حەوزە چووکەکەیان دانێن و دەرکی حەوزخانەکەش باش داخەن نەوەك جانەوەرێك بچێتە سەریان... هەرچەند ئەم حەیوانە ئەوەندە گەوج بوو پێم وانیە هیچ جانەوەرێك لێی نیزیك بێتەوە... ئەم عەسکەرە هەژارەش بە ئاوری ویەوە سووتا."

مزگەوت دوو حەوزی هەبوون, یەکی گەورە و یەکی چووکەڵە: حەوزی گەورە بە تاتە بەردەکانیەوە تایبەتی نوێژکردنی بەهارو هاوینان بوو, و حەوزە چووکەکەش تایبەتی خۆشوتنی پیاوان و مردووشوتن بوو.

دارتەرمەکانیان هێنان و جەنازەی باش چاوەش و عەسکەرەکەیان بردن و ژوورەکە تۆزێك چۆڵ و ئارامتر بوو: کەلاکەکەشی هەر رەزا گران بوو, بەو چاوە هەڵمساوەی‌و بەو بەرچۆڵەمە داچۆڕاوەیەوە...

مامۆستا هەروا کەوتبوو" بابم گوتی هەتا جەڕاحەکە دێ چەند بڕ دار لە کوورەخانەکە باوێن, نەوەك پیرەپیاو سەرمای بێ" پاشان لەژووری ژنان ڕا رایەخان بەرنە ئەو ژوورەی دیکە رایان خەن و لەوێ جێگای بۆ سازکەن.

مامۆستا بەهەڵتەکاندنی چاووبرۆ تێی‌گەیاند کە حەز ناکا لێرە بێ و پێی‌خۆشە بچێتەوە ماڵی خۆی. لەو بەینە دا بابم و وان قۆڵی کەوایەکەییان هەڵ دڕیبوو, و مامۆستایان لەسەر تەنیشتی چەپەی درێژ کردبوو, و جێگای لێدران ودەرچوونی گوللەکەیان بە دەسەسرە گرتبوو" بۆنی کۆنە پەڕۆی سووتاو ژوورەکەی پڕ کردبوو, هەنگوینیان هێنابوو, دەیانەویست برینەکەی پێ ببرژێننەوە... کەجەڕاحەکە هات تەماشای برینەکەی کرد, سەر وخوار و راست وچەپی بەدەستی کرد... مامۆستای فەقیر گرژ دەبوو, و لێو و لووتی تێك دەنان بەلام هیچی نەدەگوت.

بابم گوتی:"رەحمان, چۆنە؟ شوکور کاریگەر نیە؟"

"نا ئاغا, لەسایە خوایەوە شتێك نیە... بەلاّم خوا رەحمێكی گەورەی پێ‌كردوە - قامكێك ئەملاتر بووایە ئێسكی شەپیلكێی هەلّ تەكاندبوو... خوا روحمێكی گەورەی كردوە..."

دەستی بەكار كرد. داوای ئاوی گەرمی كرد. سەماوەر دەكولّی, كچەكان ڕایان كرد ئاوی كولّیویان هێنا. داوای تەنزیلی كرد" لەسندووقی دایكم دا هەبوو كوتێكیان بۆ هێنا. جەڕاح برینەكەی شوتەوە, میلی دە برینەكە گێڕاو وەك خۆی دەیگوت كوتە گۆشتە سووتاوو رزیوەكانی دەرهێنان. هەموو گیانی مامۆستا لە ئارەق دا شەلاّلّ ببوو. دلّۆپە ئارەقی درشت بە نێوچاوانیەوە بوون. بابم گوتی:"رەسولّ, دەسەسڕەیەك لەو كچانە وەرگرە, نێوچاوان و دەم وچاوی مامۆستای پێ بسڕەوە!"

لەو بەینەدا ژن ومندالّی مامۆستاش بە گریانەوە گەیشتنێ, و ژوورەكە پڕ بوو لە زیڕو هۆڕ.

بابم گوتی:"مامۆستاژن, هیچ نیە شوكور... وەرە پێش بۆخۆت بیبینە... رەحمان خەریكە دەرمانی دەكا... باشە ئیدی... قەزاو قەدەرە..."

مامۆستا زەردەیەكی كرد و گوتی كە وەزعی باشە.

بابم بە دایكمی گوت:"جارێ مامۆستاژنێ بەرنە دیوی خۆتان با هەتا كاری رەحمان تەواو دەبێ ئیستیكانە چایەك بخواتەوە..."

دادە ئامین ڕای كرد دەسرەیەكی سپیی خاوێنی هێناو دایە دەستی كوێخا ڕەسوولّ... سەگەكە توند قرووسكاندی... جەڕاح تازە پێی‌دەزانی كە سەگەكە لە دیوەخانێیە. بە سەرسووڕمانەوە چاوی لەبابم كرد. بابم گوتی:"پێت سەیر نەبێ - ئەگەرئەم حەیوانە نەدەبوو, ئەو حەیوانە مشووری خواردبووم - و ئێستا لەو دنیا بووم... حەیوانی بەستەزمانیش بریندارە... كە كاری مامۆستا تەواو بوو, دەبێ ئەمیش دەرمان بكەی... دوایە بۆت دەگێڕمەوە... ئامین, رۆلّە, هەتا كاری مامۆستا تەواو دەبێ, ئەتۆ كەلە ئەخلاقی شارەزای, مووی دەوروبەری برینەكەی هەلّ پاچە, با جەڕاح بتوانێ دەرمانی بكا..."

"بە چاوان بابە..."

كاری مامۆستا تەواو بوو, و جەڕاح تۆزی "سەوزەگیا"ی كە لەدنیا دا بەناوبانگ بوو, بە برینەكەدا كرد و مەلّحەم وپلّیتەی بۆ دانا... باشە, ئێستا چ بكەن؟ مامۆستا پێی چەقاندبوو كەبچێتەوە مالّی خۆیان. بابم لە جەڕاحەكەی پرسی:"مەترسی‌یەكی نیە... ئەتۆ زامنی؟"

جەڕاح گوتی:"ئاغا, زامنی هەمووان خوایە, ئەمن چ کارەم کە زەمانەتی بکەم!..."

بابم گوتی:"مەبەستم ئەوەیە داخوا بزاوتنی خەتەری هەیە!... ئەگەر نیەتی هیچ ـ ئەگەر هەیەتی, با لێرە بێ, ماڵی خۆیەتی."

جەڕاح گوتی:"بەفکری من ئاغا, خەتەری نیە, ئێستا ئیدی ئیرادەی خوا بەچیە و چ دێنێتە پێش, ئەمەیان ئەمن نازانم."

بابم گوتی:"زۆر باشە, ئێستا بەجۆرێك بیبەینەوە کە برینەکەی نەکولێتەوە!"

"بە دارتەرم ئاغا!"

بابم هات, لەتەنیشت مامۆستا دانیشت, بە پێکەنینەوە گوتی:"مامۆستا, نارەحەت نابی بەو دارتەرمەی کە ئەو نەفامەیان پێ برد, جەنابیشت بەرنەوە ماڵێ؟ نارەحەتیش بی چار نیە... ناپیاوە وەك ژنان دەڵێن دووسێ تەختەی کەم بوون... دەی خوا عافووت نەکا کابرا, بۆ کاری داتە دەستمان! ئەگەر ئەم حەیوانە نەبا, ئەمن ئێستا لەخزمەت جەنابت نەبووم...!" ئەمەی گوت و پێکەنی.

مامۆستا زەردەیەکی کزی هاتێ و گوتی:"ئەشهەدوو, وایە... نەخەیر, قەیدی نیە..."

کوێخا گوتی:"ئاغا, دارتەرمەکان دوو بوون. ئەو دووەیان هەریەکەی بەدارتەرمێك برد."

بابم گوتی:"راست دەکەی, هیچ لەبیرم نەبوو کە کوژراوەکان دوو بوون, ئەمن تا ئێستا پێم وابوو هەر ئەو باش چاوەشە گەوجە بوو. ئەو عەسکەرە بەستەزمانەش تێدا چوو!... ئەو دارتەرمە بێننەوە کەعەسکەرەکەتان پێبرد. ئەم عەسکەرەش بە تەنیا بەجێ مەهێڵن."

"نا قوربان, حەمەشێت وەك شمر بەسەریەوە وەستاوە, چاوەڕوانە ئاغا پێی بڵێ هەتا گوللەیەك لەتەپڵی سەری بدا..."

بابم گوتی:"پێی بڵێ کاری پێی نەبێ, فەقیرە... مامۆستا, چات پێدەخورێتەوە, شووتی ناخۆی؟"

مامۆستا بەهەڵتەکاندنی چاووبرۆی تێیگەیاند کە نا. بابم گوتی:"رەحمان, ئێستا مامۆستا پارێزی چیە, دەبێ چ بخوا ـ پارێزی هەیە؟"

جەڕاح گوتی:"شۆرباوی مریشکێ لەگەڵ کەمێك گۆشتی سنگ یان رانی مریشك... بەلام "تێگوشین" نا, نامەوێ تین بەبرینەکەی بگا."

بابم گوتی:"کەوایە پارێزێکی وای نیە؟..."

"نەخەیر..."

دادە ئامین بە ڕەنگ بزرکاوی بە هەر زەحمەتێك بوو ـ بە ناز و لاواندنـەوە ـ کـوڵکی دەوروبەری برینەکەی کارۆی هەڵ پاچیبوو, و کارۆ ئامادە بوو... چاوەکانی پڕ لە پاڕانـەوە بوون... برینەکەی دەلستەوەو دەیقرووسکاند.

دار تەرمەکە هات. بەهێواشی مامۆستایان هـەڵ گـرت ولەسـەر دارتـەرمیان دانـا, لێفەیـەکیان پـێ هـەڵ کێشـاو زۆر بـە پـارێزەوە لـە پلیکانـەکان بردیانـە خـوار. ژن و منداڵەکەشی هاتن. هەموو جگە لە جەڕاح و دادەئامین هەتا بەر دەرگـا لەگـەڵی چـوون. لەبەردەرگا بابم گوتی:"ئێوە تەشریف بەرن... ئەمنیش هەر کە کاری ئەم حەیوانە تـەواو بوو, بەخزمەت دەگەم... باوەڕ بفەرموو هەقی ژیانی بەسەرمەوە هەیە."

هاتینەوە دیوەخانێ. بابم گوتی:"چای بۆ رەحمانی بێنن... بۆ هەمووان بێنن... ڕەحمان ماندووی, نەختێك بحەسێوە, پاشان. ئەمنیش ماندووم. نەحلەت لە بابی. شەڕێکی خەراپی ساز کرد, ئەو کابرا نەزانە! دیار بوو پڕیان کردوە." دەستێکی بە نێوچاوانێی داهێنا. جێی قەمچیەکە بەقەدەر قامکێك هەستابوو.

"ڕێوی" بەباوەشی دادەمەنیجەوە بوو, هەر لەدوورەوە لەسەر پلیکانان باوەشی بـۆ بـابم کردەوە" دادە مەنیج ویستی بچێتە ژووری خۆیان, منداڵەکە دەستی کرد بەپەلـەقاژە. بـابم گوتی:"بیهێنە... وەرە, وەرە!" منداڵ خۆی لە باوەشی بابم هاویشت, گیرفانی سەڵتەکەی پشکنی, کلۆ قەندەکەی دەرهێناو بەبابمی نیشان داو بەدەمیەوە پێکەنی. بابم گوتی:"هەی فێڵـەزان ! ئـەتۆ لەمـە ئـاقڵتر بـووی. هـەر کەچـاوت بەقەڵافـەتی ئـەو گەوجـە کـەوت گەڕایـەوە... ئـەتۆ زۆر زرنگـی... دەبـوو بـەمنیش بڵێـی ـ ڕەفیقێکـی زۆر خـەراپی "ڕێوی"!... بەڵام چاکت کرد گەڕایەوە, زراوت دەچوو, تێگەیشتی؟ ئەم زراوە چووکەڵەت دەچوو!..." پێستی سنگی لەسەر مەمکی بـەدوو قامکـان گـرت و بەخۆشەویسـتیەوە کێشای و رایوەشاند. رووی کردە دادەئامین وگوتی:"خوا رەحمیکرد, ئـەگینا ئـەم منداڵـە هەم دەتۆقی و هەم دەبەر پێیان دەچوو... سەگبابە کەرێك بوو پـڕی سـەد تەویلـە! هـەی نەحلەت لەبابت کەبوویە باعیسی مەرگی ئەو لاوە بەستەزمانەش!... رۆڵە, قـەدری ئـەم حەیوانە بزانە. دەبێ سەربەسەر بەجەواهێری هەڵ کێشی... هیچت لێی وەچاو نەبێ. هـەر خواردنێکت پێ بـاش بـوو بـۆی دروسـت کـە... دەتـەوێ لـەکوێی دانێـی؟"دادە ئـامین بەگریانەوە گوتی:"بابە, خەجاڵەتم." بابم نێوچاوانی تێك نا. "ئەگـەر ئیـزن بـدەی باهـەر

لەجێی خۆی بێ, نایەوێ لەمنداڵەکە دوور بێ. چاوی لەمنداڵەکە نەبێ لە بەین دەچێ... سەر پلیکانەکە گەورەیە. ئەمن بۆخۆم ئاگام لێی دەبێ."

بابم گوتی:"زۆر باشە, رۆڵە, هەر کوێ بەباش دەزانی... ئاگات لەو جووتە برایەش هەبێ, ئەم بەستەزمانانەش نارەحەتن." براکان دەگریان.

"بە چاوان بابە, خەجاڵەتم... کەنێوچاوانی جەنابت دەبینم..." لەبەرگریانێ قسەکەی پێ تەواو نەکرا... دەلەرزی.

"قەیدی نیە رۆڵە, دێتە پێش ـ قەزاو قەدەرە...!" ئاوڕی دایەوە سەر منداڵەکە, دەستی بە نێوچاوانی دا هێنا:"دیوتە رێوی؟ بڤە بووە!" منداڵ دەستە چکۆڵەکەی بە نێوچاوانی بابم دا هێناو لاواندیەوە:"ئەها, چابۆوە!" هێشتا زمانی نەپشکووتبوو, بەڵام مەبەستی خۆی دەگەیاند.

بابم گوتی:"ئەی, دەردوبەڵای تۆی بستەمنداڵێك لە سەری هەرچی کورد و تورکی نەزانە بکەوێ. ئەتۆ بەو منداڵیەت تێدەگەی...!"

سۆفی رەحمان گوتی:"دەمی نابەستی, دادە, قەپم پێدا ناکا؟"

"نا مامە سۆفی, پێویست نیە, بۆخۆم لەلای بم هیچ ناکا."

جەڕاح دەست بەکار بوو, و حەیوانەکە گوێی بۆ لاواندنەوەی دادەئامین هەڵ خست و زۆر بەئارامی خۆی لەبەر ئازارەکە راگرت.

"باشە, ئێستا بۆ ئەوەی برینەکە نەلێسێتەوە, دەبێ بیبەستین. کوتە پەڕۆیەکم دەوێ کە راست وچەپ شانانی ببەستم... پەڕۆیەك, بەنێك, شتێکتان هەیە؟"

دایکم گوتی:"جاومان هەیە, سۆفی رەحمان. جاو دەبێ؟ زۆریشمان هەیە."

سۆفی رەحمان گوتی:"بەڵێ دەبێ و زۆریش باشە...!"

دایکم بە دادەئامینێی گوت:"رۆڵە, بۆخۆت بچۆ بیهێنە." کلیلی یەغدانەکان هەموو بە دادەئامین بوون. پێشتر, دایکم کلیلەکانی لە بەرۆکی خۆی قایم دەکردن وئەگەر میوانێك, کەسێك دەهات و شیرنیاتێك, شتێك پێویست دەبوو, بۆخۆی دەچۆ سەر یەغدانەکەو دووبارە کلیلەکانی لە بەرۆکی دەدانەوە. متمانەی بەکچەکان نەبوو. لەوەتا دادەئامین هاتبوو, کلیلەکان بەو بوون و کچەکان هەرچەند وەسەر خۆیان نەدێنا, بەڵام بەو کارەی دایکم نارەحەت بوون.

سۆفی رەحمان برینەکەی بەست و دادەئامین و رەحیم و بابم و رەسووڵ چوار بەچوار حەیوانەکەیان لە جێی خۆی هەڵ گرت و بردیانە سەر پلیکانان. بابم گوتی:"شیلان, رۆڵە, دنیا بەرەبەرە سارد بووە. غاردە ئەو لمەدە بێنە بۆی راخە... لەپاشخانەی ژووری براکانە..." غارم دا, هەتا ئەوان گەیشتنێ لمەدەکەم هێناو رام خست.

حەیوانەکەیان داناو هاتنەوە دیوەخان... دادەئامین تاوێك لە لای مایەوە. هێلکەورۆنی بۆ دروست کردبوو, هێنای و لە پێشی دانا...

بابم بەدایکمیگوت:"ئێرە چ لـێ بکەین, فاتم, ئەو هەموو خوێن و چەپەڵییە!؟"

دایکم گوتی:"دەبێ بلێین بیشۆن."

بابم گوتی:"کەنگێ؟"

"هەر ئەمشەو. نابێ بێڵین وشك ببنـەوە..." بـە رەحیمـی گوت:"کارەکـەرەکان لـێ بوونەوە؟"

"بەڵێ خانم, لەمێژە" مەڕ هاتبوو, کەچی ئێمە هەر پێمان نەزانیبوو کە تاریك بـووەو شەو داهاتوە!

دایکم گوتی:"زۆر باشە. کەوایە ئەم دوو فەڕشە زۆر بەهێواشی کۆ بکەنەوەو بیان بەنە حەوشەی. هەر ئێستا بیان شۆن و بەسەر دیواریان دا بدەن" ئەگەر هەوا خۆش بـێ, هـەتا سبەینێ وشك دەبنەوە... دوایە حەسیرەکانیش بـەرن... شـیلان, مـەنیج, رۆڵـە, ئەگـەر خڕیان کردنەوە, ئێوەش کۆنە پەڕۆیەك بێنن بە پەڕۆ بیسڕنەوە!"

فەڕشەکانیان لوول داو بردیانن... بابم راوەستابوو, دوودڵ بـوو. دایکـم بـە کچـەکانی گوت:"بزانن ئاوی گەرمان هەیە... سەماوەر داییسا. ئاوێ گەرم بێنن بابتان دەست وچاوان بشوا... دەبێ بچێ سەرێکی ئەو موسوڵمانەی بدا..." مەبەستی مامۆستا بوو.

بابم لەپەنا پەنجەرەی راوەستابوو, و لەفکرەوە چووبوو. ئاوڕی دایەوە, گوتی:"یـەکجاری جلەکانیشم بۆ بێنن با خۆم بگۆڕم" نا, مەیان هێنن, دەچم لەژوورەکەی ئێوە خۆم دەگـۆڕم. ئەمانەش بدەن بیان شۆن... پیس بوون. هەرچۆنێك بـێ دەسـتمان لـەم حەیوانـە داوە ـ هەرچەند سەد جار لـەم خەڵکـە بەرواڵـەت موسـوڵمانە خـاوێنترە... ئـەی دەردو بـەلات لەسەری هەرچی ئینسانی بێمایەو ناتێگەیشتووە بکەوێ!..." پاشان ئـاوڕی دایـەوە لای دایکم:"شتێکم وەبیر هاتەوە... ئەمشەو تازە چوو ـ ئەمشـەو هـیچ , بـەلام بـەیانی زوو چوارپێنج مریشکان بۆ ماڵی مامۆسـتا بنێـرە. ئەگـەر بۆخۆمـان نیمـانن, بنێـرە لـەنێو ئاوەدانی بکڕن. بەلام زوو بیان نێرە, هەوەڵی بەیانی لەگەڵ هێندێك برینج ورۆن ـ فـەقیرە بۆخۆی دەست کورتە. لـەبیرت نەچـێ. ئەمشـەویش بۆخۆتـان گۆشـتاوێك لـێنێن و بـە مەجومعەوە بۆی بنێرن..."

بابم دەست وچاوی شوتن, و جلەکانی گۆڕین و چووینە ماڵی مامۆستا...

KKK

# ١٠

ئەو شەوە درەنگ وەختێك لەماڵی مامۆستا ڕا هاتینەوە. لەوێ بـووین هـەتا شـێویان لەماڵی خۆمانەوە بۆ هێنا. وەزعی باش بوو, هەرچەند تای هەبوو, و بەردەوام ئارەقەی لـە لەشی دەچۆڕا.

شێومان لە ژوورەکەی دایکم خوارد" ڕێوی خەوتبوو, بابم وەڕەز بـوو, هەرچـەند لەبـەر دڵی منداڵـەکان وەسـەر خـۆی نـەدێنا. بـەدایکمی گوت:"تـوتن وپـەڕمان لـە ماڵـێدا هەیە؟..."

دایکم گوتی:"بەڵێ, ئاغا, دەبێ هەمان بـێ..." و بـە دادەئـامینێی گوت:"ئـامین, ڕۆڵە, لەیەغدانە گەورەکەدا لەبن جلەکان دایە... لەکیسەیەك دایە لەگەڵ پەڕە سـیگار. بڕۆ بێنیە بۆ بابت!"

دادە ئامین کیسەکەی هێنا:"ئەمەیە دایە؟"

"ئەدی, ڕۆڵە!"

بابم گوتی:"بۆخۆت بۆم وەپێچە. ئەمن باش نازانم."

دایکم یەکەم سیگاری پێچایەوەو دایە دەست بابم, و دادە ئامین شەمچەی هێناو دایکم دووبارە خەریك بوو.

بابم گوتی:"هەر ئەو چوارپێنجەی پێچاوتووتنەوە بەسـن... ئیشـتیام بـۆ چـووبوو... زۆران مەپێچەوە."

دایکم گوتی:"باشە ئیدی, جاری وایە پێویست دەبێ... دێتە پێش... بەڕاست ئاغـا, چ بوو... بۆ وای لـێهات؟..."

بابم پێکەنینێکی تاڵیکرد وگوتی:"وەڵڵا بڵێم چی... یادۆ لەوێ بوو, هەموو شتێکی دیت وبیست... سەگبابە زۆر نەفام بوو, زۆریشیان پڕ کردبـوو... غـەفوورئاغای خـزم و خوێشمان خەراپی دەرس دادابوو. (غەفوورئاغا کوڕە پـووری بـابم بـوو) وەختێـك سـەرۆك عەشیرەتێك ـ ئـەویش چ سـەرۆك عەشـیرەتێك (دایکـم گوتی:"لـەماڵێی دا نیـە دانـەی بروێشی, دەعیەو دەماری کەرێك نایکێشـی") لـە بـەردەم پێپەتیـەکی ناتێگەیشـتوو

دادێتەوەو هەر دەقیقەوسانیە جارێك ئەفەندی ئەفەنــدیی لــێ دەگرێتــەوە, لەمــە باشــتر چاوەڕوانی ناکرێ! ئەو کەرانە ئیدی ئەوەندە تێناگەن کەبزانن گــورگ ئەگــەر لەمــەڕی دا ناپرسێ ئەمە هی مالّی کێیە. بەم ئەفەندی ئەفەندی گوتنە سەگبابەیان شێت کردبوو. بە قەولی مامۆستا گووی دەخوارد و پیّی وابــوو شــەکری شــکاندوە! ســەگبابە بــەهیچ بــاران باشاری نەدەکرا. دەیگوت ئەمن دەبێ ژن وکچ و بووکــەکانت ببیــنم! هێنــدێ پرســیاریان لــێبکەم...! باشە ئیدی وای لــێهات. (پێم وایە لەبەر خاتری دلّــی دادە ئامینــێ باســی قەمچییەکەی نەکرد) هەرچەند دەڕوانم و دەبینم ماوم بــەو وەزعــەوە زیــاتر وەك مــۆجیزە دەچێ. لەو نێوەدا مامۆستای فەقیر و ئەم حەیوانە بوونە قوربانی!..."

دایکم گوتی:"نا, ئیشەللّا خوا رەحمیان پێدەکا. پیاوێکی باش و بەدینە. حەیوانەکەش بەفەرمایشتی خۆت هەزار کروور دێنێ... ســۆفی رەحمــان دەیگــوت لــە ســایە خوایــەوە خەتەری نیە."

"نا, بەروالّەت خەتەری نیە, ئێستا بزانین خوا چ دەکا... بەستەزمانە لەونێوەدا هــیچ گوناحی نەبوو... ئێستا ئەمن هەرشتێك... بەلاّم ئەو فەقیرە نەسەری سیرێ بوو, نە بنــی پیوازێ... بەلاّم نەم زانی ئەم سەگە چۆن لەوێ ڕا هــاتبۆ ئــەم بەریــدەرگا! پیــاو ســەری لەکاری خوا سوڕ دەمێنێ...خوا ئەگەر نەیەوێ مقدّرێك بقەومێ, لــە بــن عــەرزێش بــێ وەسیلەی بۆ رێك دەخا...!"

گوتم:"بابە, دادە ئامینێ کارۆی هێنایە وێ."

"نا!"

"با ئەو هێنای... لە خۆشی بپرسە... وانیە, دادەئامین؟"

دادە ئامین گوتی:"بەلّێ بابە, ئەمن هێنام."

بابم گوتی:"بەلاّم چۆنی دۆست ودوژمن لێك کردەوە, ئەمن لەوە سەرم سوڕماوە!"

دادە ئامین گوتی:"ئەمن پێم گوت, بابە, بەئاماژە نیشانم دا... بۆ کاکە یــادۆم بــاس کردوە, هۆسپ زۆری زەحمەت لەگەلّ ئەم سەگە کێشاوە. لە فرسەقە رێیەك ڕا بۆنی دوژمن لێك دەکاتەوە. دۆست ودوژمن بەچاولێکردنێك دەناسێ. هەر هەوەلّی کەهاتن ئەمن وریــای بووم. چاوێکی لە من کرد, تێگەیشتم کەهەر ئەودەم دەیەویست خۆی پێدا دا, ئەمن نــەم هێشت. قامکم لەسەر لێوم دانا, گوتم بێدەنگ بــێ. دوایــە گــوتم بچــێ لــەوێ دانیشــێو وریابێ... بابە, جەنابت هێشتا باش شارەزای ئەخلاقی نەبووی: کەچاو لە دۆســتی دەکــا, چاوەکانی پڕ دەبن لەخۆشەویستی..."

بابم گوتی:"سبحان الله... رۆڵە, هەوەڵی کە هاتی و گوتت لە چیاوبەندەنان خەوتووی بەڕاستی پێم سەیر بوو. باوەڕم نەدەکرد کە ژنێکی جحێڵی بێدیفاع توانیبیەتی سێ چوارشەو لەدەرێ وەمێنێ, بێ پشت وپەنا... بەڵام بەو سەگەوە دەکرێ بە خەیاڵی ئاسوودەوە بە نێو لەشکرێك دوژمن دا هات وچۆ بکەی... خوا بێپارێزێ, دەردوبەڵای لە سەری پیاوی وەك غەفوور ئاغا بدا... ئەمشەو چیت داوەتێ؟ هەرچی پێت باش بوو بۆی دروست کە رۆڵە, چت لێ وەچاو نەبێ, حەیفە!"

دایکم گوتی:"هێلکەو رۆنمان داوەتێ... ئامین بۆخۆی بۆی دروست کرد..."

دادەئامین گوتی:"لەوێ هەروەخت کارێکی باشی دەکرد, مێردەکەم هێلکەو ڕۆنی بۆ دروست دەکرد..."

بابم گوتی:"کەوایە ئێمەش لە بیرمان بێ. دووسبەی وەختێك جەڕاح برینەکەی کردەوەو بۆی بەستەوە, دووبەدوو پێکەوە هێلکەورۆنی بۆ دەبەین." دوایە گوتی:"رەحمان بۆ برینەکەی چیی گوت, نەی گوت کەنگێ دەی کاتەوە؟ برینەکەی مامۆستا دووسبەی دەکاتەوە..."

"بۆچی بابە, گوتی دووسبەی پاش نیوەڕۆیە..."

"کەوایە, لەگەڵ برینەکەی مامۆستا پێکەوەیان دەکاتەوە..." سیگارەکەی لە ژێرپیاڵەکەدا کووژاندەوە؛ ئەو سێ سیگارەی پێی مابوون دانیە دەست من... گوتی:"رێوییش خەوتوە!... ئەمنیش چیتان لێوەشێرم ماندووم, دەڵێی پاچ کاریم کردوە, هەموو لەشم کوتراوە. جێی منت لەکوێ راخستوە؟"

دایکم گوتی:"هەر لە دیوەخانێ... خاوێنمان کردەوە, بەڕەکانی ژووری رەشیدمان تێدا راخست..." (کاك رەشید برام بوو).

بابم گوتی:"زۆر باشە..." هەستا, لەبەر دەرگا ئاوڕی دایەوە:"ئامین بەکەست سپاردوە سەری ئەم حەیوانە بدا؟ تفەنگچییەکان لە خوارێن, دەبێ بەخەبەر بن..." و بانگی کرد "رەحیم!"

دادەئامین گوتی:"نا, بابە, نێوانی لەگەڵ تفەنگ نیە. ئەمن بۆخۆم سەری دەدەم؛ شەوێ کە منداڵەکە هەڵ دەستێ شیری بخوا, سەری دەدەم. شاهۆش هەیە, نایەڵێ تەنیا بێ, کوڕێکی رێك و پێکە... ئێوە خاترجەم بن."

"زۆر باشە!"

رەحیم هاتبوو. "بەڵێ ئاغا..."

"نانتان دا بەو عەسکەرە؟"

"بەڵێ ئاغا."

"کێی بەسەر سەرەوەیە؟"

"حەمە, ئاغا."

"ئێشکی بۆ دانێن. نەوەك هەڵێ. با بزانین دوایە چیی لــێ دەکەین..."

"بە چاوان ئاغا."

کارۆ لەسەر کەلەکەی راست درێژ ببوو, و بە چاوێکی پڕ ئێش وئــازار و مــەزڵوومیو میهرەبانی‌یەوە تەماشای دەکردین. بابم چۆکی لەپێش دادا, و نەختێك لاواندیەوە" حـەیوان وەك گەورە کچێك کە میوان تاریفی کردبێ, بە شەرمەوە پێڵووی لە سەر یــەك دادەنــان و جاروبار نووزەیەکی سوکی دەکرد, بەڵام زۆر خۆی بێواز نیشان نەدەدا.

رەنگی دیوەخانێ گۆڕابوو" تفەنگەکان هەر لەو قولینچکە بوون کـە لێـی دانرابــوون. دەمانچەی باش چاوەشیش هەر لە جێی خۆی بوو. بابم لە پێش دا چۆ سەر تفەنگەکان. یەك بە یەك تاقیی کردنەوە. هەموویان پڕ لە فیشــەك بــوون. فیشــەکەکانی لـــێ دەرهێنــان" پەڕەبێڵەکەشــی بــە بێزاری‌یــەوە هــەڵ گــرت" لــەپێش دا دەســتی بەدوگمــەی ســەرەوەی دەسکەکەی دا هێنــا, دەراغەکــەی دەرهێنــا. پاشــان گەلانگێــدانی لـــێدا, روو بەحــەوا, فیشەکەکە دەرپەڕی. فیشەکی لەبەر دابوو. خوا روحمی کرد کەلەو ماوەیەدا کەس دەســتی لــێنەدابوو. بابم دووبارە گەلانگێدانی لێداو پەلانپیتکەی روو بەمیچی خانووەکە چرکاندو دەمانچەکەی بە بێزاری‌یەوە فڕێ دایە سەرزەوی... و بانگی کرد:"فاتم... شیلان!" داوای تەشت و مەسینەی کردو بەقێز و بێزەوە دەستی بەسابوون شوتنەوە.

KKK

# ١١

لووتکەی باسکەڕەش تازەگوڵی هەتاوی لە سنگی خۆی دابوو کە دایکم لەخەویی هەستاندم. هەوا خۆش بوو. بابم هەستابوو, لەبەرهەیوانێ بوو.

دایکم گوتی:"هەستە کوڕم... درەنگە, لەوانەیە کەسێك بێ... بابت لەمێژە ماتڵە... هەستە برۆ دەست وچاوان بشۆ." ئیدی ماتڵ نەبوو, و لێفەکەی کۆکردەوە. ناچار بووم, چوومە حەوشەی دەست وچاوان بشۆم.

کێوەکەی پشت ئاوایی بە دڵشکاوی نێوچاوانی تێك نابوو, زەردەخەنەی باسکەڕەش سات بەسات پان و پۆرتر دەبۆوە" بایەکی فێنکی دەهات و دەستی بە پەنجەرەو دیوارەکان دا دێنا, جارێك توندوجارێك لەسەرەخۆ: هێندێ جار وەك ئەو کوێرانەی دەست لە شتێك دەکوتن هەتا بزانن چیە" و هێندێ جاریش توند وەك ئەومندالانەی بە پەنا ماڵی دەوڵەمەندان دا تێدەپەڕن و خێرا قامکێك بە دیوارەکەی دا دێنن و دەڕۆن.

بابم عادەتەن بەهاران و هاوینان, ئەو دەمانەی هەوا خۆش بوو, دەچۆ حەوزو کانیێیەکەی ئەوبەر چۆمی دەست وچاوی لەوێ دەشوتن. ئەو وەختانەش کە هەوا خۆش نەبوو, تەشت و مەسینەیان بۆ دێنانە دیوەخانێ. ئەمرۆ نەچووبوو, یان لەوانە بوو چووبێ و هاتبێتەوە. بە ئاوی ئەو جۆگەلەیە کە لەکانیی ژنانەوە دەهات و بەحەوشەی دا دەڕۆیشت دەست وچاوی نەدەشوتن" بەڵام ئێمەی مندالێ گوێمان نەدەدایە, هەر بەو ئاوە دەست و چاومان دەشوتن, وجاری وابوو کە لە یاری ماندوو دەبووین لێشمان دەخواردەوە.

دەست وچاوم شوتن. سەرێکی ژووری نۆکەرەکانم دا: حەمەی لێبوو, لەگەڵ عەسکەرە تورکەکە. عەسکەرەکە دانیشتبوو, ئەژنۆی لەباوەشی گرتبوو, و حەمەش لەبەر دەرگا راوەستا بوو سیگاری دەکێشا.

هاتمەوە لەسەر پلیکانان تووشی دادە ئامینێ بووم, جێیەکەی کارۆی خاوێن کردبۆوەو دەچوو بێڵەکە بەتاڵ کا. بۆنی عەتری چا دەگەیشتە پلیکانان.کارۆ لەسەر لمەدەکە لەسەر تەنیشت کەوتبوو, قاپە ئاوەکەی لەپەنا بوو. نەختێك لاواندمەوە. بابم هێشتا لەبەر هەیوانێ بوو, و بە دووربینەکەی دەیڕوانیە دەوروبەر.

دایکم بانگی کرد:"ئاغا, بەرچایی حازرە!"

بابم دووربینەکەی لە کیفی هاویشتەوەو هاتە ژوورێ... گنجی نێوچاوانیێ وێک هاتبوون. دایکم, وەك لەگەڵ خۆی قسە بکا, گوتی:"بێ قەزاو بەلاَبی خوویەکی خەراپت گرتوە... سەد جارم پێ‌گوتی لەو جۆرە وەختانەدا لەبەر هەیوانێ پیاسە مەکە... بۆخۆت ماشەڵلاَ رەخنە لە هەموو کەس دەگری... ئەگەر لەو دوورەوە چلکاوخۆرێکی خوا نەناس گوللەیەکی لێ‌دای, چ دەکەی!"

بابم زۆر بەنارەحەتی گوتی:"هیچ, هیچ ناکەم, دەکەوم... ئەتۆش زۆری ورد تێ‌دەگری! گیانی بنیادەم بە دەست خوایە... هاویشتی, هاویشتی... دنیا خەرا نابێ. وادیارە هێشتا عومرم لەو دنیایە تەواو نەبووە - ئەگەر تەواو بایە دوێنێ رۆیشتبووم..."

دایکم گوتی:"ئەتۆش هەر لە فکری خۆت دای... ئەمن بەدەرەك, ئەم زەعیفەیە, ئەم بستە منداڵە چ بکەن!"

بابم گوتی:"ئەوە بکەن کە خەڵکی دیکە کردوویانە... ئەتۆش زۆر پەرتی. کێ لە دوای کێ مردوە!... بەوحیسابە بایە دەبوو ئەمن نەبام. چونکە بابی خۆم بەحاڵ وەبیر دێ... هەرکەس جۆرێك گەورە دەبێ. نابێ زۆریشی قووڵ تێ‌بگری... حەمە فەرەج هاتۆتەوە؟"

حەمە فەرەج قاچاخچی بوو, تورکی و فارسیی دەزانی.

دایکم گوتی:"پێرێ شەوێ هاتۆتەوە, هێشتا نەڕۆیوەتەوە... تا دوێنێ نەڕۆیبوو."

"کەوایە حوسێن یان کەسێکی دیکە بنێرە, بلێ نەچێتە هیچ کوێ, کارم پێیەتی."

"بلێ بێ؟" ئەمجار گوتی:"ئێستا نا, با قاوڵتی بخۆین, دوایە... دوێ شەو گوتم شت بۆ ماڵی مامۆستا بنێری ناردت؟"

دایکم گوتی:"نا, لەکوێ ناردوومە؟ دوێ شەوێ گوتت, ئەمڕۆ بەیانی بۆی دەنێرم. دەڵێم نەختێك هەتاو گەرم بێ."

بابم گوتی:"کەوایە لەبیرت بێ, جگە لەوانەی پێم گوتی لەو چایەی خۆمان گروانکەیەکی بۆ بنێرەو مریشك و برنج و رۆنیش دەنێری؟"

"بۆخۆیان رۆنیان هەیە..."

بابم نێوچاوانی تێك نا... دایکم وەك هەموو کابانان بەنابەدڵی گوتی:"زۆر باشە!" واتە الحكم لله لەزاری منداڵەکانی خۆم دەگێڕمەوە و بۆ منداڵی "خەڵکی دیکە"ی دەنێرم.

ناشتامان خوارد. داده ئامین و خوشکەکان و جووتە براکـە لـەوێ نـەبوون. دادەئـامین هاتەوە.

"ها, ئامین, چیە؟"

دادەئامین گوتی:"هیچ نیە, هاتم سلاوێك بکەم."

بابم گوتی:"و علیك السلام ـ سوپاس کچم... شەوێ پێت کـرا سـەری ئـەم حەیوانـە بدەی؟"

"بەڵێ, بابە, سەرم دا, بە هەموو شتێکی راگەیشتم... شاهینیش هەسـتابوو, پـێش من سەری دابوو. قاپە ئاوەکەی بۆ پڕ کردبوو."

نێوچاوانی بابم تاریك بوو. گوتی:"ئامین, رۆڵە... ئەمن تا ئێستا بەتـەمای تـۆ, بـەو هیوایە کە ئێستا ئەتۆ کەس و کاریانی, و لەهەموو کەسـت لـێ نیـزیکتری, بـەوجۆرەی پێویستە لەو منداڵە بێگوناحانەم نەپرسیوە... کێ جلـەکانیان بـۆ دەشـوا... هیچـیان هەیە, وەزعی کەوش و جل وبەرگیان چۆنە؟... ئەتۆ تا ئێستا هیچت بەمن نەگوتوە..."

"شتێکیش نـەبووە عـەرزت بکـەم, بابـە. بۆخـۆم جلکانیـان بـۆ دەشـۆم... وەزعـی کەوشەکانیان کەمێك ناتەواوە... دەنا کەمایەسیان نیە..."

بابم گوتی:"ئەدی بۆ تا ئێستا بەمنت نەگوتوە؟ باشتر بوو پێم بڵێـی... ئـەم منداڵـە بێگوناحانەش خەڵکی ئەم ماڵەن, ئەوانیش هەقیان لەم ماڵەدا هەیە..."

دادە ئامین گوتی:"خوا سەحەب ماڵ راگرێو راوەستاو کا."

بابم گوتی:"زۆر باشە... ئێستا بانگیان کە بێن دانیشن, ئیستیکانە چایەکمان لەگەڵ بخۆنەوە..."

وەسمـان وشـاهۆ هـاتن" بـابم پـاش ئەحواڵپرسـین هێنـدێکی دڵخۆشـی دانـەوە... گوتی:"دوێنێ دیتم کەمێك نارەحەتن... باشـە ئیـدی, ماشـەڵلا ئێسـتا ئێـوە جحـێڵن, ژیانتان لەبەردەم دایە. ئێوە پیاون, ئەم جۆرە شتانە لە ژیان دا بۆ پیـاوان دێنـە پـێش... دەبێ خۆتان ئامادەکەن... ماشەڵلا ئیدی گەورەن. بەداخـەوە ئـەم ماوەیـە خـزم وخوێشـە کورد وتورکەکانمان (هەمووومان پێکەنیین) دەرفەتیان نەداوین هەر نەبێ پێکەوە دانیشـین دەردی دڵمان بۆ یەکتر باس بکەین. ئەمن وەك یادۆ زۆر وازم لە یاری نیە, بـەلام زۆر قسـە دەکەم, چەندی بتانەوێ ـ شەڕە شێعر دەزانن؟"

منداڵەکان سەریان داخسـتبوو, و بـە قەلافـەتێکی دڵپاکانـەوە لەبنـەوە تەماشـایان دەکردو زەردەیان دەهاتێ.

"ئامین, چای بۆ شاهۆ و وەسمانی تێکە!... بەڵێ, کورِم, لەژیان دا دێتەپێش کەپیاو وەك ئێوە ناوی خۆی بگۆڕێ. پێتان سەیر نەبێ. ئەمنیش بەمنداڵی ناویان لێ گۆڕیم... ئەو وەختەی تورکان بابمیان کوشت (منداڵەکان چاویان بوونە چوار) ماوەیەك بەدوای مـن دا گەڕان, هەروەك ئێستا بەدوای رێوی دا دەگەڕێن. بەڕاست وەبیرم هاتەوە, ئامین, دوێنێ ئەو نەفامە لە شاهۆ و وەسمانیشی پرسی!"

دادەئامین گوتی:"چۆنیان زانیبوو, بابە!؟"

"بۆخۆمان گوتمان... بەڵێ, هەروەك بەدوای رێوی دا دەگەڕێن... سوپاس بۆ خوا بابی سلامەتە. ئەو بابەی ئەمن دەیناسم, بەو ئاسانییە کلکی بەتەڵەوە نابێ... لەهەر کوێ هەیە خوا بیپارێزێ!... ئامین, ئەمەم بۆ باس نەکردبووی: وەختێك بابمیان کوشت خاڵەکانم منیان لە ماڵەکانی خۆیان شاردەوە. ئەمن نۆکەرو کلفەتی خاڵەکانم نەدیبوون... یان ئەگەر دیبووشمن لەبیرم نەمابوو. لێرە لەنێو عەشیرەت, کچ ئەگەر مێردی کرد تازە رۆیشتوە" لێرە مەسەلێکمان هەیە, دەڵێ کچ وەك برِەدارێك وایەکە لەسەر پردێ ڕا لە چۆمیت هاویشتبێ... ئەگەر رۆیی, رۆیی! ئەمن بۆخۆم باوەڕم جۆرێکی دیکەیە" ئەمن تا ئێستا هیچ کاتێك بەرەزامەندی کچم بەمێرد نەداوە. ماڵێك کچی لەسەر ماڵێ بێ شتێکی دیکەیە, بەتایبەتی بۆ دایك وبابان. بەهەر حاڵ کچێك کەمێردی کرد, بەدەگمەن ئەگەر سێ ساڵ یان پێنج ساڵ جارێك باب یان براکانی سەرێکی بدەن... دەبینی کچ چەند ساڵە رۆیشتوە, منداڵی بوون, منداڵەکانی گەورە بوون هێشتا ماڵی بابەگەورەیان نەدیوە, بەتایبەتی ئەگەر بنەماڵەی کچەکە نێوانی لەگەڵ بنەماڵەی مێردەکەی ناخۆش بێ, کەلێرە زۆر جار وایە. هەر ئەو باش چاوەشە گەوجە کەدوێنێ ئەو بەزمەی سازکرد, لەماڵە کورِە پووری خۆم ڕا هاتبوو!"

دادە ئامین ومنداڵەکان سەریان سورِ مابوو.

"بەڵی, خەریك بووم باسی ئەوەم دەکرد کە ئەمنیش ناوم گۆڕی. وەك دەزانن ناوم شێرۆیە. ئەودەم ببوومە سلێمان وتورکان دەرکا ودەرك بەدوام دا دەگەڕان. ئەودەم ئەمن لەتەمەنی ئەم وەسمانی حازرییەدا بووم و هەروەك ئەتۆ رێویت لەبن کۆشت ناوەو لەحزەیەك لێی غافڵ نی, دایکی خوالێخۆشبووم..."

دادەئامین گوتی:"خوا عافووی کا!"

"بەڵێ, دایکی خوالێخۆشبووم بە قەولی خۆی ببووە لینگە کەوشەکۆنی لاقی مریشکێ... بۆخۆت دیوتەو دەزانی, وەختێك مریشکێکی غەریبە دێننە ماڵێ, بۆ ئەوەی فێری ماڵەکە بێ, بەدەزوو لینگەکەوشێکی کۆنی دەلاقی دەخەن. دایکم فەقیرە ئاوا ببووە

پابەندی من. ئەم ژنە هەژارە زۆری ئازار دەچێشت, وەك بۆخـۆی دەیگـوت سـەرێکی پـڕ ژانەسەری هەبوو... قومێك ئاوی رەحەتی لەگەروو نەچۆ خوار. نەخۆشی وئەو جۆرە شتانە لەولا بن, فەقیرە هەمیشە هۆشی لەلای من بوو. لەبیرمە هاوینان شەوێ لەگەڵ خاڵـەکانم لە سەربانی دەنووستم... منداڵ بووم, لەبیرمە ـ لەوەگەڕێ چەند پاڕامـەوە هـەتا دایکـم رێگای دام دوور لە خۆی لەگەڵ پیاوان لە سەربانی بنووم... لەبیرمە شەوێکیان ـ ئێستـا ئەتۆ کچمی و ئەوانەش لەجێی نەوەکانمن, بەڵێ, شەوێکیان لەگەڵ خاڵەکان لـە سـەربانی خەوتبووم... لای نیوەشەوێ بوو, لەبیرمە کەڵەباب دەیان خوێند. کاری سـەراوێم هـەبوو. هەستام کارەکەم بکەم ـ هەر لەو بڵندە لەسەربانی, وەك هەموو منداڵان. مانگە شەو بوو. دیتم لەسەر ئەو پلیکانەی دەهاتە سەربانی وەك ئەوەی شتێك بجووڵێ وایە...ترسام. دایکم هێندی لەبن گوێیان خوێندبووم. هـاتم خـاڵم هەسـتێنم, دایکـم لـە دوورەوە پێیزانـی ـ تێگەیشت ترساوم. بەسپایی گوتی:"مەترسە کوڕم, هەڵی مەستێنە, ئەمنم!"

ئەمن ئەو وەخت وەك هەموو منداڵێك پێم نەزانی... نووستم" زۆر دواتـر تێگەیشـتم ئەمە کاری هەموو شەوێکی بووە... تەنانەت متمانەی بەبراکانی خۆشـی نـەدەکرد, لـە کاتێك دا خوشکی گەورە بوو, لەهەمووان گەورەتر بوو, و براکـان زۆریـان رێـز لـێدەناو تەنانـەت بـە بـێ ئیزنـی وی لەلاشـی دانەدەنیشـتن. خـوا عافوویکـا, هەمیشـە دەیگوت:"نووری چاومن, لە جێی بابن... بەڵام باوەڕم بەمانیش نیە" کوڕم, میللەتی مە میللەتێکی خۆخۆرە, بۆخۆمـان خۆمـان دەخـۆین!" ئـەتۆ ئـەم کارۆیـەت هەیـە, فـەقیرە ئەمەشی نەبوو. ئەم حەیوانە گەنجینەیە, قەدری بزانە, خوا رەحمی پێبکا!"

بابم ئەم شتانەی دەگوت, بەڵام بەو جۆرەکە بۆخۆم دەم ناسی, دەم زانی کە فکر وهۆشی لەجێیەکی دیکەیە. نەختێك ریشی خۆی خوراند, و لەدرێژەی قسـەکەی دا گوتی:"بـەڵێ, فەقیرە سەرێکی پڕ ژانەسەری هەبوو. هەتا سەر و سامانیکمان پەیدا کـردو هـات بتوانـێ خۆی گوتەنی لاقی درێژ بکاو پیاڵە ئاوێك بەئاسوودەیی بخواتەوە, عومری درێژی بـۆ ئێـوە بەجێ هێشت..."

دادەئامین گوتی:"خوا لێی خۆش بێ, یاخوا... بابـە, کەسـێك پیـاوی وەك جـەنابتی پێگەیاندبێ, لەراستیدا نەمردوەو هەمیشە زیندوویە..."

"لەدڵی من دا کەهیچ, هەمیشە زیندوویە..."

دایکم گوتی:"دایە خانم شێرەژنێك بوو بۆخۆی. ئەی دوور لەئێستای, خـاك لەبـەین دا بێ, گیانی بۆ نەوەکانی دەردەچوو. تازە ئەم رەشیدەم ببوو, باوەڕکە, ئامین, ئەگـەر سـەری

دێشا, دایەخانم دوور لەگیانی, دەچۆ شەرایە مەرگی... زۆر خانم بوو!... قەبرەکەی پڕ بێ لە نوورا..."

بابم گوتی:" دنیایەك خۆشەویستی, دنیایەك سۆز بوو ـ زۆرم پێ خۆش بوو بت دیبایە, ئەخلاقی زۆر وەك خۆت دەچوو..."

دایکم هەستا رۆیشت:"ئەمن بچم ئەم کەل وپەلە بۆ ماڵی مامۆستا بنێرم..."

سەیرە, ئێستا تێدەگەم ـ ئەگەر پیاو یەکێکی خۆش ویست, ئاکار و رەفتاری و شێوەی روخساری لە هەموو بارێکەوە بە تەواو دەزانێ و دوایەش لەئاکارو رەفتار و شێوەی روخساری خۆشەویستێکی دیکەی دا دەبینێتەوە. نازانم بابم چەندە لەسەر هەق بوو, و دادەئامین تا چ رادەیەك وەك نەنکم دەچوو. چونکە دایە گەورەمم نەدیبوو. بەڵام لەبیرمە دایکم لە پێش دا هیچ پێی خۆش نەبوو بابم خوشکە گەورەکەم بدا بە"حەسەن ئاغا", کەچی پاش بەینێك کە حەسەن ئاغای وەبەر دڵ کەوت, زۆر قورس و قایم دەیگوت حەسەن ئاغا وەك خاڵە قاسم دەچێ. لەحاڵێك دا ئەمن خاڵەقاسمم دیبوو: هیچیان وەك یەك نەدەچوو: ئەو کەڵەگەت بوو, ئەم دەستە پیاووخەپەتۆڵە, ئەو سپی وسۆڵ بوو, ئەم رەش ئەسمەر. بەڵام لەبەر چاوی دایکم وەك یەك دەچوون!

بابم لە درێژەی قسەکانی دا گوتی:"مناڵ هەتا دایك وبابی مابن گوێ ناداتە ئەم شتانە... مناڵ زۆر زاڵمە... یەکیان بۆخۆم, بە هیچ جۆر دەربەست نەبووم. مناڵ وەختێك وەخۆی دێ, کەدەبینێ هەیاران, دەوروبەری چۆڵ بووە! و ئەوانەکە هیچ حیسابی لەسەر نەدەکردن رۆیشتوون, و قووڵکەیەکی گەورەیان لە ژیانیدا بەجێ هێشتوە, کە بە هیچ شتێك پڕ نابێتەوە... باشە ئیدی دابی زەمانەیە, کچم..." وەك لەفکر وخەیاڵێکی دوور وەخۆی هاتبێتەوە, گوتی:"دەورێکی دیکەمان چا بۆ تێکە... یادۆ, بچوو رەحیمی بنێرە لە دوای حەمە فەرەج. ئامین, ئەتۆش لە بیرت نەچێ... بزانە کەوش و کڵاشی هەن, لەبیرت بێ... هەرچی پێویستتانە لێی وەرگرە... بەدایەش بڵێ, ئەو شتانەی پێم گوتوون هەر ئێستا بۆ ماڵی مامۆستا بنێرێ ـ لەبیری نەچێ... نیو سەعاتی دیکە بۆخۆم دەچم..."

دادەئامین گوتی:"دایە هەر ئێستا چوو کە بیان نێرێ..."

بابم گوتی:"ئەتۆش وەبیری بێنەوە ـ دەمەوێ کەل و پەلەکە پێش خۆم بگەنە وێ."

دادە ئامین رۆیی, براکانیش رۆیشتن ـ حەمە فەرەج هات.

"فەرمایشتێکتان هەبوو, ئاغا؟"

بابم گوتی:"فەرموو دانیشە... بلێ چای بۆ کاکەحەمەی بێنن... بەڵێ, حەتمەن ئـەو پێشهاتەی دوێنێت بیستوە؟"

"بەڵێ, ئاغا."

بابم گوتی:"دوێنێ دیلمانجمان مامۆستا بوو, کە بەداخەوە وای لـێهات فەقیرە... لێرە عەسکەرێکمان هەیە دەمەویست هێندێ شتی لـێبپرسم. بۆیە زەحمـەتم وەبـەر تـۆ نـا... دوایەش خێزانم ومنداڵەکان هێندێکیان کار پێتـە. لـەبیرت بـێ, بـێ ئاگـاداریی خـانم و منداڵەکان نەڕۆی."

"بە چاوان, ئاغا."

"ئەتۆ عادەتەن جگەرە دەکێشی, جگەرەیەکم دەیە, بزانم توتنەکەی چۆنە..."

"توتنەکەی کوردییە, ئاغا... خەراپ نیە." هەستا, قوتووە جگەرەکەی بەشەمچـەوە برد لەپێش بابمی داناو گەڕایەوە جێی خۆی.

بابم سیگارەکەی داگیرساند, یەك دوومژی لـێدان و گوتی:"نا, خەراپ نیـە... یـادۆ, بەئامینێ بلێ بێتە سەر پلیکانان, با ئەو حەیوانە خۆی ئازار نـەدا. بلـێ عەسـکەرەکەش بێنن."

ڕۆیشتم. دادەئامین هات, دەستێکی بە سەروگوێی کـارۆ دا هێنـاو هێنـدێ شـتی بـە گوێدا چپاند, و هەر لەوێڕا چۆ ژووری براکان. عەسکەرە تورکەکە هات. ڕەنـگ پـەڕیو, هەڵلـەرزیو و بەدبـەخت و حەمـە شـێتیش وەك شمـر بـە دوای دا. سـەلامی کـرد. بـابم گوتی:"وعلیك السلام. دانیشە." و بەدەستیش ئاماژەی بۆ کرد. عەسکەر دانیشـت, هـەر لەبەر دەرگاو لەنیزیك تفەنگ وفیشەکدانەکان.

بابم گوتی:"بلێ چای بێنن..." چایان هێنا. بابم بە حەمەفـەرەجی گوت:"کاکەحەمـە لێی بپرسە نانی بەیانیی خواردوە؟" حەمە فـەرەج وەڵامـی دایـەوە کـە خواردوویـە. بـابم گوتی:"زۆر باشە..." عەسکەر چایەکەی بەقورتەقورتی گەرووی خواردەوە. بابم مژێکی لە جگەرەکە داو گوتی:"ئێستا بپرسە وەزعی دوێنێت چۆن دی. ئەگەر یـەکێك لێـت بپرسـێ دەڵێی چی؟..."

عەسکەر گوتی کە بەڵێ, خەتای باش چاوەش بووە, باش چاوەش کەریـەتیی کـردوە ـ لەجێدا پیاوێکی ناتێگەیشـتوو بـووە... لـەوێش لـەنێو عەسـکەرەکان بـە جەبارەشـێت ناسراوە...

بابم گوتی:"بپرسە لەوێ چەند کەسن..."

عەسکەر گوتی:"دە کەس زیاتر نین - چوار کەس لەگەڵ مولازیم ئەسەدن. لە "بزنەسوور", چوارکەس لەگەڵ باش چاوەش "ئوویووز"ن, لەدارە سپیو ئەو و باش چاوەش جەبارو غولامیش ـ ئەو عەسکەرە کەکوژرا ـ لە مێرگە لەلای غەفوور ئاغا بوون.

بابم گوتی:"بپرسە بۆ لەوێن ـ ئاخر ئێرە خاکی ئێرانە. کێ بەوانی گوتوە سنوور ببەزێنن؟"

عەسکەر جوابێکی بەجێی بۆ ئەم پرسیارە نەبوو.

بابم پرسی مەرکەزیان لەکوێیە؟

عەسکەرەکە گوتی:"مەرکەزیان لە"وان"ە. مولازیم ئەسەد بەین بەین دەچێتە وێ و دێتەوە.

"لە ناوچە هەر ئەوەندەن یان ئی دیکەشیان بەجل وبەرگی خۆولاتیەوە لەگەلن؟"

عەسکەر گوتی نا, هەر ئەوەندەن, نەی بیستوە کە عەسکەری تورك بەجل وبەرگی خۆولاتییەوە لەناوچەدا هەبن.

کێ دەستووری داوە بێنە ئێرە؟

کەس دەستووری بەو نەداوە, لەوانەیە دەستووریان بەباش چاوەش جەبار دابێ, ئەو عەسکەرە, دەستوور بەو نادەن.

"باش چاوەش جەبار و ئەو عەسکەرەی دیکەو خۆی لەدیوەخانی غەفوورئاغا بوون؟"

"بەڵێ, هەرسێك لەوێ بوون."

"غەفوورئاغا دەی زانی کە دێنە ئێرە؟"

"بەڵێ, شەوی پێش هاتنەکە ئەو بوو کەئەو هەوایەی خستە کەللەی باش چاوەشەوە."

"چیی بەباش چاوەش گوت, لەبیرتە؟"

"گوتی هەر ئەوەندەی دەوێ بۆخۆت لەگەڵ دوونەفەر عەسکەر بچی هەڕەشەی لێ بکەی. تەنانەت دەتوانی بەرتیلێکی باشیش وەرگری..."عەسکەر مردەخەنەیەکی کرد.

بابم گوتی:"هەی نەحلەت لەجنست کابرا! ئەو بەدبەختە فەقیرەی بەکوشتن داو عالەمێکیشی تووشی ژانە سەرکرد!" و لەسەری رۆیشت:"ئێستا تەحویلی دەوڵەتت بدەم دەڵێی چی؟ دەڵێی بۆچی و بۆ چ مەبەستێك هاتوویە خاکی ئیرانەوە...وەختێك دەوڵەتی ئێران دەت داتەوە بە دەوڵەتی خۆت دەڵێی چی؟ حەتمەن لێت دەپرسن بۆچی چووی, بۆچی تەشقەڵەت بەخەڵك کرد ـ جوابت چ دەبێ؟"

عەسکەر شانی هەڵ تەکاندن:"ئەمن عەسکەرم... باش چاوەش گوتی وەرە, ئـەمنیش هاتم... فەرماندەی من ئەوە, گوتی وەرەو هاتم..."

"نالێی بە هاندانی غەفوورئاغا چووین بەرتیل وەرگرین؟"

عەسکەر سەری داخست.

"ئەو ئێسترەی هێنابووتان هی کێیە؟"

"هی غەفوور ئاغایە."

"زۆر باشە... کاکە حەمە جگەرەیەکم بۆ تێ‌کە بزانم ـ حەمە بیبەوە!"

حەمەگوتی:"ئاغا, ئەتۆش ماشەڵڵا حەوسەڵەت هەیە... ئەو هـەموو پرسـینەی بـۆ چیە" ئیزن بدە گوللەیەکی لەمێشکی بدەم و تەواو!... بۆچی چووی, بۆچی هاتی! باشـە, دیارە" تورك بۆچیدێ؟ دێ نوێژی جەماعەتت لەگەڵ بکا!؟ هاتوە بۆ تالان, هاتوە بۆ ژنـی جوان... بێ‌قەزابی چ دەفەرمووی!؟

پێ‌کەنیین. بـابم گوتی:"بەراسـتی شـێتی... رۆڵـە, ئەمـە فـەقیرە" بەدبەختـە. ئـەم بەدبەختە کوڕی خەلکە, دایك وبابی هـەن وەك تـۆ. ئـەمن قـەولت پـێ دەدەم گـوزەرانی لەگوزەرانی تۆ و خەڵکی وەك تۆ باشـتر نیـەو تەنانـەت خەراپتریشـە." بەحەمـە فـەرەجی گوت:"کاکە حەمە لێی بپرسە چ کارە بووە, کاری چیە؟"

عەسکەر گوتی:"وەرزێرە, لە دەوروبەری ئیزمیر... بابی نەماوە. دایك و دوو خوشـك و برایەکی چووکەڵەی هەن.

بابم بەحەمەی گوت:"عـەرزم نـەکردی! ئەمانـە بەدبـەختن, رۆڵـە, ئەسـپێ وەسـەر و لەشیان هەڵ دەگەڕێ, بەدبەختن... باشە ئیدی, نێزەی دەسەڵاتەکان ـ هەر دەسـەڵاتێك ـ گەورە یان چووك ـ هەر ئەم فەقیرانەن. کەمال پاشا یان سوڵتان فـلان, یـان فـلان پادشـا بناخەی دەسەڵاتەکەی هەر ئەمانـەن... گونـاحی ئەمانـەش هـەروەك خۆمـان نەزانییـە. ئێمەش ئەگەر تێگەیشتنمان هەبایە, ئێستا ئاوا نـەبووین. قسـە زۆرە, بیبـەوە!" تاوێـك فکری کردەوە, دوایە گوتی:"بە راست کاکەحەمە, شتێکی دیکەش هەبوو. ئـەتۆ دەزانـی خەتی تورکی بخوێنیەوە؟"

"باش نا, بەلآم دەزانم..."

"یادۆ, هەستە ئەو کاغەزەی لەسەرئەو تاقەیە بێنە... لەسەر کتێبەکەیە..."

کاغەزەکەم هێنا. "حوکم"ەکەی باش چاوەش بوو, بەمارك و مۆری دەوڵەتییەوە.

"بیده بەکاکەحەمە..." هەستم دەکرد بابم پێی ناخۆشە دەست لەکاغەزەکە بدا.

حەمەفەرەج کەمێك لەکاغەزەکە ورد بۆوە, نەختێك لەپیتەکان مۆر بووەو هێندێك لێوی بزاوتن... گوتی:"ئاغا, نووسراوە دەنگۆیە کە ژنی هۆسپ هەرمەنی لەو دەوروبەرە بینراوە, لێیبکۆڵنەوە... یووزباشی تووران"

بابم گوتی:" هەی نەحلەت لەبابت پیاو"

ΠΠΠ

بابم تێمابوو, نەیدەزانی چ بکا ـ مامۆستا وەزعی خەراپ نەبوو, مەسەلەکەی لەگەڵ ویش باس کرد. چ بکا؟ داخوا عەسکەرەکە هەروا ئازاد بکا, جەنازەکانی بداتێ بیبان باتەوەو کورد گوتەنی مەسەلەکە دیزەبەدەرخۆنە بکا؟ بەڵام ئیدی شتێك نەمابوو دیزە بەدەرخۆنە بکرێ. باسەکە ئێستا بنێشتەخۆشەی سەر زاران بوو.. چ بکا, لەگەڵ دەوڵەتی خۆمان چ بکا؟ خەبەر بدا یان نا؟ هەتا ورمێ دوو رۆژەرێیە. ئەمجار خۆ دەوڵەتێك نیە. ئەو چەند سەربازو پاسگایەش کە لە ماکۆن, شەو و رۆژ خزاونەتە هێلانەکەیان و لەترسان ناوێرن سەر لەکونێ بێننەدەر. لەوێش تورکەکان هەمە کارەن. نا, بەتەنافی رزیوی دەوڵەت ناکرێ پیاو بچێتە چاڵاوێوە... پاشان تورکەکان چ لێ بکا؟... ئەوانیش حەتمەن دەست هەڵ ناگرن" بۆخۆشیان دەست هەڵ گرن, غەفوورئاغاو خەڵکی وەك غەفوورئاغا لێیان ناگەرێن... جەنازەکان لێرە بنێژێ... عەسکەرەکە چ لێ بکا؟ جەنازەکان وعەسکەرەکە بنێرێتە ورمێ... بەبێ چاوەدێری چەکدار چۆن دەکرێ؟ لەلایەك بەرەسمی چەك کۆکراوەتەوەو کەس هەقی نیە چەك هەڵ گرێ, لەلای دیکەش, کەس بەبێ چەك ناژی... بەچەکەوە بنێری گیروگرفتێکی هەیە, بەبێ چەك بنێری هەزارجۆر گیروگرفت! چ بکا... تێمابوو!

مامۆستا حاڵ وحەوسەلەی باس وکێشەی نەبوو. دیسان تای هەبوو, و نەختێك پەرێشان بوو. هاتینەوە ماڵێ. بابم هەروا نیگەران بوو. کوێخا هات.

"ها, چ باسە؟"

"دوعای سەرت قوربان... ناردم ئێشکچیەکانی شەوێیان گۆرین ـ ماندوون ـ ئەگەر لوتف بفەرمووی رابسپێریە لای رەشید ئاغا یان مارف ئاغا سێچوار

تفەنگچیمان بۆ بنێرن. دوێ شەو هەر ئـەم سێ‌کەسـە بـوون و ئەمشـەویش دیسـان هـەر ئەوانن..."

بابم نەختێك بیری کردەوە... و گـوتی:"هیچ لـەبیرم نـەبوو... بۆچـی دوێنـێ وەبـیرت نەهێنامەوە؟ بۆخۆت دەت زانی ئەمن لەو ئالۆزی و بلۆزییەدا هۆشـم لـێ‌نیە. تەنانـەت هەر نەشم دەزانی کە ئێشکچیت ناردوون ـ دیارە کارێکی زۆر باشـت کـردوە, بـەلام بـاش وابوو بیرم بخەیەوە, کە لانیکـەم ئـەمرۆ گەیشـتبانە ئێـرە... درەنـگ نـەبووە, کاغـەزی دەنووسم و هەر ئێستا کەسێك دەنێرم... باشە, خەبەرێك نەبووە...؟"

"نەخەیر,ئاغا, خەبەرێك نەبووە."

"ئێشکچی‌یەکانت لەکوێ داناون؟"

"لەو جێیانەکە بەسەر رێبازەکان دا دەڕوانن, هەم لەم بـەر وهـەم لـەو بـەر... پیـاوم لەگەڵ ڕانە مەڕیش ناردوون."

"زۆر باشە. ئێستا هەتا تفەنگچی‌یەکانی کوڕەکان دەگـەنێ, جـارێ چـەند کـەس لـە لاوەکانی ئاوایی بانگ کە, تفەنگ و فیشەکی ئەم باش چاوەشە و عەسکەرەکانیان وێ دە, بـا ئێشکچـی‌یەکان بگـۆڕن... هەرچـۆنێك بـێ, تفـەنگ و فیشـەك هەیـە, هـەتا تفەنگچی‌یەکانی کوڕەکان دەگەنێ... خۆ هیچیان نەدیوە؟ زۆر باشە. پاشان بە سـەلیقەی خۆت یەکێك بنێرە دەوروبەری دێیەکەی غەفوورئاغا گوێ پێدا بگرێ, بزانین لەوێ چ باسە. یەکێك بنێرە کەهۆش و بیری لەلای خۆی بێ" یەکێکیش ئامادە بکـە شـەوێ وەڕێ کـەوێ کاغەزێك هەیە بۆ کەریم ئاغای بەرێ... عەسکەرەکەش با هەر لـە جێـی خـۆی بـێ... ئەوانەی پێم گوتی لە بیرت نەچن..."

نەخەیر ئاغا... عەرزێکی دیکەشم هەبوو, ئەگەر رێگام پێ بدەی... ئەم کەلاکانە چ لـێ بکەین؟ راستە هەوا فێنکە, بەلام دوو رۆژی دیکە وەمێنن بۆن دەکـەن, بـا دەکـەن و لەوانەیە بتەقن ـ ئەودەم تووش دەبین, ئاغا."

بابم گوتی:"باشە ئەتۆ دەڵێی چ بکەین؟ خۆ نـاتوانین بیـان نێـژین... بشـیان نێـژین ئەگەر قەرار بێ تەحویلی جێیـەکیان بـدەین ناچـار دەبـین قـەبرەکان بدەینـەوە. دەڵێـی چ بکەین؟"

کوێخا گوتی:"بە ئەقڵی من, ئەگەر بەسەلاحی بزانی بـە کـەریم دارتـاش بفـەرمووی سندووقێك دروست کا کە جێـی دوو تـەرمی تێـدا بێتـەوە... هـەر بـەو دار و تەختـەی ئاسایی. کە سندووقەکە تەواو بوو جەنازەکانی تێ‌داوێین, دەرگاکەی بزمار کوت دەکەین و

کەلێنەکانیشی بەهەویر دەگرین و لەم گۆشەیەی حەوزەکە دای دەنێین... جێیەکی فێنکە... ئەگەر سەحەبیان بە دوایان دا هات, بۆ ئەوەی دڵنیابێ کە خۆیانن, تەختەیەك لا دەبەین" وەختیك دلنیا بوو دووبارە تەختەکە لەجێی خۆی دادەنێینەوەو بەهەویر درزەکان دەگرینەوە..."

بابم گوتی:"فکرێکی زۆر بەرێوجێیە! هەروا بکە - لەزمان منەوە بەکەریمی بڵێ زووتر, بەڵکوو هەر ئەمڕۆ سندووقەکە تەواو بکا... بڵێ لەسەر رەندەکردن و رێك ولووس کردن رانەوەستێ. ئەسڵی کارەکە ئەوەیە لەجێیەکی وابن کە هیچیان لێ نەیە کەوایە ئەتۆ برۆ وەدوای ئەم کارانە بکەوە... فکرێکی زۆر باشت کردوە!"

کوێخا تفەنگ و فیشەکدانەکانی هەڵ گرت و رۆیشت...

نانی نیوەڕۆیەمان خواردبوو. عەسکەرە تورکەکە هەر لە دیوی نۆکەرەکان بوو, و حەمەو دوو کەسی دیکەی بەسەر سەرەوە بوون. حەمە هەمیشە لەوێ بوو, و بەوە خۆشحاڵ بوو کە دیلێکی تورکی لەبەر دەستان دایە.

دایکم و دادەئامین وخوشکەکان هاتن... جووتەبراکە گوێزیان بەکلکێ دەشکاند, دادە ئامین خۆشحاڵ بوو - دووجووت کڵاشی زۆر باشی بۆ لە حەمە فەرەج کڕیبوون, و براکان کەیفیان دەکرد.. هەنگاوێك دەڕۆیشتن - چەند بە سەنگینییش - و چەند جار تەماشای کڵاشەکانیان دەکرد.کاتێك هاتنە دیوەخانێ, کڵاشەکانیان لەکەوشکەنان داکەند, جووتیان کردن ولەقوژبنێك دایان نان نەوەکا کەسێك پێیان لێ نێ.

بابم پرسی:"ئەمانی بەچەند حیساب کرد؟"

دایکم گوتی:"هەر جووتەی بە چوار قڕان..."

بابم گوتی:"باشی حیساب کردوون, زیادی وەرنەگرتوە - کەوشی نەبوون؟ ئێستا وەختی کڵاش نیە."

"نا, بابە, نەی بوون."

"ئەدی پارچە؟"

"چەند گەزمان خام کڕی بۆ کراس. بڕیومن, ئەمڕۆ و سبەی تەواویان دەکەم."

"زۆر باشە, سەری ئەم حەیوانەشت داوە؟"

دادەئامین گوتی:"جەنابت لەماڵ نەبووی, جەڕاحەکە هات - برینەکەی کردەوە, گوتی باشە..."

بـابم گوتی:"سـەری مامۆستاشـی دابـوو, بـەڵام برینەکـەی نـەکردبۆوە, چـۆن بـوو ئەمیانیکردەوە, قەرار وابوو سبەینێ بیکاتەوە!"

"هی ئەمیشی نەکردەوە, هەر لەسەر پەڕۆیەکەوە تەماشای کرد. تـەنیا ئـەو پەڕۆیـەی کردەوە کە پێی بەستبوو. دووبارەش بەستیەوە."

بابم گوتی:"زۆر باشە... لینگێك لەم کلاشانەم بۆ بێنە بزانم, شاهۆ! " شاهۆ هەستاو هێندی چاو لەسەر چاوی دانێی کلاشەکانی خۆی هێنان و لە پـێش بـابم رای گـرتن" بـابم لینگێکی وەرگرت, کەمێك ئەم دیو ئـەو دیـوی کـردو گوتی:"خـەراپ نـین, بەرەکـەیان لاستیکە. زوو نادڕێن... بەڵام سەرەکەیان زۆر بێکەڵکـە, بـە دوو رۆژ لەبـەر یـەك بـلاو دەبێ... دەبێ بیان بەن دەورەیان تێبگرن, کە هەم ئاوێ هەڵ نەچنن, هەم لانـی کـەم تـا بەهارێ خۆ بگرن. هەرچەند لە زستان دا کلاش دەپـێ نـاکرێ... هەرچـۆنێك بـێ زیـاتر بەرگە دەگرن." کلاشەکانی وە شاهۆ دانەوە گوتی:"یادۆ... حوسێنی بانگ کە."

حوسێن هات, بابم گوتی:"ئەم کلاشانە دەبەی... ئەو دوو جووتەی بەر دەرگا ـ ئـەرێ, خۆیان... دەیان بەی دەیان دەی بە وەستا ساڵحی پینەچی, لە زمان منەوە پێی دەڵێی بـە قایشێکی باش و جوان دەورەیان تێبگرێ, و هـەر ئـەمرۆ تـا ئێـوارێ بیـان نێرێتـەوە ـ تێگەیشتی؟"

"بەڵێ, ئاغا."

مندالەکان دووبارە بێ پێڵاو مانەوە. بابم گوتی:"نارەحـەت مـەبن, تـا ئێـوارێ دەیـان هێنێتەوە... کلاشی دەورە تێگیراو شتێکی دیکەیە, تەنی تەنێکی لەگەڵ کلاشـی دەورە تێنەگیراو فەرق هەیە!..."

فەرشەکان هێشتا وشك نەببوونەوە, بەڵام هەوا خۆش بوو. دایکم گـوتی بۆخـۆی چـووە سەری داون" ئەگەر هەوا هەروا خۆش بێ. تا ئێوارێ وشك دەبنەوە.

بابم گوتی:" ئەوە دانیشتووین... فەرقی چیە. ئـەمڕۆ نـەبوو سـبەینێ. خـۆ لەسـەر عەرزی دانەنیشتووین," دیار بوو لە فکر دایە... هەموو دەمان زانی. دادە ئامین رێـویی هێنا. گیرفانی بابم قەندی تێدا نەبوو ـ لەبیری چووبوو ـ بابم بەسپایی دەستی درێژ کـردە پشتەوە, دادەئامین کلۆ قەندێکی لە دەستی نا. بابم بە سپایەکی قەندەکـەی لـە گیرفـانی سەڵتەکەی هاویشت. رێوی بێکەیف دانیشتبوو, لاقی درێژ کردبوون و پـاڵی دابـۆوەو بـە پێچەوانەی جاران تەماشای رووبەرووی خۆی دەکرد.

بـابم نـەختێك قدیلكـەی داو گوتی:"نـەت دیتـەوە..." بـاش نەگـەڕای!" و دەسـتە چـكۆلەكەی گـرت, نـەختێك تێیـەوە ڕامـا, و بـردی بـۆ لای گیرفـانی سـەڵتەكە... گوتی:"دووبارە بگەڕێ ـ ئێرە باش نەگەڕای... سەیرە, ئەم گزگلەش تێگەیشـتوە ئـەمرۆ ئەمن وەزعم بـاش نیـە!... ئێسـتا تۆزێـك بگـەڕێ, بـەڵكوو بیبینیـەوە! ڕێـوی گـەڕا, قەندەكەی دۆزیەوەو لەخۆشییان هاواری كرد... و پێكەنین.

ڕێوی وەختێك دیتی بابم حەوسەلەی نیە لەسەر كۆشیی هاتـە خـوارێو بـە گاگۆڵكـە ڕۆیشتە لای دایكی. بابیشم هەستاو چۆ بەر هـەیوانێ. دایكـم وخوشكەكانیشـم چـوونەوە ژووری خۆیان. بابم ماوەیەك بەدووربین ڕوانیە دەوروبەر, هات لەپـەنا پەنجەرەكـەی دیكـەوە دیسان تەماشای دەوروبەری كرد, و چۆ خوارێ. ئەمنیش بەدوای دا.

سەرێكی ژووری نۆكەرەكانیدا, و هاتەوە سەرێ... لەسـەر پلیكانـان تاوێـك لـەپێش كـارۆ هـەڵ تروشـكا, و لاواندیـەوە" كـارۆ بەمـەزلوومی چـاوی گێـڕا" بـابم گوتی:"بەستەزمانە... ژانی هەیە! هیچیش ناكرێ..." هەناسەیەكی هەڵ كێشـاو هـەر لەوێ ڕا بانگی كرد:"فاتم!"

"بەڵێ, ئاغا!"

"ئەو سیگارانەی دوێ شەوێ پێچاتنەوە, خۆ فڕێت نەداون؟"

"نا, ئاغا..." پاشان:"ئامین, لەسەر تاقەكەن, ڕۆڵە" بیان هێنە بیان دە بە بابە!"

دادە ئامین سیگارەكان و شەمچەیەكی لەسەر دەورییەك دانان و هێنانی لە پێش بابمی دانان. گوتی:"بابە, چاش حازرە ئەگەر ئیشتیات لێیە, تازە دەم كراوە."

بابم گوتی:"بێنیە, ڕۆڵە, كاری چاكت كرد." ئەمە قسەی بابم بوو لەسەر هەر كارێـك كە ئەو دەیكرد:"كاری چاكت كرد..." سـەری هـەڵ بـڕی, نـەختێك لـە روخسـاری ورد بۆوە:"ئامین, ڕۆڵە, چاوم خەراپ دەبینێ یان كەمێك تاریكـە... بـەلام وا دیـارە ڕەنـگ و ڕووت تێك چووە... چیتە, وەزعت باش نیە؟"

"نا, بابە ـ وەزعم باشە..."

"دڵنیای؟"

"بەڵێ, بابە."

"زۆر باشە... بەلام پێم وایە ڕەنگ و ڕووت جۆرێكە..."

هەر كە ئەو ڕۆیشت, بابم گوتی:"یادۆ هەستە ئەو هۆقەو قەڵەمەم بۆ بێنە... وریا بە هۆقەكە نەڕێژی... قەڵەمەكە نەخەی...!" هۆقەو قەڵەمەكەم بۆ بردن.

گوتی:"برۆ تەبەقێك قاقەز لەدایکت وەرگرە... خۆ دەستت چەور نین؟ ئەگەر چەورن با ئامین یان کچەکان بیهێنن...پاکەتیش بێنە!"

چووم, کاغەزو پاکەتم هێنان, دادەئامینیش چای هێنا. بابم نەختێك لە هۆقە مەرەکەبەکە ورد بۆوە. قەڵەمەکەی لەهۆقەکە وەردا "لیقە"کەی تاقی کردەوە. لیقەکە وشك ببۆوە. بابم بە کەوچکەچا, یەك دووکەچك چای لەهۆقەکەکرد, و دووبارە قەڵەمی دەلیقەکە وەردا, و بۆ تاقیکردنەوەی شلی و خەستیی مەرەکەبەکە نووکی قەڵەمەکەی بە پشتی قامکی گەورەی دەستی چەپی دا هێنا... ئەندازە بوو.

چوارمێزیلکە دانیشتبوو, ئەژنۆیەکی هەڵ دا. قەڵەمی لە هۆقەکە وەردا, کاغەزەکەی نوشتاندەوە, باسکی راستی لەسەر ئەژنۆی راستی دانا. ئەوەدەم دانانی کاغەز لەسەرمێزو شتی وا "عەیب" بوو. "میرزا"ی چاك قەت وای نەدەکرد. میرزای چاك بنی کاغەزەکەی زۆر بەنەرمی لە بن دەستی چەپی دەناو لەسەر دەست, بێ ئەوەی لەسەر هیچی دانێ کاغەزەکەی دەنووسی. دیارە بابم میرزا نەبوو, بەڵام دانانی دەست لەسەر ئەژنۆ بۆ ویش عەیب بوو... بەڵام چ بکا. عومری چووبۆ سەرو دەستی دەلەرزی.

عینوانی نامەکەی ئاوا نووسیبوو:"بۆ بارەگای پاك و خاوێنی گەورەی بەرێز جەنابی کاك کەریم ئاغا مەزنی و گەورەیی بەزیاد بێ... بە سەدەقەی زاتی مەبارەکت بم..." و هەر لەوێ گیری کردبوو, دەفکرەوە چووبوو...

"رۆڵە, بڵێ لامپایەکە هەڵ کەن بیهێنن, چاوم باش نابینێ...!"

هەوا وردەوردە تاریك ببوو... چووم و هاتمەوە. بابم هێشتا هەر لەعینوانەکەدا مابۆوە. دادەئامین لامپایەکەی هێنا. پڵێتەکەی هەڵ نەکێشابوو. لامپاکەی لەنێوەڕاستی هۆدەکە دانا... "بابە, هێشتا لوولەکەی گەرم نەبووە. دوایە خۆتان هەڵی دەن..."

"زۆر باشە..." قەڵەم وکاغەزەکەی دانان و دووبارە دەفکرەوە چوو. ماوەیەك پێچوو, سیگارێکی داگیرساندو چەند مژێکی لێدان. پڵێتەکەی هەڵ کێشاو دیسان دە فکرەوە چوو.

رەحیم هات... لەکەوشکەنان راوەستا. بابم پێی نەزانی... دیسان چەند مژی لە سیگارەکەی دان. گوتم:"بابە, چایەکەت سارد بۆتەوە, بچم بیگۆڕم؟..."

بابم سەری هەڵێنا, رەحیمی دی, گوتی:"ها؟".

"قوربان پیاوی کەریم ئاغای هاتوە... قاقەزی هێناوە..." روخساری بابم گۆڕا.

"کوا قاقەزەکەی؟"

"قوربان، عەرزت دەکا دەبێ بیدەمە دەستی ئاغا، خۆی..."

"بێنێرە سەرێ..." هۆقەو قەڵەم و کاغەزەکەی لەخۆی دوور خستنەوە.

پیاوەکەی کەریم ئاغا هات. هەر ئەوپیاوەی ماوەیەك لەمەوبەر بوو. کڵاشەکانی هەر لە دوورەوە دانان، داردەستەکەی بەلاشیپانەی دەرگاوە هەڵ پەسارد و چۆ لای بابم کاغەزەکەی وێ داو هاتەوە لە پێش دەرکەی راوەستا.

بابم گوتی:"ماندوو نەبی، دانیشە... ماندووی... بڵێ ئاو و دۆ و چای بێنن هەتا ئەمن نامەکە دەخوێنمەوە... خۆ ئەمشەو ناچیەوە؟ ئەمشەو لێرە ئیسراحەت بکە... سبەینێ بەیانی زوو، وەڕێکەوە..."

"بەڵێ، ئاغا... ئاغاش هەر وای فەرموو."

"زۆر باشە..."بابم پاکەتەکەی کردەوە، چاوێکی خێرای لەکاغەزەکە کردو بەئاشکرا روخساری کرایەوە... جارێکی دیکە بەوردی نامەکەی خوێندەوەو بە کابرای گوت "ماڵیاوا!" دوایە زۆر بەدەماخەوە پرسی:"باشە، لەوێ چییان دەگوت... چیت بیست... لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە کەلێرە رووی دا...؟"

"وەڵڵا، قوربان، چیت عەرزکەم ـ هەمووان هەر باسیان دەکرد. لێکڕا دوعای خێریان بۆ گیانی ئاغا دەکرد" ئاغا دەی گوت بیستوویە ماڵی غەفوور ئاغاش پێیان خۆش بووە..."

"ئەو پێی خۆش نەبێ، کێ پێی خۆش بێ ـ ئەو دەبێ گوێزان بە کلکێ بشکێنێ... هەرچەند بەهەرحاڵ دەبێ هەقی ئاغاو نۆکەری بەجێ بێنێ، و تازیەیەکی رێك و پێکیان بۆ دابنێ..."

کابرای کاغەزەکەی هێنابوو هەر لەبەر دەرگاوە چاوێکی لە کارۆ کرد، و گوتی:"قوربان، راستیان عەرز کردووی ـ ئەم سەگە بوو؟"

بابم گوتی:"بەڵێ، خۆی بوو... چۆن وا زوو خەبەرەکەی گەیشتە وێش؟"

"بەڵێ، ئاغا، گەیشتوەو هەمووش پێیان خۆشە و دوعا بۆ گیانی ئاغا دەکەن ! دەڵێن سەگبابە پەرژین بێ، شێت بووە... عەرزیان دەکردی هەموو رۆژێ وەنێو دێیکەوتوەو تووشی هەرکەس بووبێ، داویەتە بەر قەمچییان..."

بابم گوتی:"لە سایەی سەری غەفوورئاغاوە... چیی دیکەیان دەگوت؟"

"وەڵڵا, ئاغـا, هـەر ئەمـە ئیـدی... دەیـان گـوت سـەگی شـێرئاغا ماشـەڵڵا وەك ڕۆستەمی داستان هۆمەنی بردوە, باش چاوەش و عەسکەرەکەی لەت وپەت کردوە!"

بابم پێکەنی:"چیی دیکەیان دەگوت؟"

"دوعای سەری ئاغا..."

"ڕۆستەمی داستانیان لەکوێوە هێنا؟"

"وەڵڵا چت عەرز کەم ئاغـا.... دەیـان گـوت ـ دوور لـەڕووتان حـەیوانی خـوا وەك دەروێشی تۆبەکار یاهوویەکی کێشاوەو سەری باش چاوەشی هەڵ کەنـدوەو هاویشـتوویەتە بەر پێی ئاغا...!"

بابم بەپێکەنینەوە گوتی:"نەیان گوت شێعریشی خوێندوونەوە!؟"

"نەخەیر, قوربان, درۆم عەرز نەکردبی نـەم بیسـتوە شـتێکی خوێندبێتـەوە ـ بـەڵام هەموو کەس دوعای خێری بۆ دەکا."

بابم بەگاڵتەوە گوتی:"سەلامەت بن!... مولازیم ئەسەد میوانی کەریم ئاغایە... کە تۆ هاتی هێشتا لەوێ بوو؟"

"بەڵێ, ئاغا, لەوێ بوو. بۆخۆی بوو لەگەڵ! دوو عەسکەر."

"وەك بیستبێتت چیی دەگوت؟..."

"درۆم عـەرز نـەکردبی شـتێکم لـەخۆی نەبیسـتوە... ئەوانـەی عـەرزم کـردی لـە نۆکەرەکانی دیوەخانی ئاغام بیستوون."

"ئەتۆ چاوت بەخۆی کەوت, قەتت دیوە؟"

تەتەری کەریم ئاغا بەناڕەحەتییەکی ئاشکراوە گوتی:"ئەی بێ قەزاو بـەڵا بـی, چـۆن نەم دیوە! دوێ شەو کە دەمەویست وەڕێ کەوم تـەواوێك پێکـەوە گاڵتـەو دەم بەدەمـەمان کرد... بێئەدەبی نەبێ, گاڵتەمان پێکەوە هەیە... بۆخۆی بە گاڵتە دەڵێ ئەگەر ڕۆژێـك گوێی لە شەڕە جنێو نەبێ خەوی لـێناکەوێ... بەڵێ گاڵتەمان پێکەوە هەیە!"

بابم گوتی:"سەیرە! نەم دەزانی!... کەوایە گاڵتەی لەگەڵت هەیە!... چۆن پیاوێکە؟"

"وەڵڵا ئاغا زۆر پیاوێکی خۆش مەشرەفە. بێئەدەبی نەبێ جنێو و قسەی قۆڕی لەزاری ناکەوێ. یەکێکی پێ بڵێ, دە دانەت وەڵام دەداتەوە."

بابم گوتی:"ڕاستە! کەوایە, بۆیە نێوانی ئەوەندە لەگەڵ غەفوور ئاغا خۆشە!"

"نەخەیر, ئاغا, دەم بەدەمە لەگەڵ هەموو کەس ناکا. پیرە پیاوێکی شـێتۆکەو خـۆش ئەخلاقە. حەدی نەبێ لەجەنابت باشتر بێ!"

بابم قاقا پێ‌کەنی:"باشە, دیسان بۆم باس بکە!"

"وەڵڵا قوربان چت عەرزکەم... هەمیشە وا نیە, هێندێ جار, پەرژین بێ, دوور لە رووتان, لەگەڵ دەنگی دواوەی خۆی بەشەڕ دێ..."

بابم گوتی:"حەدی نەبێ لەمن باشتر بێ!" و قاقا پێ‌کەنی.

تەتەرەکە گوتی:"استغفر الله, سەگی کوێیە, ئاغا, کە لە جەنابت باشتر بێ!"

"گوتت پیرە پیاوە ـ عومری چەندە؟"

"عومری پیرەپیاوان, قوربان... چل, چل ودووساڵ ئەگەر ببێ, ئەویش وەك ئاغا بۆز بووە." بەدەست ئاماژەی بۆ لاجانگی بابم کرد.

بابم بەپێکەنینەوە گوتی:"بەو جۆرەی باس دەکەی زۆر شتی وەك مـن دەچـێ ـ ئەگەر لەخۆم باشتر نەبێ!"

"استغفرالله, قوربان... دوور لەرووتان سەگی کوێیە کە لە ئاغا باشتر بێ! نەخەیر ئاغا... ئاوا لە دەوروبەری عومری ئاغا دایە."

"زۆر باشە... ئێستا ئیشەڵڵا بەنیازی کەنگێ وەڕێ کەوی؟"

"هەروەخت ئاغا بفەرموێ."

"زۆر باشە... یادۆ, بانگی رەحیمی کە!"

رەحیم هات, بابم گوتی:"ئەم برایە بەرە خواری... ئەمشەو زۆری خزمەت بکە, مەیەڵە وەڕەز بێ. ئەمن ئێستا دەچمە ماڵی مامۆستا سەرێکی دەدەم و دێمەوە. ئەگەر رەسووڵ هات, بێنێرە وێ... کاکە... ناوی خۆت نەگوت!"

"حەسەنی نۆکەرت, قوربان."*

"کاك حەسەن, دەچیە خواریێ, نان وچا و هەموو شتێك دەخۆی, و شەوێ باش دەحەسێیەوە, ئەمنیش جوابی نامەکەت دەنووسمەوە... سبەینێ بەیانی ئیشەڵڵا بەوەخت وەڕێ دەکەوی. جارێ ئەمن کارێکم بە تۆ نیە."

کاك حەسەن رۆیشت. بابیشم هەستا, هۆقەوقەڵەمەکەی لەسەر تاقە دانان. نامەی کەریم ئاغای لەگیرفانی هاویشت و رۆیشتین بۆماڵی مامۆستا.

* ئەم پیاوە پێشتر ناوی شەریف بوو ـ و ـ

KKK

# ١٢

مامۆستا وەزعی خەراپ نەبوو" مەلاژن دووسەرینی بۆ دانابوون و ئەو پاڵی دابوۆوە, چای دەخواردەوە. بەڵام هەروا تای هەبوو, دەی گوت تینوویەتی.

بابم گوتی:"خۆ پارێزت نیە ـ لەگەڵ هەناران نێوانت چۆنە؟ پێم وایە لەماڵێ هەمانن... ئەگەر هەبن بۆت دەنێرم. بۆ تینوایەتی خەراپ نین."

مەلاژن زۆری سوپاس کرد, بۆئەو شتانە کە ناردبوومانن" بابم گوتی شایانی نیە" خەجاڵەتە... و لێی زیاد کرد:"مامۆستا بۆخۆی شاهید بوو, حەتمەن لە وەختی خۆیدا بۆی باس کردووی. ئێمە زۆرمان لەبەر دانواند, مەلاژن, بەڵام کابرا زۆر بێمێشك بوو... بە ئەندازەی کیسەڵێك مێشکی لەسەر دا نەبوو... مامۆستا دەزانێ ئەگەر ئەم حەیوانە نەبایە, ئێستا ئەمن لە خزمەتتان دا نەدەبووم... چ بکەین "مقدّر"ە."

مەلاژنیش هەر پێی وابوو "مقدّر" بووەو خوا بەگەورەیی و کەرەمی خۆی وەخێری گێڕاوە, "ئەگینا هیچ کەس باوەڕ ناکا... ئەمن ئەگەر مەلا نەبایە, کەسێکی دیکە گوتبای حەیوانێك بەو ناوونیشانەو بەو شکڵ و قەڵافەتەوە واو وای کردوە, باوەڕ بفەرموو باوەڕم نەدەکرد... بەڵام وەختێك مەلا دەفەرموێ بنیادەم ئیدی ناتوانێ قبوولی نەکا... بەقەولی مەلا کاری خوا ماشەڵڵا هەمووی رەمزو رازە... حەتمەن حیکمەتێك لەو موقەددەرەدا هەبووە... رازیین بەرەزای خوا!..."

چای بۆ من وبابم تێکرد. مامۆستا گوتی:"لەچایەکەی خۆتانە...بەڵام تامی وەك چای ماڵی خۆتان خۆش نیە... دیارە... بەقەولی ئێمە مەلاکان "ماڵ وەماڵ خێو نەچێ حەرامە." کە لەوێ را هات دەبێتە چای ماڵی ملامحمد*... چای ماڵی ملا حەسەنیش, وەك چای ماڵی شێرئاغا نابێ!"

بابم گوتی:"نا, چایەکی خۆشە... پاشان جەنابت شتێکی دیکەش لەبەرچاو ناگری, مامۆستا! سەگبابە ئەوەندەی قسەی تاڵ و بێتام کردبوو کە لەو وەختەدا ـ داوای لێبوردن

---

* نووسەری بەرێز لێرە ناوەکەی گۆڕیوە. ئەگینا پێشتر بە مەلا حەسەنی ناو بردوە.

دەکەم ـ ئەگەر بە چڵکاوی پینەچیەتیی وەستا ساڵحیش چایان بۆ پیاوی لێنابایەو بۆیان هێنابایە, دیسان تام وبۆنی گوڵاوی لێدەهات ـ ئەوەندە قسەکانی بۆگەن بوون! ماشەڵڵا بەقودرەتی ئەو خوایە, خوا لە بەخشینی کەریەتی بەو سەگبابەدا تۆسقاڵێك دەستی پێوە نەگرتبوو ـ هەرچی لەبەردەست دا ببوو, پێی دابوو. ئەی دەبەرکەرەمت مرم خوایە. کەریەتییش ئەوەندە دەبێ؟ کەماڵی بی, باش چاوەش بی, کەریش بی! اللەاکبر!"

مامۆستا گوتی:"اشهدباللە!"

بابم چایەکەی خواردەوەو کاغەزەکەی لەگیرفانی دەرهێنا, و گوتی:"وادیارە لەسایەی خواوە ئەم مەسەلەیەش حەل بوو..." کاغەزەکەی لەپاکەتی دەرهێنا, و گوتی:"حەوسەلەت هەیە بیخوێنیەوە یان بۆخۆم بۆت وەخوێنم؟"

مامۆستا گوتی:"ئاغا,... ئێوە بیخوێننەوە... ئێمە گوێتان بۆدەگرین."

کەریم ئاغا نووسیبووی کە مولازیم ئەسەد لەم رووداوە زۆر نارەحەتە, پێشتریش لەو کارانەکە ئەو کابرایە کردوونی, نارازی بووە" کابرا سەربەخۆو بێئیزن وفەرمانی وی هاتوە" سوێندو قورئان دەخوا کە روحی لە هاتنی ئاگادار نەبووە... دیارە لەو وردەکارە بێجێیانەی پێشتریش زۆرجار کردوە, و ئەو چەندین جار سەرکۆنەی کردوە, بەڵام کابرا زۆر نەفام بووە. ئێستا پێشهاتێکەو قەوماوە, باشترە بە شێوەیەکی "مرضي الطرفين" چارەسەری بکەین...

مامۆستا پرسی:"مرضي الطرفين... یەعنی چۆن؟!"

بابم گوتی:"ئێستا عەرزت دەکەم."

کەریم ئاغا لەدرێژەی نامەکەی دا نووسیبووی بەڵێ, بەو جۆرەی ئەوان بیستوویانە گۆیا باش چاوەشی کوژراو بەچەك لەجەنابت راساوەو کە لێت راساوە سەگەکەتان کە لەو دەوروبەرە بووە خۆی پێدا داوەو شادەماریی بریوەو لەوەدا فیشەکێك دەرچوەو مەلای ئاوەدانی بریندار بووە...

مامۆستا بەپێکەنینەوە گوتی:"سەگ ومەلا ـ لەپێش دا سەگەکە بریندار بوو!"

بابم گوتی:"باوەڕ بفەرموو مامۆستا, ئەمن بەش بەحاڵیخۆم حازرم دەساڵان لەگەڵ حەیوانێکی ئاوا لەزیندان دا بم و رۆژێك لەگەڵ دڕندەیەکی وەك ئەو نەفامە لەکۆشکی پاشا دا نەبم!"

مامۆستا گوتی:"اشهدبالله!... سەگ... لەو بنیادەمە... چاکترە کە دڵی... خەڵکی... ئازار دەدا...اشهدبالله!"

بەهەرحاڵ, کەریم ئاغا گوتبووی وەك ئەو تێگەیشتوە مولازیم ئەسعەد تەنیاوتەنیا نیگەرانی تفەنگەکانە, و ئەو لە ئێستاوە پاساوی بۆ مەسەلەکە کردوە: چۆتە راوە ورچ, لەگەل ئەو عەسکەرە کە کوژراوە, ورچ هێرشی هێناوە فیشەك دەرچووە عەسکەرەکەی کوشتوەو ورچەکەش قورقوراچکەی باش چاوەشی جویوەو کوشتوویەتی.بەڵام مەسەلەی تفەنگەکان دەبێ جۆرێك چارەسەر بکرێ. ئەو ئیدی هیچ شتێکی دیکە داوا ناکا...

مامۆستا گوتی:"سەیرە! هەر باشە... داوای خوێنیشی نەکردوە!... زۆری لوتف کردوە!"

بابم گوتی:"دەم زانی... ئەمانە بێ ئیجازە لە ولاتەکەمان دا ماونەوە, و دەوڵەتەکەیان نایەوێ لەو هەل ومەرجەدا ئەو پێوەندییەی پێك هاتوەو رەزا شا رێگای بەتورکان داوە لە خاکی ئێرانەوە پەلاماری ئاگری بدەن, تێك بچێ. لەبەرئەوەیە کێچیان کەوتۆتەکەوڵی... ئەوەشی نووسیوە کە ئەگەر ئێمە رازی بین دەیەوێ لەگەڵ کەریم ئاغا بێ, تا لێرە رووبەروو مەسەلەکە چارەسەر بکەین... ئێستا جەنابت چ دەفەرمووی؟ لەپێش دا با بپرسم, حەوسەلەت هەیە, زۆر قسە کردن نارەحەتت ناکا؟"

"نا, نا!"

"باشە ئێستا چ دەفەرمووی؟"

مامۆستا هێندێك چەنەگەو بنانگوێی خوراندن, و"ئێ ئێ"یکرد, بە لکی سۆرانی ئارەقی نێوچاوانی سرپەوەوگوتی:"ئەوی راست بێ, ئاغا, ئەمن لەسیاسەتی عەشیرەت و عەشیرەتگەری شارەزا نیم. بەڵام پێم وایە... مەسەلەکە قووڵ نەکەینەوەو لەبەرێکی نەکێشینەوە باشترە, بۆئەوەی لەو نێوەدا خەڵکی فەقیروهەژار... بەخۆرایی وەبەر دەست و پێیان نەکەون... ئەمانە... خەڵکێکی بێچاو و روون... هەموویان دەزانن, ئێستا لەکەسانی وەك غەفوورئاغا گەرێین... کەبۆ خاتری قازانجێکی بچووکی خۆیان... چاو لەوجۆرە شتانە دەقونجێنن. ئێستا کەلە سایەی خواوە...مەسەلەکە تا ئێرە بەخێر گوزەراوە... ئەمن پێم وایە کە... بنووسی لەگەڵ کەریم ئاغا... بەخزمەت بگا... بەڵام لەیەك دووسوار زیاتر... لەگەڵ خۆی نەیەنێ. ئەمەی حەتمەن لێ دووپات بکەوە. احتیاط کارێکی ئاقڵانەیە. (بابم گوتی یەك دووسوار زیاتریش نین), پاشان, جەنابت تفەنگ یان جەنازەت... بۆ چیە؟ ئەگەر رۆژێك دەرفەتێك رێبکەوێ... تفەنگیش پەیدا

دەبێ. بە دووتفەنگان هیچ کارێك ڕاست ناکرێتەوە... ئەگەر بە ئەقڵی ناقیسی من دەکەی... هەوڵ بدە کارەکە بەخۆشی بگوزەرێ... و تەواو بێ..."

بابم گوتی:"بۆخۆشم هەر پێم وایە. بەڵام گوتم وەك دەڵێن هەر سەرە ئەقڵێکی تێدایە, تەگبیرورا سوننەتە. هەروەك فەرمووت ئەوانە خەڵکێکی بێئەخلاقن... دەبینن, دەبیسن ڕێبەری خەڵك بانگهێشتن دەکا وتوویژی لەگەڵ بکا. کەچی هەرلەوێ دەیگرێ, دەی کوژێ. ئەمانە ئەمن لەجەنابت باشتریان دەناسم. چما بابمیان چۆن گرت؟ بانگهێشتنیان کردبوو بۆ وتوویژ... کەوایە جەنابت موافیقی؟ زۆرباشە, کەوایە ئەمشەو دەنووسم دووسبەی لەگەڵ کەریم ئاغاو ئەوپەڕەکەی دووسوار بێن... وەك جەنابت فەرمووت ئەمن جەنازەم بۆچیە, ئەویش جەنازەی ئەو پیاوە مەزنە!؟ خۆ نامەوێ گومبەزی لەسەر سازکەم!... با بێن جەنازەو تفەنگەکان بەرنەوە, مەبارەکی خۆیان بێ!"

هاتینەوە ماڵێ. ماڵەکە نەختێك ئاڵۆز بوو... خوشکەکان دەهاتن ودەچوون, دایکم شڵەژابوو, دادەئامین دیار نەبوو. بابم لە پێش دا هەستی پێنەکرد. لەسەر پلیکانان تووشی شاهۆ بووین, چاوی پڕ بوون لە فرمێسك . بابم تۆزێك تەماشای کرد" گوتی:"ڕۆڵە چیە؟ بۆگریاوی؟ کڵاشەکانیان خەرا کردووی؟"

"نەخەیر."

"ئەی بۆگریاوی؟"

"نەگریاوم... دووکەڵ چۆ دەچاوانم!"

بابم بەسەرسوڕماوی تەماشای کرد:"یانی چی؟ بانگی کرد:"فاتم! ... فاتم!"

دایکم هات:"بەڵێ, ئاغا..."

"چ باسە؟ ئەم کوڕە بۆدەگری؟ کەس هیچی پێ گوتوون...؟"

"نا, ئاغا, کەس هیچی پێنەگوتوە..."

"تێناگەم... ئەمن چاوم بە هەڵە چوون, یان سەلاح نیە بزانم لەم ماڵەدا چ دەگوزەرێ!"

"هەی بێبەڵا بی ـ چ دەگوزەرێ! ئەو کچە فەقیرە منداڵی لەبەر چوو...!"

بابم واقی وڕما... "کەنگێ!؟"

"هەر سەعاتێك لەمەوبەر."

"اللهاکبر! دیتم, تێگەیشتم, گوتم ڕەنگ ورووی پەڕیوە...ماشەڵڵا کە ئەم مانگە مانگێکی شومە, هەتا تۆزێك وەخۆ دێینەوەو دەمانەوێ هەناسەیەکی ڕەحەت هەڵ کێشین, موسیبەتێکی تازەمان بەسەر دێ! هەموودەم و سەعات نارەحەتی وگرفتاری!"

دایکم گوتی:"بەخۆڕایی خۆت ناڕەحەت مەکە... هیچ نیە, الحمدلله بەخێر گوزەرا... دایەئایشێ لەوێیە ـ فەقیرە منداڵەکەی دوومانگە بوو...!"

"ئێستا کەوتوە؟"

"بەڵێ, ئیدی, یەك دوو ڕۆژان دەبێ بکەوێ..."

بۆنی "میوانی" دەماڵەکە گەڕابوو.

بابم هات, وەك قەڵای ژەقنەمووتێ لەدیوەخانێ دانیشت, و چاوی لەگوڵی مافوورەکەوە بڕی. فەزای ماڵەکە وەك ئەوەدەمانە دەچوو کە "ڕێوی" نەخۆش دەکەوت. کەس دەنگی لەبەر نەدەهاتە دەر. ژووری دایکیشم هەر کڕو بێدەنگ بوو.

بابم پاش ماوەیەك سەری هەڵ بڕی وگوتی:"ڕۆڵە, بچوو لە زمان منەوە لەئامینێ بپرسەو بەدایکیشت بڵێ کارم پێیەتی..."

دایکم هات. بابم گوتی:"دووسبەی شەوێ ڕەنگە میوانمان بێن..."

دایکم گوتی:"لەم ئاڵۆز و بلۆزییەدا!"

بابم گوتی:"باشە ئیدی, خۆناکرێ بەمیوانی بلێی مەیە. ئەویش بە پیاوی وەك کەریم ئاغا... ڕەنگە سێچوارکەس زیاتر نەبن. ئەوەی بەمیوان حیساب بن لەراستیدا دووکەسن ـ کەریم ئاغاو ئەو زابتە تورکە."

دایکم بە ئاشکرا ترسا:"زابتی تورك!... بۆچی دێ؟"

"نا, ناڕەحەت مەبە ـ لەگەڵ کەریم ئاغا دێ... دێ جەنازەی عەسکەرو باش چاوەشەکە بەرێتەوە. کەوتۆتە پاڕانەوە, پەنای بۆ کەریم ئاغا بردوە... ویستم ئەتۆ لەئێستاوە ئامادە بی. ئەوی دیکەش کاری ژنانەیە, بۆخۆتان دەزانن. دایە ئایشێ دەڵێ چی؟"

"هیچ ناڵێ, دەڵێ وەزعی باشە ـ مەترسییەکی نیە, سبەو دووسبەی ئیسراحەت بکا, بەسە..."

"زۆر باشە... ئەو هۆقەو قەڵەمانەم بۆ بێنە, کوڕم... بە وەسمان و شاهۆش بڵێ بێنە دیوەخانێ ـ نانی شەوێ لێرە بخۆن. ئەمشەو ژنانەو پیاوانە نانی دەخۆین."

KKK

# ١٣

بابم ئەو شەوە بە شاهۆی گوت:"کورِم, ئەگەر شەوێ بۆ کاری ئـاوێ هەسـتایەوە, یـان خەوت لـێنەکەوت سەرێکی ئەم حەیوانە بـدە, دەفـری ئاوەکـەی بـۆ بگـۆڕە. سـبەینێش بۆخۆت قاپی ئاوەکەی بۆ بشۆو بەئاوییدا دەوە“ دەفری خواردنەکەشی. (دەی زانی کڵفەت و نۆکەرەکان ئەم کارە ناکەن) هەتا ئەم یەك دووڕۆژە کە ئـەم کچـە نـەختێك چـاکتر دەبـێ. بۆخۆشم ئەگەر وەخەبەر هاتم سەری دەدەم."

ئەو شەوە ژنانەو پیاوانە بوو, و دیوەخان کڕوبێدەنگ بوو, دەپازدە دەقیقەیەك نەبێ کـە بابم بە "ڕێوی"یەوە خافڵاو دوایەش نووسینەوەی جوابی نامەی کەریم ئاغا کـە نیزیکـەی سەعاتێکی خایاند. دوای ئەوە, براکان ڕۆیشـتن و جێگـای مـن و بابمیـان ڕاخسـت. ژووری دایکیشم هـەر بێـدەنگ بـوو. خـەوتین. بـابم وەك عـادەتی ئـەو چـەند شـەوەی ماوەیـەك تەنیشتاوتەنیشتی کردو دوعای خوێندن... ئەمن نەم زانی کەنگێ خەوم لـێکەوت, هەتا بەیانی یەك تەختە نووستم“ بەیانییش وەك هەمیشە هەموو هەستابوون کە دایکـم هـات هەڵیستاندم.

بابم لەبەر هەیوانێ خەریکی چاوگێڕان بە دەوروبەوردا بـوو, و بـە دووربـین تەماشـای ئەملاوئەولای دەکرد. لێدانی نەبزی ژیان لـە دەمارەکـانی ئـاوایی دا کـز ببـوو, ڕانەمـەڕ لەوبەر ڕووبارەکە بوو, دەنگی فیکەو "هێهێ"ی شـوانی لـە دوورەوە بـەرگوێ دەکـەوت“ دیوارەکانی چیا کە شەوێ دوورکەوتبوونەوە, دووبارە هاتبوونەوە پێشەوە, دەرودەشت دەستو چاویان شوتبوون, و داران پێکەوە سرتەیان دەکرد. بەو حاڵەش شـنەبا هـەروا بـەنێویان دا دەهات ودەچوو, ڕووبار هەروا گۆرانیی خۆی دەچڕی و بێپەروا لە هەموو کـەس و هـەموو شت دەچووە خوار.

کەوای لێڕەوار پینەی تازەی لەسەر وەدەر کەوتبوون“ لە ماڵەکانەوە جگـە لـە جاروبـار دەنگی مـەنجەڵێك, تاوەیەك, قابڵەمەیـەك, دەنگێـك بـەر گـوێ نەدەکـەوت... و دەنگـی چەکوچی کەریم دارتاش لەو نێوەدا لە هـەمووان دلێرتـر بـوو. دیـار بـوو هێشـتا کـاری سندووقەکەی تەواو نەکردوە. شاهۆ دەفری ئاوی کارۆی لە جۆگەلـەی حەوشـەی شـوتبوو,

ئاوی تێکردبوو, و بۆی دەبرد. دیواری کەلاوەکەی ڕووبەڕوومان هەروا باوێشکی دەدان . ئەمنیش هەروا .

قاوڵتیمان خوارد. بابم دیسان چۆ بەرهەیوانێ ـ پیاوەکەی کەریم ئاغا ڕۆیشتبوو, وەك دایکم دەی گوت بابم تمەنێك پووڵی سپی (زیو)ی ئەنعام پێدابوو... کچەکان برنجیان پاك دەکرد... بابم بانگی ڕەحیمی کرد, گوتی بانگی کوێخای بکا, بێنێرێتە لای خانم, ڕەنگە کاری پێی بێ. دایکم هاتە ژوور, بابم گوتی:"ئەمن نیو سەعاتی دیکە بەسەر پێوە دەچمە ماڵی مامۆستا, گوتوومە ڕەسووڵ بێ... ئەگەر کارێکت هەیە, شتێکت دەوێ بەو بڵێ..." دایکم ویستی شتێك بڵێ, بابم گوتی:"دەزانم دەتەوێ چ بڵێی, مریشك و فڕووجت نین... هەر بۆیە گوتم ڕەسووڵ بێ, بڵێ لەنێو دێ بۆت بکڕێ...نووسیومە لەچوار کەس زیاتر نەیەن..."

دایکم گوتی:"ئەیەڕۆ!" و دەستی بە چەنەگەی گرت. "چۆن بەمیوانی دەڵێن مەیە, یان چەندکەس بێن ـ ئەویش بەکەسێکی وەك کەریم ئاغا!"

بابم گوتی:"کەریم ئاغا بۆخۆی دەزانێ ـ وەختەکە وەختێکی تایبەتێیە... خۆ لەشکرو لەشکرکێشی نیە ـ پاشان میوانێکی واش نیە... بەهەرحاڵ, ئەتۆ کارت پێی نەبێ... ئامین چۆنە؟"

"باشە."

"باشێکی چۆن؟ کێ ئاگای لە منداڵەکەیەتی؟"

"بۆخۆی ـ وەزعی هێندە خەراپ نیە....خەواندمان نەوەکا خوێنڕێژی بکا...فەقێرە بەوحاڵەش شەوێ هەستابوو سەری ئەم حەیوانەی دابوو, هەرچەند فەقێرە شاهۆش هەستابوو. گوێم لە دەنگی سرتەسرتیان بوو کەلەسەر پلیکانەکان قسەیان دەکرد... بۆ میوانەکانیش بۆخۆت ئامۆژگاریی بکە, هەر لەو ژوورە لەبن سەماوەرێ دانیشێ, چای تێکاو چاوێکی لەمەجومعەکان و دانانی خواردنەکە بێ, بەسە. کچێکی بەسەلیقەیە, خوا بیپارێزێ... ئیدی با کاری دیکە نەکا هەتا ئەم یەك دووڕۆژەش دەڕۆن. ئەمڕۆ نەم هێشت بچێتە نێو حەیوانان..."

"کارێکی زۆر باشت کردوە... دە ئەتۆ ئەو شتانەی دەتەوێن بەڕەسووڵ بڵێ... پێی بڵێ فکری میوەش بکاتەوە. ئەگەر لە نێو دێ دەست ناکەوێ, بنێرێتە جێیەکی دیکە بۆی بێنن, هەتا ئەمن لە ماڵی مامۆستا دێمەوە."

دایکم گوتی:"ئێستا زوویە, بەم بەیانێیە زووە ئەو ژنە فەقێرەش گرفتارە: دەبێ شیری بکولێنێ, مەشکەی بژێنێ و قاپ و قاچاغان بشوا. فەقێرە خۆ وەك مەمانان کلفەتو

نۆکەری نین... زوویە, راوەستە با نەختێك خۆیان خڕکەنەوە ـ ئەتۆ بچیەوێ ئەو ژنە فەقیرەی لە کاروگوزەران دەکەی..."

بابم گوتی:"دەزانم... جۆرێك قسە دەکەی دەلێی لەئەستەمبوولێ یان ئیسفەهانەوە هاتووم... دەزانم, ئەقلّم هەیە."

دایکم رۆیشت, کوێخا هات و راپۆرتی کاری خۆی دا: ئێشکچییەکان هاتوونەوە, نۆبەداری دیکە چوون. هیچیان نەدیوە" کەریم دارتاش ئەمڕۆ سندووقەکەی تەواو دەکا... کەلاکەکان بەرەبەرە بۆنیان کردوە... هەنارمان داوا کردبوون, ئەوانیشیان هێناوە.

بابم گوتی:"لە کوێن؟"

"بردمنە خزمەت خانم."

بابم گوتی:"برۆ بلێ بەشیان کا. نیوەیان بۆ مالّی مامۆستا بنێرێ ـ هەر ئێستا بیان دە بەحوسێن بۆیان بەرێ."

کوێخا رۆیشت و هاتەوە.

بابم گوتی:"هەتا لەبیرم نەچووە با ئەوەش بلێم ـ ئەمڕۆ بەیانی یان سبەینێ بەیانی یەکێك لەرەعیەتەکان بانگ کە ڕیشی ئەم عەسکەرە بتاشێ ـ لەبیرت نەچێ! سبەینێ پاش نوێژێش چەند کەس لەلاوەکانی ئاوایی بنێرە لەسەر ئەوباسکانە کە بەسەر هەردوو رێبازەکە دا دەڕوانن... دوور لە تفەنگچییەکان لەپشت بەردانەوە وەختی هاتنی میوانەکان خۆیان نیشان بدەن ـ جۆرێك نەبێ کەمیوانەکان بزانن تفەنگیان پێنیە, هەریەکەی بڕەدارێکیان پێبێ, بۆ خەلّەتاندن. تفەنگچییەکانیش کەهەن... تێگەیشتی؟ وەختی رۆیشتنەوەشیان هەروا. شەوێك زیاتر لێرە نابن... بەراست, فیشەکەکانت ژماردنو داتنە دەستی کوڕەکان؟"

کوێخا گوتی:"بەلێ, ئاغا, سەدوچل دانە بوون. دەمانچەکەش بەفیشەکەوە لەخزمەت خۆتانە..."

بابم گوتی:"زۆرباشە. کەوایە ئەتۆ برۆ بەکارەکانت رابگە ـ سبەینێ ئێواری, پێش گەیشتنی میوانەکان تفەنگەکان بە فیشەکەوە لە مالێ بن... خێزانم ئەوشتانەی دەیەویستن پێی گوتی؟... لەبیرت نەچێ بە رەحمانی بلێ قەول وابوو ئەمڕۆ برینی ئەم حەیوانە بکاتەوە ـ لە بیرت نەچێ..."

کوێخا رۆیشت. بابم گوتی:"بچۆ ژووری دایکت, بلێ ئەگەر قەیدی نیە, دەقیقەیەك دێم ئەحوالّی ئامینێ دەپرسم. دەست لەهیچ شتێك نەدەن ـ لەسەرجێی خۆی بێ, بەسەر پێوە لێی دەپرسم و دەڕۆم..."

چوو... دادەئامین لەچکێکی لەسەرکرد, لێفەکەی ڕێك وپێك کردو هاتمەوە. بابم بەپێچەوانەی ئەو وادەی دابووی, دانیشت. وەزعی باش بوو. ڕێوی لە پەنای خەوتبوو. خەونی حەوت پاشای دەدی. جارجار لەخەودا زەردەیەکیشی دەهاتێ. بابم گوتی:"هەی ناپیاو, حەتمەن بەئەقڵی مە پێ دەکەنێ!... باشە, خۆ وەزعت باشە. سوپاس بۆ خوا! ڕۆڵە, گوێ لە قسەی دایکت بگرە. ئەم قۆناغانەی دیون, بەقەولی خۆی ئەم پرچەی لە بەرتاوێ سپی نەکردوون. ئەم یەك دووڕۆژە ئیسراحەت بکە... هەتا لەسەر خێران تووشی نارەحەتیی دوایە نەبی..."

"خەفەتیش مەخۆ, ڕۆڵە, خەفەتی ناوێ. شوکور جحێڵی, مێردەکەت سلامەت بێ ئیشەڵڵا منداڵیشتان دەبێ. نارەحەت مەبە..."

دایکم گوتی:"باش بوو گوتت, ئاغا... لەدوێنێوە تازیەی داگرتوە بۆ کوتەگۆشتێك... نسحەتی دەکەم, دەڵێم کچم, ئەگەر ئەتۆ هێندە خۆت نارەحەت بکەی, دەبێ پوورەحەنیفەی فەقیر چ بکا کە سێ کوڕی جحێڵی بە یەك ڕۆژ لەم ئاگرییە کوژران و تەرمەکەشیانی نەدی فەقیرە!... شوکری خوا بکە ئەلحەملای بۆخۆت ماوی, ئەو کوڕە جوانەت سلامەتە, لە سایە خوایەوە مێردەکەت زیندوویە, بۆخۆت جوان وجوری... وەڵڵا منداڵ یاخوا سلامەت بن بۆ دایك و بابان لەخەفەت بەولاوە نین..."

بابم کە فرمێسکی بەچاوی دادەئامینەوە دیتن هەستاو ڕۆیشتین. لەحەوشەی تووشی شاهۆو وەسمانی بووین" بابم چاوی لە کلاشەکانیان کرد. گوتی:"جوانی دەورە تێ گرتوون... قایشەکانیشیان جوانە. پیرۆز بن... بەڵێ, ئێستا بوونە شتێك!" منداڵەکان بە پێکەنینەوە لەبنەوە چاویان لێ دەکرد."یارییەکەتان بکەن!"

دەنگی چەکوچی کەریم دارتاش دەهات. بابم گوتی:"بچین بزانین کەریم چیی کردوە!"

چووین. هەتاو گەرم ببوو" دایە خەرامان ـ دایکی کەریم ـ لە بن دیواری هەڵ تروشکابوو, پشتی وەدیوارەکە دابوو, بووکەکەی داهاتبۆوە سەری, پشتی لەمە بوو, و زۆر بەحەوسەلەوە سەریی دەدۆزی. ڕاست وەکوو وەستاساڵحی پینەچی, وەختێك بە دوو دەرزییان دەی دووری ـ نینۆکی هەردوو قامکەگەورەی بەردەوام لە کاردا بوون. هەردەکرانەوەو وێك دەهاتنەوە. بابم پێکەنینێکی تاڵی کرد وگوتی:"چ باسە, بڕوانە چ دەکا! ئێستا دەبێ نێفەکە دەرپێیەکەی چەندی تێدا بن!"

لە نێودێ دا ئەم جۆرە دیمەنانە شتێکی ئاسایی بوون" هاوینان کاری مەزراو دروێنەو خەلەوخەرمان و ئەوجۆرە شتانە دەرفەتیان نەدەدا, بەهار فەسڵی کارو تێکۆشان بوو, زستانیش هەتاو بەدەرەوە نەبوو. کەوایە باشترین فەسڵی "ڕاو" پاییز بوو: ئەو ڕۆژانەی هەوا

خۆش بوو, پیرەژنان لەبن دیواران دادەنیشتن و سەریان دەدایە دەستی بــووك وكچــەكانیان و بەپێچەوانەی سەرتاشخانەكانی ئەمڕۆ كەسەرتاشەكان چیرۆك بێژن, وەك مشتەری دەستیان دەكرد بە حیكایەت و دەردی دڵ (قــرچ قــرچ!) ئــەدی, ئــەوەم دەگــوت, كچــەكە چــووبوو هێندێك هەرمێ لــێ بكاتەوە, هەتیوی"رەحمان سەرگاجووت"ی بەبێحــەیایی چــووبۆ بــن داری و لەوێ وەك یەكانە مانی گرتبوو... ئاخر توخوا وا دەبێ"گوڵەباغ"! كەس نیە لــەو لاوە بپرسێ ئەتۆ لەوێ كارت چیە... چۆتە سەر داری هەرمێیان لــێبكاتەوە. خۆكــارێكی بێشەرعیی نەكردوە!... بڕوانە كەوتووینە چ دەوروزەمــانێك!" ئەمە پوورە زێنەبە, زێنەبــە سووتاو.

پوورە ڕابی دەڵێ:"زێنەب, بڕینم مەكولێنەوە... حیسان ناتوانێ هەموو شتێك بڵێ... لەدوورەوە چاویان لێتە پێدەكەنی, دەڵێن خۆشــی لــەخۆی, غــەمی نیــە, دەردی لـــێنیە. بووكی لەسەر ماڵێیە, دانیشتوە لاقی لــێ ڕاكێشاوە, ئــەمیان ئــەم لاقــی بــۆ دەشێلـــێ, ئەویان لاقەكەی دیكە... حیسان پێنەكەنێ چ بكا؟ بێ بوخچەی دڵی خۆی لەلای هەموو چاك وخەراپێك بكاتەوە!... ئەتۆ بۆخۆت بووكت هەیە, چاكتر دەزانی... حیسان ناتوانــێ هەموو شتێك بڵێ... بەرماوێ چات لەپێش دادەنێ... دەی خۆیەوە چڵپاوت خواردۆتــەوە, نایخۆیەوە دەبێتە شەڕ... خوایە زۆرشوكور"

دەڵێن ئاخر زەمانە, باوەڕ ناكەین... (قرچ قرچ!) ئەو ڕۆژە ئەگــەر مامۆســتا تۆزێــك درەنگ گەیشتبایە, باوەڕكە لەم دێیەدا دەكەس زیاتر دەكوژران, (قــرچ قــرچ!) ئێســتا چ بووە؟ هــیچ... چــووبوونە هەرەوەزەدروێنــە. كــوڕی رەحیم"تــرزل"ی ویســتوویەتی باقــەی ببەستێ باقەبێنی پێنەبووە" كچێ "ئایشــەگرۆڵ"ێ كــە باقــەبێنی وێ داوە پێكــەنیوە ـ برایەكەی چاوی لــێبووە ـ "رەحمان گوێخەپلە"... غیرەتی جــووڵاوە... جــا وەرە لـــێدە! كوڕی رەحیم ترزلی نێوبژیی كردوە, هەتیو بەربۆتە گیانی ویــش... بــەكورتی هــەموویان تێك بەر بوون, دوور لەرووی حازرییان وەك سەگ و پشــیلە. چــابوو مامۆســتا گەیشــتێ. كاری ڕاست بێ... ئەمەیە دەورو زەمانەكە, نازێ! وابزانە ئێمە خۆمان هــەروا لــەئاسمان بەر بووینەوە كۆشی مێردەكانمان! ئیدی ناڵێن جحێڵن, پێكەوە دروێنــەی دەكــەن, پێكــەوە دەچنە مازووان, پێكەوە دەچنە دەشت ودەر... باشە, زەردەخەنەیەكیشیان كرد, نعوذباللــە قورئانی خوای غەڵەت نەبووە" پیرو تۆبەكار نین كە دەسحێبێكی سەدویەك دەنكی دەملیان كەن و هەمیشەی خوا زیكرو ویرد ودوعایان لەسەر لێوان بــێ. جحێــڵ جحێڵــەو پــیر پــیر. (قرچ قرچ!)

پوورەریحـــان دەڵێ:"ئـــەوێ ڕۆژێ ئـــەتۆ لـــەوێ بـــووی حەنیفـــە, شـــەڕی "سەرمار"و"ڕەشەپیزە"ی لەسەر چ بوو؟"

"لەسەر چ بێ, خوشکێ... هیچ! سـەگبابە لـە لـووتی فیلـی بەربۆتـەوە... لـەبیری چۆتەوەکە بابی هەتا کورتانێکی دەدروو کلکی وشترێ دەگەیشتە عەرزی... سەرمار دەڵێ ڕەشەپیزە لەخۆوە پێلەقەی بـە سـەگەکەی داداوە, بەئەنقەسـت پێـی داداوە... یـانی بـە بووکێی گوتوە, هەتا خەسوو گوێی لـێبێ. حاڵی بووی!؟ ڕەشەش سـوێندوقورئانان دەخـوا کە پێی دانەداوە (قرچ قرچ!) سەگەکە لەسـەر ڕێگـا خـەوتوە, ویسـتوویەتی بـەلاق لای بدا... ئەی چ هەرەشەوگوڕەشەیەکی دەکرد!... بەئەسپی شایان گوتـوە بـارگین!... بڵـێم چی, وەڵڵا ئاخر زەمانە! هەموو پێکەوە بوونە, دوور لـەرووی حازرییـان سـەگ وپشـیلە, کەڵپان لەیەکتری گر دەکەن(قرچ قرچ!) ئەو ڕۆژە "حەسکە چاوحیز"ت دی, چۆنی لەوکچە فەقیرە دەدا! کوێر بم لەو چاوانە, "حەمەکەر" ئاوا لە "کەرەسوور"ەکەی نادا. بەلای خـۆوە چارەڕەشە نۆبووکیشە (قرچ قرچ!) ئێستا چ بووە, کوێخـا بـەکابرای گوتـوە گـەنمی مـاڵی ئاغای بەرە بۆ ئاشی... کچێ فەقیریش بە زمانێکی سووتاو گوتوویە بۆخۆشمـان ئاردمـان نیـە... ئەگـەر بزانـی چ گوڵمـەزێکی وەڕێ خسـت! نۆبـووکی بەسـتەزمان وەك دایکـی کوڕمردوو دەگریا... هەر چاك بوو (نەقوستان) نەبوو. ئـەوە ئێسـتاش دەیبینـی دەسـتی شکاوەو لەملی هەڵ بەستوە (قرچ قرچ!)... بۆخۆشت ئاگات لـێبوو لە زەماوەندەکەیـدا "چەتەوڵ" چ بەزمێکی دەگێڕا... ئەدی خوشـکێ, هـەر کـەس لەهەرچـی قـەڵس بـوو, بەردەبێتە گیانی ژن و منداڵەکەی, یان حەیوانێکی خوای... (قرچ قرچ!)"

نیزیك بووینەوە, بووکەکە لەبن لێوانەوە شتێکی بەخەسووی گوت, لکـی لەچـکەکەی بـە دەمیـەوە گـرت وغـاری دایـەوە حەوشـەی. دایـە خـەرامان تۆزێـك پێڵـووە چـرچ و لۆچاوییەکانی هەڵ گلۆفین و چاوی تررووکاندن و لەوەختی خۆی دا هەستایە سەر پێ.

بابم هەر لە دوورەوە گوتی:"هەڵ مەستە دایە ـ هەڵ مەستە... ئەمن کارم بە تۆ نیە, هەڵ مەستە!"

دایەگوتی:"خوایە شوکور! کاری بە من نیە! ڕۆڵـە, ئـەو وەختـەی کـارت پـێم بـوو چ گوڵێکت لەسەری من دا هەتا ئێستا کە کارت پێم نیە لێی بدەی! خوایە شوکور. زەمانـە گۆڕاوە ڕۆڵە... ئەتۆش هەقتە!"

بابم بە پێکەنینەوە گوتی:"هەر ئێسـتا بووکەکـەت خـەریك بـوو گوڵـەکانی سـەرتی لـێدەکردنەوە!"

"رووی تۆسپی بێ, رۆڵە!... لە سایەی سەری تۆوەیە... ئەتۆ کەنگێ کیسە خەنەیەکی ناقابیلت لەبن هەنگڵت ناو هێنات دات بە دایە, کە ئێستا ئەو فەرمایشتانە دەفەرمووی! کەمت بەپشت ملی دایە دا میزتوە؟... ئەم دایکەت کەمی لە قەلاندۆش کردووی؟ ئەودەم پەخەپەخە بوو, ئێستا بۆتە قخەقخە! کەمم میزو گوو لێ شوتوویەوە؟ قەت گوتت ئەم پیرەژنە زەحمەتی پێوەکێشاوم, با بچم سەعاتێك گوێ لە دەردە دڵەکانی بگرم! حەیا شتێکی باشە وەڵڵا, بەڵام شوکور ئەتۆ نیتە! زەمانە گۆڕاوە... ئێستا قەرزداریشمان دەکا, ئاغا!"

بابم بە پێکەنینەوە گوتی:"بابم سەد جاری پێگوتی, دانیشە لە ماڵی خۆت مێردی مەکە, بەقسەت نەکرد! ئێستا کە کەیفی خۆت کردوە بۆڵەی دەکەی! مێردت نەکردبایە. لەوێ مابای, پارووە نانێك هەبوو پێکەوەمان دەخوارد... بابم سەد جاری پێگوتی..."

"خوا بە زیادی کا, رۆڵە, پارووەنانێك لەهەموو جێیەك پەیدا دەبێ! ئەتۆ سلامەت بی موحتاج نیم. نوور لە قەبرەکەی بباریێ, ئەتۆ هیچ وەك ئاغای گەورە ناچی! بەڵام کوڕم, بنیادەم بە مەحەببەت دەژی... ئاخر بێحەیا, ئەتۆ هەروا سەر دادەخەی وخۆت گێل دەکەی, و خەبەرێکی ئەم پیرەژنە ناپرسی! ئێستا هاتووی ئاووا, دار دار خەبەردار. چیە؟ ئاغا هاتوە... دەنگی جووت تەپڵێیە! کێیە؟ شێرئاغایە, کوڕی مارف ئاغا, دەچێتە لای دایەنەکەی. دەك رووزەردی دنیا و قیامەتان بی رۆڵە!"

وردەوردە لەحەوشەی نیزیك ببووینەوە, بابم بن پیلیی گرتبوو. کەریم گوتی:"دایە دیسان دەستت کرد بە قسەی هاتەران پاتەران!"

دایەگوتی:"بەڵێ, دەستم پێکرد... چاکم کرد... بەتۆ چی؟!"

بابم پێکەنی, و گوتی:"کارت پێی نەبێ, کەریم, دڵی پڕە."

"ئەرێ وەڵڵا دڵم پڕە... ها, ها تا ئێرەم هاتوە!"و دەستی لەسەر گەرووی دانا:"هەردووکتان یەك لەیەکێ خەراپترن, کوێر بم ئەگەر شیری ئەم مەمکانەتان لێ حەڵاڵ کەم... نەحلەت لەبابم ئەگەر بیکەم!"

بابم گوتی:"چ بوو, ئەم شیرە بوو بە خوێنی سیاوەش, هەر نەبڕایەوە! خۆ ئەمن جووتێك بزنم بۆ کڕیوی... ئێستاش هەر دەڵێی شیر!"

"زۆر چاکە, گووت بەم پرچانەم, ئێستا بە سەریشمان دا بخوێنە!... چاومان ڕوون, گەورە بووە, دەستی رێز لە دایەنەکەی دەنێ... ئەمنی پیرەژن لەتەرازووی بزنان دەنێ! دەستت نەرزێ, رۆڵە! ئێستاش پێت وا نەبێ هاتۆتە لای من... نا, هاتوە بۆ سندووقەکەی! ئاغا چ کاری بە رەعیەتە... جەنابی ئێستا شێرئاغایە, ئێمەش بووینە

دایەخەرامان! لەبیری چۆتەوە ئەوەدەم چۆن لەجێی دا وەك گەنە بەم دایەخەرامانەوە دەنووسا... ئێستاش تانووتی لێدەدا کەسەرت ئەسپێی هەڵێناوە, دوور لەرووی حازرییان فلانەجێت ئاوایە!..."

بابم پێکەنی:"نا دایە, ئیدی نەبوو, لەخۆڕا قسەم بۆ هەڵ مەبەستە. ئەمن کارم بە فلانەجێت نەبوو..."

دایەخەرامان بەتانووتەوە گوتی:" نا تکایە کارت پێی بێ!... ئەتۆ کارت پێی‌نەبێ, کێ پێی بێ! تف لەو ڕووانەت بێحەیا, خەجاڵەت نابیەوە!"

کەریم گوتی:"الله اکبر, دایە!"

دایەگوتی:"دایەو ژەهرەمار! چیە, هەرفەرمانان دەدەی!... ئەتۆی بەرەڵلاش بوویە بنیادەم!... ئەی خوا بلێم چت لێبکا زەمانە! وەڵلا ڕاستیان گوتوە گورگ ئەگەر پیر بوو دەبێتە سۆدرەی سەگان. سەگی وەك ئەمانە... ئێ خوا بم کوژێ... ئەو هەموو ماوەیە ئەو کوڕەم نەدیوە... هێندتان قسەی قۆڕکرد! وەرە, وەرە... بەقوربانی ئەو بەژنو باڵایەت بم... شێرۆ ئەم منداڵە کز بووە, دوور لەگیانی؟"

بابم گوتی:" هیچ کز نەبووە, زۆریش بە دەماخە..."

"الله اکبر! یانی ئەتۆ قسەی پووچ مەکە, ئەتۆ تێناگەی! زۆر باشە..."

بابم گوتی:"یادۆ, بڕۆ دەستی دایە ماچ کە!"

دەستی دایەم ماچ کردو بەو لێوە چرچانەی هەرچی تف لەگووپەقوپاوەکانیدا بوو, بە لاچاوی من وشکیکردەوە. بەخۆم نەبوو قۆڵم بە لاچاوم دا هێنا.

دایە گوتی:"ئەم منداڵەشت بەدعەمەل کردوە... بێچاوڕوو, ئەتۆ فێرت کردوە, ئەگینا ئەمەمنداڵە, ئەم شتانە نازانێ!"

بابم گوتی:"سەیر پێوە بووین! چیم فێرکردوە چیی نازانێ! باشە, هەرچی تف لەزارت دابوو خستتە سەر ڕوومەتی کوڕەکەو سواغت دا, دەتەویست پاکیشی نەکاتەوە... داستانێکی سەیرە!"

دایە خەرامان گوتی:"تێنەگەیشتم!" دەستی چەپی بۆ چەنەگەی برد, وەك سەری سوڕ مابێ و دەستی بەچەنەگەیەوە گرت:"خوا دەنکە جۆیەك بەخت بدا بەبنیادەم!"

بابم گوتی:"نارەحەت مەبە, منداڵە."

"کوێی منداڵە؟ لەچاوی پیس بەدوور بێ ماشەڵلا دەڵێی داری شمشاڵە... کەنگێ ئیشەڵلا لەسەرخێران ژنێی بۆ دێنی؟"

بابم گوتی:"دایه, ئەتۆ شتەکەت تێکەڵ کرد! چ وەختی ژن هێنانیەتی!... نیازم هەیە ئەگەر خوا ڕێکی خا بێنێرمە شاری بخوێنێ, ئیدی دەوری ئاغایەتی بەسەر چووە!"

دایــە بەوچــاوە کــەم حوکمانــەی تاوێــك تەماشــای کــرد, وەك ئــەوەی بــە ئــەقڵی پێبکەنی:"بخوێنێ! بخوێنێ ببێتەچی...! عەیبیش ناکا کوڕی مارف ئاغا! باشە, ئەوە بوو بە مەلای دوازدەعیلمیش, ئەو وەخت چ بکا, توورەکە لەشانی بکاو دێبــەدێ بگــەڕێ!... چاومان ڕوون! هەر لەهەوەڵەوە گوتم ئەقڵت نیە, باوەڕیان نەدەکرد... وەڵــڵا نیتــە, بــیللا نیتــە! ژنــان دەڵــێن منــداڵێك کــە بمێنــێ هــەر لەدووســێ ڕۆژی هــەوەڵی عومریــیەوە, دوورلەرووی حازرییان, بەرەنگی گووەکەی را دیارە. ئەتۆش هەر لەمنداڵیتەوە دیار بووی. بە مارو بۆق گرتنەکەت, بەو هەموو پەندە کە بەسەر ئەو پیرەژنەت دێنا... ئەی ڕوورەشی دنیاو قیامەتان بی, ڕۆڵە...! ئێستاش دەیەوێ ئەو منداڵــە بنێــرێ ببێتــە مــەلا "نــانی فەقێیان رەحمەتی خواتان لــێبێ"!... ئی خۆت بەسەر چووە, ڕۆڵــە, خــوا ئــەقڵ بــدا بــە نەوەکانت!... ئــاخر نــازانی کەئێمــەش ئــاوات و ئاروزوویــەکمان هەیــە... ماشــەڵڵا ـ بەقوربانی ئەوچاوانەی بم ـ گڵ لە بەین دا بێ, عەینەن دەڵێی ئاغای ڕەحمەتییە, مــووی لەئاغای گەورە وەرنەگێڕاوە... پێت نەگوتم کەنگێ لەســەر خێــران ژنێــی بــۆ دێنــی؟... ئێستا ئیدی وەختیەتی, ڕۆڵە, ئاخر ئەمنیش ئارەزوویەکم هەیە, بێشەرم!"

کەریم گوتی:"اللەاکبر !"

دایەگوتی:"اللە اکبر و قوززەڵقورت!"

بابم گوتی:"نەخەیر, وا بەئاسانی نایبڕێتەوە!" لەبن لێوانەوە گوتی:"لەکەللەی داوە!" پیرەژن گوێی تیژ بوون... "بەڵێ, لەکەللەی داوم ـ ئاواتیشم هەیەکە منداڵی وی ببینم! ـ کفرم کردووە!"

بابم گوتی:"دیت کەریم! دایە, گیروگرفتی تۆو خەڵکی وەك تــۆ شــتێکی دیکەیــە... قەول دەدەی ئەگەر منداڵی ئەم کوڕەت دی..."

"ئەی هاوار, قەول دەدەی! استغفرالله, استغفرالله! کوڕەکە شێت بووە, ئێســتا دەســت لە کاری خواش وەردەدا! ڕۆڵە, ئەتۆ ئیــدی گــەورەی... مــردن و ژینــی بنیــادەم بەدەســت خوایە... بەراستی قسەی وا دەکا کەس نەیکردبێ! قەول بــدەم کــە دوایــە بمــرم! خوایــە شوکور...! دەزانم ئەتۆ وکەریم لەخواتان دەوێ ئەمن بمــرم, بــەڵام خــوا بــەقوربانیبم ئــەم داخەتان لەسەر دڵ دادەنێ!" ڕووی کردە ئاسمان, دەســتی بەســنگی دا کوتــاو گوتی"ئــەی خوایە, بەقوربانت بم, بەقوربانی گەورەییت بم... وەرە ئەم داخەیان لەسەردڵ دانــێ, هــەتا زەماوەندی کوڕی کوڕیشی دەبینم ـ ئەی خوایە!" دیسان سنگی خۆی کوتا.

بابم زەردەیەکی کردو گوتی:"عەرزم نەکردی! نەخەیر هەر ئێستا هەیە...!"

دایەخەرامان گوتی:"خوایەگیان شوکور ـ ئێستا بەلەبزی قەڵـەمییش قسـەم لەگـەڵ دەکا!... قورِ بەسەرم... هێندەتان قسەی قۆڕ کرد, ئەسڵی کارەکەم لـەبیر چـوو!... بـە راسـت شـێرۆ, ئـەوە چ بـوو, ئـەو جەندرمەیـە؟ راسـت بـوو, شـوکور بۆخـوا هیچـت لـێنەهات!..."

ئێستا ئیدی نۆرەی بابم بوو.

بابم گوتی:"لە ئەحواڵ پرسییەکەی تۆ!... دیتم چۆن بە هەناسە برکـە هـاتی! بـەڵام بۆخۆت کە دەگەیە خەڵکی, زاری جەواڵی دڵت دەکەیەوە, و یەك تەکان دەبۆڵێنی!"

"رۆڵە, ئەمن لەپێ کەوتووم... هەمیشەی خوا ئێسکەکانم ژان دەکەن... دەمەویست بێم, وانیە نەم ویستبێ, زۆریشم حەز دەکرد" بەکەریمیشم گوت, نەی هێنام, گوتی بۆخۆی هاتوە, شوکور بێمزەرِەتی... ئاخر ئەویش ئێستا وەك تۆ من منم لـێدەگرێتەوە, بۆخـۆی دێ, بۆخۆی دەچێ... نەی هێنام... ئەویش ئێستا وەك تۆ قسەی خۆشی ئەوەیە کە بـەمن دەڵێ مەکە, مەچۆ, مەخۆ...!"

کەریم گوتی:"اللەاکبر!"

بابم گوتی:"کارت پێی نەبێ!"

"ئەویش وەك تۆیە, جوابە جەنگیم دەکا. هەتا قسەیەك دەکەم دەیانم جواب دەداتەوە! بۆ ئەتۆ پێت وایە لە شەوو رِۆژێ دا دووکەلیمە قسەم لەگـەڵ دەکـا!... بـەخوای حورمـەتی بەچکە پشیلەیەکم لەم ماڵە دا نیە!... یەك لەیەکێ خەراپتِن..." پیرەژن لـەپرِ هاتـەوە سەر خۆی ـ بابم هەروا بن پیلیی گرتبوو ـ نەختێك پشتی راست کردەوە, دیسـان دەسـتی بۆ چەنەگەی بردەوە"ئاخ هێندەتان قسەی قـۆڕ کـرد لـەبیرم چـوو." بـانگی کرد:"رِەزیـە! رِەزیە!"

بوکەکەی لەوسەری حەوشەوە گوتی:"بەڵێ, دایە!"

"رۆڵە, ئیستیکانێك چا بۆ ئاغای سازکە!"

بابم گوتی:"زۆرسوپاس... کارم هەیە, دەبێ برِۆم ـ ئێستا ئیدی بۆڵەی مەکە, دەبـێ بچمە ماڵی مامۆستا, دوایەش میوانم هەیە, گرفتارم... پاشان بەو هـەموو ئەسـپێیەوە کە کوشتت, حەتمەن دەتەوێ بەودەستە جوانانەت چای دەم کەی کە ئەمن بێخۆمەوە!؟ نـا, ناخۆمەوە... وەختێکی دیکە دێم, دادەنیشین تێر پێکەوە قسان دەکەین... کەریم, شـێتی نەکردووی؟ ئەی ماشەڵڵا کەبۆڵە دەکا!"

دایە بە قینەوە گوتی:"زۆر باشە! خوایە شوکور ـ ئەگەر دەگاتە مە دەبێتە زڕکوڕ... وەختی نیە, نامەوێ, ئەسپێیان دەکاتە بیانوو! ئەسپێ... ئێستا دەڵێی چ بکەم ئەسپێیان نەکوژم!؟ کەسێك کە قسەی وا دەکا, دەبێ کیسە کیسە خەنەو جیوەش بۆدایکی بنێرێ, نەك هەر رەخنە بگرێ و قسەی زل بکا, و پلاران باوێتە دایکی! ئێستا نابێ ئەسپێیانیش بکوژین ـ ئاغا فەرموویەتی... بەڕاست قسەیەکی عەنتیکەیە! دەستەکانم جوان نین... ئی جوانتری پەیدا کردوون" راستیان گوتوە رۆڵە, تازە هاتن, کۆن خەڵاتن! خوایە زۆر شوکور!"

بابم گوتی:"زۆر باشە, جارێ قەڵس مەبە... جوانن... خەنەشت بۆ دەنێرم, بە چاوان, ئەتۆ کەنگێ داوات کردوە, ئەمن نەم ناردوە؟"

"چما ئەمن دەبێ داوا بکەم! وەڵڵا قسەی چاکە! کوڕەکە چاکی داوەتە باری نەفامی! ئەدی بۆچی بێ پێگوتن بۆ ژنەکەت دەکڕی" باشە, بۆ منیش بکڕە, ئەمن چیم لە ژنەکەت کەمترە ـ کەمم زەحمەت پێوە کێشاوی!... ئەتۆ ناردووتە ئەمن وەرم نەگرتبێ!"

بابم گوتی:"اللهاکبر! بە چاوان, کەریم ئەمڕۆ دەبێ تەواو بێ... زۆری ماوە؟"

"تەواو بووە, ئاغا ـ کەسێك بنێرە بێهاتەوە!"

"جێی هەردووکیان دەبێتەوە؟"

"ئەندازەم گرتوە, ئاغا. گەورەیە ـ دەبێ هێندێکیش پووش وپەلاشیان لەگەڵ تێهاوێن فکری هەڵمسانیشم کردوە."

"هەقدەستت چەند بۆ بنێرم؟"

"هەرچەندێکت نارد خوا بەزیادی کا. یەك دووبەستە فیشەکیشم لەفیشەکەکانیان بۆ بنێرە. بەکوێخای بڵێ ئەگەر پرسیان, بڵێ هەر ئەوەندە بوون..."

"چۆن... چما ئەتۆ تفەنگی ئەڵمانییشت هەیە؟... نەم دیبوو..."

کەریم هیچی نەگوت. بابم گوتی:"ئەگەر هەتە پاڵی پێوەنێ, بڕوا ـ بەکەڵکی چیت دێ" بیفرۆشە, کەلێنێکی پێ‌بگرە..." پاشان"یادۆ, لەبیرت بێ, لەماڵێ وەبیرم بێنەوە... باشە, کەوایە تەواوە؟ زۆرباشە! دایە ئەمن رۆیشتم, بەڵام لەمەودوا ئەگەر بتەوێ هێندە بۆڵەی بکەی ئیدی نایەم... مێشکی سەری پیاوی دەبەی! پیاوی لەو غەڵەتەی کردوویە پەژیوان دەکەیەوە!"

"رۆڵە, ئاخر ئەمن لەتۆو کەریم بەولاوە کەسم نیە, ئەدی قسەی خۆم بەکێ بڵێم. بۆیە کەدێ لینگی درێژ دەکا ولەگەڵ ئەو مارمێلکەیەی ژنی دەست دەکا بە دەستبازی و

مرقەمرق (ژنەکە لەهەیوانێ لکی لەچکەکەی بەددانی گرتبوو, و پێدەکەنی.) لەپێش چاوی منی پیرەژن, پێیان وایە نازانم, زۆر چاکیش دەزانم!"

کەریم گوتی:"اللەاکبر! دایە, واز دێنی یان نا!"

دایەگوتی:"اللەاکبر و ژەهرەمار! خۆ درۆ ناکەم. ئەمنی پیرەژنیش دەبێ لەوێ دانیشم قرۆقەپ" و دەستی توند بە ددانیدا کوتا. "چەند! چەند دانیشم!"

کەریم و بابم پێکەنین. بابم گوتی:"بەڵێ, لەدەردەکەت حاڵی بووم... ئێستا دەفەرمووی ئەمن یەکێك پەیدا بکەم لەگەڵ جەنابت دەست بە دەستبازی و مرقەمرق بکا؟ نەخەیر, خانم, ئەمن لەو ئەرکە عەفوو فەرموو! بەڵام خەنەت بۆ دەنێرم, بە چاوان! بۆچی زووتر باست نەکرد؟ بۆخۆت لەوماڵەدا ژیاوی, دەزانی کە سەرقاڵین..."

"خوا لە سەرقاڵی نەجاتت بدا, رۆڵە" رۆڵە, هەرئەتۆ نی, هەموو سەرقاڵن ـ خوا رەحم بە هەمووان بکا. خواگرێی کاری هەموو بەندەیەکی خۆی بکاتەوە! رۆڵە گیان, جارجار حاڵێکی ئەم پیرەژنە بپرسە" پیرەژن ئیدی ناشکوری نەبێ پێی لەسەر لێوی قەبرییە, ها ئەمرۆ ها سبەینێ تەواو بێ, بڕوا. دڵی پێخۆش دەبێ... ئاخر ئێوە ماشەڵڵا جحێڵن, تێناگەن پیرەژنێك چیی دەوێ؟ هیچ... دەیەوێ دووەدەقیقە دانیشێ چاو لە بەژن و باڵاتان بکا. هەربەوە رازیییەکە سلامەت بن ئەو بتان بینێ... وریای ئەم مندالەش بە... مەیەڵە ئاوا کزبێ..."

"بەچاوان, بەچاوان... دەی, ئەمن رۆیشتم...خوا حافیز!"

دایە لە دواوە گوتی:"روورەش, لە بیرت نەچێ!"

بابم پێکەنیو گوتی:"بەچاوان, بەچاوان!"

هاتینەوە. لەرێیە بابم گوتی:"ئەم پیرەژنە دایەنم بوو. خۆ دەزانی... ژنێکی زۆر میهرەبانە... فەقیرە ئیدی لەپێ کەوتوە... ئەی, چەندم بەلا بەسەر ئەم پیرەژنە هێناون!... ئەتۆ ماشەڵڵا لەچاو تەمەنت منداڵێکی هێدیو هێمنی. ئەمن پارچە ئاورێك بووم ـ زۆر وەحشی بووم... تاقە کوڕی بنەماڵە بووم, بابم زۆری ڕوو دابوومێ, دایکم خوا عافووی کا, هەمیشە هاواری بوو بە دەستمەوە. دەچووم توولە مارێکم دەگرت و دەم خستە نێو جێوبانەکەی ـ جێوبانی ئەم پیرەژنە... خۆم دەخەو دەکرد, هەتا پرخەی لێ بڵند دەبوو, لەقووتوە سیگاری بابم توتنم دەردێنا, لەکونە تفنکیم دەکرد و دووبارە خۆم دەخەو دەکردەوە. ئەم فەقیرە هەتا بەیانی دەپشمی. ئاوم دەپاڵ جێیەکەی دەکرد, بەدایکم دەگوت لە خۆی میزتوە...! فەقیرە پیر بووە ـ هەر ئەم رۆژانە رەنگە بمرێ!" تاوێك ڕاوەستا, دوایە گوتی:"بەراست, دەمەویست بپرسم: ئەتۆ خەریکی دەرسەکانت دەبی؟ ئێستا مامۆستا

نەخۆشە, بەڵام ئەتۆ دەتوانی هەر نـەبێ دەوران بکەیـەوە. ئەوانـەی خوێنـدووتن, دەوریـان بکەوە... بەڵکوو بچینە شاری و ئیشەڵڵا لەپۆلی چوار وەرت گرن! ئەتۆ ئیدی گـەورەی ـ دەبێ بچیە شاری بخوێنی ـ ئەم ژیانە بەکەڵك نایە... دەبێ بخوێنی..."

لەتاوی شاری دڵم هەر تۆزێکی لـێمابۆوە!

بۆنی فرووجاوێ لەدالآنی مـاڵی مامۆسـتا گـەڕابوو" مـەلاژن وکچـەکەی لـە دالآنـێ خەریکی قاپ شوتن بوون" سۆفی رەحمان تاوێك پـێش مـە چـووبوو برینەکـەی کردبـۆوەو دیسـان مەڵحـەمی لەسـەر دانـابوو, و دەرمـانی گوشـتەزوونی پـێکردبوو" مامۆسـتا هەنارێکی ئاوڵەمە کردبوو دەیمژی. پاڵی وە باڵنجێك دابـوو, وەزعـی بـاش بـوو, گـوتی جەڕاحەکە گوتوویە برینەکەت خەریکە گوشـتەزوون دێنێتـەوە, واتـە وێـك دەکەوێتـەوە, لەچاو دوێنێ ژانی کەمترە. بابم گوتی زۆر شوکور...

مەلاژن ویستی چای لـێنێ ـ بابم گوتی:"پێم ناخۆش نیە, ئەگەر نابێتـە زەحمـەت... مامۆستا, پیرییش نەخۆشییەکی خەراپە ـ رام سـپاردبوو سـندووقێك بـۆ ئـەم کەلاکانـە دروست کەن, چووم بزانم کەریم چیی کردوە...! ئەگەر بزانی دایەخەرامان چیی پـێکردم! هەرگوتی وگوتی. ئاسمان وریسمانی تێـك کـردەوە, بـزن, ئەسـپێ, چـووزانم...ئـەی کـە نەخۆشییەکی پیسە...!"

"بەڵێ, ئیدی... قورئان دەفەرموێ "و من نعمّره ننکسه"... بنیادەم کە پیربوو, ئاقڵ سووك دەبێ. بۆیە پیرییان بە منداڵیی دووەم داناوە. راستیشە. پیر ئەگەر ئەقڵی کەم نەبێو وەك ئینسانێکی تەواوو ساغ بیر بکاتەوە, ژیانی تاڵترە. بـەڵام بـەقودرەتی خـوای دڵـی بـە دونیاو ژیانەوە پتر دەبێ کەمتر نابێ. کتێب دەفەرموێ "دار چەندی رەگ وگـەڵای پـتر بـێ, زۆرتر بەزەوییەوە دەچەسپێ." ئەمانیش وان. بەرەگ وریشەیەکی زۆرترەوە لـە ژیـان گـرێ دراون. ئارەزووی بنیادەم تەواوبوونی نیە."

بابم گوتی:" مامۆستا, جوابی نامەکەم هەر بەوجۆرە کە قەرار بوو نووسـیەوە, رەنگـە سبەی شەوێ بێن... بە هەرحاڵ, با ئەمەش بگوزەرێ تا بزانین بۆ دوایە چ خەونێکیان بـۆ دیوین... جەنابت کارێکت نیە, شتێکت ناوێ؟ چۆنە بۆخۆم بچمە پشت دەزگاکەو خرت و پرتە نیوەچڵەکان تەواو بکەم؟"

مامۆستا پێکەنی:"نەخەیر, ئاغا, جەنابت زەحمەت نـادەم ـ زۆر سـوپاس ـ بۆخـۆم ئیشەڵڵا وەختێك تەواویان دەکەم."

بابم پێ‌کەنی:"کارێکت بەمن نیە ـ مەلاژن کارێکت نیە ـ شەرمێ مەکە... موقەددەر بوو ـ هەرچیتان دەوێ بفەرموون بۆتان بێنن... مامۆستای فەقیر لەونێوەدا هەقێکی باشی بۆ دیلمانجی‌یەکەی وەرگرت...!"

مامۆستا گوتی:"زۆر مەمنوون... هەنارەکانیش گەیشتن ـ زۆر بەوەخت هاتن... بەراست ئاغا, حەیوانەکە وەزعی چۆنە... ئاخر ئێمە هاوسەنگەر بووین‌و هاوبرینیشین!"و پێ‌کەنی.

بابم گوتی:"باشە, قەرار بوو رەحمان ئەمڕۆ برینەکەی بکاتەوە. نازانم چووە یان نا."

"بەڵێ, کەلێرە رۆیشت گوتی دەچمە ماڵی ئاغا... اشهدبالله سەگی چاکە, ئاغا. ماشەڵڵا لەقودرەتی خوا! پیاو پاسەوانی وای هەبێ لە هیچ دوژمنێک باکی نیە... بەراستی, ئاغا, هەوەڵ رۆژ کە بەخزمەت گەیشتم وئەم حەیوانەم لەسەر پلیکانان دی ناڕەحەت بووم. دەمەویست تکا بکەم لەوێ دووری خەیەوە... بەڵام ئەمن چووزانم!..."

بابم گوتی:"بەڵێ, تەربیەت کراوە. سەحەبەکەی دەڵێ بۆنی دوژمنی لەفرسەقە رێیەکەوە لێك دەکاتەوە. سەیرەکەی ئەوەیە وەك بنیادەمێکی ئاقڵ و تێگەیشتوو گوێ لەقسەی سەحەبەکەی دەگرێ... حەتمەن رەحمان بۆی باس کردووی, وەك نەخۆشێکی ئاقڵ دەدانی بەجەرگی خۆیدا گرت. ناڵەی لەبەر نەهاتەدەر! شتێکی سەیری دیکەی ئەوەیەکە پابەندی ئەو منداڵەیە ـ ئەو منداڵە کەدیتت..."

"ماشەڵڵا منداڵێکی شیرنە ـ خوا بیپارێزێ!"

"... دەبێ چاوی لەومنداڵە بێ, دەبێ ئەومنداڵە لەدەوروبەری خۆی هەست پێ‌بکا, وەك سەحەبەکەی دەڵێ هەست بەبوونی ئەو منداڵە نەکا دەمرێ... جەنابت راست دەکەی, ئەگەر وا نەبایە, ئەوێ جێی وی نەبوو... بەڵام باشە, بوونی لەوێ, هەروەك دیتت بووە هۆی ئەوە کە ئەمن لەو فەرتەنەیە گیان دەرکەم... بەڵێ, سەگێکی سەیرە... دە تفەنگچیی باش دێنێ!"

هاتینەوە, دیسان سۆفی رەحمانمان نەدی. هاتبوو, برینەکەی کردبۆوە, دەرمانی کردبوو, پلێتەی تێ‌ڕاکردبوو, و دووبارە بەستبوویەوە.

منداڵەکە دەگریا... بابم لە ئەحواڵی دادەئامینێی پرسی, دایکم گوتی:"باشە لە سایەی خواوە, دایە ئایشێش لێرەیە... دەڵێ ئیدی هیچی نیە."

"ئەو منداڵە بۆ دەگری؟"

"داوای تۆ دەکا..."

"یادۆ, برۆ بیهێنه..." له پێش کارۆ چۆکی دادا... بەڕاست فـاتم وەبـیرم هاتـەوە ـ قەولی هێلکەورۆنێکم بەوحەیوانە دابوو. بلێ منداڵەکان دووسێ هێلکەی بۆ دروست کەنو بیهێنن, تا بۆخۆم لە پێشی دانێم ـ دەمەوێ لەگەڵم ببێتە ئاشنا..."

دایکم تۆزێك تێیەوە ڕاما... ڕۆیشت. دادەئامین لیباسی لە منداڵەکە گۆڕیو هێنـام. هەروەك جاران لەپێش کەوشکەنەکان دام نـا... و بـابم باوەشـی بـۆ کردەوە:"غـاردە وەرە, غاردە!..." و منداڵەکە خێرا خێرا چوو, و کەوتە گیرفان پشکنین...

نیورۆژمان لەگەڵ براکان خوارد... بابم نەختێك ئیسراحەتی کرد.

کوێخا هات.

بابم گوتی:"ها, چت کرد؟ سندووقەکەت برد؟ جێیان بۆوە؟"

"بەڵێ, ئاغا ـ دووتەختەمان بزمار نەکردوون, کەئەگـەر پێیـان خـۆش بـوو, بتـوانن سەروچاویان ببینن... سۆفی مەجیدیش ریشی ئەم عەسکەرەی تاشی."

"بەڕاست, نەم پرسی ـ خۆ دەستتان لەگیرفانی نەداوە؟"

"نا, ئاغا, شتێکیان پێنەبوو دەستی لـێبدەن یان نەدەن ـ شایییەکیان لەگیرفانیـدا نەبوو. ئەمن ئاغامان دڵنیا دەکەم!"

"زۆر باشە... لە بیرت نەچێ هەقدەستی کەریمی ئەگەر نەت داوە, بیدە... داوتـەتێ یان نا؟"

"نەخەیر, گوتی لەگەڵ ئاغای حیساب دەکا."

بابم گوتی:"بۆخۆت لەگەڵی پێك وەرە ـ پاشان جگەلـە هەقدەسـتەکە دوو بەسـتە لـە فیشەکەکانی ئەو باش چاوەشەشی بدەیە... ڕاوەستە, مەڕۆ... چم دەویست بڵێم... ئـا, برۆ لای خانم, بلێ ئەگەر لە ماڵێ خەنەیان هەیـە, کیسـەیەك بـۆ دایەخـەرامان بنێـرن, لەگەڵ فیشـەکەکانی کـەریم... چـیی دیکـەم دەگـوت... سـبەی شـەوێ پـێش ئـەوەی میوانەکان بێن تفەنگ و فیشەکەکان بێنە لـەم قولینچـکە دایـان بنـێ. لـە بـیرت بـێ فیشەکیان لەبەرلوولەو لەعەمبارەکەدا نەبێ... هەتا ئێستا خۆ پیاوەکان بەوتفەنگانەوە نەهاتوونە لای عەسکەرەکە؟"

"نەخەیر, ئاغا."

"زۆر باشە, تفەنگەکان لەپێش چـاوی وی لـە کوڕەکـان وەرمـەگرە... ئـەمن ئیـدی کارێکم نیە..."

کوێخا ڕۆیی, بابم داوای دایکمی کرد, ئەحواڵی دادە ئامینێی پرسی" دایکم گوتی باشە.

"باشی چۆن؟ دەتوانێ دانیشێ؟"

"بەڵێ, دەتوانێ, بەڵام باشترە زۆر دانەنیشێ."

"باشە, ئەگەر دەتوانێ دانیشێ, و زۆر نارەحەت نیە, هەمووما پێکەوە شێوێ دەخۆین. چیمان هەیە؟"

"فرووجاو, خواردنی نەخۆشی."

"زۆر باشە, بەڵام زۆری روو لێ مەنێ ـ نەوەك نەتوانێ و لە ڕوو دابمێنێ..."

ئەو شەوە نانمان پێکەوە خوارد.

KKK

# ١٤

لەمێژە کەلاکەکانیان بردۆتەوە, خەبەرێك نەبووە. ئاخرو ئۆخری دووەم مانگی پاییزە... هەوا بە چاکی سارد بووە" خوشکم خەریکە گۆرەویی بەن بۆ "رێوی" دەچنێ... مامۆستاو کارۆ چاك بوونەوە" کارۆ دەشەلێ ـ شەپیلکی ئازاری دیوە, بە زەحمەت لە پلیکانەکان سەر دەکەوێو دێتەوەخوار" دیارە لە یاری کردنیش دا دەماغی جارانی نیە... ئیشتیای لە یاری هەیە, بەڵام دەستی چەپی کۆمەگی ناکا. هەر کە چەند هەنگاو غار دەدا دەستی هەڵ دێنێ و بە سێ لاقان دەڕوا. وەك سۆفی رەحمان دەڵێ هەرواش دەبێ.

دادەئامین لامپایەکەی هەڵ کردوە, بابم دێ. لەسەر پلیکانان تاوێك لە پێش کارۆ هەڵ دەتروشکێ, و چاك وچۆنیی لەگەڵ دەکا. ئەمە بۆ بابم بۆتە عادەتێك. "رێوی"یش بێخەبەرو ئیجازە لەژووری دایکمەوە خۆی گەیاندۆتە سەر پلیکانان, لەپەنا بابم دانیشتوە. سەگەکە وەك پیاوێکی ئاقڵ کاری بەبابم نیە: ئەو وەختانەکە دادەئامین لە پێشی هەڵ دەتروشکێ, دەست درێژ دەکا و ئیشتیای لەیارییە. لەگەڵ رێوییش هەروا. بەڵام چونکە دەزانێ بابم پێی خۆش نیە, گاڵتە لەگەڵ وی ناکا. لەسەر قوونان هەڵ دەتووتەکێ, و چاو دەبابمەوە دەبڕێ" جارجاریش مل لەسەر چەمۆڵەی درێژ دەکاو دەنووزێنێ.

بابم لەپێشی هەڵ تروشکاوەو قسەی لەگەڵ دەکا. تازە بابم پێدەزانێ:"ئێ رێوی, ئەتۆ لێرەی! کەنگێ هاتی؟... ئەدی بۆ دەنگت نەکرد؟" رێوی پێدەکەنێ, بابم لەباوەشی دەکا, هەڵ دەستێ و دێتەوە ژووری.

دادەئامین دەڵێ:"ئەوە کێ هێنای, بابە؟"

بابم دەڵێ:"بۆخۆی هات... ئێستا ئیدی بۆخۆی بۆتە پیاو, کوڕەکەم!" و دەست بە سەری رێوی دادێنێ, زۆر نەرم, لەسەرەخۆ, دەڵێی دەست بەسەر باڵی باڵندەیەکی بریندار

دا دێنێ. پاشان بەراوێژێکی ئاسایی دەڵێ:"چۆن, ئەتۆ نەت هێنا؟" دادەئامین دەڵێ نا, ئەمن دەڵێم نا... لەونێوەدا ڕێوی کلۆقەندی خۆی دیوەتەوە. بابم وەری دەسووڕێنێ بۆلای خۆی و دەڵێ:"کەوایە سەربەخۆ بووی, ها! هەروا سەری خۆت دادەخەی و بێ ئیجازە دێی! کێ گوتوویە بێی!؟ جارێکی دیکە بێی خوا هاوار! بێی ئەم گوێ سەگانەت دەبڕم ـ تێ گەیشتی!" گوێی مندالەکە دەگرێ و زۆر لەسەرەخۆ رایدەوەشێنێ ـ مندالێ پێدەکەنێ.

بابم بە دادەئامینێ دەڵێ:"بەلام کچم, گالتەی لەولا دانێین... وریابە, وەختێک خوانەخواستە لەم پلیکانانە بەرنەبێتەوە... قەتیش پەنجەرەی بەکراوەیی بەجێ مەهێلن... رێکەوتە, وەختێک..."

دادەئامین دەڵێ:"بە چاوان, بابە, بەلام کارۆ لێرەیە, نایەلێ..."

بابم دەڵێ:"بەهەرحالێ..."

دایکم دێ, خوشکەکان دێن, جووتەبراکەش پەیدا دەبن... ئەوددەم کەس سەرنج نادا ـ بەلام براکان هەژاون" هەموومان وادەزانین دەم وچاویان بە یاری کردن سوور هەلگەڕاون. دیارە کەس دژکردەوە نیشان نادا. دووسێ دەقیقەیەک رادەبرێ, کوێخا دێ.

بابم دەڵێ:"ها؟"

"دوعای سەرت قوربان... ئاغا "شوفێر"ێک هاتوە..."

بابم دەڵێ:"شوفێر!"

ئەمن وشەی شوفێرم بیستوە, بە روالەت بابم و کوێخاش دەزانن, دادەئامینیش دەزانێ... حاجییەکان کە لە مەکەومەدینە دێنەوە, هەر باسی شوفێرومۆفیر دەکەن و هێندێ شت دەڵێن, بەلام ئێمەی مندالێ حالی نابین. دەڵێن ژوورێکی ئاسنە, تێیدا دادەنیشن و شۆفیر لێی دەخورێ... چۆن, بە چ شێوەیەک؟ نازانم. دەڵێن لاقەکانی "لاستیق" واتە لاستیکن. لاستیکمان دیوە, بەلام لەم قسەیە حالی نابین" دەڵێن هۆڕن لێدەدا ـ هۆڕن چیە؟ دەڵێن وەک هۆڕەی گا دەچێ! دەڵێن دووچاوی شووشەی گەورەی هەن, هەر یەک بە قەدەر کەشەفێکی چای, لە بنیادەم چاکتر دەبینن. دەڵێن خۆ لەگاش دا دەیپلێشێنێتەوە" وەک بنیادەم خۆی لەجۆگەلەو قوولکەو چالێ وچۆلێ لادەدا" جلەوی بەدەست شۆفیرەوەیە, ئەگەر تۆزێک لەسەرخۆ دەڕوا شوفێر بەنەقیزەیەک کەلەپەنا دەستیەتی, تێیەوە دەژەنێ, حەیوان دەردەپەڕێ" قەتیش ماندوو نابێ, کاووجۆش ناخوا!...

ئەوددەم تازە تاق ولۆق لەو بارکێشە ئاسنانە پەیدا ببوون, کەئێمە نەمان دیبوون ـ دێیەکەمان چەپەک بوو, بەلام حەمە فەرەج باسی دەکرد, دەی گوت زۆر لەوانە دەبینێ ـ پێیان دەڵێن "لۆری" ـ دەی گوت بۆخۆشی سوار بووە, رۆژە رێیەک بەسەعاتێک دەبڕێ.

بابیشم لە شاری دیتبووی... دەیان گوت بەئاوری بـەنزین کاردەکـا, ئـاگردانی هەیـە... بەنزین چیە؟ شتێکە وەك نەوت!...

هەموو ئەمانە بۆ مەمانان مەتەڵۆکە بوون... ئێستاش "شۆفێر" هاتبوو!

بابم گوتی:"لە کوێیە؟"

"لە خوارێیە, قوربان."

"بێنێرە سەرێ..."

شۆفێر هات, ئەمن وخوشکەکانم زۆر نیگەران بووین. دایکم باکێکی بەو باسە نـەبوو, دەیگوت ئەم شـتانە تـازە لـەو گـوزەراون. ئـەو پێـی وابـوو ئەمانـە هـەموو نیشـانەی ئاخرزەمانن.

شۆفێر پیاوێـك بـوو ئاسـایی, سـپیکارەو مـووزەرد, چـاکەت وکـراس و شـەڵوارێکی عەجەمیی لەبەردا بوون. دەلینگی راستی شەڵوارەکەی لە گۆرەوی هاویشتبوو, و بـە بـەن گۆرەوییەکـەی راسـت وچـەپ بەسـتبووی و بـە دەرزییـە فـەرەنگی قـایمی کردبـوو, کلاوشەبکەی لەسەر بوو. حەمە فەرەج دەی گوت شۆفێرەکان هەموویان کلاوشەبکە لەسەر دەنێن و دەلینگێکی شەڵوارەکەیان لەگۆرەوی داوێن, قـەتیش لـە مـاڵی خۆیـان قـاوڵتی ناخۆن ـ قاوڵتی لەقاوەخانە دەخۆن!

سلاّوی کرد, بابم گوتی:"وعلیك السلام, فەرموو... ماندوو نەبی! " شۆفێر دانیشـت, بابم گوتی چای بێنن, چایان هێنا. چایەکەی خواردەوە. بابم گوتی دەورێکی دیکەشیان چـا هێنا ـ شۆفێر سەرمای بوو. بابم گوتی:"فەرموو هەوراز, بۆ پـەنا ئاورەکـە... لـەدەرێ ڕا دێی, هەوا ساردە."

شۆفێر گوتی:"زۆر مەمنوون, ئاغا, باشـە... جـەنابت ڕەحـەت دانیشـە." و قوتـووی سیگارەکەی دەرهێنا, و گوتی:"ئاغا, لەسەر ئیزنی جەنابت..."

بابم گوتی:"فەرموو تکایە..."

شۆفێر هەستا قوتووە سیگارەکەی لەپێش بابم راگرت" بـابم جگەرەیـەکی هـەڵ گـرت" نوسراوەی قونچکەکەی خوێندەوە, و گوتی:"وادیارە ئێرانییە!؟"

شۆفێر گوتی:"بەڵێ, فوومەنە" و چەماغەکەی بۆبابم لـێدا ـ چـەماغی نـەوتی! و هاتەوە سەر جێی خۆی.

ئەمەشیان شتێکی تازەکوورە بوو... لە لای خۆمان هەمیشە "ئەستێوبەرد" هەبوون, کەبریتی بوون لە لەتە بەردێك و کوتە ئاسنێك وهێندێك پووشوو. پووشـووەکەیان لەسـەر

بەردەکە دادەنا؟ بەقامکەگەورەی دەستی چەپ لەسەر بەردەکە ڕایان دەگرت, و بە دەستی ڕاست جۆرێك ئاسنەکەیان لە بەردەکە دەدا کەپڕیشکی لێ‌بێتەوە - کە پڕیشکی لێ‌دەبۆوە, پووشووەکە ئاگری دەگرت. لەو دواییانەش دا "چەرخ" داکەوتبوو, کە پلێتەیەکی هەبوو لە تێزاب دا خۆش کرابوو" لەبن چەرخەکە بەرد هەبوو" بەنەرمەی دەست لە چەرخەکەت دەدا دەسووڕا, چەرخەکە لە بەردەکەی دەداو پڕیشکی لێ‌هەڵ دەستاو پلێتەکە دادەگیرساو ئێستاش... ئەم چەماغە!

بابم چەند مژی لەسیگارەکەدان, دوایە گوتی:"زۆر ببوورە - داب نیە, عادەتەن لە میوانی ناپرسن, بەڵام ڕێگا بدەن یەکتر بناسین... ئەمن ناوم شێرۆیە, ناوتان بەخێر..."

شۆفیرەکە گوتی:"هراند."

هەرکەگوتی هراند دادئامین ڕەنگی گۆڕا, سپی هەڵ گەڕا, سوور هەڵ گەڕا, وەك پشووی سوار بووبێ. بابم پێی‌زانی, گوتی:"ئامین, ڕۆڵە, ئەم منداڵە هەڵ گرە نەوەك میزم پێ‌دا بکا. بێ‌غیرەتە خۆی مات کردوە - دیوتە چۆن شل بووە... ئەگەر باش ئێمەی خافڵاند میزەکەی بەرەڵڵا دەکا!... برۆ, برۆ ئامین - ئا بارك الله!"

دادەئامین چوو, و هاتەوە. بابم دەفکرەوە چووبوو... ئاخرەکەی تەقاندیو گوتی:"کاکەهراند هەرمەنیی؟"

"بەڵێ, ئاغا."

"لەکوێوە دێی؟"

"لەماکۆوە, ئاغا."

"ئەی چۆن بوو ڕێت کەوتە ئێرە - ئێرە زۆر لەماکۆ دوورە!"

"وەڵڵا ئاغا چیت لێ‌وەشێرم ئازووقەمان بردبوو بۆ ساخلۆو... بۆخۆتان دەزانن ڕێ‌یەکەی ڕێ نیە. ماشێن دەبێ بەو کوێرە ڕێ‌یانەدا بڕوا. ئەمڕۆش هەوا خۆش نەبوو, ڕێمان لێ‌ ون بوو. تووشی کەسیش نەبووین لێی بپرسین" هەروا کوتامان وهاتین - هەتا ئێرە کە بەنزینمان لێ‌بڕا - پیرەپیاوێك ڕێی ئێرەی نیشان داین... سێ‌چوار سەعاتێك سەرگەردان بووین..."

بابم گوتی:"ئێستا ئەو ماشێنەی باسی دەکەی لە کوێیە؟"

شۆفیر دەستێکی بۆ لای ژوورەکەی دایکم ڕاداشت و گوتی:"هەرلەو خوارەیە, ئاغا, لەخوار ئەوکێوە - سەعاتێك سێ‌چارەك ڕێ دەبێ."

بابم گوتی:"ئای!"

"بەڵێ, ناچار بووم شاگردەکەمی لەلا دانێم و بۆخۆم بێم گوێ پێدا بگرم... ئاغا, وەك بزانی, لێرە بەنزین دەست دەکەوێ؟"

"نا, کورم, لێرە هەر ناوییشیان نەبیستوە... بەڵام دەتوانین بپرسین... ئێستا ماشێنەکە لەلای کێیە؟"

"لە لای شاگردەکەمم داناوە, ئاغا."

"بە تاقی تەنیا؟"

"بەڵێ, بەتاقی تەنیا... سێچوار پەتوومان پێن, لە ماشێنەکەدا ـ گوتوومە شووشەکان هەڵ داتەوە, دەرگاکان داخاو بخەوێ."

"نانێك, شتێکتان پێ بوو؟"

"پاروە نانێك هەبوو, گوتم دێم, بۆی دەبەم... بەڵام وا دیارە نەکرا... پیرەپیاوەکە پێی گوتم قەڵنەکێشێکە رێیەکە ـ پێم وابوو دە دەقیقەیە..." تەماشای سەعاتەکەی دەستی کردوگوتی:"ئێستاش تازە درەنگە..."

"نا, ئیدی ئەمشەو دەبێ لێرە بی ـ ئێستا جێی شاگردەکەت خاترجەمە؟"

"بەڵێ, ئاغا... فێرە"

"یادۆ, رەحیمی بنێرە, بڵێ حەمەفەرەج بێ... باشە, گوتت چوویە ماکۆ ـ باس و خەبەری وێ چ بوو؟"

"خەبەرێکی تایبەتی نەبوو. ئاغا"

"نیزامیی زۆر لێبوون؟"

"نەخەیر, ئاغا, رەنگە بەهەمووییەوە دەپازدەکەس بن ـ وەك خەڵك لە قاوەخانەی دەیان گوت ـ لەساخڵوو بە پیاوی ناڵێن ـ ناش کرێ بپرسی... لەوبەر تورکەکان پڕن..."

بابم گوتی:"بەڵێ دیارە, هەر دەبێ پڕیش بن. لایەنی سەرەکیی شەڕ ئەوان بوون. ئەم بەریش دەبێ کەمتر بن, هەتا هیچ نەبێ بتوانن بڵێن تورکەکان بەبێ ئیزن هاتوونە خاکی مەوەو لە پشتەوەرا هێرشیان کردۆتە سەر ئاگری! بەڵێ ـ چیی دیکەت بیستوە... لەقەوم و تایەفەی خۆت؟"

"چ ببیسین ئاغا... هیچ. ژمارەیەك هاتوونە تەورێز, ژمارەیەك هاتوونە ورمێ... هێندێکیش چوونە ئەوبەر... زۆر نەبوون لەوێ..."

بابم گوتی:"ئێستا کێ بە وەزعی ئەمانە رادەگا... ئاخر هێندێك لەمانە لەکەس و کاریان جیا بوونەوە, دەیانەوێ بیان دۆزنەوە, دەبێ کەسێك یارمەتیان بدا... بنەماڵەکان بۆ ئەو مەبەستە دەچنەکوێ؟"

"دەچنە خەلیفەخانەکان, ئاغا... هەرکەس لەهەر کوێ بێ, وکەسێکی لـێون بووبێ, سەری ئەم خەلیفەخانانە دەدا, یان نامەیان بۆ دەنووسێ ـ خەلیفەخانەی تـەورێزو ورمـێ. خەلیفەخانەکان پێوەندیـیان پێکەوە هەیە..."

"خەڵکێکی جێگای متمانەن؟"

"کامانە ئاغا؟"

"خەلیفەخانەکان... ئاخر ئێمەش لێرە ئەم جووتە برایەمان هەن." ئاماژەی بۆ وەسمانو شاهۆ کردو بەکورتی داستانی هاتنەکەیانی بـە شـۆفیرەکە گـوت. منداڵـەکان ئارەقیـان کردبوو.

"بەڵێ, ئاغا, هەستم پێکرد."

بابم ڕووی کردە براکان و بەگاڵتەوە پێی گوتن:"ئـەی بێغیرەتینـە! هـەر کـە چـاوتان بەیەکێك لە قەوم وقیلەی خۆتان کەوت, خۆتان پـێ ڕانـەگیرا!" منداڵـەکان بەشـەرمەوە سەریان داخست. بابم گوتی:"گاڵتەم کرد ـ ئەم جارە قەیدی ناکا." پاشان ڕووبە شـۆفیرەکە گوتی:"باشە, تەرتیبی ئەم کارە چۆنە ـ ئەتۆ لێرەوە دەچیەکوێ؟"

"ورمێ, ئاغا."

"باشە, ئەتۆ لەوێ بەخەلیفە دەڵێی, یان دەبێ ئەمن بۆی بنووسم, یان ئەو دەنووسی ـ قاعیدەکەی چۆنە؟"

شۆفیر گوتی:"ئاغا, فەرق ناکا... ئێوە دەتوانن بنووسن وخەلیفەش ئەرکی خۆیـەتی, زۆریش مەمنوون دەبێ, ئەمنیش دەتوانم بە دەم پێی بڵێم ـ هەر جۆر بەسەڵاحی دەزانـن وا بکەن..."

حەمەفەرەج هات, بابم مەسەلەی بەنزینی لەگەڵ بـاس کـرد. حەمەفـەرەج گـوتی لـە شارەکان بەولاوە, تەنیا جێ کە دیویە بەنزینی لـێ بەشۆفیران بفرۆشن قاوەخانەکەی نێـوان خۆی و سەڵماسە... لەوێ بەو لاوە جێی دیکەی پێشك نایە.

بەڵام ئەو قاوەخانەیـەی ئـەو دەیگـوت ڕۆژە ڕێیـەك بـوو! ڕۆژێـك دەچـووی و ڕۆژێـك دەهاتیەوە ـ ئەویش بەسواری!... الحكـم للـه... بڕیـار درا شـۆفیرەکە شـەوێ بمێنێتـەوە, بەیانی هێندێك نان و پێخۆر بۆ شاگردەکەی بەرێ, دووبارە شاگردەکەی لەلای ماشـێنەکە دانێ‌و بۆخۆی وەدوای بەنزین بکەوێ بۆ ئەو قاوەخانەیە کە حەمەفەرەج گوتبووی ـ ودوایە لەهاتنەوەی دا سەرێك لە لای مە بدا.

وە دووسبەی ڕا شۆفیرەکە دیسان لای ئێواریَ پەیدا بۆوە! بابم پێی سەیر بوو. شـۆفیرەکە گوتی ڕێیەکە زۆر دوور نەبوو. بەرێکەوت پیـاوێکی قەتارچـی بـە دووئێسـترەوە بـە پـەنا ماشێنەکەدا تێپەڕیوەو ئـەو هـەردوو هێسـترەکەی لـێ بـەکریَ گرتـوون و سـوار بـوون ڕۆیشتوون وهاتوونەوە.

بابم نەختێك وەشك کەوت... شۆفیر ئەو شەوەش لەژووری براکان خـەوت. بـابم لەگـەڵ دایکم و دادەئامین تەگبیری کرد:

"ئێوە چیتان پێ سەلاحە؟ بەسەلاح دەزانن ئەم منداڵانەی بدەمێ بیـان بـا؟ چـاك نیـە ئێمە ئەمانە هەروا ڕاگرین, ئەمانەش دایك وبابیـان هـەن وبۆیـان نیگـەرانن... ئێسـتا ئەگەر بۆخۆیان منداڵن ونافامن, بەهەرحاڵ دایك وبابیان نیگەرانن. لەلایەکیش تێماوم ـ وای لـێهاتوە پیاو باوەڕ بە چاوی خۆشی نەکا... لەلایەکی دیکەش وەك ئەو شۆفیرە دەڵێ ئەگەر مابن, حەتمەن خەبەریان بەخەلیفـە داوە... بەهـەرحاڵ دەزانم خەلیفـە بـەرەڵلایان ناکا... ئێوە دەڵێن چی؟"

دایکم گوتی:"وەڵلا, ئاغا, دایك وبابیـان گونـاحن ـ بۆخـۆت بـابی, ئاغـا, دەزانـی ئەمـنیش دایکم ـ خوا نەکا, دەردێکی خەراپە بنیادەم منداڵی ون ببێ! خوا ڕەحم بـە دڵـی دایکان بکا!... ئاغا, ئەگەر لەمن دەپرسی هەتا زووتر بیان نێری باشترە."

بابم گوتی:"ئامین ئەتۆ دەڵێی چی؟ ئەتۆ قسەت لەگەڵ ئەو کوڕانە کردوە ـ هیچیان بە تۆ نەگوتوە؟"

"بەڵێ, بابە, زۆریان پێخۆشە بڕۆن... هرانديش بە ڕواڵەت پیاوێکی خەراپ نیـە... هەرمەنی لەوهەل ومەرجەدا باوەڕ ناکـەم خەیانـەت بەمیللـەتی خـۆی بکـا, هەرچـەند خەراپیش بێ... دایە ڕاست دەکا."

بابم گوتی:"بەڵێ, دەزانم, هەموو کەس وەك مە "خۆخۆر" نیـە. بـەلام بـەو حاڵـەش, ئەوی ڕاست بێ دەترسم... باشە, لە بـارەی خۆتـەوە دەڵێـی چـی؟ ئـەمن لـەبارەی تـۆوە کاغەزێك بۆ خەلیفە بنووسم, یان... یان ڕاوەستم خەلیفە بۆخۆی لە من بنووسێ؟ پاشـان شتێکت لەبیر نەچێ, ڕۆڵە, مێردەکەت گوتوویە بچۆ مـاڵی فلانکەس ـ یانی من ـ باسـی خەلیفەی لەگەڵ تۆ نەکردوە...! بەلام دەزانم ئەتۆش دەبێ خەبەری براکانـت و مێردەکـەت بزانی. ئـەمنیش پـێم خۆشـە بزانـی ـ بۆخۆشـم نیگـەرانم... بـا ئـەوەش بڵـێم: کچـم, ڕاستییەکەی ئەمن لێرە لە بارەی تۆوە هەست بە مەترسی دەکەم, دەمەوێ بت بەمە شاری ـ بۆخۆشم هەر لەوێ بم هەتا خەبەرێك دەزانین. کەوایە کارمان بە خەلیفەی هەر ئەوەیە کە خەبەرێکی لـێ وەدەست بێنین..."

دادەئامین کەمێك بیری کردەوە:"هەر جۆر خۆتان پێتان باشە... بۆخۆشم دەتوانم بۆی بنووسم... بە زمانی خۆمان..."

دایکم و خوشکەکانم چاویان تێوە بڕی, بابم دەی زانی لە دڵی خۆیان دا دەڵێن چی "ئەیەڕۆ, قاقەزی بۆ مەلاکەیان دەنووسێ!"

بابم گوتی:"فاتم, ئەمانە وەك مە نین, ئەمانە بە ژن وکچەکانیشیان دەخوێنن. ئەمانە کاری چاك دەکەن. پێتان سەیر نەبێ, ژنیش بنیادەمە, دەبێ خوێندەوار بێ. ئەم قۆڕیاتە شێخان بردوویانەتە مێشکی خەڵکەوە. پێغەمبەر صلی‌الله علیە وسلّم بۆخۆی دەفەرموێ:"طلب العلم فریضة علی کل مسلم ومسلمة" یانی خوێندن لەسەر هەموو ژنو پیاوێکی موسوڵمان فەرزە ـ وەك ئەو نوێژەی دەیکەی... پێت سەیر نەبێ, ڕێگای راست ئەوەیە کە ئەمان پێی دا دەڕۆن!..." دوایە گوتی:"زۆر باشە, کەوایە, بۆخۆت بنووسە ـ بە زمانی خۆتان ـ بۆئەوەی ئەگەر لەرێیە گیراش دەسبەجێ لێی حاڵی نەبن..."

"چ بنووسم, بابە؟"

بابم نێوچاوانی تێك نا, تاوێك قامکی لە گوڵی مافوورەکە وەردا ـ پاشان سەری هەڵ بڕی:"بەسەرهاتەکە بنووسە... زۆر بە کورتی... بۆخۆت شوکور ژنێکی ئاقڵ و تێگەیشتووی... بەلام پێم وایە دەبێ هەموو شتێك بنووسی. ئێمە دەمانەویست هیچ ڕوو نەدا, ئێستا کە ڕووی داوە چ هەیە کە بمانەوێ بیشارینەوە. هەموو کەس دەزانێ لێرەی... بە رواڵەت تورکەکانیش ڕۆیشتوون. هەرچەند قوڵە نۆکەرو بەرماوخۆرەکان لە جێی خۆیانن ـ و تەماعی خەلاتی کەماڵ پاشاش لە جێی خۆیەتی... بنووسە, هەموو شتێك بنووسە... بەلام..."

دیسان دەفکرەوە چوو... پاش تاوێك سەری هەڵێنا:"ئەم پیاوە رەنگە جوابی کاغەزەکە بێنێتەوە, یان هەرچۆنێك بێ کەسێك دەیهێنێتەوە, ئەگەر جوابێکی هەبێ. ئەمن لە شتێك نیگەرانم: خەت وئیمزای خەلیفەی ناناسم ـ ئەتۆ دەیناسی؟ دەتوانی راست و ناڕاستەکەی لێك بکەیەوە؟"

دادەئامین گوتی:"مۆر وئیمزای خەلیفەخانە دیارە ـ تا ڕادەیەك لێکی دەکەمەوە, بابە."

"زۆر باشە, جا ئەتۆ ئەمشەو کاغەزەکەت بنووسە, دوایە... لەگەڵ براکانیش قسە بکە..." دیسان نەختێك فکری کردەوە:"نا, قسەیان لەگەڵ مەکە... با, با قسەیان لەگەڵ بکە. حاڵ و مەسەلەکەیان پێ‌بڵێ ـ بڵێ حەز ناکەم خوانەکردە بکەونە دەست

کابرایەکی خەراپ کە بیان با بە تورکانییان بفرۆشێ... بۆخۆشیان لانی کەم لێرە هێنــدێ شتیان دیوە... رادەوەستین هەتا جوابی خەلیفە دێتەوە ـ ئەگــەر جــواب هاتــەوە ئــەودەم لەسەر خێران بەرێیان دەکەین. ئەگەر قسەکانی ئەم پیاوە راست بن، هەمووی هەشت نۆ دە رۆژی دیکەیە دێتەوە. باشترە بــێ بــوار لــە ئــاوێ نــەدەین، نــەوەك خوانــەکردە پێــوە بــن، گوناحن..."

دادەئامین سەری داخستبوو، نارەحەت بوو.

وەسبەینێڕا بابم حوسێنی بە هێندێك نان و پێخۆرەوە لەگەڵ شۆفیرەکە نارد. پــێم وایــە ناردنی حوسێنی بۆ زانینی راست ودرۆی قسەی شۆفیرەکە بــوو. حوســێن چــوو، و هاتــەوە، بەڵام بە کۆڵێك داستان و چیرۆکی سەیر و سەمەرەوە: وەختێك گەیشــتبوونێ "لــۆری" وەك بنیــادەمێکی تێگەیشــتوو هۆقانــدبووی، بــەزمانی خــۆی ســەلامی کردبــوو! وەختــی خواحافیزییش فشقاندی و هەناسەی هەڵ کێشا... کە هەناسەی هەڵ دەکێشا ـ بیلاتەژبی ـ لە بن کلکی ئاگر دەردەپەڕی. دوو چاوی گەورەی شووشەشی هەبوون!" کەلە تەپۆلکەکە چووبووە خوار دیسان هۆقاندبووی ـ ویستبووی بڵێ "دەی باشە، خواحافیز!"

زۆری نەمابوو بۆ ئاخری پاییز. شۆفیرەکە خەبەری نەبوو، و دادەئامین و براکان ئــارام و ئۆقرەیان لــێهەڵ گیرابوو. دادە ئامین وەك منــداڵانی لــێهاتبوو. وەخت بوو دڵی بتۆقێ بــۆ ئازادی: ئاخر منداڵ وەختێك شتێکی دەوێ و دەستی وێ ڕاناگا، یان نــای دەنــێ حــازرە بــۆ وەدەستهێنانی خۆی بە ئاو و ئاوردا بدا. دادەئامین دەت گوت لەسەر ئاگر دانیشتوە. ئەوەندە ئۆقرەی لــێ بڕابوو کە هەر ئەوەی مابوو پێشنیار بکا جلکی نۆکەرو قەرەواشەکانیش بشوا. دایکــم ئامۆژگــاریی دەکرد:"رۆڵــە، بوویــە چــنگێك ئێســك و پێســت ـ ئەوەنــدە خــۆت مەخۆوە... خوا کەریمە، هێشتا درەنگ نەبووە" ئەتۆ کە ئەو هەموو ماوەیە خۆت راگرتوە، مانگێکی دیکەش خۆت راگرە... ئەم پیرەپیاوەش گوناحە. ئەمیش فەقیرە کــوێرەوەریی زۆر دیون، هەر رۆژە بە شتێکەوە گرفتارە. لەم ناوچەیەدا پــەرژین بــێ لــە خــۆی، بۆتــە گــای قەشان" هەر ناوی بێنە هەموو نۆکەرو بەرماوخۆرەکان گوێ قوت دەکــەن! باشــە بۆخــۆت دیوتە، دەزانی چۆن دەبەر کەوتوە. وەختێك تۆ بە خەفەتباری دەبینێ، نارەحەت دەبێ. بــۆتم گێڕایەوە، کوڕەکانی خۆمان هەر پێش هاتنی تۆ لە "ئۆردوو" هاتبوونەوە. بە گیــانی ئــەم منداڵە نازدارەت ئەوماوەیە دڵی من و ئەو پیرەپیاوە هەمیشە جۆلانەی کــردوەو لەحزەیــەك

ئارام وئۆقرەی نەبووە. ئەگەر ئەمن دایك بووم دەگریام و بە گریان دڵی خۆم سووك دەکرد, ئەو پیاوە ئەوەشی نەبوو. جگە لەوە دەبوو دڵخۆشیی منیش بداتەوە... وەڵڵا ئەمن بە نۆرەی خۆم سوپاسی دەکەم. ئاخر, رۆڵە, ئەویش باوك بوو, بێخەفەت نەبوو... ئەدی, رۆڵە, ئیشەڵڵا جوابی قاقەزەکە دێتەوە, ئیشەڵڵا بە سەرو دڵی خۆش مێردو کەس و کاری خۆشت دەبینیەوە... ئیشەڵڵا کوڕە جوانەکەشت گەورە دەبێ... پیرەپیاو خەفەتان دەخوا. ناڕەحەتی مەکە!"

پاش نیوەڕۆی رۆژێك کە دادەئامین لەنێو حەیوانی بوو, دایکم بە بابی گوت:"ئاغا, ئێستا ناکرێ بە کەسێك دا بینێری... ئەو ژنە فەقیرە گوناحە!..."

بابم هەروەك چاوەڕوان بێ ئەو پتەیەی لێدرێ, بە جارێك تەقیەوە. رەنگ و ڕووی پەڕی:"بینێرمە کوێ؟ لەگەڵ کێی بنێرم؟... پرچت سپی بووە, کەچی قسەی منداڵانە دەکەی! لەگەڵ کێی بنێرم؟ بۆخۆت دیتت, دەزانی لە ڕێیەدا بیگرن, بەڵایەکی بەسەر بێنن, ئابڕووی بە هەزار ساڵم دەچێ ـ ئەتۆ بەناخێری گیانت ژنە عەشیرەتی! دەتەوێ نەتوانم لە لای ئەم و ئەو سەر هەڵ برم!"

دایکم گوتی:" ئەمن هەر قسەیەك بوو کردم..."

بابم گوتی:"دە باشە! دە ئاخر ئەمن نامەوێ ئەتۆ "هەروا" قسە بکەی... ئەتۆ دایکی بنەماڵەی. ئەتۆ دەبێ لەپێش دا بیر بکەیەوە دوایە بڵێی!"

دایکم گوتی:"گوناحە فەقیرە, رۆژی سەدجار لە پەنجەرەی ژووری منەوە دەڕوانێ ـ چاوەڕێیە ـ دەترسێ نەبێ و نەی بینێ... خۆی بە ئاوو ئاوردا دەدا... کار بۆخۆی دەتاشێ... ئەگینا بەستەزمانە خۆ لەسەر سەری من دانەنیشتوە. بەو هەموو زەحمەتەکە دەیکێشێ لەهەر جێیەك بێ پاروە نانێك دەبێ بیخوا. منەتیشی لێهەڵ دەگرن."

بابم ئیدی هیچی نەگوت. ئەو شەوە عێجز بوو. منداڵەکە چەندین جار ریشی کێشاو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد و بە زمانی بێ زمانی ویستی بزانێ بۆ وایە... شێومان خواردبوو. بابم گوتی:"ئامین, رۆڵە, ئەگەر چا ماوە چایەکم بۆ تێکە..."

"بەڵێ بابە, ماوە ـ بە چاوان."

"دەمەویست دووسێ کەلیمە قسەشت لەگەڵ بکەم..."

دادەئامین چاوی پێ بوونە چوار:"بەڵێ, بابە!"

"لەگەڵ دایکت باسمان دەکرد. دەبینم دیسان رەق و وشك بووی... چت لێوەشێرم ناڕەحەتم و لێت بە گلەییم..."

"بۆچی بابە؟..."

بابم گوتی:"نارەحەت مەبە. گلەییم لە تۆ ئەوەیە کە بە خۆڕایی خۆت نارەحەت دەکەی... فکر بکەوە, کچم, باش گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی. کچم, ئەمن پیاوێکی نەخوێندەواری عەشیرەتیم ـ بۆخۆم دەزانم ـ بەڵام دەش زانم کە نەخەرفاوم..."

دادەئامین گوتی:"دوور لەتۆ, بابە..."

"دەزانم ئەتۆ وەك ئەسپێك وای کە لە ڕەوەت هەڵ بڕابی" دەبینی گەردەلوولە, ڕەوەکەت لە گەردەلووول دا گیری کردوە, هەورەکانی ژوور سەرت دەبینی, دەشتی تۆفان لێدراو دەبینی, لوورە لووری گەردەلوولت گوێ لێیە... حەزدەکەی لەگەڵ ڕەوەکەت بی. نیگەرانی ساغیو سلامەتیی وانی. دەزانم. هەقتە" بەڵام, کچم, گورگێك کە لەم ڕەوەیەی داوە, گورگێکی ئاسایی نیە ـ ئەتۆش بچی لەبەین دەچی ـ دەبێ ئەمە بزانی. ئەتۆ تا ئێستا بۆخۆت دیوتە. ئەگینا دەزانم نیگەرانی, لە خەڵك و کەس وکارت دەگەڕێی...

ئەمن دەزانم بنەماڵەو نیشتمان لە هەموو شتێك لە بنیادەم نیزیکترن, و ئەتۆش بەداخەوە هیچیانت نین ـ ئاوارەی..."

دادەئامین ڕەنگی پەڕیبوو, لێوەکانی وشك هەڵاتبوون, سپی ببوون.

"ئەمن خۆم بە دۆستی مێردەکەت دەزانم ـ لە بیرت بێ, پێم وایە جارێکی دیکەشم پێ‌گوتی مێردەکەت هەقی ژیانی بەسەر بنەماڵەکەمانەوە هەیە" لەو شەڕەی نیزیك ئەرزەڕۆم دا, ئەگەر ئەوو حاجۆ نەبوایەن و بۆ خاتری منداڵەکانی من ـ منداڵەکانی مە ـ خۆیان بە ئاووئاوردا نەدابایە, ئێستا ئەمن دووکوڕم لەدەست چووبوون و ڕەشپۆش بووم..."

دایکم گوتی:"خوا نەکا!"

دادەئامین گوتی:"خوا بیان پارێزێ ئیشەڵڵا!"

"کەوایە قەرزداری مێردەکەتم, منەتێك بەسەر تۆدا ناکەم کچم, ڕەنگە لەم ماوەیەدا نەختێك لە وەزع وحاڵی ناوچەکە حاڵی بووبی... خۆ ئێرە لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانە کەدیوتن و شاهیدیان بووی, ئارامترین شوێنێ ناوچەکەیە. چونکە ئەمن نەچەتەم و نەشرەخۆر... بەڵام لێ‌ناگەڕێن, کچم, ئەتۆ وەختێك هاتی, متمانەت بەمن کرد, مێردەکەت لەسەر متمانە بە من تۆی ناردە ئێرە... ئێستا ئەمن ناتوانم هەروا تۆ بدەمە دەستی هەر ڕێبوارێکی نەناسیاو, ناتوانم بەقسەی ڕێبوارێك کە نای‌ناسم خوانەخواستە تۆ بەدبەخت بکەم, ناتوانم ئەم منداڵە بەدبەخت بکەم. کچم, ئەتۆ ژنی پیاوێکی کەم نی. تورکەکان دەزانن لەچی دەگەڕێن..."

دایکم ڕێویی لەسەر کۆشی دایکی هەڵ گـرت, پشـت ملـی مـاچ کـرد وگوتی:"لـەم لۆتیـیە دەگەڕێن... ئەی بە قوربانت بم یاخوا!"

"ئەمـن نامـەوێ ـ ئەتۆش حەتمەن ناتەوێ ئابڕووی ئەو پیاوە بچێ. سەبرکە, ڕۆڵە, خـوا کەریمە... ئێستا خۆ ئەم پیاوە نەهاتۆتەوە... بزانین, ئەگەر هاتـەوەو خەبـەرێکی خۆشـی پێبوو کە زۆرباشە, ئەگینا لێرە دەبین" وەختێك تەشقی هەوای شکا بـەتۆفیقی خـوای بـە هەرجۆر بێ خۆمان دەگەیەنینە ورمێ... چت لـێ وەشێرم ئـەم جووتـە برایـەش نامـەوێ هەروا بێلێکدانەوە بدەمە دەست هەر کەسێك. بەهەرحاڵ ئەمانەش ئێستا بێکەس وکـارن ـ کەس وکاریان ئێستا ئەمنم... وئەمنیش هەست بە بەرپرسیاری دەکـەم. یـان نـەدەبوو ڕایان گرم, یان ئێستا کە ڕام گرتوون, دەبـێ ئـەرکی خـۆم بـەجێ بێـنم. بەمانـەش بڵـێ نیگەرانیی من لەبەر خاتری خۆیانە. ئەگینا ئەم بەستەزمانانە لێرە چ دڕکێك لـە لەشـی من دەردێنن! نامەوێ کارێك بکەم کە دوایە پەژیوان بمەوە, و ئـەم بەسـتەزمانانە بکەونـە زەحمەتەوە, بیان نێرنە ئۆردوگاکان بۆ بەردشکاندن و جادەسـازکردن. بۆخـۆت خەبـەرەکان دەبیسی! دادەنیشین هەتا خەلیفە جـواب دەداتـەوە... ئەگـەر جوابەکـەم پێبـاش بـوو, و دۆخەکە لەبار بوو, دەیان نێرم" ئەگینا ئێرە چـاکترە لـە بەردشـکاندن لـە جـادەو کێـو و بەندەنەکان دا...

"کچم, ئەمن چێودار نیم هـەر مشـتەرییەکی قەڵـەوم دەسـت کـەوت دراوی خـۆمی لـێوەرگرم و مەڕەکانی وێ دەم, و بڵێم خێریان لـێببینی... ئەگینا دەزانم هەقتـە! ئـەتۆ پێت وایە ئەمن چاوم لـێنەبوو کە وەك مەلی باڵ شکاو دەچووی لەسەر بڵندان دادەنیشتیو چاوت لە ڕێگاوە دەبڕی! چاوم لـێبوو, دەم زانی... ئەتۆ بۆخۆت ئێستا دایکی... دایك و باب زۆر شتان دەزانن و دەبینن و بە منداڵەکانیان ناڵێن, و منداڵەکان پێنـازانن. ئـەمن هەر لەو دیوەخانەشەوە دەبینم کە چۆن لە پشت پەنجەرەوە لەو دەشتەوە ڕادەمێنی!..."

دادەئامین پێکەنی و سەری داخست.

دایکم گوتی:"ئاغا ڕاست دەکا. کچم, پیاو نابێ بە دەستی خۆی, خۆی تـووش کـا... ئێرە ماڵە بابی خۆتە, خوا لە ژوور سەران شاهیدە ئەمن لەگەڵ منداڵەکانی خۆم فـەرقت پێناکەم... بابیشت کە بۆخۆت دەیبینی... نە لە تەمەنێك دایە کە زمانم لاڵ بێ, بڵێی چاوێکی لە تۆوەیە... نە کوڕی جحێڵیشمان لەسەر ماڵێیە. وەك کچێکی باش, هەروەك تا ئێستا بووی, قسەکانت بە بابت بڵێ و لە دڵی خۆت دا ڕایان مەگرە... خوا کەریمە!"

"ئەم قسانەم بۆیە کرد کەبزانی پێم خۆش نیە بە نارەحەتی و نیگەرانیت ببینم... نەختێك پتر ئاگات لەخۆت بێ. ئەوەندە تەقەلا مەدەو ئەوەندە خۆت مەخۆوە..." تاوێك راوەستاو گوتی:"بە راست ئامین, ئەتۆ حیساب و ئەو جۆرە شتانەش دەزانی!"

دادەئامین بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردوگوتی:"بەڵێ, بابە, بۆچی دەفەرمووی؟"

"دەمەویست ئەگەر رۆژانە پێت کرا, نەختێك حیساب بە یادۆ بلێی... لە لای مامۆستا دەخوێنێ... بەلام مامۆستا حیساب و ئەو جۆرە شتانە نازانێ. ئیملاو ئینشاو ئەو جۆرە شتانەی باشن, لەچاو تەمەنی. دەمەوێ, ئەگەر خوا رێکی خا, بیبەمە شاری, ژوورێکی بۆ بگرم, دایبنێم بخوێنێ" ئەو قوتابخانە تازانە ـ دیارە ـ یانی مسۆگەرە تاقیی دەکەنەوە. دەمەوێ ساڵێکی دیکە, یان ئەوپەڕەکەی دووساڵی دیکە بڕوانامەی پۆلی شەشەم وەربگرێ, بە هومێدی خوای. ئەگەر حەوسەلەت هەبوو نەختێك لەگەڵی خەریك بە. ئەمەش بۆخۆی جۆرە خافلاَنێکە."

بەم جۆرە ئێمە بووینە قوتابیی دادە ئامینێ.

هیچ نەم دەزانی. یەکجار خوێندەوار بوو. هەموو شتێکی دەزانی. پاییز تەواو نەببوو حیسابی پۆلی چوارەمم وەك ئاوی رەوان بوو. چەندیش توندی لێدەگرتم!

کاك رەشیدی براگەورەم هات. لەسەر ئیزنی بابم چۆ ژووری دایکم. ئەو ماوەیەی دادەئامین لێرە بوو. نەهاتبوو. لەگەڵی چوومە ژووری دایکم... لەگەڵ دیمەنێکی سەیر بەرەوڕوو بووم: کاك رەشید و دادەئامین تۆزێك تەماشای یەکتریان کرد, دوایە دادە ئامین راست وەك خوشکەکان خۆی هاویشتە باوەشی کاك رەشید, سەری خستە سەر شانیو جا بگری!

دایکم وخوشکەکانم واقیان وڕمابوو ـ ئێ, ئەو کچە شێت بووە! ئەوکارە چیە دەیکا! نەکا لەسەری دابێ!

بەڵێ, دەرکەوت پێکەوە ئاشنان و یەکتر دەناسن. کاکم زۆر بە ئەدەبەوە لە خۆی جوێ کردەوە. غوربەتیی هەستابوو. گوتی:"کەوایە, ئەوکێشەیە لەسەر تۆ بوو دادەئارمێن! بابم لە کاغەزەکەی دا هیچ باسی ئەو بەسەرهاتەی نەکردبوو!"

دایکم گوتی:"چۆن! هەر نەی نووسیبوو کە ئامین هاتوە!؟ ئەم پیاوەش بنیادەمێکی سەیروسەمەرەیە! ئەتۆ تا ئێستا هەر نەبێ دە جارت تفەنگچی ناردوون ـ نەی دەنووسی بۆ چیە!؟"

کاك رەشید گوتی:"پێویست نەبوو ـ ئەم جۆرە شتانە لە کاغەز دا نانووسن... بەلام وەختێك باسی سەگەکەم بیست, دایە چت لێوەشێرم, باوەڕم نەکرد ـ گوتم خەڵك لەخۆوە

سازیان کردوه... تۆمەز سەگی کاك هۆسپ بووه... چۆن بوو ئەم سەگەم لێرە دی ونەم ناسیەوه! سەگی کاك هۆسپ دەرەقەتی دە تورکان دێ... بەڕاست دادە, خەبەری کاك هۆسپ چیە؟ لە کوێیە؟ خەبەرت لێی هەیە؟"

دادە ئامین گوتی:"نا, هێشتا هیچ خەبەرم نیە."

کاکم گوتی:"نارەحەت مەبە... خوا دەزانێ ئێستا وەك بۆخۆی دەی گوت لەکوێ خەریکی گورگ کوشتنە, لەگەڵ ئاپۆ حاجۆ! هەربینا دیت پەیدا بۆوه! خۆشحاڵم, هاتوویە جێیەکی باش... دایە, لانی کەم دەجار خەبەری کوژرانی هات, و هەمووجارێ دووسێ رۆژ دواتر پەیدا بۆوە ـ ماشەڵلا شێرەپیاوێکە, لینگەی نیە..."

دایکم گوتی:"خوا بیپارێزێ! رۆڵە, بۆیە ناڵێم بەرەوڕوویە ژنەکەشی لینگەی نیە!"

"باشە کەوایە ئەتۆ بووی! چۆن هاتی... کاك هۆسپ گوتی؟"

دایکم و دادەئامین رووداوەکەیان بە درێژی بۆ کاکم گێڕایەوە... کاکم سەعاتێك لە ژووری دایکم مایەوە. بابم نارەحەت بوو, گوتی:"حەتمەن دایکی دەباوەشێی گرتوە, حەتمەن چێشتە خۆشەی بۆ لێناوە! دەك عەمرت نەمێنێ پیاو! سەعاتێك لە ژووری ژنان... هێشتا منداڵە!"

بابم گوتی:"بڕۆ بڵێ لەوێ چ دەکا. ئەو نازو لاواندنەوەیە تەواو نەبوو!"

چووم, پێم گوتن. دایکم نێوچاوانی تێك نا. گوتم:"بابم دەڵێ هەموو بێنە دیوەخانێ..."

ئەو شەوە شێومان پێکەوە خوارد. بابم گوێچکەی رێویی‌گرت, وگوتی:"بەسە ئیدی, ناپیاوی بێغیرەت. هەموو ریشت ڕنیمەوە بەو نینۆکە سەگانەت!" گوێی کێشا, ددانی دەچیرەوە بردن:"شەیتان دەڵێ هەڵی کەنە, بیهاوێ بەردەم سەگەکە بیخوا, نەجاتیمان بێ!" رێوی پێکەنی و سەری بە سنگیەوەنا. پاشان بابم رووی کردە کاك رەشید و بە روو گرژی گوتی:"درێژت کردەوە رەشید! چ باس بوو لەوێ, دایکت لەسەر کۆشێی دانابووی لای لایی بۆ دەکردی؟"

روخساری کاك رەشید تێك چوو, دایکم گرژ بوو. کاك رەشید گوتی:"نا, بابە, لەگەڵ دادەئارمێن باسی وێمان دەکرد.

بابم گوتی:"پێم سەیرە... چۆن, چما یەکترتان دەناسی؟"

"بەڵێ, ئیدی... کاك هۆسپ هەموو کەس دەیناسی. لەگەڵ مەش ئاشنا بوو... دیارە لێك دوور بووین, بەڵام, جارجار یەکترمان دەدی. ئەودەم لەگەڵ دادەئارمێن دەزگیران بوون... دادەئارمێنم زۆر کەم دەدی. بەڵام بەهەرحاڵ لە یەك جێ بووین..."

"سەیرە! ئامین ئەدی بۆ نەت گوت؟"

دادەئامین گوتی:"بابە, نەم زانی ئەو کاك رەشیدەی دەتان فەرموو هەر ئەو کاك رەشیدەی خۆمانە... لەوانەشە هەر فکرم پەرت بووبێ... چونکە دایەش یەك دوو جار گوتی کە کوڕەکان لەوێ بوون."

"بەڵێ جاروبار فکرت پەرتە... ئەدی, ئەم بوو لەگەڵ مارفی برای..."

دادەئامین گوتی:"کاك مارفیش...؟"

"بەڵێ, کاك مارفیش!"

کاك رەشید گوتی:"بەڵێ, بابە, ئەمنیش پێم سەیر بوو. هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەو کێشەکێشە لەسەر دادەئارمێن بووبێ. جەنابیشت هیچت نەنووسیبوو..."

"شتێکیش نەبوو بنووسم... ئەم حەرامزادەیە نایەڵێ کارەکانم بکەم!" قدیلکەی منداڵەکەی دا" رێوی قژقژ پێکەنی ـ هەموومان پێکەنیین.

کاك رەشید گوتی:"پێکەنینەکانی کاك هۆسپم وەبیر دێنەوە... یادی بەخێر!"

رەحیم هات... بابم سەری هەڵێنا:"ها؟"

"ساڵح هاتۆتەوە ئاغا, چیی لێبکەین؟"

"ساڵح! کام ساڵح؟"

"ساڵە بێغەم, ئاغا؟"

بابم بە عێجزییەوە گوتی:"هاتۆتەوە چ بکا؟ ئەو رۆیشتبوو کەئیدی ئاوڕ نەداتەوە دوا خۆی!"

"عەرزت دەکا هاتۆتەوە کۆمەگ بکا!"

بابم پێکەنینێکی تاڵی کرد, و گوتی:"پەحا, کەس نا, رەجەب!... ماڵیاوا ـ کۆمەگ! چلەی زستان! نا, فێری مفتەخۆری بووە, هاتوە بە مفتی بلەوەڕێ! هاوینێ سووڕاوەتەوە, زستانێ هاتوە لێرە بێ!... بنیادەمێکی بەدبەختە... ئێستا لە کوێیە؟..."

"لە خوارێیە, ئاغا. نەخۆشە, دەڕاوێنێ... فەقیرە لیباسی لەبەردا نیە. خوا دەزانێ دەمرێ یان دەژی. دەڵێ هاتۆتەوە "ماڵێ" کۆمەگ بکا..."

بابم گوتی:"ماڵێ! بەڵێ... ئەودەم کە دەمان گوت, جیفرکی داویشتن ودەیگوت رایەخی عەرزەو پێخەفی ئاسمانە. ئێستا "ماڵ"ی وەبیر هاتۆتەوە ـ ماڵ!"

بابم هەستایە سەرپێ:"لە کوێیە؟"

"لە لای ئێمەیە, ئاغا..."

هەموومان هاتین کاك رەشید نەبێ کەگوتی ماندوویە. لە قولینچکێکی ژوورەکە بەستەیەکی شڕو پەتوور کە دەت گوت داوەڵی سەر بێستانە, هەڵ تروشکابوو, سەری لەسەر هەردوو دەستان وە ئەژنۆی کردبوو, و هەڵ دەلەرزی...

بابم گوتی:" خۆ ئەمە نەخۆشە!"

رەحیم گوتی:"خۆ ئەمن عەرزم کردی!... وڕێنە دەکا. هەر دەڵێ هاتۆتەوە "ماڵێ" ـ هاتوە کۆمەگ بکا."

بابم گوتی:"ساڵە لە کوێوە هاتووی؟ بۆ ئاوا؟"

ساڵح گوێی پێنەداو هەروا بەدەم لەرزینەوە گوتی:"نەخۆشم... لە دەشتێوە دێم... سەد جارت پرسی ـ لەبن کرشەگیایەك خەوم لێکەوتبوو... سەرم قورسە... دەڵێی ئەو کێوەیان لەسەر سەرم داناوە... خەوم لێکەوتبوو ـ چووبوومە دروێنە..."

بابم سەری راوەشاند, و گوتی:"ئەدی, کەس نا ئەتۆ! ئەوەدەم کە ساغ بووی رەنگە کاری دە کرێکارت کردبێ! نۆرەی ئێستاتە کە نەخۆشیشی!"

ساڵح هەستا, بە چاوێکی تالێدراوەوە, وەك گێژان تەماشای دەوروبەری کرد, چەند لەحزەیەك بە تووڕەیی دە بابمەوە راما, و زۆر قایم گوتی:"دەبێ پانتۆڵێك وجووتێك کلاشیشم بدەیەی...!" قامکی شادەی بەنیشانەی پێچەقاندن راوەشاند:"... چاوت لێیە؟ کێڵگە نیە... بیابانی مەحشەرە..." دەستی راستی درێژ کرد, ئاماژەی بۆ جێیەکی دوورکرد "تفەنگی باوێ لەم سەریەوە ناگاتە ئەوسەری!... چاکە بۆخۆت دەیبینی!" و دووبارە هەڵ تروشکایەوەو سەری وەئەژنۆی کردەوەو دیسان دەستی کردەوە بە ناڵین و لەرزین.

بابم دیسان سەری راوەشاند, لە رەحیم وحوسێنی پرسی:"کێ هێنایە ئێرە؟... بەوحاڵەوە لە کوێ را هاتوە ـ وادیارە زۆر بەرێوە بووە!"

ساڵح هەروا بەدەم لەرزین و ناڵاندنەوە گوتی:"مامە حاجی, لەوسەری دنیاش بم, بە ماڵێ خۆم دەزانمەوە... لەم ماڵەدا کارم کردوە... لەئەستەمبووڵیش بەرەڵلام کەن بە چاو بەستراوی دێمەوە!"

بابم سەری راوەشاند, دایکم گوتی:"ئاغا, گوناحە!..."

سالْح دەرفەتی نەدا, گوتی:"رەحمەت لە شیرت ئامۆژن... بەلاّم دەبێ پانتۆلێکیشم بداتێ!..."

پێ کەنیین.

بابم گوتی:"زۆر باشە, دەت دەمێ... نەت گوت لە کوێ را دێی؟"

"مامەحاجی, زۆر توندی مەگرە, هەموو جێیەکی خوا ملکی خوایە ـ لە مالْێ خوای بووم, ئێستا هاتوومەوە مالْێ خۆم... ئێستا دەلْێی هەقم نیە بێمەوە مالْێ خۆم... هاتوومەوە... هاتوومەوە لە مالْی خۆم بمرم... ئا ـ ئاخ!" لاقی راکێشاو گوتی:"ئەوە دەبینی کە هاتوومەوە..." پشتە سەری بەدیوارەوە ناو بە روالْەت خەوی لێ کەوت.

بابم ئاوڕی دایەوە لای ژنەکان و گوتی:"ئێوە دەلْێن چ بکەین؟... خۆ ناتوانێ لێرە بێ... ها فاتم چیی لێ‌بکەین... ئامین ئەتۆ دەلْێی چی؟... ئێ‌ئێ ـ ئەم مندالْەت بۆ هێناوەتە ئێرە؟..."

دادەئامین رەنگی بە رووانەوە نەبوو ـ دایکیشم زۆر ناڕەحەت بوو. دایکم گوتی:"ئاغا, ئەو کادێنە چۆنە؟ بەڕەیەکی لێ ڕاخەین... هەم گەرمەو هەم لەبەر دەست و پێیان نیە..."

بابم گوتی:"فکرێکی خەراپ نیە... بەڕەی کوێی لێ ڕادەخەی؟ نەخۆشە, دەترسم خوانەکردە مندالْەکان تووش بن..."

دادەئامین گوتی:"بەڕە شڕەیەك لە وچخانی ژووری براکان هەیە, بە کەلْك نایە, هەر لەوێ کەوتوە..."

بابم گوتی:"حوسێن, برۆ بیهێنە... گوتت کادێنەکە... سارد نیە؟ جێیەك بێ هەر نەبێ لەسەرمان نەمرێ!..."

دایکم گوتی:"گەرمە, پشتی تەویلەیە, گەرمە, لێفە شڕەیەکیشمان هەیە ـ ئەویشی پێدا دەدەین!..."

بابم گوتی:"ئێستا کەوایە, لەپێش دا هێندێك کا یان گیا لەسەر زەوی رابخەن, بەڕەکە لەسەر وی راخەن ـ زەوی ساردە ـ بەدبەختە لەبەین دەچێ..." ئەمەی گوت و رۆیی بۆ لای کادێنەکە ـ رەحیمیش بە چرا فتیلەوە لە پێشی داو ئێمەش بە دوای دا... "نا... ساردنیە... گیاشی لەبن بێ چاکترە..."

حوسێن بەرەکەی هێنا“ هێندێکیان گیا لەسەر زەوی بڵاوکردەوەو بەرەکەیان لەسەر راخست... دایکم لەگەڵ حوسێن رۆیشت و پاش تاوێك بە لێفە شرەیەکەوە هاتەوە.

بابم بە رەحیمی گوت:"بیهێننە ئێرە... جێیەکی خەراپ نیە." چوون, بن پیلیان گرتو هێنایان. ساڵح هەروا دەی راواند:"مامە حاجی, لە هەوەڵەوە لەگەڵم هێناوی, سبەینێ نەڵێی وابوو, واچوو... لەگەڵم هێناوی, دەبێ پانتۆڵەکەم بدەیەی ئەگینا دەست لە داسێ نادەم!" چاوەکانی ببوونە دۆ پشکۆ ئاگر, سپیێنەی چاوەکانی دەت گوت جەرگی مەڕێن.

بابم پێکەنینێکی تاڵی کرد, و گوتی:"ئەدی, ئەو دەمانە کە ساغ بووی, زۆرت دەست لە داسێ دەدا, نۆرەی ئێستایە کە نەخۆشی! مەیموون زۆر جوان بوو, خروێلکەشی دەرکرد!"

دایکم گوتی:"ئاغا, سەرکۆنەی مەکە ـ فەقیرە نەخۆشە ـ خوا دەزانێ دەژی یان دەمرێ... گوناحە!"

ساڵح بەو حاڵەشەوە گوێی لێبوو. گوتی:"رەحمەت لە شیرت ئامۆژن! ئەرێ وەڵڵا نەخۆشم, خەریکە دەمرم... گەردنم ئازا کەن, ئەگەر مردم... ئەگەر ماشم هیچ... ئەوەیان بە دەست خوایە...! زۆر بە رێ دا هاتووم, ماندووم... عومرێك زەحمەتم کێشاوە ـ ئێستا ئیدی لە ماڵی خۆم دەبێ لاقان راکێشم و بحەسێمەوە...! هە! هە! هە!"

ساڵحیان لەسەر بەرەکەدانا, دانیشت و دیسان دەستی کردەوە بە ورێنەو هەڵلەرزین:"ئەو ژنە ئەوگۆزەیەی بۆ کوێ برد! لە تینووان خنکام!"

بابم گوتی:"حوسێن, ئاوێی بۆ بێنە... گۆزەیەکیشی لەبن سەری دانێ... فاتم, هیچتان نیە وەبن سەری دەن؟ بەشکوو شتێك پەیدا کەن..."

دایکم گوتی:"پەیدای دەکەین, ئاغا, بۆی دەنێرم... بەڵام ئاغا, ئەم چرا فتیلەیە هەر لێرە دەبێ؟... خەتەرە, لەوانەیە ئاگای لە خۆی نەبێ ماڵەکەی پێ ئاور دا... کادێنە, هەر بکەوێتە سەر ئەم گیایەی بنی, هەموو ماڵەکە ئاگردەگرێ..."

بابم گوتی:"چرای ناوێ... با ئەمشەو وا بێ بزانین چۆن دەبێ..." بانگی کرد:"ساڵە, ساڵە!" شانیی راتلەکاند "گوێت لێبێ بزانە دەڵێم چی...!"

"گوێم لێ نابێ ـ کارم هەیە... لێم گەڕێ کارەکەم بکەم... کارەکەم بکەم... ماندووم, لە ئەستەمبوولەوە تا ئێرە بە پێیان هاتووم ـ بە قوڕێگیراوە دوورە... گوتم

دێمەوە ماڵی خۆم. لێرەش لێم ناگەڕێن! وەڵڵا, بیللا ماندووم ـ بە خوا خەریکە دەمرم ـ چیتان لە گیانی من دەوێ!" ئەو رستەیەی سێچوار جار گوتەوە.

دایکم گوتی:"فەقیری بەستەزمان!"

دادەئامین گوتی:"لەسەرێ لەنتەرمان هەیە ـ لەنتەرەکە با لەسەر تاقەکە دانێین..."

بابم گوتی:"ئێ, زۆر سەیرە! ئەمن گوتم ئەم منداڵەی بەرەوە سەرێ, رۆڵە! نەخۆشە, ئەتۆ دەبێ تێبگەی ـ منداڵەکە لەبەین دەچێ... بڕۆ ئاگات لە منداڵەکەت بێ!"

دادەئامین بە نێوچاوان گرژی رۆیشت... بابم بە خوشکەکانمی گوت:"ئێوە بۆ لێرە راوەستاون ـ بڕۆن ئامین!... یادۆ, ئەتۆش بڕۆ..."

چارەکەسەعاتێك دواتر بابم و دایکم هاتنەوە. بابم گوتی:"هەیهوو, ئەتۆش زۆر نیگەرانی!... چەرمی ئەستوورە, هیچی لێنایە ـ ئەمن قەولت پێ دەدەم. پاشان ئەگەر بمرێ بۆخۆی زۆر باشترە ـ دەحەسێتەوە. بنیادەمی بەدبەخت بۆچی بژی؟ بۆ ئەوەی زیاتر بەدبەختی بکێشێ! هەتا زووتر بمرێ, باشترە... مەعلووم نیە لە چ جەهەننەمێك ڕا هاتوە... هاتۆتەوە "ماڵێ" ـ سبحان الله!" سەری راوەشاند.

دایکم گوتی:"فەقیرە ئێرە بە ماڵی خۆی دەزانێ ـ ئەوەتا چاوی کردوونەوە ئێرەی دیوە ـ بچێتە کوێ فەقیرە, چ بکا بەدبەختە!"

بابم گوتی:"هیچ... لاقی راکێشێ بیشێلین!... دەردی خۆمان کەمە, ئێستا یەکێکیش ئاگای لە کاك ساڵح بێ!"

قسەکەی تاڵ بوو, بەڵام لە راوێژەکەی دا رەگێکی دڵسۆزی و ئازار هەبوو, راوێژی بابێك بوو کە لە بێکارەیی و کەللەشەقیی منداڵەکەی جاڕز بووبێ.

دادەئامین گوتی:"بابە, ئەم نەخۆشیە زۆر خەتەرناکە. ئەگەر ئەوە بێ کە کەوتبۆ هۆردووی کوڕەکانەوە... لەنێو تورکان را هاتبوو ـ وەك دەیان گوت لە جل و بەرگی عەسکەرە تورکەکانەوە هاتبوو... لەبیرمە هەموو لیباسەکانمان لەبەر داکەندن, لە ئەشکەوتێکمان هاویشتن و بە گۆگرد قانگمان دان..."

بابم گوتی:"چاکە ئەو شتانە دەزانی... بەو حاڵەش بۆخۆت دێی هیچ, منداڵەکەش دێنی!"

دادەئامین بە گریانەوە گوتی:"ئاخر چ بکەم, بابە, ئەو فەقیرە گوناحەگوناح!"

"رۆڵە, زۆر کەس گوناحن ـ لە هەمووان زیاتر منداڵێکی بێگوناحی وەك ئەمەیە... خەوی دێ. بەرە بی نوێنە. بەڵام نەکەی بی بەیە خوارێ! بۆخۆشت کارت پێی نەبێ...

حوسێن و ڕەحیم لێرەن و کلّفەتەکانیش لێرەن. ئەتۆ ڕەنگە بۆخۆت چت لــێنەیە, منداڵەکە خوانەکردە لەبەین دەچێ... خێرکردنەکەت هەڵ گــرە بــۆ وەختێــك کــە لێــرە دەڕۆی. ئــەم ماوەیە, تکات لــێدەکەم ددان بە جەرگی خۆت دا بگرە!... منداڵینــە, ئێــوەش هــەقتان نیە بچن... وەسمان, شاهۆ! لەگەڵ ئێوەمە. ئێوەش هەقتان نیە بچنە خوارێ" دوایــە رووی کردە دایکم:"فاتم, ئەمشەو هیچت هەیە بیدەیەی؟... حەتمەن هیچی نەخواردوە..."

دایکم گوتی:"لەشیری بەولاوە شتێکی ئەوتۆمان نیە... یادۆ, بانگی ڕەحیمــی کــە ـ ئەگەر تا ئێستا هەوێنیان نەکردبێ..."

بابم گوتی:"قاپ و قاچاغیشی بۆ جوێ بکەنەوە, هەتا سبەینێ بزانین مامۆســتا دەڵــێ چی." مامۆستا پزیشکی ئاوەدانی بوو. کتێبێکی پزیشکیی گیاوگۆڵی هــەبوو, دەرمــانی هەموو نەخۆشییەکی سەر ئەم جیهانەی تێدا بوو ـ لە بای سوورەوە بگرە, تا ئەســپەك تــا کەوتوویی, کە ئێستا بۆتە تیفۆس, و لە سیل و دیقەوە بگرە تا گەرووئێشەو ستڵ و جەم و هەموو شتێك.

KKK

# ١٥

دووسێ رۆژێك بەسەر ئەم رووداوە دا تێ پـەڕیوە" بـابم بـەیانان زوو دەپرسێ:"چـۆنە؟" دایکم دەڵێ:"هەروەك خۆیەتی" دەزانم باسـی سـاڵحە. هـەر ئەوەندەوهیچـی دی. هـەورە, تاکوتەرا پڕووشە بەفریش لە هەوادا هەن. هەواکەی ساردە. ئەمن هەروا لە لای دادەئـامین خەریکی دەرس خوێندنم, بابم نێوچاوانی تێـك نـاوە... رۆژەکـان خێـرا تـەواو دەبـن" بـە پێچەوانەی جاران کە شەو بە دزەدز لە پشت کێوییەوە دەهات ئێستا شەو زۆر بە ئاسـانی دێو بەئاسانی رۆژی راو دەنێ بۆ پشت کێوی‌و دەرەتانی پەل بـزاوتن بـە بنیـادەم نـادا... شەوێ هەتا درەنگ دادەنیشین ـ بابم قسەیەکی لەگەڵمان نیە, هیچ کاری نـین, جگـە لـە یـاری کـردن دەگـەڵ "رێـوی". رێـوییش خـۆ هەمیشـە بەخەبـەر نیـە. دادەئـامینیش سەرورووخۆش نیە... کاك رەشیدیش چۆتەوە.

رۆژی چوارەم یان پێنجەمە" گـوێم لـە "تەپەتـەپ"ی لاقانـە... خـەون دەبیـنم یـان بەخەبەرم! هێشتا دەنگی نووزەی کارۆم لەبن گوێ دێ... بابم دیار نیە, بەڵام دەزانم لەبـەر دەمی هەڵ تروشکاوە... گوێم لە دەنگیەتی:"چیە حەیوان ـ بـۆ نارەحـەتی!... جێیـەکت دێشێ! کارۆ هەروا دەنووزێنێ... دەنگی دادەئامینێم گوێ لـێدەبێ... "بابە, ئەتۆ بخەوە, رەنگە گورگێك شتێك هاتبێتە دەوروبەری دێ... ئەتۆ بخەوە!"

دەنگـی تەپەتەپەکـە زیـاتر بـووەو دەنگـی نـەڕەی بـابم...! هەسـت دەکـەم خـەوم لـێکەوتوە... دووبارە خەبەرم بۆتەوە. وەك گێژان لەسەر جێی دادەنیشم, کـەس لـە ژووری نیە, ژوورەکە گەرمە. ئاگر لە کورەکەدا دایسێ. شـەڵوارەکە دەپـێ دەکـەم و سـەرێك لـە ژووری دایکم دەدەم. ئەوێش کەسی لـێنیە, جگە لە رێوی کەنووستوە... کارۆش لە جێـی خۆی نیە!

دێمـەوە, لێفـەو دۆشـەکەکان لـەبن هـەنگڵم دەنـێم و دەچـمە ژوورەکـەی تەنیشـتم. دەنگەدەنگ لە حەوشەی دێ ـ بابم دەنەڕێنێ!

چ بووە بەم بەیانیە زووە! تورك هاتوون... میوان هاتوون! هـەر چـوار پلیکانـان بـە شەقاوێك دەبڕم و دەچمەخوارێ. دایکم وخوشـکەکانم و دادەئـامین دەگـرین... کڵفەتـەکان

دەگرین. برایەکان دووراودوور وێستاون و بە ڕەنگ پەڕیوی هەڵ دەلەرزن. نۆکەرەکانیش ڕەنگیان پەڕیوە: لە مزگەوتێ ڕا تابووتیان هێناوە!

ئەو ماوەیە هەر لە بیرم نەبوو. تازە تێدەگەم: ساڵحی فەقیر مردوە... کەنگێ! ـ نازانن. چۆن نازانن؟ "یانی شەوانە تەنانەت جارێکیش سەرتان نەدەدا!؟ ئێوە چ جانەوەرێکن! ئەمن پێم وابوو ئینسانن! پێم وا بوو چونکە یەکێکە وەك خۆتان هەر نەبێ پیاڵە ئاوێکی وەدەست دەدەن! قوڕ بەوسەرەتان, جانەوەری دە بێشعوور!"

ڕەحیم دەیەوێ پاکانە بۆخۆی بکا:"ئاغا, وەڵڵا ئێمە خەتامان نیە... وەختێك دەمان دی دادەئامین پێی ڕا دەگا, ئێمەش خاترجەم بووین... ئەگینا, ئاغا, واش هەر نیین...!" ڕەحیم یەك دووجار ئەم ڕستەیەی دووپات کردەوە" بابم لەجاری دووەم یان سێیەم وەك لە گێژیی زەبرێك وەخۆی هاتبێتەوە, ڕادەوەستێ, خۆی داوێتە سەر داردەستەکەیو دەڵێ:"چۆن... ئامین!"

دادەئامین ڕەنگی پەڕیوە, سەری داخستوەو دەگری.

ڕەحیم گوتی:"بەڵێ, ئاغا, دوێ شەوێ, وەختێك دادە ئامین بە جامە شیرەوە لە کادێنێ هاتە دەر, پێمان وابوو وەك شەوەکانی دیکە خەوتوە. ئێمەش لێی نووستین..."

بابم ئاوڕی دایەوە:"چۆن... ئامین!... سبحان الله...! قەرارمان وا نەبوو... ئەمە پیشەی هەموو شەوێکت بووە, یان هەر دوێ شەوێ چووی!... اللەاکبر... نازانم وەڵڵا تێماوم ـ سەرم لە تۆ سوڕ دەمێنێ ـ پیاو متمانە بە کێ بکا! ئەمانە کە ئەرکیان بووە ئاواو ئەتۆ کە هیچ ئەرکت نەبووە, بەم جۆرە... پێم سەیرە!..."

"بابە, گوناح بوو, پیاوێکی بێکەس و بێدەر بوو ـ گوناح بوو!..."

"کچم, ئەمن ڕیشم لەبەر گرتی ـ تکام لێکردی, گوتم ئەم یەك دوو مانگە ددان بە جەرگی خۆت دا گرە, خۆت تووشی گێچەڵ مەکە... گوناح بوو! ئەتۆش گوناحی... ئەو منداڵە بێگوناحەش گوناحە ـ ئەمنیش گوناحم... هیچ نەبێ ئەم تەمەنەی منت لەبەر چاو بێ!... هەمووی دڵەخورپە ـ هەمووی ئازار! سبەینێ ئەتۆ یان ئەو منداڵە بێگوناحە شتێکتان لێبێ ئەمن..." قسەکەی تەواو نەکرد, دەستی کرد بە هاتوچۆکردن و نەڕاندن بەسەر نۆکەروکڵفەتەکان دا... کە بۆچی بۆخۆیان بە نەخۆشەکە ڕانەگەیشتوون... بۆچی نەیان گوتوە ئامین دەچێ سەری دەدا...! دوایە ڕووی‌کردە دایکمو گوتی:"چۆن ئەتۆ نەت پرسیوە!؟ ئاخر ئەتۆ بەلای ناخێرت خانمی ماڵێی! ئەتۆ نەت پرسیوە چۆنە, کێ پێی ڕادەگا, چییان داوەتێ!؟ هەر دەزانی قسەی زل زل بکەی !..."

دایکم گوتی:"وەڵڵا ئاغا ـ باشە, چووزانم. ئەمنیش وەك تـۆ بەتـەمای ئەمانـە بـووم. پاشان چووزانم ئامین شەوێ ئەو وەختە دەچێتە خوارێ و سەری دەدا... ئەمن نەم دەزانـی, ئەگەر وەخەبەریش هاتبام فکری ئەوەم دەکرد کە دەچێ سەری ئەوحەیوانە بـدا!... ئەمـە ئیدی بۆ پرسین نەدەبوو!... خۆت نارەحەت مەکە...تازە شتەکە بووە... قەزاو بەڵای تـۆو منداڵەکانی بردبێ... بە فەرمایشتی خۆت چاکتریش... بەدبەختە بمێنێ چ بکا!"

بابم سەری راوەشاند" دیسان چەند هەنگاوێك بێئامانج رۆیشت" دووبارە راوەستاو خۆی هاویشـتە سـەر داردەسـتەکەی:"یادۆ, غـاردە لـەو سـیگارانە سـیگارێکم بـۆ بێنـە... شەمچەش بێنە... لەسەر تاقەکەیـە..." بـەعێجزی و بـێ ئـەوەی چـاو لەکـەس بکـا, رۆیشت:"بچنە سەرێ ـ هەمووتان بچـن...!"و دەسـتێکی راوەشـاند, واتـە حەوسـەڵەی دەمەتەقەی نیە!

جگەرەو شەمچەکەم بۆ بردن. رەعیەتەکانیش تاك وتەرا هـاتبوون ولـە پـەنا دەرکـەی راوەسـتابوون. نۆکـەرەکان و دووکـەس لـە رەعیەتـەکان دارتەرمەکـەیان بـردە کادێنـێو جەنازەکەیان بردە حەوزی مزگەوتێ. بابم لە دواوە گوتی:"خەبەر بە مامۆسـتاش بـدەن... بنێرن قەبریش هەڵ کەنن... بۆخۆشتان کە هاتنـەوە دەسـتانتان بـاش بـە ئـاوو سـابوون بشۆن... ئەگەر قەبرەکەش تەواو بوو خەبەرم بدەنێ...!"

هاتینەوە. بابم ئیستیکانێك چای خواردەوە, و دانیشت دەستی کرد بـە سیغارکێشـان و ماڵەکە بوو بە گۆڕستانی بێدەنگ...کەس نەدەهاتە بەر دەستی بابم. رێوی هەسـتابوو ـ دادەئامین خێرا هات ئەوی لەبەر دەرگا دانا, و بۆخۆی بەسپایی خۆی دزیەوە.

رێوی ماوەیەك لەسەرکۆشی بابم دانیشت و کاتێك حاڵ و هەوای رۆژەکـەی بـە ئـەقڵی منداڵانەی هەڵ سەنگاند, لە کۆشی بابم هاتەخوار. بابم گوتی:"بۆکوێ, رێوی! ئـەتۆ بـەو منداڵیەت زۆر لەگەورەکان باشتر تێدەگەی ـ ئـەم حەیوانـە بەحـەیوانیی خـۆی زۆر لـە مەمانان باشتر تێدەگا ـ ئێستا تێدەگەم ئەو هەموو نووزەو بێئارامییەی دوێ شـەوێی چ بووە!... زۆر باشە, برۆ..." رێوی بەگاگۆڵکە بەرەو دەرگا وەڕێ کەوت. بابم گوتی:"هەستە, ئەومنداڵە بدەوە بە دایکی, با جلەکانی تۆزاوی نەکا..."

ΠΠΠ

حـاڵ وهـەوای ماڵەکـە تارادەیـەك وەك پێشـووی لـێهاتبۆوە, وە دووسـبەی را یـان وەسێسبەی را بوو" لەگەڵ دادەئامین لە ژوورەکەی کاك رەشید مەسەلەمان حەل دەکـرد ـ

مەسەلەکەم بۆحەل نەدەکرا... دادەئامین قەڵەم دارەکەی لـێ وەرگـرتم, کـە مەسـەلەکە حەل بکا...هەستم کرد قەڵەمەکەی باش بۆ ناگیرێ...نەختێك یاریی بـە قەڵـەم دارەکـە کرد, وا دیار بوو حەوسەلەی نیە... چەند جاری لێك داو دابەشی کـردو خـەتی بەسـەردا هێنا. ئاخرەکەی گوتی:"وا دیارە سەرمام بووە...وەزعم بـاش نیـە ـ هـەڵی دەگـرین بـۆ سبەینێ ـ باش؟" قەڵەم دارەکەی دانا, تاوێك پشتەسەری بە دیوارەکەوە دا...بـە بـێوازی چاوی هەڵێنان:"سەرم تۆزێك قورسە..."

گوتم:"دادەئامین, هیچت ناوێ بۆت بێنم؟ پێت خۆشە بچم سەرینێکت بـۆ بێـنم هـەر لێرە راکشێی؟"

بە قەڵافەتێکی سامگرتووەوە گوتی:"نا, نا! هیچم ناوێ! بە کەسیش مەڵێ ـ نارەحەت دەبن... چاك دەبم ـ نەختێك سەرمام بووە... مەسەلەکەش هەڵ دەگرین بۆ سبەینێ..." و رۆیشت.

قەولم دابوو بە کەس نەڵێم, بەڵام بەسپایی بـە دایکمـم گـوت. دایکـم گوتی:"ئـامین, رۆڵە, وا دیارە کەمێك بێحاڵی... منداڵەکە بدە بەمن, بۆخۆت نەختێك ئیسراحەت بکـە ـ رەنگە ماندوو بی...!" دەستی برد منداڵەکەی لـێ وەرگرت.

دادەئامین بە نارەحەتیەوە چاوێکی لەمن کردو گوتی:"نا, دایە, وەزعم باشـە... رۆژ کورت بوونەوە, ئەگەر ئێستا بنووم شەوێ خەوم لـێ ناکەوێ..."

ماندوویی لە راوێژی دەنگەکەی را دیار بوو" دایکم لە بنەوە لێی ورد دەبۆوە ـ زۆرکـز ببوو. خوا بکا نەخۆشییەکەی ساڵحی نەگرتبێ!

دایکم گوتی:"رۆڵە, قسەی لەخۆت گەورەتر لەگوێ بگرە ـ ئێمـە کراسـێکمان لـەتۆ زیاتر دڕاندوە ـ خەویشت لـێنەکەوت, نەکەوت. ئەتۆ هەرچەند زیاتر تین بۆخـۆت بێنـی, کارەکە خەراپتر دەکەی ـ ئەودەم خوانەکردە بە یەکجاری دەکەوی ـ وکارێك دەدەیـە دەسـت خۆت... یادۆ, بۆ لێرە راوەستاوی! ئەتۆ بچۆ ژووری پیاوان..."

بابم دانیشتبوو, ئێستا بەتەواوی ببووە سیغارکێش: لێکدا لێکدا مژی لە سیغار دەدا ـ ئەم دووسی رۆژە زۆر نارەحەت بوو. نازانم چیی بە زەین دا دەهـات, بـەڵام ئـارامی نـەبوو. لەدەرێ گەردەلوول بوو, بایـەکی تونـدی دەهـات, بەهـەردوو دەسـتان خـۆی بـە دەرکـەو پەنجەرانەوە هەڵ واسیبوو, وەك منداڵێکی بەدفەرِوکەڵلەشەق کە دایکی دەرکـەی لەسـەر داخستبێ, و ئەویش نارازی بێ ـ دەیەویست دەرگاو پەنجەرەکان هەڵ کەنێ. ماندوو دەبوو ـ تاوێك دەحەسایەوە, و دووبارە هەوڵ و تەقەلاکەی دەست پێ دەکردەوەو دەی زیرِاند.

بابم گوتی:"بەمنداڵەکان بڵێ بێنە ئێرە ـ کەل وپەلی چاش بێننە ئێرە!"

چووم, ڕێوی هێشتا نوستبوو. دادەئامین ڕاکشابوو. دایکم گوتی:"ئامین, ڕۆڵە, لەسەرەخۆ هەڵی ستێنە... ئەم مەیموونە شەوێ نایەڵێ بخەوین..."

دادەئامین بە پێچەوانەی جاران بە شل و شەوێقی لەسەر جێگاکەی دانیشت... بە بێوازی دەستی بە روومەتی منداڵەکەدا هێنا, و زۆر ئارام ودایکانە ـ وەك هەمیشە گوتی:"رووبیك, رووبیك گیان!" دەستی بە روومەتی دا هێنا:"هەستە... هەستە. بچینە بابەی!" دەنگەکەی تێکەڵ بە ناڵین بوو. بە چاوێکی تاگرتوو, بەڵام میهرەبان و پێکەنیناویەوە لە چاوەکانیەوە ڕامابوو ـ ڕێوی دیسان نوستەوە. ئاخرەکەی دڵی نەهات هەڵیستێنێ, دیسان پاڵیدایەوەو چاوی لەسەر یەك دانان. خوشکم سەماوەرو کەل وپەلی چای بردنە دیوەخانێ.

دایکم سەری ڕاوەشاند, گوتی:"چیە, بێتاقەتی؟!"

"بۆچی دایە... دڵم نەهات هەڵیئەستێنم... ئێوە بچن, بەچاوان, ئێمەش ئێستا دێین..."

گوتم:"دادەئامین...شتێکت نەدەویست بۆت بێنم؟"

بە پێچەوانەی جاران گوتی:"وەزعم باش نیە... یادۆ گیان, بێزەحمەت ئەم جامە بەرە هێندێك ئاوی گەرم لە دادە شیلان وەرگرە... دەم وچاوی بشۆم... ئاوەکە ساردە..."

دانیشتووین, شێومان خواردوە...لەسەر سفرەی ئەمن و دایکم وریای دادەئامین بووین. هێندێك دەستی لەخواردنەکە وەردا ـ هیچی نەخوارد. سفرەکەیان کۆکردبۆوە.

دایکم گوتی:"یادۆ, بە ڕەحیمی بڵێ بچێ بەکارەکەرەکان بڵێ هێندێك شیر بۆ ئامینێ هەڵ گرن, هەمووی هەوێن نەکەن... ئەگەر هەوێنیشیان کردوە, لەماڵەکانی دیکە وەرگرن..."

دادەئامین خۆی خڕکردەوە... بابم قوت بوو" دایکم بۆ ئەوەی قسەی هێنابێتە نێو قسە گوتی:"ئاغا, ئەم مەیموونە دوێشەو نیوەشەوی ئیشتیای لە یاری بوو, هەتا پڵێتە چرامان دادەکێشا دەگریاو ئەگەر هەڵمان دەکێشا وەڕێ دەکەوت بۆ دیوەخانێ ـ دەیەویست بێتەلای تۆ..."

بابم دەم وچاوی بەدوو قامکان گرت وگوتی:"ئەرێ مەیموون؟ باشە دیارە, مەیموونی خۆمە! ئەگەر گەورە بوو بە لۆتیەیانی دەفرۆشم... باشە؟ بەڵێ؟ دوێ شەو دەتەویست بێیە کن بابە؟ زۆرباشە, ئەمشەو لەلای خۆم بنوو ـ لەسەرسنگی بابە...باش؟... ئای ـ چەند گۆرەویەکی جوانیشی هەن!... سوور, ڕەش... سپی! ئەمانە کێ بۆی هێناوی, ڕێوی!

پەخ, چەند جوانن!" دەستێکی بەسەرگۆرەوییەکان دا هێنا"ئەمانە بدە بـە بابـە ـ بابـە دەپێیان کا, ئێ؟" رێوییش هەروا دەستی لە زنجیر سـەعاتەکەی وەردەدا, یـان دووراودوور یاریی لەگەڵ خوشکم دەکردو قژقژ پێدەکەنی. بابم ئاگای لەوە نەبوو: خوشکم قامکەکانی سواری یەکتر دەکردن و خێرا خێرا لە قامکە گەورەی نیزیك دەکردنەوە, چاوی زەق دەکردن, و لە بن لێوانەوە دەیگوت:"هات هات, هات هات..." و رێوی لەخۆشـییان شاگەشـکە دەبوو.

بابم سەری هەڵ بڕی و چاوی بڕیە بن سەماوەر... رەنگی روخساری بەتـەواوی گـۆڕا ـ هەموومان چاومان بە دوای روانینەکەی بابم دا گێڕا. دادەئامین پشتەسـەری بـە دیـوارەوە دابوو, رەنگی بە رووانەوە نەمابوو, دەمی پـێ داپچـڕابوو, هاکـا بکـەوێ و سـەماوەرەکە وەرگێڕێ...

بابم رەنگی پەڕیبوو. زۆر هێدی گوتی:"شیلان وریا بە, رۆڵە!... ئامین, چـیە, رۆڵـە, نەخۆشی, بێتاقەتی؟"

دادەئامین وەك لە خەوێکی قورس وەخەبەر هاتبێ, چـاوەکانی سـوورو تالێـدراو بـوون. قورسایی پێڵووەکانی هەست پێدەکرا ـ پێڵووەکانی دەت گوت ئاوساون. گوتی:"نا, بابـە, هیچم نیە, وادیارە کەمێك سەرمام بووە..."

"جێیەکیشت دێشێ؟"

"سەرم قورسە, بابە..." لێوەکانی لەرزین و فرمێسکی هاتنە خوار.

هەمووومان سەرمان لـێشێوا ـ بابم لەهەمووان پـتر. دادەشـیلان سـەماوەرەکەی هـەڵ گرت و بردی. دایکم گوتی:"رۆڵە, ماندووی, هەستە بچینە ژوورەکـەی دیکـە... مـەنیج کۆمەگی بکە..."

دادەئامین گوتی:"کۆمەگم ناوێ, دایە..." و بـە زەحمـەت هەسـتایە سـەر پـێ و بـە لاجەلاج بە کۆمەگی خوشکم چۆوە ژووری دایکم.

ئەو شەوە هەتا وەختی نوستن بابم چەندین جاری ناردم بۆ ئەحواڵپرسین... هەتا دەچووم دادەئامین لە بن لێفەکەی بوو, دایکم دەی گوت:"باشە, باش دەبێ ئیشـەڵڵا... جحێڵـە, چاك دەبێ ئیشەڵڵا! بە بابت بڵێ نارەحەت نەبێ."

بابم ئەو شەوە زۆر خەراپ خەوت ـ ماوەیـەکی زۆرلەسـەر جێگـا دانیشـت و سـیغاری کێشـا, و دوعـای خوێنـدن, و هـەتا ئـەمن بەخەبـەر بـووم هەرنـەبێ بیسـت جـار تەنیشتاوتەنیشتی کرد وکـۆخی, و دیسـان دوعـای خوێنـد... ئاخرەکـەی ئـەمن خـەوم

لـێکەوت. بەیانی کە هەستام لە حەوشەی بوو. لیباسـم دەبـەرکردن, لـە پشـت پـەردەوە سەرێکم بە ژووری دایکم دا گرت ـ دادەئامین خەوتبوو!

براکان زۆر نارەحەت بوون, دیار بوو شەوێش شاهۆ ئاگای لەکارۆ بووە.

بابم هاتەسەرێ, بۆ چەندەمین جار لە دادەئـامینێی پرسـی, و بـۆ چـەندەمین جـاریش وەڵامەکەی جارانی وەرگرتەوە:"باشە, باش دەبێ ئیشەڵڵا" ئیستیکانێك چای خـواردەوە, و چۆ ژووری دایکم. دادەئامین, هۆشی هەبوو, هەوڵی دا هەستێو بە سەر و سیمایەکی رێكو پێکەوە پێشوازی لە بابم بکا ـ هێشتا ئەوەندەی هۆش هـەبوو. بـەڵام توانایەکـەی لەگـەڵ ویستەکەی نەدەهاتەوە.

بابم گوتی:"هەڵ مەستە, رۆڵە, هەڵ مەستە! ئەمن دەقیقەیـەك دادەنیشـم و دەڕۆم... خۆت نارەحەت مەکە!" دایکم سەری راوەشـاند"ئەم پیـاوە دەڵـێ چـی! لـەکوێ دەتوانـێ هەستێ! خۆی بەدبەخت کرد!" دووسەرینیان لە پاڵ پشتی دانان, خوشکم بن پیلی گرت و هێندێك هەڵی کێشاو دادەئامین پاڵی دایەوە. سەری قورس بوو, چـاوی شـڵەقابوون, دەم و چاوی رەق هەڵاتبوون. بەشەوێك پیر ببوو. رێوی بە باوەشی دادەمەنیجەوە باڵەفرەی دەکـرد. بابم گوتی:"رۆڵە, مەیهێنە ئێرە ـ بیبە دیوەخانـێ بیگێـڕە." دادەئـامین چـاوی بـەدوای رێویدا گەڕاو فرمێسك لە چاوانی دا قەتیس ما.

ئەوشەوە دایکم"رێوی"ی لەلای خۆی نواندبوو... دیار بوو دادەئـامین نەخۆشـییەکەی گرتبوو... بابم تاوێك لە پەنا جێیەکەی سەری وەسەر بەری دەستی کرد... وەختێك سەری هەڵ بڕی سوور هەڵ گەڕابوو. ماوەیەك هیچی نەگوت" وەختێـك فرمێسـکی دادەئـامینێی دی گوتی:"کچم, نارەحەت مەبە, ئەتۆ ئیسراحەتی خۆت بکە ـ ئـەتۆ دەبـێ ئیسـراحەت بکەی. هیوادارم بە لـوتفی خـوا بـەخێر بگـوزەرێ... ئـەتۆ بـەخۆڕایی خـۆت نارەحـەت مەکە... ئەم ماڵە سێ ژنی تێدان ـ دایکتـە, خوشـکەکانتن ـ نیگـەرانی منداڵەکـەش مەبە... منداڵی تۆ منداڵی مەشە... کارە ئیدی هاتۆتـە پـێش... ویسـتی خوایـە... هەرچۆنێك بێ ئەتۆ نیگەران مەبە. پێم وایە لـەو ماوەیـەدا هەسـتت کـردوە هـەمومان خۆشمان دەوێ. ئەمن بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر رۆژێك لەسەرخێران لێـرە بـرۆی ژیـانی مـە بەبێ ئەم منداڵە تێك دەچێ... منداڵی تۆ ئەمانەتە... لە نەوەکانی خۆم خۆشەویست تر نەبێ ـ بەگیانی خۆشەویستی خۆت, بەگیانی ئەم منداڵە بە قەد گلێنەی چاوی خۆم خۆش دەوێ ـ لەوان کەمتر نیە. ئەتۆ فکرت لەبارەی منداڵەکەوە ئاسوودە بێ... شەرت بـێ وەك گوڵ رای گرین ـ ئەتۆ نارەحەت مەبە!..."

دادەئامین بە ئاشـکرا دڵـی پـڕ بـوو: ئـەم قسـانە بـۆنی جیابوونـەوەیان لـێدەهات. فرمێسکی هاتنە خوار! سەری قورس بوو, رەگی بنەوشیی ملی هـەڵی داویشـت. ئـارەقی کردبوو. چاوی بە دەوروبەردا گێڕا ـ بـۆ منداڵەکـەی دەڕوانـی. بـاڵم غوربـەتیی هەسـتا. گوتی:"ئەتۆ هیچ غەمی منداڵەکەت نەبێ... هیوادارم بە زوویی چاك بیـەوە... رۆڵـە, ئەتۆ ماشەڵڵا کچێکی ئاقڵی, بۆیە گوتم بێبەنە ئـەو ژوورە کـە بۆخـۆت دەزانـی منـداڵ ناسکە, دەترسم خوانەکردە نەخۆشییەکە بگرێتەوە... دایکت و خوشکەکانت دەزانن دەبێ چ بکەن ـ ئەتۆ نارەحەت مەبە!"

دادەئامین ئیدی لەجێ دا کەوت.

KKK

# ١٦

سەری لە پێش دا قورس بوو, دەت گوت کیسەیەکی پڕ لە قورقوشمە, قوڕقوشمێکی بەژان... پاشان وردەوردە سووك بوو ـ و لێی دوور کەوتەوە. دەت گوت لە هەوا دا هاتوچۆ دەکا... دەت گوت ژیانی لەهەوادایە, گەردیلەکانی لەهەوادا دەسووڕانەوە, وەك چەند دانە فوودان, وەك چەند گەڵایەکی وشك کە کەوتبنە بەر رەشەبای پاییز. ژیان, نیگەرانیەکانی ژیان, دڵەخورپەکان, تەقەو بۆمبارانەکان و راکردن ئیدی مانایەکیان نەبوو, بوون و نەبوونیان بۆ وی وەك یەك بوو. دوور دەکەوتنەوە, دەهاتنەوە پێش, بەڵام هەستێکی ناخۆشیان لەودا نەدەبزواند, دەتگوت نە بەوو نە بە هیچ کەسەوە پێوەندییەکیان نیە. ئەو دانیشتبوو, و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد... سووك ببوو... دەوروبەری خۆی دەدی, بە رووبیك“ منداڵی چوارمانگەی خۆشیەوە ـ چاوی لە خۆی بوو کە لێوبەپێکەنین دوور دەکەوتەوە...خۆش خۆشە. ئەودەم زۆر جحێڵ بوو, وەك بەچکە گاکێوی لەم بڕکەیەوە بازی دەدایە سەر ئەوبەرد ـ هەر بەخەیاڵیشی دا نەدەهات ـ وەك ئێستا... دەت گوت سەردەمی دەزگیرانەتیە کە لەگەڵ هۆسپ دەچووە بیابان... بۆخۆشی نەی دەزانی بۆچی, هەتا هۆسپ دەردەکەوت جحێڵ دەبۆوە... بە قەد کێویێك غەمی هەبووایە دەڕۆیشت ـ وای هەست دەکردو دەسبەجێ زەردەخەنە دەهاتە سەر لێوانی. دواتریش هەروەخت زەردە هاتە سەر لێوی, دیتی کە بە یادی هۆسپ بووە ـ هۆسپ بووە کە ئەم پێکەنینەی لەگەڵ خۆی هێناوە...

بۆخۆیان دەیان گوت"بیابان" بەڵام لە گابەردو بەردەڵان بەولاوە نەبوو. بەو حاڵەش جحێڵ بوون, دڵدار بوون, دەگەیشتنە هەرگابەردێك دەسبەجێ گوڵ و گیا لە دەوری شین دەبوو... گوڵ وگیایەك لەگۆڕێ نەبوو, گوڵ وگیا لەنیهادی خۆیان دا بوو. هەر یەکێك سیس دەبوو سەدان گوڵی دیکە دەپشکوتن و سەدان گیای دیکە لەگیانیان دا شین دەبوو. هەتا ناوی هۆسپی دێنا بە قودرەتی ئەم خوایە منداڵەکە لە خەودا پێدەکەنی... ئێستاش هاتبوو. گوتی:"هاتبووم لە دوات, کە بچین لەگەڵ ئاپۆ حاجۆ دەورێك بگەڕێین؟" پێکەنی. پێکەنینەکە هۆسپ دەیهێنا. پێکەنی, بەڵام لە نێوەڕاستی پێکەنینەکەدا بە خۆی نەبوو

نێوچاوانی تێك نا... زۆرحەزی لە چارەی ئاپۆ حاجۆ نەدەکرد... ئەم پیاوە سەیر دڵی هۆسپی بەدەست هێنابوو. لەحزەیەك لێیجیا نەدەبۆوە... هەموو شەوێ دەی برد... لەگەڵ چەند کەس لە"کورەکان"دەرۆیشتن ـ خوا دەی زانی بۆ کوێ. "ئاخرەکەی رۆژێك سەری ئەم پیاوە بە فەتەرات دەدا..." مچورکی هاتێ, لەرزی ـ ئەی خوا نەکا. (ئامین گیان, سەرماتە, ئێستا لێفەیەکی دیکەت پێدا دەدەم!)

هێندێك جار بەرەبەری بەیانی دەهاتنەوە ـ هێندێ جاریش نەدەهاتنەوە... دەچوون یەك دوو تفەنگیان بەسەنگەری تورکەکانەوە دەنا, ئیدی تا بەیانی دەنگی تەقە نەدەبڕایەوە ـ دەت گوت برێشکان دەکەن ـ لەنێو ئەشکەوتێ گوێی لێ دەبوو. گوێی لە دەنگی ئاپۆ حاجۆ بوو, وەك لە ئەشکەوتێ دا بێ... "ها, ئارۆ (پێیدەگوت ئارۆ) چییە, دیسان دەفکرەوە چووی!" ئاپۆ حاجۆ ناخۆشییەکانی لە دڵ نەدەگرت. بۆخۆشی ئەم جار هیچ هەستی بە تاڵی نەکرد, پێکەنی" چاوی لەوان بوو کە دوور دەکەوتنەوەو بە پێچەوانەی جاران هیچ نارەحەت نەبوو... ئەم جارە هیچ دڵی تەنگ نەبوو.

چاوی لە رۆیشتنیان بوو... بڕوانە بڕوانە... بەهەوا دا دەڕۆن! ئەمانە چییانە! وەك منداڵان هەڵبەزدابەزێ دەکەن... دەڵێی دەچنە میوانداری, کەیف خۆش, سووك, و هەر لەوکاتەش دا سەنگین... سەری تۆنێك دەبوو ـ ئەوەندە قورس بوو, ملی لە ئارەق دا خووسابوو...

دەورانی دەزگیرانەتییش دەورانێکی خۆشە ـ لێرە دەڵێن "دەزگیرانەتی و دەستبازی." چاوی لە ژنە کوردان بوو کە نقورچیان تێك دەکوتان, و ئەوانیان بەیەکتر نیشان دەدا, و دەستیان بەدەمیانەوە دەگرت و پێ دەکەنین. "دنیا خەرابێ پێکەنینی ئەم دوانە تەواو نابێ!" پێکەنی: پێنەکەنین, چ بکەین دایە!؟ دانیشین شەمۆتە دابگرین... خوا نەکا!"

ژنان دەیان گوت:"نا, رۆڵە, کێ وادەڵێ... بۆ پێ نەکەنن ـ گوێ مەدەنە قسەی ئەم و ئەو, هەتا دەتوانن پێ بکەنن, عەیبی ئەو دەورەی تەمەن ئەوەیە زوو دەڕوا, و بنیادەم وەختێك بەخۆی دەزانێ کە رابردوە... ئەگەر بە قسەی مە دەکەن گوێ مەدەنە قسەی ئەم و ئەو, جحێڵیی خۆتان بکەن... ئێمە درەنگ وەخۆ کەوتین, رۆڵە" هەتا چاومان لێك نان جحێڵی رۆیی... بەجۆرێك کە لە بڵندترین کێویشەوە بانگی کەین تازە نایەتەوە! جحێڵیی خۆتان بکەن... سبەینێ کە بوونە دایك وباب, ناشکوری نەبێ, دەبێ ئەژنۆی خەم و خەفەت لە باوەش بگرن... هەتا پێ بکەنن کەمە!"

هەردووكیان پیّ‌كەنین, ئەوەندە پیّ‌كەنی كەچاوی پڕ بوو لە ئاو ("ئامین گیان, شتیّكت دەویست؟... جیّ‌یەكت دیّشیّ" هەستی كرد دەسەسڕەی لـە چـاوان درا... "لەخۆشـی‌یان دەگریم, دایە!")

بەڵام ئەو نەگریابوو! لەبەر پیّكەنین فرمیّسكی لە چاوان هاتبوو, چاك بوو دایە گـوێی لەدەنگی نەبوو (خوا ڕەحم بەجوانی‌یەكەی بكا! خوایە بۆخۆت ڕەحمی پیّ بكە!... جحیّڵە, دایكە, مـنداڵی چووكی هەیە... غەریبە, ئاوارەیە!")

قسەی سەیر دەكا ئەم پیرەژنە!... هـەمـوو ئـاوارەن ـ هـەمـوو غـەریبن... هـەمـووان مـنداڵیان هەیە... خەڵك پیرولاو, لە هەوادا هاتوچۆ دەكەن ـ بەڵام ئەو سەری قورسـە ـ ئارەقی كردوە, ئەدی بۆ هەڵ دەلەرزیّ! بۆهیّندە مـاندوویـە ـ یـەعنی ئـاوا زوو پـیر بـوو! وادیارە ڕاستە كە دەڵیّن پیرەژن و پیرەپیـاو لـە هـاوینیش دا میّشـكی ئیّسـكیان گـەرمی نایەتەوە ـ هەر بۆیە پیّیان خۆشە لەگەڵ نەوەو نەتیژەكانیان بخەون ـ دەیانـەویّ بەگـەرمای لەشی وان میّشكی ئیّسكانیان گەرم كەنەوە!... "وریـا بـن ـ هیّنـدە بیّ‌خـەم مـەبن!" حەی‌حەی, جحیّڵ كەنگیّ بە قسەی لەخۆگەورەتری كردوە تا ئیّستا بە قسەی بكـا! كامـە كوڕ بە ڕیّچكەی بابی دا ڕۆیشتوە!

سەری‌قورس بوو, ببوەە دووكەس ـ بۆخۆی لەلایەك و سەری‌لە لایەك : بۆخۆی سووك و سەری قورس, ئەوەی لەگەڵ سەری بوو, زۆر مـاندوو بوو. دەی زانی جحیّڵە, بـەڵام هەسـتی دەكرد پیر بووە... گوێی لەدەنگی ناڵین بوو"دەنگی ناڵەی هۆسپە“ عادەتیەتی, لە خـەودا دەناڵیّنیّ." دەستی برد ڕای تلّەكیّنیّ ـ دەستیشی لەگەڵ سەری ڕۆیشت ـ و ئیدی نەهاتەوە.

پیر ببوو... پیّشتر, وەختیّك پوورە حەنیفە دەی‌گوت پشتی دیّشیّ, لاقی دیّشـی یـان هەناسەی سوارە, پیّی‌گاڵتە بوو, لەبەر چاوی شتیّكی سەیر بوو: چما دەكریّ بنیادەم پشتی بیّشیّ یان هەناسەی سوار بیّ! ئەم قسانە چین! پیّكەنینی پیّ دەهـات ـ ئـەم پیرەژنانـەش بڕوبیانووی سەیر سەیر دیّننەوە!

بەڵام ئیّستا بۆخۆی پیر ببوو. بەشەویّك پیر ببوو, پشتی دیّشا, لـە نـەكاو هەسـتی بـە پیری كرد, ئەوەدەمـەی دەركەوت بزووتنەوە تیّك شكاوە, بە چاوی خۆی دیتی كە میّردەكـەی یەكەوسەعات پیر بوو ـ بە جاریّك دەریایەك تاڵەمووی سپی لـە سـەر و ریشـی دا پەیـدا بوون. لەوانەیە پیّشتریش بووبن, بەڵام ئەو نەی دیبوون. بەڵام هەر كە بزووتنەوە تیّك شكا, یەكەمین شت كە دیتی ئەم تاڵەمووە سپی‌یانە بوون... بەڵیّ, وادیارە وایـە: تیّ‌شـكانیش جۆریّك پیری‌یە... نا, لە ڕاستی دا پیری جـۆرە تیّ‌شـكانیّكە: وەختیّـك تیّ‌شـكای مـانـای

ئەوەیە هێزی لایەکەی دیکە سەرکەوتوە... جحێڵی هێزە, و هێز کە تێشکا جحێڵی رۆیوە... لەدوای جحێڵییش پیرییە... نا, باش تێگەیشتبوو!

جارجار گوێی لە دەنگی پێکەنینێ دەبوو, بەڵام بۆخۆی پێکەنینی نەدەهات. دەنگی پێکەنینی رووبیك جاروبار دەیبردەوە سەردەمی جحێڵی... رووبیك لەکوێ بوو؟...
جحێڵە, ماشەڵڵا منداڵە, منداڵ خوا عەمری درێژ کا, زوو تێدەگا. منداڵ بۆنی پیری پێخۆش نیە ـ هیچ شتێکی پیری پێخۆش نیە... پشتی دێشا... ناتوانێ بە کەسیش بڵێ" کەسێك پیر نەبێ ئاگای لە دەردی پیران نیە ـ باوەڕ ناکەن. ئێسکی پشتێن و پشت و بەلەك وئەژنۆ ـ هەموو ـ هەموو جێیەك ـ هاوار دەکا پیرین, ماندووین. هەمووانیش گوێیان لێیە, بەڵام کەس باوەر ناکا ـ لاوان پێدەکەنن, وەنێوکەوتووەکان سەر رادەوەشێنن... تازە تێدەگا چەندی ناحەقی لەو پیرەپیاوە ـ بابی ـ باوکەکان ـ کردوە کە جارجار تەنانەت پشتی کۆم دەکردەوەو لاسای دەکردنەوە: دەستی بە نارەحەتێیەوە بۆ نێو قەدی دەبرد, خۆی گرژ دەکرد, لێوی هەڵ دەچنی:"ئاخ... ئەوێیە, ئەوێ! ئەوێم هێندێك بۆ پشێلە! ئێسکی نێو شانانم!"

پیری ئاوایە, ئەوەیە کە بزانی پیری, وەختێك زانیت پیری, پیری. ئەسڵی کار خۆتی, خەڵکی دیکەش بڵێن پیری ئەگەر بۆخۆت هەستت نەکرد پیر نی... وەختێك هەستت کرد خەڵکی دیکەش نەڵێن ئێسکەکانت هاوار دەکەن... پیرییش وەك هەر کارێکی ناشیرنە, کە بتەوێ بێشاریەوە, خەڵکی دیکەش نەڵێن و نەزانن کە فلان یان فیسار کاری بێجێ ئەتۆ کردووتە, یان فلانە کەست کوشتوە, فلانە شتت دزیوە, بۆخۆت دەزانی... دەی زانی.

("رۆڵە, وریابە دۆشەکەکەی تەڕ نەبێ ـ لەمەودوا تەشتە چکۆڵەکە بێنە")
ئێسکەکانی لەگەنی ژان دەکەن... هەموو جێیەکی دێشا... سەری دەگێژەوە دەچوو, بە خۆی نەبوو, دەت گوت بە دەوری خۆیدا دەسووڕێ. زۆر نارەحەت بوو ـ بەڵام دەری نەدەبڕی. هەموو هاتبوون بەڕێی کەن. خوا دەیزانی ئەمشەو کەنگێ دێتەوە یان کەنگێ نایەتەوە. هەر ئەوە نەبوو کە بڕۆن دوو تەقە لە سەنگەری تورکەکان بکەن و بێنەوە, پێیان پێبکەنن. هێندێ جار بە چاکی دەبوو بە شەڕ... هێندێ جار تا ئەولای ئەرزەرۆم, تا لای دیاربەکر دەڕۆیشتن ـ دەیانەویست تورکەکان لەوێ بخافڵێنن هەتا کەمتر تێن بۆ ئێرە بێنن... جاری وا بوو لە بۆسەش دەکەوتن... ئەودەم هاوار, دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ, هەر کوژراو و بریندار بوو دەیان هێنایەوە... خوا بە نسیب کەسی نەکا, کوڕکوژران بۆ دایك و بابان زۆر خەمێکی قورسە!"

ئەم جۆرە وەختانە هەتا هۆسپی بە چاوی خۆی نەدیبایە, ئـۆقرەی نـەدەگرت... بـەڵام ئێستا هیچ دەربەست نەبوو: تەماشای دەکرد, زۆر ئاسایی. لە نیگـەرانییان خـەوی لـێ نەکەوتبوو, بەڵام ئێستا... سەری قورس بوو, و بۆخۆشی هیچ نیگەران نەبوو. تازە چـاوی گەرم دەکردن کە گوێی لە دەنگی نووزەی کارۆ بوو ـ تێگەیشت کە هۆسپ هاتۆتەوە.

لە ئەشکەوتێدا بوون, هەر قوژبنێکی هی بنەماڵەیەك بوو... کارۆ لەبەر پێـی ژن و مێردەکە دەخەوت... لەپێش دا شەرمی دەکرد, نۆبووك بوو, خەجاڵەتیی دەکێشا, لەپێش چاوی خەڵك وەختی رۆیشتن و هاتنەوەی مێردەکەی دەباوەش بگرێ. وەختی ماڵئـاوایی کـە هەموو دەچوونە دەری ئەشکەوتێ, ئەگەر کەس چاوی لـێنەبایە, بەدزییەوە دەستی دەبرد, و لەنێو جەماعەت دا دەستیی دەگرت. شەوانە باش بوو, ئاسان تر بوو. بەرۆژ هەر ئەوەندە بەس بوو چەند لەحزە دەستی بگرێ... هەرکە دەستیی دەگرت, دەسـتی ئـارەقی دەکـردو دڵی دەکەوتە لێدان, ملی گەرم دەبوو, و بن هەنگڵی ئـارەقی دەکـرد... هـەوڵی دەدا دەم بەپێکەنین مێردەکەی بەرێ بکا... بەڵام هەر کە چاوی لــێ دەکـرد, چـاولێکردنەکەیان لێك گرێ دەدراو چاوەکان وەك پەرۆیەك کە لەسەر شتی تەڕ دانرابێ لە دەوروبـەر شـێیان دەکێشاو بە لەحزەیەك پڕ دەبوون لە ئاو.

ئاپۆ حاجۆ سـەری داویشـتە سـەریان:"نەبرایەوە ئـەم تـازە بـووکی و تـازە زاواییـیـە! دیسان!" و قاقا پێدەکەنی. ئەویش سوور هەڵ دەگەڕا, و سەری دادەخست, و بە ناچاری پێ دەکەنی. ئێسـتاش دووراودوور خـۆی دەدی, وەك لـە هـەڵمی حـەمامێ دا, وەك لەپشـتی شووشەیەکی تاریکەوە... دەنگـی قاقـای ئـاپۆ حاجۆشـی گـوێ لــێ بـوو, دەت گـوت لەحەمامێ دایە... دەنگەکە لەسەری دەگەڕا... وەك بریسکەیەك کەلە چیا دەداو خلـۆر دەبێتەوە... فرمێسکەکانی خۆیشی دەدیتن... بەڵام نارەحەت نەبوو ـ لەدوورەوە دەی دیتن. مێردەکەی وەك برایەك باوەشی بە شانی دا کرد... هەستی بە قورسایی دەستی دەکـرد, و ئەو خوی دابۆ دەست باسکەکانی. (ئەمن رای دەگرم, ئەتۆ بێگۆڕە...زووبە, بـا سـەرمای نەبێ!") ئەویش هەرچەند پیاو بوو لەپێش چاوی خەڵکی دیکە شەرمی دەکرد... خۆی بە قەلافەت و رەفتاری بێگوناحانەی نۆبووکانەوە دەدی... ئـەوەی دەیـدی جـوان بـوو. بـەڵام ئیدی دەربەست نەبوو. ئەودەم لێوەکانی بۆماچێك گرپان گرتبوو ـ بۆ ماچێکی خواحـافزی ـ ماچێکی خوشك و برایانە... بەراست ئەمە داوایەك نەبوو ـ ئاخر بەکێ بڵێ لەوانەیـە بڕوا و ئیدی, دوور لە گیانی نەیەتەوە! بـەڵام چـما دەیـان هێشـت ئـەم مێشـەکەرانە!... دەرفەتیان نەدەدا.

لێی ببووە مەراق، هەموو گیانی ئارەقی کردبوو، بەڵام سەرمای بوو ـ ئەم پیاوە نەی دەهێشت... ئەم خەڵکە نەیان دەهێشت... ئەم پیاوەش فریوی دابوو. ڕۆژێکیان پێیگوت:"گوێ بگرە. دادە، هەزارانی وەك من وهۆسپ دەبێ بکوژرێین... ئەتۆ پێت وایە ئازادی هەروا بە خۆڕایی دەست دەکەوێ!" پیاوێکی سەیر بێپەروایە! بنیادەم قسەی وا بە دایك، خوشك یان ژنی کەسێك کە دەچێتە شەڕ و هەموو ساتێك لەگەڵ مردن بەرەوروویە، دەڵێ! ئەم پیاوە کامڵ بووە، بەڵام هێشتا نازانێ کە خوا ژن و پیاوی وەك یەك دروست نەکردوون... پیاوی وەك پیاو دروست کردوەو ژن وەك ژن... بکوژرێ؟ بەندی جەرگ و دڵانی پسا. هۆسپ بکوژرێ؟ بۆ؟ خوانەکا!... ئەدی ئەو چ بکا... خۆی دەکوژێ... دیتی سەیرە، ئێستا هیچ نارەحەت نەبوو... ئەودەم دووگیان بوو، هەر کەگوتی:"خۆم دەکوژم" منداڵەکە پێلەقەیەکی توندی بە دڵی دا دا! ترسا خوانەخواستە منداڵەکەی لەبەر بچێ... خوا نەکا!

ئارەقێکی ساردی کرد... ئەم پیاوە بنیادەمێکی دڵڕەقە! خوا بۆ پیاوکوشتنێی دروست کردوە... لەو سەری دنیا ـ لە جزیرەوە ـ وەڕێ کەوتوە هاتوە ببێتە بەڵای گیانی ئەوو مێردەکەی!... بۆ بکوژرێ... چما ئاوا عەیبی چیە؟ شەوانە دەچن، دەستی خۆیان دەوەشێنن و دێنەوە ـ ئەو کە بەوەندە ڕازییە!

هەستی کرد لەئەشکەوتێ دا خەوتوە، ڕوومەتی بەو بوخچەیەوە کە لە بن سەری دەنا نووساوە... ئەی بابانم... لانکە بوو بە سەری داکەوتبوو، و ئەو نەی زانیبوو!... خوا ڕەحمی کرد... ئاخ، ئەمەش بوو بە ژیان، پێنسەد کەس لەم ئەشکەوتە دا دەنوون ـ وەك حەمام هەڵمی لێ‌هەڵ دەستێ!

هەر کە لەبەر چاو ون دەبوون، بن پێی بەتاڵ دەبوو، و ئەشکەوت دەبوو بە "ئەشکەوت" ئەویش چ ئەشکەوتێك، ئەشکەوتێکی هەزار بە هەزار... بەتاڵ، پڕ، وەك سەری، هەم قورس بوو هەم سووك ـ هەموو تاڵییەکان کاڵ دەبوونەوە... ئەم ئاپۆ حاجۆیە چەند پیاوێکی دڵفرەوان بوو. هەرچەندی کردیان لێوی لە گۆشتی ئەو کەوە نەدا... لە هاتنەوەدا کەوێکیان کوشتبوو. لێی نەخوارد، دەی زانی دووگیانەو پێویستیی بە خۆراك هەیە. خۆراکیش ناشکوری نەبێ ببۆ ڕوحی ئادەمیزاد. گوتی:"هەڵی گرە بۆ سبەینێت، ئەتۆ پێت خۆشە. ئەمن قەت گۆشتی کەوم پێ‌خۆش نەبووە!" ئاخ، بریا گاڵتەکانی تاڵ نەبایەن... هەرچەند ئێستا کە ڕۆیشتبوون تاڵ نەبوون. گوتی:"ئاپۆ حاجۆ، ماندوو نەبووی؟! باشە، دەبێ یەك دوو شەوان ئیسراحەت بکەی! خۆ دنیا خەرا نابێ... هەموو

شەوێ خوا دای ناوە!"ئەمەی گوت و وەك منداڵان لێوی هەڵ چنین:"هەموو شەوێ خوا دای ناوە!"

دیتی قسەیەکی خەراپی کردوە, نۆبووك نابێ ئاوا بە تازە زاواوە بنووسێ ـ ئەویش لەم هەلومەرجەدا...! بە زمانی بێزمانی دەڵێ:"دەمەوێ مێردەکەم لە پەنام بێ!" ئەی خوا بم کوژێ! بە قەولی سەرەژنان, ئاخر عەیبێك , حەیایەك, شەرمێك! لەشەرمان ئارەقی کرد... سەرەژنەکان وەك دایکان نقورچیان لە گووپی خۆیان دەگرت, چاویان لێك دەنان و بە روخسارێکی پڕ گنج ولۆنجەوە دەیان گوت:"هەی دێڵەسەگ!" و ئاپۆ حاجۆ بە تانووتەوە زەردەی دەهاتێ.

ئێواران هەر لەو ئۆردووگایە, لەبەردەم ئەشکەوتەکان دا هەرایەك بوو: جحێڵەکان خڕ دەبوونەوە ـ کچ و کوڕ. دەزگیرانەکان پێکەوە دەگەڕان, و پێ دەکەنین, هەروا لە خۆوەش... ئەوانی دیکەش دەستیان دەگرت وهەڵ دەپەڕین... ئەی کە پێی خۆش بوو دەستی ئەم ئاپۆ حاجۆیە لە جێیەك گیربایە!

گوتی:"ئاپۆ حاجۆ, ئەتۆ بۆ ژن ناهێنی...؟ ئەتۆ هێشتا جحێڵی... وەرە ژنێك بێنە... زەماوەندێك سازکەین! چ دەبێ ئەتۆش بۆخۆت ژیانێك و ماڵ وحاڵێکت هەبێ!..."

ئاپۆ حاجۆ و هۆسپ قاقا پێکەنین. هۆسپ گوتی:"نەم گوت ئاپۆ حاجۆ ـ خۆ دیتت!"

ئاپۆ حاجۆ پێکەنی, سەرێکی راوەشاند وگوتی:"کچم, ئەتۆ لە کوێتە! ماڵ و حاڵ!... کچەکە گیان, ئەمن سێ ژنم هەن, دەپازدە نەوەم هەن!"

"ئۆی!"

"بەڵێ... ئەدی پێت وابوو!... ئەتۆ دەبێ بزانی, لێرە خەڵك بەو ئاسانییە ناگەنە ئەم تەمەنە. لێرە جحێڵ هەر کە فامی کردەوە ژنێی بۆ دێنن, چونکە کەس نازانێ سبەینێ دەمرێ یان دەمێنێ (گوتی: خوانەکا!)" دایك و بابی فەقیر هەوڵ دەدەن زووتر ژنێی بۆ بێنن کە وەجاخیان کوێر نەبێ... ئەتۆ تازە کەوتوویە فکری منەوە! زۆر سوپاس! نا, کچم, ئێوە خۆش بن ـ ئەمن گرفتارم!" و دووبارە کردیەوە گاڵتەو گاڵتەبازی:" لەوانەش بوو ئەگەر دایکت مابایە, ژنم هێنابایە, بە زۆر بە بابتم تەڵاق دەدا..." پێکەنی, پیرەپیاوێکی سەیر رووداره!... ئەگەر گاڵتەش دەکا, ئاوای دەکا!

سەری دەگێژەوە چوو ـ دەورێك سووڕاو هاتەوە جێی خۆی... هەمیشە وابوو, هەتا لە قۆرتێك بای دەدایەوە سەرە گێژەی دەگرت ـ و هەناوی بەتاڵ دەبوو, و فرمێسکی بێپەروا هەڵ دەڕژان... دڵی تەنگ بوو, لەوە نارەحەت بوو کە بۆچی لە ئاخر لەحزەدا بە بیانووی

قوتووه سیغارێك, نانێك, شتێك... چەند لەحزەیەکی رانەگرتوەو غیرەتی وەبەر خۆی نەناوە کە شەرم و شکۆ وەلانێ و بە دڵی خۆی ماچی بکا... مێردی خۆیەتی, خۆ بێگانە نیە. شەرعی خوا حەلاڵی کردوە. خەڵك چ دەڵێن با بڵێن. چما هەتا ئێستا کەمیان گوتوە!... باشە, چ بکەن... لەو چیاو بەندەنە کەشیش وکلیسا لە کوێ بێنن؟ بە قەولی پیرەژنان ئەتۆ رازی, ئەمن رازی, چ کارمان داوە بە قازی!... ئیشەڵلا ئەگەر چووینە شاری مارەیی شەرعییش دەبڕین!... بە چ مەعلوومە, دوور لە گیانی, زمانم لاڵ بێ... خوا نەکا ئەمە جاری یەکەم و ئاخری نابێ! ئاپۆ حاجۆ کە هەمیشە پلاری خۆی داویشت, هەرچەندیش ئەم موراعاتی کردبایە ئەو قسەی خۆی هەر دەکرد ـ کەوایە بۆ شەرم و شکۆی وەلا نەنابوو!...

ئاوڕی دایەوە, چاوی بە فاتێی کچی سۆفی مەجید کەوت... راوەستابوو, لەگەڵ ژنەکان ـ بە پڕروویی تەماشای دەکرد! هێشتا دەسبەردار نەبوو ـ لێی بۆ هەوێ, وەك سێبەر دوای دەکەوت... بێحەیا چاوێکی جوانی بوون... هۆسپ ئاغاش پێی ناخۆش نەبوو! شەرمی نەدەکرد, دەیگوت چاوی جوانن! ددانی دەچیڕەوە دەبردن, ئاخ. حەزی دەکرد چنگ لەو پرچە رەشانەی گیرکا, لسپ لسپ هەڵیان کەنێ...! بەڵام سەیرە. ئێستا هیچ رقی لێی نەبوو.

"ئامین گیان, کوێت دێشێ کچم؟ کوێت دێشێ؟" هیچ جێی نەدێشان, دڵی ژانی دەکرد ـ بە کێی بڵێ؟ خۆ ناکرێ هەموو شتێك بە هەموو کەس بڵێی. گوتی:"هیچ جێم نایەشن!" دەنگەکە لە سەری دا دەنگی دایەوە. سەری بەتاڵ بوو, بۆخۆشی گوێی لێ نەبوو. ("وریابە... بەسپایی... بەسپایی! لە نەکاو بەری مەدە... سەری لە دیوار نەدرێ! ئەگەر بۆ تۆ قورسە داینێ با شیلان بێ ـ وریابە!") هۆسپ بوو" چۆن بوو لەنێو ئەو هەموو خەڵکە دا لە ئامێزی گرتبوو! لەو خواحافیزییانەدا هەمیشە دوا قسەی ئەمە بوو:"وریای خۆت بە!" دەی زانی حامیلەیە. "کاری قورس مەکە, شتی قورس هەڵ مەگرە! گوێ مەدە قسەی ئەم وئەو... ئەتۆ ئێستا تەنیا ئی خۆت نی!..."

دەنگی پێیان لە تاریکی دا ون بوو, وئەو مایەوە. وەك هەمیشە تاوێك چاوی لە تاریکاییەوە بڕی و ئەرکی چاوانی بە گوێیانی سپارد ـ و بەسەروشانی داکەوتووەوە لە جێوبانەکەی دا دانیشت. دالانەکە تاریك بوو, بەڵام چاوی دەی دی" نووزەی کارۆی گوێ لێدەبوو" دەیدی کە ملی راکێشاوە, سەری وە چەمۆڵەی کردوەو تێیەوە ڕاماوە.

سەری خۆی قورس بوو... دەت گوت سەرمای بووە. ئاوی بە لووتی دا دەهاتە خوار. بە قوڕێگیراوە زۆرساردە, چلەی هاوینێش سەهۆڵێ دەکا... پیرەژنەکان قوژبنێکیان گەرم

کردبوو, و باسی جحێڵێو نۆبووکیی خۆیانیان دەکرد. بە بووکێیان دەگوت تا خەسوو گوێی لێ بێ!... گوێی لێ بوو... لەو دەوروبەرە دەگەڕا, حەزی نەدەکرد گوێی لێبێ... بەڵام لێی ببووە مەراق بزانێ دەڵێن چی, و هەر جۆر دەگەڕا دیسان دەیدی کە لە پەنای وان سەر وەدەر دەنێ. گوێی لە دەنگیان دەبوو ۰ "دەبێ وریای منداڵەکە بین! گوناحە بەستەزمانە!... تۆزێك بێگێڕە با هێور بێتەوە!" پێکەنینی هات... ئێستا چەندی ماوە هەتا منداڵەکە لەسەر خێران بێتە سەر دنیا! ئەمانە لە ئێستاوە گوێیان لە دەنگی گریانی دەبێ!... ئێ... ڕاست دەکەن ـ پێم وایە دەنگی گریانی منداڵ دێ! "بابانم!" بە خۆی نەبوو دەستی بە لکی لەچکەکەیەوە بۆ زاری چوو! بەڵام هەر لەو کاتەدا بە قودرەتی خوای هەستی بە خۆشەویستیی منداڵەکە کرد... ماشەڵڵا لە قودرەتی خوای... لە ئێستاوە! جۆرێکی لێهات... وەك ئەوەی منداڵەکەی بووبێ‌و لەسەر کۆشی بێ ـ ماشەڵڵا لە قودرەتی خوای!

گوێی لە دەنگی مام مستەفا بوو:"کارتان پێی نەبێ ـ لێیگەڕێن با هەر لەوێ بێ ـ حەیوانەکە لە بەرخۆڵەش هێدیترە ـ کاری بە کاری کەس نیە!" گوتی:"نا, مام مستەفا, کاری بە کاری کەس نیە. منداڵان سەر دەخەنە سەری ـ ئەگینا حەیوانەکە کاری بەکەس نیە." وادیارە مام مستەفا گوێی لێنەبوو, کەمێك بە گوێیان گرانە.

ئەو دەمانەی هۆسپ لەوێ نەبوو, تەنانەت لە ژووری ئەشکەوتێش دەنگی ئەو ئاوەی گوێ لێبوو کەلە ڕەگ و دەماری کێوەکان دا دەگەڕا. هەمیشە گوێی بۆ کەمترین هەستی پێیەك هەڵ دەخست. زۆرتر بەرەبەری بەیانی دەهاتنەوە... جاری وا بوو چەندین شەو ون دەبوون... دەنگی ئێشك گرەکە بوو! "کێیە؟..." گوێی لە جوابەکە نەبوو... هۆسپە؟ حەتمەن ئەوە... خوا بکا ئەو بێ! هەتا گوێی لە دەنگی ئێشك گرەکە دەبوو ـ هەمیشەش گوێی لێبوو ـ دڵی وەخەبەر دەهات... بەخەبەر بوو, بەڵام وەخەبەرتر دەهات, گوێ قوڵاخ بوو, دڵی لە جۆلانەی سنگی دا ڕادەژا:"خوایە گیان, ئەمجاریش بە سلامەتی بێتەوە!" سەیر ئەوە بوو هەموو جارێش هەر ئەو "یەك جارە" بوو!

شەوانە تا بەیانی بەخەبەر دەبوو... بۆخۆیان مانگاو مەڕیان نەبوون کە ناچار بێ بیان دۆشێ... پێش زگپڕ بوون, کۆمەگی دراوسێکانی دەکرد" بەڵام لەو کاتەوە کە منداڵی وەزگی کەوتبوو نە ئەوان چاوەڕوانیان لێی هەبوو, نە هۆسپ ڕازی بوو, و نە بۆخۆشی حەزی دەکرد بچێتە بەر بزن و مەڕان و خوانەکردە منداڵەکەی لەبەر بچێ... بەیانیان دەخەوت ـ وەختی چاك بوو بۆ نوستن" ماڵات بەڕێ کرابوو بۆ دەرێ‌و ئەشکەوت بێدەنگ بوو.

بەخەبەر دەبوو, بەلاّم چون دەی زانی هۆسپ پێیخۆشە بخەوێ, خۆی دەخەو دەکرد...
گوێی لە دەنگی نووزەی کارۆ دەبوو, هەستی بە نائارامیی کاتی ئارامی دەکرد, دەی زانی کە راست لەو لەحزەیەدا هۆسپ داهاتۆتەوە سەری دەی لاوێنێتەوە, دەی زانی کە دەست بە سەر وگوێی دا دێنێ ـ گوێی لە دەنگی دەبوو... بەلێ خۆیەتی ـ هاتوە("کوڕی خۆم... کوڕە باشەکەم! غاردە وەرە لای بابە!") لەو جۆرە وەختانەدا خۆی دەخەو دەکرد.

خۆی دەخەو دەکرد. بەلاّم هۆسپ دەی زانی بەخەبەرە" لەو تاریکەش دا زەردەخەنەی سەر لێویی و گوڵی روومەتیی دەدی... ئەویش بێئەوەی چاو هەڵێنێ ماندوویی بێئەندازو شەپۆلی خۆشەویستیی لە روخساری دا دەدی.

"ئیستیکانە چایەك!"

پێکەنینی هات... بۆ پێکەنینیش دەبوو... لەو هەڵلاّو هەنگامەیەدا, لەوکێو و بەندەنە, لەو ئەشکەوتەدا مام رەزا قاوەخانەی دانابوو! قاوەخانەکەی ژنانە و پیاوانە بوو. کچەکەی بە ژنان رادەگەیشت و بۆخۆی بە پیاوان... هەموو دەهاتن ـ چایان دەخواردەوە, قسەیان دەکردن, نەقڵیان دەگێڕانەوە, دەردی دڵیان هەڵ دەڕشت, سەریان دەخستە سەر یەکتر ـ باسی "عەمەلیات"یان دەکرد... ئاسمان و ڕێسمانیان تێك دەکردەوە. چەند کەسێکیش لە مقەبا شەترەنجیان دروست کردبوو, و دامەیان دەکرد... تەختە نەردێکیش هەبوو کە خوا دەی زانی ئی چ ماڵە تورکێکە,. هەمیشەودایم شەڕی لەسەر بوو...
دەوروبەری هەمیشە شلووق بوو. هەمیشە ژمارەیەك "لادەست" هەبوون کە قسەیان تێدا دەکرد و دەبوو بە کێشەو هەرا... دامەش هەر وا بوو: ها, ئەو داشە بەرە پێش, ئای ئەمەیان واوە بێنە!" ئەم پیاوانەش بەڕاستی بێکارن!

قاوەخانە شلووق بوو, هەر زەنگەی لە سەری دەهات... دەت گوت حەمامی ژنانە, کەس لەسەر کەس رانەدەوەستا... هەواش زۆر پیس بوو... موراعاتیان نەدەکرد, هێشتا سەبیلەی ئەویان تەواو نەبىبوو کەئەمیان سیغارەکەی دادەگیرساند ـ هەموو جێیەك هەڵم و دووکەڵ بوو... لاوەکانیش ـ ماشەڵلاّیان لێبێ ـ هەمیشە خەریکی شەیتان بازاڕیی خۆیان بوون: کوڕوکچ... کچەکانیش پێکەنینەکەیان وەك قوڵتەقوڵتی لوولێنە لەحزەیەك بێدەنگ نەدەبوو, بەتایبەتی ئەودەمانە کە کوڕە جحێڵەکان لەو دەوروبەرە دەبوون.
کوڕەکانیش کە لەوێ دەبوون سەریان داویشتە سەر یەك و لەخۆوە قاقا پێدەکەنین:

ئەی بڵێم خوا چت لێبکا حوسێن! خەریك بوو هەمووان بە کوشت بدا! ئەگەر ئاپۆ حاجۆ نەدەبوو, تاقمان دەر نەدەچووین... ناپیاوە راست هەموومانی بردە بەر هێلانە ژەنگەسوورەکە! هێندەی نەمابوو تورکان هەموومان بە زیندوویی بگرن!

نارەحەت بوو... ئاپۆ حاجۆ! خۆ ئاپۆ حاجۆ بە تەنیا نەبوو, هۆسپیش بوو... پێیان گرانە بڵێن هۆسپیش بوو! هەمووی هەر ئاپۆ حاجۆ, ئاپۆ حاجۆ!

عەزۆ گوتی:"ئەدی, ئاپۆ حاجۆ و هۆسپ فریامان کەوتن." لەخەوێ دا دڵی خۆش بوو... وادیار بوو خەونی دەدی... "نازانم لە کوێ را پەیدا بوون ـ راست لە پشت سەنگەری تورکەکان سەریان وەدەر نا!... ئەوێ پێشتر بەدەست خۆمانەوە بوو... کوێرەڕێیەکە بزنە کێوییشی بەزەحمەت پێدا دەڕوا... ئەو هەرمەنیە چۆن چووبوو!"

خۆشحاڵ بوو... ئەدی, چما پێتان وایە هۆسپ پیاوێکی کەمە! هەر ئەم ئاپۆ حاجۆیەتان دەڵێ لەشکرێکی تورک دێنێ!

"کابرا یەك بین تەقەی دەکرد... بە فکریشی دا نەدەهات, کەدیتی لە پشتەوەڕا دایانە بەر دەسرێژ!"

لەلای چەپییەوە لەسەر بزاوتنی وەزیر کێشە بوو" هەردوو لای یاری دەنگیان هەڵ بڕیبوو... تاهیرئاغا ببووە نێوبژیکەر. پێکەنینی هات. ئەگەر نەت دیبایە پێت وا دەبوو داخوا لەسەر چییان یاری کردوە! لەسەر چایەکی شیرن! بەڵام ئەمەش بۆ پێکەنین نەدەبوو ـ چای شیرن بۆخۆی شتێکی پیاوماقووڵانە بوو: ئاخرشەکر دەست نەدەکەوت, چایان بە هەموو شتێك دەخواردەوە: بە مێوژەتوو, کشمیش, خورماو زۆرتریش بە تاڵی. کەرەسەی گۆڕینەوەش فیشەك بوو... یان پۆتین و فانووسقەی سەربازێکی هەژاری تورك کە کوژرابوو ـ دایکەکەی بمرێ... دەزگیرانی بمرێ!

جحێڵ ماشەڵڵای لێبێ, زۆر بێبەزەییە! دایك و پوورەکان دەیان گوت:"چ بکەن بەستەزمانانە بێبەزەییان کردوون, ناچارن, وانەبن دەکوژرێن... لای ئەولاش هەروان...ئەوانیش جحێڵن. ئەو سەگ مردووە شێتی کردوون (دەڵێ تورك تۆپەتاقەیەو خوا کوردو هەرمەنیی بۆ نۆکەریی تورکان دروست کردوون! تێنەگەیشتین وەڵڵا تورك لە کوێ وایان لێهات, عەلی عەجەم کەنگێ بووبە ئاغا!) ئەسپێی تێدان هەریەکەی بەقەد دەنکە نۆکێك... ئێستا بۆتە ئەفەندی, دەیەوێ کچە کورد لاقی بۆ بشێلن و ئەسپێی لێبدۆزن!... زۆر شوکور خوایە!"

بۆ هەناسەبڕکەی لێ بوو... نەکا نەخۆش بێ و بەخۆی نەزانێ... "بێبەزەییان کردوون, ئەگەر ئەمانە نەکوژن. ئەوەدەم تورکان لەسەر تفەنگ و فیشەکی ئەمان لە قاوەخانەکانی هۆردووی خۆیان دا یاری دەکەن... ئەم فەقیرانە کەوشێکی بەکەڵکیشیان دەپێدا نیە, خۆیانن و جووتێك کڵاش...!"

گریانی دەهات ـ دڵی هاواری دەکرد:"جحێڵە جوانەکان, توخوا وریای خۆتان بن"
بەخۆڕاییی خۆتان بە کوشت مەدەن! ئاخر ئێوە هێشتا تامی ژیانتان نەچێشتوە, گەرمای لەشی بووکێتان بە لەشی نەگەیشتوە, نەرمایی نیگای بووکێتان لەسەر روومەتتان هەست پێنەکردوە... بە خوا ئەمن حازرم لە جیاتی وە بچمە شەڕێ...!"

بەڵام ئەم پیرەژنانەش گیانلەبەرێکی سەیر وسەمەرەن, دەڵێن بە چاوانیش دەبیسن... گوێی لە دەنگی دایە گوڵبەدەن بوو, قورسایی دەستە چرچەکانیی لەسەر پشتە دەستی هەست پێکرد... پیرەژنێکی میهرەبان بوو ـ حەیف کەمێك فزوول بوو("ئامین گیان, دەچیە کوێ, کچم!؟... فەقیرە دەراوێنێ, دایکەکەت بمرێ... کوڕم, مەگرین, ئێوە نەباڵقن, دوعا بکەن بەڵکوو ئیشەڵڵا خوا رەحمی پێ بکا!")

پێیسەیر بوو... نەباڵق! پیرەژن تێکەڵی کردوە... "لەگەڵ منت بوو, دایە گوڵبەدەن؟" دایە گوڵبەدەن گوێی لە دەنگی نەبوو... خۆشحاڵ بوو ـ هیچ لە بیری نەبوو ـ لە جێدا کەڕ بوو, بەڵام دەی گوت هەموو شتێکی گوێ لێ دەبێ!

ها!؟ ـ گوێی لە قژقژ پێکەنینی منداڵ بوو... دڵی کرایەوە. گەزیزە دیسان منداڵەکەی هێنابۆ قاوەخانە. ماشەڵڵا منداڵێکی شیرنە" بەو قژقژپیکەنینەی باب مردووش دێنێتە پێکەنین. هیچ شتێك وەك پێکەنینی منداڵ نیە... پێکەنینی بنیادەمی گەورە هەمیشە شتێکی تێدایە, شتێکی تێکەڵە... باسی ئاپۆ حاجۆی هەرمەکە ـ نیوەی پێکەنینەکەی تەشەرە... پێکەنینی منداڵ شتێکی دیکەیە ـ دنیایەك پاکیەیە, وەك بارانی بەهار وایە, گیانی بنیادەم دەشواتەوەو مشت ومالی دەکا... منداڵەکەی دەدی... گوێی لە دەنگی پێکەنینی خۆشی لاوەکان دەبوو...

سەری راوەشاند ـ ماشەڵڵا لەو جحێلانە ـ خوا عەمریان درێژ کا! جاری وایە پیاو رقی هەڵ دەستێ... کەس نیە بەمانە بڵێ, لەمانە بپرسێ ئەتۆ کەهێشتا لەزەتی ژیانت نەچێشتوە ئەو هەموو شادی و پێکەنینەت لە چیە؟ چۆنە بەو هەموو دڵخۆشیەوە دەچیە شەڕێ؟... شەڕ, جحێڵ" باسی گوللەیە ـ گوللە برای کەس نیە... گوللەیەو دێ, ئەگەر هات ئیدی کار تەواوە! ئەتۆ ئەم شتە ساکارەش تێناگەی! تەنیا خۆشیی ژیانت ئەوەیە کە بە زیندوویی بێیەوەو بڵێی تورکێکت کوشتوە, و تفەنگەکەیت هێناوەو لە قاوەخانە بە هەمووانی نیشان بدەی, تا جەمیلە ـ یان نەشمیل یان گلارە لە دوورەوە سیلەچاوێکت تێبگرێ, و بە عیشوەو نازەوە چاوێك هەڵ تەکێنێ, کەیانی هونەرێکت نەکردوە!... ئەم کچانەش زۆر بێڕەحمن... خەنی لەخۆتان ـ زۆر ساویلکەن... ئاخ خ خ!

سەری قورس بوو... هەموو گیانی ببۆ سەر، و ئەو قورسییە... پشتی دێشا ـ زاری وشك بوو، ببوو بە پارچە لمەدێك" دەت گوت هەموو لەشییان لە ئاونگ دا کوتاوە... چاوەکانی دێشان ـ کالانەکەیان پێتەنگ ببوو... ماندوو بوون. نێوی چاوی خەریك بوو بتەقێ... هۆسپ گوتبووی... گوتبووی شتی قورس هەڵ مەگرە... چۆن هەڵ نەگرێ! ئەدی کێ بچێ ئاوێی بۆ بێنێ؟ بۆخۆیان ئاویان دەوێ، ئەم حەیوانە فەقیرە ئاوی دەوێ... هەر ئێستا تینوویەتی... گوێی لە دەنگی هانکەهانکیەتی... ئەمەش نووزەکەی ـ حەیوان تینوویەتی ـ چۆن هەڵ نەگرێ!

سەتڵەکەی هەڵ گرت... قورس بوو... پشتی وەژان کەوت... ئارەقێکی ساردی دەرکرد... بۆهێندە ماندوو بوو؟... وەزعی باش نەبوو!... هەستی کرد نەخۆشە... نارەحەت بوو، وابزانە خەونی دەدی... ئەگەر بکەوێ کێ بەم حەیوانە رادەگا! دووبارە دەنگی دایە گوڵبەدەنێی هاتە بەرگوێ:"رۆڵە، ئەتۆ غەمی ئەم حەیوانەت نەبێ! ئەو هەمووە لێرەین... یەکێك هەر دەبێ بەم حەیوانە رابگا... ئەو برایانە فەقیرانە هەموو شەوێ بەوەخت وەخەبەر دێن!" وێکەوتنی دەستە چرچەکانیی لەسەر نێوچاوانی هەست پێدەکرد. دووبارە نارەحەت" پیرەژن دەڵێی موویان لێ‌هەڵ پرووزاندوە... دەچێتە هەر کوێ وەك سێبەر بە دواوەیەتی! گوتی:"پووری، لەگەڵ ئەم جحێلانەم بوو..." بە دەست ئاماژەی بۆ جحێڵەکان کرد، لە قوژبنی ئەشکەوتەکە... بەڵام هەر لەو کاتەش دا هەستی کرد، کە دەستی لە جێی خۆی نەبزووت...!

پیر ببوو، لەگەڵ پوورە گوڵبەدەن وەك ژنێکی هاوتەمەن و هاوشان قسەی دەکرد:"دەڵێم ئەوەندە بێباك مەبن! دایك و بابەکان چاوەڕێن ـ دەزگیرانەکان چاوەڕێن! وریای خۆتان بن!" هەستی کرد پوورە گوڵبەدەن سەری راوەشاند، بەسەر سەریەوە راوەستابوو، تەڕایی فرمێسکی ویی لەسەر دەم وچاوی هەست پێ‌کرد... بۆچی؟

ئەوەی بە زەینی دا دەهات، لەسەری دا دەسووڕا، وەك دەنکە گەنمی بن دەستاڕ ـ بەردی دەستاڕ ئێسك و رەگ وماسوولکەکانیی دەجوین ودەی پلێشاندنەوەو دەسووڕا، ئەو دەبەردەکەوە رامابوو، و سەری لەگەڵ بەردەکە دەسووڕاو دەنگی هارەهاری دەستاڕ لە ئەشکەوتەکە گەڕابوو... ئاپۆ حاجۆ لەگەڵ هۆسپ دانیشتبوو، و هەر قسەکانی هەمیشەی دەکردن:"جحێڵ نەچن کێ بچێ... هەموو هەر هاوتەمەنەکانی من! هۆسپ و هاوتەمەنەکانی لە قوون ژنەکانیان دانیشن و مەمانان بچین!"

"بابانم!..." وەك ژنەکوردان لکی لەچکەکەی بۆ دەمی برد و پێکەنی" دەنگی هارەهارەکە زیاتر ببوو... ئای، لە ئەشکەوتێ دا خڕ ببوونەوە، فرۆکە هاتبوو! هەموو

ڕۆژێ دەهات, هێندێ جار ڕۆژی چەند جـار دەهـات. گـوێی لـە دەنگـی شیسـت تیرەکـان دەبوو... کە دیمەنەکـەی دی دڵـی پێـك دا هـات, هێقـی کـردەوە... ("غـاردە کچـێ, لەگەنەکە بێنە... زووبە!" دیسان گوڵبەدەن "خان" پەیدا بوو!

ئای ئـەو ڕۆژە کـافر نـەیبینێ! هەنگامەیـەك بـوو... سـەحرای مەحشـەر بـوو... فڕۆکەیان بەردابۆوە... ئاپۆ حاجۆ کەیفی سازبوو, هۆسپ لەخۆشییان لاقی لەعەرزێ گیر نەدەبوون ـ بەڵام کافر نەی بینێ!... فڕۆکەوانی فەقیر ببوو بە بزووت, بە مەقاشی بگری, نیسکەگۆشتێك بەلەشیەوە نەمابوو... ئەی خوایە ئەو ددانە سپییانەی لەو زارە بێپووك‌و لێوەدا, ئەو پێکەنینە تاڵە... بنیادەم بـە دیتنـی دەتوایـەوە... ئـەو کالانـە چـاوە ڕەش‌و بەتالآنە... ئای, لە جێی خۆی وشك ببوو!

وێکەوتنی دەستی هۆسپی لەسەر شـانی هەسـت پـێکرد... بەسـپایی گوتی:"ئـەتۆ بەوحاڵەوە بۆهاتووی! کوێی بـۆ دیـتن دەبـێ!... بـا بچـینەوە." ("وەریگێـڕە, ڕۆڵـە... پەرێشانە... باشە ـ باشە!" بەڵام ئەو هەروا ڕاوەستابوو, و لە جێی خـۆی نـەدەبزووت... هەردوولای نێوچاوانی (شقیقە) خەریك بوون لێـك بـلاو بـن ـ نێوچـاوانی خـەریك بـوو بتەقێ... سەری بە دەست خۆی نەبوو, یەك بـین بـە دەوری خـۆی دا دەسـووڕا. چـاوەکانی لەسەر یەك دانابوون ـ دڵی پێك دا دەهات.

هۆسپ گوتی:"چتە نارەحەتی؟"

"ئەتۆ بچۆ ئەوبەر... دڵم پێـك دا دێ... دەمـەوێ بیهێنمەوە!","لەگەنەکـە لـەبن چەنەگەی ڕاگرە, با لێفەکە پیس نەبێ!" ڕشایەوە, بەڵام سووکی نەکرد... وەی سەرم, وەی پشتم!

("بزانە بابت چیی دەوێ ـ پیرەپیاوە سـەعاتێکە بـانگ دەکـا!") پیرەپیـاو!... ئێسـتا لەسەر مە دەبۆڵێنێ:"خۆی بەدبەخت کرد!" نا, قوربان بۆخۆت خۆت بەدبەخت کرد! ئەتۆ بۆخۆت بەدبەختیت بەسەر خۆشت و بەسەر مەش هێنا, ئەم گرفتارییە خۆت بـۆ خۆتـت دروست کرد ـ دەتەویست براکانیش بکێشیە ئێرە!... ئێستا خەتایەکە دەخەیـە ئەسـتۆی خەڵکی دیکە! هەر لە قاوەخانەکانی تەورێز دانیشتی و چاووڕاوت کـردن کـە لـە قـەفقاز وات تەقە کرد, چووزانم, تۆپی تورکەکانت وا بێدەنگ کرد, لە فلان جێ فلانـت کـرد... کە ظفرالدولەش گوتی:"باشە, ئێستا کە دەزانی تۆپ باوێی, و ئەوەندە شارەزای, فـەرموو بچۆ ئاگری ـ هەرمەنییەکانی خۆشتان لەوێن... فەرموو بچۆ تۆپی کوردەکان وەرێخە!" ئاخر کوردەکان چەند تۆپێکیان لە تورکان بە تالآن گرتبوو ـ و ئەو وەخت ڕەزاشا کۆمـەگی بە ئاگری‌و ئیحسان پاشا دەکرد...

باشە, هاتیە ئێرە ـ دوایە دەرکەوت ئەویش نازانی... کاتێکیش بەهەر بەدبەختییەك بوو, بەکۆمەگی ئیحسان پاشا نەختێك وەرێکەوتی دەترسای تۆپ باوێی, نەوەك سبەینێ تورکان ئیعدامت بکەن!... لە لایەکی دیکەش دەترسای ئەگەر تۆپ ناوێی کوردەکان بت کوژن... دەت گوت کە داشناك نی ـ سۆسیالیستی ـ ئەم بزووتنەوەیە کۆنەپەرستانەیە, ئینگلیسیە ـ دوایەش کە چوویە ئەوبەر, لای هاورێ سۆسیالیستەکانت!... ئەوانیش نەیان کردە نامەردی, گوتیان فەرموو بۆ سیبیری! ئێستا لەجیاتی ئەوەی ئەمن شتێك بڵێم ئەتۆ قەرزداریشم دەکەی! لە هۆسپ باشتر مێردم بە کێ کردبایە" هەموو کچەکان قوڕیان دەخوارد ـ قامکی هەڵێنابا سەد کچ خۆیان لەبەر پێی داویشت... "لێرە کەشیش نیە, خەلیفەی لێ نیە ـ وەڵامی خوا چۆن دەدەیەوە!" جەنابی سۆسیالیست بوو, بەڵام ئەگەر گەیشتە سەر هۆسپ بوو بە موسوڵمان و خوای وەبیر هاتەوە!

بۆخۆم وەڵامی خوا دەدەمەوە... سبەینێ دەچینە شاری, دەچینە کلیسا, مارەیی دەبڕین... دەی, چی دی؟ ئێستا قەرزداریشمان دەکا ـ ئێستا بە زمانی خۆشمان قسەم لەگەڵ ناکا... ئەتۆ خۆت بەدبەخت کرد یان من؟ خۆم بە قوربان و سەدەقە کردی, گوتم مەچۆ ئەوبەر ـ بە قسەت نەکردم... ئێستا نازانم بە سەری پیری لە کام زیندان و ئۆردووگادا بەدبەختی دەکێشی! ئێستا دەڵێی خۆی بەدبەخت کرد! ("کچم, بابتە, لەدڵت گران نەیە! زگی پێت دەسووتێ... وامەزانە, لە سەعاتێك دا دەجار ئەحواڵت دەپرسێ... پیرە, ناڕەحەتە, هەقیەتی... بە گیانی شیرنت کاری شەو و ڕۆژی بۆتە دووکەڵ بەباکردن ـ ناڕەحەتە, هەقیەتی, لێی دەدڵ مەگرە! ئەتۆ چاك بەوە, ئەتۆ هیچت لێنەیە, لەسەر من ببۆڵێنە ـ ئەدی خۆشەویستەکەم, دەدڵی مەگرە!")

"دایە, بەستەزمانە دەڕاوێنێ... لەگەڵ بابمی نیە!"

ئەی کە ئەم پیرەژنە فزوولە, لەهەموو دیزان ئەسکوێیەکە...! پیرەژنە, پیاو بڵێ چی!

هەروا دەکوڵی, ولە قووڵایی دڵیەوە وەك دەریا خیزوچەوی ڕەنج وئازاری دێنایەدەر.

(بسم الله!... چ بوو ئامین گیان...! فڕۆکە بۆمبای بەردایەوە) ـ دەنگەکەی لە کێوپارە گەڕا... لەوکاتەوە کە نووری پاشا ڕۆیشت, هومێدیش ڕۆیشت. ڕاستە ئاپۆ حاجۆ هەبوو" فەقیرە دوور لە گیانی وەك سەگی پێسووتاو, ساتێك ئارام و ئۆقرەی نەبوو, لە هیچ کوێ گیر نەدەبوو... دەیەویست هەتا زووە کاری ئێرە تەواو بکاو شەڕەکە بخاتە ئەستەمبووڵ. دەی گوت دەبێ شەڕەکە بەرینە وێ... لێرە عەسکەری فەقیر دەکوژرێن, تەیارە بەردەبنەوە ـ ئەسپێ هەموو جێیەکی هەڵ گرتوە, بەڵام ئەفەندی لەئەستەمبووڵ دانیشتوەو زگی زل دەکا! ئەگەر مەترسی لەبن گوێی هەست پێبکا, ئەودەم لەپێش دا

نەختێك بیر دەكاتەوە دوایە فەرمان دەدا... دەبێ ئاگر لەوێ بەردرێ... "ئاخ بۆ سەد كوڕە جحێڵەی وەك هۆسپ!" دڵی گیرا ـ دیتی ئێرە دیسان باشە, هاكە دیت لە بنی دانیشت و بردیە ئەستەمبووڵ!... سەد كوڕە جحێڵەی وەك هۆسپ!... بۆیە چاكە نیە...! فكری تەخت بوو.

بەڵام فەقیرە چ بكا... هیچ كەس چاوەڕی نەبوو: توركان لەپشتەوەڕاو لە خاكی ئێرانەوە هێرشیان كرد! داماوە چ بكا ـ ئێرەی دەگرت, ئەوێی لە دەست دەچوو, ئەو كونەی دەگرت ئەم كونە دەكرایەوە ـ ببوو بە مەشكە كۆن... هەتا كونێكی بە پشك دەگرت, لە دە جێی دیكەوە دۆی لێدەڕژا. چ بكا, چ بكا داماوە! ("فەقیرە پەرێشانە!") ئەمنیش هەروا دەڵێم بەستەزمانە سەرەگێژەی گرتوە!

دوا جار كە هۆسپ و ئاپۆ حاجۆی دیتن هەردووكیان پیر ببوون. ئەگەر هومێد نەما پیریش نەبێ, پیر دەبێ... قنابوونەوە... دوور لە گیانیان دەت گوت لە قەبریان دەرهێناونەوە... موویان سپی ببوون... خورجێنی بە كۆڵەوە بوو ـ لەحزەیەك پێش ئێستا بوو... منداڵەكەی لە خورجێنێ هاویشتبوو... منداڵ!؟ كەوایە بۆیە فكری تەخت بوو! هەركە قورسایی منداڵی بەپشتی خۆیەوە هەست پێ دەكرد, ئاسوودە دەبوو. دایك وایە, هەتا منداڵ قورستر بێ, ئەو رەحەت ترە... وەی, خوا نەكا رۆژێك منداڵ ببێتە چنگێك پێست وئێسقان ـ بەڵایە بۆ دایك!

گوێی لەدەنگی هۆسپ بوو, لەو هەنگامەیەدا... ئۆردووگا ئاڵۆز بوو...توركان لە پشتەوەڕا هاتبوون... هێشتا دوور بوون... بەڵام هەموو شتێك تێك چووبوو... هۆسپو ئاپۆ حاجۆ لەگەڵ چەندكەس لەلاوەكان چووبوونە پێشیان, كە بەشكوو بتوانن رێیەك بۆ دەربازبوونی ژن و منداڵ بكەنەوە... ماڵاتیان بردە نیزیك سنووری ئەرمەنستان و دەنگیان دا بۆ ئەوبەر ـ بۆئەوەی وەدەست توركان نەكەوێ ـ ئەسپەكانیش. هەرلە ئێستاوە خەڵك دەڕۆیشتن ـ بۆكوێ؟ قیسمەت و نسیب... شلووقی و هەرایەك بوو سەگ سەحەبی خۆی نەدەناسی... ژنان منداڵەكانیان لەكۆڵێ بەستبوون, تفەنگیان بە دەستەوە گرتبوون... دەڕۆیشتن... ئەوددم كە ئۆردووگا لە جێی خۆشی بوو, وەختێك دەچوونە داران هەروا دەڕۆیشتن...

دیسان گوێی لەدەنگی هۆسپ بوو, لە پەنای دانیشتبوو, خۆی دابۆ سەر سمتان, تفەنگەكەی لەسەر قۆنداغی رووبەهەوا راگرتبوو, و لێكدا لێكدا مژی لە سیگارێ دەدا. دەیگوت:"رۆبین لێرەیە ـ تەنیا نی... پێكەوەن ـ تەنیا نین ـ ئەمنیش هەمیشە لەگەڵ تۆم, ئەتۆش هەمیشە لەگەڵ منی ـ لەیەكەم دەرفەت دا خۆم دەگەیەنمە تۆ. مەترسە ـ

کارۆشت لەگەڵە ـ کارۆ کاری دە تفەنگچی‌یان دەکا." تفەنگەکـەی لەسـەر زەوی دانـا, و دەستی بەسەر سەروگوێی کارۆدا هێنا ("کوڕی خۆم, کوڕە باشەکەم! ماشەڵڵا چیت کـرد, خۆت خۆڵاوی کرد!") "ئەمن بۆخۆم هەست دەکەم ئـەو وەختانـەی لەگـەڵ تـۆم لـە هـیچ ناترسم!"

گوتی:"هۆسپ گیان, ئەمنیش وام ـ ئەو وەختەی ئەتۆم لـێ‌دیاری لـە خـوا نـەبێ لـە هیچ ناترسم ـ لە لەشکرێکی تورکیش ناترسم.

منداڵەکە لەسەر کۆشی خەوتبوو ـ لە خەوێ دا پێ‌کەنی. هەستی کرد مەمکی هەڵی هاویشت و بەرۆکی تەڕ بوو... هۆسپ گوتی:"هەڵی‌ستێنە ـ دەمەوێ چاوەکانی ببینم, جا بڕۆم... لە بیرت نەچێ ـ دەچیە شیروانە, ماڵی شێرئاغا... ناوونیشانەکەم پێ‌گوتی..."

گوتی:"ئەی ئەگەر نەی‌ناسیم... ئەگەر رای نەگرتم... ئاخر خۆ منی نـەدیوە ـ خـۆ ئەمن ئەوەدەم مێردم پێ نەکردبووی..."

هۆسپ گوتی:"دەت ناسێ ـ ئەتۆ بڵێ هۆسپ, ئیدی کارت نەبێ... هەتا وێ دووسـێ رۆژە رێ پتر نیە ـ زۆر خۆت مانـدوو مەکـە... منداڵەکـە نارەحـەت مەکـە... شـەوانە لەجێیەك ئیسراحەت بکە... ئەگەر بەقسەی من دەکەی ناچیـە "ئـاوەدانی" یـان ـ لـە لۆدەگیاو خۆیانەگەنمان دا بخەوە ـ کارۆت لەگەڵە ـ وریـا بـە..." منداڵەکـەی لـەباوەش کرد, پاشان خۆیشی لە باوەش کرد:"وریای خۆت بە, وریای منداڵەکە بە...!"

"ئەتۆ وریای خۆت بە... غەمی مەت نەبێ ـ ئەمن وریای منداڵەکە هەم..."

(دایکم بانگی کرد:"شاهۆ! شاهۆ!" شاهۆ بەغاردان چوو..."بەڵێ دایە!" بزانە دەڵێ چی, رۆڵە!" لەگەڵ مام هۆسپ دەدوێ دایە, دەڵێ"ئەتۆ وریای خـۆت بـە, ئـەمن وریـای منداڵەکە دەبم..." دایکم گوتی:"فەقیرە! خوا رەحم بـە منداڵەکـەت بکـا! و فرمێسـکی هاتنەخوار ـ سەیر ئەوە بوو دادەئامینیش گریا!)

وەڕێ کـەوت ـ دەڕۆیشـت و ئـاوڕی دەدایـەوەو تەماشـای دواوەی دەکـرد... هۆسـپ رۆیشتبوو, خەڵك وەك کوللەرەشکە رژابوونـە دەرێ, رووسـەکان سـنووریان داخسـتبوو, و هەمووان روویان کردبۆ ئەم بەر... هەر کەس بە لایـەك دا دەڕۆیـی... هـەمووان خـزم و ئاشنایان لە ناوچە دا هەبوون... ئەویش دەچۆ شێروانە...!

دەڕۆیشت, چاوی لەخۆی بوو کە دوور دەکەوتـەوە... ژنێکـی خـورجێن بـە کـۆڵ کـە منداڵێکی لەخورجێن دا بوو... و سەگێکی پێ بوو. رێیەکە ناخۆش بوو, دەوەنـەکان وەك بۆق هەڵبەزدابەزیان بوو" تەنیا ئاواتی ئەوە بوو بگاتە ئەو تیرەشانە کەبە لێواری ئاسمانەوە نووسابوو, و لەوێ را چاوی لە "وی" بێ ـ بگاتە ئەو تیرەشانە, تەواوە ـ لـەوێ را دەتوانـێ

هەموو جێیەك ببینێ... دەی دۆزێتەوە! ئەوە لە حاڵێك دابوو كە نەیدەزانی بە دوای چ دا دەگەڕێ... هەرچەند منداڵەكەی بە پشتەوە بوو, جارجار كە دایك و منداڵەكەی لە پێش خۆی دا دەدیتن وەشك دەكەوت...! دەی زانی منداڵەكەی لە كۆڵێ بەستوە, بەڵام هەر لەو كاتەدا دەیزانی كە شتێكی لێ بەجێ ماوە... ئەوەی لە پێشیەوە دەڕۆیشت وەك خۆی دەچوو... ئاواتی ئەوە بوو بیگاتێ, منداڵەكەی لێ وەرگرێ, "جێ"یەكەی بگۆڕێ وشیری بداتێ... ولەگەڵ "وی" بڕوا ـ بۆ هەر كوێ بێ... دەستی دەگرێ. پێكەوە دەڕۆن... ئەو دەیزانی لە كوێیەو دەچێتە كوێ. هۆسپ پێی گوتبوو. هۆسپیشی دووراودوور دەدی, دەت گوت لە هەڵمی حەمامی گشتی دا... چاوی باشی نەدەدی ـ ماندوو بوو ـ هەتاوی نیوەڕۆی سەرەتای پاییز گەرم بوو... سەری منداڵەكەی پێچابوو... كە خوانەخواستە گەرما نەی با... بەڵام زۆر گەرم بوو...

ماندوویە, ئارەق لە سەرتاپای لەشی دەچۆڕێ... قەیدی نیە, بە هەر جۆر بێ دەبێ ئەم سەد هەنگاوەش ببڕێ, ئیدی خوا حەز كا, شتێكی وای نەماوە... كە منداڵەكەی لەو ژنە وەرگرت ماندووی دەحەسێتەوە ـ قورسایییەكەشی ماندوویی لادەبا ـ منداڵیش بە قودرەتی خوای ئەمە دەزانێ. بۆیە هەر دادەنیشێ پاڵ دەداتەوە, و خۆی قورستر دەكا! دەزانی دایكی ماندوویە ـ دەیەوێ بیحەسێنێتەوە."هۆسپ حاڵی بووی گوتم چی؟ منداڵەكە خەوت!" هۆسپ پێ‌كەنی. گوتی:"بۆخۆشت ماندووی ـ ئەتۆش بخەوە. ئەم دووسێ ڕۆژە كەس نەخەوتوە ـ بۆخۆت بنوو ـ ئێستا كە منداڵەكە خەوتوە!..." گوتی:"ئاخر دەبێ بگەمە "وێ"..."

لای ئێوارێ گەیشتە یەكەمین قۆناغی سەفەرەكەی... ئەی كە ماندوو بوو...! منداڵەكە خەوتبوو... لە لۆدەگیایەك دا جێی بۆخۆی ساز كرد, هەتا ملان چووە نێو گیایەكە, بە منداڵەوە... منداڵەكە ڕاچەنی. گوتی:"بسم اللە!" منداڵەكە وەخەبەر نەهات... پەتووەكەی بەسەر خۆیان هەڵ كێشاو دوعای شەوی خوێند... كارۆش چۆ سەرێ ـ ئەویش فەقیرە ماندوو بوو... سەری تاوێك فیتووی لێداو خەوی لێكەوت!

KKK

# ١٧

داده ئامین بێهۆش و بێحاڵ کەوتوە... شەوی سێیەمی نەخۆشییەکەیە, هەوا تووشە, بەفر چیاکانی گرتوە" تاك وتەرا پڕووشە بەفر لە هەوادا دەخولێنەوە ـ بەڵام هەوای بەفرێی نیە, ساردە" بایەکی ساردی دێ کە پێستی دەستی بنیادەم دەقەڵشێنێ... چ دەکرێ؟

بابم زۆر عێجزە, شەوانە هەتا درەنگ دادەنیشێ, ڕۆژانە ئارام و ئۆقرەی نیە" وەختێك سیغار دەکێشێ, جارێك دەست دەئاگری کوورەخانەی وەر دەدا. دەمێك لەو پڕووشە بەفرانەوە رادەمێنێ کە لە حەوادا دەخولێنەوە, ساتێك لە گوڵی مافوورەکە ورد دەبێتەوە, تاوێك سەعاتەکەی قورمیش دەکا ـ رەنگە رۆژی دەجار سەعاتێ قورمیش بکا: لەپێش دا سەعاتەکە بە گوێیەوە دەنێ, پاشان بە نینۆکی دوگمەی قاپی پشتەوە دادەگرێ, قاپەکە تەقەیەکی لێدێ و هەڵ دەستێ... ئەودەم یەکێك لەو دوو کلیلەیە کە بە زنجیر سەعاتەکەوە هەڵ واسراون لە جێکلیلەکەی پشتەوە داوێ و... تۆزێکی دەسووڕێنێ... ئەمجا بەروویەکی ناخۆشەوە دەڵێ "ئێ!" کلیلەکەی خەراپ داناوە: لەجیاتی قورمیش دە شوێنی میزان کردنەکەی خستوە!... ئێستا لەو هەوا ساردە دا دەبێ ئەمن بچمەماڵی مامۆستا لە سەعاتی بپرسم و بە غاردان بێمەوە, پێی بڵێم"سێچارەگی لەدەستە لاداوە" یا "چارەگی دەوێ بۆ بانگی شێوان"! بۆئەوەی دووبارە سەعاتەکەی میزان کاتەوە ـ ئەگەر ئەمجاریش لێی تێك نەچێ...!

مامۆستا هاتوە, بێ ئەوەی نەخۆشەکە ببینێ دەزانێ نەخۆشییەکەی چیە: دیتنی ناوێ, دیتنی ژنی نامەحرەم مەکرووهە, بە تایبەتی کە غەیرە دینیش بێ...

بابم سەر رادەوەشێنێ... باشە, نەخۆشییەکەی چیە؟

مامۆستا تاوێك لەسەر ئەژنۆیان خۆی دەبزێوێ, شاقەلی کەواکەی کۆ دەکاتەوە, و دەڵێ:"بەڵێ, عەرزی خزمەتی جەنابت بکەم بە پێی "علم العلامات" (ئەوە نەخۆشەکەشی نەدیوە تا عەلامەتەکە ببینێ) بەوجۆرە کە خانم دەفەرموێ ئەم راوانەدن و پەرێشانییە نیشانەی ئەسپەکە. لە نەخۆشیی ئەسپەك دا وەك کتێب دەفەرموێ, خوێن

دێتەجۆش, مەعیدە دەگیرێ, جەرگ تەشەنا دەکاو (ئەخلاتی ئەربەعە) لەتەعادول دەردەچن و وجوودی نەخۆش مونقەلیب دەبێ... ژووری نەخۆش دەبێ گەرم بێ..."

بابم گوتی:"ژوورەکەی گەرمە... بەڵام چ بخوا, چاری چیە؟ پاشانیش ئەم منداڵەیە... دەبێ چ بکەین کەئەم منداڵە تووش نەبێ؟"

"مامۆستا گوتی:"ئەمەیان ئیدی بەدەست خوایە... موقەددەر بێ تووش دەبێو نەبێ نابێ."

بابم گوتی:"ئەمە راستە... بەڵام خۆتان زۆرجار دەفەرموون "لکل امر سبب" ئەگەر ئەمە راست بێ دەبێ هۆیەکانی تووش بوون لە شەخسەکە دوور خرێنەوە..."

"بەڵێ, راست دەفەرمووی... بەڵام وەختێك خوا ئیرادەی فەرموو هۆیەکەشی رێك دەخا" ئیرادەشی نەفەرموو هۆیەکە هەشبێ دووری دەخاتەوە, لە راستی دا "موقتەزی بە وجوود دێو مانیع مەفقوود دەبێ."

بابم گوتی:"بەڵام ئەم پیرەژنە ـ پوور ئایش ـ دەڵێ کەوتوویییە... دەڵێ بۆ ئەوەی منداڵەکە تووش نەبێ, لە پێش دا دەبێ لە دایکی دوور بێو پاشان چەند دەنکە سیریش بە بەنێکەوە کەین و دەملی کەین..."

مامۆستا پێکەنینێکی نابەدڵی کرد, وگوتی:"بەڵێ ئیدی... بەڵام ئاغا, ئەمن پێم وا نیە وەختێك موقەددەر بێ, نەخۆشی لە چەند دەنکە سیر بسڵەمێتەوە... باشە ئیدی, ئەمەش یەکێك لە دەرمانەکانی پرو پیرەژنانە..."

بابم گوتی:"خواردنی چ بدەینێ؟"

مامۆستا گوتی:"خۆتان دەفەرموون بێهۆشە. لە شیر بەو لاوە ناکرێ هیچی بدەنێ..."

وەختێك مامۆستا رۆیی, بابم تۆزێك سەری راوەشاند... "کتێب دەفەرموێ... علم العلامات...محتقن, مقتضي!" فاتم! ئەمن قسەی ئەم پیرەژنەم پتر بەدڵەوە دەنووسێ... منداڵەکە لەدایکی جوێ بکەنەوە, دەپازدە بیست دەنکەسیریش سپی کەن و بە بەنیانەوە بکەن و دەملی بکەن... وەك دەڵێن ئەم نەخۆشییە لە ئەسپێیان ڕا پەیدا دەبێ, ئەسپێش دەڵێن بۆنی سیریی پێ خۆش نیە... بەداخەوە ئەسپێش لە هەموو جێییەك هەیە. ئێمە ئەگەر هیچمان نەبێ لە ئەسپێ دا کەم وکوڕیمان نیە... بە نیازم حەمەفەرەجی بنێرمە شاری, بپرسێ بزانێ دەبێ چ بکەین ـ بزانێ حەکیمێك, کەسێك هەیە... دێ؟ رازی دەبێ لەم فەسڵی سەرمایەدا بێتە ئێرە؟ ئەمن بۆ دراوەکەی قسەیەکم نیە... ئێوە ئێستا هەر ئەو شتانەی بدەنێ کە ئەو پیرەژنە گوتوونی ـ ئاوی مریشکێ لەگەڵ برنج وگێزەر بکوڵێنن“ دوایە کەکوڵی, بەکەتان سافی بکەن, و بە کەوچك بە دەمیەوە کەن ـ شیریش بە جێگای

خۆی... شیلان دەتوانێ منداڵەکە بەخێو بکا بۆ ئەوەی بۆخۆت لەکن دایکی بی, و ئەوان لەو ژوورەی دیکە بن! منداڵەکەلە ژووری خۆتان نەبێ باشترە... منـدال! فـەرقی هەیـە, لەگەڵ بنیادەمی گەورە... یەك دوو شەوان رەنگە گرِوو بگرێ, بەڵام پاشان رادێ... دەڵێن "مەمکە فەرەنگی" هاتۆتەشاری ـ شووشەی خۆشی لەگەڵە ـ کەزەحمەتی کەمترە ـ ئەمن نەم دیوە, بەڵام باسیم بیستوە. ئیدی پێویست نیـە هـەموو شـەوێ یـەکێك هەڵستێتەوە تێگوشینی بۆ بکـاو کەچـك کەچـك بەدەمیـەوە بکـا ـ شـیری بـۆ دە شووشـەکە بکـەو مەمکۆڵەی بۆ وەسەر خە, منداڵەکە بۆخۆی ئاسـان دەیخـوا, وەك مـەمکی دایکـی... دەڵێی چی؟"

دایکم گوتی:"بڵێم چی, ئاغا,... ئەوانەی فەرمووتن باشن... راسـتییەکەی ئەوەیـە ئەمـنیش تێماوم... لەکن ئامینێ بم بەخێوکردنی منداڵەکە بەزەحمەتە, منداڵەکە بەخۆم بێ ئامینێ چ لـێبکەم!... منداڵەکە لەلای شـیلان و مـەنیج بـێ... بەراسـت, ئاغـا, تێماوم... ئەمـنیش نیگەرانی منـداڵەکەم, منـداڵ ناسـکە, دەترسـم خوانـەکردە تـووش بـین... ئێسـتا ئەمشـەو تـاقیی دەکەینـەوە ـ منداڵەکـە جـوێ دەکەینـەوە... بـەرۆژ گیروگرفتمان نیە: ئەگەر بەخەبەر بێ لەلای جەنابتە ـ شـەوانەش هـەوڵ دەدەیـن دەگـەڵ منداڵەکان بێ... نێوانی دەگەڵ مەنیجێ خۆشە. ئەم یەك دووشەوە بۆخۆم بە وەخـت هـەڵ دەستمەوەو شیری بۆ گەرم دەکەمەوە ـ کچەکان جحێڵن, لەوانەیە وەخەبەر نەیەن... بـەڵام لەدایکی فێر بوون منداڵەکە چۆن بشۆن یان قۆنداغی بکەن ـ باشە ئیدی, ژنن, دەبێ فێر بن... فێربوون. منداڵ وەختێك شوتت رەحەت دەنوێ... ئەو دایکە فـەقیرە هـەموو رۆژێ دەیشوت... ئاغا, حەیفە, وەڵڵا, ژنێکی زۆر خاوێنە ـ خوا رەحمی پێ بکا! بەخوا مەرِێکم کردۆتە خێری حەزرەتی غەوس!"

بابم گوتی:"بەڵێ... منداڵی باش بەخێو دەکا ـ پیاو کەیفی بە خـاوێنیی منداڵەکـە دێ...!" هەناسەیەکی هەڵ کێشاو لە سەری رۆیشت:"باشە, کەوایە ئەتۆ ئەم کارانە بکە! ـ لە ئێستاوە دەست پێبکەن, چەند دەنکە سیر بە بەنێکەوە بکەن, زەرەری نیە..." دوایـە "یادۆ, ئەتۆ بچۆ هەر لەسەر پلیکانان را بەرەحیمی بڵێ بچێتە ماڵی حەمە فەرەج بـانگی کا بۆ ئێرە..."

دایکم چۆتە ژوورەکەی خۆی, رەحیم هاتۆتەوەو ـ حەمە فەرەجیش هاتوە ـ بابم خەریکە رێ خۆش دەکا:"کاکە حەمە زەحمەتێکم بۆت هەیە... بۆخۆم دەزانم لەم فەسـڵەی سـاڵ دا زەحمەتێکی کەم نیە... بەڵام باشە, چارەشمان نیە..."

شاهۆ دێ:"کاکە یادۆ, رەحیم کاری پێتە."

دەچمە سەر پلیکانان... بابم قەدەخەی کردوە نۆکەرو قەرەواشەکان بێنە سەرێ, لە نەخۆشییەکەوە گلاون, با ماڵەکەش زیاتر تێوە نەگلێنن ـ ئەم سەرە منداڵی لێیە... دەپرسم:"چیە, رەحیم؟"

به ئاغا بڵێ, شۆفیرەکەی ئەو رۆژەیە" هاتوە دەڵێ کاغەزی هێناوە..."

روخساری بابم لە نەکاو کرایەوە" زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوانی. "خۆش خەبەر بێ ـ ئەم خەبەرە مزگێنیی دەکەوێ! خەبەرێکی زۆر خۆشە! بڵێ بێتە سەرێ, باشە, کاکە حەمە, بزانە ئەگەر خوا حەز کا کارەکەمان خەریکە دروست دەبێ... رەنگە ئەگەر خوا مەیلی پێ‌بێ, چوونی جەنابت پێویست نەبێ... بڵێ بێتە سەرێ... ئێ, رێوی ـ خۆ ئەمن لەگەڵ تۆم نەبوو, ئەتۆش هاتووی! باشە, ئێستا کە هاتووی وەرە, وەرە ـ غاردە!" رێوی هات لەسەر کۆشی جێ‌قوونی خۆش کردن و خەریکی کاری خۆی بوو.

شۆفیرەکە هات... سلاوی کرد, بابم لەبەری هەستا... "فەرموو کاك شۆفیر... ناوەکەشتم لەبیرچۆوە...!"

"هراند, ئاغا!"

"فەرموو کاك هراند... بۆ سەرێ... هەورازتر..." هراند لەپیش دا بەستەیەکی پێ بوو لە پەنا دەرکەی دانا... یەك دوو هەنگاو لە کەوشکەنان هاتە سەرێ. بابم گوتی:"هەوراز... هەورازتر ـ سەرمایە, حەزدەکەم لەئاورەکە نیزیکتر بی ـ یادۆ, بڵێ چای بۆ کاك هراند و کاکە حەمەی بێنن..."

چەند لەحزەیەك تێ پەڕین, بارۆن هراند قوتووە سیغارەکەی دەرێنا, وەك جاری پێشوو ئیزنی لە بابم خواست ـ وەك ئەو جارەش هەستا قوتووە سیغارەکەی لەپێش راگرت و خولْقی کرد" بابم سیغارێکی هەڵ گرت, بارۆن هراند قوتووە سیغارەکەی بۆ حەمە فەرەجیش راگرت و چەماغی بۆ بابم لێ دا.

بابم مژێکی لە سیغارەکە دا, و گوتی:"باشە, بەخێر لەکوێ را دێی؟"

"لەماکۆوە دێمەوە, ئاغا, لە ورمێ بارم لێ دابوو... خەلیفە نامەی وێ دابووم, گوتم بیهێنمە خزمەتتان."نامەیەکی دەرهێناو دایە دەست بابم.

بابم گوتی:"نامەگەیێن خۆش بێ... ئێستا ئەگەر ئەم جووجیلەیە بێڵێ..." منداڵەکە هەرکە پاکەتەکەی دی دەستی بۆ برد. بابم گوتی:"نا... خۆ ئەتۆ "کەکە"ت نەدیەوە...!" ئاتەکی سەڵتەکەی هەڵ دایەوە "ئێستا وەرە بیبینەوە, پاشان ـ باش؟" بەلام منداڵەکە پێی چەقاندبوو. بابم پاکەتەکەی کردەوە, کاغەزەکەی دەرهێنا, و پاکەتەکەی وێ دا, و گوتی:"ئێستا برۆ کاکە یادۆ ـ یادۆ, بانگی کە!" بانگی منداڵەکەم کرد, نەهات.

بابم پیّ‌کەنی ـroommەتیی بە دووقامکان گرت, و گوتی:"ئەمن مەیموونی خۆم دەناسم! بـۆ نەچوویە کن یادۆ...! هەر دەبیّ لەسەر کۆشی من لە خۆ بمیزی! عەیبـە, شـەرم بکـە ـ ئەتۆ ئیدی ماشەڵڵا پیاوێکی بۆخۆت!..." و بە هەرجۆر بوو نامەکەی خوێندەوە.

هراند گوتی:"ئاغا, خەلیفە زۆری سەلام لـیّ‌دەکردی ـ رەنگـە لەنامەکـەش دا بـۆی نووسیبی, دەی‌گوت ئاغا بۆخۆی لـە ناوچـەیەو خـەڵکی ناوچـەکەیە, وەزعـی ویّ باشـتر دەزانیّ, هەر وەختێك بۆخۆی پێی باش بوو بیان نێری, یان خەبەر بدا ئێمـە بـە دوایـان دا بنێرین..."

روخساری بابم تێك چوو, هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:"بەداخەوە ئێستا کـاری ئـەو کچە کەوتۆتە بەر کەرەمیّ خوای... راستی‌یەکەی, ئێستا پەژیوانم, دەڵێم بریـا جارەکـەی دیکە لەگەڵ تۆ ناردبام... ئەگەر ناردبام لەوانە بـوو ئێسـتا ئـەم گرفتاری‌یـە نەهاتایـە پێش..." هراند بە نیگەرانی‌یەوە گویّ قولاّغ بوو. بابم گوتی:"نەخۆشە, کەوتوە, بیّ‌هۆش‌و بیّ‌حاڵە... یەکێك دەڵیّ ئەسپەکە, یەك دەڵـیّ کەوتوویی‌یـە... نـازانم ئـەم رۆژانـە بـەم نەخۆشی‌یە دەڵێن چی, ئەوەی لە ئەسپیّ پەیدا دەبیّ..."

هراند گوتی:"تیفووس, ئاغا؟"

"بەڵیّ, تیفووس... ئەو کچە فەقیرە بیّ‌هۆش و بیّ‌حاڵ کەوتوە ـ و تیّ‌ماوین, نازانین چ بکەین ـ دەستیشمان بە هیچ کویّ راناگا...نە دەرمانێك, نەدوکتۆرێك... لە خوا بەولاوە هومێدێکمان نەبوو. هەر پێش پێی تۆ لە دوای ئەم بـرای حازری‌یـەم نـاردبوو کـە تکـای لـیّ‌بکەم (حەمەفەرەج گوتی:"ئەمر دەکەی, ئاغا!") بچێتە شاری, بەڵکوو دەرمانێکی بۆ بێنیّ, یان خوا لە دڵی دوکتۆرێکی باویّ لەگەڵی بیّ... ئەمن بۆ خەرجەکەی هیچ قسـەم نیە ـ بەڵام فەسـڵەکەی خەراپـە, رێگاکـەش دوورە... و جگـە لـەوە رێگایـەکیش نیـە, هەمووی کێو و بەندەنە... بەهەرحاڵ خوا تۆی گەیاند... دەقیقەیـەك تەشـریف بێنـە."

هەستا, منداڵەکەی لەباوەش کرد, و چوو بۆ لای ژووری دایکم, ئـەمن و کـاك هرانـدیش بەدوای دا ـ بابم لە پشت دەرگاوە گوتی:"فاتم!"

"بەڵیّ, ئاغا!"

"دەمەویّ دەقیقەیەك بێمە ژوریّ..."

"فەرموو."

بابم دەرگای کردەوە, و بە دەست ئاماژەی بۆ جیّ‌وبانەکـەی دادەئـامین کـرد... "چـۆنە ئامین؟"

"هەروەك خۆیەتی."

"بەڵێ، دەی بینی ئاوایە." و هاتنەوە لە دیوەخانێ دانیشتن... بەڵێ، فەقیرە بێهۆش و بێحاڵ کەوتوە ـ ئەوەش با بڵێم، کاك هراند، خەتای خۆی بوو ـ هەرچەند فەقیرە خەتاشی نەبوو: فەقیرە خێری کردو شەڕی هاتە ڕێ! خزمەتکارێکمان هەبوو، کە ساڵی رابردوو لە لامان ڕۆیشت. ئێستا مردوە خوا عافووی کا، بەڵام پیاوێکی بێکەلك بوو... بەهەرحاڵ، چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە حاڵێکی زۆر شڕەوە، نەخۆش، بێچارە، لێقەوماو و زەلیل هاتەوە... چیی لێبکەین؟ خۆ ناتوانین دەری بکەین، ئەویش بەو حاڵەوە." پێکەنینێکی نابەدڵی کرد، دەیگوت:"هاتۆتەوە ماڵێ" هەرچۆنێك بێ. بە قەولی خۆی هاتبۆوە "ماڵێ"... الحکم لله، لەکادێنێ خەواندمان... عومری درێژی بۆتۆ بەجێ هێشت، وابزانم بەسرپێرێ بوو... پاش ئەوەی مرد، تێگەیشتین کە بەڵێ دادەئامین سەربەخۆ، لە رووی دڵسۆزییەوە، شەوانە کە هەموو نوستوون چووە پێی راگەیشتوە!... و ئاوا خۆی بەدبەخت کرد... ئێستاش بەراستی تێماوین..."

شۆفیری هەرمەنی سپی هەڵ گەڕابوو، دیسان قوتووە سیغارەکەی بۆ بابم و حەمەفەرەج راگرت و بۆخۆشی سیغارێکی داگیرساند و قوتووە سیغارەکەی بە شەمچەوە لەپێش بابم داناو گوتی:"ئاغا، ئێستا چ دەفەرمووی... ئەمن لە ئێستاوە لە خزمەت جەنابت دام..."

بابم گوتی:"سلامەت بی کوڕم، خوا عەمرت درێژ کا ـ خێرە کاك هراند ـ غەریبە، گوناحە. یادۆ، هەستە ئەم مەیموونەی بدە بە منداڵەکان، هەربینا میزەکەی کرد... ئەدی، بێغیرەتی لەخۆمیز، دیوتە چۆنی خۆ لەسەر کۆشم شل کردوە!... بەڵێ، جارێ با لەم بارەیەوە خاترجەم بم، دوایە ـ بە ماشێن هاتی؟"

"بەڵێ، ئاغا ـ ماشێنەکەم لەجێی جاری دی بەجێ هێشتوە ـ لەلای شاگردەکەم."

بابم گوتی:"دەبوو ئەو فەقیرەش بێنی... دەشتەکە ساردە..."

"بەڵێ، بەڵام وەسیلەی پێیە، ئاغا."

"ئەو جارە نارەحەتییەکتان تووش نەبوو؟"

"نەخەیر، ئاغا، نارەحەتییەکی وا نەبوو ـ بەڵام لە خوار بەندەنەکە تفەنگچی پێشیان پێگرتین..."

"کام بەندەن؟"

"هەر ئەم چیایەی ئەم بەر."

"خۆ تورك نەبوون!؟"

"نەخەیر کورد بوون... تۆزێك ماشێنەکە گەڕان... بەراستی, ئاغا, نەم پرسی, بەڵام وا دیار بوو لە شتێك دەگەڕان, چونکە تەنانەت لە پشت ماشێنەکە چادرێکمان بەسەر نوێنەکان هەڵ کێشابوو, ئەویشیان هەڵ دایەوەو تەماشایان کرد... بەڵام ئێستا بە رواڵەت هەموو جێیەك ئارامە, سەربازێکی زۆر هاتوونە سنوور" پاسگاکان سەر لە نوێ دانراونەوە, و تورکەکان چوونەوە جێی خۆیان... ئێستا رێگاکان ئەمینن..."

"بەڵێ, خەبەرم هەیە..." پێکەنینێکی نابەدڵی کرد:"بەڵێ ئێستا قوڵەنۆکەرەکانی تورکان لێیان قەوماوە ـ هەتیو بوون, نامە دەنووسن!" مەبەستی سەرتیپ و غەفوورئاغاو ئەو جۆرەکەسانە بوون. غەفوورئاغا بە کەریم ئاغادا نامەی بۆ ناردبوو.

حەمەفەرەج گوتی:"ئاغا, ئەگەر فەرمایشتێکت بە من نیە, مەرەخەس دەبم..."

بابم گوتی:"جا پەلەت چیە... چات خواردەوە؟..." فکری پەرت بوو.

"بەڵێ, ئاغا, خوا بە زیادی کا...!"

"زۆر باشە... زۆر سوپاس... زەحمەتت کێشا..."

حەمە فەرەج رۆیشت.

بابم گوتی:"بڵێ چای بێنن ـ بە منداڵەکانیش بڵێ بێن."

برایەکان هاتن ـ کزو ماتەمبار لە قوژبنێك دانیشتن.

هراند گوتی:"ئاغا, ئێوە جوابی نامەی خەلیفە بنووسنەوە, ئەمن دەچم ـ لەبن عەرزێش بێ دوکتۆرو دەرمان لەگەڵ خۆم دێنم... دەفەرمووی ئەمانەش لەگەڵ خۆم دەبەم..." ئاماژەی بە جووتە برایەکە کرد.

بابم گوتی:"رێگا بدە کەمێك فکری لێ بکەمەوە ـ لەگەڵ خێزانم قسە بکەم... بەڕاستی, کوڕم, هۆشم لەسەر خۆ نیە." رووی کردە شاهۆ, وگوتی:"شاهۆ, رۆڵە, دەڵێی چی... پێتان خۆشە بچن؟"

شاهۆ گوتی:"نا, بابە, لەلای دادە ئامین و ئێوە دەمێنینەوە..." و گریا.

بابم نارەحەت بوو... هراندیش نارەحەت بوو... بابم سوور هەڵ گەڕابوو, یەك دوو مژی لەسیغار داو, گوتی:"مەگری کوڕم, خوا کەریمە ـ ئیشەڵڵاخوا رەحمێك دەکا ـ مەگرین." وەسمانیش هەر چڵمی هەڵ دەلووشی. "سوپاس, کوڕم...خوا عەمرتان درێژکا...!" و رووی کردە هراند:"ماشەڵڵا منداڵێکی زۆر ئاقڵن... جاریَ با دوکتۆر بێ...!" لە وەڵامی تێکچوونی هراند دا گوتی:"فەقیرانە هەقیانە... ئامین ژنێکی زەحمەتکێش بوو ـ وەك دایکێك پێیان رادەگەیشت... ئەوەندەیان پێ رادەگەیشت کە ئەمن هەروام نەدەزانی

لێرەشن... هەقیانە... ماشەڵڵا, عەمردرێژ بن... هەرچەند دەترسم ئەو فەقیرانەش تووش بن...!"

"ئاغا, ئەگەر جوابی نامەی خەلیفە بنووسیەوە ئەمن هەر ئێستا وەڕێ دەکەوم... بەرەبەری بەیانی دەگەمەوە, سبەی شەوێ لێرە دەبین..."

"نا... ئەمشەو نا ـ تاریکە شەوە... جگە لەوە هەوریشە ـ دەترسم خوانەکردە تووشی پێشهاتێك بن و دوایە پەژیوان بینەوە... ئەمشەو و سبەیشەوێ بەتەمای خوا دەبین... سبەینێ ئیشەڵڵا بەیانیی زوو وەڕێ بکەوە... ئەوی دیکەی بەخۆت وهیممەت و پیاوەتیی خۆتە ـ خوا عەمرت درێژکا ـ بارێکی گەورەت لەسەر دڵی من هەڵ گرت...!"

شۆفیرەکە گوتی:"ببوورە ئاغا, ئەو مەلایەی بریندار ببوو, وەزعی چۆنە...؟"

"شوکور چاك بۆتەوە ـ لەپێش پێی تۆ دا لێرە بوو... لەو نێوە دا ئەم حەیوانە بەستەزمانە بوو بەقوربانی ـ دەستی ئازاری دیوە, ناتوانێ باش بڕوا, دەشەلێ... دیسان چاکە کە ماوە... کاك هراند, حەیوانێکی سەیرە ـ کوردگوتەنی دەتفەنگچیی باش دێنێ... بۆخۆت دیتت, رەنگە لە بیرت بێ, ئەو جارە کەهاتی جێگاکەی لە هۆوێ بوو." ئاماژەی بۆ جێگای کارۆ لە قولینچکی سەرپلیکانەکان کرد. لەوەتا ئامین نەخۆشە هاتۆتە ئەم بەر ـ بێ ئەوەی هیچ کەسێك پێی گوتبێ ـ وەك بنیادەمێکی ئاقڵ رەفتار دەکا. سەرم سوڕماوە, ئەو شەوەی ئەو لاوە هەژارە مرد بە زمانی بێزمانی پێی گوتین ـ ئێمە حاڵی نەبووین. بەڵێ, حەیوانێکی سەیرە... رەنگە بیستبێتت, ئەو رۆژەی ئەگەر ئەو حەیوانە نەبایە, ئەمن بێگومان کوژرابووم..."

شۆفیر گوتی:"بەڵێ, بیستم ـ تکین (خاتو) ئارمێن بۆی باس کردم, ئەو کوڕانەش باسیان کرد..."

"بەراست لە بیرم چوو ـ نەم پرسی. دایك و بابی ئەم کوڕانە خەبەریان نەبوو... خەلیفە هیچی نەگوت؟"

"نا, ئاغا, هێشتا خەبەریان نیە."

بابم سیغارێکی دیکەی هەڵ گرت:"ئیشەڵڵا دەبێ... باوەڕ کە کاك هراند بەم دووسێ رۆژە دەساڵ پیر بووم ـ ئەم منداڵە نەبێ شێت دەبم... ئای, بەڕاست چاك بوو بیرم کەوتەوە ـ ئەم زەحمەتە ئیدی ئی خۆتە. بیستوومە مەمکە فەرەنگی هاتۆتە شاری, هی منداڵان. دەمەویست ئەگەر زەحمەت نەبێ یەك دوو دانەمان بۆ بێنی, بە شووشەوە. دەزانی, ئێستا کە دایکی نەخۆشە بیانوو دەگرێ... ئەگەر مەمکە فەرەنگی هەبێ, شەوانە کە وەخەبەر دێ تێرکردنی ئاسانترە... ئەگەر نابێتە زەحمەت."

"نا, ئاغا, زەحمەتی چی, بەسەرچاو, حەتمەن." دەفتـەرێکی چـوکەڵەی لـە گیرفـانی دەرهێناو یادداشتیکرد... شتێکی دیکەتان پێویست نیە؟"

"نا, پێم وانیە ـ زۆر سوپاس... دیسان یەك دوو قومی لە سیغارەکە دان "با... با ـ لە بیرم چووبوو. زەحمەت بکێشە دوو ژێرکراسی گـەرمیش, بـە سـەلیقەی خـۆت بـۆ ئـەم کوڕانە بێنە... سەرمایە, فەقیرانە لیباسێکی باش و بەکـەڵکیان نیـە. دەترسـم نـەخۆش بکەون... دراوەکەشیان هەر ئێستا دەدەمە خزمەت..."

"نا, ئاغا, ئەمر دەکەی!"

"نەخەیر, دەبێ وەری گری... ئەمن لەبابیانی دەستێنمەوە." بە پێکەنینـەوە لێیزیـاد کرد:"لێیدەستێنمەوە ـ پێت وایەهەر ئاوا لێیان خۆش دەبم!"

"بەچاوان, بەچاوان... خۆ ئیستا قیمەتەکەیان نازانم ـ وەختێـك کـڕیمن و هێنـامن, بەچاوان ـ عەرزت دەکەم."

"حەتمەن؟"

"حەتمەن."

شێومان خوارد, گەڕێك چاشمان خواردەوە. گوتم:"بابە, جێی کاك هرانـدیان لـە ژووری کاك رەشید راخستوە..."

بابم گوتی:"زۆر باشە, کەوایە ئەتۆ ئەوکەل و پەلەی کاك هراند بەرە ژوورەکەی خۆی با بەیانی لە بیری نەچن..." ئاماژەی بەو قوتووانە کرد کەکاك هراند لە پەنای کەوشـکەنان دای نابوون.

کاك هراند گوتی:"ببوورە, قابیلی ئێوەش نین ـ هێندێك نوقڵ و شـیرنیاتە ـ دیـاریی ورمێیە... رەنگە ئەمشەوو سبەی شەو بتوانن منداڵەکـەی پـێ ژێـر کـەن... ئیشـەڵڵا ئەگەر شتێك نەیەتە پێش, سبەی شەوێ ئەم وەختانە لێرەم..."

"ئیشەڵڵا هیچ نابێ... زۆرتـان زەحمـەت کێشـاوە, پـێم خـۆش نـەبوو ئـەو زەحمەتـە بکێشن... (بلێ ئەو منداڵەی بێنن.)... زۆر باشە, ئێستا ئەتۆ مـاندووی, فەرموو پاروەە نانێك بخۆ و ئیسراحەت بکە ـ هەتا ئەمن جوابی نامەی خەلیفە بنووسمەوە."

"ئاغا, ئەمن بەیانی زوو, وەڕێ دەکەوم. بـۆ ئـەوەی زەحمـەتتان نـەدەم ئەگـەر دەکـرێ نامەکە پێش نوستن بگەیەنە من کە بەیانی موزاحیمتان نەبم."

" بەچاوان, بەڵام ئەمن بەخەبەرم... لەبارەی منەوە نیگەران مەبە... بەچـاوان. کـاك هراند هۆشم زۆر لە جێی خۆی نیە. لەوانەیە خوا نەکردە لە بیرم بچێ لەنامەکەدا بنووسم. بەخەلیفە بلێ لە خەمی پووڵەکـەی دا نـەبێ, حەتمـەن دوکتـۆری بنێـری... ئەگـەر بـۆ

شـەوێك, تەنانـەت بـۆ سـەعاتێكیش بـووە ـ ئـەوەت لـە بـیر نەچـێ... مەمكـە فەرەنگییەكەش..."

"یادداشتم كردوە, ئاغا, شتێك نیە لەبیرم بچێتەوە."

كاك هراند چۆ ژوورەكەی خۆی, و بابم بەزەحمەت جوابی نامەی خەلیفەی نووسـیەوە, و بە دایكمی گوت كە بۆ رێگایە نان و رۆنەكەرە و هێلكەكوڵیو بۆ كاك هراند دابنێ. تا لە رێگایە رانەوەستن.

بەیانیی رۆژی دوایـە مامۆسـتا هاتـە ئەحواڵپرسـینی نەخۆشـەكە ـ باسـی هـاتنی شۆفیرەكەو نامەی خەلیفەی كرا. بابم نامەی خەلیفـەی دەرێنـاو وە مامۆسـتایدا. نامـەی خەلیفە زۆر بە حورمەتەوە نوسرابوو, زۆری سوپاسی گەورەیی و دڵئاوایی بـابم كردبـوو, و نوسیبووی لە دوورەوە بـە بیسـتنی ئـەو قسـانە كـە شـۆفیرەكە و خـەڵكی دیكـە بۆیـان گێڕاوەتەوە, سەری سوڕ ماوە: داخوا ئەوەی دەی بیسێ راستە؟ ئایا لـەم دنیایـە دا هێشـتا ئەو جۆرە كەسانە ماون؟ هەم غوربەتیی هەستاوەو هەم خۆشحاڵ بووە ـ خۆشحاڵی لەوە كە هیشتا ئینسانی وا گەورە هەن كە ژیانی خۆیان بەخاتری لێقەوماوان دەخەنە مەترسییەوەو ئەو هەموو لەخۆبووردوویییە دەكەن, نارەحەتییش لەو بابەتەوە كـە بۆچـی "سـەرۆكانی" ئەم دوو نەتەوەیە لە رابـردوو دا ئـەو رەگـی ئینسـانەتییەیان تێـدا نـەبووەو ئـەم رەگـی ئینسانەتییەیان لەبەر چاو نەبووە... تەنانەت لە تاریفی بابم دا گەیشتبۆ جێگایـەك كـە نووسیبووی ئارەزوو دەكا رۆژێك بێ شانازیی ماچكردنی لاقی ئەم پیاوەمەزنە ـ واتەبابم ـی بە نسیب بێ و لێی زیاد كردبوو كەهەر ئەمر و فەرمایشـتێكی هـەبێ بەسـەر و ماڵـەوە لەخزمەت دایە.

مامۆستا گوتی:"خوا هەقە... نامەیەكی ماقووڵە ـ اشهدبالله!"

KKK

# ١٨

بابم ئەو دوو رۆژەی چۆن لـێ‌گوزەرا هەر خوا دەزانێ. زۆر جار دەبوو لەو جۆرە وەختانەدا پێکەنینێکی تاڵی دەکردو دەی‌گوت دەڵێن دڵت بەوە خۆش بێ ئەگەر کـەس نـەزانێ خـوا دەزانێ! و بنیادەم نازانێ بڵێ چی, چون عەیبەکەی ئەوەیە خوا ئەو "زانین"ەی خۆی بەکەس ناڵێ, نعوذبالله غەزەتە (رۆژنامە) و کتێبیش نانووسێ... خـەڵك لـەکوێ بـزانن ئـەو و کەسانی وەك وی چەندیان ئازار چەشتوەو خوێنی دڵیان خواردوە!

بەڵام ئەمن هەرچەند منداڵ بووم دەم زانی فەقیرە لەحزەیـەك ئـارام وئـۆقرەی نیـە, وا بێ‌تاقەت بوو کە لەو ساردو سەرمایەدا دەچۆ ئەوبەری چۆمی, و لەوێ لەسـەر ئـەو تاتـە بەردە سارد و سڕە دادەنیشت و چاوی دە رێگاوە دەبڕی. وەختێك دەهاتەوە لە سـەرمان شـین هەڵ گەڕابوو.

دایکم گوتی:"پیاوەکە, خۆت لە بەین مەبـە! ئەلحـەملای وەزعـی باشـە!... هێشـتا درەنگ نەبووە... ئەمڕۆ رۆیشتوە, خۆ فەقیرە باڵی پێوە نین!"

بابم بە جاڕزییەوە دەی‌گوت:"دەزانم... نارەحەت نیم..." دوایە:"هێندە دەڵێی‌و دەڵێی نارەحەتی کەم کەم خەریکم نارەحەت دەبم!" دڵی نەدەهات چاو لە قەڵافەتی‌کزو داتـەپیوی دادەئامین بکا..."ئەمڕۆ چۆن بوو..."

"ئاوا کە دەی بینی!"

بابم ئیستا بەپێچەوانەی جاران, بەیانی‌یان درەنگ لە جێی دەهاتـە دەر ـ لـەنێوجێ‌دا دادەنیشت, سیغاری دەکێشا... دوایە دیسان لێفەکەی بەخۆی‌دا دەدایەوە... دووبـارە لای دەبردەوەو دیسان دادەنیشتەوە. چاوەڕوانی کەسێك بوو کە پەیدا بێ و بێ‌ئەوەی لێی بپرسـێ بڵێ کە دادەئامین وەزعی باشە. دەترسا بپرسێ, نەوەکا...

دەچوو, تاوێك تەماشای دەکردو دەهاتـەوە ژوورەکـەی خـۆی, و هێشـتا دەدەقیقـە پـێ نەچووبوو, دەی‌گوت:"یادۆ, هەستە بچۆ بزانە ئامین چۆنە؟"

دەچووم و دەهاتمەوە.

"ها, دایکت چیی گوت؟"

"گوتی شوکور باشە."

بابم دەیگوت:"خوایە شوکورا!" بە راوێژێك کە دەیگـوت شـوکرانەبژێرە کـە هێشـتا هەناسەی دێ!

چەنددەقیقە خەریکی ئاگرەکە دەبوو... "کەس بەم حەیوانە راگەیشتوە؟"

"بەڵێ, شاهۆ فەقێرە هەموو شەوێ هەڵ دەستێتەوە پێی رادەگا..."

لەدوێنێ شەوێوە کە شـاهۆ گـوتی لەگـەڵ دادە ئـامین لـەلای بـابم دەمێنێتـەوە بـابم خۆشەویستییەکی سەیری دەرهەقی ئەو برایانە پەیدا کردبوو. هەتا دەهات دەیگوت. بـە شاهۆو وەسمانیش بڵێ بێنە ئێرە ـ بە تەنێ لەوێ دانەنیشن.

دەهاتن..."رۆڵە, وەرنە سەرتر ـ سەرمایە... باشە, نەتان گوت چەند بران... چەند خوشکتان هەن...؟" هەتا ئێستا لێی نەپرسیبوون, و ئێستا لەگەڵیان گەرم بوو. لەسـەر پلیکانان هەروەختێك تووشیان دەبوو دەستی بەسەردا دێنان.

ΠΠΠ

رۆژی دیاریکراو بوو... ئەی کە ئەوماوەیە چەند درەنگ گوزەرا! دنیا تاریك ببوو بەڵام هێشتا خەبەرێك لە هاتنەوەی هراند نەبوو. دادەشیلان لامپای هەڵ کردبوو, خـەریك بـوو بیهێنێ. هێشتا نەگەیشتبۆ بەر دەرگا, بابم تووڕە بوو:

"چ وەختی چرایەیە؟ هێشتا دنیا رووناکە... بیبەوە, بیبەوە!"

دادە شیلان چرایەکەی بردەوە ژووری دایکم... ئەمنیش چووم. دادەشـیلان گوتی:"بـابم دەڵێ..."

دایکـم گوتی:"گـوێم لـێبوو, رۆڵـە... پیاوەکـە فـەقێرە بێتاقەتـە, بـە پەلەیـە, هەقیشیەتی, چاوەڕوانە... خۆی فریو دەدا!... پێی وایە ئەگـەر چـرایەکە هـەڵ نەکـەین شـەو دانایـە!... زۆر باشـە! جـارێ هـەر لـەوێ دای نـێ... چـەند دەقیقـەی دیکـەش رادەوەستین... خوایە زۆر شوکورا..." وەك گێژان دەستی رێك خستن... "خۆم بەخۆم کرد ـ دەستەکەم بشکێ... دەم زانی سرکەدانان بە بنەماڵەی مەوە نایە. کەچی چووم بە هـیچ و خۆڕایی سرکەم داناو ئـەم بەڵایـەم بەسـەر خـۆم و ئـەو پیرەپیـاوە هێنـا... دەسـتەکەم بشکێن!"

بابم بانگی کرد:"فاتم!"

"بەڵێ, ئاغا..." و بە روخسارێکی زۆر خەماوییەوە هات.

ئەمشەو ئەو دوکتۆرە دێ... با ژوورەکەی چرای هەبێ... فکـری چـرات بـۆ کـردوە؟ ئەگەر نەت کردوە چرا گڕسۆزەکە بنێرنە خوارێ بلّێ نەوتێی تێکەن, بۆخۆت شووشـەکەی خـاوێن بکـەوە, کارەکـەرو نۆکـەرەکان نـەی شـکێنن... هەلّیکـەو بینێـرە دیوەخانـێ لامپایەکەش لە ژووری رەشیدی دانێ بۆ دوکتۆر... گڕسۆزەکە پلّیتەی تێدایە؟"

"بـەلّێ, تێیدایـە, پلّیتـەی زیادییشـمان هەیـە... بـە چـاوان. چـاك بـوو وەبـیرت هێنامەوە... هیچ لە بیرم نەبوو... ئێستا حەتمەن دێ؟ خوا بکـا بـێ... ئاغـا, لـەخوای شاراوە نیە, بۆ لە بەندەی شاراوە بێ, وەزعی ئەو کچە کلّۆلّـە زۆر خەراپـە... خـوا رەحـم بەمندالّەکەی بکا... تێماوم, هۆش وفکرم کار ناکـا... نـازانم دەمـەویسـت چ بلّـێم... ناردم مامۆستا بێ, یاسـینێکی لەسـەر بخوێنـێ..." ئیـدی لەبـەر گریانـێ قسـەی بـۆ نەکرا...

بابم لەنێو ژوورەکەدا دەستی کرد بە"غاردان". هاتوچۆی دەکرد, بەلاّم چ هاتوچۆیەك ـ بە وێرغە دەرۆیشت! دەچوو هەتا ئەوسەری ژوورەکەو دەهاتەوە ـ ئیدی باکی نـەبوو داخـوا ئاتەکی کەواکەی وەسەگەکە دەکەوێ یان نا. دەرگای ژووری دایکمی دەکردەوە, دەچـۆ ژوور سەری دادەئامینێ, چەند لەحزە تەماشای دەکرد... و دووبارە بە غاردان دەگەڕایەوە.

بە دەنگێکی گڕەوە گوتی:"بلّێ خێرا لامپایەکە بێنن!"

خوشکەکان تێکیانەوە داویشت, چلّمیان هەلّ دەلووشیو فنەفنیان دەکرد... بابم سوور داگیرسابوو, چاوەکانی خوێن گرتبوونی ـ دەهات و دەچوو.

مامۆستا هـات, بـابم هیچـی نـەگوت ـ نەسـلاوێك نـە بـەخێراتنێك ـ دەسـتێکی راداشت:"بیبە ئەو ژوورە..."

مامۆستام بردە ژووری دایکم. دایکم گوتی:"رۆلّـە, بلّـێ شـاهۆ و وەسمـانیش بـێن... نەبالّقن بەلّکوو خوا رەحمێك بکا!"

شاهۆ و وەسمان چـوون. بـەهاتنی مامۆسـتا بێدەنگییـەك بەسـەر مالّەکـەدا هـات, مامۆسـتا لـەژوور سـەری دادەئـامین دانیشـت, قورئـانی لـەژێر عەباکـەی دەرهێنـا, ماچیکرد... و کردیەوە... و دەستی پێکرد:"یس, والقرأن الحکیم. انك لمن المرسلین, علی صراط مستقیم. تنزیل العزیز الرحیم... لتنذر قوماً ما انذر أباؤهم فهم غافلون."

ئیدی لەهیچ جێیەکی مالّەکە جگە لەدەنگی قورئان دەنگێك نـەبوو. شـاهۆ و وەسمـان لەبن جێوبانەکە دانیشتبوون و دەگریـان. دایکـم منـدالّەکـەی رووت کردبـۆوە, و لەسـەر دەستیی دانابوو... بە شاهۆ و وەسمان و خوشـکەکانی گوت:"رۆلّـە, هەرچـی گـوتم ئێـوە بەسپایی دووپاتی بکەنەوە...!" مندالّەکەی بلّند کردو رووی کردە ئاسمان:"خوایە رەحمێك

بەم منداڵە بکە بۆ خاتری محمد وئاڵیمحمـد...!" براکـان و خوشـکەکان گوتیانـەوە:"بۆ خاتری محمدو ئاڵی محمد!" دایکم گوتی:"رۆڵە, دەستەکانیشتان بۆ دوعا بەرز کەنـەوە..." پاشـان:"گوناحە..." هـەمووان گوتیانەوە:"گوناحـە!" دایکـم منداڵەکـەی چـەندجار راوەشاندو بەرەو ئاسمان رایگرت کە خوا باشتری ببینێ و رەحم بەرووتیو لێقەوماوییەکەی بکا ـ منداڵەکە قژقژ پیکەنی. (دواتر زۆر جار میچی نیشـان دەداو"ئیٚ‌ئیٚ"ی دەکـرد و لەدایکمی دەویست کە لەسەر دەسـت رایگـرێ و هـەڵیهاوێ و بیگرێتـەوە!" مامۆسـتا یاسینی دەخوێند... دەنگی لـێ هەڵێنابوو..."و جعلنا من بين ايديهم سـدّاً ومن خلفهـم سـدّاً فأغشيناهم فهـم لا يبصـرون" دایکیشـم دەیگوت:"خوایـە بۆخـۆت دەی بینـی!" منداڵەکەی پێشانی خوا دەدا, و باسی بێکەسییەکەی بۆ دەکرد, باسی بەدبەختییەکەی و ئاوارەیی دایکەکەی دەکرد..."منداڵینە دووپـاتی کەنـەوە, بڵێن:"خوایـە بۆخـۆت رەحـم بکە"... ئێوە نەباڵقن." منداڵەکان دووپاتیان کردەوە:"خوایە بۆخۆت رەحم بکـە..." ـ "غەریبن, بێکەسن" ـ "غەریبن, بێکەسن." ـ "کەسی بیٚکەسـان ئـەتۆی!" ـ "کەسـی بیٚکەسان ئەتۆی!" ..."رەحم بەم دایك وکورە بێکەسە بکە بۆ خاتری محمدو ئاڵی محمـد!" منداڵەکان دووپاتیان کردەوە"بۆ خاتری محمدو ئاڵی محمد!..."

ماوەیەك پیٚچوو... مامۆستا هەروا یاسینی دەخوێند و دایکم هەروا بـۆ خـوای روون دەکردەوەو باسی بێکەسیی دایك وکورەکەو غەریبی و ئاوارەیی ودەربەدەریو بیٚماڵ وحاڵیو جحێڵیی دایکەکـەی دەکـرد وخوشـکەکان و براکـانیش دەگریـان و قسـەکانی دایکمیـان دەگوتەوە. منداڵەکە قژقژ پیٚدەکەنی ـ ئەمنیش دەگریام... پەرێشان بووم...دەمەویسـت بچمە لای بابم. لەلایەك غوربەتیم هەستابوو و دەگریام, لە لایەکی دیکـەش لەپێکـەنینی منداڵەکەرا پێکەنینم دەهات... ئاورم دایەوە کە برۆم... بەڵام...

بەڵام لەگەڵ دیمەنێکی سەیر بەرەورِوو بووم: دیمەنەکە وەك خەونێکی ئـاڵۆز دەچـوو... لەنێو شیپانەی دەرگادا شۆفیرەکە لەپشتمەوە راوەستابوو, و پیاوێکی کەڵەگەتی بەدیمەن و جوان چاکیشی لە پەنا بوو... هەردووکیان رەنگیان پەرِیبوو... ویستم بچم بەبابم بڵێم ـ چۆن بوو بابم پێی نەزانیبوو!... تەماشای ئـەم بـەرم کـرد, دیـتم بابیشـم لەتەنیشـتیان راوەستاوە, دەسەسرەکەی بۆ چاوی بردوە... وەك چەوەندەر سوور هەڵ گەرِاوە.

لەجێی خۆم رەق بووم. براکان دووپاتیـان کردەوە:"بـۆ خـاتری محمـد و آل محمـد..." و دایکم زیرِاندی..."بۆ خاتری محمد وآل محمد!"

بابم گوتی:"فاتم!..."

دایکم دەستی شل بوون, خوشکم منداڵەکەی لێ وەرگرت. دایکم وەك لەخەونێکی بەترس راچەنیبێ تاوێك وەك گێژان تەماشای دەوروبەری کرد. پاشان لەقەڵافەتی بابمەوە راما, وەك کارێکی ناشیرنیکردبێ, بە شەرمەوەو بێئەوەی رووی لەکەسێکی تایبەتی بێ گوتی:"دوعامان دەکرد!..."

بابم گوتی:"فکرم پەرت بوو... دەبوو خەبەرت پێ بدەم, هۆشم لێ نەبوو..."

مامۆستا قورئانەکەی تەواوکرد:"صدق الله العظیم" و قورئانەکەی پێکەوەناو ماچی کرد... بابم گوتی:"جەنابی دوکتۆر, وەزعەکەی ئەوەیەکە دەی بینی!..."

ئای, کەوایە ئەمە دوکتۆر بوو! هەموومان شادەو ئیمانێکی بەهەقمان هێنا ـ لە روخساری هەمووان دیار بوو. هاتنی پزیشك هەمیشە ئەو هومێدو دڵخۆشییەی لەگەڵە. وەختێك پزیشك دێتە ماڵێك خاوەن نەخۆش پێیوایە تازە مردن پێی ناوێرێ و بە هیواو هومێدەوە چاو دەبڕێتە مل بەملەی وی و مردن.

دوکتۆر گوتی:"بێزەحمەت ژوورەکە تۆزێك چۆل کەن!"

بابم گوتی:"مامۆستا, جەنابت بچێتە دیوەخانێ ـ ئەمنیش ئێستا دێمە خزمەت..."

مامۆستا گوتی کە لەسەر ئیزنی بابم دەڕوا... و رۆیشت. براکانیش چوونە دیوەخانێ, خوشکەکانیش منداڵەکەیان هەڵ گرت و چوونە ژوورەکەی کاك رەشید.

دوکتۆر بەهراندی گوت:"بێزەحمەت کیفەکەم بۆ بێنە..." و چووە نیزیك جێی دادەئامین. لەپەنا جێیەکەی ئەژنۆی دادا, لوولەیەکی وەرشەوی زۆر باریکی لەکیفەکەی دەرهێنا, سەری لوولەکەی کردەوە, میلەیەکی شووشەیی پلەبەندیکراوی لێ دەرهێنا“ میلەکەی دووسێجار وەك بیەوێ لە عەرزیێ دا و بێشکێنێ راوەشاندو لەبن هەنگڵی دادەئامینێی ناو باسکی بەسەردا نوشتاندەوە... (بابم دەیگوت ئەمە "میزان الحراره"یە" دوکتۆر بۆخۆی دەیگوت تەرمومیتر.")... تاوێك پێچوو, تەماشای سەعاتی کرد, پاشان لوولەکەی لەبن باخەڵی دەرهێنا, لێی ورد بۆوەو گوتی:"بەڵێ...!"

پاشان جومگەی دەستی دادەئامینێی گرت, و دیسان چەند لەحزەیەك تەماشای سەعاتەکەی کرد... ئەمجار لە کیفەکەی "زەڕەبین"ی دەرێنا... هەمووەمان زیاتر خۆشحاڵ بووین: بیستبوومان دوکتۆران زەڕەبینیان هەیەو دڵ و ریخۆڵەو جەرگ و هەموو جێیەکی نەخۆشی پێدەبینن... هەردوو گیرەی زەڕەبینەکەی بەگوێیەوە نان, لێفەی لەسەر سنگی نەخۆشەکە لادا, بەرۆکی کراسەکەی کردەوەو زەڕەبینەکەی لەسەر سنگی دانا... ئەولا, ئەملا... و دووبارە ئەولا... وەك قسە لەگەڵ خۆی بکا, گوتی:"باشە!" دوایە

زەڕەبینەکەی هێنایە خوار بۆ زگی... دیسان هێندێك ئەملاوئەولای پێکردو دوبارە گوتی:"باشە!"

زەڕەبینەکەی کۆکردەوەو لە کیفەکەی هاویشتەوەو دەزگایەکی دیکەی دەرهێنا, وەك بازیبەند کە "سەعات"یشی هەبوو, و شتێکی وەك شەمامەی پلاستیکیی پێوە هەڵاوەسرا بوو. قۆڵی کراسی دادەئامینێی هەڵ دایەوە. بازیبەندەکەی بەست و لە باسکی دادەئامینێی قایم کرد. بە دەستێك جومگەی دەستی دادەئامینێیگرت و بە دەستەکەی دیکەی چەندجاری شەمامەکە ڕێك گوشی... بازیبەند بایکرد... دوایە پێچی شەمامەکەی کردەوەو بازیبەندەکە بەتاڵ بوو, و دووبارە "سەعات"ەکە وەکار کەوت. دوایەش دووبارە شەمامەکەی ڕێك گوشی, چەندجار سەعاتی زەڕەبینەکەی لەسەر قوولایی قۆڵی دادەئامین داناو بە دایکمیگوت:"بێزەحمەت ئەمە ڕاگرە, نەبزوێ..." چەندجار شەمامەکەی ڕێك گوشی, دیسان پێچەکەی سووڕاندو تەماشای "سەعات"ەکەی کرد... کیسەکە فسەیەکی لێهات و بەتاڵ بۆوە... دووبارە گوتی:"باش!"

لێفەی بەسەر سنگی دادەئامین هەڵ کێشایەوەو هەستا, و لە کاك هراندی پرسی:"ناردت کەل وپەلەکە بێنن؟"

کاك هراند گوتی:"بەڵێ, هەرئەودەم پێم گوتن... ئەگەر چووبن."

بابم گوتی:"ڕەحیم و حوسێن چوون."

دوکتۆر بە بابمی گوت:"جارێ باشە ـ تەوژمی خوێنی باشە ـ تاشی زۆر لەسەرێ نیە... گیروگرفتێکی تایبەتیی نیە, جگە لە نەخۆشی..." نەختێك چاوی لە دەوروبەر کرد:"هەوای ژوورەکە زۆر خراپە, کەلێنێك بدەنە پەنجەرە با هەوایەکە بگۆڕێ ـ ژوورەکەش نابێ هێندە گەرم بێ..." دوایە "ئاغا, ڕێگام دەدەن چاوێك لە ژوورەکان بکەم؟ بەڵکوو ژوورێکی باشتر لەمە هەبێ..."

بابم گوتی:"دیارە... ماڵ ماڵی خۆتانە, ئاغا... بەڵێ, حەتمەن." و گوتی چرایەك هەڵ گرن بۆ ئەوەی جەنابی دوکتۆر چاو لەژوورەکان بکا. دوکتۆر ژوورەکانی دیت ـ ژووری براکانی پێ باش بوو... بڕیار درا برایەکان جارێ بچنە ژوورەکەی کاك مارف.

دوکتۆر گوتی:"باشە, جارێ هە تا کەل وپەلەکەمان دەگاتێ کارێکمان نیە... لە کوێ دەتوانم دەستان بشۆم؟"

چووینەوە دیوەخانێ, تەشت و مەسینەیان هێنان, و دوکتۆر دەستی شوتنەوەو دانیشتین... بابم بۆ عوزرهێنانەوە گوتی:"جەنابی دوکتۆر, لۆمەمان مەکەن... نەخوێندەوارین... ڕاستییەکەی چیتان لێ بشارمەوە دەستمان لە هەموو جێیەك

براببوو... ئەوەمان پێمابوو کە دیتان..." پێکەنینێکی تاڵی کرد"ئەم جۆرە وەختانە دوعا دەکەن. دایکان منداڵی چووکەڵە رووت دەکەنەوەو بە خوای نیشان دەدەن, تا رەحم بە دایکی بکا... چ بکەن فەقیرانە! ئەوە کە دیتان منداڵەکەیان لەسەر دەست دانابوو, و هەڵداو پێدایان پێ دەکرد, بۆ ئەمە بوو... بەو هیوایە کەخوا باشتری ببینێو بەزەیی پێی دابێتەوە... و رەحم بە دایکی بکا... بەهەرحاڵ ببوورە... خەجاڵەتین..."

دوکتۆر غوربەتیی هەستا, گوتی:"بە پێچەوانە, ئاغا, بەراستی ئێمە خەجاڵەتین!... ئەمن تێماوم, نازانم بڵێم چی... ئاغا, ئەمە ئەوپەڕی خۆشەویستییە ـ ئەوپەڕی لوتفە ـ باوەڕ بفەرموون ئەمن بە دیتنی ئەو دیمەنە راتڵەکام ـ ئەمە ئەوپەڕی لوتفە! ئێوە ئەوپەڕی خۆشەویستیتان نیشان دا... خانمەکەتان ئەوپەڕی خۆشەویستیی نیشان دا... ئەمن هەر لەو کاتەوە رێزێکی زۆرم دەرهەق بە خانمتان پەیدا کردوە ـ باوەڕ فەرموون ئەو هەستەی بەرامبەر بەو پەیدام کردوە راست ئەو هەستەیە کە بەرامبەر بەدایکم بوومە... ئاغا, ئەمن لەم ماڵە هەست بەغەریبی ناکەم... "

بابم گوتی:"سەروماڵ پێشکەشە, ماڵی خۆتانە."

دوکتۆر لەدرێژەی قسەکانی دا گوتی:"ئەو هەموو لوتفە... ئەو هەموو گەورەیییە... بەراستی نازانم چ عەرز بکەم... و ئێوە ئەوپەڕی گەورەییتان نواندوە...!"
چاوی پڕ ببون لە فرمێسك!

بەڵام ئاغای دوکتۆر دڵخۆشییەکمان بدەیە... شتێك بفەرموو... هەتا ئێستا هیچت نەفەرمووە... ئیشەڵڵا ئومێد هەیە؟ منداڵەکان چاوەڕوانن... نیگەرانن ـ چاوت لێیە لە پشت دەرگا راوەستاون... بۆ ئەوەی جەنابت شتێك بفەرمووی... تا ئێستا هیچت نەفەرمووە!" دەنگی بابم گڕ بوو, گۆڕابوو, تا ئێستا قەتم وا نەدیبوو.

دوکتۆر گوتی:"نا, خەیاڵتان تەخت بێ... شوکور جحێڵە ـ وەزعی دڵ و تەوژمی خوێنی باشە ـ تاشی لەسەرێ نییە... ئەوەندەی پێوەندیی بەزانستی منەوە هەیە مەترسییەك هەڕەشەی لێناکا ـ ئەوی دیکەشی بە دەست خوایە..."

بابم پێکەنینێکی گریاناویی کردو گوتی:"هەستە, رۆڵە, مزگێنی بە دایکت و منداڵەکان بدە ـ بڵێ ئاغای دوکتۆر دەفەرموێ مەترسیی نییە...!" و دەسەسڕەکەی بۆ چاوی برد و چەند لەحزە رای گرت. پاشان فرمێسکی سڕی, بە پێکەنینەوە گوتی:"دەبووری, کاك دوکتۆر, پیری و هەزار عەیب... پیر پێکەنینیشی گریانی دەگەڵە. پیاو کە پیر بوو دڵیشی ناسك دەبێ, هەرچەند دەڵێن دڵ ناسك پێستیان ئەستوورە... خوا

دەوامی عەمرت بدا, جەنابی دوکتۆر, بارێکی گرانت لەسەر دڵمان هەڵ گرت...!" بە شاهۆی گوت:"کوڕم, بڵێ با منداڵەکە بێنن ـ ئەم دوانیوەڕۆیە نەم دیوە."

شاهۆ، چوو, و هاتەوە, دادە مەنیج منداڵەکەی هێنا, بەسپایی لەبەر دەرگای داناو رۆیشت, منداڵەکە بێ‌ئەوەی گوێ بداتە میوانەکان, یان رەنگە لەبەر ئەوەی میوانەکان لەوێ بوون, خێراخێرا بە گاگۆڵکە هات و خۆی هاویشتە سەر کۆشی بابم. دوکتۆرو هراند پێ‌کەنین. منداڵەکە لەپێش دا تۆزێك چاوی لێ‌کردن, دوایە سەری لەبن سەڵتەکەی بابم دا شاردەوەو هەروا کە بە دزیەوە چاوی لەوان دەکرد خەریکی گیرفانی سەڵتەکەش بوو... نوقڵەکەی دەرهێناو بە پێکەنینەوە بە بابی نیشان دا...

بابم گوتی:"ئێ... رێوی... ئەمە لە کوێ را هات! بخۆ بزانە خۆشە!... نا... بیدە بە بابە!" رێوی خێرا نوقڵەکەی خستە دەمیەوەو دووبارە پێ‌کەنی. بابم دەستێکی بە سەروگوێلاکی دا هێنا:"بەڵێ, ئاغای دوکتۆر, ئێستا هەموو دڵخۆشیی ماڵێ ئەم منداڵەیە... ئاغای دوکتۆر چت لێ‌وەشارم نیگەرانم ـ دەترسم خوانەکردە ئەم جووجیلەیەش تووش بێ..."

دوکتۆر گوتی:"نا, نیگەران مەبە... دیارە دەبێ وریا بین... ئێستا با کەل و پەلەکە بێنن... فکرێك بۆ ئەم کاکە جووجیلەیەش دەکەینەوە..."

شێومان خواردبوو کە رەحیم و حوسێن هاتنەوە, و شتوومەکەکەیان هێنا. لە نێو کەلو پەلەکەدا دوو تەختی سەفەری هەبوون لەگەڵ دۆشەکێکی تەنك و دوو پەتوو و باڵنجێك کە تایبەتی دوکتۆر بوون. تەختەکەی دیکەشی بۆ دادەئامینێ هێنابوو. دوکتۆر لەپێش دا جلەکانیی گۆڕی, لیباسی ئیسراحەتی کردە بەرو دوایە داوای ئاو و تەشتی کرد. دەرمانێکی هێنابوو لە ئاوێی کرد. پێشان تەختی ژووری براکانی, کە ئێستا ببوو بە ژووری دادەئامین ـ بەو دەرمانە رشاند ـ ئەی کە بۆگەنێکی ناخۆشی لێ‌دەهات. بنیادەم دڵ و هەناوی لە ژێڵلا دەهاتن! پاشان تەختەکەی لێك کردەوە, و گوتی نوێنەکانی دادەئامینێی بۆ بێنن... شاهۆ لینگی داو نوێنەکانی هێنان. دوکتۆر گوتی:"مەلافەتان نیە؟" بابم تەماشایەکی هراندی کرد:"مەلافە چیە؟" هراند مەلافەی پەتووەکەی دوکتۆری نیشان دا..."نا, نیمانە!... هەر دەبێ هومایی بێ؟ لێرە رەنگە خام یان جاو دەست کەوێ... بەلام پیم وا نیە هومایی پەیدا بێ..."

دوکتۆر گوتی:"خامیش عەیبی نیە."

بابم ناردی لەماڵی حەمە فەرەج نیو تۆپ خام هەبوو, هێنایان, و دوکتۆر دانیشت, بە مەقەست مەلافەی بڕی ـ چەند دەرزیە فەرەنگیی لە کیفەکەی دەرهێنان و مەلافەکەی

ساز کرد... و گوتی:"باشه, ئەمەش مەلافه...! ئێستا بچین نەخۆشەکە بێنین... لەگەڵ هراند چوون و دادەئامینیان هێناو لەسەر تەختەکە درێژیان کرد, و لێفەیان بەسەر هەڵ کێشا. دوایە دوکتۆر داوای بزماری کرد. بزماریان بۆ هێنا, لە پەنا سەری تەختەکە بزمارێکی لە دیواری دا... کیسەیەکی پڕ لە دەرمانی پێوە هەڵ واسی. بنی کیسەکە لوولەیەکی نایلۆنیی پێوە بوو, ئاخری لوولەکەش دەرزییەکی پێوە بوو. دەرزییەکەی لە باسکی دادەئامین رۆکرد, و بە چەسپ لە باسکیی قایم کرد. پێچی سەرەوەی لوولەکەی کردەوەو دەرمانەکە دڵۆپ دڵۆپ چووە لەشیەوە!

هەموومان خۆشحاڵ بووین. بابم رەنگ ورووی کرایەوە... ماشەڵڵا لە قودرەتی خوای!

دوکتۆر گوتی:"ئێستا کافوورێکیشی لێدەدەین... دوایە بەخۆمان رادەگەین..." بە بابی گوت:"گەرمای ژوورەکە هەر ئاوا بێ باشە... ئەمشەو کەسیشی لەلا نەبێ قەیدی نیە, ئەمن بۆخۆم لەو ژوورەی تەنیشتیم, سەری دەدەم..."

بابم گوتی:"بەتەنێ نەبێ باشترە... دایکی دڵی تاقەت ناگرێ, ئەو لەلای دەبێ..."دوکتۆر پێکەنی, گوتی:"باشە, دایکی با لەلای بێ... گوتم رەنگە بەبۆنی دەرمانەکە نارەحەت بێ... ئێستا کە نارەحەت نابێ, با لەلای بێ." داوای شەمچەی کرد... شەمچەم بۆ هێنا" قوتوویەکی چووکەڵەی لە سندووق دەرهێنا, لەشووشەیەك نەختێك دەرمانی تێکرد, و شەمچەی پێوە نا... گڕێکی شین لە قوتووەکە هەڵستا. دەفرێکی چووکەڵەشی دەرێنا, داوای ئاوی کرد, ئاوەکەی لەدەفرەکە کرد و دەرزیو سرونگەکەی لە دەفرەکە هاویشت و بەگازێکی چووکەلە دەفرەکەی هەڵ گرت و لەسەر گڕی چرایەکە رایگرت ـ بەو قووتوەی دەگوت چرا ـ دەفرەکەی دووسێجار بەو گازە چکۆڵە لەسەر چرایەکە گێراو بەقودرەتی خوای هەر لەویەك دوو دەقیقەیەدا ئاوەکە وەکوڵ هات. وەختێك باش وەکوڵ هات دەفرەکەی لە عەرزی دانا. هەر بەو گازە چکۆڵە دەرزییەکەی لەسەر جێدەرزییەکە قایم کرد. دوایە شووشەیەکی چووکەڵەی لە کیفەکەی دەرێنا, بە مشارێکی زۆر چووکەڵە سەرەکەی بڕیەوەو هەر بەو مشارە لەسەری شووشەکەی دا. سەری شووشەکە تلپەیەکی لێهات و پەڕی" دەرزییەکەی لەشووشەکە راکردو دەرمانی نێو شووشەکەی هەڵ کێشاو هەروا کە نووکی دەرزییەکەی بەرەوژوور راگرتبوو, بەکاك هراندی گوت کەسەری شووشەیەکی دیکەی بۆ بکاتەوە کە دەرمانێکی شلی تێدابوو, هەر ئەو دەرمانەکە"چرا"یەکەی پێهەڵ کردبوو, لە بەستەیەك لۆکە نەختێك لۆکەی دەرکێشاو چۆ لای دادەئامین. قۆڵیی هەڵ ماڵی, دایکم قۆڵەکەی راگرت, دوکتۆر ئەو لۆکەیەی کە دەرمانە شلەکەی لێ دابوو, بە باسکی دا هێنا, و دەرزییەکەی

لە پێستی قۆڵیی ڕاکرد... , پاشان دەریهێنایەوەو... چەند جار لۆکەکەی بە شوێنی نووکی دەرزییەکەدا هێنا!

ئێستا ئێمە راوەستابووین, دەت گوت خەون دەبینین!

دوکتۆر دەرزیو جێدەرزییەکەی لێك کردنەوەو لەدەفرەکەی هاویشتنەوە, و گوتی:"باشە, ئەمەش ئەم!" ڕوویکردە بابم گوتی:"ئێستا کارێکمان نیە... بەراست ئاغای..."

بابم گوتی:"ناوم رۆستەمییە, بەزاراوەی ئەم رۆژانە... بە زاراوەی خۆولاتی ناوم شێرۆیە. حەتمەن کاك هراند عەرزی کردووی..."

دوکتۆر گوتی:"ئەمنیش ناوم ئاوانسیانە, ئارتووش ئاوانسیان... بە راست ئاغای رۆستەمی, لەبیرم چوو بپرسم ـ جلەکانی ئەو پیاوەتان چ لێکردوون؟"

"کام پیاو کاك ئارتووش؟"

"ئەوەی مرد."

"پێم وایە هەر ماون ـ دایان ناون بیان دەن بە موستەهەقێك..."

"نا, بفەرموو دەستیان لێنەدەن ـ لەبیرتان بێ سبەینێ بەیانی ئەوانیش بسووتێنن."

ئەو شەوە دەرمانی بەهەموو ژوورەکان کرد ـ ژووری نۆکەر و قەرەواشەکانیش ـ و ماڵەکە پڕ بوو لە بۆنی دەرمان... وەسبەینێش ڕا دەبوو لیباسی هەمووان بکوڵێنین.

دوکتۆر گوتی:" دەفر هەیە بۆ کولاندن؟"

بابم گوتی:"دەفری چۆن؟"

"دەفرێك کە بکرێ لیباسی تێدا بکوڵێنی... تەنەکەی نەوتیش بێ, باشە, هەر لەو تەنەکە نەوتانە..."

"بەڵێ, دەبێ هەمان بێ... برۆ لەدایکت بپرسە..."

"هەمانە."

دوکتۆر گوتی:"ئەدی ئوتوو؟"

"نەخەیر, نیمانە... فەقیرە ئامین چەند جاری پێگوتین ـ بەلام ئێمە خستمانە پشت گوێ..."

دوکتۆر چاوێکی لە هراند کرد, هراند دەفتەرەکەی دەرهێناو لەلای خۆی نووسیی.

دوکتۆر گوتی:"ئێستا کاری ئەمشەومان تەواوە ـ هەتا سبەینێ... ڕەنگە شتێکم وەبیر بێتەوە... سیرۆمت لەبیر نەچێ ـ واکسینەکانیش... بۆ "گارگین" دەنووسم."

کاك هراند شووشەو مەمکەفەرەنگییشی هێنابوون ـ سێژێرکراسی گەرم و باشیشی بۆ من و براکان هێنابوون. ئیدی لەهیچمان کەم نەبوو.

بابم گوتی:"کاك دوکتۆر, ئێستا سبەینێ کە بزانن دوکتۆر هاتوە, ئیدی ئیسراحەتت پێ نایەڵن ـ هەموو نەخۆشن, یەك زگی دێشێ, یەك لاقی, یەکێك تای هەیە, یەك زەردوویی گرتوە... ئیدی نایەڵن بحەسێیەوە ـ فکرێکیش بۆ ئەمانە بکەوە..."

دوکتۆر گوتی:"بەرێکەوت فکرم بۆ کردۆتەوە, دەنووسم لەو دەرمانە گشتییانەم بۆ بنێرن ـ قەیدی نیە."

دوکتۆر پێش نوستنیش دادەئامینی بەزەرەبین و شەمامەو میزان الحرارە فەحس (معاینە) کرد. دایکم بە بابی گوت:"ماشەڵلا لەقودرەتێ خوای, بەم دەرمانە رەنگ و رووی بەتەواوی کرایەوە... ئەی خوا دەست دە عومرت بگرێ لاوە... خەریك بوو شێت بم!"

ئەو شەوە بابم بەچاکی خەوت... کاك هراند بەیانی زوو رۆیشت, دوکتۆر مایەوە.

KKK

# ١٩

جلـــەكانی هـــەموانمان كولاْنـــدوون, لیباســـەكانی ســـالْحمان ســـووتاندوون, ئاودەستخانەكانمان بە دەرمان رشاندوون ـ لەسەر راسپاردەی دوكتۆر بابم بەنیازە لەمـەودوا حەوتووی جارێك بلْێ قسلاْویان پێ بكەن و رۆژی دووسێجار چەند سەتلْ ئاویان پێداكەن, تا مێش ومەگەز كەمتر كۆبنەوە, هەرچەند ئێستا سەرمایەو مێش ومەگـەز نیـە. دایكـم هەمیشە دەلْێ:"خوا بەرەكەت باوێتە عومری ئـەم كچـەوە!" پێشـتر ئاودەسـتمان نـەبوو, ئاودەستیش داهێنانی دادەئامین بوو, كە بابم سەرافەتیی ئەم كارەی وەئەستۆ گرت. ئێسـتا مـالْەكە دوو ئاودەستی هەبوون... لە حەوشەی گەورە بۆ پیاوان, لە حەوشەی چـووكە بـۆ ژنان... "دەك خوا دەست بە عـەمرتەوە بگرێ رۆلْە!"

كاك هرانـد هاتۆتـەوەو دنیایـەك دەواو دەرمـانی لەگـەلْ خـۆی هێنـاوە. هـەموومان نەخۆشین... دوكتۆر واكسێنی لە هەمووان داوە. دەسـتێكمان لـەكار كـەوتوەو چـەندیش دێشێ! بابم بەگالْتە دەلْێ:"كاك ئارتووش, كچەكەم چاك نەبۆوە, هیچ, خۆشمانـت نـەخۆش كرد... ئەمە چ بوو؟"

دوكتۆر پێ دەكەنی, دەلْێ:"راستیـیەكەی, ئاغا, زۆر پێویست نەبوو... بـەلاْم باشـە, هەروەك فەرمووت, ئەمە منـدالْ بوو... پاشان ئەندامـانی بنەمـالْە بوون... هەرچۆنی بێ, زەرەری نیە... ئەم یـەك دووڕۆژە ئـازار بچـێژن باشـترە لـەوەی خوانـەكردە تـووش بـن ـ نەخۆشیـیەكی پیسە!"

"بەلاْم دوكتۆر, مندالْەكە بە تەواوی لەگەلْت بۆتە دوژمن" حەز ناكا هەر چاوی پێـت بكەوێ..."

دوكتۆر پێكەنی:"بەلْێ, دەزانم, حەزم نەدەكرد تێ بگا, بەلاْم تێگەیشـت. ئەگـەر لـە بیرت بێ لە پشتەوەڕا دەرزیـیەكەم لـێدا كە نەم بینێ, و هەر كـە لێشـم دا رۆیشـتم بـۆ ئەوەی چاوی پێم نەكەوێ ـ بەلاْم قوماربازە پێیزانـی. منـدالْێكی بەهۆشـە. پـێش بینـیم دەكرد, هەربۆیەش بە هراندم گوت چوكلیاتم بۆ بێنێ... بەلْكوو بەزەبری بـەرتیل ئاشـتی بكەمەوە!... لەوەدا پەیڕەوی لەسیاسەتی مستەفا كەمالْ و دۆستانی دیكە دەكەین!"

"زەحمەتە ئاشت بێتەوە. ماشەڵلا منداڵێکی بەهۆشە! نەخەیر, قەوم و قیلەکەی خۆمان شعووری ئەم منداڵە, یان هیچ منداڵێکیان نیە ـ منداڵ ساکارە, بەپێی هەستی سروشتیی خۆی رەفتار دەکا. ئەمانە بەحیساب وکیتاب کار دەکەن, ئەویش حیساب و کیتابێکی بەرچاوتەنگانەو خۆپەرستانە. دەزانن براکانیانی کوشتوە, بابیانی کوشتوە, خۆیانی دوور خستۆتەوە, کەچی دیسان چوکلیاتەکە وەردەگرن و دوعا بۆ عومر و ماڵی دەکەن و "غازی, غازی"ی لێ دەگرنەوە! ئەمن زۆر جار لە دڵیخۆم دا دەڵێم خوایە, استغفرالله بێکار بووی, حیکمەتێکی تێدا بوو کەئەم جروجانەوەرەت دروست کرد ـ ئێستا مستەفا کەماڵ یان چەنگیزخان, یان فلان سوڵتان یان ئەنوەر پاشا... فکر دەکەمەوەو فکر دەکەمەوە. دەبینم مێشوولە, جروجانەوەر, هەموو گیانلەبەرانی سروشت هەرکامە لە جێی خۆی بەسوودە. ئەتۆ رەنگە هیچ وەختێک لەجێیەک تەنیاو بێهاودەم نەبووبی... ئەمن بەسەرم هاتوە. لەوجۆرە جێیانەو ئەو جۆرە وەختانە دەنگی مێشوولە یان جیرجیرە ورە دەدا بەبنیادەم, پیاو هەست دەکا کە زیندوویە, تەنیا نیە. بەهەرحاڵ ئەمانە جۆرە جموجۆڵێك دەدەن بە سروشت..."

دوکتۆر گوتی:"بەڵێ, بێگومان... کەسانی وەك ئەو باشچاوەشەو مستەفا کەماڵیش رۆژێك دەبنە هێزێکی بەسوود. بەڵام کەنگێ؟ بەداخەوە بەسوود بوونی ئەو جۆرە کەسانە وەختێکە کە چووبنە بن گڵ, وەختێکە کە سروشت بەدەنیان دەکوتێو دەرخواردی رەگە گیایانی دەدا... ئەو دەمەیە کەخاوێن دەبنەوەو دەبن بەهێز و توانایەك کە خۆراك دەدا بەگیاکان..."

بابم گوتی:"عەیبی کارەکە لەوەدایە کە پیاو ئەو گیایە ناناسێ" ئەمن یەکەبارێ خۆم ئەگەر ناسیبام فرسەقەرێیەکیش بە پەنای دا نەدەرۆیشتم... خەڵکێکی چەپەڵن ئاغا, پیاوکوژی کارێکی پیسە!"

"بەڵێ ئیدی, سروشت ئەمەیە..."

بابم پرسی داخوا خاسیەتیئەم دەرزییە چیە, مەبەستی واکسێنەکە بوو. دوکتۆر گوتی:"ئەمە شکڵێکی سووکی نەخۆشییەکەیە, دەخرێتە نێو لەش, و بەربەرەکانیی لەش وەکار دەخاو چونکە بۆخۆی لاوازە لەبەرامبەر بەربەرەکانیی لەش دا تێدەشکێو لەش ئامادە دەبێ کە لەگەڵ نەخۆشییەکە خۆشی بەربەرەکانی بکا. یانی لەشی بنیادەم فێر دەبێ چۆن لەگەل ئەم نەخۆشییە بەشەڕ بێ... ئێستا جەنابیشت تووش بووی, بەڵام بە

شێوەیەکی سووك... ئەو تاولەرزەی هەتە بەربەرەکانیی لەشە... دوایە تایەکە دەڕواو لەش سەر دەکەوێ و ئیدی ئیستا ئەتۆ ئامادەی... بەهەرحاڵ دووسێ مانگێك مەترسیت لەسەر نیە ـ ئەمساڵ هەتا ئاخری زستان خەیاڵت تەختە."

بابم گوتی:"سەیرە... هیچ نەم دەزانی ـ کەوابێ ئێستا هەموومان وەك ئامینێ تووش بووین!"

"بەڵێ... دەکرێ مردن بشکێنین... زۆر جار کەسێك بۆ دیفاع لەخۆی لە بەرامبەر مردنێك کەهێرشی هێناوەو دەیەوێ لە بەینی بەرێ بۆخۆی دەبێ بە "مردن" و تەواوی هەوڵی پزیشکان و چاوەدێریی پزیشکی هەر ئەوەیە کە ئەوکەسە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکە ئامادە بکەن ـ کە بۆخۆی ببێتە مردن بۆ ئەو مردنە کەهاتۆتە سەری... بەڵێ, ئەم وەزعە زۆر جار لەژیان دا دێتە پێش... ئێمە زۆر جار مردنمان تێك شکاندوە, بەلام پێمان نەزانیوە ـ ئەوەندە بەهێز بووین کە سەرنجمان نەداوەتە تێك شکانی مردن ـ لە سەرکەوتنەکە خۆشحاڵ بووین, بەلام نەمان زانیوە ئەم خۆشحاڵییە, شادمانیی شکاندنی مەرگ بووە..."

بابم زۆر جار کەئەو دیار نەبوو بەمنی دەگوت:"پیاوێکی تێگەیشتوویە... باش گوێ بۆ قسەکانی بگرە ـ لاوێکی تێگەیشتوویە. قسەی بێ بناخە ناکا. هەر قسەیەکی بۆ بنیادەم دەرسێکە...!" زۆریش رووخۆش وقسە خۆش وگاڵتەچی بوو. هەمیشە قاقای پێکەنینی بڵند بوو ـ زۆریش خاکیو خۆمانە و بێ فڕوفیشاڵ بوو... بە یەك دووڕۆژان لەگەڵ بابم بوونە دۆستی گیانیبەگیانی...

بابم لەنێوقسان دا گوتی کە دەیەوێ من بنێرێتە خوێندن و دوکتۆر ئەم فکرەی زۆر پێ باش بوو.

"بەڵێ, ئێستا بمانەوێ, نەمانەوێ دنیا گۆڕاوەو رۆژ بەرۆژ زیاتر دەگۆڕێ. عەشیرەت و عەشیرەتگەری و ئەو جۆرە شتانە وردەوردە لەبەین دەچن... پاشان جەنابت دوو کوڕی عەشیرەتیت هەن بەسە... ئەویان بنێرە بخوێنێ... ژیان ئیدی گۆڕاوە."

"بەڵێ, نیازم هەیە ئیشەڵڵا بەهارێ کە لەگەڵ ئامینێ هاتینە شاری لەوێ خانووی بۆ بگرم... بخوێنێ بزانم دەبێتە چی."

"چاك دەبێ بخوێنێ, هیچ نەبێ ئیدی لەگەڵ باش چاوەش و بە قەولی خۆتان قوڵەنۆکەرەکانی کەماڵ پاشا پێوە نابێ."

ئەمنیش هەر لە ئێستاوە خۆمم لەبەرگی دوکتۆری دا دەدی و دەرزی و سورنگم دەکوڵاندن و دەرزیم لێ‌دەدان!

کاك هراند ئوتووی هێناوە, دوکتۆر دەورەی ئوتوولێدانی داناوە ـ بابیشم لە دەورەکـەدا بەشدارە: پێی داگرتبوو قەرەواشەکانیش بەشدار بن, بەڵام بابم گوتی ئەوان کاری دیکـەیان هەیە. دوکتۆر گوتی قەیدی نیە, دوایە لـە خانمـەکان فێـر دەبـن. گـوتی چـەند کراسـی شۆراویان هێنان ـ لەگەڵ مەجومعەیەك. مەجومعەکەی ئاوەژوو کردەوە. دەوریەیەکیشـیان هێنا, ئەویشی سەرەوبن کرد ـ ئوتووەکەی لەسەر دانا... گوتی دیارە ئوتوو لەسەر دەوری دانانێن, جێی تایبـەتیی هەیـەو لەسـەر مێـزیش ئوتـوو دەکـەن... کراسـەکەی لەسـەر مەجومعەکە راخست... "باشە, ئێستا..." قامکیی تەڕ کـرد, لـەبنی ئوتووەکـەی دا, چزەیەکی لـێهات ـ ئامادە بوو."نابێ زۆر سوور بێتەوە کـە پارچـەکە بسـووتێنێ, نابـێ زۆریش سارد بێ کـەکارێکی پـێ نـەکرێ..." بـە دەسـت کـەمێك ئـاوی لـە کراسـەکە پرژاند:"لەماڵان, عادەتەن ژنان بۆ ئەم کارە لە لوولەیەکی پارچەیێکەلك وەردەگرن کە بە تایبەتی بۆ ئەوە دروستیان کردوە. لوولەکـە لـەقاپێك دا کـە نـەختێك ئاویـان تـێکردوە دەخووسێنن و بەلیباسەکەی دا دێنن..." دوایە دەستی پێکرد ـ ئوتووەکـەی بـە هـەموو جێیەکی کراسەکەدا هێنا, بەتایبەتی گنج و لۆچەکان...

کارێکی ئاسان بوو, خاسیەتێکی دیکەشی ئەوە بوو, ئەو جلکەی ئوتوو دەکرا نوێ نوێ دەبۆوە!

بەڕاست لەبیرم چوو ئەوەش بڵێم هەرچەند دایکـم وخوشـکەکانم زۆر نارەحـەت بـوون, دوکتۆر سەری دادەئامینێی هەڵ پاچی. دادەئامین پرچێکی درێژی هەبوون کـەوەك کارەبـا دەبریسکانەوە. دایکم دەیگوت ئەوەندە جوان و درێژن پـڕ بـەدڵ حـەزیان لــێدەکا ـ زۆر کچێکی دڵپاکە... ئەو بەستەزمانە!

دوکتۆر گوتی:"هیچ نیە ـ بە یەك دوو مانگان هـەڵ دەدەنـەوە..." سـەیر ئـەوە بـوو سووتاندیشنی... دایکم دەیەویست دوسێ داویان راگرێ قبووڵی نەکرد!

هراند "ئۆدوکلۆن"ی هێنابوو, کە ئێمە نەمان دیبوو... ئۆدکلۆن عەتر بوو... بـۆنی نارنجی لـێدەهات, وەك دایکم دەیگوت. دایکم نارنجی دیبوو, دەیگوت جارێـك بـۆ بـابی هاتبوو لەوبەرەوە ـ ئیزمیر ـ و ئەوان خواردبوویـان ـ ئەگـەر بزانـی چ تـام و مەزەیـەکی هەبوو! شتی وای دەگوت, بنیادەم زاری پڕ دەبوو لەئاو ـ ترش, شیرن ـ ترش وشیرن ـ بەڵام چ ترش وشیرنێك ـ پیاو هەتا نەی خوا نازانێ! دەیگوت ماوەیەك توێکڵەکەیان لـەگیرفانی کولێنجەکانیان هاویشتبوو "هەرمەپرسە, چەندی بۆن خۆش بوو ـ راست وەك ئەم عەترەی دوکتۆر!"

دوكتۆر ئۆدوكلۆنەكەی لەژووری دادەئامینێ دانا... لەپێش دا هێندێك لۆكـەی هـەڵ گرت, سەری شووشەكەی هەڵ پچڕی, لۆكەكەی لەسەر زاری شووشەكە داناو شووشـەكەی سەرەوخوون كرد ـ وەختێك لۆكەكە باش خووسا قۆڵی دادەئامینێی هەڵ ماڵی و لۆكەكەی بە هەموو جێیەكی دەست و باسكی دا هێنا. كە لە دەست و باسـكی بـۆوە بـە دایكمـی گوت, ئێستا یەكێك لەكچەكان دەبـێ ئـاوا لـەلاقی و هـەموو جێیـەكی لەشـی بـدا... بەتایبەتی بن هەنگڵی... ئەمە لەراستی دا هەم جۆرە شوتنێكە, هەم لەشی نەخۆش بۆن ناكا. بەڵام چما خوشكەكان دەرەتانیان دەدا؟ دەهاتن و لە خۆیـان دەدا... هـەمووان بـۆنی ئۆدوكلۆنیان لـێدەهات" تەنانەت منیشیان فێر كـرد. رێـوییش بۆعـەتری لـێ دەهـات. دوكتۆر پێی زانیبوو, پێ‌دەكەنی.

ئەم چەند رۆژە ئەو دەمانەی هەوا خۆش بوو دوكتۆر دەچۆ ئەوبەری چۆمی, مێشـەكەی پشتەوەی ئاوەدانی و گەڵێیەكەی جنووبی ئاوایی... دەگەڕاو كـەیفی دەكـرد! كـەیفی بـە سروشتی جوانی دێیەكە دەهات و پێی سەیر بوو كە بۆچی بابم ئەو گونـدە جوانـەی هەیـە پێی‌راناگا, خەڵك بۆ هێندە بێ‌مەیل و بێ‌حاڵن!

بابم گوتی:"كاكە دوكتۆر ـ نایەڵن ـ حاڵێكیان بۆ خەڵك نەهێشتوە. ئەوپـەڕی ئـاواتی خەڵك بۆتە ئەوە كە بەهارو هاوینان لەمەزرا دا ئارەق بڕێژن, لەگەڵ ئاژەڵـەكانیان بـن, و پاییزو زستانانیش لەبەر كوورەخانە, یان لەبن دیواری ماڵەكانیان دانیشن و ئاوا پیر بن, و دوایە بمرن... ئەمەشیان پێ ڕەوا نابینن! كاكە دوكتۆر, رەنگە پێت سەیر بێ, ئەم خەڵكە زۆر ئاسان دەمرن. جگە لەم ژیانەو ئەم دێیە شتێك و جێیەكیان نەدیوە ـ رەنگـە جـەنابت باوەڕ نەكەی, بەڵام زۆر كەسی وا هەن كەلەم دێیەدا پـیر بـوون, بـەڵام تـا ئێسـتا دوودێ ئـەولاتریان نـەدیوە... زۆر ئاسـان دەمـرن. دایكـان ئەوپـەڕی ئاواتیـان ئەوەیـە ژن بـۆ كوڕەكانیان بێنن وكچەكانیان بەمێرد بدەن, و بمرن! پیرەژنان دەبینی دوعای سـەر زاریـان ئەوەیە خوایە زووتر بم بەوە, زەلیلم مەكـە, موحتـاجی دەسـتی بـووك و نـەوەكانم مەكـە! پیرەپیاوان جۆرێك باسی مردن دەكەن دەڵێی بۆ فرۆشتنی ئاژەڵەكانیان دەچنە شاری! هـەتا لاون سەرگەرمی‌یەكەیان ئەوەیەكە رۆژانە وەختی مازووچنین یـان دروێنـەو خەلەوخـەرمان پاش كاركردن ماوەیەك بۆخۆیان هەڵ پەڕن وگۆرانی بڵێن ـ ئەویش بێ‌ئەوەی بـزانن بـۆ ـ تەنیا لەبەر ئەوەی جحێڵن... و ئێوارانیش لەسەر بانی مزگەوتێ لەدەوری یەك كۆ ببنەوەو قسە بكەن و پێ بكەنن ـ ئەویش بەهیچ. وەختێك پیریش بوون دیسان قـوژبنی مزگـەوتێ, یان بن دیوار. گەورەترین سەیران وخۆشیی ژنانیش ئەوەیە كەلە كانێیە ژنان دانیشن قسان بكەن و لەدەستی مێرد و بـووك وكـوڕ و زاواكانیـان سـكاڵا بكـەن. بەوحاڵـەش دەبینـی

بنیادەمن ـ پیاوان دەیانەوێ باڵادەستیی خۆیان بە شتێك وجێگایەك نیشان بدەن... بەئاغاو عەسکەر ناوێرن, بەر دەبنەگیانی ژنەکانیان و ئاژەڵە بەستەزمانەکانیان. بە قەستی کوشتن لێیان دەدەن ـ داخی دڵی خۆیان بەو فەقیرانە دەڕێژن. ژنان چەندی بتەوێ فەقیرن, و تەنیا بوونەوەرن کە بەزەییان بە حەیوانات و بێچووەکانیان دا دێ. ئەمن زۆر جار سەرنجم داوە... لەبەر هەستی دایکایەتی زۆر ئاگایان لە حەیوانەکانیان هەیە.

"دوکتۆر, زۆرم هەوڵ داوە هیچ نەبێ ئەم پەین و چەپەڵییە لەئاوایی دوور بخەمەوە... نەکراوەو نەم توانیوە. دەڵێن"ئاغا, بۆچی لایبەین... بۆچی, چما هەر ئاوا عەیبی چیە؟" دەبینم ڕاست دەکەن, بەداخەوە. زۆر جار ویستوومە گوڵ و گیایەك بۆخۆم داچێنم... زەوی زۆر, و ئاو زۆر... نەك نەم توانیبێ... توانیومە, نەیان هێشتوە, نایەڵن. لەپێش ئەم ماڵە ـ لەبن ئەو دارگوێزە حەوز و فوارەیەکم دروست کرد, باخچەیەکم نایەوە ـ ئێستاش شوێنەواری ماوە... بەڵام چما هێشتیان! ئاغا دوژمن لەماڵێت نائومێد بێ, ئیخۆمان وئی بێگانە ژیانیان لێ تاڵ کردین! هەتا دادەنیشتین سەروسەکوتی موزاحیمان دەردەکوت... باشە, ماڵە ـ پیاو ناتوانێ دەریان کا. "فەرموون... فەرموون!" باوەڕکە کاك دوکتۆر, عەیبە پیاو باسی بکا, مریشك و فرووج لەم ئاواییەدا ـ بەو گەورەییە ـ پەیدا نەدەبوو... ئاغا, عەسکەر, سوپایی لەخۆیەوە وەڕێ دەکەوتن... بۆ کوێ؟ دەچینە خزمەت فلانەکەس. لە"وان"ەوە جەنابی میرئالا وەڕێ دەکەوت. تەشریفیان دەچێتە کوێ؟ ماڵی فلانەکەس... بیستوویەتی جێیەکی جوانە... بەکورتی, کاك دوکتۆر, حەوزو فوارەو گوڵ چاندن بوونە بەڵای گیانمان. ئاخر تێفکرە, وەختێك هەیە خزمەتی میوان دەکەی, خۆشت دەوێ, دۆستی تۆیە, وەختی واشە دەبێ خزمەتی کەسێك بکەی کە بابتی کوشتوە, کەسوکارتی کوشتوە, چیە؟ میوانە, بۆ ئەوەی کابرا لە دڵی نەگرێ و خۆشت نەکوژێ. ڕەنگە بیستبێتت هەر لەم ژوورە ـ ئالێرە ـ هەر ئەو میوانانەکە بابمیان کوشتبوو دیسان "میوان"بوون و دەیانەویست خۆشم بکوژن!... ماڵی ئەم حەیوانە ئاوەدان بێ کە نەیهێشت... جەنابی تازە نانی نیوەڕۆی خواردبوو..."

"بەڵێ بیستم ـ هراند باسی کرد..."

"حەوزو فوارەکەم باس دەکرد... بە کورتی, سەرەنجام ناچار بووم خەرام کرد, و ئەمجار هەر ئەم ڕەعیەتانە پلاریان داویشتمێ. دوکتۆر, ئەمانە بە ساویلکە تێ مەگە, زۆر زیرەکن. پلاریان تێدەگرتم:"ئاغا, چۆن بوو... ئەمساڵ گوڵ و ڕیحانەت نەچاندن... چاك دەبوونێ!... وەڵڵا حەیف بوو ئەو حەوزە جوانە... ئاوی فوارەکەی گەزێك بڵند دەبوو!" زەردەیەکیشیان بۆ دەکرد. ڕەزم نایەوە, هەر لەو پشتە, لەو ڕووبەڕووە... بەڵام چما

هێشتیان! سواری فلآن ئاغا دەهات, بە ئەسپەوە وەنێوی دەکەوت... عەسکەر دەهـات ـ عەسکەر کەئیدی هەر خوا پێی دەوێرێ... وەنێو رەزیدەکەوت ـ هێشووی لـێ دەکـردەوە, بەدڵی نەبوو, یەکی دیکەی لـێ دەکردەوە. بەکورتی, ژیانیـان لـە خـەڵك تـاڵ کـردوە... ئێستا نەمرین سبەو دووی نیزامیی‌یانیش دەبینین... ئەوانیش جۆرە گرفتاری‌یەکن... خـۆ قازانجێکیان نیە... پاسگا! شەوێ ئەگەر پێشهاتێك روو بدا, ژن ومنداڵت بکوژرێن, دنیا خەرا بێ و ئاگری تێ بەر بێ سەر لەکونێ نایەنێتە دەرێ, هەتا بەیانی کەسەرکار وەکیـل باشی دەست دەکا بە تاوانبار دۆزینەوەو بەرتیل وەرگرتن. ئەگەر "ئارامی" یەك پەیدا بێ, ئەم جۆرە ئارامی‌یەیە... بەڵێ, ژیانیان لەخەڵك کردۆتە جەهەننەم. لە جەهەننەمیش وەك دەڵێن فریشتە بەخێو ناکەن... بووینە جەهەننەمی, کاك دوکتۆرا... ئـەوە سـاڵداتەکە, ئەوە عەسکەرەکە, ئەویش قازاخەکە... ئێستا با سبەینێ لەسەر خێـران نیـزامییش بـێ بزانین چ گوڵێکمان لەسەری دەدا...!"

شێو و نیوەڕۆ خواردن بۆ دوکتۆری ببوو بە سـەرگەرمی‌یەك, سـەرگەرمی‌یەکیش کـە دوکتۆر بە هیچ جۆر پێی خۆش نەبوو تەرکی بکا! لەپێش دا بابم دیتی وا دیارە دوکتۆر بە ئیشتیاوە نانی ناخوا. بە هراندی گوت:"کاکە هراند, ئەتۆ بۆخۆت یەك دوو جار هـاتووی, دیوتە کە لە ماڵێ مە بە خاوێنی چێشتی لـێدەنێن ـ کچەکان چێشت و شت لـێ دەنێن, ئەو شتانەی نەشیان زانیوە لە ئامینێ فێر بوون. بۆخۆشم زۆر کەیفم بە پاك و خاوێنی دێ. زۆر جار ئەگەرچی دابیش نیە بۆخۆم سەری خوارێ دەدەم و چاو لە شوتنی قاپ و مەنجەڵ و شتی وا دەکەم... بۆخۆشت دیوتە ـ پێم وانیە زۆر خراپ بێ ـ بەڵام دەبینم کـاك دوکتـۆر خواردنێ بە ئیشتیاوە ناخوا." دوکتۆر لە ژوورەکەی دادەئامینێ بوو.

هراند پێکەنی و گوتی:"نا, ئاغا... دوکتۆر فێر بووە نانی بەکەوچك و چەنگاڵ دەخوا ـ نارەحەتە بە دەستی بخوا ـ فێر نەبووە... ئەمنیش فکرم لـێ نەکردبۆوە ـ لـەبیرم نـەبوو ئەگینا بۆم دێنان."

بابم گوتی:"ئا! و دوایە هەروا کە تێیەوە رامابوو, گوتی:"کەوچك کەوچکە... چەنگاڵ چیە... نەم دیوە!"

هراند بۆی باس کرد کە چیە" بابم دوای نەختێك بیر کردنەوە گوتی:"یادۆ ئـەو هۆقـەو قەڵەمانە بۆ کاك هراند بێنە... کاك هراند, ئەگەر دەتوانی بێزەحمەت شکڵەکەیم لەسەر کاغەزی بۆ بکێشەوە..."

هەتا ئەمن وەخۆ کەوتم هراند قەڵەمەدارەکەی دەرهێناو شکڵی شتێکی لەسەر پاکەتە سیغارەکە کێشایەوە وەك "سێلك" لەو سێلکانە کە وەختی خەلەو خەرمان بەکاری دێنن* بەڵام بە پێچەوانەی سێلك کە سێپەلی هەن, ئەو چوار پەلی هەبوون, و گوتی بەوە گۆشتی لەسەر دەوری هەڵ دەگرن.

بابم گوتی:"ئێ, تێگەیشتم, تێگەیشتم!"

وەسبەینێرا بەیانی زوو چۆ لای مامۆستا و تکای لـێکرد کە لە دارهەرمێیـەکی زۆر باش کەوچك و چەنگاڵێکی خاوێن بۆ دوکتۆر دروست بکاو هەتا ئێـوارێش حازریـان بکـا. مامۆستا قەولیدا, و بابم ئێوارێ ناردی کەوچك و چەنگاڵەکەیان هێنانــەوە. کەوچـکەکە لەقاعیدە بوو, دوو هێندەی کەوچکی مرەباخواردن, بـەڵام چـەنگاڵەکە... چـەپی لەبـەر سێلکی عادەتی دا نەبوو. ئەوەی گوتوویانە فیل و فنجان لەسەر ئەو دووانــە راسـت بـوو! قسەی مامۆستا ئەوە بوو کە ئەگەر لەوە ناسکتر بێ "ددانە"کانی بە یەك دووجار دەشکێن یان خواروخێچ دەبن. بابم دەیگوت پێم وایە باش لە قسەکەم حاڵی نـەبووە, پێـی وا بـووە داوای "کەوگیر"م لـێکردوە, بۆیە ئەمەی بۆ دروست کردووم.

ئەم دووانە لە ماڵێ ناویان بە "شەن و بێڵی دوکتۆر" دەرکرد. خوشکەکان وکلفەتەکان زۆر ئاسایی دەیان گوت:"شـەن و بێڵەکـەی دوکتۆریشـیان بـردوە؟" یـان "شـەن و بێڵـی دوکتۆرت باش شوتن, حەلیم? عەیبە, لەنەکاو شتێك لەنێو "پەنجە"کانی دەر نەکەوێ!"

نان خواردنیش بۆ دوکتۆر ببوو بە سەرگەرمییەك "شەن"ەکەی بەزەحمـەت لەگۆشـتی رادەکردو بەحەواوە ڕای دەگرت. دەت گوت سێلکێکت لە عەرزی چەقاندوەو چۆلەکەیەکی لەسەر نیشتوە! دوکتۆر قاقا پێدەکەنێ هەتا سـفرەیان رادەخسـت و "شـەن و بێڵ"ەکـەی دەدیتن کلیلی پێکەنینەکەی لـێدەدا ـ و بە هیچ جۆریش حازر نەبوو بیان گۆڕێ. دەیگوت لەگەڵ خۆیان دەباتەوە.

سەرگەرمیی دیکەیان "رێوی" بوو. رێوی وەك هەمووان و زیاتر لە هـەمووان دووسـێ شەوان بێحاڵ بوو, هەمیشە بە باوەشی خوشکەکانەوە بوو. خوشکەکان هـەوڵیان دەدا لـە ژووری دادەئامین و دوکتۆر نیزیك نەبنەوە, نەوەك تووشی دوکتۆر بن. شەوانەش بۆخۆی لە

---

* لێرەدا نووسەری بەڕێز "سێلك" و "شەن"ی بە یەك شـت دانـاوە. بـەڵام چـونکە شـەن شـتێکی دیکەیـە, رستەیەکی کورتی تەرجەمە نەکرا.

زاری دەرگاوە وەڕێ نەدەکەوت ـ ئەمن لەباوەشم دەکرد و دەم هێنا, لەسەر کۆشی بابم پشتی لەدوکتۆر دەکردو سەری لەبن ئاتەکی سەڵتەی بابم دا دەشاردەوە ـ ئێستا لە جارانیش زیاتر لەسەر کۆشی بابم لەخۆی دەمیزت.

بابم دەیگوت:"کاك دوکتۆر, بۆکوێ وا زوو! تەشریف مەبە... حەتمەن تەشریف دەبەی!؟"

ڕێوی بە دزییەوە لەبن سەڵتەوە دەی ڕوانی, هەر کە دوکتۆری دەدی شاقەلی سەڵتەکەی بەسەر دەم وچاویدا دەداو بابم و دوکتۆر پێ دەکەنین. دووسێ شەوی هەوەڵی ئارامی نەبوو" دەبوو وەختی لە باوەش کردن وریای دەستی بین. ئەگینا زیڕەی دەگەیشتە ئاسمان ـ بۆخۆشمان هەر گرفتار بووین: جاری وا بوو لەبیرمان دەچوو, و بە باسکی بریندارەوە لە باوەشمان دەکرد و ئاخمان لێ بلند دەبوو!

دوکتۆر چوکلیاتێکی لە گیرفانی دەرێناو بۆ بابی راداشت:"ئاغا, فەرموو... زۆر خۆشە...!"

بابم دەیگوت:"ناکرێ بیدەی بە ڕێوی!"

دوکتۆر دەیگوت:"ڕێوی نایەوێ... پێی خۆش نیە...!"

ڕێوی سەری دەبردەوە بن سەڵتەکەو بە دزییەوە تەماشای دەکرد. بابم بەگوێیدا دەچپاند:"خۆشە, بلێ دەمەوێ!" ڕێوی دوودڵ بوو. بابم چوکلیاتەکەی وەردەگرت, لەتی دەکرد, نیوەی بۆخۆی دەخوارد و بە دەم خواردنەوە سەری رادەوەشاند و دەیگوت:"پیاح, کە خۆشە...! وەرە, وەرە ئەوی دیکە بدەم بە تۆ ڕێوی ـ زۆر خۆشە." ڕێوی لەوماوەیەدا چاوی لە زاری بابم بوو. چوکلیاتەکەی وەردەگرت و دەی خوارد ـ خۆش بوو!

بابم دەیگوت:"نەم گوت, خۆش بوو؟ هەستە باش دانیشە... لەوانەیە ئی دیکەشی پێبێ... ئاغای دوکتۆر ئی دیکەت پێنیە؟"

"بەدی, ئاغا, فەرموو!"

بابم دەیگوت:"لێیوەرگرە...!" بەڵام ڕێوی ئاوڕی نەدەدایەوە. بابم بەگوێی دا دەچپاند دەیگوت:"لێی وەرگرە, خۆشە, ئەگەر بۆخۆت ناخۆی بیدە بە بابە..." ڕێوی بێئەوەی سەر وەرگێڕێ, دەستی لە پشتەوەڕا درێژ دەکردو چوکلیاتەکەی وەردەگرت و دوکتۆر و بابم قاقا پێدەکەنین. بابم دەیگوت:"هەی نامەرد, وەری دەگرێ, کەچی ئاوڕ ناداتەوە!" سەرەنجام پاش دانی چوکلیاتێکی زۆر ڕێوی بەرە بەرە لەگەڵ دوکتۆر ئاشت بۆوە...

ПППП

به قەولی بابم, دالان ببوو بە کاروانسەرای شاری: مریشك, فرووج, هێلکە, رۆنەکەرە, پەنیر, هەنگوین... هەموو شتێکیان هێناوەو دێنن. ئەمانە وەکەس نادەن, لە پەنای خۆیان دایان دەنێن هەتا نۆرەیان بگاتێ و بە دەستی خۆیان بیان دەنە "دوکتەر" و "دوکتەر" بزانێ کێ چیی هێناوە ـ ئەمانە هەقدەستن.

هەروەك بابم پێش بینیی کردبوو ناوبانگی دوکتۆر و ئەو "دەرمانی قەوەت"ە کە بەلوولە دەچۆ نێودڵی نەخۆش بە سەعاتێك ماڵ بەماڵ گەڕاو کەوتە سەر زمانان , و لەهەر ماڵێك کەم وزۆر شتێکی خرایە سەر“ ئەو زەڕەبینە کە دوکتۆر پێی تەماشای دڵ و جەرگ و ڕیخۆڵەی نەخۆشەکان دەکرد, لە هەر ماڵێك وکۆخێك دا لێی کۆڵرایەوە, و ئەو شەمامە "لاستیق"ە کە ڕێکی دەگوشی و ئەو کیسەیە کە هەڵ دەمسا کەوتنە بەر وتووێژ. سۆفی رەشید دەیگوت لە پیاوێکی "باوەڕپێکراو"ی بیستوە ـ لەباش چاوەشێك ـ کەگوتوویە لە ئەستەمبووڵ ئەمانە زۆرن. بەمانە "دڵ"ی نەخۆش مشت ومال دەدەن ورەق بوونی دڵی پێ چارەسەر دەکەن, چۆن ئەتۆ ئەگەر شان وملم رەق بووبن بۆم دەشێلیو قۆڵنجم بۆ دەشکێنی! ئەمەش ئاوا دڵی نەرم دەکاتەوە. ئەودەم دڵ وەك ڕێسمەی دەرگا کە چەورت کردبێ, بەئاسانی دێ و دەچێ!

ئەو میلە شووشەیی‌یە کە لەبن هەنگڵو جارجار لە بن زمانی نەخۆشی دەنا, مەتەڵۆکەیەك بوو: بۆچی ئەوێ؟ مامۆستا پێی وا بوو بەو میلەیە (اخلاط اربعە ـ دم, بلغم, سواد و صفرا ـ "استمزاج" دەکەن. بەلام چۆن؟...باشە ئیدی, دەزگایەو کارخانە دروستی کردوە, قەرار نیە هەمووکەس بزانێ ـ کارخانە بۆخۆی دەزانێ, حەکیمیش عیلمەکەی خوێندوە“ ئەوکیسەیەش دیارە: دەرمانی قەوەتییە کە دڵۆپ دڵۆپ دەچێتە نێولەش. دەڵێن لەوەتا ئەو دەرمانی قەوەتەیان لە بەدەنی پەیوەند کردوە, بەقودرەتی خوای خواردنیش نادەن بە نەخۆشەکە! پاشان ئەو دەرزیی‌یەی لە نەخۆشی دەدا, ئەگەر گەرم بێ ساردی دەکاتەوەو ئەگەر سارد بێ گەرمی دەکاتەوە!

بەساڵداچووان سەریان رادەوەشاند... "ئەی تووشی چ دەوروزەمانەیەك بووین, سەرێکی پڕ دەردی سەرمان هەبوو ـ چیمان نەدی!... ئێستا هەر بڵێن ئاخر زەمان نیە ـ ئەدی ئاخر زەمان چۆنە... خوایە شوکور کەعومری خۆمان کردو موحتاجی ئەم شتانە نەبووین!

بەوحاڵە دالانی ماڵێ شلووق بوو... هێشتا نیوەڕۆمان نەخواردبوو ئەوان پەیدا دەبوون. دەهاتن لەهەردووبەری دالانێ هەڵ دەترووشکان, زۆرتر لە بەری رۆژئاوا کە رووی لە

ژوورەکەی دادەئامین بوو ـ پشتیان بەدیوارەوە دەداو لە بـن لێوانـەوە قسـەیان دەکـردن... هێندێك هەر بۆ ئەوە دەهاتن بزانن چۆنە ـ بەوهیوایە کە لەکرانـەوەو پێـوەدرانی دەرگـای ژووری دادەئامین دا, تەشکیلاتی نێو ژوورەکە ببینن.

دوکتۆر گوتبووی لە دالآنەکەدا سیغارو سەبیلە نەکێشن, دەرگـای ژووری دادەئامینـێ هەمیشە پێوەدراو بێ. بەلآم ئەو قاعیدەیە بەوردی رەچاو نەدەکرا: جاری وا بوو یـەکێکمان دەچوو کاری بە دایکم بوو, یان هەر بۆیە دەچوو خۆی بنوێنێ و نیشـان بـدا کـە دەتوانـێ بچێ. لەو وەختانەدا هەمووان چاویان لە دەرگـا دەکـرد, ئەوانـە کـە لـە بـەری رۆژئـاوای دالآنەکە بوون هەموو قوت دەبوون, وەك ئەو لاوە بەرەڵلآیانـە کـەجاران, لـەزەمانی شـادا لەتەنیشت پلیکانی فروشگاکان دادەنیشتن و هەر کەژنێك بەپلیکانەکان دا سەر دەکـەوت خۆیان خوار وخێچ دەکرد ـ هەمووش بەو هیوایە کـە چـاوێکیان بـەو کیسـە هەڵواسـراوە بکەوێ کە "دەرمانیقەوەتێ"ی تێدایە, تا دوایە بتوانن سوێند بخۆن کـە بەچـاوی خۆیـان دیویانە.

دوکتۆر لە ژوورەکەی خۆی ـ لە لای راستی دالآنەکـە ـ بـوو, یـەك یـەك تەماشـای نەخۆشەکانی دەکـرد. زۆرتریـان پـیرەژن بـوون و منـداڵ: منداڵەکـە زەردوویـی گرتبـوو, هەرچەند بردبوویانە سەر حەوزی "پیریوونس" و تەماشای ماسیـیە سـوورەکانی کردبـوو, هەروەك خۆی زەردو زەعیف بوو... "زەردوویی"شـی لـە دەسـتی کرابـوو" "مووفـەڕکی" "پیرموراد"یشیان بۆ هێنابوو کەچی هەر وەك خۆی بوو...!

منداڵەکە سێمانگەی هاوینێ تای لـێبووە, مامۆستاش تاولەرزی بۆ بڕیـوە, کەچـی چاك نەبووەو منداڵەکـە رۆژ بـەرۆژ باریـك دەبـێ, پـوور ئایشـێ دەڵـێ دوور لـە گیـانی دەردەباریکەیە...

دوکتۆر لە بابی پرسی:"یەکێك لە ژنەکان دەیگوت سـپڵی منداڵەکـەیان بەخەنجـەر بڕیوە ـ تێ نەگەیشتم دەڵێ چی."

بابم لە پێش دا منی نارده لای مامۆستا لێی بپرسم بە عەرەبی بە سپڵ دەڵێن چی... مامۆستا گوتی پێی دەڵێن طحال.

"چۆنی دەبڕن؟"

بابم گوتی:"نەخۆشەکە لەسەر پشت درێژ دەکەن... چۆن بە ساتۆڕ گۆشـتی دەکـوتن, ئاوا بە دەمی خەنجەر زەبری وردورد و توند لە پێستی زگی دەدەن, دیارە وا نیەکـە پێسـتی بڕووشێ ـ بە مە دەڵێن سپڵ بڕین."

دوکتۆر نەختێك بیریکردەوەو گوتی:"بەرێکەوت خەراپیش نیــە ـ بەهــەرحاڵ جۆرێـك جووڵاندنە... بەڵێ ئیدی, ئەزموونە. دەردەباریکە چیە؟"
بابم گوتی:"سیل"

ڕۆژەکانی هەوەڵێ هێندێك کەس گلەییان هەبوو: کــەس نــەی دەزانــی دوکتــۆر بۆچــی لەنێوان نەخۆشەکان دا فەرقی دادەنا ـ ئێســتاش هــەر دای دەنــێ: بــە یــەکێك دەرمــانی سووری دەدا, بە وی دیکە دەرمانی سپی, بە یەکی دیکە شین. "خوا تۆزقاڵێك بەخت بـدا بــە بنیــادەم... ئێمــە کــەنگێ بــەختمان هــەبووە هــەتا ئێســتا هــەمان بــێ! دەجــارم گوت:"زەڕەبین!" گوێی خۆی کەڕ کرد, ئاخرەکەشــی "حــوب"ێکی ســپیی دەمســتێ نــام, ئەمنیش توورِم هەڵ دا...! کەچی کە نۆرە دەگاتە خەڵکی دەمی دەکاتەوە... ئــاخر دەم و ددانی جوانن ـ دەیەوێ چاو لە ددانەکانی بکا... زاری پێ دەکاتەوە, بە"مەقاش" دەرمانە شینەکەی لە گەروو هەڵ دەسوێ... دەیگوت هەتا دوورۆژان, بیلاتــەژبی, دوور لــە رووی حازرییان, میزەکەی شین بووە! بەڵام کەنۆرە دەگاتە پیرەژنێکی وەك من "حــوب"ی ســپیم دەداتێ!"

بابم گوتی:"پیرەژن, بۆڵە مەکە! ئەتۆ بۆ هێندەت نەقە دێ! ئەتۆ هاتوویە سەر حــەکیم بە ناخێری گیانت... ئەگەر بۆخۆت زانیبات دەرمانــت چــیە, نــەدەهاتی... ئێســتا کــە هاتووی دەبێ گوێ بۆ قسەکەی بگری... هەرچی دایەی بێخۆی... زۆر خراپت کردوە کــە فڕێت داوە!"

"ئەی ئاغا!... ئەتۆش ماشەڵڵا هەموو شتێك دەزانی بەڵام جۆرێك قسە دەکەی دەڵێی پەرژین بێ لە ئاشی هاتوویــەوە... کــوێر بم ئەگــەر قبــووڵ کــەم! ئــەتۆ چ دەفــەرمووی! استغفرالله خواش فەرق دادەنێ" ئەگەر دای نەنابا, یەکێکی جوان دروست نەدەکردو یــەك ناحەز...!"

بابم گوتی:"وەڵڵا پێم وا نەبوو لەم تەمەنەدا بەخێر ئیشتیای مێردیت هەستاوە! ئەگەر بەو هەوایە هاتووی کە دوکتۆر جحێڵت بکاتەوە تا بــەخێر مێــردی بکەیــەوە بــە خــۆڕایی تەشریفت هێناوە!"

"ئاغا, یەعنی جەنابت دەتەوێ چاوم نەبینێ! ئەدی بۆ ئی شین دەدا بە "هێنــدێکان"و ئی سپی دەدا بەمن! ئەدی بۆ بە زەڕەبین تەماشای جەرگ ودڵانی نەکردم, چــونکە لــەش و لارم جوان نەبوو! بۆچی شەمامەی لەدەستم نەدا ـ چونکە قۆڵم جوان نەبوون! بە خوایەکی

تاك و تەنیایە بۆیە بوو! بۆچی بۆ ئی دیکە زەڕەبین لە هەموو جێیەکیان دەگرێ ـ ئێمەی پیروپاتاڵ خوا خەڵقی نەکردووین!"

بابم بە پێکەنینەوە گوتی:"لێ وەبرە پیرەژن ـ شەرم بکە... سەرت سپی بووە!"

پیرەژن لکی لەچکەکەی بۆ زاری بردو, رووی وەرگێڕا ـ کە یانی زویر بووە!

"مەحسە بزانم... چیی دا بەتۆ؟... ئای, بەختی خۆت, ئی تۆ سوورە... زەڕەبینیشی بۆ دانای؟"

"شەمامەکەی لەقۆڵم بەست... پووری, هەر مەپرسە, وەختێك ئەو شەمامەیەی هەڵ دەگوشی, دوور لە رووت پووری, خەریك بوو شانم بتەقیێ! سەعاتەکەش کاری دەکرد ـ هەر دەچوو, و دەهاتەوەو فووی تێ دەکرد!"

"خۆ هەمووکەس وەك مە بەدبەخت نیە... ئێمە کەنگێ بەختمان هەبووە, ئەگەر هەمان با ناویان دەناین بەختیخانم... دەرزییشی لە ریحانێدا ـ دەیگوت ئەگەر لێی داوە بە هەردوو کونەتفنکی دا ئاور هاتۆتە دەرێ و بە قودرەتێ خوای هەرچی دەردو نەخۆشیو عیللەت بووە لەگەڵ ئەو ئاگرە لەلەشی هاتۆتەدەر!"

ΠΠΠ

دایە خەرامان بەسواریکۆڵی کەریم هات. ئاخری وەخت بوو.

بابم گوتی:"یاڵڵا, دایە خەرامان ـ چاومان روون! پایزەبرا ـ لەکوێی, دیارنی!؟"

"رووی تۆ سپی بێ رۆڵە... ئەمن پیرو پەککەوتەم, ئەتۆ چی؟ ئەتۆ بۆ دیار نی! هەمووی هەنگاوێکە... دەزانم ـ بە خۆڕایی چاوو ڕاوان مەکە ـ دەترسی ـ بەوقیبلەی محمدی دەترسی! ئەمن بەرەوروو قسان دەکەم ـ وەك خەڵکی دیکە نیم پاشەملە سرتەسرتێ بکەم ـ لەخوای بەولاوە لە کەس ناترسم... دەترسی ـ لەژنەکەت دەترسی!"

بابم گوتی:"بەڵێ, چونکە بۆ کوڕێنی دێمە خزمەت فەڕڕوخ لیقا خانم ـ ئاخر ماشەڵڵا هێند جوانی!"

"رۆڵە, رووی زەمانەی رەش بێ ـ ئی تۆش!"

کەریم گوتی:"دایە!"

دایەگوتی:"دایەو ژەهرەمار... لێم گەڕێ قسەکەم بکەم, لەسەر دڵم بۆتە گرێ!"

بابم گوتی:"ئێستا بۆ بە سواری... فەرموو دابەزە لانیکەم ئاوودۆیەك بخۆوە! کەریم, بیبە ژوورەکەی رەشید..." بۆخۆشی وەدوای کەوت."ئاغای دوکتۆر, ئەم خانمە جوانە دایەنی منە."

دایەخەرامان گوتی:"بووم... پێشتر بووم! ئێستا ئەمە ئاغایە" بە دەست ئاماژەی بۆ بابم کرد"ئەمن رەعیەتم... ئێستا جوان نیم... ئێستا ئاغا ژنی جوانی دەویٚ!..."

دوکتۆر پیٚکەنی.

بابم گوتی:"نائیدی, خۆت مەشکێنە, ئێستاش خەراپ نی!... کاکە دوکتۆر, دەمەویٚ هەرچی دەرزی و دەرمانی هەتە لێی خەرج کەی ـ بە زەرەبین هەموو جێیەکی تەماشا کەی... ئەمنیش دەمەویٚ تەماشای کەم... دەڵیٚ ئەمن بە منداڵی دیومە ـ بەڵام لەبیرم نیە, دەمەویٚ دیسان بیبینم...!"

دوکتۆر بەپێکەنینەوە گوتی:"بەسەرچاو!"

دایە خەرامان گوتی:"شەرم بکە پیاو! ئەتۆ ئیدی گەورەی, قسەی پیس مەکە... خۆ منداڵ نی! ماشەڵڵا منداڵەکانت پیربوون... شێرۆ, بە قودرەتی خوای تۆزقاڵێك لەگەڵ زەمانی منداڵیت فەرقت نەکردوە ـ بەقەد دەنکەجۆیەك ئەقڵت پەیدا نەکردوە! عەیبە, شەرم بکە!"

کەریم گوتی:"دایە!"

"دایەو ژەهرەمار! چاك دەکەم ـ بەکوێرایی چاوی هەردووکتان ـ بە سەری پیری کاری بە فلانە جێی من چیە؟"

دوکتۆر کە تەواوی ئەو ماوەیە لەبەر خۆیەوە پیٚکەنیبوو, کە قسە گەیشتە ئێرە لە قاقای پێکەنینی دا.

بابم گوتی:"خانم, لەخۆڕا دڵخۆشیی خۆت مەدەوە ـ ئەوجێی ئەتۆ دەڵێی, ئەمن بەهیچ جۆر نامەویٚ بیبینم... ئای نەم دیبوو ـ ئەمڕۆ خۆشت تاس ولووس داوە ـ هیچ پێم نەزانیبوو, دیارە خەنەت لیٚ داوەو کراسی جوانت لەبەر کردوەو...!"

"رۆڵە, ئەو خەنەیە بوو کە بۆخۆت بۆت ناردبووم... نیوەی بەتاڵ بوو کیسەکە..."

بابم گوتی:"ئەمەیانم ئیدی قبووڵ نیە ـ بۆخۆم دیتم, کیسەکە مۆر بوو... لەخۆوە شتی ساز مەکە ئیدی!"

دایەخەرامان دەستی بۆ چەنەگەی برد, و بە ئەداو ئەتوارێکی کچانەوە گوتی:"ئەی! تف لە رووانت! یەعنی پیرەژنێکی وەك من درۆ دەکا! تف لەو رووانەت!"

دوکتۆر قاقا پێ‌کەنی.
کەریم گوتی:"دایە!"
بابم گوتی:"لێی گەڕێ، با دڵی خۆی بەتاڵ کا ـ دڵی پڕە."
ئەرێ وەڵڵا پڕە ـ درۆی بۆ چیە... بۆ پڕ نەبێ! لەجیاتی ئەوەی پێش هەمووان لـەدووی من بنێری، دوای هەمووان بەدوام دا دەنێری... یەعنی ئێستا ئێمـە لەهـەمووان دوورتـر کەوتووینەوە! ئەقڵی ئەوەندەت نەبوو بڵێی ئەوە دایەم بووە، با دڵیخۆش کەم، کـە پـیرەژن بتوانێ لەنێو دەرو جیرانان سەرهەڵێنێ! ئێستا ئەمن بە چ روویەکەوە چاو لەچاوی خـەڵکی بکەم... مەسەلەن لینگە کەوشمان لەدیوەخانێ دا هەبوو، بەلای ناخێرمان دایـەنی ئاغـا بووین، میز و گوومـان لـێ شوتبۆوە! ئەی خوا خەجاڵەتی دنیاو قیامەتت کا، رۆڵە! مـارو دووپشکەکەت بۆمە بوو، شیرنی و هەنگوینەکەت بۆ خەڵك..."
بابم گوتی:"بەچاوان، شیرنیشت دەدەمێ... ئەتۆ ئەوەندە مەبۆڵێنە! یادۆ بـڕۆ شـیرینی بۆ دایە بێنە..."
چووم قاپێکم شیرنی هێنا.
بابم گوتی:"بڵێ زیاتری بۆ بنێن با لەگەڵ خۆی بەرێتەوە!"
دایــە خـەرامان رووی کـردە دوکتـۆر وگوتی:"چـاوت لێیـە! دەڵێـی لەسـەر سـەری دانیشتووم، لێم بە پەلەیە، بە زمانی بێ‌زمانی دەرم دەکا... باشە کوڕم، ئەتۆ خۆش بـی، منداڵەکانت خۆش بن... بەڕاست شێرۆ لەمێژە نەم دیون ئەو توتکە سەگانە!"
دوکتۆر هەروا پێ‌دەکەنی. کەریم دیسان گوتی:"دایە الله اکبر!"
بابم گوتی:"دێن ـ چۆن؟ رەشید دووسێ حـەوتوو لەمـەوبـەر لێرەبـوو ـ نەهاتـە لات؟ حەتمەن سەرقاڵ بووە..."
دایە خەرامان چـاوە شـێواوەکانیی دەرپەڕاندن:"چـۆن! لێـرە بـوو!... کەوایـە دیتـت بەخۆڕایی ناڵێم...! دنیا گۆڕاوە، رۆڵە ـ ئێمە فەقیرین، ئێمە رەعیەتین... ئێوە ئاغـان... ئەی زەمانە!..."
بابم گوتی:"دوکتۆر، ئەگەر بتەوێ هەروا راوەستی و گـوێ لـەو فەرمایشـتە جوانانـە راگری دەبێ تا بەیانی راوەستی. قسەی ئەم خاتوونە تەواوبوونیان نیە..."

دایەخەرامان گوتی:"ئەتۆ راست دەکەی!... بەڵێ! "خاتوون"! پاشـان... "لەبیریشـم چوو چیم دەگوت... دەمەویست شتێك بپرسم ـ هێند ئۆینان دەردێنی لەبیرم دەچێتەوە... ها... وەبیرم هاتەوە: ئەم کچە فەقیرە چۆنە... بۆی نەمێنم یاخوا!"

بابم گوتی:"لەسایەی ئەحواڵپرسییەکانی تۆوە... ئاخر دیار بـوو نیگـەرانی, هـەموو رۆژی دەت نارد ئەحواڵیت دەپرسی..."

"رۆڵە ئەمن چ بکەم ـ ئەمن چیم لەدەست دێ!... ئەمن هەر پـێم دەکـرێ دوعـا بـۆ غەریبی و بێکەسییەکەی بکەم... دوعاش دەکەم ـ ئیدی چ بکەم! بەخوای کەڵـەبابێکم نەزری حەزرەتی غەوس کردوە کە ئیشەڵڵا چا بێتەوە."

بابم گوتی:"ئەدی, ئەوە باوەڕم کرد ـ ئەگەر راست دەکەی بۆخۆمانی بنێرە بیخۆین!"

"بڕوانە ئەم چاوو ڕووەی! بەرەو ڕووی خۆم دەڵـێ درۆ دەکـەی... دەك ڕووڕەشـی دنیـاو قیامەتان بی رۆڵە!..."

"بە جحێڵی دەزانم قەولت نەدەبردنە سەر ـ ئێستا نازانم!"

دایەخەرامان تاوێك چاوی دەچاوییەوە بڕی, دوایە گوتی:"تف لـەو ڕووەت, بێشـەرم!" دوکتۆر قاقا پێکەنی.

دایەخەرامان گوتی:"هەقمە, کوڕم! ئاخر ئەتۆ لێی بپرسە ئەتۆ جحێڵیـی مـنـت دیـوە عەنتەر, کە ئەو فەرمایشتە دەفەرمووی؟

دوکتۆر دیسان لەقاقای پێکەنینی دا.

"هەتیوە ریشی سپی بووە مانای قسەی خۆی نازانێ... هێشتا منداڵە! پیس پیس بـە پیرەژنێکی وەك من دەڵێ کەڵەگات هەبووە! پیاو چ بەحیسانی وا بڵێ... هەر هـیچ نـەڵێ باشترە ـ جوابی نەداتەوە چاکترە."

بابم گوتی:"یەعنی دەفەرمووی جوابی نەفامان بێدەنگییە!؟"

دایەخەرامان گوتی:"ئەمن حەوسەلەی تۆم نیە, بۆخۆت دەزانی دەڵێم چی!"

دوکتۆر دیسان قاقا پێکەنی.

بابم گوتی:"کەوایە کەڵەبابەکەمان بۆ نانێری!"

"نا, کەڵەبابی دەدەم بە موستەحەقێك... بەڵام مریشکێکی قەڵەوی بۆ دەنیرم... بـۆ ئەم کچە غەریبە ـ بۆی بکەنە شۆرباومریشك, بۆ نەخۆشی چاکە..."

بابم گوتی:"هەرمەنییە!"

دایەخەرامان بە سەرسوڕمانەوە گوتی:"وەی! ماشەڵڵا, ئێستا عەیب لەکاری خـواش دەگرێ! باشە هەرمەنیە هەرمەنیە... خوا کردوویەتـە هەرمــەنی... ئـەتۆش بوویـە کەماڵ پاشا... ئەتۆش کلکت لـێڕوا! شۆرباومریشك بۆ نەخۆش باشە...!"

بابم گوتی:"ئێ, کەوایە بۆخۆت دوکتۆری!... چی دیکە بۆ نەخۆشی باشە...!؟ ئەگەر بۆخۆت دوکتۆری ئەدی بۆ هاتوویە لای دوکتۆر!؟"

"رۆڵە, خۆ ئەمن ئەودەرزی و زەڕەبینەم نین...!"

بابم بە پێکەنینەوە بە دوکتۆری گوت:"چاوت لێیــە... حاشـا لەدوکتۆرایەتیەکـەی ناکا ـ وەسیلەکانی نین!" دوکتۆر پێکەنی "دەفەرموو کاك دوکتۆر!"

دایە خەرامان گوتی:"شێرۆ... ئەتۆ مەچۆ دەرێ...!"

"زۆر چاکە نارۆم ـ مەترسە ئاشقت نەبووە ـ ئەگەر دەستی لەجێیەکت دا هاوارکە!"

دوکتۆر ماوەیەك پێکەنی.

دایەخەرامان سەری راوەشاند, وگوتی:"هەیخوا ئـەقڵ بەمنـداڵت بـدا, رۆڵـە, تـازە لەخۆت گوزەراوە!"

دوکتۆر بە پێکەنینەوە "زەڕەبینی" لەسەر هەمووجێیەکی دایە دانـا, "شەمامە"شـی لە قۆڵی بەست وسەعاتەکەی وەکار خست... پاشان پرسی کوێی دێشێ.

هەموو جێیەکی: نێوقەدی دێشــێ, پشــتی دێشــێ, مەواسـیلی "مفاصـل" دێشـێ, لاقی... ئەژنۆکانی زۆر دێشن...

بابم گوتی:"زمانت نایەشێ؟"

دایە خەرامان بە تووڕەیی چاوێکی لـێکرد, بەڵام هیچی نەگوت.

دوکتۆر گوتی:"زۆر باشە!" و یەکێك لەو دەرزیيانــەی لـــێدا کـە ئـێش و ژانــی وەك دووکەڵ بە کونەتفنکان دا دێننە دەرێ. دایەخەرامان گوتی:"ئاخ خ خ! ئەی خوا دەسـت دە عومرت بگرێ, رۆڵە, ئەی خوا عەمرت درێژ کا, رۆڵە... خەریکە هەرچی ژانە لە قـالبم دەچێتە دەرێ... ئای... ئاه ـ ئاخ خ !"

بابم گوتی:"باشە, رەحەت بـووی, دایـە؟ ئێســتا دەبینــی سـبەینێ بوویــەوە کچـێکی چاردەساڵە..."

"رۆڵە چاوم باش نابینن ـ بلێ فکرێك بۆ چاوەکانم بکا..."

"ئەتۆ ئەو رۆژە دەت گوت هەموو شتێك دەبینی ـ چاکت چـاولێیە کـە کـەریم چـۆن لەگەڵ بووکەکەت دەستبازی دەکا... ئەی چۆنەکە ئێستا دەڵێی نابینم؟ حەتمـەن دوایـەش دەڵێی گوێت گران بووە!..."

"دەبینم, رۆڵە ـ واش هەر نیم ـ بەڵام کەمێك تاریك دەبینم ـ گوێشم تۆزێك گران بوون..."

باپم گوتی:"عەرزم نەکردی! بەڕاست, ئاغای دوکتۆر نەت فەرموو جەرگ و دڵی چۆن بوون؟"

"زۆر باشن ـ هەموو جێیەکی ساغە... بۆ چاوەکانیشی دەرمانی دەدەمێ." شووشەیەکی چووکەڵەی لەنێو دەرمانەکان دەرهێنا کە سەرەکەی شتێکی وەك مەمکە فەرەنگیی پێوە بوو. بەکەریمی گوت:"وەرە پێشێ... ئەمە دەکەیەوە ـ ئاوا ـ ئەمە قەترەکێشە... ئێرە جارێك ڕێك دەگوشی, پاشان دەریدێنی... و هەر چاوەی دلۆپێکی بۆ تێ دەکەی..." بۆخۆشی هەر چاوەی دایە قەترەیەکی بۆ تێکرد. "پاشان سەرەکەی قایم دەکەیەوە ـ ئاوا... بۆ پشت ئێشەکەشی حەبی دەدەمێ هەموو شەوێ پێش نوستن حەبێك دەخوا لەگەڵ پەرداخێك ئاو... چی دی؟"

"سلامەتیت رۆڵە" خوا بەرەکەت لەعەمر و ماڵت باوێ!"

باپم گوتی:"دایە, وریا بە, لەلای خەڵکی فیشاڵان مەکە ـ ئەم شووشەیان نیشان مەدە ـ سبەینێ هەموو وەسەرمان دەگەڕێن ـ و ئەمیش لەو یەکە بەو لاوە نیەتی..."

"چاوت لێیە! غەریبە چاکترە... چاوی بەرایی نادا کە شووشە دەرمانێکی چووکەڵەی داوەتە ئەم پیرەژنە...! بەڕاست شێرۆ, دەمەویست شتێك بپرسم... ماشەڵڵا هێند عەزیەت دەکەی پیاو قسەی خۆی لەبیر دەچێتەوە.. ئا... ئەوحەیوانەی باسیان دەکرد ئەمە بوو؟"

بەڵێ, بۆچی, فەرمایشتێکت هەبوو... باش نیە لەوێ کەوتوە!"

"بسم الله!... کێگوتوویە باش نیە... قسەی سەیر دەکەی!... بۆ باش نیە, زۆریش باشە... ماشەڵڵا زۆریش بەدەماخ و بەکەیفە... ئەدی بۆ دەیان گوت شەل بووە...!"

"دەستێکی لەکار کەوتوە بەستەزمانە..."

"ئەی خوا زەلیلیان کا! ئیشەڵڵا... وەڵڵا لەزمانی خەڵکی دەترسم, دەنا ئێستا دەچووم دەستم دەستۆی دەکردو تێرتێرم ماچ دەکرد ـ ئەم جۆرە حەیوانە نەزەرکردەن, رۆڵە... ئەگینا حەیوان چووزانێ ئەمە تورکە, ئەوە پیاوکوژە... نەزەرکردەیە, رۆڵە, قەدری بزانە. دەمەویست ئەوەت لێ بپرسم... چیی پێخۆشە بۆی لێ نێم و بۆی بنێرم؟"

باپم گوتی:"زۆر سوپاس دایە ـ لێرە هەرچی بیەوێ دەی دەمێ... بەڵام ئەو وەختانەی کاری چاك دەکا هێلکەورۆنی دەدەینێ..."

دایەخەرامان گوتی:"ئەی بەو دووچاوانە... بۆی دروست دەکەم و بۆی دەنێرم..."

حەیوانەکە هاتبۆ رووبەرووی جێگای پێشووی. بەجۆرێك کە دەرگای ژووری دادەئامین و کچەکانی هەردووك لێ دیار بن.

ΠΠΠ

ئەو شەوە هەمووی, باس باسی نەخۆشەکان و دایە خەرامان و پاکی و ساویلکەیی خەڵکەکەو پێکەنین بە قسەکان و گلەییەکانیان بوو. تا ئێرە بیروڕای گشتیی دێیەکە بە دووبەش دابەش کرابوو: ئەوانە کە دەرمانی سوور و شینیان وەرگرتبوو, لەگەڵ ئەوانە کە دوکتۆر دەرزیی لێ دابوون و بە زەرەبین دڵ و ریخۆڵەی دیبوون و بەشەمامە دڵی بۆ مشتومالّ دابوون... ئەم بەشەیان پێیان وابوو چاریان کراوە" و ئەوانەش کە"حوب"ی سپییان وەرگرتبوو, و بە زەرەبین تەماشایان نەکرابوو, و دەرزییان لێ نەدرابوو, وشەمامە لەقۆڵیان نەبەسترابوو... ئەمانە هەروا دەیان نالاندو باوەڕیان بەدوکتۆر نەمابوو. لەسەر پێشنیاری بابم بڕیار درا لەسبەینێڕا دوکتۆر دڵ وریخۆڵەی هەموان ببینێ, شەمامە لەقۆڵیهەموان ببەستێو دەرمانی شین کە "بلودومتیل" بوو لە گەرووی هەموان بداو ئەگەر هەبێ دەرزیی کلۆرۆکالسیۆم لەهەموو پیرەژنەکان بدا و ئێش و ئازار لەکونە تفنکانیانەوە دەرکێشێ.

بیروڕای گشتیی خەڵکی ئاوایی لەماوەی یەك دوو رۆژدا کەم کەم یەکپارچە بۆوەو لەهەموو جێیەك هەر تاریفی دوکتۆر, و مۆجیزەی دەواو دەرمانەکەی بوو: ئای ئەو شەمامەیە چ دەکا ـ ئای ئەو "سڵپاتە"* ـ هەتا پەرداخێکی لێ دەدەی بەمندالّ چ دەکا! ئەو دەرمانە شینە هەر باسی مەکە ـ هەموو ئازاری لەش لەگەڵ خۆی دەشواو دەبا... ئەو دەرزییە کە ئازارێ بەکونەتفنکان دا دێنێتەدەرێ! دایەخەرامان دەڵێ رۆژ ئاوا نەبووە هەموو ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە دەبینێ! تەنیا گلەیی ئەوەیەکە دەرمانی چاوی, چاوی نەبرژاندۆتەوە, ئەگەر تۆزێکیش برژاندبایەوە, ئیدی بێعەیب دەبوو!

دوکتۆر مەسەلەکە تێ ناگا, بابم بۆی شی دەکاتەوە: بەگشتی خەڵك پێیان وایە دەرمانێك کە نەبرژێنێتەوە خاسیەتی نیە! "دەرمانی چاك" دەبێ وەك تێزاب بەجۆرێك

---

* سولفات دوسوود.

بىرژێنیێتەوە کە بنیادەم ئاگر بگرێ. "لــەو جــۆرە وەختانــەدا دەڵــێن: برینەکــە دەرمانەکــە دەچێژێ!"

KKK

# ٢٠

تای دادەئامین تەواو بووە, بەڵام بۆخۆی هەروا بێهۆشە" و هـەروا لـەژێر سـێرۆم دایـە" هراند پازدە رۆژێك دەبێ رۆیوە, قەرارە سبەو دووێکی بێتەوە... خوا بکا تـا ئـەوەدەم بـەفر نەبارێ و ڕێ نەگیرێ. دوکتۆر نیگەرانە. نەخۆشەکانی لەشار ماونەوە, بەداخەوە لەشـاریش چەند نموونەیەك تیفووس بینراوە. بەحیسابی وی کاری عیلاجی دادەئامین تـەواوە, و دەبـێ ئیدی وەهۆش بێتەوە. بابم هەمیشـە چـاوەڕوانە مزگێنیـی بـۆ بێـنن کـە ئـامین وەهـۆش هاتۆتەوە...

دوکتۆر ـ بە قـەولی خـۆی ـ چـۆتە "شـاخەوانی". هـەموو بـەیانان دوای سـەردانی دادەئامین و پێڕاگەیشتنی وەڕێ دەکەوێ, کاری تەماشای نەخۆشانی خستۆتە دوانیوەڕۆیان. ئەمڕۆش رۆیشتوە, هێشتا نەهاتۆتەوە, لە نیوەڕۆیە تێ پەڕیوە... چاوەڕوانینی ـ سـفرەیان راخستوە... لەوحاڵەدا دایکم بە چاوی پڕ لەفرمێسکی شادمانیییەوە پەیدا دەبـێ: ئـامین دووجار جووڵا!

خەبەرەکە بەخێرایی بریسکە لە ماڵدا بڵاو دەبێتەوە, دەنگی تەپەتەپی هـەنگاوی وردو خێرا لەدالانێ دەگەڕێ "کـارۆ" لـەبن گەروویـەوە دەنووزێنـێ... بـابم دەچـێ وئـەمنیش بەدوایدا ـ بابم دەچێتە پەنا تەختی و تاوێك لەژوور سەری دادەئامینێ رادەوەسـتێ, و بـە روخسارێکی شاد و پڕلە چاوەڕوانییەوە تێیەوە رادەمێنێ ـ ئـەمنیش لەتەنیشـتی. دایکـم دادێتەوە, دەڵێ:"ئامین, ئامین گیان...!" وەڵامێك وەرناگرێتەوە, دادەئامین دەڵێـی خـەوی لـێکەوتوە ـ نێوچاوان و پشتەلێو وگەردنی ئارەقیان کـردوە, رەگـی بنەوشـەیی گـەردنی لەبن پێستە سپی و ناسکەکەیدا هەڵ داوێ. وەك مێرمنداڵێکی پازدە شازدە ساڵ دەچـێ, کە خەوی لـێکەوتبێ... لەو ماوە کورتەدا مووی سـەری کـەمێك هاتۆتـەوە, قەڵافـەتی مەعسوومانەتر بووە, چاوی دەقووڵ کەوتوون. دایکم دیسان لە ژوور سەری دەڵێ:"ئـامین, ئامین گیان!" دادەئامین سووکە جووڵەیەك دەکا... و ئیدی هیچ...

لەو سەروبەرەدا "رێوی" خۆی دزیوەتەوەو چۆتە سەر پلیکانان, لێواری پلیکانەکان... ویستوویەتی بچێتەخوار, بەڵام کارۆ بە لمبۆزی پێشی پێگرتوەو گێڕاویەتەوە. رێـوی تـوورە

بووەو گوێچکەی دەکێشێ... و کارۆ دەقرووسکێنێ... لەوکاتەدایە کە بابم لەژووری دادەئامینێ دێتەدەر... دەڵێ:"غاردە... غاردە ئەو منداڵە بگرە!" غاردەدەم، منداڵەکە هەڵ دەگرم.

بابم دەڵێ:"ناپیاو، لەجیاتی ئەوەی سوپاسی بکەی گوێچکەی دەکێشی!" بەگاڵتە گوێی دەکێشێ...

"بیکێشم؟ باشە... پێت خۆشە!" منداڵەکە پێدەکەنێ. بابم دەڵێ:"وەڵڵا زۆر نامەردی!" و منداڵەکەم لێ وەردەگرێ. بانگ دەکا:"شیلان... مەنیج!"

خوشکەکان دێن:"بەڵێ، بابە!"

بابم دەڵێ:"رۆڵە، لەکوێن؟ ئەم منداڵە لێرە چ دەکا... بۆ وریا نین!؟ ئەگەر ئەم حەیوانە نەدەبوو لە پلیکانان بەر ببۆوە... وریا بن!"

دادە مەنیج بە قامك لێڕاوەشاندن و چاومۆڕکردنەوە، دووراودوور بەدزی، هەڕەشە لەرێوی دەکا:"زۆر چاکە! مەگەر لەباوەشی بابم نەیە خوارێ!" رێوی پێدەکەنێ و پشت لە دادەمەنیج دەکا. بابم پێ دەکەنێ و دێینەوە دیوەخانێ.

دوکتۆر دێتەوە، دنیایەك داوای لێبووردن دەکا کە وە درەنگ کەوتوە، و باوەشێکی گوڵو گیای پاییزی هێناوەتەوە. ئەی چەند گوڵی جوانن، کە ئێمە تا ئەودەم نەمان دیبوون! راستیان گوتوە کە دیتنی جوانی و تێگەیشتنی جوانییش فێر بوونی دەوێ: ئەو هەموو ماوەیە ئێمە دیبوومانن و دەمان دیتن، و ئێستا پێمان سەیر بوو ـ چۆن، ئەم گوڵانە هی ئەم چڕو کێوەی خۆمانن!

دوکتۆر دەست وچاوی دەشوا، جلەکانی دەگۆڕێ و داوای دەفر دەکا بۆ گوڵەکان. دوو گۆزەی کاشیی تایبەتی ترشیاتی بۆ دێنن و ئاویان تێدەکەن و دوکتۆر زۆر بە سەلیقە گوڵەکان دەڕازێنێتەوە ـ یەکیان لەژووری دادەئامین دادەنێ، لەسەر تاقەی رووبەڕووی تەختەکەی، ئەوی دیکەش لەسەر پەنجەرەی لای شیماڵی دیوەخان.

نانی نێوەڕۆیە دەخۆین کە دەنگی قیڕەقیڕی مریشك لەسەرپلیکانانەوە دێتەبەر گوێ... هەموو ئاوڕ دەدەینەوە، و چاو لە دەرگاکە دەکەین ـ مریشکی چ وەختی!...

کەریمە، کورەکەی دایەخەرامان مریشکێك لەبن هەنگڵ داو قاپێك بەدەستەوە: مریشك بۆ شۆرباوی نەخۆشەکەو هێلکەورۆن بۆ کارۆ:

بابم دەڵێ:"نابابە، دایە قسەی قسەی پیاوانە ـ بەڵام ئەتۆ نەدەبوو بیان هێنی، کەریم... ئێستا هێلکەورۆنەکە شتێکە بەڵام مریشکەکەت نەدەبوو هێنابایە..."

کەریم گوتی:"ئاغا, بۆخۆت دەیناسی ـ ئێستا وای لێهاتوە ناکرێ بی دوێنی ـ لە بیانوویەك دەگەڕێ بۆ جنێودان و قسەی سووك..."

دوکتۆر پێکەنی. بابم گوتی:"بەڕێکەوت بە وەخت بوو... دانیشە پاروویێك نانمان لەگەڵ بخۆ."

کەریم گوتی, خوا بەزیادیکا, نانی خواردوە, و بابم هەرچیی کرد دانەنیشت... بابم گوتی:"زۆر باشە, بیبە, بیدە بەمندالّەکان" دوایە داستانی چوونی ڕێوی بۆسەر پلیکانان و کێشەکەی لەگەڵ کارۆی بۆ دوکتۆر گێڕایەوەو بەمنی گوت کە هێلکەوڕۆنەکە لەگەڵ دەفری کارۆ بەرمە حەوشەی و لەوێ بیدەمێ ـ تا ئێرە بۆن نەکا... لەگەڵ شاهۆ چووین.

پاش نان خواردن دوکتۆر سێرۆمی دادەئامینێی گۆڕی, وگوتی هیواداره ئەمە دوا سێرۆم بێ ـ ئیدی دەبێ وردە وردە وەهۆش بێتەوە, تەنانەت کەمێکیش دواکەوتوە, دەرزییەکەی لێ دا, دەرەجەی بۆ دانا و تەوژمی خوێنیگرت... باشە... تایەکەی بە تەواوی بڕاوە...

ΠΠΠ

لەخەوهەستاوم...* ئارەقم کردوە... لەبیرم نیەکەنگێ خەوتووم... هیچ لەبیرم نیە... شتێك لە هەناوم دا دەیگوت کەخەریکم لەخەونێکی گران وەخەبەر دێم ـ یان وەخەبەر هاتووم... گوێم لە دەنگێك دەبێ... وەك کەسێك لەڕێگای سێفرسەقەوە بانگم بکا:"ئامین ـ ئامین گیان!" زەینم تاریك بوو, بەتاڵ بوو... تەماشای دەوروبەرم دەکەم... ماندووم... هێندێ شت دەبینم... بەلاّم وەك نەم دیبێ, وەك ئەودەمانە کەزۆر ماندوویەو مێشك کار ناکا, و هەرچی دەڵێن تێینەاگەی و هەرچی دەیکەی بۆخۆشت نازانی ـ خەوم لێدەکەوێ... دووبارە وەخەبەر دێم... چاو هەڵ دێنم... دەڵێی نەخۆش بووم... نەخۆشم... مێشکم بەتاڵە... "بە قوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم! کچە جوانەکەم!"

ئەم پیرەژنە کێیە...! چاوم لێڵن, باش نابینم ـ دوورە... دەمەوێ بڵێم وەرە پێش... ناتوانم... دەمەوێ دەست ڕاوەشێنم, دەڵێ:"ئای مەی بزێوە... دێتە دەر" دەنگەکە لە سەرم دا خول دەدا... و دوور دەکەوێتەوە... و دووبارە بەردەبمەوە نێو تاریکایی. بەلاّم لە جێگایەکی مێشکم, وجودم ڕا, شتێك وەك گەرمایی لەشی منداڵ, کەگیانی دایك پڕ

---

* لە زمان ئارمێنەوە دەدوێ ـ و ـ

دەکا, زۆر نەرم,  زۆر بـەئارامی لـەگیانم دا بـڵاو دەبێتـەوە... هەسـت دەکـەم زینـدووم, نوستبووم, نوستووم... خەون دەبینم ـ ماندووم.

ΠΠΠ

دایکم دەڵێ:"دایك بوونەوەرێکی گیان سەختە, بەو هاسانیە تەسلیمی مـردن نابـێ, بەتایبەتی دایکێك کە منداڵی چووکەڵەی هەبێ. چ وەختی مردنە؟ منداڵەکەی تەنیایـە, چکۆڵەیە, منداڵی بـە هیـوای کـێ بـەجێ بێڵـێ! فـەرقی هەیـە لەگـەڵ دایکێـك کـە جووجیلـەکانی پـەرەوازە بـوون, و هێلانەکـەی چـۆل بـووە... دیـارە منـداڵ بـۆ دایـك هەمیشەمنداڵە ـ منداڵیش هەمیشە پێویستیی بە دایك هەیە, بەلام فەرق دەکا, لەگـەڵ منداڵی شیرەخۆرە ـ منـداڵی شـیرەخۆرە پێویسـتیی بەگـەرمای باوەشـی دایکـی هەیـە, پێویستیی بە شیرەکەی هەیە, پێویستیی بە پەنایەکەی هەیە... دایك ئەمانە دەزانـێ... منداڵیش بەقودرەتێ خوای دەزانێ" هەر بۆیە وەختێك دایکی تەمبێی دەکاو لـەخۆی دوور دەخاتەوە, ئـەو زیـاتری خـۆ پێـوە دەنووسـێنێ. خـوا وای دروسـت کـردوون... دایکـیش پێویستیی بەمنداڵ هەیە. بوونی بەبوونی منداڵەکەیەوە بەستراوە. دەزانێ ئەگەر ئەو نەبێ, دنیا نیە, ژیانی بەتاڵە, بۆیە نایەوێ منداڵەکەی بەجێ بێڵێ. بەهیوای کێـی بـەجێبێڵێ؟ کاتێك منداڵ لەسەر خێران گەورە بوو, و لەخەم رست بۆخۆشی دەزانێ کەئیدی ئـەرکێکی لەسەر نیە, کاری خۆی کردوە... دایکان هەموویان وان. وەختێك منداڵەکان لەسەر خێران لەخەم رستن و ژیانیان رێك بوو, ومال وحالێکیان پەیـدا کـردو قسـەی زل زلیـان کـردن, دایکیش دەزانێ کە دەبێ کۆڵەکەی دانێ و لاقی لـێدرێژ دەکا."

ΠΠΠ

لە هەنیسکی گریانی خۆم وەخەبەر دێم*... بۆنێکی خۆشم بەبەر لووتی هەڵلا دێ... چاو هەڵ دێنم, لەمیچی ژوورەکەوە ڕادەمێنم ـ بێفکر ـ بێحاڵ, زەیـنم بەتاڵـە "چـۆن؟" کێیە کە بە زمانی خۆمان قسە دەکا! جـواب نادەمـەوە, پـێم وایـە خـەون دەبیـنم. چـاو

* بەپێچەوانەی هەموو رۆمانەکە کەنووسەری بەرێز لەزمانی "یـادۆ"وە قسـە دەکـا, لـەم بەشـەدا بـەزمانی ئارمێنەوە دەدوێ.

لەروخساری ئەوکەسە دەکەم کە داهاتۆتەوە سەرم ـ نایناسم... دەنگەکە دەنگی هۆسپ نیە... روخسارەکەش روخساری وی نیە... چاو لێك دەنێمەوە.

دەنگی پیاوەکە دەبیسم... "ماندوویە... ڕێیەکی دووری بڕیوە... لاوازە..." چاو دەکەمەوە, روخسارێکی دیکە داهاتۆتەوە سەرم... ئەم روخسارەم خۆش دەوێ... دەست درێژ دەکەم, کە دەستی بگرم, بە پارێزەوە... دەترسم خەوەکەم بڕەوێ... دەست لەسەر دەستم دادەنێ... هەر بەو روخسارە میهرەبانەو بە قەلافەتی ئازار چەشتووەوە دەڵێ, "ماندوویە..." گوێم لە دەنگی ژن دەبێ:"ئەتۆش دڵ ناسك بووی!" گوێم لە دەنگی گریانی منداڵ دەبێ... نازانم بۆ دەشڵەژێم... دەمەوێ هەستم و منداڵەکە ببینم... هەر لەوکاتەدا دوودڵم, پێم وایە خەونە... بەلام هەست دەکەم وەك ئەوەی مەمکم چڵ لێ بدا... بەلام لەمێژە وشکم کردوە... خەونە دەی بینم... دەڵێی کراسەکەم تەڕ بوو!... کراسێك نەبێ نیمە ئێستا چ بکەم!

ئەمانەم نەگوتوون, بەلام گوێم لەدەنگی خۆم هەیە... دەنگی پیرەژنە دلۆڤانەکەش دەبیسم, هەر بەودەنگە دایکانەیەوە:"دەسەر سەرت گەڕێم, رۆڵە" ئەتۆ چاك بەوە... بابت خۆش بێ هەزار کراس بەقوربانی ئەوچاوە جوانانەت! شیلان, مەنیج, بە بابتان بڵێن ئامین گیان دیسان وەهۆش هاتۆتەوە!"

"وەهۆش هاتۆتەوە!"

پیاوێکی ئاشنا, بە قەلافەتێکی ئاشناوە قسەدەکا... خەوم لێدەکەوێ... لەدەنگی هەنیسکی گریانی خۆم وەخەبەر دێمەوە... بۆخۆشم نازانم بۆ دەگریم... ئای, برسیمە... ئەمە چیە لە ژوور سەرم... دەستم... لە دەستمەوە رادەمێنم... دیسان خەوم لێدەکەوێتەوە... "ئامین گیان!..." بە لکی دەسماڵەکەی چاوم دەسڕێتەوە... لە خەوێدا دەنگێکی ئاشنا دەبیسم. "دایە, بابم بانگت دەکا..."

دایە! دایە! خەون دەبینم... دایەی دەبینم لە ژوور سەرم دەگری... بەلام روخساری پێدەکەنێ... حەز دەکەم چاو لە قەلافەتی بکەم ـ چاو لێك دەنێمەوە کەخەوم لێ نەڕەوێ. نەوەك خەوەکەم بڕەوێ و نەی بینمەوە... بەلام دەزانم کەخەوم لێ نەکەوتوە... لەکوێم؟... لەخەودا لەخۆم دەپرسم... لەکوێ بووم؟ بۆ لێرەم!

خەو و بەخەبەربوون بە دوای یەك دا دێن, نیزیك دەبنەوە" تاوێك دەمێننەوەو دوور دەکەونەوە... بەترس ولەرزەوە چاو هەڵ دێنم... نا, بەخەبەرم... لەوگوڵە جوانانە! دایە لە ژوور سەرم راوەستاوە ـ دەگری: بۆخۆی دەگری, چاوەکانی پێ دەکەنن. "دایە بۆ دەگرێ!"

ـ "ناگریم, کچم... خوایە شوکورا... ناگریم... ئەتۆ نارەحەت مەبە, کچم... خوایە هەزارو هەزار بار شوکور, خوایە شوکورا"

"دایە, لەکەنگێوە..." گوێم لێ نیە چیم جواب دەداتەوە, سەرم بەتاڵە... دیسان بە دەنگی گریانی منداڵ وەخەبەر دێم و بەخۆم نیە دەگریم... دایەش لەگەڵم دەگری:"خوایە شوکورا" دایە بانگ دەکا:"شیلان... مەنیج... بە بابتان بڵێن داوای منداڵەکە دەکا..."

گوێم لە دەنگی بابە دەبێ ـ زۆر لەدوورەوە ـ "بۆی بەرن, قەیدینیە, کاك دوکتۆر دەڵێ قەیدی ناکا..." ئای, تازە تێدەگەم پیرەپیاو دوکتۆری بۆ هێناوم! ئەی کە چەندم زەحمەت بۆ دروست کردوون!... دەگریم, ئەمما چۆن! دادەشیلان و دادەمەنیج لە ژوور سەرم راوەستاون ـ خۆشحاڵن, بەڵام دەگرین... منداڵەکە بە باوەشی دادەمەنیجەوەیە... "برۆ دایە... برۆ! برۆ ئامین!" منداڵەکە نایە... روو وەر دەگێرێ. دایە دەڵێ:"مەیەڵە دەست لەو لوولەیە بدا... زۆر باشە, منداڵەکە بەرەوە جارێ ماندوویە!" بە دوو قامکان روومەتی منداڵەکە دەگرێ:"هەی لۆتی... ئێستا ئیدی نامان ناسی ـ زۆر باشە!"

برسیمە... بەڵام خەوم لێ دەکەوێ... دوکتۆر پەیدا دەبێ... دەرزیم لێدەدا... برسیمە... بەڵام هەتا بەیانی دەنووم...

ئەو بەیانییەم قەت لەبیر ناچێ: بەیانی کە وەخەبەر هاتم دوای چەند "سەدە" بۆ یەکەم جار تیشکە رووناکاییەکم دی کە لە لێفەکەی دابوو... چەند جوان بوو... دنیا چەند جوان بوو, ژیان و زیندوومان چەند جوان بوون. دەنگی با چەند خۆش دەهاتە بەرگوێ! لە دەرێ با دەی نەڕاند, بەڵام لەگوێی من نەڕەکەی لە پێکەنینی منداڵ, لەدەنگی باڵندە خۆشتر بوو... هەوا روونە, کەم کەمە بەسەرهاتی دوێنێم وەبیر دێتەوەو لەگەڵ ویش دا بەسەرهاتی دوورترو... نەخۆش کەوتنەکەم... ئێستا ئیدی بەتەواوی هۆشم هەیەو دەزانم خەونم نەدیوە... بەڵام برسیمە. ئەو لوولەیەی بە دەستمەوەیەو ئەو کیسەیەی لە ژوور سەرمە دەبینم... هەموو شتێك دەبینم... نەخۆش بووم.

کاکە یادۆ دێ, هەر بەو زەردەخەنەو قەڵافەتی مەعسوومانەو گەنجانەی... حەز دەکەم لە باوەشی بگرم... دایە تێم دەگا, دەڵێ:"یادۆ گیان, برۆ دادەئامینێ ماچ کە... برۆ کوڕم, خوشکی گەورەتە ـ قەیدی چیە!" یادۆ دادێتەوەو بە شەرمەوە ماچم دەکا... گریانم

سوار بووە. دەش گریم... ئێستا بەخۆڕایی دەگریم. یـادۆ لەگـەڵ دایـە قسـە دەکـا, دایـە دەڵێ"ئامین گیان, بابت ناردوویە ئەگەر ماندوونی, لەگەڵ ئاغـای دوکتـۆر تاوێـك دێنـە لات..." لە خوام دەوێ و دەڵێم کە لەخوام دەوێ.

بابە دێ, گوێم لە دەنگیەتی:"ڕێوی هێشتا نوستوە؟..." ئەی کـە دەنگـی لـە گـوێم خۆشە! دەست دەبەم کە لەچکەکەم چاکەم... لەچك نیە... ئای, پرچەکانم چـێیان بـووە! هیچ ناڵێم, بەڵام ناڕەحەت دەبم. دایەدەڵێ:"ئازیزەکەم, ناڕەحەت مەبە, بـەقوربانی سـەرت بن... جحێڵی, بە دوو ڕۆژان درێژ دەبنەوە... ئێمەش پێمـان نـاخۆش بـوو بـەخوا, بـەڵام وەختێك کاك دوکتۆر گوتی چارەمان نەبوو... ناڕەحەت مەبە کچەکەم ـ بەقوربانی سەرت بن!"

ناڕەحەتم, بەڵام وەسەر خۆمی نایەنم... ماندووم... خەوم دێ... برسیمە. دایـە بـانگ دەکا:"شیلان, ڕۆڵە, سەرینێك بێنە لەپاڵ پشتیدانێ, با پـاڵ داتـەوە ـ بـابی خۆشـحاڵ دەبێ..."

بابە دێ, لەگەڵ دوکتۆر. دوکتۆر بە زمانی خۆمـان ئـەحواڵم دەپرسێ:"باشـە ئیـدی, وەڕێ کەوتوویەوە..." دەپرسم چەند ڕۆژە؟ دەڵێ:"زۆر نیە ـ بیست ڕۆژێکە."

بیست ڕۆژ! زۆر نیە... دەرەجەم بۆ دادەنێ... پاشان:"نا, ئیدی چاك بوویـەوە, ئـەمڕۆ ئەم سیڕۆمەش لادەبەم و سیرۆمی دیکەت بۆ دانانێم... و ئەگەر هراندیش بێ, ئیدی ئەمن خواحافیز... خۆشحاڵم!" گووشیەکە (سماعە) دادەنێ, سـنگ و زگـم فـەحس دەکـا... بابەش ڕاوەستاوە... "دەزانم برسیتە, ئەمڕۆ دەبێ ئاوی مریشـکی بخـۆی... جـارێ نـانی ناخۆی... نابێ سەرماش لێت بدا... ئەم یەك دوو ڕۆژە دەبێ بەبرسیەتی ڕابوێری..."

بابە سوور بۆتەوە" تاوێك دەست لەسەر دەم وچاوی دادەنێ, چـاو بـەر دەداتـەوە, دوایـە دەست لەسەر چاوی هەڵ دەگرێ:"چۆنی کچم؟ خۆشحاڵم... زۆر خۆشحاڵم... نـازانم بڵـێم چی... هەر ئەوەندە کە دەت بینم چاکی, ئیدی ئارەزوویەکم نیە... ئەم ماوەیە زۆر تاڵمان لـێ گوزەرا. خۆشحاڵم...!"

ئەی چ نوورێك لەو سیمایەی دەباری! دەمـەویست ئەمـبازی بم و تێر تێر ماچی کـەم... بەڵام نەم دەتوانی.... زۆر شت هەبوون دەمـەویست بیانڵێم, بەڵام گریان دەرەتانی نەدام... ئەوەندە نەبێ کەگوتم:"ببوورە, بابە...!"

"خوا لێت ببووریٚ, رۆڵە" هەموو زەحمەتەکە کاك دوکتۆر کێشای. ئەمن بەقەد دنیایەك سوپاسی دەکەم..."

دایەگوتی:"ئەریٚ وەڵڵا, خوا دەستی دەعومری بگریٚ..."*

ПП П

بابم گوتی:"ئەدی وەسمان و شاهۆ لەکوێن...؟"

گوتم:"بابە, لە پشت دەرگا راوەستاون..."

گوتی:"ئەی بۆ نایەن؟... وەرن, وەرن. بەستەزمانانە زۆر خەفەتبار بوون..."

هاتن, دەستیان دەستۆی دادەئامین کرد و ماوەیەك گریان... بابم گوتی:"منداڵینە هێشتا زووە, زۆری ماندوو مەکەن ـ ماشەڵڵا منداڵی ئاقڵن... دنیایەك خۆشەویستین...! منداڵەکەشت دی, شوکور بەدەماخە... لە دوکتۆریش زویرە..." و پیٚکەنی. "دوایە بۆت دەگێڕمەوە. حەیوانەکەش سلامەتە. ئەمڕۆ هێلکەورۆنمان دایە... فاتم, ئەمڕۆ بوو یان دوێنیٚ؟"

دایکم گوتی:"پێم وایە ئەمڕۆ بوو..."

گوتم:"دوێنیٚ بوو!"

بابم گوتی:"ئەم گولانەش کاك دوکتۆر بۆی چنیوی... زۆری زەحمەت کێشا..."

دوکتۆر گوتی:"ئەرکی سەرشانم بوو... دەی, خۆ باشی... دووسیٚ رۆژی دیکە هەڵ دەستیەوە... بەڵام دەبیٚ وریا بی, سەرمات نەبیٚ..."

بابم گوتی:"ئەدی, رۆڵە... هەوڵ بدە ئیشەڵڵا زووتر وەرِیٚکەویەوە... خوا یار بیٚ زستان ئەوە تەواو دەبیٚ" ئەگەر تۆزێك هاتیەوە سەرخۆ وەڕیٚ دەکەوین ئیشەڵڵا..."

دادەئامین گوتی:"باشم بابە. وەزعم باشە!" پیٚکەنی و سەری راوەشاند.

دوکتۆر و بابم لە پەنا تەختی دادەئامین قەرار و مەداریان دانا بۆ ئەوەی خاترجەم بیٚ. بڕیار درا بەهاریٚ هەرکە ریٚ کرایەوە هراند بێت و بابم و دادەئامینیٚ بەرێتە شاری...

بابم گوتی:"رێوی خەوتوە, ئەگەر هەستا دایکت دەڵیٚ منداڵەکان بۆت بێنن."

وەسبەینیٚ را هراند هاتەوە, و وەدووسبەیڕا دوکتۆر رۆیشت... بە پێکەنینەوە کەوچك و چەنگاڵەکەی لەگەڵ خۆی بردن, و تەختەکەی دادەئامینێی بۆ بابم دانا" بابم و

* لێرەدا قسە گێرانەوە لەزمانی ئارمێنەوە کۆتایی دیٚ.

براکان و ئەمن هەتا بــن ماشــێنەکە بــەڕێمان کــرد. بــابم زۆری هــەوڵ لەگــەڵ دا هــەقی چارەسەرەکە وەربگرێ, بەڵام دوکتۆر قبووڵی نەکرد, و بابم بە کۆڵێــك داوای لێبووردنــەوەو بە پێداگرتن دەستێك رانکوچۆغەی بە دیاری دایە... "ئەمە ئیدی قابیلی نیە... ئەمــە خۆ دراو نیە. یادگارییە... هەروەك چەنگاڵەکەت لەگەڵ خۆت برد, دەبێ ئەمەش بەری!" و دوکتۆر قبووڵی کرد.

KKK

## ٢١

دووسێ ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی دوکتۆر هەوا زۆر تووش بوو, گەردەلوولێك بوو چاو چاوی نەدەدی" لەماوەی دوو شەوو ڕۆژدا گەزێك بەفر کەوت. خوا ڕەحمیکرد, ئەگەر ئەم بەفرە چەند ڕۆژ پێشتر بارییبایە دوکتۆری فەقیر لەکارو کاسبی دەبوو.

دادەئامین کەم کەم پێیگرتۆتەوە, ماڵەکە وەك پێشووی لێ هاتۆتەوە. ئەمن لە لای دادەئامین دەخوێنم, ڕێوییش خەریکی پێهەڵگرتنە. دایکم دەڵێ:"هاوار بۆ ڕۆژێك کە ئەم مەیموونە پێهەڵ گرێ ـ ئیدی دەبێ قاپ ومەنجەڵەکانیش بەدەرزی لە بەرۆکمان قایم کەین!"

ڕێوی بە گاگۆڵکە دەڕوا, یەکسەر بۆ لای تاقەکە, بە پارێز خۆی هەڵ دەکێشێ, یەك دوو جار دەکەوێ... و هەموو جارێ ئاوڕ دەداتەوەو ئێمەش هەمووجارێ بە چاوی بە پێکەنینەوە سەر دادەخەین, یان ڕوو وەردەگێڕین, و وا نیشان دەدەین کە چاومان لێ نەبووە... ئەو سەرلەنوێ هەوڵەکە دەست پێ دەکاتەوە... سەرەنجام بەهەر جۆرێك بووە سەری قامکە چکۆڵەکانی لەلێوی تاقەکە گیر دەکاو خۆی هەڵ دەکێشێو ئاوڕ دەداتەوە, و ئێمە هەموومان بەپێکەنین و بارەقەڵڵاگوتنەوە چاوی لێدەکەین, وئەو خێراخێرا لەم سەری تاقەکەوە دەچێتە ئەوسەرو دەگەڕێتەوە... جاری وایە دەکەوێ... جارجار لەنیوەی ڕێ دا ڕادەوەستێ, دەستی لە لێواری تاقەکە دەکاتەوە. زۆر بەپارێزەوە وەك ئەوەی تۆزاوی بووبن دەستەکانی ڕێك دەخا, تەماشامان دەکا, و دوایە دەلەرزێ و تەپ ها دەکەوێ...! ماندوویە... ئەو وەختانەی دەکەوێ بە گاگۆڵکە هەڵ دێ بۆ لای مە... دایکم دەرەتانی پێنادا, هەڵی دەگرێ, لەسەر کۆشی دادەنێ, و دەست دەبا لەبن کراسەکەوە بە بەری دەست خێراخێرا دەست بەزگی دادێنێ. منداڵەکە پەلەقاژە دەکا, خۆی وێك دێنێ و قژقژ پێدەکەنێ و ئێمەش گرگر پێ دەکەنین...

لەگەڵ دادە مەنیج نێوانی لەهەمووان خۆشترە... دادە مەنیج ڕاستی دەکاتەوە... "زۆر باشە... ئێستا ڕاوەستە بزانم... ئا, بارەقەڵڵا!" بۆخۆی لێی دوور دەکەوێتەوە, پاشان دەستی بۆ درێژ دەکا, و دەڵێ:"باشە... ئێستا وەرە... نەکەوی... پەلەمەکە... ئا,

بارەقەڵڵا!" و بەپێکەنینەوە چاو دادەپچڕێ "ئـا, بارەقـەڵڵا... کـوڕی چـاك!" ڕێـوی دوو هەنگاو بە لەرزەلەرز دێ, سام دەیگرێ و دەکەوێ... چەنەگەی وە عـەرزێ دەکەوێ... لـە بـانگی گریانـێ دەدا... دادەمـەنیج بـە سەرسـووڕمان و ناڕەحەتییـەوە دەڵێ:"ئـێ... خوێیەکەت لـێ ڕژا!" و دەست بۆ چەنەگەی دەبا. منداڵەکە ژێر دەبێتەوەو بۆ خوێ ڕژاوەکە دەگەڕێ و بیر لەوکارە خەراپە دەکاتەوە کەکردوویەو نەیدیوە... دادەمەنیج دەرفەتی نادا, هەڵی دەگرێ و وەبامی دەدا. بابم دەڵێ:"ماندوو بووی, ئێستا تۆزێك بحەسـێوە دوایـە..." دوایە "باشە"و دەستێك بەسەروگوێی دا دێنێ.

دایکم دەڵێ:"ئاغا, بە قودرەتی خوای گیانلەبەرانیش وان. چاوم لە چۆلەکان دەکرد ـ کە وەختی دێ بەچکەکانیان دەبەنە سەر ئەم دارە هەڵیان دەفڕێنن ـ فێریان دەکەن. دایکەو بابەکانم دەدیتن کە بۆخۆیان لە سووچێك وێستاون و بەچکەکانیان هان دەدەن, چـۆن ئـەتۆ یان مەنیج لە دوورەوە دەست رادەوەشێنن و بانگی منداڵەکە دەکەن, ئەوانیش رادەوەستانو بە باڵەفڕکە بانگی بێچووەکانیان دەکرد. بێچووەکە بە تـرس و لـەرزەوە لـەم لکـەوە هـەڵ دەفڕی بۆ ئەو لك... باوەڕ بکە دەلـەرزی, ئاغـا... بـەقودرەتی خـوای, جـاری واش بـوو دەکەوت و دایکەو بابەکە دەگەیشتنە سەری و جیکەجیکیان دەکـرد. سـەرەنجام بـەجۆرێك راستیان دەکردەوە... ئەمنیش دڵم دەمستم دا بوو کەنەکا پشیلەی سەگباب خێـو پەیـدا بێ!"

بابم دەڵێ:"بەڵێ ئیدی, سروشتە..."

ڕێوی ئیسڕاحەت دەکا. بابم دەڵێ:"خەراپی پاڵ داوەتەوە, ناپیاو... هـەربینا میزەکـەی کرد!"

دادەئامین دەڵێ:"بیدە بە من بابە!" دەست درێژ دەکا, ڕێوی سەر رادەوەشێنێ ـ ناچـێ. بابم دەڵێ:"بەڵێ, جێیەکەی گەرمە, بچێتەکوێ! خوا دای ناوە بۆ میزکردن, وایە, ڕێوی؟" تەزبیحەکەی لە پێش رادەگرێ:"هەستە کوڕم, ئەمە بدە بەدایە ـ ئـا, بارەقـەڵڵا!" ڕێـوی تەزبیحەکەی وەردەگرێ, بە کۆمەگی بابم هەڵ دەستێ, و وەڕێ دەکـەوێ بـە باڵـە فـڕە... دووهەنگاو دەڕواو خۆی لە کۆشی دایکم داوێ, کە دەستی بۆ درێژ کـردوە. دایکـم تاوێـك بەسنگی خۆیەوە دەنێ, یاریی بە سـنگی و زگـی دەکـاو دەیداتـە دەسـتی دادەئـامین... دادەئامین دەڕوا...

سەرەنجام ڕێوی باوێشکی دێتێ و بە دوو دەسـتە چـکۆلەکانی چـاوان هـەڵ دەگلۆفـێ" دایکم دەڵێ:"ئامین, ڕۆڵە, منداڵەکە خەوی دێ..."

بە ڕۆیشتنی منداڵەکە هەموو بڵاوەی دەکەن. ئەمە سەرگەرمیی شەوانەی بنەماڵەیە.

بـەلاّم دادەئـامین ئـۆقرەی لــیٚبڕاوە... ئـەم زسـتانە کـەنگیٚ تـەواو دەبـیٚ! دایکـم دەیگوت:"بەقودرەتیٚ خوای... دەلّیٚن هیچ ژنیٚك بـە بـەختی خـۆی رازی نیـە... بـەلاّم, ئاغا, ئەم ژنە بە بەختی خۆی رازییە. بۆخۆی هیچ نالّیٚ, بـەلاّم ئـەمن دەزانم. لەحزەیـەك میٚردەکەی لەبیر ناچیٚتەوە... خۆی بەئاو وئاوران دا دەدا بۆ ئەوەی تاویٚك لەبیری بچیٚتەوە ـ ناتوانیٚ... رەنگە لەبـەر ئـەوەش بـیٚ کـە لـەلای نیـە... ئاغـا, ئەگـەر بلّیٚـی زیٚڕیٚـك, مرواریییەك, یان یاقووتیٚکی واشی بۆ کڕیـوە, واش نیـە, خۆیـەتی و ئـەو جووتـە گـوارە چووکەلّەو ئەم ئەلّقە ناسکەو ئەم زنجیرە باریکە...

لەپیٚش دا پیٚم وابوو زیٚڕەکەی لەلای دایکیەتی, یان لەجیٚیەکی داناوە ـ بەلاّم لـەخۆیم پرسی گوتی هەر ئەوەیەکە دیوتە. پیٚم گوت:"رۆلّە, دیٚتە پـیٚش, دنیایـە... دار وەختیٚـك رووت وقووتە وەختیٚك بەگەلاّ داپۆشراو... میٚـردیش وەختیٚـك لەمالّـەو وەختیٚـك لـەمالّ نیە..." دەلّیٚ:"دەزانم, دایە, خوا بکا مابیٚ ـ ئەمن چیی دیکەم لەخوا ناویٚ ـ هەر مابیٚ, بەسە...!"

بابم گوتی:"ئەوان وەك مە نین... لە نیٚو وان کچ بە ئارەزووی خۆی میٚردی دەکا, ئـەوە نیە دە دیٚ ئەولاتر فلاّن ئاغا بنیٚریٚتە سەر کچیٚ من یان ئەمن بنیٚرمە خـوازبیٚنیی کچـیٚ وی وکچ وکوڕ لە نەدیتە ببنە ژن و میٚرد... لەنیٚو وان کچ وکوڕ یـەکتر دەبیـنن, لەگـەلّ یەکتر دەگەڕیٚن... پاشان ئەگەر یەکتریان خۆش ویست دەبنە ژن ومیٚرد... ئەمـە فـەرقی هەیە لەگەلّ کاری عەشایریی خۆمان..."

دایکم گوتی:"ئا, کـەوابیٚ بۆیـە! دەبیـنم چـۆن مندالّەکـە بەسـنگیەوە دەگوشـیٚ... بەستەزمانە بۆنی میٚردەکەی بەکوڕەکەیەوە ناوە! دیارە ژیانیٚکی خۆشی لەگەلّ میٚردەکـەی هەبووە, ژنیٚکی خۆڕیٚکخەرو بەگویٚیە... خـوا هەقـە, ئاغـا, لەوماوەیـەدا "نـا"م لــیٚ نەبیستوە, جگـە لەوەکـە بلّیٚ:"بەچـاوان دایـە, بەسەرچـاو بابـە!" هیچـی دیکـەم لــیٚ نەبیستوە... بەلاّم بەستەزمانە بیٚقەرارە, خەریکە دەتویٚتەوە!"

بابم گوتی:"دەزانم, دیومە... باشەئیدی... وەك دەلّـیٚن گامـان گـوڕاوە, هـەرکلکی ماوە... ئەم یەك دوو مانگەش دەڕوا...!"

ΠΠΠ

بەرەبەرە بەهار هاتوە ـ هەتا زسـتان لـەلوتکی "باسـکەڕەش" دیٚتـە خـواریٚ, بـەهار لەژیٚلّلاّ دیٚ. پیاو پیٚی سەیرە... لەو هاتن وچوونەدا چۆنە تیٚـك هـەلّ نـەنگوتوون! عـەرز

وەخەبەر هاتبوو, وەك دادەئامین, و هەناسەی قوولّی هەلّ دەكێشا ـ دەت گوت ماندوویە, دەت گوت لە ڕێیەكی دوورەوە هاتوە ـ دەت گوت تووشی زۆر گیروگرفتان بووە" لەو ساردو سەرمایەدا هەناسەی وەك لیباسێك كە لەبەر ئاگر وشكی كەیەوە هەلّمی لێ‌هەلّ دەستا. بێ‌قەراریییەكەی دادەئامین زیادی كردبوو... دێ لە جموجۆلّ دا بوو, جۆیەكانیان جۆمالّ دەكرد, میزاویان لە زەوییان دەشوت.

بەهار هاتبوو, سروشت لەخەوی زستان راپەڕیبوو, وەك ڕۆژەكانی هەوەلّی وەهۆش هاتنەوەی دادەئامین ـ برسی بوو, و بەشی زۆری دەگریا: ئاخر دادەئامینیش هەتا شۆرباومریشكەكەی پێ‌دەگەیشت وەك مندالّی چووكەلّە دەگریا ـ ڕاست وەك ڕێوی, كە ڕانەدەوەستا شووشە شیرەكەی سارد وەبێ...

زەوی مەڕومالاّت زوو دەستی پێ‌كردوە... دوای نانی نیوەڕۆیە دانیشتووین ـ ڕێوی لەسەركۆشی بابم جێی خۆی خۆش كردوە. بابم دەلّێ:"ڕێوی, ڕەفیقم بۆ پەیدا كردووی! بزنەڕەش كاریلەیەكی چووكەلّەی بووە لەخۆت شەیتانتر ـ دیوتە!" دەلّێ:"یادۆ, بە ڕەحیمی بلّێ كاریلەكە بێنێتە سەرێ... ئامین ئەتۆ دیوتە؟"

دادەئامین دەلّێ:"بەلّێ, بابە, دیومە ـ زۆر جوانە..."

دایكم سەر رادەوەشێنێ ـ پیرەپیاو ـ سەرگەرمی بۆخۆی دادەتاشێ!

ڕەحیم كاریلە بەباوەشەوە دێتە سەرێ... دادەئامین دەلّێ:"ئەی لەو مووە مۆنج مۆنجە جوانانە... گوارەشی هەن, بابە!" و وەك دەست بەبالّێ پەپوولەدا بێنێ, بەسپایی دەست بە پشتی كاریلەكەدا دێنێ...

ڕەحیم كاریلەكە لە نێوەڕاستی ژوورەكە دادەنێ ـ ڕێوی حەبەساوە... كاریلە دەردەپەڕێ... و ئەو بەدوایدا... دووهەنگاو بەپێ, دوایە بەگاگۆلّكە. كاریلەكە دەگرمەوە ـ حەز دەكەم بزانم ڕێوی دەیەوێ چ بكا... دایكی دێ, دەست بەسەر مووی كاریلەكە دا دێنێ... دەلّێ:"بێری... بێری...! ڕووبیك گیان... ماچی كە.. چاو چەند جوانە!"

ڕێوی ماچی دەكا...

بابم نوقلّێك لەگیرفانی سەلّتەكەی دەردێنێ‌و دەیدا بەكاریلە ـ كاریلە نوقلّەكە دەخوا, و دەمی دەلێسێتەوە, و دووبارە بۆن بە بابمەوە دەكا ـ نوقلّی دیكەی دەوێ!... هەموومان پێ‌دەكەنین...

بەهار هاتوە, بەلاّم وەك یەكەم ڕۆژەكانی پێ‌هەلّگرتنی ڕێوی هێشتا بەچاكی وەڕێ نەكەوتوە ـ جارجار كە دەكەوێ بەگاگۆلّكە دەڕوا! سەوزەگیا هێشتا مندالّ بوون...

ئاوەکان هیشتا منداڵ بوون, و وەك ئەو کچۆڵانە کەیاری لەگەڵ بووکەکانیان دەکەن بە دەنگێکی منداڵانە گۆرانییان دەگوت و قژقژ پێدەکەنین و شەووڕۆژ چیرۆکیان بۆ گابەردو خیزو دارەکان دەگێڕانەوە... هێندێ جاریش کە لە چیاکان دەباری, وەك دایکەگەوران دەیان بۆڵاند.

بەهار هاتبوو" ئەمجاریش وەك هەمیشە جلەکانی نوێ بوون ـ هەموو ساڵان جێژن دەهات... ئەمساڵیش هاتبوو, و جێژنانەی بۆ هەمووان هێنابوو... لەك لەکیش هاتوونەوە. دایکم دەم بەپێکەنین و چاوبەئەزرەت دەڵێ:"دێمانەتان بەخێر!... چەند چاك, زیارەتی خۆتان کرد وهاتنەوە! خۆزگە بەخۆتان, کوێتان پێخۆش بێ دەچن ـ وەك مە لەم چواردیوارەدا حەبس نین!"

لە هەموو جێیەك قوڵتەقوڵتی ئاو, قاووقیژی باڵندان, هاژەهاژی چۆمان, وزەوزی مێشەنگوینەو چپەچپی ئاوی کانی بوو, و هەر کانی بوو لەهەموو کەلێن وقوژبنان هەڵ قوڵیبوو... روون وەك چاوی قرژاڵێ. هەر دارو درەخت بوون کە وێ رانەگەیشتبوون بۆ جێژنی جلکی نوێ بدوورن و هەروا بەجلکی بنەوە دانیشتبوون, وەك ئەو پیاوە وەنێو کەوتووانە کە پاش هاتنەدەر لەحەمامێ ماوەیەك بە جلکی ژێرەوە دادەنیشن تا دوایە بە کاوەخۆ جلکان لەبەر بکەنەوە.

بەیانییان زوو چۆلەکە هەراو هۆریایەکیان ساز دەکرد کە گوێت لە دەنگی چۆمیش نەدەبوو... چما دەت توانی سەر لەبەیانی سەرخەوێکی باش بشکێنی! بەوحاڵەش, هیچ جێی نارەحەتی نەبوو... سروشت جۆرێکی لێهاتبوو, هەموو بەپەلە بوون, دارو درەخت نەبێ... هەموو, لەمێشەنگوینە را بگرە تا هەموو شتێك زمانیان پژابوو... رێوییش کەم کەم زمانی پژاوە... ئەویش جیکەجیکی خۆی دەکا... هەر کە چۆلەکەیەك دەبینێ دەڵێ:"جووجوو!" بابە بابەیەکیەتی, بابم لەخۆشییانی خەنی بووە. لەدالانێڕا گوێمان لە دەنگی دەبێ:"بابە, بابە!" بابم جوابی دەداتەوە:"رێوی, رێوی!"

زەوی پشوو دەدا... بەفر دەبارێ... زۆر ئارام ـ بێهەراو هۆریا... بەڵام هەر دەگاتە زەوی دەڵێی مێشوولەیەکە لەسەر تاوەی سوورەوە بوو نیشتوە, رێك دێ و دەبێ بەئاو, راست لەجێی خۆی ـ تەنانەت "چزە"شی لێنایە... سەیر ئەوەیە کەسیش بەو بارینە قەڵس نیە ـ هەموومان دەزانین نامێنێتەوە. بەوحاڵەش دادەئامین نێوچاوان تێك دەنێ و دەفکرەوە دەچێ... و جاری وایە بەدوای فکروخەیاڵ دا ملی لاڕێیەك دەگرێ و ون دەبێ... پارووی لەدەم دا لەبیر دەچێتەوە...

به ڕێکـەوت قەڵافـەتی بابیشـم داگـیراوە... کـە بۆچـی بـەفر نامێنێتـەوە!؟... لـە بەرامبەردا روخساری دادەئامین ڕۆژ بەڕۆژ گرگرتووتر دەبێ, گووپی گوڵیان کردوە.

دایکم دەڵێ:"چ بکا پیرەپیاو! زستانی لـەبیر نەچـووە... ئـەو فەقیرانـەیان قـەتڵوعام کردوە (مەبەستی ئاگری بوو)... ئەگەر خەبەرێك هەبێ, هـەر ئەمەیـە کـە ئەوەنـدەیان کوشتوون, ئەوەندەیان لە سێدارە داون, ئەوەندەیان لەسەر ماڵ وحاڵیـان هـەڵ کەنـدوون و خوا دەزانێ بردوویاننە کوێ... یان ئەوەنـدە دێـیان سـووتاندوون... خـوا کوێریـان کـا! ناشکوری نەبێ ئەم ڕۆژانە کوا خەبەری خۆش... خەبەری خۆش بۆتە کیمیا ڕۆڵە“ خەبـەری ناخۆشیش ناشکوری نەبێ لە هەموو ماڵان هەیە ـ کوا سەرودڵی خۆش! سـەگ مردووانـە سەرودڵی خۆشیان بە کەس نەهێشتوە... پیرەپیاو هەقیەتی!"

بەڵام ئێستا پێم وایە شتێکی دیکەش هەیە: بابم "پێوە" ببوو: دەی زانی بە ڕۆیشـتنی دادەئامین و منداڵەکەی ماڵەکەمان چۆڵ و بێدەنگ دەبێ, و ئەو دەبێ لەگەڵ خۆی و خۆی دانیشێ... چەند دەکرێ قەدەم لـێ بدا, یان سەعات قورمیش بکا, یان لە پەنا پەنجـەرە دانیشێ, و لە دیوارەوە رامێنێ, یان لەگەڵ مامۆستا قسان بکا... !

ئەمن هەروا لە لای دادەئامین دەخوێنم... دادەئامین دەڵێ وەختێـك چـووینە شـاریش دەرست پێدەڵێم ـ چونکە هێشتا نە لە براکانی خەبـەرێك هەیـەو نـە لـە مێردەکـەی ـ ناچارە ماوەیەك لە لای خەلیفە وەمێنێ ـ یان ئەمن دەچمە خەلیفەخانـە, یـان ئـەو دێتـە لامان ـ هێشتا تەکلیفی روون نیە...

هەردەم و ساتێك لەوانەیە هراند بێتەوە“ چۆمێکی لەسەر ڕێگا نیە, هەر دووسێ ڕۆژان نەبارێ و ڕێگا وشك بێتەوە, دەتوانێ بێ. شەوە, دانیشتووین“ دادەئامین چووە ڕێوی بشـواو بێخەوێنێ... بابم دەڵێ:"فاتم, بەنیازم لە شاری ئیشەڵڵا مزڵێك بگرم ـ ماوەیەك لـەوێ بین... بۆ ڕەشیدم نووسیوە بێ, ئەو ماوەیە کە ئێمە لێرە نیین, لێرە بـێ... یـادۆ دەبـێ ئیمتیحان بدا و بخوێنێ... هەموومان پێکـەوە دەچـین (خوشـکەکان خۆشـحاڵ دەبـن ـ شاریان نەدیوە)... کچەکان لێرە دەبن (کچەکان نێوچاوان گرژ دەکەن) ... ئەگەر پێـت خۆش بوو ئەم سێچوار مانگە لە لای یادۆ دەبین هەتا نەختێك دادەمەزرێ... دوایـە هـەر ئەم هراندە بە دوای کچەکان دا دەنێرین, یان بە یەکێك لە نۆکەرەکان (نێوچاوانی کچەکان دەکرێتەوە) ئـاوو هەوایـەك دەگـۆڕین... هـەتا کـەنگێ بـە دڵەخورپـەی بـاش چـاوەشو عەسکەرو نیزامیەیانەوە دانیشین! کوڕەکان هەن ـ فێر بوون... ئەمڕۆش نەبێ, سـبەینێ دەبێ ئێرە بەڕێوە بەرن... ئەمن هەر پێم وایە ڕەشید بە ژن و ماڵەوە بە یەکجاری بێتـەوە

ئێرە تا هەم ئەو وەختانەی لێرەین تەنیا نەبین و هەم... کوڕەگەورەی ماڵێیە, ئیدی, بابێ لە جێی خۆی دانیشێ... خۆ ڕۆژێك هەر دەبێ دانیشێ... "

دایکم دەڵێ:"نا, ئاغا, ئیشەڵڵا... ئیشەڵڵا ئەمن ئەو ڕۆژە نابینم!"

بابم دەڵێ:"باشە ئەتۆش نەی بینی, یەکی دیکە هەر دەی بینێ ـ بنیادەم عومری نووحی نیە ـ دەبێ ڕۆژێك بڕوا ـ بیەوێ , یان نەیەوێ... ئێمەش پیر بووین ـ هەقمانە دووسێ ڕۆژێك ئیسراحەت بکەین... ئەم جارە فریا نەکەوتین, بەڵام لەوێ دوکتۆر هەیە ـ خۆمان بە دوکتۆریش نیشان دەدەین... یادۆش بە تەنێ نیە... "

دایکم دەڵێ:"بۆخۆت دەزانی... دەزانم تەنیای... بۆخۆت دەزانی..." لە بنەوە چاوێك لە بابم دەکا ـ هەست دەکەم دڵ پیسیەکەی جارانی وەخەبەر هاتۆتەوە. ئەم حاڵەتە زۆر ناخایەنێ. دادەئامین خەریکە حەمامێ بە ڕێوی دەکا. دەنگی دەرهاتوە ـ ڕێوی نایەڵێ:"خەوی رەویوە, دەیەوێ بێتەوە. "ڕێوی:" ئێستا بەڕاستی ڕێوییە, هەر دادەئامین لێی غافڵ بێ فیزماڵکی دەداتێ و دەردەپەڕێ... لەپڕ دەبینین بە هەنگڵەشەلە دێ, ڕووت و قووت... سەیر ئەوەیە ناش کەوێ, ئاوا بە پەلە دێ کەچی ناکەوێ هەموومان پێ دەکەنین, هەموو دەیکەنە هەرا... بابم دەڵێ:"وریا بە نەکەوێ... !" بەڵام ناکەوێ, دێ و خۆی داوێتە باوەشی بابم... و دادەئامین بە پێکەنین و بە شەرمەوە بەدوای دادێ, ئاوو کەفە سابوونی لە باسکان دەچۆڕێ.

"بابە, لانیکەم جەنابت شتێکی پێ بڵێ ـ دەی بینی!... زۆر باشە, لە بیرت نەچێ. ئێستا خۆت وەشێرە, دوایە بە خزمەتت دەگەم!" وەك هەموو دایکێك هەر لەوکاتەدا کە نارەحەتە چاوەکانی پێ دەکەنن, و منداڵەکە بە هەستی منداڵانەی خۆی دەزانێ ئەم جۆرە هەڕەشەیە هیچی لە پشت نیە.

بابم دەڵێ:"ئێ ئێ... عەیبە کوڕە ـ حەیات بێ! لێرە ژن دانیشتوون! ئێئێ..." و دەست دەکا بە دەست تێوەردانی سنگ و پشت و هەموو لەشی. دادەئامین ڕاوەستاوە, سوورهەڵ گەڕاوە, ئارەقی کردوە... بابم دەڵێ:"ڕێوی لێرە نیە... چۆتە جێیەك خۆی شاردۆتەوە! ... هەموو گیانم تەڕ بوو ـ هەی نەحلەتت لێ بێ!" و بە گوێیدا دەچپێنێ:"خۆت بشارەوە بڕۆ بن سەڵتەکە" دوایە ڕوودەکاتە دادەئامین و دەڵێ:"لێرە نیە, ڕێوی... ون بووە!... " دوایەش:"دیارە خەوی نایە, لێی گەڕێ با دووسێ دەقیقەیەك لێرە بێ... " بەڕێوی دەڵێ:"زۆر باشە, دانیشە ـ کاری پێت نیە... شتێك بێنە... خاولیەکەی پێدا دە با سەرمای نەبێ... " ڕێوی لە بنەوە چاو لێدەکا, ئاوڕ دەداتەوەو لەسەر کۆشی بابم پاڵ دەداتەوەو بە قەڵافەتێکی زۆر جیددیەوە چاو لە خۆی دەکا...

بابم دەڵێ:"کوڕە عەیبە, شەرمت بێ! لێرە ژن دانیشتوون, ئەتۆ ئیدی گەورەی!" و ئاتەکی کەوایەکەی بە سەر ران و زگی دا دەدا...

دادەئامین رێویی خەواندوەو هاتۆتەوە... بابم دەڵێ:"ئامین, ئەتۆ لێرە نەبووی ـ لەگەڵ دایکت باسم دەکرد... بڕیارمان دا ئێمەش لەگەڵ تۆ بێین, لەوێ مزڵ بگرین..."

دادەئامین لە خۆشییان شاگەشکە بووە:"بابە, یاخوا هەزار ساڵ بژی, خوا کوڕەکانت پێ بێڵێ ـ خەریك بووم نیوەگیان دەبووم ـ لەوێ کەسم نیە... !"

"ئەرێ, ئەوەم دەگوت ـ یادۆ با بخوێنێ و ئێمە ئاووهەوایەك بگۆڕین... مەگری کچم... هەتا ئەودەم ئیشەڵڵا ئەتۆش خەبەرێکت بۆ دێ... ئەگەر ماوەیەك لەوێ بووین شیلان و مەنیجیش دەبەین... ئیدی لەوێ تەنیا نابی... با بزانین خوا چ دەکا... "

چەند لەحزەیەك بێدەنگ دەبێ, دوایە دەڵێ: "بەڕاست دەمەویست لێت بپرسم ـ ئەم حەیوانە چ لێ‌بکەین؟"

دادەئامین دەڵێ:"لەگەڵ خۆمی دەبەم, بابە... لە ماشێنی داوێم دەی بەم... لە ماشێن دا جێ‌زۆرە... دیارە ناتوانێ زۆر بەرێ دا بڕوا. نازانم هەتا ئەو جێ‌یەی ماشێنی بۆ دێ چەند دوورە, بەڵام هەرچۆنێك بێ, دەی‌بەم ـ گوناحە, ناتوانم بەجێی بێڵم."

هەتا وێ زۆر نیە ـ هەر لەو سەرەوژێرە چوویە خوار ئیدی دەشتە ـ ماشێن هەتا لێوی چۆمی دێ, ئەگەر قوڕوچڵپاو لێ‌گەڕێ. ئەگەریش نەبوو مەسەلە نیە, سواری وڵاغی منداڵەکانی دەکەین... شاهۆ سەری وڵاغەکەتان دەدەن! وەزعی باشە... ؟" منداڵەکان لێو بە پێکەنین سەر بەر دەدەنەوە... "بەڵێ, سواری وڵاغەکەی دەکەین, با ئەویش کەرسوارییەك بکا ـ خۆ لە پاشاکان کەمتر نیە... " و پێ دەکەنێ... "بەڕاست, لە ورمێ بەولاوە چیی لێ‌دەکەی؟"

"سندووقێکی بۆ دروست دەکەم, بابە, لە سندووقێی دەخەم و دەی‌بەم... لە ئوتووبووسەکان دا دەبێ جێی سندووق هەبێ... "

ئوتووبووس چیە؟ هۆدەیەکە بۆ موسافیران, لەسەر ماشێن دروستیان کردوە... و بەهەرحاڵ ئێمە ناتوانین بیهێنینە بەرچاومان.

بابم هەروەك لەو بارەیەوە گیروگرفتێکی نەبێ, دەڵێ:"زۆر باشە... کەوایە, ئاوا!" ئێمە خۆ نازانین چۆن.

ППП

هەوا خۆشە, بابم حەمەفەرەجی ناردۆتە شاری, کە مزڵی بۆ بگرێ... دووسێ ژووری هەبن بەسە ـ بەڵام حەتمەن سەربەخۆ بێ. بە دایکم دەڵێ ئەو کەل و پەلەی دەبێ بیبەین ئامادە بکا, بۆ ئەوەی کە هراند هاتەوە مەحتەل نەبین ـ ئەو فەقیرەش گرفتارە ـ کاری هەیە, هەر رۆژێك کار نەکا, دەلیایەك زەرەری لێدەکەوێ...

کەل و پەلەکەمان تێك ناوەو چاوەڕوانی هاتنەوەی حەمەفەرەج و هراندین... بەڵام ئەوە هراندیش هات ـ فایدەی چی! ئەگەر حەمەفەرەج زووتر نەیەتەوە بچینە کوێ, جێیەکمان نیە! دادەئامین دەڵێ دەتوانین بچینە ماڵی خەلیفە ـ بەڵام بابم قبوولێ ناکا ـ ئەو, خۆ خەلیفەی نەدیوە ـ ئاشنایەتیی لەگەڵی نیە... شار فەرق دەکا, وەك دێ نیە ـ ئەوێ شارە, لێرە کەرەسەی میوانداری هەیە, لەوێ نیە ـ پاشان لێرە میوان ناچارە...

دادەئامین دەڵێ لە شاری "میوانخانە" هەیە... پوول وەردەگرن و ژوور بەکرێ دەدەن."

"باشە, ئەمە بوو بە قسەیەك!" بابیشم بیستوویە. دەڵێ:"زۆر باشە... بەڵێ, دەچینە میوانخانە" لە سایە خواوە پوولێ هەیە ـ بە قەولی خەڵکی لای خۆمان پوولێ بۆ ئەوەیە بیخۆی, نەك بۆ ئەوەی بت خوا... پوولێ راست بۆ ئەم شتانەیە, نەك بۆ خڕ کردنەوە. بە قەولی پێشینان هەتا پیاو پتری لە پاش بەجێ بمێنێ, خەفەتی پتر دەباتە بن گڵ... ئەلحەملای پوولێ هەیە, بەڵێ, ئیشەڵڵا دەچینە میوانخانە ژوور بەکرێ دەگرین."

بڕیار دەدرێ چ حەمەفەرەج بێتەوە چ نەیەتەوە, هەر کە هراند هات وەرێ کەوین... دەچین کەل و پەلەکە لە ماڵی دوکتۆر یان لە خەلیفەخانە دادەنێین و بۆخۆمان لە میوانخانە دەبین...

کاك رەشید و کاك مارفیش هاتوون ـ ئای کاك مارفیش دادەئامینێ دەناسێ و وەك خوشك و برا پێکەوە بەرەوڕوو دەبن. ئێستا ئیدی بابم عەیبێك لەو خۆماڵی بوونەیان ناگرێ... شەوە, ماڵەکە شلوقە, دانیشتووین, قسە دەکەین و پێ دەکەنین... کە هراند و حەمەفەرەج پێکەوە پەیدا دەبنەوە!

بۆچی پێکەوە؟ ـ حەمە فەرەج چۆتە خەلیفەخانە بزانێ کاغەزێك شتێك بۆ دادەئامین و ئەو جووتە برایە هاتوە یان نا, بەرێکەوت کاك هراندیش لەوێ بووەو گوتوویەتی کە دێتە ئێرە ـ پێکەوە چوونە ماکۆ ـ و لە ماکۆڕا هاتوونەوە.

زۆر حیسابیە! باشە, کەنگێ وەرێ دەکەوین لەسەرخێران؟ هەتا زووتر بێ, باشترە... مەسەلەن چ وەخت؟ پارشێوان... باشترە وەدرەنگ نەکەوین بۆ ئەوەی بتوانین فەرش و کەل و پەلەکە جێبەجێ بکەین. ماڵەکەیان خاوێن کردۆتەوە لە گەڕەکێکی باشە, نەوگەچەر ـ گەڕەکی هەرمەنی و ئازەری نشینە, جێیەکی لەبارە, سەربەخۆیە...

کەل و پەلەکە ئامادە دەکەن کە پارشێوان وەڕێ کەوین... دایکم و دادەئامین و خوشکەکان تویٚشووی ڕێگایان ساز کردوە... ئامادەین... بە دڵەکوتەوە...

ئەو شەوە هەموومان ناڕەحەت دەخەوین ـ ئەمن لە هەمووان ناڕەحەت تر: شەوێ دووسێ جار وەخەبەر دێم, و هەموو جارێ بیر لەوە دەکەمەوە کە سبەینێ دەچمە شاریەو ماوەیەکی زۆر نایەمەوەو ئەم ماڵە و ئەو دەشت و کێوو بەندەنانە نابینم, جۆرێکم بەسەر دێ... نازانم, ڕەنگە ئێستا وابیر بکەمەوە. لە نەکاو شاری نەناسراو و نامۆ بە قەڵافەتێکی لێڵەوە لەپێش چاوم لێك دەکێشرێتەوەو بە شێوەیەکی تێکەڵ بە هەڕەشە تێمەوە دەڕوانێ... وەك هەموو منداڵێکم کە یەکەم جار دەچێتە قوتابخانە. سەدان قەڵافەتی نەناسراو و نامۆ, و لەخۆوە دوژمن, لە بەرامبەرم دەردەکەون... دەزانم کە گاڵتەم پێدەکەن ـ شارستانی هەمیشە گاڵتە بە دێهاتییان دەکەن... هەرچەند دەزانم کە پێش کرانەوەی قوتابخانە پێنج شەش مانگ لە شاری دەمێنمەوەو لەگەڵ دیمەنی شار ڕادێم, و لەوانەیە لەو نێوەدا بتوانم چەند دۆستێکیش پەیدا بکەم. بەوحاڵەش دەترسم. هەر لەوکاتەدا بۆ چوونە شار بە پەلەم. لێفەکە دەخۆمەوە دەپێچم, و لەنێو جێدا جیبنگلان دەدەم, و لەبەر خۆمەوە بیر دەکەمەوە ـ بڵاو, پەرێشان, ئاڵۆز ـ باش نازانم بیر لە چ دەکەمەوە ـ فکرم بەردەوام لە لکێکەوە باز دەداتە سەر لکێکی دیکە... ناڕەحەتم. دواتر تێدەگەم کە بۆچی ناڕەحەت بووم و ئەو ناڕەحەتییە لەخۆوەیە لەبەر چ بووە. نەم دەزانی کە بەو چوونە شارە کۆتایی بەو ئۆگرییە لەمێژینەیەم دێنم ـ نەم دەزانی کە ئەو لێرەوارە, ئەو کێوانە, ئەو شاخانە, ئەم رووبارە, کانیاوەکان, ئەم حەوزوکانییە... ئەم گەڵییانە هەریەکەی پەڕێك لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم بوون و ئێستا ئەم دەفتەرە پێکەوە دەنێم... !

هیچ دارێکی ئەو لێرەوارە نەبوو کە بیرەوەرییەکم لەسەر گەڵاکانی نەنووسیبێ, هیچ بەردێك, هیچ گڵمەتێك, هیچ چڵە درکێك لەو چیایانە نەبوون کە ئەمن تاقیم نەکردبنەوەو بەشێك لە زەینی خۆمم پێ نەسپاردبن... چۆن ئەمانە لەبیر بەرمەوە, چۆن هەودای ئەم بیرەوەرییانەم بپسێنم؟ قەڵافەتی قەلەڕەشەکان, دارکوتکەکان و ڕەشیشەکان... و هەموو شتێکی ئاوایی ـ لە باڵندەوە بگرە تا خشۆك و پێڕۆ ـ بۆ من ئاشنا بوو, خووم بە بۆنەکانی دێوە گرتبوو ـ بە بۆنی بزن و مەڕەکانی ـ و تێکەڵاو بوونی ئەم بۆنە لەگەڵ تەپو تۆزی سەر لە ئێواران, و سەدان شتی دیکەی هێشتا بۆمن خۆشترین بیرەوەرین. چووبوومە گوندەکانی دیکەش, بەڵام زیاتر ئۆگری قەڵافەت و بۆنەکانی گوندی خۆمان بووم. چۆمەکەی خۆمان شکڵێکی دیکەی هەبوو ـ ئاوەکە و لێوارەکانی بە دەم بنیادەمەوە

پێ دەکەنین ـ هیچی لە من نەدەشاردەوە, هیچ نوختەیەکی بۆ من نهێنی نەبوو, لـە هـیچ نوختەیەکی هەستم بە مەترسی و هەڕەشە نەدەکرد...

ئەمانەم بەجێ دەهێشت و دەڕۆیشتم, و لە سبەینێوە ئیدی نەم دەدیتنـەوە. دیـارە کـە شار فەرقی لەگەڵ دێ هەیە ـ ئەمن تەنانەت لەنێو باڵندەکانی ئـەم گونـدەو گونـدەکانی دیکەدا فەرقم دادەنا ـ زۆر جار تاقیم کردبۆوە: لە بێیەکانی قەراخی ڕێگـاوە کـە ملکـی خۆمان دەستی پێ دەکرد قەلافەتەکان دەگۆڕان ـ ئاشناتر و دۆسـتانەتر دەبـوون, و ئـەمن جۆرێکم هەست دەکردکە هەروا بزانە گەیشتوومەوە حەوشـەی مـاڵی ـ دوایـە وابـوو ـ لەگەڵ ئەوەی هەزاران ساڵ بوو لەگەڵ دەوروبـەرمان دراوسـێ بـووین و ڕەنگـی یـەکترمان گرتبوو, بەو حاڵەش دیسان گوندەکەی خۆمان, چیاکانی خۆمان, دارەکانمان و باڵندەکانمان شتێکی دیکە بوون...

ئێستا لە شاری قەلافەتەکان چۆن دەبن, بە دیتنی من دژکردەوەیان چ دەبـێ, و ئـەمن چۆن لەگەڵ ئەو قەلافەتە نامۆیانە رادێـم و خـوو دەگـرم؟ داخـوا ئـەوێش دارو درەخـت و تاتەبەردێکی هەیە کە ئەو وەختانەی غەمێکم دەبێ پەنایان بۆ بەرم و سوکناییم بێ؟ لێرە هەرکات دڵم تەنگ دەبـوو دەچـوومە بـن هـەرمێ پاییزیـیە کۆنەسـاڵەکانی گۆڕسـتانە کۆنەکەو دەخەوتم... دەسبەجێ خەوم لـێ دەکـەوت, و کاتێـك وەخەبـەر دەهـاتم ئیـدی غەمێکم نەمابوو ـ غەم ئەگەر هێندی کێوێك بایە, دەڕۆیشت و ئەمن بارسـووك دەبـووم. دەیان گوت ئەو ئۆقرە گرتنە لە هیممەت و بەرەکەتی گیانی ئەو پیاوچاکانەیە کـە لـەوێ نێژراون. گۆڕستانەکە کۆن بوو. خەڵکەکەی وەك مەمانان ئالوودە نەبوون... ئێستا ئـاخر زەمان بوو, هەموو ئالوودە بوون, هەمووان کلاویان لەسەر یەك دەنا ـ ئەوان ئەولیای خـوا بوون ـ لەم دەورو زەمانە پیاوی وا لە کوێ پەیدا دەبن. ئەو دەمانە وەك ئێستا نـەبوو, ئـەو وەختانە گوناح نەبوو ـ گوناح ئەگەر هەبوو تایبەتی زۆرداران بوو ـ خەڵك ساویلکە بوون, لەسەر زەوی زەحمەتیان دەکێشا, ئاژەڵـداریـیان دەکـرد, و شـوکری خوایـان دەکـرد... و دەمردن. ئێستا خەڵك دەڵێن: ئـەی بابـە کەشـك و پـەنیر و ڕۆن دروسـت کـردن و خـوری ڕەنێوهێنانیش بوو بە کار! کارخانە شتێکی دیکەیە ـ ئەمـە نیشـانەی دواکەوتوویـیـە! ئەودەم خەڵك ساکارو بـێفرت و فێـڵ بـوون, وەك بەرهەمـەکانیان... خواکەشـیان وەك خۆیان ساکار بوو, هەردووکیان یەکتریان باش دەناسی... بوونی ئەمانەش هەر نیشـانەی ئاخر زەمان بوو. ئەمن قەت سۆفی حەسەنم لەبیرناچێ کـە بـە چ سـاکاری و پاکییەکـەوە گوێی بۆ حەدیسەکانی مامۆستا ڕادەگرت, و بە چ دڵپاکییەکەوە لە حوزووری خوای خۆی ڕادەوەستا. هەمیشە زەردەخەنەی ڕەزامەندی و شوکری خوای لەسەر لێوان بوو. نەبوونەکەی

بەجۆرێك ناشكوری دەزانی: بۆخۆت ساغی, منداڵەكانت ساغن, بۆخۆت توانای كاركردنت هەیە ـ بۆ ناشكوری؟ خوا كەرەمی پێكردووی, لە چیت كەمە؟ خوای نعوذباللە, بە بوونەوەرێكی ساكاری وەك خۆی, بەڵام بەری لە هەموو عەیب و خەتایەك لە بەرامبەر خۆی دا دەدیت و بە زەردەخەنەوە لە گەڵی بەرەوڕوو دەبوو. جارێكیان كوڕەكەی دزیی لە نۆرە ئاوی دراوسێكەی كردبوو, و دراوسێكەی پێی زانیبوو, و لە لای مامۆستا گلەیی كردبوو. ئەگەر بزانی سۆفی حەسەن چۆن دەگریا! دەیگوت نازانێ لە رۆژی حەشرێ چۆن رووی هەڵ بێ چاو لە چاوی خوا بكا ـ و ئەگەر پرسی, چیی جواب بداتەوە! ... كوڕی تۆیە... ؟ بڵێ چی؟ دەبێ سەر داخا... چونكە بۆخۆی ئاگای لە هەموو شتێك هەیە...

دەیگوت جحێڵ بووە, هەر لەم دێی حازری "نیوەكار" بووە, خەرمانی سوور كردوەو هەڵی گرتوە" بەشی ئاغا لەم لاو بەشی خۆی لەو لا, كە سبەینێ بەشی ئاغا بار بكاو بۆی بنێرێتەوە دێ. دەیگوت:"مامۆستا, بە تەنێ بووم, لەسەر خەرمانێ بووم, دەمەویست بنووم, بەڕەكەم ڕاخست, لێفەم بەسەر خۆم هەڵ كێشابوو خەریك بووم سەبیلەم دەكێشا... مامۆستا دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ, نەم زانی ئەو شەیتانە لەعینە لە كوێ پەیدا بوو... بەڵێ, بە مامۆستای خۆم بڵێم پەیدا بوو. گوتی:"حەسەن... " ئەودەم تۆبەكار نەبووم... بەڵێ, گوتی:"حەسەن, راستە, ئەتۆ ئێستا نیواونیو بەشت كردوە ـ نیوەی ئاغاو نیوەی خۆت ـ بەڵام هیچ بیرت لێكردۆتەوە بۆ؟ جگە لە تۆو عەرزەكە, كە ئەویش هی خوایە ئەم ئاغایە لەو ماوەیەدا كە ئەتۆ ئارەقت دەڕشت و هەوڵت دەدا چیی كردوە؟ هەر ئەوە نەبوو كە لە دیوەخانێ دادەنیشت, چای شیرنی دەخواردەوەو فەرمانی دەدان و قسەی زل زلی دەكردن! چیی كردوە كە ئێستا نیوەی بەرهەمەكە وەردەگرێ؟ هەستە, هەستە بەشی هەقی خۆت لە بەشی ئاغا هەڵ بگرە, هیچ نابێ... ئەودەمانەی ئەتۆ و جیرانەكانت تۆزێ ئاردی لە كەندووەكانتان دا نیە, ئەو زبڵدانی ماڵەكەی پڕە لە ئێسكی مریشك و قەلەموونە, هیچ نابێ ـ هەستە, هەستە!"

"مامۆستا, ئەو كافرە لەعینە هێندی بە گوێ دا خوێندم كە ئاخرەكەی لە خشتە چووم. هەستام, تاوم دایە "ربە"كەو دوازدە ربەم لە بەشی ئاغا هەڵ گرت و بەسەر بەشەكەی خۆم دا كرد... و نوستم... هێشتا چاوم بە باشی گەرم نەببوون كە دیتم بۆسۆ دێ!

لەسەر جێیەكەم دانیشتم ـ بۆن بەم لاوە بكە, بەولاوە بكە... دیتم هەیاران, وەختێك لە جێ هاتوومەدەر سەبیلە كەوتۆتە سەر لێفەكە, و بە قودرەتێ خوای قولینچكێكی لێفەكە بە تەواوی سووتاوە! ... ئێستێ خوا رەحمی كردبوو, نەگەیشتبۆ لۆدەكایەكە,

ئەگینا هێندی چاو لەسەر چاو دانێی هەموو جێیەك ئاوری دەگرت, و بەو شـەوە, ئـەویش بە تەنیابالی, بەو بایە کە دەهات هەموو دنیا دەبوو بە خۆڵـەمێش, تەنانـەت خـەرمانی خەڵکی بێتاوانیش بە گوناحی منـەوە دەسـووتان! ... نـاوی خـوام هێنـاو شـەیتانم بـە نەحلـەت کـرد, و لێفەکـەم کووژانـدەوە, لـە پەلەپـەلان دیزەدۆیەکـەم بەسـەردا کـرد. گوتم:"هەقی خۆت بوو, هەقی خۆت بوو, حەسەن, هەتا ماوی جارێکی دیکە فریوی ئـەو لەعینەی نەخۆی..." بە کورتی, هەستام, ئەوەی لە بەشی ئاغام هەلْ گرتبوو, هێنامەوە جێی خۆی و ربەیەکیشم تەمبێیانە لە ئی خۆم بەسـەردا کـرد... و دووبـارە شـەیتانم بـە نەحلەت کرد... و وەسبەینێ ڕا چوومە خزمەت حەزرەتی شێخ و بوومە تۆبەکار... !"

پێم وایە لە پێداچوونەوەکە دایە کەئەم شتانە دەبینم... بەلام باشە, حیسابی دەشـتو دەر و چیاوچۆڵ و "ماڵ" شتێکی دیکە بوو. دەبوو قوژبنی کورەخانەی ماڵێ لەگەڵ خـۆم بەرم ـ و بمەوێ, نەمەوێ, دەشم برد... هەرچەند لەگەڵ ئەوەی دەم برد هەمیشـە ئـاواتی دیتنەوەیم هەیە...

لە دەنگی جموجۆڵ وەخەبەر دێم ـ بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو بێئەوەی پێم بلـێن لـە جێی دێمە دەر. ئاسۆ هێشتا ڕەنگی شەوی پێوەیە, ئاسمانی ئاسـۆی ڕۆژهـەلات بـە ڕەنگـی پۆلایە, وەك ئاوی ڕووبار لە ئێوارەی زستان دا. هێشتا سەرەتای بەهارە, دەشت لە سـەرمان بێحاڵە, لە خەودایە, و لە خەوێ دا دەلەرزێ, ئەو گیایانەی تـازە سـەریان دەرهێنـاوە لـە سەرمان ڕەش بوون, تاك و تەرا, بۆق قیرەقیرێك دەکەن...

دایکم بەرنامەی "حەوت ساڵە" بە دادەشیلان و دادەمەنیج دەلـێ و ئەمانـەتی مـالْو حالەکەیان دەداتە دەست. بابم سەر ڕادەوەشێنێ, کچەکان دەگرین... ژنەکان دەگرین, بابم بە دەم ڕێگاوە دەلێ:"فاتم, پێکەنینم هاتبوو... ئەتۆ پێت وایە ئەگەر ئێمە ڕۆیشتین کاری دنیا ناگوزەرێ! بەلام بەو حاڵەش دەبینی دەڕۆین و هیچیش نابێ... هیچ شـتێك دوای مـە خەرا نابێ." دایکم دەلێ:"هەتا ماوین دەبێ بە بیرمان بێ, ئەگەر مردیشین مـردووین... کەس چاوەڕوانیی لێمان نیە... !" بابم ئاور دەداتەوەو لەسەر قسەکەی خۆی دەڕوا ـ ڕووی قسەی لە دادەئامینە, دەلـێ:"دەلێن بـەردی لەسـەرگلکۆی مـردوو دادەنـێن تـا لـە بـیر نەچێتەوە... بەلام بەردەکە دەکەوێ, قەبرەکە خەراپ دەبـێ... کـێ سـڕڕی خـەلکی ئـەم گۆڕستانە کۆنە دەزانێ! ڕاستە, میهرەبانی و چـاکەو خەراپـە لـەبیر ناچـنەوە, بـەلام بـەو حاڵەش هەر ئەو بەردە کە لەسەر گلکۆی مردووی دادەنێن ـ ئەگەر بش مێنێ ـ چەند لەو میهرەبانی و چاکەو خەراپەیەی مردووەکە بە خەڵکی دیکە دەلێ؟ هـیچ. هـەموو دەمـرن, یەك زوو یەك درەنگ. کاروانێکە هەتا قیامەت بە ڕێوەیە" هەموو دەڕۆن و لەبیر دەچـنەوە.

وەختی وایە گومبەز وبارەگایەکیشیان لەسەر ساز دەکەن... ئـەویش هــەر بــۆ ترســاندنی زیندووەکانە ـ ئەویش هەر زیندووەکان بۆخۆیانی دروست دەکـەن ـ بـەڵام ئـەمانیش کـە ڕۆیشتن لەبیر دەچنەوە... "

کەچی لەبن ماشێنەکە بۆخۆی زۆر شـتی بـە کـاك ڕەشـید سـپارد, کـەریم ئاغـا وا, غەفوورئاغا وا, مامۆستا فلان و فلان زەوی فیسـار... بـە کـردەوە گەیشـتبۆ قسـەکانی دایکم!

بە کورتی, ڕۆیشتین, وەك چەند کۆچەری, بە قاپ و قاچاغ و بەروبوخچەوە... ولاغێـك بە بارێك کەل و پەلی سەفەرەوە و یەکی دی سەگێك بە کۆڵەوە... ڕێوی بە باوەشـی کـاك ڕەشیدەوەیە ـ ڕێوی نوستوە ـ وەسمان لە سەرمان هەڵ دەلەرزێ, دادەئامین ملپێچەکەی بـە شانانی دا دەدا... هەتا لە ماشێن نیزیکتر دەبینەوە, دنیا ڕووناکتر دەبێ... دادەئامین لـە خۆشیەیان وەك باڵندە هەڵ دەبەزێ. دەڵێی بەرەو بەهەشتی خوا دەڕوا" بەڵام ئـەمن هەسـت دەکەم لەو حاڵەش دا جاروبار دەفکرەوە دەچێ... حوسێنی لەگەڵ خۆمان دەبەین, کە هــەر نەبێ کەسێکمان بەدەستەوە بێ.

ΠΠΠ

بابم و دایکم و دادەئامین لەپێشەوە دانیشتوون" جێگایان تەنگە" پاش ماوەیەك دادەئـامین دێتە کن مە ـ لە پشتی ماشێنەکە ـ شاگرد شۆفێرەکەش ـ هـایگ, کـە لاوێکـی نـۆزدە بیست ساڵەیە ـ لە لای مەیە. ئێرە ڕەحەتـە. ڕێگاکـان تـەڕن, تۆزوخۆڵێـك نیـە, لەسـەر نوێنـەکان دانیشـتووین و کـەیف دەکـەین, ڕێـوی لەسـەر کۆشـی بـابم و جاروبـاریش لەسەرکۆشی دایکمە, هەر نیوسەعات جارێك کاك هراند ماشێنەکە ڕادەگرێ تا دادەئامین ڕای دێرێ, نەوەك لەسەر کۆشی بابم میزی بکـا... ماشـێن وەك گوللـە دەڕوا, و ئـەمن و منداڵەکان پێمان خۆشە لەوەش خێراتر بـڕوا... نـانی نیـوەڕۆ لـە قوتـوور دەخـۆین, لـە گەڵیەیەکی خۆش لە دەری قاوەخانەیەك. بـابم نوێژەکـەی دەکـا, و ئیسـڕاحەتێکی کـورت دەکـا... کـاك هرانـد ئـاوێ دە ماشـێنەکەی دەکـاو چـاو لــە تەگــەرەکانی دەکـا, و دەڵێ:"هەروەخت بفەرموون, وەڕێ دەکەوین!"

دەوروبەری دووی پاش نیوەڕۆ وەڕێ دەکەوین... لە بەندەنی قووشچی شۆڕ دەبینـەوە ـ دنیایەکی دیکە لەپێش چـاومان دەردەکـەوێ, سەرسـەوز, جـوان... دەشـتێکی خـۆش و زەنوێر... بابم زەردەخەنە دەیگرێ.

ئای, ئەمەش بەحری خوێیە! دەریا پاڵی دابۆوە, لە جێی خۆی نەدەبزووت" جارجارێـك وەك پیرەپیاوی بێددان زمانێکی لە رەملەکە دەداو لێوارەکانی دەلستەوە ـ جارجار پفێکی دەکرد... دەنگی پفەکەیمان گـوێ لــێبوو, کـە وەك دەنگـی زاری پیرەپیـاوان فشەفشـی لـێدەهات... رێگاکە بە تەنیشت دەریادا تێدەپەڕی.

ماشەڵڵا لە قودرەتێ خوای! بابم دەیگوت بەردیش لە لاقی خۆت بەسـتی قـوم نـابی! ئەو خوێیەی دەیخۆین هی ئەم بەحرەیە... دەیگوت:"دەڵێن ئاوو لیتەکەشی بۆ هـەموو جۆر لاق ئێشەیەك دەرمانە... " دایکم دەڵێ:"چ باشـتر... وەڵـڵا شـەوانە لەبـەر ئێشـی "مەواسیل" خەوم لـێ ناکەوێ... " بابم دەڵێ:"رۆژێك دەچین... ئێستا کە هـاتووین بـۆ نەچین!" ئەم قسانە دیارە هی ئەو وەختەن کە دامەزراوین.

دێین, بەکن دێهاتی سەرسەوز, و زەوی و زاری سەرسەوز... و باغاتی خەملیو بە گوڵو خونچەدا تێدەپەڕین... ماشەڵڵا, هەر دەڵێی بەهەشتە! بـەهار زووتـر گەیشـتۆتە ئێـرە, گیاوگژ تەواوێك هەسـتاوە, مـەڕوماڵات بـە دەشـتێدا بـڵاو بوونـەوە ـ گوانیـان بەقـەد دۆدانەیەك!... بەلای مێگەلان دا رەت دەبـین, سـەگەل بـە پێشـوازمانەوە دێـن, چـەند هەنگاوێك بە حەپەحەپ دەگەڵ ماشێنەکە غار دەدەن, لەپێشیەوە, لـە دوایـەوە. ئەوانـەی پێشەوە هەر کە چەند هەنگاو غار دەدەن شل دەبن, و دەگەڕێنەوەو دەوەڕن و کە ماشێنەکە دەگاتێ, لە حاڵێك دا چاوێکیان لە ماشێنەکەیە, دەر دەپەڕن... بۆ یەکەم جار گوێم لـە دەنگی وەڕینی کارۆش دەبێ: هەر لەو جێیەرا کە لێی دانیشتوە خۆی داوێتە سەر پاشووان, مل هەڵ دەبڕێ و لەپشت چەپەری دیواری ماشێنەکەوە چـەند جارێـك دەوەڕێ: پـاش ئـەو هەموو ماوەیە دەڵێ چی؟ وەڕینی رق نیە, لە قەڵافەتی را دیـارە... خۆشـحاڵە ـ وادیـارە ئەویش وەك مەمانانی منداڵ کە دەمانەوێ برادەرەکانمـان بـزانن سـواری ماشـێن بـووین, دەیەوێ سەرنجی هاونەوعانی خۆی راکێشێ کە:"بڕوانن, ئەمنیش سوار بووم!"

لەنێو رێگادا جاروبار تووشی ماشێنی دیکە دەبین ـ زۆرتر هێگەورە وەك ئەم لۆرییەی کاك هراند, تەنانەت گەورەتریش, و بە دەگمەنیش یەك دووێکی چووکەڵەو جوان, کـە وەك ئاوێنە دەبریسکێنەوە... سێچوار کەسیان تێدا دانیشتوون ـ خۆزگـە بـە خۆیـان! کـاك هراند دەڵێ ئەمانە ماشێنی سوارییەن, فۆردن... ئەمانـە دەوڵەمەنـدەکان دەیـان کـڕن. قیمەتیان زۆر گرانە ـ چوارپێنج هەزار تمەن!... دایکـم دەپرسـێ بۆچـیـیان دەکـڕن؟ کـاك هراند دەڵێ بۆ سوار بوون. بابم بۆ دایکمی روون دەکاتەوە کە چۆن ئێمە ئەسپ رادەگرین بۆ سوار بوون, ئەمانیش ماشێن رادەگرن. وەختێك دەگەینە ماشێنان چراکانیان هەڵ دەکـەن,

کاك هراند دەڵێ ئەمە سلاو و ئەحواڵپرسینی شۆفیرانە... ئێمە چاومان لـێ‌نیە، ئـەویش چراکانی هەڵ دەکا...

هەتاو گەیوەتە سەر کێوەکانی "بەندێ" کە دەگەینە شاری. مەیدان و شەقامێکی پـڕ دارو درەخت ـ و ئەویش داری چۆن! خەڵك لە شـەقام دا پیاسـە دەکـەن: ژن و پیـاو، ژنـی چارشێو بەسەر و رووداپۆشـراو، ژن و کچـی بێ‌چارشـێو و سـەرڕووت! دواتـر تێ‌دەگـەین چارشێو بەسەرەکان موسوڵمانن" بێ‌چارشێوەکانیش ئاشووری و هەرمەنین. هەرمەنی‌یەکان زۆرتریان مـوو خورمـایی و سـپین، و ئاشـووری‌یەکان بەشـی زۆریـان ئەسمـەرو تەنانـەت رەش‌تاڵەن... ئاشووری‌یەکان هەر فەلەکانی خۆمانن کە لێرە پێیان دەڵێن ئاشووری...

بە شەقامێ دا سەر دەکەوین... زۆر لەسەرخۆ... مزگـەوت، دوکـان، فرۆشـگا... چـەند جوانن!... ماڵەکەمان لە تەنیشـت ئـەم شـەقامەیە... ناگەینـە مەیدانەکـەی سـەرێ بـە کووچەیەك دا با دەدەینەوە... ئێرە گەڕەکی نەوگەچەرە. کاك هراند ماشێنەکە راست لەبـەر دەرگـای خانووەکـە رادەگـرێ. لـەنێو شـیپانەی دەرگـای مـاڵی تەنیشـتمان دا دووکچـی بێ‌چارشێو کە وا دیارە خوشکن لەگەڵ ژنێکی قەڵەو کە دەم و چاوێکی گـەورەو سـپی وەك بەفرو قژێکی زەردی هەیە راوەستاون. کچەکان تۆوی دەقرتێنن و خێراخێرا قسـان دەکـەن. دایکم چاو لە بابم دادەگرێ و بە حاڵ و باڵ سەر رادەوەشێنێ، "یـەعنی چـاوت لێیـە ئـەو کچانە لەپێش چاوی خەڵکی تۆوی دەترووکێنن، ئەویش ئاوا! ئۆی، ئێستا بزانە بەو دەمەوە کە دەڵێی مەقەستە، چ لە پیاوەکەی دەکا!" سنگیان لە درزی یەخەیان ڕا دیارە، بسـکیان باداون. دیارە هاتوون گوێ پێ‌داگرن، بزانن کێین، چ کارەین، شتی بەکەڵکمان چ پێیە. جلو بەرگی دادەئامینێ لەگەڵ جل و بەرگی ژنانی لای خۆمـان فـەرقێکی وای نیـە، لەچـکی بەستوە، بەڵام بەو قژە کورت و کوڕانەیەوە سەرنج رادەکێشێ. کچەکان قەڵەوو کزو نێـونجی ـ لە نیزیکەوە چاومان لـێ دەکـەن، بـە سـیلەی چـاو" ئێمـەش گـوێ هـەڵ دەخـەین. ـ هەرمەنین. بەڵام دادەئامین خۆی شلوێ ناکا.

لەگـەڵ کـاك هرانـد و حوسـێن و شـاهۆو وەسمـان کـەل و پەلەکـە دەبەینـە ژوورێ. هۆدەکانیان خاوێن کردوونەوە، فەرشەکان لە حەوشەی دا گەسك دەدەین، و رایان دەخەین... و تازە پێ دەزانین کە چرامان پێ‌نیە. کاك هراند بە غـاردان دەچـێ هـەتا دوکـان و بـازاڕ دانەخراوە لامپایەك بکڕێ... بە لامپاو لەنتەرو تەنەکـە نەوتێکـەوە دێتـەوە. ژوورێـك بـۆ "دیوەخان" واتە بۆ بابم دیاری دەکەین، ژوورێك بۆ من و دایکـم، و ژوورەکـەی دیکـە بـۆ دادەئامین و منداڵەکە. ئەدی براکان؟ ـ براکان کاك هراند دەیان باتە خەلیفەخانە ـ لەسەر ئیزنی ئاغا... خەلیفە گوتوویە ـ لەوێ جێ زۆرە.

بابم دەڵێ:"رۆڵە, بچن ـ ئەگەر پێتان خۆش نەبوو, وەرنەوە... بەجۆرێك جێی خۆمان دەکەینەوە... ئەگەر پێشتان خۆش نیە مەچن... هەر لێرە بن... ئەمن بە خەلیفەی دەڵێم... پێکەوە لە دیوەخانێ دەخەوین... منداڵەکان هیچ ناڵێن.

ماڵەکە رۆژهەڵات بەرۆژئاوا هەڵ کەوتوە, ژێرخانێکیشی هەیە, کە هەم ژووری نۆکەرەکەیەو هەم ئاشپەزخانە. قەرارە حوسێن لەوێ بێ. حەوشەکە چووکە, بەڵام دوو داری تێدان ـ گۆگجەو قەیسی ـ لەگەڵ باغچەیەکی زۆر چووکەڵە ـ و دووسێ چڵ سوورەگوڵ. کارۆی هەر لەوێ لە سووچی حەوشەی بەجێ دێڵین. ئەگەر دنیایە, باران باری دەتوانێ بێتە دالانێ.

ماڵێکی رێك و پێکە...

کەل و پەلەکەمان جێبەجێ کردوە, قاپ و قاچاغمان لە خوارێ داناون... نوێنیش هی هەر کەسە لە ژووری خۆی... بەڵام لامپایەك نەبێ, نیمانە, بابم دەڵێ یەکی دیکەش دەکڕین ـ جارێ با بزانین خوا چ دێنێتە پێش, کاك هراند حوسێنی لەگەڵ خۆی دەباو هەر لەو یەك دوو سەعاتەدا کە تا ئێوارێ ماوە نانەواخانەو قەسابخانەو دوکانی بەقاڵیەی پێ نیشان دەدا, نانی گەرم دەکڕێ و دەی هێنێتەوە, لەگەڵ دووجۆر هەڵوای سووروسپی, کە ئێمە نەمان دیون" هەڵوای گوێز و گێزەرن" هەڵوای گوێزەکەی زۆر خۆشە... لە تویشووی رێگاش مریشکێك ماوە... شێوەکەمان هەر ئەوەدەم دەخۆین.

"ئاغا, فەرمایشتێکی دیکەت بە من نیە؟ هیچتان کەم و کوڕی نیە؟"

بابم دەڵێ:"نا... زۆر سوپاس, ماڵت ئاوەدان بێ!"

دایکم دەڵێ:"زۆر سوپاس, زەحمەتت کێشا... " و چاوێك لە بابم دەکا... کە یانی عەیبە, هیچ نەبێ "خوڵقێکی" بکە.

بابم دەڵێ:"کاك هراند... ئەتۆ هەموو جارێ دووسێ رۆژ کاری خۆت... "

"ئاغا, دەزانم چ دەفەرمووی... ئەمن ئەگەر ئێوەم نەهێنابایەوە بە بەتاڵی دەهاتمەوە... ناڕەحەت مەبە... تکا دەکەم هەر باسی مەکە, ئەمنیش وەك یەکێك لەکوڕەکانی خۆتان..."

بابم دەڵێ:"ماڵت ئاوەدان بێ!" و چاوێك لە دایکم دەکا, کە یانی تێ‌گەیشتی! "زۆر باشە, کەوایە خوات لەگەڵ... جارێ لێرەین... خواحافزی ناکەین." بەشی ئاخری رووی لە براکانە "کاك هراند, لە زمان منەوە بە خەلیفە بڵێ ئەگەر جێگا نیە بیان نێرێتەوە ئێرە... لێرە بەجۆرێك جێی خۆمان دەکەینەوە ـ نامەوێ خەراپیان لێ‌بگوزەرێ... "

"نا, ئاغا, جێ زۆرە... "

"زۆر باشه, کەوایە بەخێرچن... منداڵینە, سبەینێ دێم سەرتان دەدەم... ئەگەر نارەحەت بوون وەرنەوە ئێرە... بەڕاست کاك هراند, ئێمە ئیدی بە خزمەت جەنابت ناگەینەوە؟"

"بۆچی ئاغا, سبەینێ دێمەوە خزمەتتان, خۆ ئێوە بۆخۆتان شارەزای خەلیفەخانە نین. . . "

"دوورە؟"

"نەخەیر, هەر لەو پشتەیە, لە تەنیشت مزگەوتی مەهدی. . . دەفەرموون سبەینێ سەعات چەند بە خزمەت بگەم؟"

بابم دەڵێ:"بۆخۆت کارت نیە, کارەکانت دوا ناکەون؟ دەترسم. . . "

"نا, ئاغا, بۆخۆشم دەبێ چاوم بە خەلیفە بکەوێ."

"ژن و منداڵی خەلیفەش هەر لەوێ دەژین؟"

"خەلیفە ژن و منداڵی نیە."

"چۆن؟ ژن و منداڵەکەی نەهێناوە؟"

"نا, ئاغا, خەلیفەکان هەر لەجێدا ژنێ نایەنن."

"هەر قەت؟"

"بەڵێ, هەر قەت."

قەلافەتی بابم وەك بڵێی دەکرێتەوە. . .

کاك هراند دەڵێ:"کەوایە ئەمن بەیانی زوو دێمەوە خزمەت تان و پێکەوە دەچین."

زۆر چاکە ـ دەی بە خوات دەسپێرم. . . ئەمانەتت ئەم منداڵانە بێ. . . "

هراند گەیوەتە سەری کۆڵانەکە, کە تازە تێدەگەین شیرمان بۆ رێوی نیە. . . ئەی هاوار ئێستا چ بکەین ـ بە قەولی بابم زۆر قەرەچییە, شەوێ نایەڵێ بنووین! دەمەوێ غاردەم کاك هراند بانگ بکەمەوە, دادەئامین نایەڵێ.

"تێگوشینی بۆ دەکەم ـ ئیدی دەبێ وردە وردە لە شیری بکەمەوە... گەورە بووە... جارانیش تێگوشینی دەخوارد."

حوسێن سەماوەرەکە دێنێتە سەرێ: وەکوڵ هاتوە. بابم دەڵێ:"هەی بژی بۆ ئەو مێشکەت... چەند چاك بوو کە لە بیرت بوو!" دایکم چایەکە دەم دەکا.

ماندووین, بە دوای یەك دا دووسێ ئیستیکان چا دەخۆینەوە کە زوو بخەوین. دادەئامین لەم وەزعەش دا ئاوێ گەرم دەکاو خۆی و رێوی دەشوا... سبەینێ یەکشەممەیە.

دادەئامین دەڵێ:"دایە, ئەگەر پێتان خۆش بوو نوێژی مەش دەبینن... "

"رۆڵە, خۆ ئەمن نوێژی وە نازانم ـ بێم چ بکەم!"

"پێویست نیە بزانی... لە دڵی خۆت دا دوعا بکە... "

دایکم دەڵێ:"چۆن... ئەگەر وایە دەزنوێژ و شتی واتان نیە, وەك مە؟"

دادەئامین دەڵێ:"نا ئیدی, بنیادەم لەشی پیس نەبێ بەسە... ئەگەر زانیت ئەو کەلیمانە کە کەشیش وەپێش دەکەوێ, دەڵێیەوە ئەگەر نەشت زانی لەدڵی خۆتدا چۆنت پێخۆش بوو دوعا دەکەی... "

دایکم دەڵێ:"وەڵڵا ئەمن نوێژی وام نەدیوە!"

بابم دەڵێ:"باشە, لە نێو هەر قەوم و مەزەبێك جۆرێکە... نوێژی خۆشمان هەر ئەوەیە کە بنیادەم لەگەڵ خوای خۆی بدوێ و نیازی خۆی لێ داوا بکا ـ فەرقی چیە ـ خوا زمانی هەمووان تێدەگا."

دایکم گوتی:"بەڕاست چۆنە... بیستوومە ژن و پیاو تێکەڵن؟"

"بەڵێ... "

دایکم گوتی:"ئۆی!"

"بەڵێ... بەڵام واش نیە... بنەماڵەیییە... لەوێ نیوتەخت دانراون... هەر نیو تەختێك جێگای بنەماڵەیەکە... "

دایکم دەڵێ:"ئای... ئێوەش وەك مە مەلاتان هەیە پێشنوێژیتان بۆ بکا؟"

"نا , ئێمە کەشیشمان هەیە."

بابم دەڵێ:"هەر ئەم خەلیفەیە؟"

دادەئامین دەڵێ:"خەلیفە گەورەی کەشیشەکانە. بۆخۆی تەنیا لە جێژنەکان و هێندێ وەختی تایبەتی دا بەشداری ڕێوڕەسمەکان دەبێ... دیتنی ڕێوڕەسمەکان خەراپ نیە بابە."

بابم دەڵێ:"با بزانین ـ ڕەنگە خەلیفە حەز نەکا, ڕۆڵە."

پێوەندیی بە خەلیفەوە نیە... کلیساش وەك مزگەوت ماڵی خوایە ـ ئەو هەقی نیە پێشی کەس بگرێ. بۆ چوون بۆ ماڵی خوا کەس پرس بە کەس ناکا."

"بەڵام ئێمە ڕێ نادەین غەیرە دین بێنە مزگەوتێ... "

"نا, هی مە هەرکەس هات هات... دیارە نابێ موزاحیم بێ یان قسان بکا ـ پێیخۆش بوو دادەنیشێ دوعا دەکا ـ پێی خۆش نەبوو نایکا ـ دیتنی خەراپ نیە."

بابم گوتی:"ئێستا با بزانین... جارێ ماندووین, با بنووین بزانین سبەینێ خوا چ دەکا!"

KKK

# ٢٢

خەلیفەخانە دوور نەبوو, چووین: پێش ئەوەی بچینە دەرکی کلیسا کاك هراند لە پێشەوە ڕۆیشت, و تاوێك دواتر پیاوێکی کەڵەگەتی بەقەد بابم, بە ریشێکی ماش و برنجیی کەمێك پان و درێژو بەعەبایەکی ڕەش و زوننارێکی سوور و کڵاوێکی دووفاقەوە کە خاچێکی گەورەی بە زنجیرێکی ئەستوورەوە لە مل دا بوو, هەتا بەردەرکی کلیسا بە پێشوازمانەوە هات, و سەیر ئەوە بوو پاش ئەوەی دەستی دەستۆی بابم کرد داهاتەوە دەستیشی ماچ کرد لەگەڵ من و دایکیشم ئەحواڵپرسیی کردو دەستی بۆ لای دادەئامین درێژ کردو دادەئامین ئەنگوستیلەکەی ماچ کرد, دەستێکی بەسەر سەری ڕێوی دا هێنا - ڕێوی کشایەوە دواوەو سەری بە سنگی دایکیەوە نووساند - لەسەر سەری ڕێوی "خاچی کێشایەوە! لەگەڵ دادەئامین تاوێك بە زمانی خۆیان قسەی کرد" داوای لێبووردنی لە بابم کرد:"کەم لوتفیتان فەرموو, ئەمن بە خزمەت دەگەیشتم - حەتمەن بە خزمەت دەگەیشتم - ئەرکی سەرشانی من بوو - ئەمن دەمەویست کەمێك بحەسێنەوە!" و بە کورتی دنیایەك ڕێز و حورمەت. لە وەزعی ڕێگاو ماندوویی ڕێگای پرسی.

بابم گوتی:"جەنابی خەلیفە, هەر ئەوەندە خۆشە تا پیاو پیر نەبووە... وەختێك پیاو پیر بوو بیانوو زۆرە - ڕێگا درێژ دەبێتەوە, ماندووبوونیش دەبێ - گیروگرفتی مەمانان پیرییە, جەنابی خەلیفە."

دادە ئامین گوتی:"نا, بابە, ماشەڵڵا شوکور پیر نی... " خەلیفە زەردەیەکی کرد, و برۆی هەڵتەکاند:"بابە!" دادەئامین بە زمانی خۆیان هێندێ شتی بە خەلیفە گوت و خەلیفە بە سەرلەقاندن بۆی سەلماند. دادەئامین دوایە گوتی:"ئیشەڵڵا سەدو پەنجا ساڵ دەژی, بابە - لەگەڵ دایە ئیشەڵڵا! ... "

بابم گوتی:"ڕۆڵە, ئەتۆش جحێڵی - دڵت خۆشە... زۆر داوای لێبوردن لە جەنابی خەلیفە دەکەم, وەختێك بنیادەم گەیشتە تەمەنێك بە فلانە خواردن زگی با بکا, بە دوو هەنگاو ڕۆیشتن پشتی وەژان کەوێ, شەوێ لەبەر ژانی ئێسکی لەشی خەوی لێ نەکەوێ... سەد یان سەدوپەنجا ساڵ عومر بە کەڵکی چی دێ! ڕاستە ژیان شیرنە - بەڵام بە خۆشیو

سەربەرزی, نەك بە زەلیلی و سووکی ـ بە سووکی تاقە رۆژێکیشی بە کەلك نایە... خیلافت عەرز دەکەم جەنابی خەلیفە... ؟"

"راست دەفەرمووی!"

لەم وەختەدا شاهۆو وەسمان بە هەناسە بڕکە هاتن... بابم دەستی درێژ کرد دەستی بەسەر سەریان دا هێنا... بە دابی لای خۆمان دەستی بابم و شانی دایکمیان ماچ کرد و بابم و دایکیشم ئەوانیان ماچ کرد.

خەلیفە بە پێکەنینەوە گوتی:"هێشتا نەبۆتە بیست و چوار سەعات... ئەوەندە هەستتان بە غەریبایەتی کردوە!؟"

بابم گوتی:"وایە ئیدی, ئەگەر خۆشەویستی هەبوو بیست و چوار سەعاتیش زۆرە... ماشەڵڵا منداڵێکی باش و ئاقڵن... بەڕاست جەنابی خەلیفە, دایك و بابی ئەم کوڕانە خەبەرێکیان لێ نەزانراوە؟"

"نەخەیر... تا ئێستا خەبەریان نیە... بەڵام پەیدا دەبنەوە ـ زۆرجار خۆیان کەمتەرخەمی دەکەن... ماوەیەکی پێدەچێ ـ نەخەیر, هێشتا خەبەریان نیە... "

منداڵەکان بە قەڵافەتێکی شەرمێونەوە لەگەڵمان بەڕێ دا دەهاتن, بەڵام وەك دوودڵ بن وا دیار بوون...

بابم پرسی:"باشە, لێرە ئاواڵ یاریتان هەیە؟ خەریکی چین؟"

منداڵەکان بە شەرمێونی سەریان داخست.

خەلیفە گوتی:"نایەڵین بێکار بن, کۆمەگمان دەکەن, دەخوێنن... بە کورتی, بێکار نابن... "

بابم گوتی:"ئاغا, رێگا بدەن جاروبار سەری مەش بدەن ـ ئێمەش غەریبین!"

"حەتمەن ـ ئەمە ئەرکێکە!"

بەدەم ئەم قسانەوە گەیشتینە ماڵی خەلیفە. ماڵێکی ساکار بوو, بەو جۆرە کە لە وەزعی ژووری خەلیفەڕا دیار بوو ـ مێزێك و دووسێ سەندەڵی. دانیشتین... دادەئامین کورسیی بەر نەکەوتبوو. بابم گوتی:"ئامین, ئەتۆ دانیشە ـ یادۆ دەچێتە لای هاواڵەکانی." مەبەستی شاهین و وەسکان بوو. بەڵام دادەئامین کە هەستی دەکرد خانەخوێیە, گوتی:"نا, بابە, قەیدی نیە ـ با کاکەیادۆ دانیشێ... ئەمن دەڕۆم, لەوانەیە لەوێ پێویستییان بە یارمەتی هەبێ... " و رۆیشت.

دانیشتین. پیرەژنێك كە بەروانكەیەكی سپیی لە خۆی دابوو, بە كەشەفە قـاوەوە هاتـە ژوور, بابم و خەلیفە بەینێك خولقی یـەكتریان كـرد... سـەرەنجام لـەپێش دا بـابم و دوایـە دایكم و ئەمن قاوەمان هەلّ گرت, و پاش هەمووان خەلیفە.

قاوەمان خواردەوە. بابم گوتی:"ئێمە پتر فێری چاین, زۆر كەم قاوە دەخۆینەوە ـ ئـەمن رەنگە لە هەموو ژیانم دا دووسێ جار زیاتر قاوەم نەخواردبێتەوە.

خەلیفە پێكەنی, گوتی:"بەلّێ, هیچ لە بیرم نەبوو..." دوگمەی زەنگێكی كە لەسەر مێزەكەی بوو, داگرت" دووبارە هەر ئەو پیرەژنە بەروانكە بەبەرە هات, خەلیفە بـە زمـانی خۆیان دەستووری دا چای بێنێ. لەو نێوەدا دەنگی گریانی رێوی هات ـ دیار بوو كەلەگەلّ دایكی كێشەیەتی. بابم هەروەك لە مالّێ خۆمان بـێ, هـەر بـەو راوێـژی جـارانی بـانگی كرد:"ئامین!" خەلیفە گوێ قولاّخ بوو. دادەئامین هات.

"بەلّێ, بابە!"

"چ بووە ـ ئەم مندالّە بۆ دەگری؟"

دایكم گوتی:"باشە, مندالّە, دەش گری! ئـەخلاقی منـدالّی وەك هـەوای بەهارێیـە, تاوێك پێدەكەنێ تاوێكی دیكە دەگری!"

دادەئامین گوتی:"بیانووی جەنابت دەگرێ, بابە... دەیەوێ بێتە لات..."

"باشە بابێ... رۆلّە, سەری مەخە سەر... لێیگەرێ بابێ... وەرە رێوی ـ وەرە! وەرە لای بابە ـ ئاها كوڕی باش!"

دادەئامین وەك هەمیشە "رێوی"ی لەبەر دەرگا دانا. بابم كەیفی بـە هەنگلّەشـەلەكەی دەكرد. رێوی بە هەنگلّەشـەلە, و لاجـەلاج كەوتـە رێ و بـابم باوەشـی بـۆ كـردەوە "ئـای بارەقەلّلا!" لە عەرزێی بلّند كردو لەسەر كۆشی خۆی دانا. رێوی نەختێك تەماشا ریشـی خەلیفەی كردو بە وردی كەوتە هەلّپشكنینی ریشی بـابم. خەلیفـە دانیشـتبوو, و نـوقمی تەماشای حەرەكاتی رێوی بوو. رێوی لە یاری بـە ریشـی بـابم مانـدوو بـوو, و چـووە زگ گیرفـانی سـەلّتەكەی و زنجـیر سـەعاتەكەی, و پاشـان بـە نینۆكـە چـكۆلەكانی كەوتـە هەلّگلۆفینی گوێچكەكانی... بابم هەروا دانیشتبوو, و بە حەوسەلەوە خۆی دا بۆ دەستی رێوی و یاری پێكردنەكەی ـ خەلیفە لە فكرانەوە چووبوو.

بابم گوتی:"رۆلّە, ئامین, رات داشتوە؟..."

"بەلّێ, بابە, هەر ئێستا گۆڕیومە..."

"زۆر باشە... ئاغای خەلیفە, چیە دەلّێی دەگژ فكرو خەیالاّن را چووی...!"

خەلیفە گوتی:"بەڵێ, راست دەفەرمووی... لە دڵی خـۆم دا فکـرم دەکـردەوە... لـە کارەکانی خۆمـان مـات مـاوم ـ ئێوە ئەم جۆرەو ئێدیکەش ئەوجۆرە...! فکردەکەمەوە ئـەو هەموو ماوەیە بۆ لەنێو رێبەرەکانمان دا چوار ریش سپیی وەك جەنابت نەبوون کە نـەهێڵن ئاوا وەك گەلە گورگ یەکتر لەبەر یەك هەڵ درِین!"

بابم گوتی:"بەڵێ, ئیدی... ئەمەش لە بەدبەختیمانە. هەروەخت سەرەپەتێکمان دەست کەوتوە بەربووینە گیانی یەکتر. خەڵکێکی چارە رِەشـین... ئێسـتا ئێـوە هـەر چـاکن... ئینگلیس و رووس دەیان زانی چ دەکەن ـ لـەو نێـوەدا ئێمـەین کـە بـە داخـەوە ئێسـتاش تێ‌ناگەین ـ ئینگلیس هانی مە دەداو رووس هانی وە ـ هێندێك چـڵکاوخۆریش هـەن کـە لەو نێوەدا ئاو لە ئاشی کەماڵ پاشا یان عبدالحمید دەکەن... و ئاوامـان بەسـەر دێ کـە بەسەرمان هاتوە...!"

دادەئامین راوەستابوو, خەلیفە گوتی کە کورسی‌یەك بۆخۆی بێنێ. کورسی‌یەکی هێناو دانیشت... کەشیشێك بەعەبای رەشەوە هات. خەلیفە هێندێك قسەی لەگـەڵ کـرد... و کەشیش رۆیشت... زەنگی کلیسا هەروا لێی دەدا... دادەئامین گوتی ئەو زەنگە لە جێی بانگی وانە.

بابم گوتی:"لەگەڵ ئامینێ باسمان بوو, دەی‌گوت خەراپ نیـە بـێن رێورەسمـی کلیسـا ببینن ـ تا ئێستا نەمان دیوە... دایکی پێی سەیر بوو... دیسان هەر ئـەو قسـانەو ئـەو جیایی‌یانە ـ کە چۆن دەکرێ ئەمنی موسوڵمان لە کلیسا نوێژ بکەم! گوتم بۆ ناکرێ؟ خوا هەر یەکە, لە هەموو جێیەك هەیە, ئاگاداری کاروکردەوەی هەمووانە, زمـانی هـەمووان دەزانێ... ئێستا فەرقی چیە مزگەوت بێ یان کلیسا! شەرتی ئەوەیە بنیـادەم دڵـی پـاك بێ‌و لەگەڵ خوای خۆی راست بێ, و "نوێژ بکا..."

خەلیفە گوتی:"بەڵێ, هەروایە کە دەفەرمووی ـ فەرمایشتەکەت زۆر راستە... بەڵێ, بەسەرچاو, دەچین, رێورەسمەکەش دەبینین. فەرمایشتەکەت تەواو راستە, هـەموو هـەوڵی پێغەمبەران ئەوە بووە کە ئینسانەکان ئینسان بن و لەگەڵ خۆیان و خوای خۆیان راست بن. وەختێك پیاو لەگەڵ خوای خۆی راست بوو, لەگەڵ خەڵکیش راست دەبێ. ئەمن بە نـۆرەی خۆم جەنابت بە سەد رووحانیی مەسـیحیی وەك خـۆم ناگۆرِمـەوە. بـۆ دڵخۆشـکردنیش وا ناڵێم... جەنابت راست ئـەو کـارەت کـردوە کـە حـەزرەتی مەسـیح درووودی لەسـەر بـێ فەرموویەتی:"دەرهەق بە چەند ئینسانی مـەزڵووم و بێ‌پـەنا چـاکەو باوکـەتیت کـردوە, فیداکاریت نواندوە... ئاغا ئەمن تێ دەگەم... هەر جارەی ئەم کچە جـەنابت بـە بابـەو خێزانت بە دایە بانگ دەکا ئەمن دەتوێمـەوە" کاتێـك دەبیـنم ئـەم منداڵـە بـەو هـەموو

متمانەو ئۆگرییە لەسەر کۆشت یاری دەکا رادەتلەکێم... و خەفـەت دەخـۆم کـە بۆچـی بۆخۆم وەك جەنابت نیم..."

لەپشت مێزەکەی هەستا... پێمان وا بوو دەچێتە جێیەك, بەلاّم نەچۆ هیچ کویێ" هاتە پێش بابم ـ ڕێوی خۆی خڕکردەوە, لەبنەوە تەماشای کردو خۆی بە بابمەوە نووساند. خەلیفە دەستی بابمی گرت و ماچی کرد, بابم سەری لـێشێوا, چەند لەحزەیەك قسەی بۆ نەکرا... خەلیفە دەگریا... بابیشم ڕەنگی پەڕیبوو, زاری پـێ داپچـڕابوو ـ دادەئـامین ڕەنـگ بـە ڕوانیەوە نەمابوو.

بابم تێ مابوو, نەی دەزانی بڵێ چی, ئاوڕی دایەوە بە دادەئامینێی گوت:"ڕۆڵە, بزانـە لێرە لـە بـازاڕ کەوشـی منداڵانـە هەیـە ـ ئەگـەر هـەبوو جـووتێکی بـۆ بکـڕە... بـا گۆرەوییـەکانی تـۆزاوی نـەبن...!" بەدەسـت تۆزوخـۆڵی گۆرەوییـەکانی گچـکەڵەی تەکاند... و هەناسەیەکی هەڵ کێشا.

دادەئامین ڕۆیشت و بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگییە بشکێنێ کـە مەجلیسـەکەی داگرتبـوو, گەڕێك چای هێنا. بابم لەسەرەخۆ چایەکەی خواردەوە, پاشان گوتی:"جەنابی خەلیفە, لـەم قسانە گەڕێین ئێستا جەنابت دەتەوێ چ بکەی؟"

خەلیفە تاوێك ڕاوەسـتاو گوتی:"ڕاسـتییەکەی ئـەمن دەمەویسـت ئـەو پرسـیارە لـە جەنابت بکەم... جەنابت دەتەوێ چ بکەی؟ چەند دەمێنیەوە... چ خزمەتێك لەدەست من دێ؟"

بابم گوتی:"ئەوی ڕاست بێ, جارێ لێرەین... نیازم هەیە ئەگەر خـوا حـەز بکـا ئـەم منداڵە بخەمە مەدرەسە... لەوێ لەلای مەلای ئاوەدانی خوێندوویـە ـ لـەلای ئـامینێش هەر خوێندوویە... نیازم هەیە بیبەم ئیمتیحان بـدا ـ دوایـەش وەمێنـێ. ژوورێکـی بـۆ دەگرم... جارێ ئەمن و دایکیشی لێرەین... ئەگەر ئێمەش چووینەوە هەتا کەس و کـاری ئامینێ دێنەوە ئامین لێرەیە... یان پیرەژنێك کەسـێکی دەنێرمـە لا... هەرچـۆنێك بـێ نیازم هەیە دای نێم بخوێنێ..."

خەلیفە گوتی:"کارێکی زۆر بەجێ دەکەی, ئاغا... زۆر مەبارەکـە, ئاغـا, ئـەمنیش دەتوانم لەو بارەیەوە کۆمەگ بکەم ـ لـە کلیسـا مامۆسـتامان هەیـە... هـەموو جـۆرە مامۆسـتایەك... یـەك دوو ڕۆژ ئیسـراحەت بفـەرموون, دوایـە کارەکـە ڕێـك دەخـەین. مامۆستای زمانی فەڕانسەش هەیە ـ پێی دەڵێم حەوتووی دووسەعات دەرسی بۆ دانێ ـ بۆ دوارۆژی باشە... لەبارەی ئارمێنیشەوە بۆخۆی سەرپشکە ـ ئەگەر پێی خۆش بوو هەتا

ئەو ماوەیە کە تەشریفتان لێرەیە, لە خزمەت جەنابت و دایکی وەمێنێ, پێشی خۆش نەبوو با بێتە ئێرە..."

دادەئامین گوتی:"ئەمن لە لای بابە و دایە دەبم... دیارە ئێرەش هەیە... با بزانین چۆن دەبێ ـ خۆ جارێ ـ خەبەرێك نیە..."

خەلیفە گوتی:"کارێکی زۆر باش دەکەی کچم. ئەمن لە جێی تۆ بم هیچ وەخت دەست لەم بنەماڵەیە هەڵ ناگرم..."

دایکم گوتی:"ئێمە لە خوامان دەوێ, جەنابی خەلیفە. بە گیانی خۆی کە لە هەموو کچەکانم خۆشەویست ترە, بە گیانی ئەم مەیموونە (دەستی بەسەری رێوی دا هێنا) ئێمە تێماوین ـ خوومان بە خۆی و منداڵەکەیەوە گرتوە. ئەمن نازانم ئەگەر ئەمانە بڕۆن وەزعی ئەم پیرەپیاوە چیی لێدێ ـ دەترسم نەخۆش بکەوێ ـ دەترسم منداڵەکەش هەر نەخۆش بکەوێ ـ زۆر خەراپ خوویان بە یەکترەوە گرتوە."

بابم گوتی:"ئەی بابە, ئەتۆش زۆر توندت گرتوە! جارێ ئەمن لەکوێ پیرم... ئەمن و جەنابی خەلیفە تازە سەرەتای چلەکانمانە... پیرەپیاو! ئەوە خوایە, هەربینا دیت لەنەکاو ژنێکی دیکەشم هێنا!... پاشان, لە گاڵتە دەرچێ, خوا دەکا کەس و کاری دێنەوە ئێمە نەخۆشیش بووین با ببین... دوو رۆژ دەکەوین و دوایە هەڵ دەستینەوە, وەدوا کاری خۆمان دەکەوین!..."

لەو کاتەدا ئەو کەشیشە کە وەختی هاتنە ژوورمان هاتبوو دووبارە پەیدا بۆوە. خەلیفە گوتی:"لەپێش دا با عەرزتان بکەم بۆ نانی نیوەڕۆ تەشریفتان لێرەیە... هیچمان بۆ ساز نەکردوون ـ خۆشتان بە میوان مەزانن... پاشان دەتانەویست رێورەسمی مەمانانیش ببینن, فەرموون ئەمن لە خزمەتتان دام..."

هەستاین و بە کۆمەڵ وەرێ کەوتین" لەبەر دەرگای کلیسا خەلیفە هێندێ شتی بە کەشیشەکە گوت و دیار بوو ئێمەی بەو سپارد. داوای لێبووردنی لە بابم کرد, گوتی ئێمە بچین دانیشین, ئەویش چەند دەقیقەی دیکە دێتەوە. بە دوای کەشیش دا رۆیشتین...

ئای, کلیسا... چ کلیسایەك, لەو چلچرایانە... لەو شووشە رەنگاورەنگە جوانانە! کەشیش ئێمەی بەنێو بێدەنگیی کۆمەڵێك دا کە بە سەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکردین لەگەڵ خۆی بردو لەسەر نیوتەختەکانی ریزی پێشەوە دای ناین ـ شاهۆ و وەسمانیش هاتن و لە تەنیشتمان دانیشتن...

لە بنەوە تەماشایەکی دەوروبەرم کرد: لە دەوران دەوری کلیسایەکە لەسەر دیوارەکان پەیکەرو وێنە هەبوون ـ دوایە تێگەیشتم کە وێنەی پیاوە پیرۆزەکان (قدّیسین)ن. لە لای

راست شتێکی وەك حەوز هەبوو, و لەولاتر لە قولینچکێك پەیکەری حەزرەتی مەسیح و حەزرەتی مەریەم هەبوون کە ژمارەیەکی زۆر مۆم لەبەر پێیانیان دا دەسووتان... لە لای چەپیش کۆمەڵێك کچ و کوڕ هەبوون بە جل و بەرگێکی شینی ئاسمانیەوە کە بە قەلافەتێکی مەعسوومانەوە بە ریز راوەستابوون.

زەنگێك لێ درا, کچان و کوڕان سروودیان خوێندەوەو خەلیفە بە لیباسی تایبەتیەوە هاتە ژوور... هەرکەهات رێوی بە پەلە لەباوەشی دادەئامین دا خۆی کێشا بۆ لای بابم. خەلیفە لیباسی تایبەتیی لەبەر کردبو: نیوباڵتۆیەکی سپی و گوڵدۆزیکراو کە بەهەودا دەزوویەك لەدەوروبەری ملی قایم دەکرا, و پشتێنێکی پان... کە ئەویش بە دەزوویەکی زەرد گوڵدۆزی کرابوو. بە هاتنە ژووری خەلیفە هەموو هەڵستان. ئێمەش بە ناچار هەستاین. خەلیفە بەدەست راوەشاندن خەڵکەکەی "موتفەرِك" کرد, و رووبەڕووی مە سەری دانواندو بەدەست ئاماژەی کرد کە دانیشین...

خەلیفە نیوسەعاتێك قسەی کرد کە ئێمە هیچی لێحاڵی نەبووین, بەلام بابم جۆرێك چاوی دەزاریەوە بریبوو دەت گوت لە هەموو شتێك حاڵی دەبێ. رێوی لەسەر کۆشی بابم دانیشتبوو. لەپێش دا نوقمی تەماشای وێنەو چلچرایەکان بوو... بەلام پاش ماوەیەك... بای دایەوە سەر پیشەی جارانی: دانیشتبوو دەستی دە زنجیر سەعات و گیرفانی بابم وەردەدا.

ئێمە نەمان دەزانی خەلیفە دەڵێ چی, بەلام دیار بوو باسی مە دەکا. لە نێو قسەکان دا یەك دوو جار ئاماژەی بۆ بابم کرد, و ناوی هێنا, و بزۆزیی منداڵەکەی بە حازریان نیشان دا... و بەدەم قسەکانەوە کەمێکیش گریا ـ لەنێو جەماعەتێش دەنگی گریانێ دەبیسترا... دوایە دوعای کرد. هەمووان ـ یەك لەوان دادەئامین ـ هێندێ وشەیان لەبن لێوانەوە گوتنەوە, و کلیسا بوو بە هێلانە ژەنگەسوورە. هەتا سەرەنجام خەلیفە گوتی:"ئامین!" و جەماعەت گوتیان "ئامین!"

خەلیفە بەرِێی خۆی دا گەڕایەوەو ئەو کەشیشەی رێنوێنی مە بوو, وەپێشمان کەوت و لە کلیسای بردینە دەرێ ـ بەلام دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ... مەگەر خەڵك دەرەتانیان داین: نەمان دەتوانی هەنگاو هەڵێنینەوە. ژنان وەسەر دایکم و دادەئامین و منداڵەکەیو جووتە براکە گەڕابوون جا ماچ کە. ئەوەندەیان دایکم ماچ کردبوو کە دەیگوت دەم و چاوی بۆنی سەروپێیان لێدێ. بابیشم بێبەش نەبوو" هەر ژن و پیاو بوون کە دەهاتن و دەستیان دەستۆی دەکرد ـ هەمووان هەوڵیان دەدا بەجۆرێك سوپاس و ئیخلاسی خۆیان دەربڕن. چاوی زۆربەی ژنەکان بەفرمێسك بوو, ئامینیش هەر باسی مەکە

ـ خەریك بوون بەستەزمانەی بە کاڵی بخۆن! دەوری سـەعاتێکی پـێ چـوو, تـا سـەرەنجام گەیشتینەوە ماڵی خەلیفە... بە چاکی ماندوو ببووین...

خەلیفە پێش مە هاتبۆوە. بابم گوتی:"جەنابی خەلیفە, ئـەوە چـیت کـرد! چـیت بـەو خەڵکە گوت کە ئاوا بە گیانی مەت وەرکردن! خەریك بوو لەو نێوەدا ژنەکەم وەبن دەستو پێیان بکەوێ, و ئێمە ناچار بین بە سەری پیری ژنێکی جحێڵ بێنین! بەڕاسـت رێـوی چـیی بوو... ها ئامین؟"

دادە ئامین گوتی:"خەوتوە بابە... ماندوو بوو بە باوەشمەوە خەوی لـێ‌کەوت."

بابم گوتی:"هەقی بوو, وەڵڵا ـ ماندوویان کرد..."

خەلیفە گوتی:"ئەمن هیچم نەگوت, ئاغا, هەر ئەو شتانەم گوت کە روویـان دابـوو, ئەویش زۆر بە کورتی... منداڵەکەم نیشان دان و قسـەی خۆشەویسـتیی مەسـیحم وەبـیر هێنانەوە. ئەم جۆرە وەبیرهێنانەوەیە بە قازانجە, ئاغا... زەمانەکـە بەداخـەوە زۆر خـەراپ بووە“ خەڵك پێویستی‌یان بەو جۆرە وەبیرهێنانەوەیە هەیە... بەهەرحاڵ پێویست بوو..."

لە راوێژی قسەکانی خەلیفە وا تێ‌گەیشتم کە ئاخر زەمان گەیشتبۆ ئێرەش.

دەست و چاومان شوتن, و نانی نیوەڕۆمان خوارد ـ ژنان بەجیاو پیاوان بەجیا ـ دایکمو دادەئامین لەگەڵ ژنە خزمەتکارەکە لەسەر زەوی ـ وەك ماڵێ ـ و ئەمن و بابم و براکـانیش لەگەڵ خەلیفە لەسەر مێز.

خەلیفە گوتی:"ئاغا, ئێوە "مقیّد" مەبن... چۆنتان پێ خۆشە, بـە دەسـت یـان بـە کەوچك و چەنگاڵ..."

بابم گوتی:"دەزانین, جەناب, لە دوکتور ئارتوش فێر بووین. جەنابی خەلیفە, لەوێ رام سپاردبوو مامۆستا چەنگاڵێکی داری بـۆ دروسـت کردبـوو, بەقـەد "شـەنە"ی خـەرمان هەڵاویشتن ـ بەیادگار لەگەڵ خۆی هێنایەوە... بەراست ئاغای خەلیفـە, ئـەمڕۆ دوکتـۆر ئارتوشم نەدی..."

خەلیفە گوتی:"رەنگە گرفتار بووبێ... دوکتۆران وەختیان ئـی خۆیـان نیـە. حەتمـەن نەخۆشێك پەیدا بووە ـ لەوانەشە لە دەرمانگای خۆمان بووبێ و نەی توانیبێ ـ لەو پشتە دەرمانگایەکمان هەیە بۆ فەقیر و هەژاران ـ رۆژانی یەکشەممە دوکتۆر لەوێ دادەنیشـێ ـ حەتمەن ئەم یەکشەممەیە نۆرەی وی بووە..."

دوای نانخواردن خەلیفە هەستاو خولقی بابمی کرد“ دەرگای ژووری تەنیشتێی کـردەوە, و گـوتی: ئەمـە ژووری جـەنابت و خـانم... ئیسـراحەت بفـەرموون... بەرامبـەریش دەستشۆرییە. دەرگای ژوورێکی دیکەی کردەوە... ئەمەش ژووری ئارمێن و کوڕەکەی...

ژوورێك بوو خاوێن بە دوو تەخت و نوێنی خاوێن و مەلافەتێگیراوەوە... بـابم و دایکـم چوون و ئەمن و براکانیش هاتینە حەوشەی...

ئێوارێش چا و شیرنیاتمان خوارد... و فێنکایی لای رۆژئاوایە بـە دروشـکەی خەلیفـە هاتینەوە مـالێ... دروشکەش لەو شتانە بوو کـە ئـەمن و بـابم نـەمان دیبـوون. دایکـم لەپێش دا گوتی:"ئەیڕۆ!" بابم گوتی:"ئامین, رۆڵە, دایەی سوارکە!" بـەڵام چـما دایکـم پێش بابم سوار دەبوو... "چیی دیکە؟" خەلیفە زۆری خولّق کرد کە لێرە چەندی بمانـەوێ ژوور هەیە, بەخۆڕایی خانوومـان گرتوە" باشترە خانووەکـە بدەینـەوە سـەحەبی, و هـەرلێرە میوانی ویبین ـ قەولی لە بابم وەرگرت کە رۆژانی یەکشەممە حەتمەن نـانی نیـوەڕۆ لەگـەڵ وی بخۆین. ئەویش تەنیایە... و بە کورتی خولّقێکی زۆر. سەرەنجام بابم سوار بوو, و دایکم و دادەئامین بە دوای دا... بڕیار درا لە دووسبەی ڕا ئەمن بە دەفتەرەوە هەر نـەبێ بچـمە کلیسا و خوێندنەکەم دەست پێبکەم...

لە ژێلّلا هاتین, لە شەقام زۆر کەسمان بە جل و بەرگی خۆمانەوە دی و بە قەولی دایکم لە غەریبی هاتینەدەر. هاتینەوە مـالێ... تازە لامپامـان هەڵ کردبوو, کـە لـە دەرکـەیان دا...

دایکم گوتی:"دەبێ کێ بێ بەو نیوەشەوە!"

بابم گوتی:"خەون دەبینی, کچێ ـ هێشتا سەر لە ئێوارەیە!"

دوکتۆر ئارتووش بوو بە پاکەتێك چوکلیاتەوە. دەستی دەسـتۆی بـابم کـرد گـوتی زۆر داوای لێبووردن دەکا, هەر نیوسەعات لەمەوبەر خەلیفە خەبەری پێ داوە, ئەگینا زووتـر دەهات ـ و ئێستاش بە دروشکەی خەلیفە هاتوە...

بابم گوتی:"ئەمڕۆ چاك مـاندوو بووین... نازانم خەلیفە چیی بـە خـەڵك گوتبـوو کـە رژانە سەرمان خەریك بوو بمان خنکێنن! بەڕاست دوکتۆر, لە مـالێ خەلیفەی لەسەر نـانی چەنگاڵەکەی جەنابتم وەبیر هاتەوە, باسەکەم بۆ خەلیفە گێڕایەوە ـ بـێتۆ نـاخۆش ـ زۆر پێکەنیین... وەرە... وەرە ـ تـازە هەسـتاوی؟ وەرە!" رێـوی بـە هەنگڵـە شـەلە هـات, لەسەرکۆشی بابم دانیشت, و بە سیلەی چاو بەدزی تەماشای دوکتۆری کرد.

بـابم گوتی:"ئـەی ناپیـاو! ناسـیتەوە, هــا!... لـەبیری نەچـۆتەوە..." لـە قوتـووە چوکلیاتەکە دەنکێکی هەڵ گرت و بەسپایی دایە دەستی دوکتۆر. بچۆ لای دوکتۆر قەقەی لـێ بستێنە! بچۆ ـ بچـۆ!" بـەڵام رێـوی تـەخت دانیشـت. دوکتـۆر چـوکلیاتەکەی لـە کاغەزەکەی دەرهێنا, و گوتی:"وەرە... وەرە وەری گرە ـ خۆشـە...!" رێـوی هـەروا کـە

تەخت دانیشتبوو, دەستی درێژ کردو چوکلیاتەکەی وەرگرت... و دوکتۆر دیسان لە قاقای دا.

دوکتۆریش زۆری خولقی بابم کرد, کە ماڵەکەی گەورەیـە, و بـەخۆڕاییی کـرێ خـانوو دەدەین... و بابم دیسان مەسەلەی خوێندنی منی باس کرد, و گـوتی بەهـەرحاڵ بۆخـۆی پێی خۆشە وەختێك دێتە شاری پێگەیەکی هەبێ... ئەمجار خەڵکیش گرفتارن, دەیانـەوێ ئەو چەند سەعاتەی دێنەوە ماڵێ, ئازاد بن... شار لەگەڵ دێ فەرقی هەیە ـ ژیانی شاری ئەو بەربەرەڵڵاییەی ژیانی لادێ هەڵ ناگرێ... لەوێ بنیـادەم لـە هاودەمێـك دەگـەڕێ, فەرق دەکا لەگەڵ شار کە پیاو لەخوای دەوێ سەعاتێك بە تەنیا بێ. هەرچۆنێك بـوو, زۆر سوپاسی دوکتۆری کـرد. دوکتـۆر گـوتی دیـارە زووزوو دێـت و سـەرمان دەدا, بـەڵام بـۆ چارەسەری نەخۆش شوێنی کاری پزیشك باشترە, کەل و پەلەکـە لەبـەر دەسـت دایـە, بـا بچینەوێ بەڵکوو فکرێك بۆ لاق ئێشەی دایەو چاوەکانی هەردوو لا بکاتەوە...

چارەکە سەعاتێك لە رۆیشتنی دوکتۆر گوزەرابوو, دووبـارە زەنگیـان لـێدا... ئاغـا بەگی خاوەن ماڵمان بوو لەگەڵ زارا خانمی خێزانی. بابم گوتی:"بلێ با بفەرموون!"

ئاغا بەگ پیاوێکی ریوەڵەی نەخۆش و فێرەتریاك بوو, چل چل وپێـنج سـاڵێك دەبـوو. ژنەکەی لەخۆی بەخۆوەتر و بەدەماخ تر بوو. ژن و مێرد تـەنیا بـوون, منـداڵیان نـەبوون. ئاغابەگ لە بازاڕ پینەچی بوو. ماڵەکەی خۆی هەر بە حەوشەی ئـەم ماڵـەوە چەسـپیبوو, لای رۆژهەڵاتی حەوشەکەی مە سەرەتای ماڵەکـەی وان بـوو. ژن و مێردێکـی زۆر ئـارام و نەجیب و بێدەنگ بوون, و لە تورکیی ئـازەری بـەولاوە زمانێکیـان نـەدەزانی. دادەئـامین تورکیی دەزانی, بەڵام بیرەوەرییەکی خۆشی لە تورکـان نـەبوو, و زۆر لـە گـەڵیان گـەرم نەبوو...

بابم گوتی:"رۆڵە, هەموو میللەتێك چاك و خەراپی هەیە ـ لەوێش پـێم گـوتی. کـارە خەراپەکان نابێ لەسەر هەموو خەڵکەکە حیساب بکەی. هیچ میللەتێك هەمووی فریشتە نیەو هیچ میللەتێکیش هەمووی شەیتان نیە. چـەند شـەیتانێك پەیـدا دەبـن, مێشـکی خەڵکی دیکە دەدزن و خەڵکی بەگژ یەکتر, یان بەگژ خەڵکێکی دیکـەدا دەکـەن... ئـەم شەڕوکێشانە لەوێوە دێن, ئەگینا من و تۆیان تا ئێستا نەدیوە... ئـەمان و کەسـانی وەك ئەمان خەڵکی دیکە ڕێیان لـێ دەگۆڕن. خۆ ئەمن هەموو تورکـانی عوسمـانیم نـەدیون, هەمووانیش بابی منیان نەکوشتوە ـ چەند بزنەگڕوێیەکن کە مێگەلیان گڕوێ کـردوە ـ خەڵکی ساویلکە گوناحیان نیە ـ گوناحیان هەر ئەم نەزانییەیـە, کـە ئـەویش بەداخـەوە

هۆیەکەی هەر ئەوانەن کە ئەمانە لە گیانی خەڵك بەر دەدەن. خەڵکی ساویلکە گوناحیان چیە ـ ئەوانیش هەر وەك ئاغابەگ و ژنەکەیین ـ کار دەکەن و زەحمەت دەکێشن. میللەت قەت خەراپ نابێ... میللەت وەك لێڕەوارە ـ لێڕەوار کارگی سالمی هەیەو کارگی ژەهراوییشی هەیە... جڕوجانەوەری هەیە, دڕندەی هەیە، دارو درەختی هەیەو گیای باش‌و خواردنی خۆشیشی هەیە..."

بابم چوکلیاتی بۆ ئاغا بەگ ڕاگرت. ئاغابەگی فەقیر قسەیەکی نەبوو بیکا, هەردەی گوت:"مەنزیل موبارەك, چۆخ چۆخ خۆش گالب سوز..." لە ژوورەکەی دیکەش زاراخانم چارشێوەکەی بە ددانی گرتبوو, و دەیگوت:"چۆخ چۆخ سەفا گوترب سوز, ئوز ئێوزدی... چۆخ چۆخ خۆش گالب سوز" *دایکم زاراخانمی زۆر خۆش ویستبوو. بە چاوان پێکەوە قسەیان دەکرد.

هاتبوون بۆ شێو بانگهێشتنمان بکەن, بۆ سبەی شەو. بابم زۆری سوپاس کردن و گوتی:"ماڵتان ئاوەدان بێ ـ نەختێك مۆڵەتمان بدەن, دوایە بەخزمەت دەگەین, حەتمەن... ئەوێ ماڵە بابی خۆمانە!" و بە کورتی, دنیایەك خولق.

نیوسەعاتێك دانیشتن و ڕۆیشتن. بابم گوتی:"ئامین... هیچ لەبیرم نەبوو, ئەرێ هیچ بەم حەیوانە ڕاگەیشتوون... ئاوێك , نانێك؟" دادەئامین گوتی بەڵێ, دەفری ئاوەکەی بۆ گۆڕیوە... خواردنی داوەتێ...

KKK

---

* زۆر زۆر بەرەکەتتان هێنا... خانووی خۆتانە, زۆر زۆر بەخێرێن!

## ٢٣

هێشتا شارمان نەدیوە, قەرارە دروشکە بگرین و بچینە گوێی رووبار سەیرانێك بکەین. بابم دەڵێ لەوێ ئەوبەری پردەکە تەپۆلکەیەکە بە ناوی شێخ تەپەسی کە لـەوێ را هـەموو شارو باغاتەکەی دیارە, و ئێواران زۆر دیمەنێکی جوانی هەیە... ئـەمڕۆ ئێـوارێ دەچـین, سەماوەر و ئیستیکان و ژێرپیاڵەو یەك دوو بەڕە دەبەین, و لەوێ ئیسـڕاحەت دەکـەین... لێرە دابە. (ئەم تەواو کردنەی وەڵامی تەماشای پڕلە سەرسوڕمانی دایکـم بـوو) "بـەڵێ, ئێرە شارە ـ لێرە لە چواردیواری ماڵەکەت دا ئاغاو کوێخا بۆخۆتی, کەس کاری بە کـەس نیە, کەس کەس ناناسێ... کـەل و پـەلێکی کـەم لەگـەڵ خۆمـان دەبـەین ـ قـۆری و سەماوەر و چەند ئیستیکانێك ـ نا, لێرە ئەم جۆرە شتانە عەیب نین ـ لـەوێ تووجـاڕیش هەیە, بەڵام جارێ زوویە, توو نەگەیشتوون" وەختی تووان خەڵك دەچـنە وێ, هـەم تـووان دەخۆن و هەم نانی نیوەڕۆ... جاری وایە شێویش دەخۆن. ئێمەش دەچین, گـوێ چـۆمەکەی زۆر بە سەفایە..."

خەریکین کەل و پەل کۆ دەکەینەوە, کە لە دەرگا دەدەن. دادەئامین دەچێت و دێتەوە.... دروشکەچیی خەلیفەیە" دەڵێ خەلیفە سڵاوی گەیانـدوون و گوتوویـەتی ئەگـەر وەختیـان هەبێ, دەیەوێ نیوسەعاتێك بێ. بابم دەڵێ"بلێ فەرموون... ئامین, ئیدی ئـەوی دیکـەی بەدەست خۆتە... چای ساز کە... چوکلیات و ئەو جۆرە شتانەش هەن... ئەگەر شتێکی دیکەش پێویستە, بنێرە بۆت بکڕن..."

دە دەقیقەیەك پێدەچێ خەلیفە دێ, بـابم بـە پێشـوازی خەلیفـەوە لەگـەڵ دادەئـامین دەچێتە خوار پلیکانـان... خەلیفـە پیـاوێکی لەگەڵـە, لەگـەڵ شـاهین و وەسـکان کـە چاوەکانیان پێ دەکەنن... دادەئامین هەر کە چاوی بە پیاوەکـە دەکـەوێ, بێئـەوەی گـوێ بداتە ئەوە کە خەلیفە لەوێیە هاوار دەکا... "گاگیـك!" و پیاوەکـە دە بـاوەش دەگـرێ,.

منداڵەکانیش دە ئامێز دەگرێ و دەڵێ:"شنوور هاور! شنوور هـاور!" واتـە پیرۆزبـایی بـە زمانی خۆیان هێندێ شت دەڵێ و سەرودەست رادەوەشێنێ...

هەموومان حەبەساوین...

خەلیفە دەڵێ:"ئاغا, ئەمـەش بـابی منداڵـەکان... کـە دوێنـێ بـەیانی پرسـیارت لـێکرد... ئەمرۆ پەیـدا بـۆوە... ئینسـانی بـاش پێوقەدەمیشـی پـیرۆزەو هەناسەشـی پیرۆزە... پێم وایە ئەمەش هەر لە بەرەکەتی هەناسەی جەنابت بوو!..."

بابی منداڵەکان هاتە پێشەوە, بابم باوەشی پێـداکرد... و یـەکتریان مـاچ کـرد. بـابم منداڵەکانیشی ماچ کرد:"باشە, باشە, پیرۆزە... چاوی هـەموان روون... بەخۆشـی... پیرۆزە ئیشەڵڵا... فەرموون, فەرموون!"

هاتنە سەرێ... منداڵەکان دەستی دایکمیان مـاچ کـرد... دایکـم چـاک و چـۆنیی لەگەڵ خەلیفە کردو پیرۆزبایی لە بابی منداڵەکان کرد:"بەخۆشی ئیشـەڵڵا, بەسـەرودڵی خۆش...!" لەگەڵ دادەئامینێش چاوودڵروونیی کرد...

باروون گاگیك پیاوێك بوو دەسـتەپیاو, وەنێوکـەوتوو, دەم وچـاورەقەڵەو سـوورکارە ـ هەمیشە دەم بەپێکەنین بوو؛ چاوەکانی لە دەریای پێکەنین دا مەلەیان دەکرد.

دانیشتن. خەلیفە گوتی:"نەکا موزاحیم بووبین!"

بابم گوتی:"نەخەیر ئاغا, بێلوتفی دەفەرمووی, جەنابت موراحیمە... خـۆش خەبـەر بی... بەڵام دوێنێ فەرمووت خەبەرت نیە!"

خەلیفە گوتی:"راستییەکەیم عەرز کردی, خەبەرم نەبوو... گۆیا رەفیقێکی شـۆفیری هراند تووشی ئەم برایە بووەو هەرچۆنێك بووە باسی هراندو ئەم منداڵانە هاتۆتـەگۆڕێ... ئەم برایەش بێراوەستان وەڕێ کەوتوە ـ بەڵێ, خیلافم عەرز نەکردبووی..."

بابم دیسان گوتی:"پیرۆز بێ... خەبەرێکی زۆر خۆش بوو ـ ئیشەڵڵا هەمیشـە خـۆش خەبەر بی؛ بەم زووانە خەبەرێکی خۆشـت بـۆ ئـامین و ئـەم تووتەڵەیـەش هـەبێ... زۆر خۆشحاڵم کاکە گاگیك... دایکیشیان هاتوە؟"

باروون گاگیك گوتی:"نەخەیر ئاغا... ئەگەر هاتبا بۆ دەست ماچکردن بـە خزمـەت دەگەیشت..."

بـابم گوتی:"باشـە, ئەڵـەملای بـەخێرگوزەرا ـ بەسـتەزمانانە خەفـەتبار بـوون... بەتایبەت ئەو ماوەیە کە ئامین نـەخۆش بـوو... ئێمـەش نـەختێك گرفتاریمـان هـەبوو,

منداڵەکان بۆخۆیان دەیان زانی... ماشەڵڵا منداڵەکان ئاقڵن, ئەگەر باشیان پێ ڕانەگەیشتووین دەبەخشی..."

"نا, ئاغا, ئێمە هەتا هەتایە قەرزداری مەحەببەتی جەنابتین... جەنابت ئەرکی باوکەتیت دەرهەقیان بەجێ هێناوە ـ هەروەها خانم ـ خوا منداڵەکانتان پێ بێڵێ ـ خوا تۆفیقمان بدا کە ڕۆژێك ئەم هەموو پیاوەتییە قەرەبوو بکەینەوە..."

باروون گاگیك کەوشدروویە, لە تەورێز دوکانی کەوشدروونی هەبووە, ئێستاش هەر هەیەتی. بابم ڕوو دەکاتە خەلیفە و دەڵێ:"دەبینی, جەنابی خەلیفە ئێمە دەڵێین یەك لە دنیا سەد لە قیامەت ـ ئێستا هی مە جۆرێکی دیکەیە: هەم لە دنیا هەم لە قیامەت! کەوشەکانیشمان مسۆگەر بوون..." و بە پێکەنینەوە بە دایکم دەڵێ:"ئیدی لەباری کەوشیشەوە بێخەمین...!"

باروون گاگیك دەڵێ:"ئەی بەسەرچاو!" و دەست لەسەر چاوی دادەنێ"ئاغا, ئەگەر بمانەوێ نامەتان بۆ بنووسین دەبێ چ بکەین؟"

بابم دەڵێ:"کاکە گاگیك, ئێمە لەدێ دەژیین ـ لەوێ ڕەعیەتی خەلیفەین!"

خەلیفە دەڵێ:"دوور لە ئێوە, ئاغا...: ئێوە ئاغاو سەروەری مەن..."

دایکم دەڵێ:"ئاغا, توخوا زووتر منداڵەکان بگەیەنە دایکیان... ئەو ژنە فەقیرە گوناحە!"

باروون گاگیك دەڵێ:"بە چاوان خانم, سبەینێ ئیشەڵڵا مەرەخەس دەبم... ئەگەر ئەمرێك فەرمایشتێکتان لە تەورێز هەبێ..."

بابم دەڵێ:"تەنیا سلامەتیی خۆت و منداڵەکانمان دەوێ... منداڵینە, ئەگەر خەراپەیەکتان لێمان دیوە لەبیر خۆتانی بەرنەوە ـ ماشەڵڵا ئێوە ئاقڵن, بۆخۆتان لەوێ دەتان دی ـ کەمێك سەرقاڵ بووین ـ ئەگەر خوانەخواستە بێمەحەبەتیتان دیبێ ببوورن..."

منداڵەکان سەر دادەخەن. خەلیفە هەڵ دەستێ..."وا دیارە بەنیاز بوون تەشریف بەرنە جێگایەك؟"

بابم دەڵێ:"جێگای چۆن؟"

"لە داڵانێ چەند بوخچەو بەستەم دیتن... خۆ میوانتان نەبوون؟"

"نەخەیر ئاغا... ئەگەر خیلافم عەرز نەکردبی, دەمانەویست بچینە گوێی ڕووبار. منداڵەکان هێشتا شاریان نەدیوە ـ ئێستا ئیدی درەنگە... ئەمڕۆ نەبوو سبەینێ,

دووسبەی ـ وەخت زۆرە, کارێکی پێویستیشمان نیە, بۆ شیوخواردن تەشریفتان لێرە بێ...
منداڵەکان شتێك ساز دەکەن..."

خەلیفە دەڵێ:"زۆر باشە ـ دوو کار دەتوانین بکەین... ئەمن لێرەوە بە پێیان دەچمەوە... کلیسا نیزیکە... ئێوە بە دروشکە تەشریف بەرن, هەروەخت پێتان خۆش بوو دروشکەکە بنێرنەوە" یان دە دەقیقەیەك رادەوەستن تا دروشکەکە دەنێرمەوە خزمەتتان..."

دیسان زۆری خولّق نیشان دا... سەرەنجام وا دانرا کە خەلیفە بە دروشکە بچێتەوەو دروشکەکە بێتەوە.

منداڵەکان ماچ دەکەین, و لەش ساغیيان بۆ بە ئاوات دەخوازین... بابم دەڵێ:"منداڵینە شتێکم وەبیر هاتەوە... شاهۆ, ئێوە لەوێ وڵاغێکتان هەبوو کە ئەم حەیوانەمان سوار کرد ـ وڵاغەکە چ لێ بکەین؟ بە پێکەنینەوە لێی زیاد کرد:"بۆخۆمان کەری کوردمان زۆر هەن, لە هەموو جۆر ـ کەری هەرمەنیمان پێویست نیە...!" (بە رێکەوت هەر لە رۆژی هەوەڵەوە وڵاغەکەی شاهۆ و وەسمان بە "کەرە هەرمەنی" لە نێو نۆکەرو قەرەواشەکان دا ناوبانگی دەرکردبوو) چیی لێبکەین ـ هەروا لە دێ رایگرین؟... کاکە گاگیك, جەنابت شاهید بە, سبەی و دووی منداڵەکان تەشقەڵەمان پێ نەکەن: کەرەکە گۆڵە, دێڵ نیە کە سبەینێ داوای جاش و جاشەزاکانیمان لێ بکەن!"

تاوێك پێ دەکەنین, بابم و دایکم دووبارە منداڵەکان ماچ دەکەن, خواحافیزی لە باروون گاگیك و منداڵەکان دەکەین ـ ئەوان بەخێر و ئێمە بە سلامەت!

ППП

بابم دەڵێ:"خوایە زۆر شوکور... بەستەزمانانە زۆر ناڕەحەت بوون... دەربەدەریو بێماڵ و حاڵی دەردێکی خەراپە ـ ئەویش لەو تەمەنەدا, خوایە شوکور, خەبەرێکی خۆش بوو... ئێستا بزانین ئەو تووتکەمان کەنگێ دەبەن!" دوایە روو بە دایکم دەڵێ:"فاتم, تازە کەل و پەلیش نابەین... چامان خواردەوە, دەچین هێندێك دەگەڕێین و دێینەوە."

ئەو شەوە وا دەگوزەرێ... دەورێك دەگەڕێین, چرابەرقیش دەبینین, کارەبایان بۆ شەقامی پەهلەوی کێشاوە ـ بەرقی کارخانەیە, هەموو چرایەکان بە دوگمەیەك هەڵ دەبن, تەپە تەپ, تەپەتەپ ـ دەنگی ماتۆڕی کارخانەیە.

شێومان خواردوه, دانیشتووین... ڕێوی لەسەر کۆشی بابم دانیشتوه... پێمان وایە ڕووداوەکان بەشێوەی ئاسایی و هەروەك ڕۆژەکانی دیکە ڕادەبرن... بەڵام نا... بابم باسی شارو ئیمکاناتی شار دەکاو باسی شارەگەورەکان و ئەو خەڵکە بەختیارە کە لێیان دەژین, ئاغای خۆیانن, غەمی باش چاوەش و عەسکەرو نیزامییەکان و بەرچاوتەنگیی کەسانی وەك غەفوورئاغاو ئی دیکەیان نیەو ئەو دووسێ ڕۆژەی تەمەنیان بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بەسەر دەبەن:"ئێمە ژیان نیە دەیکەین... حەفتاودوو ساڵ تەمەنم ڕابواردوە, ئەو ڕێیەی لەو ماوەیەدا بڕیومە, لە ڕێگای هەناسەیەك کورت تر بووە... حەفتاودووسێ ساڵ! جحێڵ بیر دەکاتەوە... ئای, حەفتاودووسێ ساڵ... عومری نووحە!... بەڵام نا, ئەمجار بگاتە سەدیش... دیسان هیچ ـ هەناسەیەکی کورتی دیکە... نەمان زانی چۆن ڕابرد ـ نەیان هێشت بزانین... هیچمان لێ حاڵی نەبوو, لەو تەمەنە... لەپڕ چاومان هەڵێنا دیتمان پیر بووین, و دەبێ بڕۆین! لە چی حاڵی بووین? ـ هیچ. لە شار ژیان جۆرێکی دیکەیە..."

هێشتا قسەکەی تەواو نەبووە کە لەدەرکەی دەدەن. هەموومان بە سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتر دەکەین... یانی چی... بەو شەوە درەنگە!

دووسێ دەقیقە پێ دەچێ, هیچ خەبەر نابێ, بابم دەڵێ:"یادۆ, بڕۆ بزانە کێیە?"

دەچم, لەسەر پلیکانان تووشی حوسێنی دەبم. "کێیە?" دەڵێ کاریان بە ئاغایە ـ "کێ?" ـ دەڵێ وەکیل باشییە...

بابم گوێی لە قسەکانمان بوو, دەڵێ:"ها ـ یادۆ, کێیە?"

دەچمەوە ژووری دەڵێم:"حوسێنە." حوسێن بەدوام دا هاتوە, دەڵێ:"وەکیل باشییەك لە ئیدارەوە هاتوە."

بابم بە سەرسوڕمان و ناڕەحەتییەوە دەڵێ:"ئیدارە!? فاتم, ئامین... ئێوە بچنە ئەو ژوورە... منداڵەکەش بەرن... بڵێ بێتە سەرێ..."

وەکیل باشی دێ, سڵاوی نیزامی دەکا. پیاوێکی ڕەشتاڵەی کزەڵەیە کە سێ هەشتی لەسەر قۆڵی چەپەن بە جومگەپێچ و فیشەکدان و کەمەربەندو کڵاوشەبکەوە.

بابم خولقی دەکا دانیشێ, وەکیل باشی قبووڵ ناکا, زۆر وشك و ڕەسمی دەڵێ سبەینێ بەیانی سەعات هەشت بابم بچێتە لەشکر, جەنابی ئەمیر لەشکر داوای فەرمووە. لەبیری نەچێ... زۆر ڕەسمی.

بابم دەڵێ:"لە کوێ?"

"ستاد... ئەرکانی لەشکر ـ هەر لەوسەری مەیدانە... سەری سەعات هەشت..."

دەڕوا" دایکم و دادەئامین هاتوونـەوە ژووری بـابم. بـابم نێوچـاوانی گـرژ بـووە. دایکـم دەڵێ:"ئاغا, ئەم قازاخە کاری چ بوو؟"

"نازانم. لە ساخلوو ڕا هاتبوو. گوتی ئەمیر لەشکر داوای کردووی."

"ئاخر وا دیارە ناڕەحەتی!"

"نا... لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە دەکـردەوە کـە چـۆن ئـاوا زوو زانیویـە... بەهـەرحاڵ ئەویش داوای نەکردبایە دەبوو بۆخۆم چووبامە لای." ئەمانەی گوت, بەڵام دیار بوو فکری پەرتە" چاوی دە دیوارەوە بڕیبوو, و قامکی دە مووی چەنەگەی وەر دەدان... "بەهـەرحاڵ, دەبوو چووبام... ئێستا چۆن وا زوو زانیویەتی...! جێی مە ڕاخەن ـ ماندووم...!"

جێمان راخستن و نوستین.

بەیانی زوو بابم چۆ "ساخلوو" منیشی لەگەڵ خـۆی بـرد ـ کـە ئـەم شـتانە فێـر بم! ڕێیەکە دوور نەبوو, لەسەری ئەو مەیدانە بوو کە دوێنێ لە کاتی چـوونی سەرچـۆمی دا پێیدا ڕۆیشتبووین. خانووبەرەی ئەرکانی لەشکر خـانووێکی دوونهـۆمی خشـتی سـووری خاوێن بوو کە بەعەمبارتە دانرابوو. دەدوازدە پلیکـان لەسـەر شـەقامەوە سـەر دەکـەوتی ئەمجار دەگەیشتیە نهۆمی خوارێ.

لە پلیکانەکان وەسەر کەوتین. لەبەر دەرگا سەحەب مەنسەبێك بەپیرمانەوە هـات, لـە بابمی پرسی کاری بە کێ و بە کوێیە. بابم گوتی کە جەنابی ئەمیر لەشکر داوای فەرمووە. سەحەب مەنسەبەکە ئیکلامێکی کێشاو بۆ ڕێپێشاندان وەپێش کـەوت. بـابم پێـی گـوتم لەبەر دەرگا راوەستم ـ ئەمن بەجێ مام... و ئەو چۆ سەرێ.

سێچارەك ـ سەعـاتێکی پێ چوو کـە پەیـدا بـۆوە, و سـەحەب مەنسـەبێکی دیکـەی لەگەڵ بوو, نێوچاوانی زۆر تـاڵ بـوو, مانـدوو, تـووڕە. چـاوەکانی کـە هەمیشـە پـڕ لـە میهرەبانی بوون ببوونە دووگۆمی خوێن... و دوو دووپشك. لە وەختی ئاسایی دا لە چاوی ئاسك نەرمتر بوون. بابم وەك ئەمن ناسیبووم پیاوێك بوو راست و دروست و بەبەڵێن ـ جـا بەڵێنەکە هەرچییەك بوو ـ قسە راست و رەفتار باش" لە دۆستایەتی دا زۆر پایـەدارو لـە دوژمنـایەتیدا زۆر لێبووردوو بوو, و زۆرتر چاوپۆشیی دەکرد. ئەمە هەمـوو کەس, تەنانەت دوژمنـەکانیشی ـ بگرە ئەوانەش کە چاویان نەبوو بی بینن دەیان زانـی و باسـیان دەکـرد. دەیان گوت دۆستایەتییەکەی دۆستایەتییە. بابم دەیگوت بـەڵێ, دەزانـن و ئـەوەش کـە لەگەڵ ئەوەی دوژمنن دەڵێن فلانکەس وایەو وایە, لـە راسـتی دا جۆرێـك سـواڵکەرییە. دەیانەوێ خەڵکی دیکە بڵێن کە خەڵکێکی بە ویژدانن و لە هەق لا نادەن. ئەگینا ئەگـەر

ئەم یان ئەو رەفتارەی من باشە بۆچی خۆتان رەچاوی ناکەن؟ ئەم "گەورەیی"یەشیان هەر جۆرێك نزمی‌یە, سەرپۆشێکە بۆ کردەوە دزێوەکانی لەمەو دوایان...

زۆر تووڕە بوو, سمێڵی گرژ ببوون و پێستی دەم و چاوی دەت گوت لەسەرمان زیپکەی دەرکردوون. روخساری هەر لەو کاتەدا کە داگیرساو بوو, رەنگی پێوە نەمابوو, دەوروبەری سەرگۆناو چاوەکانی وەکوو توێ شیری ساردەوەبوو گنج و لۆچی تێکەوتبوون - ئەمن کە شارەزای خوو و رەفتاری بووم هیچم لێ‌نەپرسی.

لە پلیکانەکان هاتینە خوار, سەحەب مەنسەبەکە بەدەست ئاماژەی بۆ لای چەپ کرد... بەلای چەپ دا بامان دایەوە... چەند هەنگاو رۆیشتین... ئەمن لە دوایانەوە بووم, دووبارە بەلای چەپ دا... ئای... دەچووینە سەربازخانە. سەربازێك لەبەر دەرگا بە تفەنگ و سەرنێزەوە راوەستابوو. بابم شتێکی بە سەحەب مەنسەبەکە گوت و بەدەست ئاماژەی بۆ کردم کە بچمە پێشەوە.

چووم. گوتی:"بچۆوە ماڵێ, بڵێ نانی نیوەڕۆم بۆ بنێرن, بە تۆو حوسێن دا..." دەستی بە گیرفانی داکرد, دوو ئەسکیناسی پێنج تمەنیی دەرهێنان "ئەمەش بدە بە دایکت... دەستێك نوێنیش بێنن, لەگەڵ تەختە سەفەری‌یەکەی دوکتۆر..." لەبن لێوانیشەوە گوتی..."خەبەر بە خەلیفەش بدە... ئامین و منداڵەکەی با شەوێ بچنەوێ بخەون... باشە, دەبڕۆ... ئەوانەی گوتم لەبیرت نەچن... تەختە سەفە ری‌یەکە حەتمەن بێنن!..." ئەوان رۆیشتن.

ΠΠΠ

هەموومان تازیەبارین, دادەئامین دەگری, دایکم دڵخۆشیی دەداتەوە, بەڵام بۆخۆشی حاڵێکی نیە - رێوییش گڕووی گرتوەو دادەئامین تین بۆخۆی دێنی... حوسێنی دەنێرێ لە ماڵی ئاغا بەگ سینی و کەوچك و چەنگاڵ و خوێدان وەرگرێ, نیوڕۆژی بابم بە سەلیقەوە لە دوو قابڵەمە دەکاو سەرقاپییان لەسەر دادەنێ... سفرەیەك کە شوتوویە و ئوتووی کێشاوە بەسەر سینی‌یەکە هەڵ دەکێشێ... بۆخۆی خێرا دەچێ دروشکەیەك بەکرێ دەگرێو بە دروشکەوە دێتەوە - کەل و پەلەکە دەخەینە نێو دروشکە و وەرێ دەکەوین... دوو دەقیقە رێگایە هەتا سەری مەیدانەکە... پێمان دەڵێ ئەگەر دابەزین پوولی

دروشکەکە بدەین, بۆخۆشمان لەوێ راوەستین هەتا بابم نانەکەی دەخوا ـ دوایە بە پێیان بێینەوە. بۆخۆشی دەچێتە خەلیفەخانە.

پێکەوە دەکەوینە رێ, ئێمە بۆ سەربازخانەو ئەو بۆ خەلیفەخانە.

دروشکە لەبەر دەرکی سەربازخانە رای دەگرێ" سینییەکە ئەمن هەلْم گرتوەو نوێنەکان حوسێن. یەکێك دێو دەمان باتە ژوورێ. بابم لە پاسدارخانەیە لەگەلْ ئەفسەری ئێشك گر.

پاسدارخانە لە هەوەلْی شەقامێکی زۆر خۆشە, لە لای چەپی دەرگای چوونە ژوور, کە راستەرێ بەرەو جنووب دەروا ـ هەردوو بەری شەقامەکە دارچنارەو لە ئاخری شەقامەکە خانووبەرەیەکی سپی هەیە, کە دواتر تێدەگەم ئیدارەی لەش ساغی و نەخۆشخانەی لەشکرە. بابم لە ژووری ئەفسەری ئێشك گرە. ژوورێکی رووت و قووتە بە مێزێك و دووسەندەلْیو تەختێکی ئاسنەوە. ئەفسەری ئێشك گر پیاوێکی ئازەرییە, تەمەنی سی سیوسێچوار سالْێك دەبێ, سوورکارەو قەلْەوو دەم بە پێکەنینە. بابم بە حوسێن دەلْێ لەبەردەرگا راوەستێ هەتا نانەکەیان دەخۆن... ئەمن لە لای بابم دەمێنمەوە.

دەلْێم:"دادەئامین چۆ لای مامۆستا..."

بابم پێکەنینی دێتێ... کە ئەو "مامۆستا"یەم لەکوێ هێناوە ! دەلْێ:"پێی بلْێ شەوێ خۆی و مندالْەکەی هەر لەوێ, لە لای مامۆستا بن... نارەحەت نەبێ... ئەمن لەوێ گوتوومە لە مالْی مامۆستایە. بەرۆژ با لەلای دایکت بێ و شەوانە بچێتەوە وێ... ئەگەر لێیان پرسی با بلْێ لە دوێنێوە کە چووینە لای مامۆستا هەر لەوێ بووە,, قەرار بووە بچێتەوە شارەکەی خۆیان ماشێنی دەست نەکەوتوە... پاش ئەوەی ئەمن هاتوومە "ئیدارە" هاتۆتە سەردانی دایکت..."

ئەم شتانە بەبەر نانخواردن و وتوێژ لەگەلْ ئەفسەری نیگابانەوە دەلْێ:"بلْێ بۆمان لە فکری نانی شەوێش دا بن... هەروەك ئەمرۆ خواردنی دووکەس بنێرن..."

نیورۆژەکەیان دەخۆن, سینی و کەل و پەلەکە هەلْ دەگرم دەیان دەمە دەستی حوسێن... و دەچمەوە مالْێ. دایکم هێشتا نانی نەخواردوە, دادەئامین لە خەلیفەخانە هاتۆتەوە" قسەکانی بابم دەگێرمەوە... دادەئامین دیسان بێئەوەی نانی بخوا وەرێ دەکەوێو دەچێتە خەلیفەخانە, کە ئەم شتانە بە خەلیفە بلْێ... دێتەوە. خەلیفە گوتوویە پاش نیوەرۆ لەگەلْ دوکتۆر ئارتووش دەچێتە ئەرکانی ئەرتەش و ئەمیر لەشکر دەبینێ... گوتوویە نارەحەت نەبین دوکتۆر ئارتووش پزیشکی تایبەتیی ئەمیر لەشکرە...

بەلاَم نیگەرانین" دایکم لەبەر من و دادەئامینـێ تینـێ بۆخـۆی دێنـێ و دلَخۆشـیمان دەداتەوە, بەلاَم ئەویش بە پێی ئەزموونی تەمەنێك, باوەڕی بەو شتانە نیە کە پێمان دەلَێو چاوەڕوانە قبوولێان بکەین... ڕێوی گڕووی بابم دەگرێ, وەڕەزیی کردوە...

نانی نیوەڕۆمان خواردوە, نیوەڕۆیەکی زۆر تالَ کە وەك نیوەڕۆی مەجلیسی سەرەخۆشـی دەچوو. دایکم دەپرسێ:"ڕۆلَە, ئەگەر شەوێ بڕۆی ئەم حەیوانە بەستەزمانە چ لـێ دەکـەی ـ لەلای مە دەبێ؟ ئاخر پێم وایە گوتت بەند نابێ... پەلەی لای تۆ ناکا؟"

دادەئامین دەلَێ:"نا دایە, ناچم... بچمە کوێ! لە لا ی ئێـوە دەبم... بابیشـم دێتـەوە, ئیشەلَلا... خەلیفە زۆر بە دلَنیایی قسەی دەکرد!"

دایکم دەلَێ:"ڕۆلَە, بابت گوتوویە... لە قسـەی بابـت دەر مەچـوو... دیـارە شـتێك دەزانێ کە وای گوتوە..."

دادەئامین هیچ نالَێ... و ئەمن ئۆقرەم لـێ بڕاوە ـ تا ئێستا قەت وا نەبووم ـ وادیـارە بێبابم هەلَ ناکەم... هەلَ دەستم.

دایکم دەلَێ:"بۆکوێ؟"

دەلَێم:"دەچمە سەربازخانە."

"ئەدی بڕۆ... لەوانەیە پیرەپیاو کارێك شتێکی هەبێ... بـەلاَم وریـا بـە!" دەترسـێ ئەمنیش بەلاَیەکم بەسەر بێ!

دادەئامینیش دەیەوێ بێ, دایکم نایەلَێ... دادەئامین دوودلَە...

دەلَێم بابم بە ئەمیرلەشکری گوتوە چوویە تاران... هاتنت باش نیە..."

دەچم... لە سووچی مەیدانێ لە ئاخری بـەری ڕۆژئـاوای ئـەو شـەقامە کـە دەچـێتە سەربازخانە, ڕادەوەستم... ئەم مەیدان و شەقامە دیمەنێکی دزێویان هەیە... ئێوارەیەکی درەنگە, ڕاوەستاوم,, کە دروشکەی خەلیفە پەیدا دەبێ ـ دروشکەکە دەناسمـەوە. خەلیفـەو دوکتۆر ئارتووش لە دروشکە دادەبەزن, و بە پلیکانەکان دا سەر دەکەون...

پاش سەعاتێك پەیدا دەبنەوەو سەحەب مەنسەبێکیان لەگەلَە. خەلیفـە لـە تەنیشـت دروشکەکە ڕادەوەستێ... سلاَوی لـێدەکەم. دوکتۆر دەلَـێ:"ئۆی... ئـەتۆش لێـرەی! زۆر باشە! وەرە, وەرە پێکەوە بڕۆین!"

دەچین ـ لە پشت پەنجەرەوە بابم دەبینم کە لەگەلَ ئەفسەری نیگابان دانیشـتوەو قسـان دەکەن. ئەو ئەفسەرەی لەگەلَ دوکتـۆرە دەچـێتە ژوورێ, بـابم لەگـەلَ ئەفسـەری نیگابـان دێتەدەرێ... دوکتۆر ئارتووش پێ دەکەنێ:"ئاغای ڕۆستەمی, خێرە ئیشەلَلا ئـەتۆ چـیو ئێرە چی؟"

بابم دەڵێ:"بەڵێ ئیدی... ڕۆژگارە, دوکتۆر... هەمیشە لە قەرارێك نیە ـ شتی واش دەبێ... وەختێك لەوێ وەختێك لێرە..."

ئەفسەری هاوڕێی دوکتۆر بە ئەفسەری نیگابان دەڵێ:"فەرمووویانە تەشریف بەرێ." و ئاوڕ دەداتەوەو زۆر بە نهێنی بە بابم دەڵێ:"فەرمووی بێئاگاداریی خۆی تەشریف نەبەیەوە ناوچەی خۆتان..."

بابم هیچ ناڵێ, خواحافیزی لە ئەفسەری نیگابان دەکا... و دێن. خەلیفە هەروا لە تەنیشت دروشکەکە ڕاوەستاوە. پاش چاك و چۆنی دروشکەکە تەسلیمی مە دەکاو دەڵێ ئەو بە پیاسە کردن لەگەڵ دوکتۆر دەچێ هەر لەم نیزیکانە سەری نەخۆشێك دەدا.

"ئێوە تەشریف بەرن... دروشکەکە دێتەوە ـ ئەمن و دوکتۆریش هەر کە کارمان تەواو بوو, پێکەوە بە خزمەت دەگەین..."

بە بابم دەڵێم ئێستا کە دروشکەمان پێیە با بچینە بەردەرکی سەربازخانە ئەمن بچم تەخت و کەل و پەلەکەش بێنمەوە. دەچم تەخت و کەل و پەلەکە دێنم و دەیان خەمە سەر دروشکەکە و دەچینەوە ماڵێ. لە دەرگا دەدەم" حوسێن دەرگا دەکاتەوە, و بە پارێزەوە لە کەلێنی دەرگاوە تەماشا دەکا, هەر کە چاوی پێمان دەکەوێ دەسبەجێ ـ غار دەداتە سەرێ... و هەر لەسەر پلیکانان ڕا هاوار دەکا:"خانم مزگێنیم دەیە... ئاغا هاتەوە!"

گوێم لە دەنگی دایکمە:"خۆش مزگێنی بی, ڕۆڵە!... دادەئامین بە غاردان و هەناسەبڕکە دێ و دەست دەکاتە ئەستۆی بابم, سەر وەشانی دەکا ـ و جا ئێستا نەگری کەنگێ بگری!... فەقیرە لە بەیانییەوە تا ئێستا دەمی لە زەوادی نەداوە...

بابم پێدەکەنێ, دەستی بەسەری دادێنێ ـ و دەڵێ:"باشە ئیدی... بەسە ئیدی!" و وەڕێ دەکەوێ. دایکم لاق ئێشەیەتی, لەسەر پلیکانان ڕاوەستاوە, ڕێویی بە ئامێزەوەیە" ڕێوی هەر لە دوورەوە خۆی بۆ هەڵ داوێ, و باوەش دەکاتەوە ـ بابم پێ دەکەنێ... کارۆ دەنووزێنێ... بابم لەپێش دا لەبەردەم کارۆ هەڵ دەتروشکێ, و چاك و چۆنیی لەگەڵ دەکا ـ پاشان دەچێتە سەرێ, و ڕێوی وەردەگرێ.

دانیشتووین چای دەخۆینەوەو بە یاری و هەڵبەزدابەزی ڕێوی پێدەکەنین.

دایکم دەڵێ:"ئاغا... خێرە ـ چ بوو؟ چییان دەگوت؟ ئەم منداڵە دوور لە گیانی خەریك بوو وەك بەفری بەهار دەتوایەوە..."

بابم دەست بەسەر سەری ڕێوی دا دێنێ, و دەڵێ:"ئا ڕێوی! ئەوەندەت بابە خۆش دەوێ...!"

ڕێوی دەڵێ:"بابە!"

پێ‌دەکەنین, بابم دەڵێ:"هەی بەدفەڕ!" و دەی لاوێنێتــەوە. دایکـم دەڵێ:"ئاغـا, وەڵــلا زۆری ئۆگری خۆت دەکەی ـ باش نیە. ئـەم منداڵــە دوو رۆژان جـەنابت نـەبینێ دوور لــە گیانی لەبەین دەچێ... دایکیشی لەو خراپتر ـ هەردووکیان خەریك بوو خۆیان دەکوشت!"

بابم دەڵێ:"چت لــێ بشارمەوە, ئەمنیش هەر لەو چەند سەعاتەدا هەستم بە دڵتەنگی دەکرد, دەت گوت شتێکم لــێ ون بووە ـ گێژ بووم... چ بکەین, منداڵە... ئەتۆ بۆخۆت لەمن خەراپتری... ئەگەر راست دەکەی, بۆخۆت رووی مەدەیە!..."

"باشە کێ بوو" چیی دەگوت؟"

بــابم گوتی:"کــێ؟ ئــەو ناپیــاوە؟ چ بڵــێ؟ هــەر لــەو فەرمایشــتەی هەمیشــەیان... مەسەلەی مێردەکەت بیستوە کـە نەدەچـۆوە مـاڵــێ, نەفەقــەی ژنەکــەی نــەدەدا, ســاڵی مانگێك ئەگەر چووبایەوە ماڵێ, وەر دەگەڕایە ژنەکەی و بە قەستی کوشتن لێــی دەدا... دراوسێ‌یەکان وەسەر دەگەڕان و ژنەی فەقیریان لەبەر دەستانی دێنایــە دەر... "چ بــووە ـ بۆچی لێی دەدەی؟" ـ "هیچ." "چۆن هیچ؟ ئەتۆ کە هیچ کات سێبەری ســەری ئــەم ژنــە نی, هیچ وەخت نەفەقەی نادەیەی, ئیدی ئەم لێدانــەت لــە چــیە؟ هــیچ نــەبێ دارکــاریی مەکە, بێ‌ئینساف!" کابرا دەی‌گوت:"ئەگەر لێی‌نەدەم خەڵك بەچی ڕا بــزانن کــە ژنمــە!" ئێستا بەسەرهاتی مەش بۆتە نەقڵی ئەم ژن و مێردە... ئامین, وا دیارە لە دەرکەی دەدەن ـ بچۆ بزانە ـ رەنگە خەلیفەو دوکتۆر بن..."

خەلیفەو دوکتۆر بوون... هەر گەیشتنێ و رێوی لە دوورەوە باوەشی بۆ دایکی کردەوە. دادەئامین هات وەری‌گرت و بردی ـ بابم و دوکتۆر لەبن لێوانەوە پێ‌کەنین.

بابم گوتی:"بە رێکەوت ئێستا باسی ئەوەمان دەکرد" خەریك بــوو باســی ئــەو مێــردە داستانی‌یەم بۆ ئـامین و منداڵــەکان دەگێڕایــەوە." و چــیرۆکەکەی ســەرلەنوێ گێڕایــەوە. "بەڵێ, بەسەرهاتی مەش بۆتە نەقڵی ئەو ژن و مێردە... لــەوێ دانیشــتووین ـ بووینــە نۆکەری بێ‌خــەرج و بــەرات... بــەزۆری خۆمــان بەریشــی ســپی و کەیخواگــەری و ریــش دەبارمتەنان ناوچەکە رادەگرین ـ ئەمەش پاداشەکە پێمان مەرحەمەت دەفەرموون! دەڵــێ بۆچی لەگەڵ خەڵکی وڵاتی بێگانە بەشەڕ هاتووی؟ عەرزی دەکەم دەبێ لە دەوڵەتی بێگانە بپرسێ بۆچی دانیشتووانی دەستدرێژی دەکەنە سەر خاکی وڵاتێکی دیکەو زۆری لە خەڵك دەکەن. ئێمە لە ماڵی خۆمان دانیشتووین, زەرەرمان بە کەس نەگەیاندوە ـ دەبــێ لــەوان بپرسێ. دەفەرموون ئەتۆ دەبوو "راپۆرت"ت دابایە, پرست کردبایە کە چ بکەی.

"راپۆرت! عەرزی دەکەم راپۆرتم بەکوێ دابایە؟ دەفەرموێ بێرە ـ بەو ـ خۆ ئەو بۆ راوێ نەهاتۆتە ئێرە, هەر بۆ ئەم کارانە هاتوە! سمایل ئاغای "سمکۆ" ئەو کوشتوویە, ئەوە کە بەرپرسی ناوچەکەیە, ئاسایشی ناوچەکەیان لەو دەوێ ـ دەبوو پرسم بەو کردبایە, یەعنی عەرزی خزمەتی باش چاوەشم کردبایە, سەبر فەرموون پرسم بە ئەمیرلەشکر کردوە, بزانین چ دەفەرموێ!"

نازانم, ئاغای خەلیفە, تێماوم... سمایل ئاغای فەقیر!... هەمووان کوشتوویانە... ئەویش بەو جۆرە کە دیتان! بنیادەم چ بەو پیاوە بڵێ؟ لەوێ ڕا ڕاپۆرت بدەم, بە جەنابی ـ لێرە... چونکە بۆ راوێ نەهاتوە... بەرپرسی ئاسایشی ناوچەکەیە! بەڵێ... دەفەرموێ بۆچی خەڵکی بێگانەم کوشتوە ـ عەرزی خزمەتی دەکەم ـ مەسەلەکەی بە درێژی عەرز دەکەم کە بەڵێ, دانیشتبووین, دیتم سێ نیزامیی تورك هاتن ـ باش چاوەشێك و دوو عەسکەر ـ کاریان چیە؟ ـ میوانن. زۆر باشە, قەدەمی میوانی لەسەر چاوان... میوانداریيان لێدەکەین, دەڵێن نا, میوانێکی واش نین, حوکمیان پێیە, بە دوای ژن و منداڵی فلان هەرمەنی دا دەگەڕێن. پێی دەڵێم ئەگەر دەوڵەتی وە, یان سەربازی وە کارێکی هەیە, دەبێ بچێتە لای سنوورەوانی دەوڵەتی من, نەك ئەوە کە جەنابت هەروا سەر داخەی, بێی و ژن و منداڵی فلان هەرمەنیی لە من داوا بکەی... ژن و منداڵێکیش بەو ناوونیشانە نەهاتۆتە ئێرە. دەڵێ نەخەیر, هاتوە... لەو بەینەدا منداڵ دەگری. باش چاوەش دەپرسێ منداڵی کێیە" دەڵێم نەوەمە" دەڵێ دەبێ دایکی واتە بووکەکەم ببینێ, هەموو ژنانی ماڵێ ببینێ. دەڵێم ئاغای باش چاوەش, لەپێش دا ئەتۆ میوانی, ئەمن لەبەر خاتری دەوڵەتی خۆم و لەجیاتی دەوڵەتی خۆم میوانداریت لێدەکەم" پاشان لێرە داب نیە, عەیبە" دەڵێ ئیللا و بیللا دەبێ بیان بینێ ـ حوکمی پێیە. دەڵێم ئاغا ئەمانە بووك و کچانی منن, و ئەمن رێگە نادەم کەس بیان بینێ... جەنابی باشچاوەش زۆر ئاسان قەمچیی هەڵ دەگرێ و لەنێوچاوانمی دەدا... ئەویش لە ماڵی خۆم... و دەست دەبا بۆ چەکیش...

جەنابی ئەمیر لەشکر دەفەرموێ:"ئەو بە چەك راساوە, ئەتۆ کوشتووتە!" عەرزی دەکەم بەڵێ... کە قەمچییەکەی لێدام سەگەکە ئامبازی بوو, قورقرۆچکەی جوی ـ بە چەك نەکوژراوە ـ گوللەی دەمانچەکەی خۆی دەرچووە, سەگەکەو مامۆستای ـ کە دیلمانج بوو ـ بریندار کردوە...

دەفەرموێ عەسکەرەکە کێ کوشتوویە؟ عەرزی دەکەم نۆکەرەکەم ـ تاوی داوەتە یەکێك لە تفەنگەکانی خۆیان کە لە سووچێکی ژوورەکە دانرابوون, هەڵی گرتوەو عەسکەرەکەی

پێ‌کوشتوه... دەفەرموێ نەخەیر, بە تفەنگی خۆتانتان کوشتوە ـ چەکتان هەیەو دەبێ بیهێنن تەحویلی بدەنەوە! دوایە... بۆچی ئەو عەسکەرەو چەکەکان و تەرمی کوژراوەکانتان داونەوە؟ عەرزی دەکەم ئەگەر نەم دابانەوە دەبوو ناخۆشی و خوێنرێژی... دەوڵەتی خۆمان لەوێ هێزێکی نیە ـ هێزێکی نەبوو... ئێستا جەنابی خەلیفە لەوەش گەڕێن کە ئەگەر هێزیشی لەوێ هەبایە, دڕوویەکی لە لەشمان دەر نەدێنا.... بەڵێ, عەرزی دەکەم ئەمن کە چەکم نەبوو ناچار بووم مەسەلەکە بە کەیخودایی چارەسەر بکەم. دەفەرموێ ئەو ماوەیە بۆچی راپۆرتت نەداوە؟ عەرزی دەکەم جەنابی ئەمیرلەشکر بۆخۆم خوێندەوارییەکی وام نیە. خوێندەوارێکمان لە دێ دا هەبوو ئەویش بریندار بوو,... لە یەکێکی ئەمین دەگەڕام کە راپۆرتەکەم بۆ بنووسێ ـ خۆ ناکرێ متمانە بە هەموو کەس بکەی... چونکە لەوانەیە خوانەکا بیێتە بەڵگەیەك بە دەست دەوڵەتی بێگانەوە...؟ پاشان زستان بوو, رێگا بەسترابوو... ئەمجار نەخۆشمان هەبوو, گرفتار بووین. دەفەرموێ نەخەیر, وانیە ـ بۆچی بۆ کچە هەرمەنی وەسیلە هەبوو بنێری لە ورمێوە دوکتۆری بۆ بەری, بۆ راپۆرت ناردن وەسیلەت نەبوو؟ عەرزی دەکەم. شۆفیرێك بە رێکەوت رێی لێ‌گۆڕابوو و هاتبوو ـ و بە رێکەوت هەرمەنییش بوو. ئەمنیش کەڵکم لە دەرفەتەکە وەرگرت و دوکتۆرم بۆ ئەو لێقەوماوە هێنا ـ و دوایە نەخۆشمان هەبوو, سەرمان قاڵ بوو... و ئەمجار زستان بوو" گوتم بۆخۆم بە خزمەت دەگەم و عەرزتان دەکەم. دەفەرموێ نەخەیر, ئەمەیان یاخیگەرییە "دەستوور دەدەم دوورتان بخەنەوە بۆ تاران." عەرزی دەکەم "دەسەڵات بە خۆتانە... بەرێکەوت بۆخۆشم لەو فکرەدا بووم... بە نیازم ئەگەر خوا حەز بکا بارکەم بۆ تاران... بەڕاستی ئیدی ماندوو بووم لەم ژیانە..." دەرهەڵ دەبێ و دەفەرموێ:"ئێستا جوابیش دەدەیەوە!" عەرزی دەکەم:"جەنابی ئەمیرلەشکر, خۆتان لە ناوچە بوون, ئێمە جگە لەوەی نۆکەری بێ مووچەو بەرات بووین, و ناوچەکەمان ڕاگرتوە, کارێکی خەراپی دیکەمان نەکردوە ـ هەق نیە ئاوامان رەفتار لەگەڵ بکەن!..."

"بەڵام جەنابی خەلیفە, ئەمەش بۆخۆی مەغوولە. لە تورك بەو لاوە کەس بە بنیادەم نازانێ... دەوڵەتی تارانیش وەك هەمیشە کەس نازانێ چ دەکا ـ مەغوولێك دەکاتە ئەمیر لەشکری ئازەربایجان........................ نازانم وەڵڵا, ئەمن تێ‌ماوم" زگم بە خۆم دەسووتێ..."

تاوێك بیر دەکاتەوە, دوایە لە درێژەی قسەکەی دا دەڵێ:"لەبیرم چوو ئەمەت عەرز کەم, دەی فەرموو "ئەو ژنە (واتە ئامینێ) دەبێ ببینم... لە کوێیە, بنێرەبێ" بە

تەشەرەوە ئەمەشی لێ زیاد دەکا:"دیارە ئەگەر ئیزن بفەرمووی!" یانی ئەمن ئیزن بفەرمووم!

عەرزم کرد, پێم وایە ئەمڕۆ چووبێتە تاران ـ نازانم, باش ئاگادار نیم, لە دوێنێوە کە تەحویلی خەلیفەم داوە خەبەرم لێی نیە... قەرار وابوو بڕوا بۆ تاران... هەربۆیەش بوو ڕام سپارد ئامین لەگەڵ منداڵەکەی شەوێ لە خەلیفەخانە بخەون... بەڵێ, جەنابی خەلیفە, ئەمەش ڕاپۆرتی کاریمە...!"

خەلیفە گوتی:"وایە ئیدی, ئەوەی چاکە جەنابت شارەزای وەزعی ناوچەکەی... ئەم شتانە بەداخەوە بوونە بەشێك لە ژیانی مە... هەرچۆنێك بێ, دەبێ قبووڵ بکەین کە جەنابت و ئەمن هەردووکمان لەم ڕووداوەدا خەتابارین. کاری جەنابت "دۆستان"ی خۆتان خەبەریان دابوو, و کاری منیش "دۆستان"ی خۆمان..."

بابم گوتی:""دەردەکە ئەوەیە کە بەهەر لایەك دا دەسوڕێین ئەو "دۆستان"ە لەمە لەپێشترن.... بەڵێ, بێگومان جەنابی غەفوورئاغا و ئەوانە ڕاپۆرتیان داوە ـ دەبێ بەرتیلێکیشیان دابێ و بە شەوێك بوونە "نیشتمانپەروەر" ئەوەدەم تورك پەرست بوون, ئێستا بوونە ئێران پەرست... بەڵێ ئیدی, بە دەردی دەڵێن دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ..."

خەلیفە گوتی:"بەڵێ, بەهەرحاڵ "گوناح"ی جەنابت خێر بوو, بەڵام ئەمن بێپارێزیم کرد... بەداخەوە دنیاکە وای لێهاتوە پیاو ناتوانێ بەزمانیش ڕێز لە کاری چاکی خەڵکی دیکە بگرێ. دوێنێ ئەمن لە کلیسا تەنیا باسی مەحەببەت و ئینسانەتیی جەنابتم کرد, بەڵام وا دیارە "دۆستان" مەسەلەکەیان جۆرێکی دیکە گێڕاوەتەوە. ئەمانە نایانەوێ دڵی تورکان بیەشێنن, یان لە شاری دا بۆتە دەنگۆ کە چەند تورکێکیان کوشتوەو خەلیفەی هەرمەنیەیان ڕێزی بۆ ئەم کارە داناوە ـ لەحاڵێك دا ئەمن تەنیا تاریفی ئینسانەتیی جەنابتم کرد کە ژنێك و منداڵێك و دوو منداڵی دیکەت لەبن باڵی خۆت دا حەواندبوونەوە. تورکان لێرە کونسوولخانەیان هەیە ـ دیارە جاسووسیشیان هەن... ئەمجار هێندێك هەن کە بە زاراوەی خۆیان پان تورکیستن. لەوانەشە لە ڕاستیدا هیچ کام لەمانە نەبووبێ" لەوانەیە براکانمان ئەم بەسەرهاتەیان بۆ خەڵکی دیکە گێڕابێتەوەو خەبەرەکە بە گوێی ئەم جەنابانە گەیشتبێتەوە... بەهەرحاڵ ئەمن یەکەبارێ خۆم خەجاڵەتی جەنابتم..."

بابم گوتی:"دوژمنتان خەجاڵەت بێ... جەنابی خەلیفە, ئەمن ئیدی منداڵ نیم ـ بە دەردی دەڵێن ئەم ریشەم لەبەر تاوێ سپی نەکردوە ـ وڵاتەکەم دەناسم, جاسووس و خائین هەمیشە لە خزمەتگوزاران بەرێزتر بوون!"

خەلیفە گوتی:"بەڵێ... پاشان سەرنجی ئەمەش بدە ـ راستە کە ئەمیرلەشکرە... بەڵام ئەمانیش لەنێو خۆیان دا دوژمنیان زۆرە ـ کابرا لە پلەوپایەکەی دەترسێ... دەترسێ نەوەکا حەڵاڵ زادەیەك راپۆرتی دابێتە تاران, یان بیدا... یان تورکان گلەیی بکەن ـ لەحاڵێك دا ئەمان دەبێ گلەیی بکەن ـ باش چاوەش و عەسکەری تورك لە خاکی مەدا بوون, خۆ جەنابت نەچووبوویە وێ... بەهەرحاڵ, شوکور بەخێر گوزەرا..."

بابم دەڵێ:"سەیرە... وەختێك گوتم باش چاوەشی تورك بە حوکمەوە هاتبۆ خاکی ئێران, و تەنانەت حوکمەکەی نیشانیش دا, و ئەم حوکمە ئێستا لە لای منە, نەیگوت ئەو حوکمە لە کوێیەو شتی لەو بابەتە...!... سبحان الله!"

بەری ئێوارێ بوو, دوکتۆر گوتی دەبێ بچێتەوە پزیشکخانەکەی خۆی... خەلیفەش گوتی کاری هەیە, دەبێ بڕوا... بابم زۆری خولق کردن کە بۆ شەوێ لە لامان بمێننەوە... قبووڵیان نەکرد... و رۆیشتن.

پێشان خەلیفە رۆیشت, دوکتۆر نەختێك لاقەولاقی کرد... دوایە گوتی:"دیتت منداڵەکە چۆن هەڵات ـ هەر چاوی پێمان کەوت و خۆی لەئامێزی دایکی هاویشت...!"

بابم گوتی:"هێشتا دەرزییەکەی لەبیرە..."

"نائاغا... لەبەر من نەبوو... بەم ریشەو بەم کڵاوە دوو فاقەیەوە وەك عەکسی رۆستەم دەچم کە کەللەی دێوی سپیی لەسەر نابێ... منداڵەکە ترسا!": و قاقا پێ کەنی...

بابم لە بەرێکردنی خەلیفەو دوکتۆر ڕا هاتەوە... گوتی بەنیازە سبەینێ ئەگەر خوا حەز بکا بچێتە حەمام, و بە دادەئامینێی گوت:"رۆڵە, ئەتۆ شارەزای ژیانی شاری, ئەتۆش لەگەڵ دایکت بچۆ. لێرە حەمامی نمرە هەیە ـ حەمامی میرزا عەولا ـ هەر لەم نیزیك بازاڕە, سەری بازاڕی. نمرەیەك بگرن و چڵك و چەپەڵی ڕێگا لە لەشتان دەرکەن... ئەمنیش لەگەڵ یادۆ دەچم..." رووی کردە من:"دەرسی تۆ دەستی پێکردوە ـ قەول و قەرارێکت داناوە؟"

"قەرارە لە دووسبەی ڕا بچم."

بابم گوتی:"زۆر باشە, کەوایە دایکت و ئامین سبەینێ بەیانی بچن, ئەمن و ئەتۆ پاش نیوەڕۆیە دەچین... نیوەڕۆیە شتێکی حازر دەخۆین."

دادەئامین گوتی:"نا بابە, بۆ شتی حازر! ئەمڕۆ چونکە پێمان وا بوو لەوانەیە شەوێ لەوێ بمێنیەوە گوتمان چونکە بەتەنێ نی خواردن زۆر سازکەین ـ بۆ سبەینێ دەمێنێتەوەو زیادیش دێنێ... هەر ئەوی گەرم دەکەینەوە ئەگەر موافیق بی."

بابم گوتی:"بۆ موافیق نیم رۆڵە, فکرێکی زۆر بەجێیە... کەوایە قەرارمان ئەوەیە... کەل و پەلەکەتان بدەن بە حوسێن هەڵیان گرێ... رێیەکە دوور نیە ـ هەر لەم شەقامە سەد هەنگاو بچنە خوارێ دەگەنێ ـ رووبەڕووی مزگەوتی بازاڕ باشە ـ بە منارەکەی ڕا دیارە...."

شێومان خوارد" ئەمن دانیشتم دەستم کرد بە مەسەلە حەلکردن و بابیشم بە یاری کردن لەگەڵ رێوی و گوتن و پێکەنین. رێوی ئێستا فێر ببوو گازیشی دەگرت ـ بە قەولی بابم ددانەکانی لەگەڵ کارۆ گۆڕیبوونەوە" و دایکم و دادەئامین هەر لەودەم ڕا دەستیان کرد بە خۆسازکردن بۆ چوونە حەمام و ئوتوولێدان.

دایکم تا ئێستا حەمامی نەدیبوو ـ بەڵام خەڵکی دیکە بۆیان باس کردبوو چۆنە... دەبێ بزانێ چۆن جێیەکە کە ئەوەندە تاریفی دەکەن!

بابم گوتی:"رۆڵە, لە بیرت نەچێ, سبەینێ کە دەڕۆن هێندێ خواردن بۆ ئەم تووتکە سەگە لەگەڵ خۆتان بەرن ـ لەوێ برسیی دەبێ, ئەزیەتتان دەکا, زۆر بێچاووڕوویە! ئابڕووتان دەبا... ئەرێ, تووتیلە!"

رێوی بێ راوەستان دەڵێ:"تووتیلە" و بابم قاقا پێدەکەنێ.

دادەئامین دەڵێ:"بەسەر چاو بابە ـ لە بیرم بوو."

ئەو شەوە تا درەنگ باس باسی حەمام و مۆجیزەکانی حەمام بوو.

KKK

## ٢٤

کڵاوی پەهلەوییش داهاتوەو مەیدانی لە بەساڵداچووان تەنگ کردوە. جلوبەرگ بۆتـە یەك شێوە "متحدالشکل" بابم بە کۆت و شەڵوارەوە قەڵافەتێکی پەیـدا کـردوە, کـۆت و شەڵواری لـێ جـوانن. بـەڵام بۆخـۆی نارەحەتـە, دەڵـێ بۆتـە حاجیلـەك لـەك, وەك ئـەو لۆتییانەی لـێهاتوە. کۆتەکەی خوا هەڵ ناگرێ رەحەتە, بەڵام شەڵوارەکەی وەك شـەڵواری بەندبازان دەچێ. رەزا شا ئەم دیارییەی لە تورکیەوە هێناوە, دەستاوی کەمالْ پاشایە: پێی وایە هەر کە دەبەریان کردو دەبەرمان کرد دەبینە ئورووپایی‌و کـابرای ئورووپـایی پێـی وا دەبێ وەکوو خۆیمان لـێ هاتوە, و حورمەتمان دەگرێ. ئیدی نازانێ ئورووپایی ئورووپاییەو تورك تورکە, و ئەگەر ئورووپایی بە چاوی سووك یان بە چاوی نۆکەری دەڕوانێتـە ئێرانـی یان تورك, ئێرانی یان تورکی هەژار خەتای نیە ـ بەرماوخۆری و نۆکەری و نیشتمانفرۆشی کاری وان و هاوشانەکانیانە. ئورووپایی ئەوان بە تورك و ئێرانی دەزانـێ, ئـەگینا سـۆفی حەسەنی فەقیر یان ئوویار عباس یان عەلی پەپاخ چ پێوەندییەکیان لـە گـەل ئورووپـایی یـان هـەبووە, کـەنگێ نانیـان لەگـەڵ ئورووپاییـان خـواردوە. راسـتییەکەی ئورووپاییەکانیش ئەم وەزعەیان پێخۆش نیە... دەترسن ئابڕوویان بچێ... خەڵك پێیان وا بێ ئەمانە هەر بەراستی ئورووپایین!

بەساڵداچووان وەتەنگ هاتوون ـ ئەم خەڵکە هەژارە ناژین ـ هەر نـەدەژیان ـ ئێسـتا زیـاتریش نـاژین... بەسـەر ژیـان دا تێدەپـەڕن, وەك ئـەو وەختـەی کتێبێکـی نـاخۆش دەخوێنیەوە, کە ماندووت دەکا و دەپازدە پەڕ بە سـەری قامکـێ هـەڵ دەدەیـەوە بـەڵکوو بگەیە جێیەکی وا کە پێت خۆش بێ و ماندوویت دەرچێ ـ کەچی پێی ناگەی‌و چیڕۆکەکە هەر بەو ناخۆشییە دەڕواتەپێش ـ کڵاوی پەهلەوییش شتێکە وەك ئەو پەڕهەڵدانەوەیە...

بەپێچەوانە ژیان لەپێش چاوی لاوان خـۆش و جێـی هیوایـە. هەنگامەیەکـە بۆخـۆی: قوتابخانەی تازە کراونەوە: سەرەتایی, ناوەندی, هونەرستان... هەر رۆژە شتێکی تازە دێتـە بازاڕو ئەتۆ دڵنیای کـە سـبەینێ شـتێکی باشـتر و جـوانتر دێ... رادیـۆ هـاتوە دەڵـێن

ئەمیرلەشکر یەکێکی هەیە. تاریفی سەیرسەیری دەکەن: بە یەك لەحزە دەنگ لەو سەری دنیارا دێنێو ئەتۆ تەنانەت دەنگی کۆخەی کابراشت گوێ لێیە!

ئێواران شەقامەکان ئاوپرژێن دەکەن, و لێرە تەنانەت کچانی مەسیحی بەسەر رووتییش بە شەقام دا دەگەڕێن! شەقامی پەهلەوی وەك جۆگەلەی بەهار لە قوڵتە قوڵتی قسەکردن و پێکەنینی لاوان هەڵ دەقوڵێ... لاوانی دووچەرخەسوار لە قوتابخانە را دێنەوەو بە قیل و قانج بە پێش خەڵکی دیکە دا دەڕۆن. ئەم دووچەرخەیە سنعاتێکی سەیرە... چۆن لەسەر ئەم دوو تەگەرە بەر نابێتەوە ـ وەڵلا ئاخر زەمانە!

بابم زۆری حەز لە چوونەدەر نیە ـ لەراستی دا حەز بە کڵاوی پەهلەوی ناکا, هەرچەند دوکتۆر ئارتووش دەڵێ بەسەرڕووتییش دەتوانی لە ماڵ دەرکەوی... بە سەرڕووتی! هەر ئەوەمان مابوو بڵێن فلانکەس شێت بووە! لە قەدیمەوە سەرڕووتی خەسڵەتی شێتان بووە, پیاوی ئاقڵ چۆن بێ دەسرەو کڵاو لە ماڵێ دەر دەکەوێ!...

هەموو شتێك تێك چووە... خوا ماڵێت خەرا کا رەزاشا! ئێستا دەڵێن دەبێ بە سەرڕووتی بچیە لای پیاوی گەورە ـ بە کڵاوەوە بچی بێئەدەبییە! کاری دنیا سەیر تێك چووە" جاران ئەگەر لە ژووری دانیشتبای دەسرەوکڵاوت لابردبان کە بابەك لەسەرت بدا, یان ئارەقی لێ وشك بێتەوە هەر کە پیاوێکی لەخۆت گەورەتر وەژوور دەکەوت, بە شڵەژاوی دەسرەوکڵاوەکەت هەڵ دەگرتن و وەدەر دەکەوتی, تەنانەت لە لای وی لەسەریشت نەدەنانەوە... و هیوادار بووی کەئەو لەخۆت گەورەترە لەو بێئەدەبییەت خۆش بێ! کەچی ئێستا دەبێ بەسەرڕووتی بچیە لای لە خۆتگەورەتر... بۆ؟... پەهلەوی وایگوتوە!

هێندێك جار ئێواران, کە دنیا کەمێك تاریك دادێ دروشکە دەگرین و بە کۆمەڵ دەچینە گوێی رووبار" جاری وایە کەل و پەلیش دەبەین و لەسەر تەپۆلکە چای لێدەنێین... کە دنیا تاریك بوو خۆش خۆشە بە پێیان دێینەوە.

ئەمن زۆر خەریکم, دەخوێنم بکوتە ـ هەوەڵی رەزبەرێ هاتوە, ئیمتیحانم داوە, بە نمرەی باشەوە دەرچووم, و پۆلی پێنجەمم. بابم دەڵێ بریا ئیمتیحانی پێنجەمت دابایە, ساڵێك پێش دەکەوتی. سجیلیشم وەرگرتوە. ئەودەم وەك ئێستا نەبوو, هەر کە لە دایك بووی مامان و پزیشك وەرەقەت بۆ پڕ بکەنەوەو هێشتا حەوتووت نەچووە سجیلت بۆ وەرگرن. هەروەخت هاتبایە شاری و ئیشتیات لێ بایەو یەك دوو تمەن زیادیت هەبایە, یان کارێکت بوایە کە بێسجیل جێبەجێ نەبێ سجیلت وەردەگرت. پسوولەی لەش ساغییشم وەرگرتوە! توخوا تەماشا, بۆ خوێندنێکی منداڵ رەزا شا ئۆیینی چۆنی دەر هێناوە! لەش

ساغی! دەی, دیارە منداڵەکە ساغە, ئەوە نیە بەری دا دەروا" ئەگەر ساغ نەبایە لەجێی‌دا دەکەوت, ئیدی بۆ دەچۆ قوتابخانە؟... ئەم پەهلەویییە دەیەوێ خەڵکی ئازار بدا!

مێرد و براکانی دادەئامین هێشتا خەبەریان نیە, بەڵام دادەشیلان و دادەمەنیجی خوشکم مێردیان بۆ پەیدا بووە. ئەویش بەسەر یەکەوە: دووبرا, کوڕەکانی فەتاح ئاغا. وەك بابم دەڵێ خەڵکێکی باش و بەرێزن, و سەوداکەشی "نەدیتە"یە. نازانم خوشکەکان بیستوویانە یان نا... پێویست نیە ببیسن یان ببینن ـ سەحەب ماڵ بۆخۆی سەودا بە ماڵی خۆی دەکا ـ مەبارەکە, خێری لێ‌ببینێ ئیشەڵڵا! قەرارە مانگێکی دیکە زەماوەند بکەن, بابم و دایکم و دادەئامین بچنەوە وێ, زەماوەندەکە ساز کەن و بێنەوە ـ ئەویش ئەگەر بێڵن بابم بچێتەوە... دوکتۆر ئارتووش واسیتەیە.

ئیجازە دەدەن بابم بچێتەوەو بێتەوە. دەبینم بابم بەسپایی پووڵێك دەدا بە دادەئامین کە دیاریی زەماوەندێ بۆ خوشکەکان بکرێ, بە ناوی خۆی. دایکم پێی وایە خەلیفە پووڵی داوەتێ. ئەوەش با بڵێم خەلیفە جارێك پێشنیاری بە بابم کردکە رێگا بدا مانگانە موخاریجێك بدا بە دادەئامین. بابم دووسێ رۆژان قەڵس بوو, و خەلیفە داوای لێبووردنی لێ‌کرد. بەڵام ئەو و دوکتۆر بە بیانووی جۆراوجۆر هەم بۆ مەو هەم بۆ دادەئامین و منداڵەکەی دیاری‌یان دێنا ـ بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە: جەژنی هامبارسووم (میعراج), جەژنی پاك, جەژنی ترێ و لەو بابەتە. رۆژانی یەکشەممەش هەموویان جگە لە مـن لە کلیسا نانی نیوەرۆیە دەخۆن.

بابم و دایکم و دادەئامین دەچنەوە دێ, دیسان لەگەڵ کاك هراند. ئەمن و حوسێن دەمێنینەوە. رۆژانە زۆرتر بە نان و هەڵوا رای دەبوێرین, جارجاریش کەباب, شیشەی پێنج شایی و هێندێ جاریش جەرگ و دڵ و گورچیلە شیشەی دووشایی.

دەچن و بە گیانێکی شادمان و بە کەیف و دەماغەوە دێنەوە. لە هەموو جێیەك پاسگا دانراونەوە... و وەزع ئارامە, سەفەرەکان بێ‌خەتەرن... "نا, ئەمەی باشە رەزاشا ـ خوا هەڵ ناگرێ. پێشتر دەبوو دەدوازدە تفەنگچیت وەدوا خۆت دابان بۆ ئەوەی لەم دێیەوە بچیە ئەو دێیە" ئێستا بۆخۆت وەرێ دەکەوی تەشتی تەڵا لە سەر سەرت دانێ کەس نیە پڕ بە چاوان تەماشات کا... پیاو هەق بڵێ ئەم کارەی باشە, بە قەولی مامۆستا اشهدباللە! بەو حاڵەش بەساڵداچووان وەك هەمیشە بۆڵەیان دێ و لاوەکان وەك هەمیشە شادمانن...

ساڵ نوێ دەبێتەوە, هاوین دادێ, ئیمتیحان دەدەم, و بەتێکرا "معدّل"ێکی باش دەردەچم, و بکوتە دەخوێنم ـ ساڵی دادێ بڕوانامەی پۆلی شەشەم وەردەگرم, و دەچمە ناوەندی! لەئێستاوە فەرانسەیی لە قوتابیانی ناوەندی پتر دەزانم" هەروا دوانیوەرۆیان دەچمە

کلیسا, و لەلای پییەڕ (باوك) فرانسوا, کە فەرانسەیی‌یە, دەخوێنم. ئەو لە ناوەندی و هونەرستانیش دەرس دەڵێتەوە. پییەڕ فرانسوا کەشیشی کاتۆلیکانە, بەڵام دۆستی خەلیفەیە. دەڵێ زۆر لە قوتابی‌یەکانی پۆلی حەوتەم لە پێشترم... لەبەر خۆمەوە دەرسی فەرانسەیی‌یەکەم دەڵێمەوە... بابم دەڵێ:"بێخوێنەوە بزانم... زمانێکی جوانە!" بۆی دەخوێنمەوە, گوێی بۆ دەگرێ, بە وردی. دەڵێ:"زمانێکی جوانە... زۆر کچانەو ناسکە!" دایکم بە مۆڕە چاوی لێ‌دەکا, دوور لە گیانی خەرفاوە پیرەپیاو, بەو ئاخری عومرە کچانە! هەر ئەمەمان مابوو بە سەری پیری‌یە!"

بابم زۆرتر خۆی بە ڕێوی‌یەوە دەخافڵێنێ و جارجاریش لەگەڵ دایکم دەچێتە لای دوکتۆر ئارتووش بۆ پشت ئێشەی خۆی و لاق ئێشەی دایکم. دوکتۆر بە بابم و دایکم دەڵێ ڕۆنی حەیوانی کەم بخۆن, زۆرتر ماسی و مریشك و سەوزی بخۆن. بابم دەپرسێ:"بۆچی؟" هەر بۆ ئەوەی دوو ڕۆژ زیاتر بژیم؟ ئەی بابە, حەوسەلەت هەیە دوکتۆر! ڕۆنی خۆم دەخۆم, لەزەتی‌خۆم وەردەگرم, دوایەش دەمرم... قەرزم لەسەر کەس نیە!" و هەردووکیان قاقا پێ‌دەکەنن.

هەتا ئێستا چەند جار چووینە ماڵی دوکتۆر و خێزانیشی چەندجار هاتۆتە ماڵی خۆمان ـ منداڵیان نین. دایکم دەڵێ:"خۆزگە بە خۆیان وەڵڵا, خانم ئەمن ئێستا هاتوومە سەر قسەی پێشینان کە گوتوویانە ئەوەی مریشکی نین هیچ نەبێ ڕۆژێ "کشە"یەك لەپێشە! هەر لەو حاڵەش دا دەست دەبا ڕێوی هەڵ دەگرێو بە هەموو قەوەتی خۆی پشت ملی ماچ دەکا! بۆ پینەکردنی کارەکەی دەڵێ:"منداڵ خوا سلامەتیان کا, هەریەکەیان جۆرێك شیرنە ـ وەك میوەجات, هەر منداڵە شیرنایی و تامی خۆی هەیە!"

دادەئامین دەڵێ:"نەوەکان ماشەڵڵا زۆر شیرنن."

دایکم دەڵێ:"ئەی ڕۆڵە, سلامەت بن... بەمە چی... هەر بێ‌مزەڕەت بن ئێمە چیی دیکەمان ناوێ... فەرقی چیە ئەم بزۆزەش هەر نەوەیە... دەزانی زەحمەتی چەندە! بزانە, لەو شەڕوشۆڕەدا ـ بێ‌مزەڕەت بن ـ ئەو هەمووەم گەورە کردوون! ئێستا ئاوا, کە دەبێ بچمە دوکتۆر و دەرمان! وەڵڵا سەرم لە کاری خوا سوڕ دەمێنێ... بەئەقڵی من دایك ئەگەر منداڵی پێ‌گەیاند ئیدی کارێکی نیە, دەبێ لینگ ڕاکێشێ و بمرێ... بەڵام دەبینی, بە قودرەتی خوای, نامرێ. منداڵ گەورە دەبێ بەڵام بۆ دایکان هەر منداڵە, دایك دەبێ بە غەم و دەردی ڕابگا. منداڵ هەرچەند گەورەش بێ لە وەختی تەنگانەو ناڕەحەتی‌یان دا پەنا بۆ دایکی دێنێ. لەگەڵ بابی ئەوەندە نیزیك نیە ـ بەڵام ڕووی لە دایکی کراوەیە... دەبینی ژن و منداڵی هەیە ـ وەك منداڵی چووکەڵە... دەردی دڵی

خۆی بە دایکی دەڵێ... پاشان ئەویش نەیلێ دایك بە چـاولێکردنێك تـێ دەگـا... هــەر بۆیەشە کە دەبینی پاش مردنی دایك و دایکە گەورە مـنداڵانی بنەماڵە بەر دەبنــە گیـانی یەکتر... ئاخ ـ خەفەتەکەیان بۆ دایك و بابانە, و خۆشیەکەیان بۆخۆیان... مـنداڵـداری خەفەتباری... دایکی فەقیر بەوە دەژی کە ژیانیان خۆش بێ... بەڵام وەختێك ژیانیان تاڵە ناتوانێ خۆی لــێ‌لادا... خوا وای دروست کردوە..."

هاوەدمی دایکم جگەلە دادەئامین زاراخانم خێزانی ئاغابەگە:"چەند ژنێکی مـەزڵوومو بێدەنگ و نەجیبە... چەند ژنێکی میهرەبانە!" یان ئەو لێرەیە یان دایکم دەچـێتە مـاڵی وان و چەند جوانیش. ئێمەیان بانگهێشتن کردە ماڵی خۆیان, چ میوانداریـیـەکی جوانیـان کرد. وەختی هاتنەوە بابم گوتی:"دیتت ئامین ـ ئەمە پینەچیەکی ئازەربایجانیە, مـاڵ و حاڵیت دی چەند خاوێنە! ئاودەستی ماڵەکەیت دی! لە ماڵی هــیچ ســەرۆك عەشـیرەتێکی کورد شتی وا نابینی... کاری سەراوێت هەیە دەڵێن بچۆ مزگەوتێ! جا دەڵێن ئێمە بۆچی واین!"

دادەنیشتن ـ دایکم و زاراخانم ـ پێکەوە تێکەڵاو بوون, قسەی خۆشیان بۆ یەکتر دەکرد ـ دایکم باسی کوڕو نەوەکانی خۆی دەکردو ئەویش باسـی ئاغابـەگ و براکـانی ـ ئـەم بـە تورکی ئەو بە کوردی ـ و دادەئامین قژقژ پێدەکەنی, ژنان و کچانی هەرمـەنییش دێن...و سەیر ئەوەیە یەکتریش لەبەر یەك هەڵ نادرن! ئەم کورد, ئـەو ئازەربایجـانی, ئـەوی دیکـە هەرمەنی... دادەئامین پێی سەیرە, دایکیشم هەروا.

بابم دەڵێ:"بۆ سەیرە, رۆڵە ـ میراتی بابی یەکتریان نەخواردوە, هەرکەس بۆخـۆی کـار دەکاو زەحمەت دەکێشێ... خۆ ماڵی یەکتریان نەخواردوە! گوتم, ئەم خەڵکـە شــەیتانەکان پێکیان وەردەکەن ـ شەیتانی وەك کەماڵ پاشاو ئەنوەر پاشا, رووس, ئینگلیس ـ ئــەگینا خەڵك ئاوان... دەبینی هەمـوویان پێکەوە لەم شارە دەژین و هیچیش نەقەوماوە. کوڕانیان دەبینی ماشەڵڵا جوان, کچانیان وەك پەلکی گڵوك... پیاو هــەر حـەز دەکـا گـوێی لـە پێکەنینیان بێ!"

دایکم دەڵێ:"ئای, ئەم پیاوە ئەم رۆژانە جۆرێکـە, کەوتۆتـە یـادی دەورانـی جحێڵیـی خۆی!"

بابم دەڵێ:"ئەمن هەروەك جـارانم, راسـتیەکەی دەڵـێم ـ ئـەتۆ بۆخـۆت پێکـەنینی جحێڵانــت پــێ‌خۆش نیــە! بنیــادەم هەڵبەزدابــەزی کاریلــەی پێ‌خۆشــە هــەتا دەگـا بــە هەڵسوکەوتی لاوان و پێکەنینی کچ و کوڕان... لەم تەمەنەدا هەموو جحێڵێك مـنـداڵی منە. چ فەرق دەکا! ئەمانە دەبێ بژین ـ ئەمانە نابێ هەمیشە تفـەنگیان بەشـانەوە بــێ‌و

یەکتری بکوژن... ئەمانە دەبێ پێ بکەنن. ژیان هی ئەمانە, خوا ژیانی بۆ ئەمانە دروست کردوە...!"

ساڵ نوێ بۆتەوە, کڵاوی پەهلەوی رۆیشتوە, کڵاوی گەرگەڕی هاتوە...! دیسان سەد رەحمەت لە کڵاوی پەهلەوی, ئەو وەخت پیاو ئاسمانی لە لایەکەوە نەدەدی ئێستا لە هیچ لایەکەوە نایبینێ! کڵاوی هەمووان وەك کڵاوی پیبەڕ فرانسوای لێ دێ - یەعنی وای لێهاتوە: بە شەوێك کڵاو لە تارانەوە هاتوە: بۆ دەوڵەمەندان لە مەدی زۆر باش و بۆ خەڵکی فەقیر و لادێییان لە مەدی ئاسایی... پیاو بڵێ چی! ئەمە ئیدی وەك کڵاوی لۆتییان دەچێ, هەر ئەوە ماوە رەزاشا هێندێك مەیموون بێنێ و بیان داتە دەستی خەڵکی هەژار. هێشتا لەگەڵ گەمەیەکی را نەهاتووین ئۆینێکی دیکە دەردێنێ. هەتا بەدڵت دا دێ لەبەر ئەو ئاسایشەو ئەو قوتابخانەو رێك و پێکییە فاتیحایەك بۆ بابی بنێری, پەرژین بێ, پیاوی وەك سەگ پەژیوان دەکاتەوە. ئێستا دەبێ دیسان پوول بدەین و کڵاوی گەرگەڕی بکڕین.

پیاو بڵێ چی؟ هیچ, هیچ دەگوتری... رەزاشایە ئیدی, چما دەکرێ هیچ بڵێی! با بزانین سبەینێ چ ئۆینێکی دیکە دەردێنێ.

وەسبەینێڕا ئۆینێکی زۆر گرنگ دێتەکایەوە... هیچ بیریان لێنەکردۆتەوە - بە فکری جندۆکانیش دا نەدەهات: لابردنی ڕووبەند! ژنان دەبێ بێ چارشێو و پەچە لەماڵ وەدەر کەون!

ــ بەڵام بۆ!؟

ــ بۆی ناوێ... ژنیش دەبێ بێتە نێو کۆمەڵ... نیوەی حەشیمەتی وڵات لە ماڵێ دانیشتوون...

ــ باشە, دانیشتوون با دانیشن... چما هیچ قەوماوە؟ چما تا ئێستا زەحمەتیان بۆ کەس بووە؟

ــ زەحمەتیان نەبووە, بەڵام ئیدی کارێکی بەسوودیشیان نەکردوە.

ــ ئەدی منداڵداری و نان و چێشت و ماڵداری کار نیە!؟

ــ با, کارە, بەڵام کارە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترن. ژن دەبێ بچێتە نێو کۆمەڵ, لەگەڵ پیاوان تێکەڵ بێ, کارێ بکا, بخوێنێ, دەرسێ بڵێتەوە ـ ئەویش هەقی ژیانی هەیە - خۆ کۆیلە نیە ـ دەبێ کارێ بکاو کەڵك لە بەرهەمی کارەکەشی وەرگرێ.

ــ یانی بۆ وێنە ببێتە کەسێکی وەك پوورە زیوەر؟

ــ بەڵێ, باشە ـ قەیدی چیە؟

ـــ ئای...

ژنان دەست بۆ چەنەگەیان دەبەن ـ بە قەولی ژنەکانی لای خۆمان "ئەیەڕۆ!"

پوورە زیوەر بەقالّی گەڕەکی خۆمانە... بێوەژنە, هەتیوبارە, لەسەر کۆلانێ دوکانی مێردەکەی دەگێڕێ ـ زۆریش وردە ـ لە دینارێکی خۆی خۆش نابێ.* زۆر کەمیش قەرز بە کەس دەدا" ئەگەر شتێکیش بە قەرز بدا حیسابەکەی لە لای دەستیەوە بە گێچ لەسەر دیواری دەنووسێ ـ خەتی پێدا دێنێ, و دەزانێ کام خەت هی کام مشتەرییە... ژنێکی جوانیشە, و زۆریش جیددییە: چما کەس دەتوانێ پڕ بە چاوان تەماشای کا!

ـــ بەڵێ, قەیدی چیە ـ کارێ دەکا ـ پاشان خۆ هەموو نابنە پوورە زیوەر, هێندێك دەخوێنن, هێندێك وەك ئەم خانمەی "پۆستخانە" دەچنە "ئیدارە"...

لە پۆستخانە ژنێك هەبوو کە قەبزی نامەو تەلگرافەکانی دەنووسی. زۆر بە سەنگینی لەپشت مێزەکەی دانیشتبوو کاری خۆی دەکرد ـ دەیان گوت دوازدە تمەن وەر دەگرێ!

ـــ زۆرە!

بە ساڵداچووەکان وەك بە کوتك لەسەرت دابن گێژ دەبن ـ پاشان وەخۆ دێنەوەو دەحەبەسێن, و کە لەحەبەسان رزگار دەبن, سەر ڕادەوەشێنن... پیرەپیاوەکان ئایەتەل کورسی دەخوێنن, و ئارەقچنێك لەبن کلاوگەرگەرییەکەوە لەسەر دەنێن, پیرەژنەکان دەگرین... جارجار هەناسە هەڵ دەکێشن... "خوایە, چ گوناحێکمان لە دەرگای تۆ کردبوو کە ئاوا کردتینە گەپجاری چاك و خەراپ!... خوایە زووتر لەم غەمخانەیە بمانبەدەر...!" بەڵێن دەدەن هەتا ئەو رۆژەی دەمرن لە ماڵێ نەچنە دەر ـ تەنانەت بۆ حەمامیش...

بابم سەر رادەوەشێنێ:"بەڵێ, بەڵێ, ئەوان گوتیان و ئەمنیش باوەڕم کرد!" دایکم دەڵێ:"ئەم پیاوە هەمیشە, بۆ هەموو شتێك دەبێ قسەیەك بکا... هیچ شتێکی قبووڵ نیە!"

بابم دەڵێ:"نا, قبوولم نیە... ئێستا پیرەژنەکان ڕەنگە... بەلام خانم, جحێڵ جحێڵە ـ جحێڵیی خۆی دەکا ـ ئەمن مردوو ئەتۆ زیندوو مانگێك پێ ناچێ هەر لەم شەقامەدا دەبینی کوڕو کچان دەتریقێنەوە!... جا دەبینی چۆن پێشبڕکەیەك دادەنێن! جحێڵ جحێڵە, خانم, خۆ وەك من و تۆ نیە لە قولینچکی ژوورێ هەڵ کرووشمێ, دەبێ بچێتە قوتابخانە,

* تمەنێکی ئێرانی هەزار دیناری ئێرانیيە. ـ و ـ

دەبێ بەنێو خەڵك دا تێپەڕێ, دەبێ لەگەڵ رەفیقەکانی قسەبکا... دەبینـی کـە قسـەش دەکەن, و پێیش دەکەنن و خۆشیان جوان دەکەن... ئەمە سروشتی بنیادەمە."

پۆلیس لەچك لە سەری ژنان دەکەنەوەو دەیان سووتێنن... بەڵام دوایە... وا دیار بـوو بابم شتێکی دەزانی... خەڵك وەك هەمیشە بەوەش ڕادێن. ژنانی ئەفسەران و هێندێك لـە کارمەندان بۆ شت کڕین, بۆ چوون بۆ جەژن و کۆبوونەوەکان بە سەری رووت و بـە کـڵاوی تایبەتیەوە دێنە شەقام... و تێکەڵی ژنە مەسیحیەکان دەبن! و رەنگـە هـەر ئەمـەش ببێتە هاندەری ئەوانی دیکە. دیوتە هەر ئەوەندەیە بزنێك لە جۆگەلـە بـازی دا, هـەموو مەڕو بزنـەکانی مێگـەل بـە دوای دا بـاز دەدەن؟ پاشـان لێـرە مەسـەلەکە ئاسـانترە تـا شوێنەکانی دیکە: لێرە مەسیحیەکان بە سەرڕووتی دێنە دەرو چاوی خەڵکی تا ڕادەیـەك بەو دیمەنە ڕاهاتوە.

زۆری پێناچێ کە بەڵێ... وەرە سەیرێ. شاری فەرەنگەو لە هەموو رەنگە! ژنانو کچان وەدەر دەکەون و چاکیش وەدەر دەکەون... قەڵافەتەکان لە پڕ دەپشـکوون وەك غونچـەیەك کە شنەبای بەهار لێی دابێ ـ کڵاوەکەیان لارەولار لەسەر دەنـێن و کەمـەر بادانێکـە وەرە سـەیرێی! پیرەژنـەکان تەماشـا ناکـەن, بـەڵام لاوەکـان زەحمـەتی وانـیش لـەم "ئەرکـە نیشتمانیە"دا وەئەستۆ دەگرن و لە هیچ "هەوڵ و تێکۆشانێك" درێغی ناکەن!

دایکم هەر بە جل و بەرگی جارانەوە لەماڵ دێتەدەرێ: ژنە عەشیرەت پەچەو چارشێویان نیە, بەڵام لەچکێك لەسەر دەکەن... و ئەو لەچـکە ئێسـتا گرفتاریـەکی گەورەیـە... بەهەرحاڵ, ناشکوری نەبێ بەوەش ڕادێین.

لە قوتابخانەکان هەر رۆژە جەژنێکەو سـروودو سـروود خوێندنـەوەی کـچ و کـوڕان... دەرسیش دەخوێنین... پۆلی شەشەمم... نیوەڕاستی مـانگی رەزبەرە... رۆژێکیان ئێـوارێ دانیشتووین کە خەلیفە پەیدا دەبێو هەر دەگاتە جێ دەڵێ "مزگێنی...!"

بابم دەڵێ:"خۆش مزگێنی بی!" وەك سەرسوڕماوان تەماشـای دەکـا" ئێسـتا جۆرێـك خووی بە دادەئامین و منداڵەکەیەوە گرتوە کە ئەوان بە بەشێکی جیانەکراو لـە ماڵەکـەی دەزانێ و هیچ لە فکری ئەوەدا نیە کـە لەوانەیـە خەبەرەکـە پێوەنـدیی بەوانـەوە هـەبێ. منداڵەکە وردە وردە زمانی پژاوە, و بابم لەو بەولاوە ئاگای لە هیچ جێیەك و هیچ شوێنێك نیە...

دادەئامین دڵی خەبەری داوە... رەنگی پەڕیوە! سـوور هەڵگـەڕاوە, سووروسـپی بـووە, چاوی بڕیوەتە زاری خەلیفە, بەڵام خەلیفە ئەو وشەیەی زۆر بە ئارامی و بـە بـێ هـەژان و

شەوقو زەوق بەزمان دا هاتوە, و ئەوی خستۆتە چاوەڕوانیەوە... سەرەنجام خەلیفە پاکەتێك لە گیرفانی دەردێنێ و دەیداتە دادەئامین و دەڵێ:"خۆشحاڵم!"

تازە بابم پێ دەزانێ... تێ دەگەم بە حاڵ و باڵ ڕەنگی دەگۆڕێ... دادەئامین بەغار دەچێتە ژووری دایکم, کە نامەکە وەخوێنێ. خەلیفە لە وەڵامی چاولێکردنی بابم دا دەڵێ:"برایەکەی پەیدا بۆتەوە... یەکێك لە براکانی... لە تارانە: نامەکە ئەو ناردوویە..."

بابم بە حاڵەتێکی شێواو ـ تێکەڵاوێك لە ناڕەحەتیو خۆشحاڵی... دەڵێ:"ئا... بەڵێ... زۆر خۆشحاڵم ـ بەستەزمانە زۆر ناڕەحەت بوو... دەری نەدەبڕی... بەڵام ئەمن دەم دی... بەڵام..." قسەکەی تەواو ناکا. چەند لەحزەیەك ڕادەوەستێ. پاشان بەدوو قامکان چەنەگەی ڕێوی ـ کە خۆی بە بابمەوە نووساندوە ـ دەگرێ و دەم و چاوی بۆ لای خۆی وەردەگێڕێ و دەڵێ:"یەعنی ئەم تووتکەیەش دەبا!؟" تووتکە دەڵێ:"بابە... تووتکە!" خەلیفەو بابم پێ دەکەنن... بەڵام بابم بە ئاشکرا ناڕەحەتە.

دادەئامین هاتۆتەوە ژوورێ. نامەکەی خوێندۆتەوە, دیارە کە گریاوە.

خەلیفە هەستاوە, بە دادەئامین دەڵێ:"باشە... سبەینێ وەرە کلیسا... هەر بۆ نیوەڕۆیە وەرە وێ ـ ئاغا ئەمن تکا لە جەنابیشت دەکەم سبەینێ بۆ نانی نیوەڕۆ تەشریف بێننە لامان... چاوەڕێتانم... شتێك ساز ناکەین... خاترجەم بن..." ئیدی هیچ ناڵێ ـ کەس هیچ ناڵێ.

بابم دەڵێ:"باشە, ڕۆڵە, چاوو دڵت ڕوون!"

دایکم دەڵێ:"بە سەرودڵی خۆش ئیشەڵڵا... بە سلامەتیی ئەم لۆتیەیە" و بە دوو قامکان گووپی منداڵەکە دەگرێ.

دادەئامین دەڵێ: نامەکە هی برا گەورەکەیەتی, ئارسەن" نووسیویە لە فەڕانسە بووە, هاتۆتە تاران ـ برا چووکەڵەکەی, سرووژیش لە فەڕانسەیە... ئەو نەی توانیوە بێ ـ بەڵام هێشتا خەبەرێکیان لە هۆسپ نیە...

بابم دەڵێ:"پەلەت نەبێ, ڕۆڵە, ئیشەڵڵا خەبەری ویشت بۆ دێ... حەتمەن لە جێیەکە کە ناتوانێ پێوەندی بگرێ... بۆخۆت دەی ناسی... پیاوێکە لەحزەیەك لە جێیەك ئۆقرە ناگرێ... ئەگەر لەگەڵ حاجۆش بێ ئەوە هەر هیچ, وەك دوو بڕەدار کە لە کورەخانەدا لە پەنای یەکت دانابن ئەمیان ئاگر لەو بەر دەداو ئەویان لەم... خوا دەزانێ ئێستا لە کام قوژبنی کوردستان, بە زاراوەی خۆیان چوونە راوی بێچووە گورگان...!" و پێ دەکەنێ. بەڵام پێکەنینەکەی بە ئاشکرا نێوبەتاڵە, و زرنگانەوەی دوورەدیمەنی جیابوونەوە لە

"ڕێوی"ی تێدا بەرگوێ دەکەوێ. زۆریش ئۆگری دادەئامینە ـ هەمووومان ئۆگری بووین. دایکم دەڵێ:"ماشەڵڵا! ئەو دەم و لێوە, ئەو چاوە پڕخۆشەویستیی‌یانە, ئەو نێوقەدە کە بستێك خەیاتەی لێ دەگاتەوە... ئەو پێکەنینە کە لە پێکەنینی منداڵ جوانترە... ئەو ددانانە کە دەڵێی دوو لیزگە مروارین ـ و ئەو ڕۆینە کە وەك ڕەوتی کەوێیە... لە هەمووی جوانتر ئەو ئەدەب و خاوێنی و سەلیقەیە... ئەو بابە بابەو دایە دایە گوتنەی... کێوت لە جێی خۆی هەڵ کەندبێ کە بانگت دەکا دایە دەحەسێیەوە! دەك خوا ئاخر خێرت بکا کیژێ... ڕەبی خوا زگ سووتاوت نەکا!"

بابم لە ئێستاوە دەفکرەوە چووە, کاردروستایی دەکاو لە ئێستاوە کەوتۆتە ڕێکخستنی سەفەری تاران! دەیەوێ بچێ خۆی بە دوکتۆرەکانی وێ نیشان بدا“ زۆریان تاریف دەکەن, دەڵێن دوکتۆری وای لێن استغفرالله وەك حەزرەتی مەسیح مردووی زیندوو دەکەنەوە...

دایکم وەك هەمیشە سەرسوڕمان نیشان دەدا, بەڵام وەختێك بابم دەڵێ زیاتر لەبەر خاتری وی دەچێ کە لاقی دێشێ, سەرسوڕمانی دایکم وەك شێرێك کە هەڵ دەچێو بەدووسێ فووان دەنیشێتەوە, دادەمرێ. دەڵێ:"بەڵێ, ئەگەر ئامین ئیشەڵڵا لەوێ دامەزرێ ئیدی غەریبیش نابین..." ئاوڕێکی دایکانە وەسەر ڕێوی دەداو دەڵێ:"ئەم لۆتی‌یەش هەیە... باشە, لۆتی؟ دایەی دەبەیە لای دوکتۆر؟" ڕێوی لێوی دەکاتە غونچەو دەڵێ:"دوودۆر!"و چاو بە دەوروبەردا دەگێڕێ, بۆ دوکتۆر ئارتووش دەگەڕێ... هەمووومان پێ‌دەکەنین...

ΠΠΠ

دادەئامین لەسەر سەفەرە... هەمووومان تازیەمانە ـ بۆخۆشی سەدپلە لەمە خەراپتر, لەحزەیەك فرمێسکی چاوی وشك نابێتەوە, هەرچەند هەمیشەش زەردەخەنەی لەسەر لێوانە. دەزانین بە بیانووی جۆراوجۆر دەچێتە خوارێ: بە بیانووی کۆمەگ بە حوسێن لە چێشت لێنان دا, شوتنی قاپ و قاچاغ, سەردان و پێڕاگەیشتنی کارۆ... دەچێ بۆ ئەوەی بە ئیشتیای خۆی بگری و بێتەوە.

دایکم بە بابم دەڵێ:"ئاغا, ئەم دووسێ ڕۆژە کەمێك خۆ لە منداڵەکە ببوێرە... ئێمە گەورەین بەرگە دەگرین, بەڵام بەو ئۆگرییە کە هەیەتی ئەم منداڵە نەخۆش دەبێ... وەك

بۆخۆت باسی دەکەی ڕێیەکەش دوورە, کارێـك دەداتــە دەسـتی دایکـی خوانەخواسـتە...
گوناحە!"

بابم دەڵێ:"چ بکەم ـ منداڵە... ئەتۆ بۆخۆت دەتوانی ڕووی نەدەیەی... ئەتۆ بۆخۆت لەمن خەراپتری!"

"هەوڵ بدە ئەم دووسێ ڕۆژە زۆر لە ماڵێ نەبی... ئـەمنیش دەچـمە لای زاراخـانم... بەڵکوو نەختێك ڕابێ..."

هەرواش دەکەن. بابم بەیانیـیان زوو, پێش ئەوەی ڕێوی هەستێ لە ماڵـێ دەردەکـەوێو دەچێتە قەراخ چۆمی ـ لەوێ لەبن داران دادەنیشێ و تەماشای "أنفس و آفاق" (خـەڵك و ئاسۆ) دەکا ـ زیاتر سەیری انفس. دایکم یان لە لای زاراخانمـە یـان لـە لای دراوسـێکانی تەنیشتمان.... بەڵام نیوەڕۆیان دەبێ بێنەوە. ئەو وەختەیە کە ئیدی بە هیچ فێڵێك نـاکرێ ڕێویی لەسەر کۆشی بابم بێنینە خوارێ ـ و بابم وەك هەمیشە لە گەڕانەوەدا "کەکە"شـی بۆ دێنێ.

ڕۆژی ڕۆینەکەیەتی... نێوەڕاستی ڕەزبـەرە, لـە پـۆلی شەشـەمم, ئەمسـاڵ بڕوانامـە وەردەگرم... دادەئامین دەڕوا, خەلیفە بلێتی تەورێزی بۆ وەرگرتوە. بـەیانی وەڕێ دەکـەوێ, شەوێ دەگاتە تەورێز. کارۆش دەبا. سندووقێکمان بۆ دروست کردوە, کرێیەکەشـی داوە ـ ناتوانێ نەیبا, حەیوانی بەستەزمان گوناحە, لە بەین دەچێ. هەرچەند خەلیفە هەوڵ دەدا بابم قبوول ناکا: بۆخۆی سندووقی بۆ بە دروستکردن دەدا... چۆن! بۆ باشچاوەش دروست بکاو بۆ ئەم حەیوانە کە هەقی ژیانی بەسەریەوە هەیە دروست نەکا!

قەرارە دادەئامین لە تەورێز لە ماڵی گاگیك وەمێنێ, هەرچـەند لـەوێش خەلیفەخانـە هەیە, بەڵام دادەئامین ئادرەسی گـاگیکی وەرگرتـوە... بـابم دەڵـێ کـاری چـاکیش هــەر ئەمەیە, ئەوێ ئەمین ترە. لە تەورێزەوە بۆ تـاران دوو ڕۆژەڕێیـە... ئـەی خـوا ڕەحـم بـەم منداڵە بکا!

خەلیفە پووڵی بلێت و خەرجی ڕێگای دادەئامینێی داوە, و بابم زۆر ناڕەحەتە. دادەئامین دەڵێ:"بابە, جەنابت بە خۆڕایی ناڕەحەتی... خۆ ئـەو لـەگیرفانی خـۆی نـادا ـ پـووڵی خەڵکەـ ئێمە جگە لە خێرو کۆمەگ هەموو ساڵـێ ماڵیات دەدەین بە کلیسا... جەنابت لەخۆوە ناڕەحەتی... ئەو پووڵانە بۆ ئەوەن کە لەو جۆرە کارانە خەرج بکـرێن... ئـەو ڕۆژە بۆخۆت چاوت لـێ بوو ئەو سندووقەیان لە کلیسا دەگێڕا... باشە, بۆ ئەو شتانەیە..."

بابم دەڵێ:"نا, رۆڵە, هەر کارە ڕێوشوێنی خۆی هەیە. ئەمە کارێکی دروست نەبوو. مێردەکەت گوتبووی بێیە لای من ـ ناوی خەلیفەی هێنابوو؟ ـ نا. ئەگەر ویستبای لە خەلیفە وەرگری دەیگوت بچۆ لای خەلیفە. وەختێك گوتوویە بێیە لای من, یەعنی بێیە لای من ـ ئەتۆ ئیدی ماشەڵڵا گەورەی, ئەم جۆرە شتانە دەبێ بزانی ـ دەبوو بە خەلیفە بڵێی مێردەکەم ئیجازەی نەداوم, هەروەك هەوەڵ رۆژ گوتت لە لای ئەمانە دەمێنمەوە. کاری دروست ئەوە بوو..."

دادەئامین تێماوە, دەگری. دایکم دەڵێ:"ئاغا, بێقەزاو بەلا بی, ئەتۆش بەخۆڕایی, لەسەر هیچ و خۆڕایی ئەم مندالە, ئەویش لەو وەختەدا کەلەسەرخێران بە سەفەر دەچێ ـ ناڕەحەت دەکەی! هیچ نەبووە استغفرالله کابە کەچ نەبووە ـ داویەتێ داویەتێ... مەگری, کچم...!"

بابم دەڵێ:"لاالەالاّالله! ئەمن ئەم قسانە بۆیە ناکەم ئەم ناڕەحەت بێ, کچێ! ئێستا ئەم مندالە, خەلیفە دەبوو تێ بگا... باشە ئیدی, ئێستا هەرچی بووە بووە..." سەرەنجام خەرجی سەفەر دەدا بە دادەئامین بەو ناوە کە لەوانەیە خوانەکردە لەڕێیە ماشێن خەرابێ, لەوەختی خۆی دا نەگەنێ, یان ڕووداوێك بێتە پێش... کێ دەزانێ, هەزار موقەددەرە. بەهەرحاڵ پوولەکە دەداو سوڵحەکە دەکرێ...

لە قوتابخانە ئیجازەم وەرگرتوە, لە گاراژین, لە پەنای ئوتووبووس. جێی دادەئامینێ لە ریزی دووەمە. کە دەچیە ژوورێ ریزی دووەم لە لای راست. "کارۆ" دەخەنە نێو ئوتووبووس. بەستەزمانە دەنگ ناکا, جارجارە لە کونێکەوە کە لەسەر پۆشی سندووقەکەدایە لمبۆزێك دەردێنێ و ئیدی هیچ. رێوی بە باوەشی بابمەوەیە.

"موسافیرەکان سوار بن."

موسافیرەکان بەدوای یەك دا یەك‌یەك و دوودوو دەکەونەڕێ. بابم بەخۆی و رێوییەوە وەڕێ دەکەوێ بۆ پێش پلیکانی ئوتووبووسەکە... دادەئامین دەستی دەستۆی دایکم کردوە, سەری وەسەر شانی کردوەو دەگری. بابم لەبەر دەرگا راوەستاوە... بە خێسەیەك تەماشای ژووری ئوتووبووسەکە دەکا... راوەستاوەکە ئوستوارێك دێتە پەنای... بە بابم دەڵێ:"ئاغای رۆستەمی!" بابم ئاوڕ دەداتەوە:"بەڵێ, ئەمرێکت هەبوو!؟"

ئوستوار زۆر بەسپایی, بەجۆرێك کە لە بابم بەولاوە کەس گوێی لێ نەبێ, دەڵێ:"دەستووریان داوە کە جەنابت تەشریف نەبەی..."

بابم دەڵێ:"بۆکوێ؟"

"تەورێز... تاران... نازانم ـ بۆ سەفەر."

بابم دەڵێ:"ئەمن بە سەفەر ناچم..."
تاوێك بابم و ئوستوارەكە تەماشای یەكتر دەكەن. بابم دەڵێ:"كێ گوتوویە؟"
"لە ستاد گوتوویانە..."

روخساری بابم گرژ دەبێ... لەو بەینەدا دادەئامین دێتە پێشەوە, ئەمن لە ئامێز دەگرێ ـ خواحافیزی لەحوسێن دەكاو سەرەنجام دەچێتە لای بابم و خۆی بە شانیەوە هەڵ دەواسێ, و دەگری... بابم نێوچاوانیی ماچ دەكا, و دەستی بەسەریدا دێنێ, بێئەوەی قسەیەك بكا ـ زۆر تێك چووە, رەشوسوور هەڵ گەڕاوە... لەدادەئامین جیا دەبێتەوە, ئاوڕی دەداتەوە سەرو بە منداڵەكە دەڵێ:"بڕۆ ئامین... بڕۆ دادە!" منداڵەكە خۆی بەوەوە دەنووسێنێ... دادەئامین دەست درێژ دەكا, بابم لەنێوقەد بەرەوژووری دەباتە پێش, و دەڵێ:"ئامین! ـ بڕۆ ئامین!" ... "ئاغا... لەسەرئیزنت!" بابم خۆ لا دەدا تا رێگەی موسافیرەكە بدا... ئوستوارەكە هەروا راوەستاوە... ئاخرەكەی بابم بەهەر جۆر بووە منداڵەكە دەخاتە باوەشی دادەئامینەوە, و دادەئامین سوار دەبێ لەسەر سەندەڵیی دووەم لە ریزی دووەم, لای راست دادەنیشێ... دەچینە ئەوبەری ئوتووبووس, ئوستوارەكەشمان لەگەڵ دێ!

لەبەر پەنجەرەی راوەستاوین و قسان دەكەین... كە دوكتۆر ئارتووش دەگاتە وێ, بە پاكەتێك "نوقڵی بیدمشك" و دووسێ قووتوو هەڵواوە... شۆفیرەكە دیار نیە... شاگرد شۆفیرەكە خەریكی تەگەرەكانە... تاوێك پێ دەچێ, دێ, لە نێوەڕاستی داڵانەكە رادەوەستێ... هەمووهاتوون؟ ـ بەڵێ هەموو هاتوون... ناوی موسافیرەكان و پێش كرێو پاش كرێیەكان دەخوێنێتەوە... موسافیرەكان چەندجار دەژمێرێ... تەواون.

هراند بە هەناسەبڕكە دەگاتێ... ئەویش شیرنیاتی هێناوە. دەڵێ:"لە پادگان بووم... وەدرەنگ كەوتم...:" بە شاگرد شۆفیرەكە دەڵێ:"ئەدی عەلیئاغا كوا؟" عەلیئاغا شۆفیرەكەیە... عەلی ئاغا دێ... موسافیرەكان سڵەوات لێ دەدەن... عەلیئاغا چاك و چۆنی لەگەڵ هراند دەكا... بابم تا ڕادەیەك خەیاڵی ئاسوودە دەبێ. هراند دادەئامین وەك خوشكی خۆی بە عەلیئاغا دەسپێرێ, كە لە رێگا ئاگای لێ بێ... پێش پەنجەرەكانی ئوتووبووس شلووقە... دوا ماڵئاواییە... شاگرد شۆفێر هەندیل لێدەدا, شۆفیرەكە كلاچ دەگرێ, تورمز (ئیستاپ)ەكە تاقی دەكاتەوەو... "خوایە بە هیوای تۆ!" ماشێن چەند جار دەپشمێ, و هەڵ دەبێ, و موسافیرەكان سڵەوات لێ دەدەن:"اللهّم صلّ علی محمدوعلی آل محمد!"

دوا قسەکان... "ئامین وریای منداڵەکە بە..." پێم وانیە دادەئامین گوێی لە هیچ بێ ـ وەك منداڵی چکۆلە دەگری, پشتەلێوی هەڵ مساون... رێوی دەستی درێژ کردوە کە زنجیر سەعاتەکەی بابم بگرێ... ماشێن وەڕێ دەکەوێ, سڵەواتی سێیەم لە ئوتووبووسەکە دەگەرێ... ماشێن وەڕێ دەکەوێ, دووسێ هەنگاو لەگەڵ ماشێنەکە غار دەدەم... ماشێن دەڕوا... بەخێر چن!

بابم هەناسە هەڵ دەکێشێ... دەڵێ:"ئەمەش ئامین... باشە, بەخێر چێ... دوکتۆر, کاك هراند, بە تەنیاین فەرموون بچینەوە نیورۆژمان لەگەڵ بخۆن... بە تەنیاین..."

دوکتۆر دەڵێ:"ئەمرۆ هێندێك کارم هەیە, گرفتارم... بەڵام نایەڵم تەنیا بن, حەتمەن سەرتان دەدەم..."

هراند دەڵێ:"ئەمنیش ئێستا دەبێ وەڕێ کەوم... بچمە پادگان... لەوێ بار لێ‌دەدەن... لەسەر ئیزنت ئاغا!"و دەڕوا.

بابم بە دوکتۆر دەڵێ:"بۆخۆت لەوێ بووی... دیت؟"

دوکتۆر دەڵێ:"چیم دی؟... نا, لەوێ نەبووم چ بوو!؟"

بابم دەڵێ:"بەڵێ, لەبیرم نەبوو, ئەتۆ درەنگ هاتی..." ئوستوار هەروا لەوێیە, چەند هەنگاو دوورتر بە دوامان دا دێ, بابم بە سیلەی چاو تەماشایەکی ئوستوار دەکاو دەڵێ:"خەریك بووم ئامینم بەڕێ دەکرد کە ئەم ئاغایە هاتە پێشەوە..."

"کام ئاغا؟"

بابم لەبن لێوانەوە گوتی:"ئەو ئوستوارەی بە دوامان دادێ... دەڵێ"ئاغای رۆستەمی... ئەتۆ نابێ برۆی." دەڵێم بۆ کوێ؟ دەڵێ تەورێز, تاران... سەفەر. دەڵێم کێ گوتوویە؟ دەڵێ ستاد..."

دوکتۆر تاوێك تەماشای روخساری بابم دەکاو لە قاقای پێکەنینێ دەدا. زۆر بە خۆشی پێکەنینی خۆی دەکا. دەڵێ:"گاڵتە دەکەی!؟"

"ناوەڵڵا, نە بە گیانی تۆ ـ گاڵتە ناکەم ـ حەز دەکەی لە خۆی بپرسە..."

دوکتۆر دیسان پێ دەکەنێ. دەڵێ:"زۆر سەیرە... ئێستا بۆت دەگێرمەوە... ئەم دەستە گوڵە ئی منە... دوێنێ و پێرێ بوو, بەدوای دا ناردبووم, نەخۆشە... دیارە بۆخۆیان دوکتۆریان هەیە, دوکتۆری چاکیشیان هەن. بەڵام متمانە بە دوکتۆرەکانی خۆیان ناکەن, ئەمن وا هەست دەکەم.... دیارە بۆ ئەوەی راپۆرتیان لێ‌نەدەن دوکتۆری خۆشیان بانگ دەکا, بەڵام ئەو دەرمانانە ناخوا کە دەی داتێ. بەکورتی, چووم. هیچی نەبوو ـ دەیەویست قسە بکا, ئاخر دەزانی, تەنیایە, لەنێو ئەفسەرەکان دا هاودەمی نیە ـ ئەمە زۆر

لەسەرێیەو ئەوان زۆر لە خوارێن, نە باوەڕی بەکەس هەیە, و نەکەسی هەیە کەوەك دوو دۆست دانیشن و پێکەوە دەردی دڵ بکەن. باسی ناوچەکرا, و دوایە باسی جەنابت. لەو بەسەرهاتەی باش چاوەش دەترسێ. ئەمانە لە راپۆرتەکانیان دا بۆ تاران دەنووسن کە لە هەموو جێیەك هەن, کەچی دەبینی تازە چوونە ناوچەی جەنابتان. دەترسێ ئەو بەسەرهاتە بەگوێی رەزاشا بگاتەوە, لە حالێك دا تورکان بە هیچ جۆر نایانەوێ دەنگی لێ بێنن. ئاخر چییان هەیە بڵێن؟ سەربازی وان دەستدرێژیی کردوەو کوژراوە - بە قەولی خۆت حوکمیشی پێبووە - لانیکەم دەبێ داوای لێبووردن بکەن و زەرەروزیان بژێرنەوە. بەهەرحاڵ, باسی جەنابت کرا, گوتم جەنابی ئەمیر لەشکر, ئێمە لە کۆنەوە ئەم بنەماڵەیە دەناسین, لە زۆر کۆنەوە پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە. هەموو کەس ئەمانە دەناسێ. لەگەڵ سوپابود ئەمیر ئەحمەدی دۆستن, گەورەپیاوانی دیکە دەناسن, هاتوچۆیان لەگەڵیان هەیە. دەترسێ نەوەك بچیە تاران و ئەو بەسەرهاتە بەجۆرێك بەهۆی ئەو "دۆستان"ەوە عەرزی شا بکەی. لەورۆژەوە کە گوتووتە بار دەکەی بۆ تاران خەیاڵ هەڵی گرتوە... بە کورتی... بزانە ئەمن ئەمانەم گوتوە... بەڕاست, ئێستا خۆمانین ئەمانە دەناسی, هەتا ئێستا سوپابود ئەمیرئەحمەدیت دیوە؟ وەختێك بە درۆمان نەخەیەوە... چاك بوو ئەمەت گوت... ئەگەر وەختێك لێتی پرسی, نەڵێی نای ناسم!"

"نا, بەڕێکەوت دەی ناسم... و زۆریشم دیوە - هەم لێرەو هەم لەتەورێز - ئەمیر عبدالله تەهماسبییش دەناسم, سەرتیپ جیهانبانی... سەرلەشکر شابەختی... ئەمانە هەموویان دەناسم..."

"بەڵێ, گوتم بە رێکەوت لەگەڵ ئەو هەموو کەم لوتفیەیە کە ئەو رۆژە فەرمووبووت ئاغای رۆستەمی زۆر موخلیسی جەنابتەو باوەڕێکی سەیری پێت هەیە, دەڵێ ئێران ئەگەر دوو ئەمیرلەشکری وەك جەنابی هەبایەن ئیدی هیچی کەم نەبوو. هەر کە ئەمەم گوت بە تەواوی گۆڕا. دەزانی چیە, ئەمانە ئەم جۆرە قسانەیان زۆر پێ خۆشە... ئەمن بۆخۆم نە عەشیرەتم نە نیزامی, هیچیش لە شەڕوشۆڕو لەشکرکێشی نازانم. بەڵام دەبینی ناچارم چەندین سەعات دانیشم و گوێ بۆ داستانی ئەو شەڕانە راگرم. کە جەنابی لەگەڵ سمایل ئاغا یان فلان سەرۆك عەشیرەت یان صولت الدولەی قەشقایی کردوونی..."

"درۆ دەکا بەقەد خۆی! شەڕی لە کوێ کردوە... سمایل ئاغات کە دی چۆنی کوشت - فەقیرە لە دارالحکومەڕا دەچۆوە ماڵێ, چەند کەسی بۆ دانان تەقەیان لێکردو کوشتیان - شەڕ!!"

"دەزانم ـ بیستوومە. بە کورتی, زۆری کەیف کرد" گوتی بەڵێ, ئەویش ئەگەر دووکەسی بە خزمەت و ئێرانپەرست لە ناوچەدا بناسێ یەکیان ئاغای رۆستەمییە...
"ناڕەحەت بووم کە دەم دی لەگەڵ ئەو هەموو نەتەوەیی دوژمنە کەلەناوچەدا هەیەتی, بۆ دەبێ بیانوویان بداتە دەست, ئەگینا مەبەستێکم نەبوو ـ دەزانم غەفوورئاغا لە چی دەگەڕێ ـ داوام کردوە, هێشتا نەهاتوە..." گوتم جەنابی ئەمیر, ئەمن پزیشکم, سەر لە نیزامیو نیزامیگەریو سیاسەتی عەشیرەتی دەرناکەم, بەڵام دەپازدە بیست رۆژێک لەوێ بووم, ئەو مەلایەم دیت کە بریندار ببوو, و وەك هەر غەریبەیەك گوێم پێدا گرت... ئەو باشچاوەشە لە ماڵی ئەو غەفوورئاغایەڕا هاتبوو ـ لەحاڵێك دا غەفوورئاغا ئەگەر نیازی پاك بایەو ئۆگری ئاسایشی ناوچەکە بووایە دەی توانی بە جۆرێك لە چوون پەژیوانی بکاتەوە, یان بە کەیخواگەری مەسەلەکە بڕێتەوە, چونکە دووسێ مانگ لە ماڵی خۆیدا خزمەتی ئەو باش چاوەشەو چەند کەسی دیکەی کردبوو... بەهەرحاڵ, ئێستا داوای غەفوورئاغای کردوە, داوای تۆش دەکا... بە کورتی, بزانە ئەو گێچەڵە ئەمن تووشم کردی"... پێ کەنی "ئەمن ئیدی دەبێ بڕۆم."
"ئێستا نایەی نانی نیوەڕۆیەمان لەگەڵ بخۆی؟ تەنیاین..."
"دێم... ئەمڕۆ بۆم ناکرێ , گرفتارم..."
هاتینەوە, لەحاڵێك دا هیچ حەزمان نەدەکرد بێینەوە ماڵێ. نە ڕێوی لەوێیە باوەش بکاتەوە, نەدادەئامین کە بە دەممانەوە پێ بکەنێ, نە "کارۆ" کە لە بنی گەروویەوە بنووزێنێ" ماڵ چۆڵ و هۆڵە, بە قەولی دایکم وەك ئاشی ئاولێبڕاو... راستی دەکرد. ماڵ بێمنداڵ وەك ئاشی ئاولێبڕاوە...ئەمن لەسەری کۆڵانێ لە دایکم و بابم جیا بوومەوەو چوومە قوتابخانە.

KKK

# ٢٥

دەبیسین کە غەفوورئاغا و سەرتیپ هاتوون و دیاریی باشیشیان بۆ ئەمیر لەشکر هێناوە. حوسێن نۆکەرەکانیانی لە شەقام دیوە, گوتوویانە کە غەفوورئاغا ئەسپێکی کەحلانی بۆ ئەمیرلەشکر هێناوە کە پیاو هەر حەزدەکا تەماشای کا, و سەرتیپیش سندووقە گۆرانیی‌یەکی "ئەبووچەلب"* ی جووت فەنەری پێشکەش کردوەو.

بابم دەڵێ مەبارەکە!

ئەمیر لەشکر داوای بابیشمی کردوە. بابم زۆر بە خۆشحاڵی و کەیف سازی دێتەوە. ئەمیرلەشکر دڵخۆشیی داوەتەوەو گوتوویە خزمەتەکانی هەمیشە لەبەرچاو بوون و بە "تاران"یشی راگەیاندوون. ئەوجارەش کە ئەو گلەیی‌یەی لێ‌کردوە, لە رووی دۆستایەتی‌و لەبەر دەوڵەتخوایی خۆی بووە... دەوڵەت "خزمەتەکانیی" هەمیشە لەبەر چاوە. بابیشم بەکینایە کاری خۆی کردوە, گوتویە "قوربان ئەگەر خزمەتگوزار نەبایەم ئەمنیش وەك خەڵکی دیکە دەمانچەم بەسەد فیشەکەوە بەخەڵات بۆ دەهات." بەوجۆرە لە ئەمیرلەشکری حاڵی کردوە کە تورکان دەمانچەیان بۆ سەرتیپ و غەفوورئاغا بە خەڵات ناردوە. پاشان ئەمیرلەشکر پرسیویە کەنگێ دەچێتەوە ناوچە, بابم گوتوویە هەروەخت جەنابی ئیزن بفەرموون, جەنابیشی گوتوویە ئیزنی ناوێ, هەروەخت حەزی لێ بێ دەتوانێ بچێتەوە...

بابم ئەمانە بۆ دوکتۆر ئارتووش دەگێڕێتەوە, و هەردووکیان قاقا پێ دەکەنن, و سەر رادەوەشێنن. زستانە بچێتە کوێ؟ هەتا بەهارێ را دەوەستێ. دوکتۆر دەڵێ ناوچەکە جۆرێکە کە دەبێ پیاو حیسابی زۆر شت بکا, ئەگینا زۆری پێ خۆش بوو بەهارێ لەگەڵ بابم چووباو لە سروشتی دێ لەزەتی دیبا. بابم پێ دەکەنێ ـ سروشت!

دوکتۆر دەڵێ:"ئێوە هەقتانە ـ لەگەڵ من فەرق دەکەن... ئێوە لەوەتا لە دایك بوون و چاوتان هەڵێناوە ئەم جوانیی‌یەتان دیوە, هەمیشە دیوتانە.... سەرنجی چیی بدەن؟ هەمیشە بووە, هەمیشە دیوتانە ـ لەگەڵ من و خەڵکی وەك من فەرقتان هەیە... ئەو

---

* سندووقەگۆرانی= گرامافۆن ـ ئەبوو چەلب (ابوكلب) سەگ نیشان.

گوندەی ئەمن دیم بەڕاستی جوانە ـ جا ئەودەم هەوەڵی زستانیش بوو, ئێستا دەبێ بەهاری چۆن بێ؟"

بابم دەڵێ:"باشە, با بچین... کەس پێشی پێ نەگرتووی... ئەمن خۆم نەخۆش دەکەم بم بەوە ئاوایی بۆ چارەسەرکردن!"

دوکتۆر بەپێکەنینەوە دەڵێ:"وەڵڵا جوانە! خۆت نەخۆش دەکەی هەتا لە شاری ڕا بۆ چارەسەرکردن بت بەمەوە دێ!" و پێ دەکەنێ.

بابم دەڵێ:"ئەدی چ بکەم... دەباشە, ئەتۆ خۆت نەخۆش کە ئەمن دەت بەمەوە! لە گاڵتەبەدەر, پێت وایە هیچ دەبێ؟"

دوکتۆر دەڵێ:"نازانم... لەوانەشە هیچ نەبێ... بەڵام دەبینی لە نەکاویش شتێك رووی دا. بەسەرهاتی ئاگری هێشتا کۆن نەبووە... ئەمانەش کە بۆخۆت دەزانی, دۆستایەتیو دوژمنایەتییان دیار نیە, وەك خۆت دەفەرمووی دەگەڵ فڕفڕە هەڵ دەپەڕن. ئەگەر راپۆرتێکی نالەبار بدەن, لەبەر خاتری پلەو پایەی خۆی هەموو شتێك دەخاتە ژێر پێو دەبینی لەخوت و خۆڕایی کەوتینە زیندانی قەسری قەجەر. باش بزانە یەکەمین کەس کە بۆیان لە مل بدا خۆیەتی. خەڵکێکی خەتەرناکن. ناکرێ بە هیچیان متمانە بکەی. لەجێدا فەزای ترس وایە... هەموو کەس لە سێبەری خۆی دەترسێ, هەرکەس هەوڵ دەدا توند دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێ, با نەی با... خۆ بپارێزی ـ خەڵکی دیکە بەدەرەك. یەکەمین کەس کەوەگومان دەکەوێ خۆیەتی:"چۆنە, ئەم هەرمەنی, ئەوکورد ـ چ خەبەرە, چما لەوێ! بۆچی ـ چما قاتی جێیە بۆ گەڕان! چما ورمێ بۆخۆی جێگای جوانی کەمن!" بە کورتی ناکرێ. ئێستا تێدەگەم ئێوەو کەسانی وەك وە چیتان کێشاوە..."

ΠΠΠ

تەلگرافی دادەئامین هاتوە ـ نامەشی دێ ـ لە سێچوار لاپەڕە نامەدا بەسەرهاتی سەفەرەکەی بە درێژی نووسیوە. نووسیویەتی رێوی لە تەواوی درێژایی رێگادا گڕووی بابەی لێگرتووم و بەهیچ جۆر دانەمەزراوە, وەختێك لە ئوتووبووس دابەزیون بە دیتنی هەر مەلایەك کە کەوای درێژی لەبەردا بووبێ لە دوورەوە باوەشی کردۆتەوەو "بابە, بابە"ی گرتۆتەوە (بابم لە ماڵێ هەروەك دێ کەوای درێژی دەکردە بەر)و کاتێك نیزیك بۆتەوە ناهومێد بووەو لە رِقان چنگی دەپرچی دایکی ناوە" دووسێ شەوان لە ماڵی گاگیك بوون,

هەتا بلێتی تارانی وەرگرتوە, و ئەو دووسێ شەوە ڕێوی ئەوەندە گڕووی گرتوەکە نەیهێشتوە کەس چاو لێك نێ, هەمیشە گوتوویە "بابە, بابە!" و جاروباریش "توتکە!"

بابم پێ دەکەنێ" دایکم دەڵێ:"بەستەزمان! خوا بکا نائومێد نەبن! خوایە دەرگای هیوایان لەسەر دامەخە, زەعیفەیە ـ گوناحە!"

نووسیویە لەگەڵ برایەکەی دەژی, برایەکەی میکانیکی ئوتومبیلە, کاروباری باشە, سەڵتە. بەڵام هێشتا هۆسپ خەبەری نیە. کارۆش باشە, هەروایە کە دیومانە.

هەر دەپازدە بیست ڕۆژ جارێك نامەی دێ ـ وەڵامی نامەکانی زۆرتر ئەمن دەنووسمەوە, بابم لەسەرەخۆ دەنووسێ, حەوسەلەشی نیە. لەو جۆرە وەختانەدا دایکم لە تەنیشتم دادەنیشێ, و ڕێنوێنیم دەکا:"لە بیرت نەچێ, ڕۆڵە, بنووسە, بنووسە لەوێ دانیشتووی چ دەکەی... بابت تەنیایە, ئێمە تەنیاین... وەرەوە لای خۆمان, هەتا ئیشەڵڵا خەبەرێکی مێردەکەت دێ... ئەگەر خوا کردی و خەبەرهات چ لەوێ بی و چ لێرە فەرق ناکا. وەرەوە لای خۆمان, لێرە هەم بۆخۆت ئاسوودەتری هەم ئەو "مەیموونە"... هێندی دەڵێ و دەڵێتەوە لێم تێك دەچێ, جاری وایە ناچار دەبم چەند جاری بگۆڕم و هەموو جارێش ئەو نەزمە دووپات دەبێتەوە.

دەڵێم:"دایە, نووسیومە... بڕوانە" و بە قامك نیشانی دەدەم کە نووسیومە.

دەڵێ:"دووبارە بنووسە, ڕۆڵە, زەرەری نیە, کاری خۆت توند بگری خەراپ نیە... بنووسە وەرەوە کن خۆمان, بابت بە تەنیایە. بۆ لەوێ دانیشتووی, ئەگەر ئیشەڵڵا خەبەر بێ..."

ناچار هۆقەو قەڵەمەکان هەڵ دەگرم و دەچمە ژووری بابم.

دایکم لە دواوە دەڵێ:"ڕۆڵە, لەبیرت نەچێ, بنووسە ـ بنووسە, زاراخانمیش سڵاوت دەگەیەنێ.... کچی جیرانەکەمان لەسەرخێران مێردی کردوە..."

بابم پێدەکەنێ:"ئێستا تێدەگەی لەو ماوەیەدا ئێمە چیمان چەشتوە! بنووسە, بنووسە... بەردەپێشت لەبیر نەچێ!" دووبارە پێدەکەنێ. ئەمە کاری هەر پازدە ڕۆژێکمانە... "بنووسە ئەگەر لەوێ مێوورۆن و خەنە پەیدا نابێ, با بۆی بنێرم... حەیفە ئەو مووە جوانانە لەبەین بچن... ماشەڵڵا چەند زووش هاتنەوە... کچێکی دڵپاکە, بنیادەم قەست دەکا بێخوا...!"

بابم دەڵێ:"دەتەوێ لێرەڕا خەنە بنێریە وێ!... ماشەڵڵا...!"

دایکم دەڵێ:"لەوانەیە لەوێ نەبێ, یان ئەگەر هەبێ جێیەکەی نەبینێتەوە... کیسە حەمامیشت لەبیر نەچێ, ڕۆڵە!"

بابم دەڵێ:"لاالەالاّالله!"

دایکم دەڵێ:"ئاغا, ئەتۆ پیاوی, کارت بە کاری ژنان چیە؟ باشە, ژنە, دەچێتە حەمام, سپیاو و بەردەپێ‌و کیسە حەمامی ناوێن!... لەبیرت نەچێ بنووسە شیلان و مەنیج لەسەرخێران حامیلەن فەقیرە لەو غەریبایەتی‌یە دڵی پێ خۆش دەبێ..." و ئەوەندە دەڵێ کە دیسان لێم تێك دەچێ.

زستانە و قوڕوچڵپاووسەرما. خەلیفە هەروا سەرمان دەدا, و ئێمە ڕۆژانی یەکشەممە نانی نیوەڕۆ لە کلیسا دەخۆین. ئێوارەیە, دانیشتووین کە بە سندووقێکی چکۆلەوە! پەیدا دەبێ. حوسێن سندووقەکە دێنێتە سەرێ. خەلیفە دەڵێ:"ئاغا سەوقاتم بۆ هێناون!"

"سەوقات."

"لە کوێ ڕا؟"

خەلیفە دەڵێ:"بۆخۆتان ڕاتان سپاردبوو, هەروا زوو لە بیرتان چۆوە؟"

بابم دەڵێ:"وەڵڵا لە بیرم نیە, جەنابی خەلیفە... لەبیرم نیە شتێکم ڕاسپاردبێ ـ کەنگێ؟"

دایکم کە چووە کەل و پەلی چا لێنان ڕێك و پێك کا, هەر لە ژوورەکەی ئەولاوە دەڵێ:"جەنابی خەلیفە, لەو ڕۆژەوە کە ئامین و منداڵەکە ڕۆیشتوون هیچی لەبیر نامێنێ. ئێستا لێی بپرسە نیوەڕۆ نانی بە چی خواردوە, نازانێ..."

:"بەڵێ, دەزانم, خانم... باشە, بیکەنەوە بزانن!"

دەی‌کەینەوە... هەر کە تەختەی سەرەوەی سندووقەکە لا دەبەم بابم دەڵێ:"ئای, سبحان الله! ئەو پیاوە فەقیرەمان تووشی چ زەحمەتێك کرد!"

گاگیك بابی "براکان" سێ‌جووت کەوشی ناردوون!... چەند کەوشی چاکیش ـ دووجووتی ڕەش‌وجووتێکی شین ـ کاری تاران ـ بابم تاوێك دەست بەکەوشەکان دا دێنێ, و دەڵێ:"ئەی دەست خۆش پیاو ـ بەوەی دەڵێن سنعەتکار!" و هەر لەپێش چاوی خەلیفە تاقی‌یان دەکاتەوە. "باشە, ئەندازەی لە کوێ گرتوە...! پڕ بە پێمن...!"

خەلیفە دەڵێ:"هەر ئەو ڕۆژە کە هاتبوو ـ ئێوە ئاگاتان لێ نەبوو ـ لەبەر دەرگا ئەندازەی گرت... کە ئێمە چووینە خوارێ ئەو چەند دەقیقەیەك لەگەڵ منداڵەکان بەجێ ما, بە بیانووی خواحافیزی لەگەڵ خانم و ئارمێن ـ هەرئەودەم ئەندازەی لاقی ویشی گرت.

بابم پێ دەکەنێ:"عەرزم نەکردی ـ یەك لە دنیا سەد لە قیامەت... ئێستا ئەوەی مە بۆتە یەك لە دنیا سەد لەدنیا ـ ئەمن دووجووت کڵاشی نالەبارم بۆ کوڕەکانی کڕیوە ئەو

سێ جووت کەوشی ناردوە, ئەویش ئەوجۆرە کەوشە... رۆڵە, هەستە ئەمانە بدە بە دایکت... ئەم یەکەشیان ئیخۆتە..."

دایکم لە خۆشییان و لە سەرسوڕمان دەحەبەسێ:"ئەی لەو کەوشە مۆتانە (مۆد) چەند جوانن... رەنگیان چەند جوانە... پاژنە تاقڕانی!" دایە لێی راناوەستێ, کەوشەکان دەپێ دەکاو لەنێو ژوورەکەدا پێیان دەڕواو لە تەنیشتەوە چاوێکیان لێ دەکا... "چەند خۆشن...! پێم وا بوو بە پاژنە تاقڕانییەوە ناتوانم بڕۆم... ئەو رۆژە دیتم دیار بوو لە کەوشەکان ورد ببۆوە ـ پێم وابوو شتێکی لێکەوتۆتە سەر زەوی لێی دەگەڕێ, تۆمەز ئەندازەی لاقمی گرتوە!"

هەر بەو کەوشانەوە هاتە بەر دەرگای ژووری بابم و گوتی:"جەنابی خەلیفە, وەڵلا بەو زەحمەتە رازی نەبووین... زۆریان زەحمەت کێشاوە... جەنابی خەلیفە, خەبەری تازەی ئامینگیان و منداڵەکەی چیە ـ خەبەری تازەتان هەیە؟"

"نەخەیر, خەبەرێکی تازە نیە ـ هێشتا لەگەڵ براکەی دەژی ـ برایەکەی دیکەی لە فەڕانسەوە چۆتە سووریە, لەوێ گوێ پێدا بگرێ... گۆیا حاجۆ پەنای بۆ وێ بردوە... نەخەیر, خەبەرێکی تازە نیە."

بابم دەڵێ:"جەنابی خەلیفە, ئەمەی تازە نووسیوە ـ لە نامەی من دا نەینووسیبوو کە براکەی چۆتە سووریە!"

"نەخەیر, ئەو نەی نووسیبوو. ئەمن خەبەری تایبەتیم هەیە... نەیان ویستوە بەو بڵێن... چونکە ئەگەر بە دەستی بەتاڵ بێتەوە, ئەو ژنە فەقیرە نائومێد دەبێ... چاك نیە لەئێستاوە چاوەڕوانی بکەن..."

کارێکی باشیان کردوە... بەڵێ, تێدەگەم!... ئێستا راستە کە حاجۆ چۆتە سووریە؟"

"بەڵێ... بەڵێ لە لای فەڕانسەیییەکانیش گۆیا بۆی گرتوە ـ وەك دەڵێن... لەوێ لەژێر چەتری فەڕانسەیییەکان دایە..."

"بەڵێ, تێدەگەم... پیاوێکی بە توانایە ـ لەهەموو کارێك دا پیاوێکی بە زیپکە."

دایکم لەسەر قسەکەی خۆی دەڕوا:"وەڵڵا, جەنابی خەلیفە, ئاغا لەو ماوەیەدا دوور لە گیانی وەك گێژ و کاس بێ وا بووە, چیت لێوەشارم دەترسام خوانەخواستە نەخۆش بکەوێ... ئێستاش بە چاکی نەهاتۆتەوە سەرخۆ. جەنابی خەلیفە, ئامین لەقسەی جەنابت دەرناچێ , بۆی بنووسە هەتا بەخێر خەبەرێکی مێردەکەی پەیدا دەبێ بێتەوە ئێرە لای خۆمان... لەوێ دانیشتوە چ دەکا لە شارێکی گەورە, غەریب و بێبنەماڵە؟ ئێمەش لێرە تەنیاین..."

"براکەی لەوێیە, خانم."

"باشە, تاقە برایەك چ بکـا؟ حەتمـەن ئـەویش وەدوای کاروکاسـبی دەکـەوێ ـ لێـرە دەوروبەری ئاوەدانترە ـ ئێوەن, ئاغای دوکتۆرە, منداڵەکانن... هاوینانیش دەچـینە دێ... ئێرە باشترە... وەڵڵا خوا لە ژوور سـەران شـاهیدە وەك کچـێکی خۆشەویسـت جێیەکـەی دیارە, ئەو "مەیموونە"ش کە باسی مەکە, شەو نیە خەونی پێوە نەبینم..."

خەلیفە دەڵێ:"دەزانم, خانم ـ دەزانم لوتفتان هەیە, بەڵام باشە ئیدی... ئاغـا بۆخـۆی بۆچی بۆی نانووسێ؟"

"ئاغا هەموو جارێ دەنووسێ. بەڵام بە قسەی جەنابت زیاتر دەکا."

خەلیفە دەڵێ:"خانمەکان! نا, خانم, ژنان بە قسەی کەس ناکەن ـ ئەمن یەکەبارێ خـۆم تا ئێستا نەم دیوە ژنێك بە قسەی کەس بکا جگە لە خـۆی و فـاڵگرەوە ـ ئاغـا جـەنابت دیوتە؟"

بابم پێدەکەنێ, دایکم پێدەکەنێ" بابم دەڵێ:"چـیت دیـوە, جـەنابی خەلیفـە, جـارێ زوویە, رەنگە دوایە ببینین... جارێ زوویە, پەلەمان نیە, هێشتا لاویـن... تـاران دوورە, ئەگینا دەچووم, دەم بردە لای فاڵگرەوەیەك ـ پێشـتر فاڵگرەکـەم دەدی و دەم هێنایـەوە بـە دوای مووی ورچی رەشی کوردی دا, کە بەرەبەری ئێواران هەڵی پڕووزێنێ و مێردەکەی لـە هەر کوێ بێ, بە بۆنەکەی بە چوارناڵی بێتەوە... حەیف رێیەکەی دوورە!"

خەلیفە دەڵێ:"ئێوە پێتان وایە فاڵگر پێی بڵێ نایەتەوە؟ ئەو کارە ناکا؟... بەهەرحاڵ دوعا دەکەم نائومێد نەبێ."

دایکم دەڵێ:"نە ئیشەڵڵا نائومێد نابێ ـ تەمام بە کەرەمی خوای!"

گەڕێکم چا هێناوە, خواردوومانەتەوە. خەلیفە دەڵێ:"کاکە یادۆ, لەگـەڵ دەرسـەکانت چۆنی ـ باش دەخوێنی؟ ئەمساڵ ئیمتیحانی یەکجاریتانە."

دەڵێم بەڵێ, مامۆستا لێم رازییە.

خەلیفە دەڵێ:"لە دوکتۆرم بیست کە گۆیـا دەتانـەوێ بـەهارێ تەشـریف بەرنـەوە... ئاغای چکۆڵە چ لـێدەکەن؟"

بابم دەڵێ:"هێشتا وا ساغ نەبووینەوە. ئەگەر بڕیار درا بە یەکجاری بڕۆینـەوە, ناچـار ژوورێکی بۆ دەگرم و پیرەژنێکی لە لا دادەنێم... لەوانەشە هەر ئێـرە رابگـرین, و پـاییزو زستانان بێینە شاری... بەهـەرحاڵ ئێمـەش گەیشـتووینە سـەرەوژێری تەمـەن... لێـرە دەستمان باشتر بە دەرمـان و دوکتـۆر رادەگـا, منداڵەکـەش تـەنیا نیـە... بـە رواڵـەت سەردەمی عەشیرەتی بەسەر چووە ـ بۆخۆی بخوێنێ باشترە..."

"بەڵێ, دیارە... فکری چاکە... حەیفە, وەك لـە مامۆسـتاکانیم بیسـتوە ماشـەڵڵا منداڵێکی زیرەکە. بچێتەوە دێ خەسار دەبێ. خوێندن تا ئەوەی ئێستای وەك عەوام دەڵـێن نە بەکەلکی دنیا دێ نە بە کەلکی قیامەت ـ هیچ نەبێ بـا دیپلۆمەکـەی وەرگـرێ, تـا ئەگەر ویستی بتوانێ لە جێیەك دامەزرێ... ئەگەر بە قسەی من دەکـەن, ئاغـا, ئێسـتا کە شوکور دەستتان دەڕوا, لەسەرخێران ئەگەر دیپلۆمیشی وەرگرت دەست هـەڵ نـەگرێو درێژەی بدا..."

بابم دەڵێ:"بۆخۆشم هەر نیازم وایە. جا بزانین خوا چمان بۆ دێنێتە پێش. ڕاستیەکەی ئەوەیە, جەنابی خەلیفە, ئەوەندەی لە بیرمە قەت نەبووە وەك جێی حیسـابی ـ بـەوجۆرەی دەیبیسم ـ توانیبم ژیانی خۆم بخەمە سەر حیساب و کیتاب, کە بەڵێ ئەمساڵ فلان کارە دەکەم و ساڵی دادێ فیسار کار... هەمیشـە لـە سـەرەتای کـار, لـە نێوەڕاسـتی کـاردا نایبێك, سوڵتانێك, باش چاوەشێك, قوڵەنۆکەرێك پەیدا بووەو دیزەو گۆزەکەی پێك دا داون ـ و گەڕاومەوە سەر جێی هەوەڵی! بەڵێ, ئەگەر خوا حەز بکا دەمەوێ بچێ بۆخۆی ببێتـە دوکتۆر. پووڵی تفەنگ و ئەسپ و تاژی و ئەو جۆرە یاریيانە لە خوێندنەکەی خـەرج کـا, تا ئیدی هەر نەبێ وەك من "قەمچی"ی باش چاوەشی وێ نەکەوێ... ئێستا بزانین, جارێ زوویە, تا دەپازدە ساڵی دیکە خوا دەزانێ کێ زیندوویەو کێ مردوو...!"

"نا, ئاغا, ڕێیەکی دووردرێژ نیە ـ هەتا چاوڵێك دەنێی تێ پەڕیوە... هەر بە فکـری هەبی باشە, مووەففەق بـن, فکرێکـی باشـە. دوارۆژی خـەڵکی وەش و هـی مـەش هـەر خوێندنە, ئەمن هەتا کوڕەکانی نوری بەگ دەبینم کە ڕۆژ تا ئێوارێ قیت و قنج لە شەقام دا دەگەڕێن و دەزبیحان دەگێڕن ناڕەحەت دەبم. ئاخر چەند هاتوچۆ دەکـەن! ئـەم هاتوچـۆو دەسحێب گێڕانە تەواو نەبوو! باشتر نەبوو چووبانە قوتابخانەیـەك خوێنـدباتان و شـت فێـر بان, و ئێوارانیش وەك خەڵکی دیکە هاتبانە شەقام پیاسەتان کردبـا! نـا, مـەبارەك بـێ, فکرێکی باشە... هەر نەبێ بە بیانووی ویشەوە بێ هێندێ جێی تازە دەبینـی... زۆر باسـی تاران و ئاوەدانیيەکەی دەکەن... "

"بەڵێ, بیستوومە ـ با بزانین خوا چۆنی دێنێ... "

ΠΠΠ

دوکتۆر ئارتووش دێ" تازە دەزانین کە غەفوورئاغا و سەرتیپ ئەو هـەموو ماوەیـە لـە شار بوون و ئەمیرلەشکر تازە یەك دوو ڕۆژ لەمەوبـەر وەری گرتـوون" زۆریـش بەگـژیان دا

چووە, گوتوویە ئێوە نەزمی ناوچەکەتان شێواندوە, و جارێ هەقتان نیە لەشار دەرکەون. دەبێ لێرە بن هەتا بۆخۆم دەستوورتان پێ دەدەم. دیارە دیارییەکانیشی لێ وەرگرتوون. عادەتەن دیاریی ڕەت ناکرێتەوە. ڕەعیەتێك کە دەچێتە ماڵی ئاغاو مەسەلەن هۆقە ڕۆنێکی لەگەڵ خۆی بردوە, ئاغا هەرچەندیش لێی تووڕە بێ و قسەی پیسی پێ بڵێ ڕۆنەکەی بەسەر دا ناداتەوە. داب نیە.

بەهار نیزیکە. بابم دەبێ خۆی بنوێنێ و بچێتەوە ئاوایی, و بەوان و بە هەمووانیش نیشان بدا کە دەستبەسەر نەکراوە, و ئەوانن کە دەست بەسەرکراون. لەسەر ئامۆژگاریی دوکتۆر ئارتووش داوای چاوپێکەوتنی ئەمیر لەشکر دەکا "بۆ ئیزن وەرگرتن", ئیزنی چوونەوە وەردەگرێ و لەگەڵ دایکم دەچنەوە دێ. ئەمن لەگەڵ حوسێن ماومەوە, قەرارە ئەگەر کارێکم هەبێ بچمە لای دوکتۆر یان خەلیفە. کارێکم نیە, بەڵام حەوتووی جارێك دەچمە شوێنی دوکتۆرو چەند جاریش سەری کلیسا دەدەم. نامەکانی دادەئامینێش بە ڕێك و پێکی دێن, بۆخۆم دەیان خوێنمەوەو جوابەکەشیان دەنووسمەوەو بە حەمەفەرەج و جاروبار بە بارون هراند دا بۆ بابمیان دەنێرمەوە دێ. بارون هراند هەر جارێك بچێتە شاپوور یان ماکۆ سەری من دەدا تا ئەگەر کارێکم هەبوو پێی بڵێم. زاراخانمیش هەموو ڕۆژێ دێ, تا ئەگەر لیباسی چڵکنم هەبن بۆم بشوا ـ بەڵام ئەمن زەحمەتی وەبەر نانێم, جاروبار نانی نیوەڕۆ بۆ من و حوسێن دێنێ. دایکم لە دێڕا کووپە ڕۆنێکی بە دیاری بۆ ناردوون لەگەڵ چەند سەلك پەنیری تەڕ.

ΠΠΠ

سەرەنجام دڵەخورپەی ئیمتیحان دێ ـ ئیمتیحانی یەکجارییە... شەووڕۆژ خەریکم... ئیمتیحان دەدەم. ئاکامی ئەزموونەکان کۆتایی جۆزەردان دەدەنەوە. هەرچەند دەزانم وەرەقەکانم باش نووسیون خاترجەم نیم ـ و ڕۆژێك کە ئاکامەکان رادەگەیەنن ئارام و ئۆقرەم نیە. ئاکامەکانیان بەدیواری داڵانەکەوە داوە... ئەی هەتا ناوی خۆم لەلیستی دەرچووەکاندا دەبینمەوە چ عەزابێك دەچێژم.

تمەنێکم پووڵی تەمر داوەو کارنامەکەمم وەرگرتۆتەوە. بڕوانامەکە دوایە دەدەن. بە تێکڕا (معدّل)ی ١٧/٥ قبووڵ بووم. کارنامەکەم لە پێش دا بە دوکتۆر و دوایە بە خەلیفە نیشان دەدەم. دوکتۆر پێم دەڵێ پاش نیوەڕۆیە بچمە پزیشکخانە کاری پێمە. خەلیفە قوتوویەك چوکلیاتم بە خەڵات دەداتێ و زۆر ئافەرینم لێ دەکا. دوای نیوەڕۆیە

دەچمە پزیشکخانە...  ئای, خودنویسی بۆ کڕیوم! چەندم ئەو خودنویسە لە پشت شووشەی دوکانەکانەوە دیوەو ئارەزووم کردوە! دوکتۆر زۆرم پیرۆزبایی لێ دەکا:" ئافەرین, (معدّل)ێکی چاکە. هەوڵ بدە هەروا بخوێنی... فەڕانسەیی‌یەکەش دەخوێنیّ؟ وەدوای کەوە, بە کەلکت دێ" دەرسەکانی دیکەشت لە بیر خۆت مەبەوە... دەتەوێ هاوینێ چ بکەی؟"

"نیازم هەیە مانگێك بچمەوە دێ, لای دایك و بابم... "

دەڵێ:"ئەگەر دەتەوێ بچیەوە زووتر بچۆوە... گەلاوێژ و خەرمانان لێرە خەریکی دەرسەکانت بە... بە ئامادەیی بڕۆ سەر پۆلی دەرس خوێندن."

هەروا دەکەم.

دەوروبەری نێوەڕاستی پووشپەڕی ١٣١٥یە. یەك دوو کتێبی ساڵی یەکەمی ناوەندی لەگەڵ خۆم دەبەمەوە دێ, لەگەڵ کتێبە فەڕانسەیی‌یەکانم. ساڵی خوێندنی دادێ عەرەبییش دەخوێنین. دەمەوێ لەو ماوەیەدا کە لەوێم لە لای مامۆستا عەرەبی بخوێنم. بابم دەڵێ فکری چاکە, قسەی لەگەڵ دەکەم. بابم قسەی لەگەڵ دەکاو ئەمن دووبارە دەبمەوە قوتابیی مامۆستا... بەڵام مامۆستا کتێبەکانی قبووڵ نین! دەڵێ خۆ ئەمە عەرەبی نیە, ئەمە فارسی‌یە! کتێبێکی زەردو پەڕپووت و لێوهەڵگەڕاوە لە مجری دەردێنێ. دەڵێ ئەمە تەسریفی زەنجانی‌یە, و دەست پێ دەکا لە رووی ویەوە دەرسم پێ دەڵێ و ئەمن هیچ حاڵی نابم. هەر لە هەوەڵی فعل فعلا فعلوا, ذهب ذهبا ذهبوا... و هەتا ئەو وەختەی لە لای دەخوێنم هەر لەو جێیە دەمێنمەوە. جارێك نەبێ کتێبەکەی من لێك ناکاتەوە" دەڵێ قبووڵی نیە, ئەمانە عەرەبیی جلّفن, عەرەبیی فەسیح دەبێ عەرەب بی‌نووسێ! قیبتی دەبێ قیبتی بی‌نووسێ ـ کە ئەمن نازانم چیە" نەی‌بیستبوو تا ئێستا کتێبی عەرەبی فارس بی نووسێ! نازانم چۆن بوو پرسیم, کەوایە ئەم زەنجانی‌یە عەرەبە, زەنجان لە کوێیە؟ گوتی لە جێیەکی نیزیك "میسر"ە. و ئەمن تا ماوەیەکی زۆر پێم وا بوو زەنجان لە نیزیك قاهیرەیە, تۆمەز هەر ئەم زەنگانەی خۆمانە کە مامۆستا هەڵی گرتوەو بردوویە لە پەنا ئەهرامی داناوە!*

مامۆستا دەی‌گوت مەلاسەید شریف قوتابیی مەلاسەعدی تەفتازانی بووە, زۆر بەتوانا بووە, بە جۆرێك کە پێش مامۆستای خۆی کەوتۆتەوە" هەموو رۆژێ مامۆستای سوئال پێچ کردوەو مامۆستاکەی نەی توانیوە وەڵامی بداتەوە...  کار دەگاتە جێیەك کە

---

* نووسەری بەڕێز نووسیویە تەسریفی جورجانی بەڵام تەسریف هی زەنجانی‌یە, نەك جورجانی ـ وەرگێڕ ـ

مەلاسەعد کتێبەکانی دەخاتە هەمبانەوە, هەمبانــە بــەکۆڵ دا دەداو ســەری خــۆی هــەڵ دەگرێ و دەڕوا. دە ساڵی تەواو لە میسر, مەکە و مەدینە, حیجاز و عەرەبوستان دەخوێنێ کە بێتەوەو مەلا سەید شەریف بۆڕ بدا. بە کورتی سەرلەنوێ دوازدە عیلمەکــە بــاش شــی دەکاتەوە, لەگەڵ زانایان باس دەکا... و لە هەموو عیلمەکان دا دەبێتە بەحر, و دێتەوە بۆ شارەکەی ـ زەنگان. لە نیزیك شــاری لــە دوورەوە جووتیارێــك دەبینــێ کــە خــەریکی وەرد بڕینە, تینووی دەبێ, دەچێ کەمێك ئاو لە وەرزێرەکە وەرگرێ و بیخواتەوە... دەبینێ ئێ, خۆ ئەمە مەلا سەید شەریفە! "یالڵا مەلا سەید شــەریف!... وەزعــت چــۆنە, چــۆنی چ دەکەی!... " مەلا سەید شەریف دەڵێ:"بەخێرێیەوە, مەلا سەعد, لە کوێ بووی ـ دیــار نەبووی!" مەلا سەعد حاڵ و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە, کە بەڵێ, چۆتە عەرەبوســتان و حیجاز و قاهیرەو میسر و مەکەو مەدینە, سەرلەنوێ عیلمەکانی خوێندۆتەوەو, ئێستا لــە هەموو زانستەکانی کیمیاو سیمیاو لیمیا دا تەواوەو هیچی کــەم نیــە. مەلاسەیدشــەریف مەسەلەیەکی شەرعیی لــێ دەپرسێتەوە ـ دەپرسێ ئەگەر دوو کەسی شێت ســەودایەکیان کردو کێشەیان لــێ پەیدا بوو, قازی بە چ ڕا بزانێ کە هەق بە کامیانــەو کامیــان شــێت ترە... مەلاسەعد جوابی پێ نادرێتەوە... هەمبانەکەی بەسەر شانی دا دەداتەوەو دەچــێتەوە میسر و قاهیرە وعەرەبوستان و مەکەو مەدینەو حیجاز... بەڵی ئەم تەسریفە دانــراوی ئــەو پیاوە مەزنەیە... ئێستا فارس هاتوە تەسریفی نووسیوە!... لێرە دا دەرسەکە تەواو دەبێ!

بە بابم دەڵێم. بابم دەڵێ ئێستا بخوێنە, قەیدی نیە ـ لەوانەشە نەی زانێ, فەقیرە!...

دایکم دەڵێ:"نا, ئاغا... توخوا... گوناحە!"

بابم دەڵێ:"چ بووە, کفرم نەکردوە! باشە, نازانێ... ئەم کتێبانە تازەن ـ ئــەو کتێبــی خۆی خوێندوە, هەر ئەوی دەزانێ... هێندێك وان وەك سۆفی ڕەحیم کە ئەگــەر داســەکەی خۆی پێ نەبێ بە داسێکی دیکە نازانێ دروێنە بکا ـ هێندێك کەس وان."

دایکم دەڵێ:"فەقیرە ئەو هەموو زەحمەتــەی کێشــا, ئەگــەر زەحمــەتی وی نەبایــە ئــەم منداڵە کوا لە "ئینتیحام" (امتحان) دەردەچوو! ڕاستیان گوتوە وەڵڵا, ئەگەر خوا تۆزێــك بەخت بدا بە بنیادەم... " و هەناسەیەك هەڵ دەکێشێ.

بابم دەڵێ:"باشە, نەی خوێندوە, شارەزا نیە, تەرتیب و قاعیدەکــەی نازانــێ. خــۆ نــەم گوتوە زەحمەتی نەکێشاوە.

دایکم دەڵێ:"چۆن نەی خوێندوە... دوازدە عیلمە... ئێستا با بڵــێین عیلمێکــی لــە بــیر چۆتەوە یان یەکێکی باش نەخوێندوە. خۆ ئەوانی دیکەی خوێندوون! هیچ نەبێ لــە لای دە

مەلایان فەقێیەتیی کردوە... بەخوا ئەگەر زەحمەتی وی نەبایە ئەم منداڵە تا ئێستاش هەر لە "ئینتیحام" دا گیری کردبوو... گوناحە فەقیرە... !"

بابم سەر را دەوەشێنێ. دەڵێ:"باشە, پێت خۆشە بچوو, پێت خۆش نیە مەچوو... "

پێم خۆش نیەو ناچم, لە جیاتی ئەوە دادەنیشم دەوری فەڕانسەیی‌یەکەم دەکەمەوە. بڕیار دەدەم لەبەر هەر دەرسێك سێ جار بنووسمەوە, جارێك دەرسەکەم بکەم بە فارسی, پاشان کتێبەکەم پێکەوە نێم و لە رووی ئەو تەرجەمەیەوە کە کردوومە, وەری بگێڕمە سەر فەڕانسەیی. هەرواش دەکەم ـ ئاکامەکەی زۆر باشە... بیست رۆژێك ئەم کارە دەکەم ـ کتێبەکەم وەك ئاو لەبەرە...

وردە وردە خەریکم خۆم ساز دەکەم بێمەوە شاری, دەمەوێ ئەو یەك مانگ و نیوە "ریاضیات"ی پۆلی حەوتەم بخوێنم و فەڕانسەیی‌یەکەش درێژە بدەم. بابم دەڵێ سەبر کە, بەڵکوو پێکەوە بچینەوە. دایکم پێی ناخۆشە, هێشتا بە چاکی نەوەکانی نەدیوە, هێشتا بە بۆنی ماڵێ را نەهاتۆتەوە...

ماڵەکە لەبەر چاوی من کۆنتر دیارە, لەبەر چاوم وەك لەو ماوەیەدا ماڵەکە پیر بووبێ وایە. دایکم دەڵێ باشە, ماڵیش وەك بنیادەم وایە, دێ وەك بنیادەم وایە باشە, دیارە پیر دەبن" بنیادەم یان ماڵ ئەگەر پیر بوو پیرە ئیدی, ئیدی رەنگ و رووی سەردەمی جحێڵی‌یەی نامێنێ ـ ماڵ بە شیلە سواغێك جحێڵ نابێتەوە ـ بنیادەمیش هەروایە... ئەوانە کە سووراووسپیاوی لەدەموچاوی خۆیان هەڵ دەسوون, خۆیان فریو دەدەن... جحێڵ پێویستیی بەو جۆرە شتانە نیە. بەڕێداچوونی و پێکەنینی هاوار دەکەن کە جحێڵە... خۆیان فریو دەدەن.

بابم دەڵێ:"خۆیان فریو نادەن, خەڵکی دی فریو دەدەن. بەڵام, فاتم, لە هەق دەر نەچین هێندێ کەس لەم کارەدا وەستان. دەزانن چ بکەن. لە شەقامێ سەرنجت داوە ـ شیلەسواغ کردنیش سەلیقەی دەوێ: گێچ کاریی ئێرە دەبینی لەگەڵ گێچ کاریی شاری چەندی فەرق هەیە! سووراوو سپیاوکردنیش هونەری دەوێ... ژنەئەفسەرەکانت دەدیتن... "

بابم دەرفەتی نابێ قسەکەی تەواو کاو دایکیشم دەرەتانی نابێ سەرسوڕمان دەربڕێ کە هەموومان گوێ قوڵاغ دەبین" لە حەوشەی ماڵێ دەنگی قاووقیژ دێ... بەو بەیانی‌یە چ بووە!

بابم دەڵێ:"دیسان چ بووە! برۆ بزانە چ بووە... چ قەوماوە... رەشید لە کوێیە؟... "

هەڵ دەستم, هێشتا چاك راست نەبوومەوە کە یەکێك بە غاردان بە پلیکانان دا سەر دەکەوێ... دەی بینم" ئەو کەسەی بە پلیکانان دا دێتە سەرێ دەبینم و دەی ناسم... بەڵام

لەجێی خۆم رەق بووم... باوەڕ ناکەم ـ جێی بـاوەڕ نیـە... وەك کەسـێك وام کـە تـەرمێکی لەسەر شانی خۆی بردبێتە گۆڕستان و ناشتبێتی و هاتبێتەوە ماڵـێ و کـە گەیشـتبێتەوە دیبێتی کە تەرمەکە ساغ و سەلیم, و بەدەماخ لە جێی جارانی دانیشتوە!...

بابم فریـا نەکـەوتوە لـەجێی خـۆی هەسـتێ... دادەئـامین وەك گوللـە بـەکن مـن دا تێدەپەڕێو دەست دەستۆی بابم دەکا... ئەمن لە جێی خۆم حەبەساوم... چاوم لـە دایکمـە کە بە قەولی خۆی دوور لە گیانی ـ وەك ئایشـەگێژێ پشـتی بـە دیـوارەوە داوە, زاری پـێ داپچڕاوەو تەماشای دیمەنەکە دەکا... هیچ جێی باوەڕ نیە!

هێشتا نەم زانیوە "رێوی" دیار نیە... دادەئامین لە بابم بۆتەوە دەستی دەسـتۆی دایکـم کردوە... ئەمن هاتوومەوە ژوورێ... بابم هێشتا دەرفەتی نەبووە لە رێوی بپرسێ. دەبینم بـە چاوێکی داپچڕاوەوە کە هێندەیان نەماوە لە کالانە بێنە دەرێ دەڵێ:"ئەی ئەی ئەی!" رێوی بە باوەشی باروون هراندەوە دەبینم و لە تەنیشتیشی پیاوێکی سیودوو ساڵە کە بەزەحمـەت لە پلیکانان وەسەر دەکەوێ...

بابم دەڵێ:"هۆسپ... ئەتۆی؟... لە کوێ بووی... بۆ ئاوا!... "

کەوایە ئەمە مامە هۆسپە!

دایکم و دادەئامین دەگرین. بابم دەڵێ:"یاخوا بەخێر بێن... بەرەکەتو هێنـا... بیـدە بـە من... بەخێر بێن... ئامین... هراند... " نازانێ روو لە کامیان کا. باوەش بۆ رێوی دەکاتـەوە ـ بەڵام رێوی ماوەیەکە نەیدیوە نامۆیی دەکا... دەبینم نوشـتەکەی بابەسـەیی و مـووورووە شینەکە کە دایکم لە سەری دابـوو, هـەروا بەسـەر شـانی کۆتـە چـووکەڵەکەیەوەن. وەك ترساوان راوەستاوەو تەماشا دەکا... "وەرە لای بابە... غاردە, غاردە!" دادەئامین دیسان وەك رۆژەکانی پێشێ هانی دەدا بچێ:"گنا بابایی... گنا بابایی!" رێوی بە دوودڵییەوە دەچێ و لەسەر کۆشی بابم دادەنیشێ.

شلووقە, هەموومان پێکەوە قسە دەکەین... "ئـەدی بـۆ لـەو نامـەی دوایـی دا نـەت نووسیبوو؟... چۆن بوو... کەنگێ پەیدا بوویەوە؟ هراندت لە کوێ دیتەوە؟ ئـامین, پـێم نەگوتی ئەو شەیتانە بچێتە جەهەننەمیش بە سلامەتی دێتەوە دەر... !" شلووقە!

دادەئامین دەڵێ:"بابە, کوێی سلامەتە... ئێستا بۆخۆی بۆت باس دەکا... "

"رێویی خۆم... رێوییەکەی خۆم... ! بۆچی نەتان نووسیبوو... چۆن بوو ئاوا بێخەبـەر هاتن... !؟"

دایکم دەڵێ:"باشە, کاری چاکیان کرد هاتن... ئەمن هیچ پێم وا نەبوو... کچێ ئەگەر بزانی ماڵەکە چەند چۆل و هۆل بوو ـ دوورلەگیان, دەت گوت ماڵی تازیەدارانە..."

"پێت نەگوتم... چۆن بوو بێخەبەر هاتن؟"

مام هۆسپ دەڵێ:"راستیەکەیت دەوێ... هاتووین بۆ زەماوەند... بانگهێشتن کرابووین... "

"زەماوەندی کێ؟"

مام هۆسپ دەڵێ:"زەماوەندی خۆمان."

بابم دەڵێ:"دیسان دەستت کرد بە قسەی قۆڕ... خۆمان کێ؟ قەوم و قیلەت لێرە هەن... ئەمن نەم دیون!"

"عەرزم کردی خۆمان."

بابم دەڵێ:"هێشتا هەروەك جارانی... هێشتا نەبوویە بنیادەم... تازە بۆخۆت هیچ, خوا ئەقڵ بدا بەم منداڵە ـ ئامین, ئەوە دەڵێ چی ـ ئەمن زمانی هێندێك جانەوەران نازانم!"

دادەئامین دەڵێ:"وەڵڵا چت عەرز کەم بابە ـ لە خۆی بپرسە." و لە ژوورەکە دەچێتە دەر.

"باشە, نەت گوت هراندت لە کوێ دۆزیەوە؟... ئەم ماشێنەش ژانەسەرێکی خەراپی بۆ ئەو پیاوە دروست کردوە!... "

هراند گوتی:"ئاغا, دڵخۆشیی منیش هەر ئەمەیە."

مام هۆسپ دەڵێ:"لاقم ئۆینان دەردێنێ, ئەگینا پێم خۆش بوو بەپێیان بێم..." دەلینگی شەڵواری لاقی راستی هەڵ دەکێشێ... ئای" راست دەکا: لاقی راستیان لە قولاپەی را بڕیوەتەوە!

"چاوت لێیە قەوم و خزمەکانت چ بەڵایەکیان بەسەر هێناوم! بەڵام قەیدی نیە, دنیا زۆری بە بەرەوە ماوە ـ بە خزمەتیان دەگەم!... "

بابم دەڵێ:"ئافەرین بۆ ئەو چاوو ڕووەت ـ ئەتۆ ئێستاش لە رووناچی!... باشە, بۆم باس بکە... چۆن بوو, بۆ وات لێ هات ـ لە کوێ؟ ـ ئەم هەموو ماوەیە لە کام دۆزەخدەرە بووی!"

مام هۆسپ دەگێڕێتەوە کە لە ئۆرفە لە "یاری لەگەڵ بێچووە گورگان"دا بریندار بووە, بەڵام بە گوللەی بەکرێگیراوان ـ پیاوەکانی سەلیم پاشا... "با وا بێ, جارێ درەنگ نەبووە, بە خزمەتی دەگەم, ئەگەر هەتا ئێستا لە دەستی حاجۆ بە مفتێ رزگاری بووبێ... "

کاك ڕەشید دێ. لەگەڵ کاك ڕەشیدیش هەر ئەو ماچ و مووچ و بەزم و ڕەزمە دووپات دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ دادەئامین زۆر بە پارێز و دەست پێوەگرتن. بابم لە بارەی ڕەفتاری ئەندامانی بنەماڵەوەو ئەوە کە ئەندامی بنەماڵە لە بەرەوڕوو بوون لەگەڵ خەڵکی دیکە بەتایبەتی ژنان داو تەنانەت خزمانی نیزیکیش ـ دەبێ چ شتێك لەبەرچاو بگرێ زۆر توندی دەگرت... لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێوشوێنانە بۆ بابم حوکمی مەزهەبێکی هەبوو کە سەرپێچیلێکردنی بەهیچ جۆر ڕەوا نەبوو. بەو حاڵەش ئێستا کە مام هۆسپ لێرە بوو, دادەئامین شانی کاك ڕەشیدو کاك ڕەشید شانی دادەئامینێی ماچ کرد...

بابم گوتی:"باشە... ئامین, ڕۆڵە, ئێستا میزی ناکا؟"

"نا, بابە ـ گەورە بووە ئێستا ـ بۆخۆی فێر بووە... خۆی دیاری دەکا... "

بابم دەڵێ:"ماشەڵڵا... کەوابێ ڕێویی من گەورە بووە! باشە, ڕێوی چ فێر بووی... بڵێ! بڵێ "دودۆر" لە بیرتە؟ بەڕاست, ئامین, دوکتۆرتان نەدی؟"

"نا, بابە, لە کوێی ببینین... دوێ شەوێ هاتینەوەو ئەمڕۆ وەڕێ کەوتین... بۆخۆت هۆسپی دەناسی... ئەگەر باروون هراندی نەدیبایەوە هەر ئەو شەوە وەڕێ دەکەوت... چاك بوو باروون هراند لەوێ بوو, ئەگینا بە پێیان ملی ڕێگای دەگرت... ئەم پیاوە ئاشقی چیاو بەندەنانە... "

"باشە, ئیدی ـ گوتم جانەوەرە... باشە دەت گوت... لە ئۆرفە برینـدار بووی ـ حاجۆشت لەگەڵ بوو؟"

"بەڵێ لەوێ بوو... بەڵام لێك هەڵ بڕابووین ـ ژمارەمان کەم بوو, حەوت هەشت کەس پتر نەبووین ـ ئەوان گوردانێك بوون, لەگەڵ ژمارەیەك بەکرێگیراو... زۆر خەراپ پێوە ببووین. ئەوانی خۆمان ڕاپۆرتیان دابوو... پەنامان بۆ شاخ بردبوو, و ئەوانیش دەوریان گرتبووین... ڕێگای هەڵاتنمان نەبوو, وەك گورگێك کە بە تەڵەوە دەبێ و خۆی بە تەڵەکەدا دەدا بەڵکوو هەڵی کەنێ و لەگەڵ خۆی بەرێ, ئێمەش دەبوو لێدەین و لەو نێوە ڕێگایەك بکەینەوە.

"بە هەرجۆرێك بوو هەتا شەوێ خۆمان ڕاگرت. کە دنیا تاریك بوو, ئێمە دەستمان لە تەقە هەڵ گرت... و چەند بڕکە گوێنیمان لە چەند جێگا ئاگر تێ بەردان ـ بەڵام لە جێی خۆمان نەبزووتین ـ چونکە دەمان زانی ئەوان پێیان وایە ئەمە کەڵەکە, و ئێمە لە جێگایەکی دیکە سەر وەدەر دەنێین...

حاجۆ گوتی:"هۆسپ, ئەگەر هەر ئێستا نەتوانین کارێك بکەین دوایە پێمان ناکرێ ـ لە چوارلاوە خەریکن دەورەمان دەگرن... نابێ بێڵین سەنگەرمان لە دەورە لێدەن... دەبێ

هەر ئێستا خۆمان بە ئاو وئاگر دا دەین... پێیان وایە چووینە جێیەکی دیکە... بەڵام ئێمە هەر لێرەوە خۆ پێدا دەدەین... ئەتۆ ئەم چوار کەسە هەڵ گرەو بەم ئاودڕەدا بڕۆ, ئەمنیش لەگەڵ سێ کەسەکەی دیکە بە بناری ئەم تەپۆلکەیە دا دەڕۆم, قەرارمان سەرچاوەی بەردەڕەش بێ... ئەگەر پێشهاتێك بوو, برینداربووی یان پێویستیت بە کۆمەگ هەبوو... تفەنگێك هەڵ تۆقێنە یان گوێنیەیەك ئاور دە ـ ئێمەش هەروا... "

لە ئاودڕەکەوە هاتم ـ لەگەڵ چوار کەسەکە... دیتم راستی بۆچووە, خەریکن خۆش خۆشە سەنگەران هەڵ دەکەنن... دەنگی باش چاوەش و ئەفسەرەکانم راست لەبەر پێی خۆمان گوێ لێ دەبوو!... ئێمە هەر ئەوەدەم دەستمان لە تەقە هەڵ گرتبوو... بەڕواڵەت باش بۆ مەسەلەکە چووبووین... فکریان بۆ جێی دیکە چووبوو... گوتم "کوڕینە هەموومان پێکەوە سێجار لەسەر یەك خێرا دەسڕێژ دەکەین... دوایە "هەرا"یەك دەکەین و لەو نێوەڕاستەوە رێی خۆمان دەکەینەوە ـ علی الله!"

سێجار لەسەریەك و تەڕدەست دەسڕێژمان کردو هاوارێکمان کردو ـ جا غارەدە! ئاپۆ شێرۆ, ئەگەر بزانی چ بوو! هەموویان وەك ئیفلیج بووبن, هیچ چاوەڕوان نەبوون ـ ئەگەر بڵێی یەك تەقەشیان لێکردین ـ حاشا! دەرچووین ـ چۆن! هەر لەوکاتەدا لەو بەریش دەنگی تەقەو هەرا بەرز بۆوە... ئیدی زۆرمان نەمابوو بگەینە جێی مەبەست, کە دیتم کوتکێك لە گوێزینگی لاقم درا... و کەوتم... دوایە تێگەیشتم پیاوەکانی سەلیم ئاغا بوون...

"کوڕەکان هەڵیان گرتم. بێ ئاپۆ شێرۆ ناخۆش هەتا بەیانی هاتین ـ بە چ عەزابێك, هەر باسی مەکە... بەڵێ, هاتین ـ بەرەبەری بەیانی بوو کەگەیشتینە "کانی بزنە". قەرارمان ئەوێ بوو. حاجۆ منی لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکان لە پەنا ئاوایی داناو بۆخۆی لەگەڵ ئەوانی دیکە لە دوولاوە خۆی بە ئاوەدانی دا کرد. ماڵی زەفەرئاغای گرت و بۆ ماوەی چل و هەشت سەعات لە دێدا حکوومەتی نیزامیی راگەیاند. هیچ کەس هەقی نەبوو لەماڵێ بێتەدەر, تەنانەت بۆ مزگەوتێش... کارێکی باشیشی کرد, چونکە دوایە زانیمان کە زەفەرئاغاش کەین و بەینێکی لەگەڵ دەوڵەت هەیە... ئاپۆ شێرۆ, حاجۆ پیاوێکی سەیرە, درۆ ناکەم, پیاوی وا بە برشت, وا ئازام نەدیوە. بەدبەختیەکەی ئەوەیە کوردە. ئەگینا بەخوا هیچی لە سەردارە گەورەکانی مێژوو کەمتر نیە. لینگەی زۆر کەم پەیدا دەبێ, کە ئاوا شارەزا بێ, وا زوو بڕیار بدا و وا بە لێبڕاوی بڕیاری خۆی جێبەجێ بکاو لە وەختی خۆی دا رەحم بە کەس نەکا... پیاوێکی سەیرە, باوەڕ کە کوردستان ئەگەر

پێنج پیاوی وەك ویی هەبان نەدەکەوتە ئەم رۆژەوە ـ نـازانم چـۆن بـوو لـە شۆڕشـی شـێخ سەعید دا لەسەر کاریان لابرد... بەدبەختییـە ئیـدی... بـەڵێ حکوومـەتی نیزامیـی راگەیانـد... باشیشـی بـۆ چـووبوو ـ دەیگـوت هـەر ئـەو هەڵـە بچـووکانەو ئـەو کەمتەرخەمیی‌یە بچـووکانە شـکانی گـەورەیان لـێ پەیـدا دەبـێ... جـەڕاحیان هێنـاو برینەکەمیان برژاندەوە... بەڵام ئێسکی گوێزینگی پێم وردوخاش ببوو... کوڕەکان بەنۆرە ئیسراحەتیان دەکردو ئێشکیان دەگرت. پاش چل وهەشـت سـەعات, شـەوێ ئەسـپێکیان گرت, بارگەیەکیان لـێ هەڵ بەست ومنیان لەگەڵ تفەنگچی‌یەك و شارەزایەك بـەڕێکردو حاجۆ خۆی مایەوە... ئێستا ئیدی لـە نیزیـك لێـواری سـنوور بـووین, بـەڵام ئـەودیوی سنووریش پڕ لەعەسکەری تورك بوو ـ فەڕانسـەیی‌یەکان هێشـتا پاسـگایەکیان نـەبوو, لەسەر بەندەری ئەسکەندەروون و فلان وفیسار لەنێوان تورکـەکان و فەڕانسـەیی‌یەکان دا ناکۆکی هەبوو...

"بەکورتی ئاوا... پاشانیش منی بردە نەخۆشحانەی دیمەشق..."

"باشە, نەدەکرا لاقەکەت نەبڕنەوە؟"

"نا ئیدی, رەش ببوو..."

"ئێستا حاجۆ چ دەکا؟ بەچی دەژی؟"

"ملکی هەیە, فەڕانسەیی‌یەکان زۆری رێز لـێ دەگرن... لەو وەختەوە کە ئـەو چـووە هەموو بوونە ماستی مەییو ـ هەموو باجی دەدەنێ... لەوێ پاشـایەتی دەکـا ـ هـەقی خۆشیەتی... نۆشی گیانی بێ... بە یارمەتیی فەڕانسەیی‌یەکان شارۆچکەیەکی دروسـت کردوە بەناوی "تربەسپی" هەر شیرنە بی بینی!"

بابم دەڵێ:"ئامین لەفکری نانی شەوێدا هەن؟"

دایکم دەڵێ:"ئەی... ئاغا ئەوە دووساڵە... فەقیرە سەعاتێکە هاتوە... منداڵـەکان لێرەن, حەتمەن شتێکیان دروست کردوە!"

"باشە ئیدی, زارم بـەئامینێ ڕاهـاتوە... بەڕاسـت هۆسـپ, نـەت گـوت چـۆن بـوو هاتی... کەنگێ هاتی...؟"

"لە کوێ ڕا؟"

"گوتت لە سوریەڕا..."

"لە سوریەڕا نەهاتم, لە فەڕانسەوە هاتم ـ لە فەڕانسەوە هاتم ـ چووبوومە فەڕانسـە." دوومانگێك دەبێ."

"دوومانگه هاتوویه تاران ونەشت نووسیوە! بەڕاستی شێتی!"

"بەڵێ، ئاغا، ئێمە واین ـ خۆ ئێمەئاغا نیین، کە وەك جەنابت ئێشکگر و قەرەوڵمان هەبێ، لەپێشمانەوە بڕواو ڕێمان بۆ پاك بکاتەوە. ئێمە بۆخۆمان دێین... قسەی زیادیش ناکەین:"کێ لەوێیە؟" دەزانین کەسی لێ نیە، بۆخۆمان هەڵ دەستین کاری خۆمان دەکەین!"

پێکەنیین. بابم گوتی:"ئێستا چۆن بوو پاش دوو مانگ لوتفت کردو تەشریفت هێنا!؟"

"عەرزم کردی... هاتووینە زەماوەند... پێت وایە گاڵتە دەکەم!"

دادەئامین دیسان هەستا ڕۆیشت.

وەختێك لێیکۆڵرایەوە دەرکەوت کە بەڵێ، کاتی خۆی لەچیا کەشیش دەست نەکەوتوەو مارەیی شەرعییان نەبڕیوەو ئێستا هاتوون لە ورمێ مارەیی ببڕن...

دایکم گوتی:"ئۆی، هیچ نەم دەزانی!"

بابم گوتی:"شتی وا دەبێ... لەشەرعیەمەش دا هەیە... بەڕاست، ئامین..."

"ئامین چۆتە ئەو ژوورەی دیکە لای منداڵەکان..."

"بەڕاست هۆسپ، ئەم حەیوانە وەزعیچۆنە ـ هەر ماوە؟"

"کارۆی دەڵێی؟ بەڵێ ماوە ـ لەلای ئارسەنمان داناوە ـ زۆرمان بەگوێدا خوێند ـ چاکە... هەروەك دیوتانە وایە ـ دەشەلێ ـ عەکسەکەیم بۆ هێناوی، ئارسەن بۆی ناردووی..."

"ها... ڕێوی ـ بیستم وەڕەزیی بابەت کردبوو، بەڵێ؟ لەگەڵ ئەم شێت وشوورە چۆنی؟... باشە، ئێستا لەوێ چ دەکەی ـ کاریش دەکەی؟"

"ئەی چۆن ـ خۆ ئەوێ وەك ئێرە نیە ڕاوو ڕووت نیە کەوەك جەنابت دانیشم دەست بە سمێڵان دا بێنم و بێنن لە پێشم دانێن... لەوێ دەبێ کار بکەی."

"مەسەلەن چ کارێك دەکەی؟"

"کارێك هەر دەکەم."

"چ کارێك مەسەلەن؟ لێت نایە وەك بنیادەمێکی حیسابی دانیشی کار بکەی... ها ئامین؟ ڕاست دەکا ـ کاری دەکا؟"

"بەڵێ، بابە، ڕاست دەکا، قالب سازییە دەکا... کارەکەشی بەرێکەوت باشە ـ لەگەڵ براکەم کار دەکا ـ ئەویش میکانیکە. وەزعمان خەراپ نیە."

بابم دەڵێ:"زۆر باشە... ئەی کە چەند خۆشحاڵتان کردم. ئەگەر بزانن چەندم وەڕەزیی ئەم تووتکە کردبوو...!"

دایکم دەڵێ:"ئەویەك دووحەوتووەی هەوەڵی زۆر ناخۆشمان لێ‌گوزەرا... ئامین باوەڕکە هەموو شەوێ خەونم بەم "مەیموون"ەوە دەدی... دەم گوت خوایە, دەبێ جارێکی دیکە ئەم منداڵە ببینمەوە!... ئێستاش بەتەواوی باوەڕ ناکەم ـ پێم وایە خەونە!"

بابم دەڵێ:" کاك هراند, زانیت بابی ئەو منداڵانە کەوشی بۆ ناردبووین؟ ئامین, ئەو کەوشانەی دەیان بینی ئەو ناردبوونی, بۆ دایکیشت کەوشی "مۆد"ی ناردبوو ـ لاقی‌دێشا بەستەزمانە" وەختێك کەوشەکەیان هێنان بە قودرەتێ خوای حەلەمی لێ بڕا. ئەگەر دیبات بەچ عیشوەو نازێکەوە دەڕۆیشت... ڕاست وەك ئەوکچانەی لەشەقامەکان دا هەڵبەز دابەز دەکەن..."

دایکم گوتی:"ئەیەڕۆ ئاغا...! یادۆ, توخوا پێم بڵێ ـ ئەمن پێیانەوە ڕۆیشتم!؟"

گوتم:"زۆر نا... کەمێك لەنێو ژووریدا!"

هەموو لێکڕا پێ‌کەنیین.

" بەتەورێزدا هاتن؟ منداڵەکانتان دین؟"

"بەڵێ, بابە, زۆر عەرزی سلاویان هەبوو ـ هەمووان باسیان کرد کە نامەت بۆ نووسیون."

"کاك هراند, دوکتۆرو خەلیفەی دەبینی؟ چۆن بوون, وەزعیان باش بوو؟"

"بەڵێ, سلاویان لێ دەکردی..."

"سلاوگەیێن خۆش بێ... هۆسپ ئەم شەو ئەتۆ لەژووری خۆت دەخەوی... تەختی دوکتۆر ئارتووشیش هەیە. ئەگەر کاك هراند حەزی‌کرد, بۆی لێ‌دە. یەك نەفەرییە..."

ڕێوی لەسەر کۆشی بابم خەوی لێ کەوتبوو. کچ وکوڕەکەی کاك ڕەشید لەملاو لەولای دایکم دانیشتبوون وبە حەبەساوی تەماشایان دەکرد.

دایکم دەڵێ:"ئامین منداڵەکە خەوی لێ کەوتوە. بیبە بی نوێنە, ماندوویە..."

بابم گوتی:"ئەم شێوە بوو بە چی ئامین...! فاتم دەڵێ هێندە مەڵێ ئامین ئامین ـ ئەدی بەکێ بڵێم!؟"

گوتم:"بابە, زۆر لەمێژە نان حازرە, براژنم لەوێ چاوەڕوانە..."

"باشە, ئەدی ماتلی چین؟!؟"

KKK

## ٢٦

پاش ناشتاخواردن بابم به دادەئامین دەڵێ:"باشە, ئێستا هەرکوێ پێت خۆشە بچی ئازادی... برۆ بزانە. ئیدی خەبەرێك لەتورك وباش چاوەشی تورك وقوڵە نۆکەرە مرۆڤ دزەکان نیە... مێردەکەشت ملی بە نۆ بیوران نابڕێتەوە... ماشەڵڵا چەندیشت دەوێ چاوو ڕاوت بۆ دەکا... ئێستا سەعاتێکی دیکە لێی بپرسە بەیانی چیی خواردوە دەڵێ سەروپێی بێچووە گورگ! کەسێك ناشارەزا بێ دەڵێ بۆتە "عەزەخڕیل"ی قەساب بیست و چوار سەعات بێچووە گورگان سەر دەبڕێ و کەوڵیان دەکا!" دادەئامین وهۆسپ پێدەکەنن... ڕۆڵە, هەتا لەبیرم نەچووە نانی بۆ شاگردەکەی کاك هراند بنێرە ـ بەحوسێنی یان بەکەسێکی دیکەدا... کاك هراند, قەیدی هەیە یەکێکی دیکە لەلای ماشێنەکە بێ و ئەم لاوە بێ لانی کەم خەڵکێك ببینێ... چایەك بخواتەوە... خۆ چا نانێردرێ..."

کاك ڕەشید دەڵێ:"بۆچی, بابە... "ساردوگەرم"ی من هەیە... لە ساردوگەرم دا چای بۆ دەنێرین..."

"زۆر باشە... ئەگەریش ویستی بێ یەکێك لەلای ماشێنەکە دانێن... با بەڕۆژ بێتە ئاوەدانی و شەوانە بچێتەوە لای ماشێنەکە... ئەمە حەواڵەی تۆیە ئامین... جێی دوکتۆری خاڵییە... ئەگەر دوکتۆر لێرە بایە دەم بردە دووکەڵە."

دادەئامین دەڵێ:"تا ئێستا ئەو ناوەم نەبیستبوو, بابە"

بابم ڕوونی دەکاتەوە: دووکەڵە تاڤگە "ئاوهەڵدێر"یە, ئاو لە قەدیکێوی دێتەخوارێ, بەئەندازەی دووسێ ئاش گێران و لەپەنجا شەست میترییەوە بەسەر تاتەبەردەکانی گەڵیدا هەڵدەڕژێ و بەجۆرێك پەرش و بڵاودەبێتەوە کە وەك دووکەڵ دێتە بەرچاو ـ لەدەوروبەریشی دارگوێزو داربەڕووی گەورەو ئەستوور هەن ولە هەردوو لاشی هەر دووسێ هەنگاو کانییەکە... بەهەشتێکە بۆخۆی: بابم لەوێ دوو سەکۆی دروست کردوون بۆ دانیشتن... جێیەکی زۆر جوانە. ئەگەر بای نەیە... بەڵام ئەگەر بای بێ دەبێ لە چادردا دانیشی...

مام هۆسپ دەڵێ:"ئەمنیش نەم دیوە..."

بابم دەڵێ:"باشە, دەرفەتیان نەدەدا... خۆ ئەتۆ قەت بـۆ خۆشـی نەهاتوویـە ئێـرە ـ ئەگەر هاتووی یان راکردوو بووی یان لەراکردووان گەڕاوی, یان بە قەولی خۆت ویسـتووتە بچیە راوە گورگ... دەرفەتیان نەدەدا... جێی دوکتۆری خاڵی... ئەگەر لێرەبا دەچووین, بارگەو بنەشمان دەبرد, دووسێ رۆژێك لەوێ دەماینەوە ـ فاتم و ئامینیشمان دەبـردن ـ زۆر خۆش دەگوزەرا."

هراند دەڵێ:"ئاغا, هێنانی دوکتۆر لەسەر من ـ ئێستا هاوینـە, نەخۆشیشـی نـین ـ بەیانی دەچم هەڵیدەگرم و شەوێ لێرەم... ئەگەر پێتان خۆشە!"

بابم دەڵێ:"هەروا ئاسان! قەیدی نیە بۆتۆ؟ گرفتاریت نیە؟... وادیارە ئـەتۆش خـووی هۆسپت گرتوە ـ ئاخر ئەویش هەرچی دەبێ دەڵـێ"گرنگ نیـە!" دەڵێـی بـەوێ دا مـەڕۆ دەکەوی, دەڵێ گرنگ نیە... پێی دەڵێی ئەوکارە مەکە زەرەر دەکەی, دەڵێ گرنگ نیە... دەکەوی لاقت دەشکێ, گرنگ نیە... ئێستاش گرنگ نیە!؟"

مام هۆسپ دەڵێ:"نەخەیر ئێستاش گرنگ نیە, چ بووە. شاخم لـێ ڕواون؟"

"نا ئاغا, بەڕاستی گرنگ نیە ـ ساڵێ دەتوانم دە ڕۆژان هیخۆم و دۆسـتانم بم... خـۆ نابێ پیاو هەمیشە بۆ پووڵی ببێتە سەگی هاهایە ـ پاشان بۆ کێی بکەم ـ خۆمم و خـۆم! لەکۆنەوە لەدایك و بابانم بیستوە کە دەیان گوت گیان بۆ خوا,ماڵیات بۆ دەوڵەت و دڵیش بۆ هاوڕێیان..."

"بەڵێ, دەمێنێتەوە ماڵ وناموس... ئەویش پێوەندیيەکی بە دەوڵەتەوە نیە... ئـەو دەبێ ماڵیاتی خۆی وەرگرێ!"

هرانـد دەڵێ:"بەهــەرحاڵ, ئــەمن لەخزمــەتتان دام, هــەروەخت بفــەرموون وەڕێ دەکەوم..."

مام هۆسپ دەڵێ:"ئەمنیش دێم..."

دادەئامین لەبنەوە مۆڕەیەکی لـێ دەکاو خۆی دەخواتەوە, بەڵام هیچ ناڵێ. مام هۆسـپ وا نیشان دەدا کەچاوی لـێ نەبووە, و چاو لەچاوی دادەئامینـێ وەردەگێـڕێ. بڕیـار دەدرێ نامەیەك بۆ دوکتۆر بنووسن وخۆی وخێزانی بانگهێشتن بکەن. هەر کەسـە شـتێك دەڵـێ, دەبێتە باسێکی گەرم. سەرەنجام بە پێشنیاری مام هۆسپ بڕیار دەدەن ـ لەراسـتیدا مـام هۆسپ بڕیار دەدا. حوکمی بەزۆر هێنان "جلب"ی بۆ دەر بکەن.

"بەپێی ئەم راگەیاندنە دوکتۆر ئـارتووش ئاوانسـیان, کـوڕی بـاوکی خـۆی, خـاوەنی شناسـنامەی ژمـارە (بۆخـۆی دەزانـێ) لەسـەریەتی بەگەیشـتنی ئـەم فەرمانـە لەگـەڵ خێزانەکەی (ناو و ژمارەی شناسـنامەی لەدەسـت دا نیـە ـ دوایـە لـە خـۆی دەپرسـین)

بەپێیان, بەجادەی شاپوور بۆ سەڵماسی جاران دا بێ و خۆی بەم دادگایە بناسێنێ و بەوەخت بگاتە دووکەڵە. ئەگەر لە جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە سەرپێچی بکا بە خواردنی دوو هۆقە گۆشتی گوێلکی کوڕی گاجووت مەحکووم دەبێ.

تێبینی:

١ ـ ئەگەر گومان لێکراو لەڕێگادا تینووی بوو هەقی هەیە ئاویکانی بخواتەوەو سزای لەسەر نیە. هاوسەری گومان لێکراو دەتوانێ ئەگەر گومان لێکراو لەبەر شەکەتی خەوی لێکەوت بەلکی دەسماڵەکەی باوەشێنی بکا.

٢ ـ هەقی بەڕێوەبردنی ئەم فەرمانە تمەنێك پوولی رەواجی وڵاتی شاهەنشاهیی ئێرانە کە گومانلێکراو دەی دا بەفەرمانبەری راگەیاندنی ئەم فەرمانە هەتا چوکلیاتی بۆ منداڵەکەی پێ بکڕێ.

٣ ـ فەرمانبەرانی جێبەجێ کردن لەسەریانە ئەگەر گومان لێکراو سەرپێچییکرد, بە دەست بەستراوی بیخەنە سندووقەوەو پووڵی سندووقەکەش لەخۆی بستێنن.

ئەم حوکمە "فرجام" (استئناف) ی بۆ نیە. سەرۆکی دادگا "

بابم دەڵێ:"ئەمانە لەکوێ فێر بووی: راگەیاندن, فەرمان, فەرجام!؟"

مام هۆسپ دەڵێ:"چۆن پێم نەگوتی... ئاخر لەوێ موحاکەمەیان کردم."

"لەکوێ؟ لەسووریە؟... بۆچی؟"

"لەسەر سنوور بەزاندنی بێئیزن..."

"سەیرە...! مەحکوومیش بووی؟"

"نا, فەرانسەییەکان لەوێ سەربازیان نەبوون, تورکانیش تینیان هێنابوو... پێویستییان پێمان هەبوو... بەڵێ, دادگا بوو... وەك هەموو دادگا رواڵەتییەکان ـ پوولێکیشیان داینێ ـ نەخۆشخانەکەش خۆڕایی بوو..."

بابم گوتی:"راستە!"

هەموومان بەپێکەنینەوە, لای خوارەوەی فەرمانەکە ئیمزا دەکەین وقامکی پێوە دەنێین... تەنانەت منداڵەکانیش و"فەرمانبەرانی جێبەجێ کردن" دەچنە سەرگومان لێکراو. حوسێنیش دەبەن. دادەئامین را دەسپێرێ کەحەتمەن ئوتووی بێنن... دەپازدە شیشە کەبابیش بکرن...

بابم پێ دەکەنێ و سەر را دەوەشێنێ... "تازە منداڵ دەبینەوە ـ لاسای منداڵان دەکەینەوە... ئەو کارانەی بە جحێڵی دەبوو بیان کەین بە سەری پیری دەیان کەین!"

دادەئامین دەڵێ:"بابە, جاری وایە پێویستە, پیاو نابێ هەمیشەو دایم دانیشێ و خەفەتان بخوا, خۆشی وسەیرانیش بەشێکە لە ژیان, قەیدی چیە؟"

"دەزانم, کچم... بەڵام هەر کارێك بە پێی تەمەن جوانە... ئەم جۆرە کارانە زۆر جحێڵانەن ـ لەمەمانان گوزەراون!"

"نا, بابە, هیچ نەگوزەراون ـ ژیان لە هەرکوێوە بیگری ژیانە... فکر بکەوە ئەگەر خوانەکردە لەمەسەلەی باش چاوەش دا شتێکت لێ هاتبا, ژیان تەواو ببوو. ئێستا کە خوا نەی کردوەو تەواو نەبووە, دەبێ لەهەر لەحزەیەکی بەهرە وەربگری..."

"دەزانم کچم, بەم ئۆینانەی مێردەکەت پێ دەکەنم..." روو دەکاتە هراند:"کەوایە حەتمەن دوکتۆری دێنی؟"

هراند دەڵێ:"بەڵێ, ئاغا حەتمەن..."

"زۆر باشە... پاشان لەبیرتان نەچێ, کەوچك و چەنگاڵمان لە ماڵێ هەن, ئەوانیش بێنن ـ هەتا ئێوە دێنەوە ئێمەش خۆمان ساز دەکەین... رەشید, ئەتۆ هەر ئەمڕۆ ئەو دوو رەشماڵەی لەماڵێن بنێرە لەبن دارەکان هەڵیان دەن... جێیەکەی دەزانی... بڵێ ئەو دوو سەکۆیەش خاوێن بکەنەوە ـ بنێرە ئەسپەکانیش لە رەوەی بگرنەوە... بڵێ ئەسپی زۆر ئارام بێننەوە, ژنیان سوار دەبن, کارێکمان نەدەنە دەست... فاتم ئیدی دەبێ چ بکەین... ئەتۆ باشتر دەزانی..."

"ئێوە کارتان پێ نەبێ, ئاغا ـ رەشید ئەوکارانە جێبەجێ دەکا..."

"زۆر باشە."

دایکم بە دادەئامین دەڵێ:"ئامین, مێردەکەت زۆر پیاوێکی خۆش ئەخلاق و سەرودڵ زیندوویە. ئەم جۆرە پیاوانە قەت پیر نابن..."

"دایە, لەو وەختەوە لاقی وای لێ هاتوە کەمێك بەدئەخلاق بووە... بەڵام هەروەك فەرمووت دڵی هێشتا زیندوویە ـ هەمیشە دەیەوێ لەگەڵ رەفیقەکانی بێ... بەڵام تۆزێك بەدئەخلاق بووە..."

"نا, رۆڵە, فەقیرە کوێی بەدئەخلاقە... بەدئەخلاقت نەدیون!"

بابم پێدەکەنێ, کاك رەشید زەردەی دێتێ.

دایکم دەڵێ:"وایە, نەی دیوە ـ لەکوێی ببینێ بەستەزمانە!"

بابم دەڵێ:"لەکوێ؟ هەر لێرە... ئەمن لەخزمەتتان دام!"

دایکم دەڵێ:"هم!" یانی دڵی پڕە... بەڵام فایدەی چی, هەر باشترە لەدڵی خۆیدا رایگرێ!

دادەئامین قسە دێنێتە نێوقسان, دەڵێ:"دایە, زۆرم پێ خۆشە ئەو هەنارستانە ببینم لێرەوە دوورە؟"

کاك رەشید دەڵێ:"ئێمە لێرە هەنارستانمان نیە... لەکێوی رەنگە یەك دوو دارێك هەبن, بەلاّم باغە هەنارێکی وامان نیە"

دایکیشم هەر دووپاتی دەکاتەوە.

"ئەدی ئەو هەنارە باشانە... بۆخۆت گوتت دایە... گوتت رەعیەتەکان چوون بۆ بابەیان هێناون!"

دایکم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"کامە... ئا... ئەوەی ئاخری پاییزێ بوو...!" لێرەدایە کە دادەئامین تازە تێ دەگا مەسەلە چ بووەو سوور هەڵ دەگەرێ.

دادەئامین زۆر مەشغوولە. ئاوی گەرم کردوە دەیەوێ منداڵەکان بشوا. هێشتا بەچاکی نەگەیشتۆتەجێ رێوی ومنداڵەکانی کاك رەشیدی رووت کردۆتەوە, وجلکی هەمووانی شوتوەو چاوەڕوانە ئوتووی بۆ بێ. بابم راست دەکا, هێندێك ژن جۆرێکن هەر چاویان دیار بێ ماڵ رێك وپێك دەبێ. شوێنی دەست وکاریان لەسەر هەموو شتێکی ماڵێ دیارە "رووت سپی بێ, کچێ! ژن وکچی باش نیعمەتێکە!..." سەیر ئەوەیە دایکیشم بۆی لە مل دەدا:"ئەرێ وەڵلاّ, ماڵەکە لەپڕ ئاوەژوو بوو... باشە ئیدی, ئەمەش بە خوادانە ـ خۆ خوا نای دا بە هەمووکەس !"

بابم دەڵێ:"نا, فاتم, منداڵ دەبێ لەماڵێ بابی فێر بێ ـ چ کچ چ کوڕ. وەختێك لە ماڵێ دیتی و کردی, ئیدی خووی پێ دەگرێ. ئێمە داب وشوێنێکی خراپمان هەیە. لێرە کچانی وەك بنەماڵەی مەمانان هیچ کارێك ناکەن. کارەکان بەکلّفەت و نۆکەران دەسپێرن. کلّفەت کێیە؟ یەکێکە وەك دایەخەرامان ـ یەکی وەك پوورە حەلیمە. ئەمانە لە ماڵێ بابیان چ فێر بوون کەبێن لە ماڵێ تۆ دا نیشانی بدەن... ئەوجۆرە شتانە منداڵ لە ماڵێ بابی فێر دەبێ..."

دایکم دەڵێ:"دەزانم ـ هەر ئەوچەند مانگە کە ئامین لێرە بوو شیلان ومەنیج زۆریان فەرق کردبوو ـ ئەم دواییەیانە بۆخۆیان کراسەکانی خۆیان ئوتوو دەکرد, ئیستیکان و ژێرپیاڵەکانیان پاش شوتن بە دەسەسڕە وشك دەکردەوە..."

بابم دەڵێ:"دەباشە, ئەسڵی کار ماڵەباوانە... بۆخۆت دایکی دەزانی... هەربۆیەشە وەختیك دەیانەوێ ژنێ بۆ کوڕیان بێنن, لەپێش دا لەدایکیکچە دەپرسن ـ دایکی بووکێ... دایکی کێیە ـ لەراستی دا خوازبێنی لەدایکی دەکەن, چونکە منداڵ شیری دایکی دەخواو لەبن دەستی وی‌دا گەورە دەبێ... دیارە ئیدی, ژیانی مە و هی وان فەرق

دەکا... لەوێ بۆخۆت ماڵێ پینەچییەکی ئازەربایجانیت دی... لەمنداڵییەوە فێریان دەکەن..."

دادەئامین بە ئانیشکی کەفاوییەوە پەیدا دەبێ:"بابە, کراسەکەت دانێ بۆت بشۆم... کاك ڕەشید, ئەتۆش دای نێ... ئێستا کە دەشۆم با هەمووان بشۆم... دایە, ئەتۆ هیچت نیە... مەلافەکان هەر ئەم دووانەن؟"

بابم دەڵێ:"دوکتۆر عادەتەن نوێنی خۆی دێنێ, بەڵام هەر بۆ تێبینی بنێرە ماڵی حەمەفەرەج ئەگەر هومایلیان هەبوو چەند میترێك بکڕە... هەرچەند پێویست بوو... زیادیش بێ زەرەری نیە. دەرزییە فەڕەنگییشی هەن."

دایکم دەڵێ:"منداڵەکانت شوت؟"

"لەمێژە..." پێدەکەنێ "کوڕەکەی کاك ڕەشید نەیدەهێشت... وام گوێچکە ڕاکێشا کەیفی پێ بکا ـ گزگل خان لاسای پیاوانی دەکردەوە." دووبارە پێ دەکەنێ:"ئوتووەکەش دێنن. ئەگەر ئەمن ئەو پیاوەی بناسم هەر ئەمشەو دوکتۆر وخێزانی بەراکێش ڕاکێش دەگەیەنێتە ئێرە. دایە, باش نیە, غەریبەن, ماڵەکە دەبێ خاوێن بێ..."

ئەوشەوە هەتا نیوە شەوێ خەریك دەبێ. لیباس, سفرە, سەرەقۆری... هیچ شتێك پاش خۆی نادا, هەمووی دەشوا. شووشە پەنجەرەکانیش خاوێن دەکاتەوە... کە ئوتووەکەش دەگاتێ هەتا سەعات یەك و دووی دوانیوەشەو خەریکی ئوتوو لێدانە.

ΠΠΠ

پێش بینییەکەی دادەئامین ڕاست دەرچووە... شێومان خواردوە, ڕێوی نووستوە, بابم خەریکە وردەوردە خۆی بۆ خەوتن ئامادە دەکا. نیوەشەوە, بگرە لەنیوەشەوێش لای داوە, کە دەنگ و هەرا لەحەوشەی پەیدا دەبێ و تاوێك دواتر دەنگی قاقای پێکەنینی دوکتۆر لەسەر پلیکانان دەنگ دەداتەوە...

بابم خۆی خڕ دەکاتەوە, و لێوبەپێکەنین دەڵێ:"هەی غەزەبت لێ گیرێ پیاوە! ئەم هراندە چۆن ڕۆیشتوە وا زوو هاتۆتەوە!... ئامین, لەفکری نانێدا بە, ڕۆڵە...!" بە پێشوازی دوکتۆرەوە دەچێ:"ماشەڵڵا, چاومان ڕوون. هاسمیك خانم... زۆر لوتفت کرد, دەبووری, دەزانم ماندووی ـ یاخوا بەخێر بێی!"

دایکم و دادەئامین لەگەڵ هاسمیك خانم یەکتر ماچ دەکەن. دایکم دەڵێ:"سەروماڵ پێشکەش... بەخێر بێی... بەخوا زوو زانیبام دەبوو گاوگەردوون بکەم... زۆر بەخێر هاتی!..."

مام هۆسپ دەڵێ:"دایەخانم, ئەمانە قسەن... زگمان دەقاڕوقووڕ کەوتوە. قسەیخۆش ناخورێ, برسیمانە."

دایکم دەڵێ:"ئەی بەسەر چاو!"

دەنگی قیڕوهۆڕی مریشکان حەوشەی پڕ کردوە, ژوورەکەش پڕ بووە لەدەنگ وهەرا. مام هۆسپ دەڵێ:"ئاخخ!"

بابم دەڵێ:"ئەمنیش ئاخخ! چا بوو هەرنەبێ جارێکم گوێ لێ بوو بڵێی ماندووم!..."

"ماندوو...! دڵی خۆت خۆش مەکە, خەراپ حاڵی بووی! راستیەکەت دەوێ بوومە رێوی. کەگوێم لەدەنگی قیڕوهۆڕی مریشکان دەبێ, جۆرێکم لێ دێ وەك ژاندرمەکان. ئەم "ئاخخ"ە کەگوتم هی ئەوەیە قوربان, ئێستا با کەبابی مریشکێ بخۆین توزێك بێینەوە سەرەخۆ..."

بابم دەڵێ:"ئامین!"

"بەڵێ, بابە..."

"رۆڵە, سووریان مەکەنەوە, بیان برژێنن..."

"بەچاوان, بابە...!"

هەموو پێکەوە قسان دەکەن, هەموو پێکەوە پێ دەکەنن... کەس گوێی لە قسەی کەس نیە. پێکەنینی دوکتۆر ژوورەکەی پڕ کردوە. ئەو بەهەرمەنی قسە دەکاو ئەم بە کوردی...

بابم دەڵێ:"ئێرە بۆتە کۆمەڵەی نەتەوەکان. کەس گوێی لەقسەی کەس نیە!"

چارەکە سەعاتێك پێ دەچێ. بۆ میوانی درەنگ وەخت پێش بینییان کردوە, لە کانیەڕا ئاو و دۆیان هێناوەتەوە.

بابم دەڵێ:"دوکتۆر, خەلیفە چۆنە؟"

دوکتۆر دەڵێ:"خەلیفە؟ چۆن بێ باشە؟... زۆر چاکە, ملی بە نۆ بیوران نابڕێتەوە... هیچ کاری نیە ئەوە نەبێ بەناوی متفەڕك کردنەوە دەست بە سەروگوێی خەڵکی دا بێنێ...!" و قاقا پێ دەکەنێ.

مادام هاسمیك دەڵێ:"ئارتووش, ئێس ئینچ خوسکا وور ئاسوومن!..* ئەم پیاوە تازە منداڵ بۆتەوە!"

دادەئامین دەڵێ:"جارێ راوەستە دووسێ رۆژێك لەگەڵ ئەم "ئاغا"یەی مە بەرێدا بڕوا ئەوەدەم دەی بینیەوە!" وشەی "ئاغا" لە بنیگەرووییەوە دەڵێ, بە تۆزێك رقەوە."ئەوەدەم دەبینی بەرۆژی رووناك بە رووت وقووتی لەنێو دێ دا سواری ولاغ دەبێ!"

بابم دەڵێ:"هۆسپ؟ بە رێکەوت ئەمن حەزم لەوگاڵتانەیەتی ـ هەرچی هەیە ئەمەیە, ئەهلی فێڵ و تەڵەکە نیە."

دادەئامین دەڵێ:"بابە, توخوا شتی وا مەڵێ. ئەتۆ وا بڵێی ئیدی باشاری ناکرێ! حەوتووی رابردوو چووبووینە وەنەك. دێیەکی هەرمەنییانە لەنیزیك تاران... ئاغا کەرێکی بێکورتانی دەست کەوتبوو, بۆخۆشی رووت وقووت, لە پێش چاوی ئەو هەموو ژن ومنداڵە, بەرۆژی رووناك کەرسواریی دەکرد...!"

بابم دەڵێ:"ئەمە قەیدی نیە ـ چونکە هەردووکیان رووت بوون!" هەموو پێ دەکەنن.

مام هۆسپ دەڵێ:"کارێکی بێشەرعیم نەکردوە ـ خوا کەری بۆ سواربوون دروست کردوە... ئێوە خانەکان رەعیەت سواری دەکەن, باشە, باشە رەعیەت زۆر خۆش لیباسە, یان خانمەکان کە سواری مێردەکانیان دەبن؟ پاشان ویستم منداڵەکە فێر کەم... چاك بوو باست کرد, لێرە ولاغ زۆرە..."

دادەئامین تەماشای دەکاو پیش دەخواتەوە.

بابم دەڵێ:"خانمی دوکتۆر, ئێرە وەك ماڵی بابت تەماشا کە. چۆن ئاسوودەی وا بکە. لەمانە گەرێ, شێتن, لێیان گەرێ شێتیی خۆیان بکەن!"

مام هۆسپ دەڵێ:"وەڵلا زرنگن. دابێکی باشتان داهێناوە اشهدبالله. لەجیاتی نان پێدان میوانی ئامۆژگاری دەکەن. فکری چاکە وەڵلا!"

بابم دەڵێ:"زۆر بە پەلەی, زۆرت برسیە, هەستە بۆخۆت بچۆ باوەشێن بکە... خۆ دەستیان نەبڕیوی, زمانیش ماشەڵلا سێگەز... ئەم پیاوە بە چوار مانگی لە دایك بووە, چوون و هاتنەوەی ئەوە, و ئەمەش پرتەو بۆڵەکەی!"

"بەڵێ, راستە! بۆخۆت بە دوای میوانانت دا ناردوە ـ ئەگینا ئەمن ژانەسەرم نەبوو هێشتا نەگەیشتبوومەجێ وەرێ کەوم ـ ئەمن چووزانم ئەتۆ بە رەمز قسەم لەگەڵ دەکەی ـ خۆ ئەمن کوێخا نیم کە لەپێش چاوی ژاندرمە پێم بڵێی کاڵەکی بۆ ئاغا بێنەو بچم

---

* ئارتووش, ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی!

خەیارچەنبەری بۆ بێنم...! گوتت بچۆو چووم...! خەراپم کرد زوو هاتمەوە! دەتەویست نەیەمەوە؟ خەیاڵت تەخت بێئاغا, نەهاتنەوە لەکاری من دا نیە..."

"بە ڕێکەوت ئەمنیش هەروام بەخێزانت گوت. بچیەکوێ لێرە باشتر... کە لاق لەسەر لاقی دانێی و شێوو نیوەڕۆی مفت بخۆی و قسەی زل زل بکەی... لەوێ ئەوەندەت بێچووەگورگ کوشتوەو لەوێ نازانم چەند ـ لەحاڵێك دا رەنگە بەهەموو عومری خۆت کەروێشکێکت نەکوشتبێ! ئێمە خەڵکێکی ساویلکەین ـ بڵێ و باوەڕت پێ دەکەین. بەڕاست چۆنە بڵێی چووی کەماڵ پاشا بکوژی, لەماڵ نەبووە... یان دایکی خۆی هاویشتۆتە سەر دەست ولاقانت! ئاخر ئەتۆ بە قسە زۆریش جوامێری!"

"ئەتۆش راست دەکەی. ئەگەر ئەمن ماڵ وژیانی خۆم وەلا نەدەناو بە هاواری هاونیشتمانەکانتانەوە نەدەچووم, ئەتۆش ئەو فەرمایشتانەت نەدەفەرموو... لەتینووان خنکاین... نەمردین ماڵە ئاغای کوردیشمان دی!"

سفرە رادەخەن و نان دادەنێن.

بابم دەڵێ:"باشە ئیدی, دڵت دامرکا؟ ئێستا دانیشە تلێتەکەت بخۆ!"

دوکتۆر یادی چەنگاڵەکەی دەکاتەوە:"حەیف! بەویان دەگوت چەنگاڵ ـ هێندیان پەلەکرد لەبیرم چوو. ئەو چەنگاڵە ورەی دەدا بە بنیادەم ـ رانەمریشکێکت هەڵ دەگرت پێت وابوو دەنکەکشمیشێکت هەڵ گرتوە... چەنگاڵ بەوە دەڵێن..." و قاقا پێدەکەنێ.

جێی دوکتۆر وخێزانی دوکتۆریان لەبەر هەیوانێ راخستوە ـ بۆخۆیان نوێنیان هێناون. دادەئامین ومام هۆسپ لە ژوورەکەی دادەئامین دەخەون. وکاك هراند و بابم وئەمن لە سەربانی دەخەوین. پێش نوستن بابم کاك رەشیدی را دەسپێرێ‌کە بەیانی زوو بێ هەڵلاوهەنگامە بارگەو بنەکە بنێرێ ... هەر بەیانییش ئەسپەکان ئامادە بن, بە رەسووڵیش دەڵێ لەبیری نەچێ هەموو رۆژێ بەوەخت نان وچای بۆ شاگردەکەی هراند بنێرێ...

KKK

# ٢٧

بەهار هێشتا گەڵێیەکەی بەجێ نەهێشتوە ـ جوانیی گەڵێیەکە سەرسوڕهێنەرە ـ لە هەردوو بەری ڕێگا داران سەریان بە بنانگوێی یەکترەوە ناوەو بەحەوسەلەوە گوێیان بۆ قسەی یەکتر ڕاگرتوە, و هەر تاوە ناتاوێك زۆر ئارام بە نیشانەی سەلماندن سەر ڕادەوەشێنن. لێرە دارێك سەرولەشی هێناوەتە پێش, دوو هەنگاو ئەولاتر یەك دوو دار کشاونەوە دواوە تا ڕێگا بۆ ڕێبوارێك کە لەمەوە دیار نیە, بکەنەوە... ئەوانی دیکە لەنەکاو چوونە پال یەکەوە... هەموویان کشاونەوە تا ڕێگاکە نەگیرێ. هەموو جێیەك دەنگی سرتەو چپەی لێ دێتە بەرگوێ" بەمەودای کەم کەم هەوا بەئاشکرا فەرق دەکا: لێرە نەرمە, دە هەنگاو دەڕۆی لەپڕ فێنك دەبێ. دەچیە پێشتر تاڤگەیەکی چکۆلەیە کە هێشتا دەنگی سازگار نەبووە, و دووبارە دەچیە پێش تاڤگەیەکی دیکەیە. هەتا دەنگی ئەمەیان ون دەبێ دەنگی ئەوی دیکەیان لەهەوا دێتە بەر گوێ ـ وەك ئێشك گران ڕێبوارەکان تەحویلی یەکتر دەدەن. لێرە گابەردێك چارشێوە تاریکەکەی دەخۆیەوە پێچاوە, و دارەکانی لەخۆی کۆکردوونەوەو وەك دایکەگەورە چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە, لەوێ گابەردیکی دیکە دەڵێی دایەگەورەیەکی قەڵەوە کە هەتا قەراخ ڕێگا وەدوای نەوە بزۆزەکانی کەوتوە, بەلام لەبەر قورسایی خۆی نەیتوانیوە لە ڕێگا بپەڕێتەوە.

"هوو, هوو, هوو" ئەمە باڵندەیەکی باڵ گەورەیە کە باڵەکانی وەك پانکەیەکی میچی کە لەبەر کۆنی شەق ولەق بووبێ بەزەحمەت هەوای بەم لاولادا دەبا... چەند هەنگاو پێشتر دەڕوا "وڕڕڕڕ!" باڵندەیەکی وردیلەیە کە خەبەری هاتنی هۆردوو بلاو دەکاتەوە... دارکوتکە بە دەندووکی لە دەزگاکەی دەداو بە"مۆرس" خەبەری گەیشتنی هۆردوو بەڕێ دەکا... و لەدوورەوە گوێگرێك دەڵێ:"کووکوو, کووکوو!"...

هەتاو هەڵ کشیوە, قۆرت وپێچی ڕێگاکە زیاتر بوون, ڕێیەکی بەردەلانە, هەورازە. بابم دەڵێ:"وشیار بن ـ دەستەجلەوەکان ماوێنە سەر ملی ئەسپەکان نەوەکا سەرسم بدەن!" بە کاك ڕەشیدی گوتوە لەخانمی دوکتۆری نیزیك بێ و لێی وریا بێ...

هەوا فێنك بووە... لەدوورەوە دووکەڵێکی تەنك دێتە بەرچاو, لەگەڵ ئەو تنۆکە ئاوانە کەلەهەوادا مەلە دەکەن. بەملیۆن تنۆکە ئاوی بریقەدارو رەنگاورەنگ. هەتا زیاتر دەڕۆین و هەتاو پتر هەڵ دەکشێ هەوا فێنك تر ودووکەڵ خەستتر دەبێ ـ بەرە بەرە تنۆکە ئاوەکان لەسەر نێوچاوانمان هەست پێ دەکەین...

ئەمە "دووکەڵە"یە... ئەمن تا ئەو دەم نەم دیبوو... ناکرێ راستەوخۆ لێی نیزیك ببیەوە... دەبێ دەوری بدەینەوە. کاك رەشید هەی لە ئەسپەکەی دەکاو لە پێشەوە دەڕوا... بابم دێتە نیزیك خێزانی دوکتۆر... رەشماڵەکانیان هەڵ داوە... لەپشت سەکۆیەکان... دوو سەکۆ, یان بەقەولی بابم دوو سەففە کەحەوت هەشت میتر لێك دوورن... و لە پشتەوەشی, داربەڕوو وگوێزو هەرمێ وکێویلەی پڕ لك وپۆپ و پڕگەڵا... لەنێو تنۆکە ئاوەکانەوە کێوەکەی ئەوبەر وەك تابلۆیەکی زیندوو دێتە بەرچاو, پڕ لە لەرزین و بزوین. دەڵێی پەردەیەکی تۆڕە کە بە شنەی با دەشەکێتەوە...

دوکتۆر واقی وڕماوە... سەدان کۆلکەزێڕینە لەنێو تنۆکە ئاوەکان دا دروست بوون... دەڵێ:"هاسمیك, پیاو سەری دەگێژەوە دێ لەو هەموو جوانییە!" وەلامێك وەر ناگرێتەوە, ئاوڕ دەداتەوە... بابم لەپەنا خۆی دەبینێ ـ مادام هاسمیك لەگەڵ دادەئامین لە چادری ژنانە, خەریکن خۆیان دەگۆڕن... دوکتۆر دەڵێ:"ئاغا, جێیەکی لەرادەبەدەر جوانە... ئەدی بۆ زووتر باست نەکرد! خەڵك لە چواردەوری دنیاوە وەڕێ دەکەون دەچنە سویس... بەخودا ئێرە هەزار جار لەوێ جوانترە... ئەمن بۆخۆم دیومە, سویس حەدی چیە... زۆر جوانە!..."

مام هۆسپ هەر دەگاتە جێ و خۆی رووت دەکاتەوەو خەریکە "رێوی"یش رووت دەکاتەوە.

بابم بانگ دەکا:"هۆسپ, بۆخۆت هەر ناماقوڵییەك دەکەی بیکە... بەڵام ئاوەکە ساردە, منداڵەکە نەخۆش دەبێ..."

مام هۆسپ دەڵێ:"ئاپۆ, لە ئێستاوە دەبێ فێر بێ!"

"پیاوی باش, ئەو نایەوێ وەك تۆ ببێتە چەتە... قسە ببیسە ـ نەخۆش دەبێ! بۆخۆت بەدەرەك, بەڵام منداڵەکە نەخۆش دەبێ!" و بانگ دەکا:"ئامین!"

"بەڵێ, بابە!"

"مەیەڵە ئەم منداڵە بەرێتە نێو ئەو ئاوە ـ نەخۆش دەبێ... ئەم پیاوە تێناگا..."

"دادەئامین بە غاردان دێ, منداڵەکە دەرفێنێ و دەی با ـ هێندێ شتیش دەڵێ کە ئەمن حاڵی نابم. بابم دەڵێ, "باشە, جا ئێستا بۆخۆت هەر ناماقووڵییەك دەکەی بیکە...

بەلاّم ئەگەر لەمن دەپرسی ماوەیەك راوەستە ئارەقت لێ بسڕێتەوە... ئەمە بەفراوە گاڵتەی پێ ناکرێ!"

تابلۆیەکی سەیرە، زەینی پڕ کردوە ـ پیاو قسەیەکی نیە لە بەرامبەر ئەو هەموو قسەیەی سروشت دا بیکا، هەر دەبێ دانیشێ تەماشا بکاو دووبارە تەماشا بکاو بێدەنگ بێ. لەوجۆرە وەختانەدا پیاو نازانێ هەست بەچی دەکا... هەست دەکا هیچی کەم نیە، و لە"مەرکەز" نیزیکە... کام مەرکەز؟ نازانێ، بەلاّم دەزانێ هەر ئەوەکە نازانێ مەرکەزەو ئێستاش کە لەم مەرکەزە نیزیك بۆتەوە دەبێ کارێك بکا... بەلاّم نازانێ چ کارێك! هەست دەکەی خۆتت ـ کە لەمێژ بوو لێت ون ببوو ـ دیوەتەوەو گەیشتوویەوەو خۆت و خۆتیو خۆت... و کەمایەسیت نیە.

دەنگی ئاوهەڵدێر دۆڵ و گەڵێو چیاو هەموو جێیەکی پڕ کردوە. هیچ بۆشاییەکی لە زەین دا نەهێشتوە... و وەك هەموو دەنگێکی سروشت نەك هەر جارِز ناکا، بەلکوو ئارامییش دێنێ. پیاو وا هەست دەکا "تویژ"ی ئازاری هەزاران ساڵەی هاویشتوەو لەشی سووك بووە... سەرم دەگێژەوە دەچێ...

ئەسپەکانیان لەبن داران بەستوونەوە، بابم دەڵێ:"رێوی هۆوە چیە؟"

رێوی دەڵێ:"هاپوو!"

"هاپوو... ئەمە کوێی هاپوویە، سەگباب! ئەمە ئەسپە... ئەسپ ـ بڵێ ئەسپ!"

رێوی دەڵێ:"ئەپث" سینەکەی بە پسکی وشین دەر دەبرێ. بابم دەڵێ:"ئەی بارەقەڵلا... ئەپث..."

کاك رەشید وحوسێن تفەنگیان لەگەڵ خۆیان هێناون... چەك، بوونی خەراپ نیە... هەرچەند، چەك پێبوون وەبیر پیاوی دێنێتەوە لەکوێیەو لەچ وەزعێك دایە، و چ پێشهاتێکی لەوانەیە بۆ بێتە پێش. دانیشتووین، چایان هێناوە کە بابم ئاورِ دەداتەوە، و بە رێوی دەڵێ:"رێوی، رێوی، رێوی!" و بە قامك ئاماژە دەکا.

شینە رێوییەکە، کلك ئەستوور کە بێترس نیزیك بۆتەوە. مام هۆسپ پڕ دەداتە تفەنگی کاك رەشید، ژنەکان خۆیان خڕ دەکەنەوە... بابم دەست لە سەر لوولەی تفەنگەکە دادەنێ و دەڵێ:"نا، هۆسپ... نا! لێرە قەدەغەیە! چاوت لێیە حەیوانەکە هاتۆتە پێشەوە، ئەوە چونکە سێچوار ساڵە قەدەغەم کردوە، هیچ کەس هەقی نیە لێرە راو بکا... ئاخر مانای نیە... حەیوانێکی وا جوان چ گوناحێکی کردوە!..."

خێزانی دوکتۆری دەڵێ:"ڕاست دەفەرمووی, ئاغا؟ چەند کاری چاکت کـردوە...! ئـەم خەڵکە جۆرێکن... حەیوانی فەقیر چییکردوە کە دەتانەوێ بیکوژن... وەڵڵا کاری چاکت کردوە, ئاغا!"

دوکتـۆر دەڵێ:"کـارێکی زۆر باشـت کـردوە ـ بریـا هـەمووان چـاویان لـە جـەنابت کردبایـە... و قانوونێکیـان دەرکردایـە... ئەمانـە زینـەتی سروشـتن... حـەیف نیـە باڵندەیەکی وا جوان بکوژی!"

بابم دەڵێ:"بەڵێ, سێچوار ساڵێکە قەدەغەم کردوە, هـەم ڕاوم قەدەغـە کـردوە, هـەم داربڕین... تەنیا هەقی ئەوەیان هەیـە سـەرتووڵەکەیان لـێ بـدەن بۆخـۆراکی زسـتانی ئاژەڵەکانیان... خوویەکی سەیریان گرتوە, ئەم خەڵکە هەرکە حەیوانێکیان دی, بەخۆیان نیە دەست دەدەنە بەرد یـان تفـەنگ ـ دەڵێـی دوژمنایـەتییان لەگـەڵ حـەیوانی فـەقیر هەیە... ئێستا لەبەر دەنگی ئاوهەڵدێرەکە گوێمان لـێ نیە, ئەگینا لێرەوار پڕە لەدەنگی پەلەوەر ـ بەتایبەتی بەیانان... لەو خوارە کانییەکی ئاوی گەرمیشمان هەیە, کە دەڵێن ئاوەکەی بۆ لاق ئێشە و ئەو جۆرە شتانە باشە..."

دوکتۆر دەڵێ:"وەڵڵا هەموو شتێك لێرە هەیە: ئـاوی زۆرە, دارەکـانی جـوانن... ئـەم هەموو کۆلکەزێڕینەیە ـ بەخەونیش نەم دەدی... چـلەی هاوینێیـە, بـەڵام ڕەنگـی داران دەڵێی پیرۆزەیە ـ هەر وا بزانە هەوەڵی بەهارێیە. ئـەمن هـەر ئەوەنـدە دەتـوانم بڵـێم کـە شتێکی نائاسایییە..."

بابم دەڵێ:"دوکتۆر, لەگەڵ خانم بچنە سـەر ئـاوە گەرمەکـە... ڕەشـید, ئـەتۆش لـە دەرفەتێك دا دایکت و ئامینێ بەرە ـ دەڵێن بۆ لاقئێشە سوودی هەیە... سمۆران دەبینـی چەند بەئاسانی دێن و دەچن... ئەگەر یەك دوو ڕۆژان کارت پێیان نەبێ دێنـە پێشـێ... کلۆ قەندت لەدەست وەر دەگرن... زۆر زوو ڕام دەبن. ڕێوی... وەرە... ئەم کلۆ قەندە بەرە بۆ پشی! دەی بینی, پشی!... ئێستا... شتێك کەحەتمەن سـەرنجت ڕادەکێشـێ... بـەری بەیانی, پێش تاوهەڵات لەسەر ئەولووتکە ڕەشەوە کە دەی بینن... ئاگری و هەرمەنستان بە جوانی دیارن... هۆسپ ئـەتۆ دەتـوانی وەسـەر کـەوی بـۆ وێ...؟ بەشـێکی ڕێیەکـە دەتوانی بە سواری بچی..."

"بۆ ناتوانم؟ ـ سبەینێ لەگەڵ دوکتۆر دەچین."

خێزانی دوکتۆر و دادەئامینیش دەڵێن دەچین" جارێ لەگەڵ کاك ڕەشـید و دادەئامینـێ دەچن کانیی ئاوە گەرمەکە بدۆزنەوە.

هەمووان هاواریان لـێبڵند بووە, هەمووان برسییانە. مەڕەکەیان کوشتۆتەوەو کەوڵیان کردوەو بە دارێوە هەڵیان واسیوە. ئاگر کراوەتـەوە. دادەئـامین شیشـەکانی لەسـەر سـینی داناون ـ چاوەڕوانین ئاورەکە دامرێ.

مام هۆسپ بە پەلەیە:"ئارمێن, ئەم نیوڕۆژە بوو بە چی...!"

دادەئامین بە پێکەنینەوە دەڵێ:"هەی نەوست دە بەری پێت کەوێ, نەوسن!"

بابم دەڵێ:"ها, چیت گوت!"

دادەئامین پێ دەکەنێ:"بابە, ئەو پیاوە حیسانی شێت دەکا!"

دوکتۆر دەڵێ:"ئارمێن, بەرەبەرە ئەمنیش دەنگم دەر دێ... نەوسی منیش دەبەری پێم بکەوێ!؟ ئاخر ئێرە هەمووی ئوکسیژنی ساغە, پیاو زوو برسی دەبێ..." لێکدا لێکـداش پەلامار دەباتە سەر ماست و ڕۆنەکەرەو هەنگوینەکە...

هەر کەبابە دەی بەین و هەڵیداوێن و دەی خۆن.

بابم دەڵێ:"هادوکتۆر, چۆنە ـ ئێستاش کەبابی نەخۆم؟"

دوکتۆر هەر بەدەم خواردنەوە دەڵێ:"بۆ ناخۆی؟... بخۆ, نۆشی گیانـت بـێ... ئـەوەی گوتوویە مەخۆ, پەرژین بێ, زۆر گەوج بووە...!" و قاقا پێدەکەنێ. "لێرە ئیـدی نـاکرێ کەبابی نەخۆی... بخۆ, نۆشی گیانت بێ... هەتا دەتـوانی بخـۆ ـ ئـەتۆ لـەجێدا دەبـوو دێیەکە لێرە دروست بکەی...!"

بابم دەڵێ:"نا, ئێرە جێی دێ نیە ـ باشە کە جێیەکەی لەبار نیە, ئەگینا خەڵك بـەدوو ڕۆژان پیسیان دەکرد... ئەوە دوورە بۆیە وا ماوە..."

"بەڵێ, وایە... دەترسم گرفتارییەکت بۆ دروست کەم..."

بابم دەڵێ:"چۆن؟"

دوکتۆر دەڵێ:"دیارە ڕاپۆرت دەدەن, ئەگەر تا ئێستاش نـەیان دابـێ... بۆیـە باشـترە بۆخۆم بیلێم ـ حەتمەن دەپرسێ ئەو دووسێ ڕۆژە لەکوێ بووی, دەبێ بـۆی بـاس بکـەم... ئەگەر بۆشی باس بکەم, کەیفی دەچێتێ بێو ئەتۆ ناچاری بانگهێشتنی بکەی وخەرجت بۆ دروست بێ. دیارە پێیدەڵێم ماشێنی بۆ ناچێ... ناپیاوە پیریشـە... بـەلام وەسـەر خـۆی نایەنێ و بەوجۆرەی کەئەو لە"عەمەلیات"ەکانی دەگێڕێتەوە هەموو ڕۆژێ دووسێ ئەسپان دەوەستێنێ, و وەك بزنەکێوی لەم شاخەوە باز دەداتە ئەوشاخە... دەترسم هەوای هاتن لـە سەری بدا..."

بابم دەڵێ:"مەسەلێکی کوردی هەیە, دەڵێ نابێ بە پێش پیاوی گەورەو بە پاش ئێستر دا تێپەڕی" بەڵام جاری وایە پیاو ناچارە... قەیدی چیە؟ بەماشێن دێتە ئەوجێگایە کە ئێوە هاتن... و ئەسپی بۆ دەنێرمە کن ماشێنەکە...

"ماشێنی وی هەتا وێ دەرناچێ... و بەخۆشیەوە چونکە ئەمیرلەشکریشە سواری ماشێنی باری نابێ... بەکەسری شانی دەزانێ... دەی ترسێنم..."

ئیستیکانە چایەك دەخۆینەوەو هەتا ئێوارە درەنگانێك ئیسراحەت دەکەین, ئێوارێ هەڵدەستین, جەرگ ودڵ وگورچیلەی مەڕەکە دەخۆین و بەڵاوەی لێدەکەین, هەرکەسە بۆخۆی بە تەنیا روو دەکاتە لایەك.

بابم راست دەکا:"ئێواران تاڤگە سام وجوانیەکی تایبەتی پەیدا دەکا: پیاوی نوقمی خۆی دەکا. دانیشتووین, هەر کەس چۆتەوە پاڵ خۆی... نیزیکەی نیوسەعاتێکە کەس متەقی لێوەنایە. دوکتۆر دەڵێ:"ئەمن باسی خۆم دەکەم, بیر لە هیچ ناکەمەوە, بەڵام ئاسوودەم, گیانم پڕە, لە بیری هیچ شتێك و هیچ جێیەك دا نیم... هیچ کەمایەسیم نیە, دەتوانم چەندین رۆژ ئاوا دانیشم و چاو لەو تابلۆ سەیر و سەمەرەیە بکەم, قەت ئیسراحەتی وا تەواوم نەکردوە ـ ئەو هەموو هەراو هەنگامەو چۆڕەچۆڕە... و ئەم هەموو ئارامی و ئاسوودەیی دەمارە!"

ئەمە هەستی هەمووانە... ژنەکان دانیشتوون, بێدەنگ ـ مەلافەکانیان دەخۆوە پێچاوە... مانگ هەڵاتوە... لەنتەریان هێناوە...

دوکتۆر دەڵێ:"مانگەشەوەکە بەسە... جوانە... کاك رەشید, بڵێ لەنتەرەکە لابەن... حەیف نیە!"

دایکم چووە لەگەرماوەکە خۆی شوتوە... دەڵێ دەست ولاقی سووکتر بوون. خێزانی دوکتۆری دەڵێ ئەویش سبەینێ لەگەڵ دادەئامینێ دەچێ...

بابم دەڵێ:"دوکتۆر, ئەتۆش بچۆ کانیەکە ببینە ـ ئاخر ئەتۆ دوکتۆری ـ بڕۆ بزانە چۆنە...!"

مام هۆسپ دەڵێ:"باشە, دوکتۆرە ـ نەشی بینێ دەزانێ! ئەتۆ پێت وایە ئەو دەرمانانەی دەیان دا بە نەخۆشەکانی, دەناسێ؟ بە خودا نایان ناسێ. هێندێ شتیان هەروا فێر کردوون, وەك تووتی دووپاتیان دەکەنەوەو پووڵی لە خەڵکی دەستێنن ـ ئەتۆ بڵێی هەست بە لێدانی دڵ بکەن ـ حاشا! چاوێك لە سەعاتەکەی دەکا... یانیها بەخۆڕایی نیە, بە سانیە حیسابی دەکا! ـ نەختێك تەماشا پێش خۆی دەکا لەگۆترە ـ دوایە دەرەجەکە دووسێ جار رادەوەشێنێ, توند, و دە زاری نەخۆشەکەی رادەکا... تاوێك فکر دەکاتەوە ـ

ئەمجار دەریدێنێتەوە, برۆیەك هـەڵ دەتـەكێنێ, زۆر زانایانـە دەفـەرموێ "ئـم!" هـەر وا بەحاڵو باڵ بەپێكەنینەوە سەرێك دەلەقێنێ... یانیها خەریك بـوو, وەزعەكـە شـپرزە بـێ بەلام باش بوو زوو هات... هێشتا دەكـرێ چـارێكی بكـرێ! پاشـان "دوێ شـەوێ چـیت خواردوە؟" ـ "كەمێك نان وپەنیر..." ئم ـ ئەمجار لە بنی گەروویەوە... یانی دەم زانی... "سبەی شەوێ نان وماستی بخۆ!" ژنەكان لە پێكەنینێ هەموو چـاویان پـڕ بـوون لـەئاو. ئەتۆ پێت وایە ئەمانە شتێك دەزانن؟ ئەمن گرەوت لەگەڵ دەكەم, لەسەر هەرچی دەڵێی ـ دەچم پزیشكخانەكەی بەرێوە دەبەم, زۆر لەخۆی باشتر. ئـەتۆ ئەمانـە ناناسـی... ئەمانـە قۆلبڕن. دەستی چەتەو دزی وەك وەشیان لە پشتەوە بەستوە!"

ژنەكان قاقا پێ دەكەنن, بابم دەڵێ:"ئەرێ وەڵڵا ـ دەست خۆش!"

دوكتۆر دەڵێ:"لە بیرت چوو, گێژە... هێشتا فێری نەبووی, زەڕەبینـت لـەبیر چـوو ـ هەتا زەڕەبینیان بۆ دانەنێی و دڵ و ریخۆڵەیان نەبینی مریشـك وفرووجـت بـۆ نایـەنن... پاشان شەمامەكە!" و قاقا پێدەكەنێ.

بابم دەڵێ:"شانسمان هەبوو كە شەماڵە, پریشكە ئاوەكان ئەزیەتمان ناكەن..." كـەس هیچ ناڵێ" هەموو پەیتا پەیتا داوای چای دەكەن و هەمووان برسییانە. داستانی نیوەڕۆیـە دووپات دەبێتەوە... ئەوەندە شتی جوان و شیاوی تەماشـا هەیەكـە رێـوی ئاگـای لـەبابم نیە... ماندوویە, لەسەر كۆشێ دایكی دانیشتوەو چۆتە فكرو خەیاڵەوە.

هەردوو سەكۆیەكە بەرینن. دوور لە دارەكان نوێنان رادەخەن. دوكتـۆروخێزانی لەسـەر سەكۆیەك, دادەئامین و مام هۆسپ لەسەر سەكۆیەك و بابم ودایكم و هراندو كاك رەشـیدو ئەمنیش لەپشتی چادرەكان...

بەیانی زوو بە دەنگی كەوان وەخەبەر دێم. بابیشم بەخەبەرە, هێشتا خۆر دەرنەكـەوتوە, بەلام لێرەوار وەخەبەر هاتوە, پرە لە قاووقیژی باڵندە. چاوم لە دادەئامینێیـە, منـداڵ بـە باوەشەوە ـ زۆر بەسپایی نیزیك دەبێتەوە. منداڵەكەی كەخـەوتوە لەپـەنا دایكـم دادەنـێ, لێفەكەی بەسەر هەڵدەكێشێ, چپەیەك لەگەڵ دایكـم دەكـاو دەڕوا. گـوێم لـەدەنگی بـابم دەبێ:"رەشید, ئەتۆش لەگەڵیان بچۆ ـ رەنگە هۆسپ پێویستیی بـە یارمـەتی هـەبێ... پێویست نیە تفەنگی بەری..."

"بابە, دەڵێن لەوێ ورچیان دیوە..."

"بەوكەری بەیانیە هەمووجانەوەرێك دەچێتەوە هێلانەكەی... كەیفی‌خۆتـە ـ حـەز دەكەی پێت بێ بیبە." و تەنیشتاوتەنیشت دەكا.

لەگەڵ دەنگی کەوان خەوم لـێدەکەوێتەوە, تاوێك دواتر لەخەو رادەپـەڕم ـ هـەوا زۆر فێنکە...

چاوان هەڵ دەگلۆفم, بە تەکانێك لە بن لێفە دێمەدەر, شـەڵوارەکەم دەپـێ دەکـەم... وەدوایان دەکەوم.

هەموو جێیەك شینکەیە, هەموو جێیەك دارودرەخت, بۆنی جەنگەڵ, شەونم, و دەنگی قاووقیژی پەلەوەر... دەگەینە "شاخەڕەش". سەر دەکەوین ـ کاك رەشید وکاك هراند بـە نۆرە بن پیلی مـام هۆسـپ دەگـرن... و وردەوردە سـەر دەکـەوین... سـەرەنجام دەگەینـە لووتکەی شاخی...

لەدوور ـ دوور دوور, لووتکـەی ئـاگری وەك دایـە گەورەیـەك کـە خـۆی دەچارشـێوە بەپینەوپەڕۆیەکەیەوە پێچابێ, دیارە ـ لەو سەرەوە دانیشتوە, خەمگین, ناڕەحەت ـ دەڵێـی وەك دایکم لاق ئێشەی گرتـوە. دواتـر کـە لەنیزیکـەوە دیـتم تێگەیشـتم زۆر سـەیر وەك دەماوەند دەچێ, دەڵێی سێوێکن لەتت کردوون, دەڵێی دوو برای لفانـەن... کـێ دەزانـێ, لەوانەشە لەجێ دا جمك بووبن و لە ئاکامی گەڕانی رۆژگاردا لێك جیا بووبنەوە.

دادەنیشین, مام هۆسپ لەپڕ تێهەڵ دەکاتە گۆرانییەکی هەرمەنیکەزۆر لە حـەیرانی کوردی دوور نیە ـ و هەموو غەم و ئازاری میللەتەکەی دەخۆیـدا جێکردۆتـەوە. ژنـەکان دەگرین ـ نازانم لەخۆشییان یـان لەغوربـەتییان. پـاش وی دادەئـامین تێهـەڵ دەکـا... دەنگێکی شیرنی هەیە... ئەی کە, چ ئازارێك, چ رەنجێك و چ غەمێکی غەریبیایەتی لـەم دەنگەدا هەیە! هەموومان دەگریین... نازانم ئەمن بۆ...! باشە, ئێستا دەڵێم کـاك رەشـید لەوێ بووە, کوشت و کوشتاری دیوە, تۆپ باران و بۆمبارانی دیوە, مردنی هاوسەنگەرانی نیزیکی دیوە کە دەستیان بە دەرمان ودوکتۆرو تەنانەت بـە نـان و ئـاویش رانەگەیشـتوەو دنیایەك ئاواتیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە بن گڵ... بەڵام ئەمن وحوسێن بـۆ؟ نـازانم, بـەڵام دەگریم... ناتوانم بڵێم لەخوت و خۆڕایی. رەنگە بۆ دادەئامینێ بگریم کە بابی لـەداوێنی ئەو کێوەیەو ئاگای لە چارەنووسی نیە... لەوانەشە ئەم غەمە میراتێـك بێکـە لـەباب و باپیرانەوە پشت بە پشت هاتوەو گەیشتۆتە من و ئێستا سەری هەڵ داوەتەوە... نـازانم... هەر ئەوەندە دەزانم کە ئازاری خەڵکی دیکە هەست پێ دەکەم... وەك بـابم دەڵـێ بنیـادەم کیسەڵ نیە کە بە ئازاری خەڵکی دیکە ناڕەحەت نەبێ.

مام هۆسپ دەڵێ:"رەشید... لەبیرتە چەندمان لەو بەفرە خواردوە... لەو پەڵە گـەورە خاڵ خاڵە؟"

کاك ڕەشید دەڵێ:"ئەو ڕۆژە لەوێ بوو کـە کوڕەکـان تەیارەکـەی تورکانیـان پێکـا ـ لەبیرتە؟"

"ئەو ڕەزاشا نامـەردە, ئەگەر ئەو نامـەردییەی نەکردایـە... حـەیف, دەرفـەتی چـاك بوو...!" دوایە سەرێك هەڵ دەتەکێنێ‌و دەڵێ:"نارەحەت مەبە, ئەمن قەولت پێ دەدەم کە ئەمن وتۆ دیسان بە چاوی خۆمان تورکیـە دەبیـنین کـە وا تـەرس وگـووی تێکـەڵ دەبـێ بۆخۆشی نەزانێ چۆنی بخوا! بەڵام حەیفێك وسەد مخابن کە ئەودەم حاجۆیەك نیە ـ حـەیف! پیاوانی وەك حاجۆ هەر بەسەدساڵ جارێك هەڵ دەکەون... ئاخ, شکان کاوێژەکەشی هـەر بەژانە... با بڕۆین!"

هەتاو بڵند بووە, دەڕۆین ـ بەچاوی بەفرمێسکەوە وەڕێ دەکەوین... پێش هاتنـەوە بـۆ دواجار چاو لە لووتکەی ئـاگری دەکـەین... دێینـەوە, هـەمـوومـان بـەدەم یـەکترەوە پـێ دەکەنین. پێ‌دەکەنین و سەر دادەخەین,کە ئەوانی دیکە فرمێسـکەکانمان نـەبینن. خێزانـی دوکتـۆر هێشـتا زۆڕ زۆڕ دەگـری وچـاو لەچـاوی ئـەوانی دیکـە ناکـا. ئێمـەش خـۆ لـە چاولێکردنی دەپارێزین... کاك هراند دەڵێ:"ئەمن دایکم مرد ئەوەندە نەگریام... نـازانم بۆچی... بەڕاست بۆچی گریاین؟"

دوکتۆر دەڵێ:"لە هاسمیکێ بپرسە کە ئێستاش هەر هـۆن هـۆن دەگـری...!" مـادام هاسمیك بەچاوی فرمێسکاوی‌یەوە پێ دەکەنێ.

دێینەوە... تازە سەرەتای داستانە. لەو کۆلکەزێڕینانە, لەو تابلۆ ڕەنگاوڕەنگانە, لـەو هەموو جمۆجۆڵە... ئەو تنۆکە ڕەنگاوڕەنگانە جار بەجار ڕەنـگ و جێگایـان دەگـۆڕێ... قیامەتێکە...!

دادەنیشین... وەك بنیادەمی قاتی لێـدراو قـاوڵتیی دەخـۆین... پیاوەکـان پـاروو لـە دەستی یەکتر دەڕفێنن... خێزانی دوکتۆری دەڵێ:"دایەخانم, لەهەموو عـومرم دا بەقـەد ئەم شەوو ڕۆژە نەژیاوم!"

دوکتۆر دەڵێ:"هاسمیك بڵێ بەعومری خۆم ئەوەندەم نەخواردوە...!"

دایکم دەڵێ:"نۆشی گیانتان بێ... ئیشەڵڵا سەد ساڵ هەردووکتان لەسێبەری یەکتردا لەگەڵ منداڵی ساڵح وسەلیم پێکەوە بژین, هیوادارم بەکەرەمێ خوای...!"

مام هۆسپ دەڵێ:"ئاغا, لەبرسان مردین... شتێکمان بدەنێ بخـۆین... پووڵەکـەیمان لـێ‌بستێنن!"

بابم دەڵێ:"هەی ورگت دڕێ هەی...!"

دوکتۆر دەڵێ:"ئاغا, خۆت تووش کرد, ئیدی هەموو ساڵێ سەرودڵت دەگرین..."

دایکم دەڵێ:"نا, ئاغای دوکتۆر سەرودڵگرتنی چی, هەموو ساڵێ لەگەڵ هاسمیك خانم وەرن... ئەمن لەسایەی سەری جەنابتانەوە ئەمڕۆ حەلەمم لێ نیە... خۆشحاڵ دەبین بێن بەخوا..."

بابم دەڵێ:"دوکتۆر, دووڕۆژ وسێ ڕۆژ بەکەلك نایە... دەبێ بێن مانگێك, لانیکەم پازدە ڕۆژ وەمێنن. ئەگەر لێرەش وەڕەز بوون دیسان جێگای جوانی دیکەمان هەن. دەچینە "پۆلەکانی".

دوکتۆر دەڵێ:"پۆلەکانی!؟"

بابم دەڵێ:"هۆ لەولایە..." بە دەست ئاماژە بۆ لای ڕۆژهەڵات دەکا... "چیایەکە... هەردووسێ هەنگاو دەڕۆی کانییەکی لێیە... سەیر ئەوەیە کە لێرە کانییەکی جنووب بەشیماڵە, دوو هەنگاو ئەولاتر کانییەکی دیکەی شیمال بەجنووبە... ئەوانەی بەرەو جنووب دەڕۆن ئاوەکەیان زۆر سازگارو زوڵاڵە ـ مستێك دەخۆیەوە دەڵێی دەرمانت خواردوە پاش نیو سەعات برسیتە. زۆر لێرەوار نیە وەك ئێرە... نەك ئەوە کە دارودرەختی نەبێ, هەیەتی ـ بەڵام وا نا... هەوایەکەی زۆر ساغە..."

دوکتۆر دەڵێ:"ئێرە کە قیامەتە... ئاغا, ئەمە بەدبەختیی وڵاتەکەمانە, ئەگینا ئەمە خۆی سامانێکە ـ ئەگەر لەوڵاتێکی حیسابی بایە هەر ساڵەی چەندملیۆن فڕانکی دەخستە خەزێنەی وڵاتەوە!"

بابم دەڵێ:"نا, نامەوێ... هەر ئاوا باشترە... چیە ئاغا هۆسپ, تەشریفت چوویە پاڵ خۆتەوە!... دەنگت لەبەر بڕا... چووی ئاگریت دی, کەوتیەوە بیری خۆشگوزەرانییەکانی دەورانی جحێڵیت!... ئامین, ڕۆڵە, مەیەڵە بەم بەیانییە زووە ئەم منداڵە ئەوەندە هەرمێکێویلە بخوا..." گوێزو هەرمێ و ئالۆبالۆو و هەرمێ کێویلەیان لێکردوونەوەو هێناویانن.*

مام هۆسپ دەڵێ:"ئاپۆ, یادی هەموو شتێك... ئەوانەی ڕۆیشتوون, ئەوانەی ماون... ئەوانەی دوور خراونەوە, یادی بێئەخلاقیی دەوڵەتەکان وگەلانی پێگەیشتوو, داوای لێبووردن لەخانمەکان دەکەم, یادی قەحبەیی دەسەڵاتە گەورەکان... و یادی دایە مەعسوومە..."

"دایە مەعسوومە کێیە ـ نەم بیستبوو!..."

---

* ئەو میوانە هەموویان لەو فەسڵەدا پێناگەن. بەتایبەتی گوێز. بەڵام لەئەسڵەکەدا هەبوون وهەروا کرانەکوردی. ـ وەرگێڕ ـ

"ئەو پیرەژنە بێکارەیە ـ کۆمەڵەی نەتەوەکان!..."

بابم دەڵێ:"وەڵڵا راست دەکەی!... باشە ئیدی, زۆر بیر لەوشتانە مەکەوە, کورم... بەخۆڕایی مووی سەری خۆت سپی مەکە... بۆخۆشمان پیاوی پیاو و حیسابی نیین... بەداخەوە ژیان ئەمەیە!"

ئەو رۆژەش نیوەڕۆ و شێو دیسان وەك قاتیلێدراوان دەخۆین" وە سبەینێ بەیانیڕا دیسان ژنەکان و پیاوەکان دەچنە شاخەڕەش... سێ‌ڕۆژان دەمێنینەوە, بەیانیی رۆژی چوارەم هەر بەم شێوەیە کە هاتبووین دەگەڕێینەوە. دوکتۆرو خێزانی وکاك هراند هەر لەبەر دەرگا ماڵ ئاوایی دەخوازن... بەڵام بابم قبووڵ ناکا ـ هەمووان ـ جگە لەدایکم ـ بەسواری بەڕێیان دەکەین.

KKK

# ٢٨

مام هۆسپ وەك بلبل بەفەڕانسەیی قسەدەکا. هەمیشە لەگەڵ مـن بەفەڕانسەیی دەدوێ... لەپێش دا بەزەحمەتە, وشەکان باش وەر ناگرم. بەڵام وردەوردە کـەگوێم ڕادێ, وەڕێ دەکەوم. ئێستا ئیدی بەچاکی کەوتوومە سەر گەڕ. لەم مانگە دا بەقەدەر دەساڵان فێر بووم. ئێستا زۆر بەئاسانی بەڕەی خۆم لەئاو دەردێنم.

پازدەی خەرمانانە ـ لە شارین" خۆمان ساز دەکەین ـ خۆ سازکردن!؟ بەڵێ, هەم مارە برین و زەماوەندمان لە پێشە وهەم سەفەر. هەر بەڕاستی دەیانەوێ مارەیی ببڕن, هەروا بە گاڵتە خەریکم وەڕێ دەکەوم! بۆکوێ بەخێر؟ تاران!

"ئەم منداڵە لێرە دادەنێی چ بکا؟ بۆخۆت هەمیشە لێرە نی. ناتوانی لێرە بی... بۆخۆت فێری وێ بووی, دایەش فێری ئەم قەوەزە نیە, ئەو لەوەتی چاوی کراوەتەوە چیاو دەرو دەشتی دیوە... دەوروبەری پڕ بووە... لێرە تەنیایە ـ چەند لەگەڵ زاراخانم دانیشێ بە کوردی ئەحواڵی بپرسێ و بەتورکی وەڵام وەرگرێتەوە! پووڵی خەرج دەکەی, ئاسوودەییشت نیە... هیچ کامیان. هەر ئەم پووڵەی بۆ بنێرە تارانێ ـ ئێمە لەوێین, لەگەڵ مە دەژی..."

دادە ئامین دەڵێ:"ڕاست دەکا, بابە. هاوینان یان ئێمە دێینە ئێرە, یان ئێوە دێنەوێ... بەڕاست خەراپ نیە ـ دنیایەکی تازەش دەبینن... باشە دووسێ ساڵی دیکەش لێرە ما... دوایە چی؟ ئاخرەکەی هەر دەبێ بچێتە جێیەك وەدوا خوێندنەکەی بکەوێ ـ جا چ باشتر لەئێستاوە فێری شوێنی گەورەتر بێ... لەوێ هەموو جۆرە کەرەسەیەك هەیە, هەم مامۆستاکانی باشن, هەم بنیادەم دەستی بە هەموو شتێك ڕادەگا... ئێمەش تەنیا نابین ـ ئاخر بابە, ئێستا ئەمنیش وەك قەرەجان ئاوارەم ـ نە لەم بەرم نەلەوبەر" لە هیچ کوێ ئۆقرە ناگرم: لەگەڵ هەرمەنییانم دڵم بۆ کوردان لێ دەدا, لەگەڵ کوردانم دڵم بۆ هەرمەنییان دەچێ. ئاوارەم, تێماوم... وەك هۆسپ. ئەم فەقیرەش کەس نازانێ چ کارەیە. شەوێ خەون بە ئاگرییەوە دەبینێ, ڕۆژێ خەونی سووریە... ڕەنگە باوەڕ نەکەی, بابە,

شەوانە لەخەودا هەر لەگەڵ حاجۆ باس وخواسیەتی... هۆسپ زۆر تەنیایە... باوەڕ کە, جارجار بەزەییم پێی دا دێ..."

مام هۆسپ دەڵێ:"وازی لـێ بێنە ئارمێن... ئەمن لەگەڵ خۆمی دەبەم دەمەوێ بـزانم ئەمە چ دەکا! ئەو وەختە رۆیشت کە ئەو ئاغا بوو, و ئێمە دەمان گوت بـەڵێ قوربـان... ئێستا نەخەیر قوربان! "مەیبە" ـ "دەیبەم" دەمەوێ بزانم چ دەکا!"

بابم دەڵێ:"فاتم, ئەتۆ دەڵێی چی؟ ئەتۆش قسـەیەکی تێـدا بکـە... چـۆنە بێنێـرین لەسەرخێران لەوێ بخوێنێ؟ هۆسپ راسـت دەکـا. لێـرە هـەم پـووڵ خـەرج دەکـەین هـەم ئاسوودەییمان نیە... بەتەنێ بێ جۆرێك نارەحەتە, بە تەنیا نەبێ ئێمـە جـۆرێکی دیکـە نارەحەتین... وەسیلە هەیە, تەلگراف هەیە, هیچ فەرق ناکا, لێرەولـەوێ" تـەنیا فـەرقی هەیەتی ئەوەیە کە لەوێ وەسیلە پترەو فکرمان ئاسوودەترە" دەزانین ئامین وهۆسپ لـەوێن, فکرمان ئاسوودەیە... ها, دەڵێی چی؟"

دایکم دەڵێ:"وەڵڵا بڵێم چی ئاغا... تۆزێك خەراپ فێر بووە. دەترسم ئامینێ ئەزیەت کا, ئەم فەقیرەش منداڵی چووکەڵەی هەیە, تەنیا باڵە..."

دادەئامین دەڵێ:"نا دایە, ئەتۆ بیر لەتەنیاباڵیی من مەکەوە ـ هۆسپ لـەماڵێ بەقـەد سێ‌کەسان کار دەکا. پاشان یادۆ کاری چیە کە دەست وپێی من بگرێ یـان نـەگرێ. هـیچ بەدخوویی‌یەکیشم لەوماوەیەدا لە یادۆ نـەدیوە... ماشـەڵڵا زۆریـش منـداڵێکی ئـارام و بەئەدەب و رێك وپێکە. خوا بکا هەتا سەر وابێ... منداڵی خەڵکی دیکەت نەدیوە..."

دایکم دەڵێ:"بەیانان تۆزێك درەنگ لەجێی دێتەدەر... منداڵی چکۆڵەی ماڵێ بـووە, بابی کەمێك رووی داوەتێ..."

مام هۆسپ دەڵێ:"ئای, تێ‌گەیشتم دایە! ئەمە کارێکی نیە ـ مەمکە فەرەنگی‌یەکەی لەگەڵ خۆمان بۆ دەبەین... لەنێو کەل وپەلەکەی خە بۆی دەبـەین. پەرۆکانیشـی ئـامین دەیان شوا... ئـەم ژنانـەش بەراسـتی بوونـەوەرێکی سەیروسـەمەرەن. لـەهیچ بیـانوو دا دەتاشن! حەتمەن شەوانەش ماشەڵڵای لـێ بێ لەخەوێدا دەبزوێ... اللەاکبر!"

دایکم پێ دەکەنێ, دەڵێ:"ئەتۆ ئەقڵی دروست وحیسابیت نیـە, ئـەتۆ قسـان مەکـە. ئەمن لەگەڵ ئامینێ قسە دەکەم."

مام هۆسپ دەڵێ:"بەرێکەوت ئەمنیش هەر لەگـەڵ ئامینـێ قسـە دەکـەم "خـەڵکی دیکە"ش ئەگەر حەزیان کرد گوێیان لـێ بێ!"

پێ‌دەکەنین.

"ئامین, لێره دەتەوێ ئەم مندالە لەبن دەستت دانێی کە بە سلامەتی سەر لەهێلکە دەربێنێ؟ دەترسی ئەگەر بچێتە تاران, خوانەکردە, زمانم لال بۆخۆی ببێتە بنیادەم و شاخی لە شاخی خەلکی دیکە چووکتر بێ!؟"

هەموومان پێ دەکەنین. دایکم دەلێ:"ئەی خەجالەتی دنیاوقیامەتان بی, پیاوە! یەعنی ئێمە لێره بنیادەم نیین, کە تازە دەیەوێ بچێتە تاران ببێتە بنیادەم! دەك خەجالەتی دنیاو قیامەتان بی پیاوە!"

مام هۆسپ دەلێ:"ئامین, ئەدی چ ژانەسەرێکت هەیە؟ ئێستا باشە, با قسەی تۆ بێ, بنیادەمە ـ بەلام خەراپە بێتە وێ پتر ببێتە بنیادەم؟ دنیا گۆڕاوە, ئامین ـ ئێوەی پیروپاتال هی دنیای رابردوون! ئەم مندالە دەبێ لەدنیایەکی دیکە دا بژی, ئامین!..."

دایکم دەلێ:"زۆر باشە, ئێستا ئەتۆ بوویە بنیادەم, ئێمە بووینە پیروپاتال... زۆر باشە...!"

بابم دەلێ:"ئەم قسەیەی راستە, فاتم. هەرچەند ئەقلی تەواو نیە, بەلام جاروبار بەرێکەوت قسەیەکی حیسابیی لەدەم دەر دەچێ ـ ئەم قسەیەی راستە. دنیای مە رابردوە, ئەم مندالە دەبێ لەدنیای خۆیدا بژی... ئێستا با بزانین یادۆ بۆخۆی دەلێ چی..."

مام هۆسپ دەلێ:"هیچ... چیی هەیە بلێ, ئامین!" بابم پێدەکەنێ. "هیچ... بێتە تاران, تێرتێر کچ وکوڕی جوان ببینێ, پاشان شتێکیش بە دەستی وەرگرێ و بەدزییەوە بۆ دایك و بابی بنووسێ لێره شامیکەبابی دەدەن, سینەمای هەیە, تیئاتری هەیە, شاری فەرەنگی هەیە, هەستن وەرنە تاران جێیەکی خەراپ نیە... چیی هەیە بلێ, ئامین!؟"

دادەئامین پێدەکەنێ و دەلێ:"یادۆ, باشە, ئەتۆش قسەیەك بکە!"

ئەمن بلێم چی... زۆرم پێ خۆشە بچمە تاران. بەخەونیش نەم دەدی کە رۆژێك دەرفەتی وام بۆ رێکەوێ... بۆ من ئارەزوویەکە... بەلام دایکم جۆرێکم چاو لێدەکا کە زگم پێی دەسووتێ. دەلێم:"باشە... ئەوێ مامۆستاکانی باشترن ئیدی..."

مام هۆسپ دەلێ:"بەلێ, شامیکەبابیش دەدەن, ئامین!... سینەماو شاری فەرەنگیش هەیە... چاو لەو قسەیە! ئەتۆش قسەیەك بکە! قسەی چ بکا؟ کام مندالە سەفەری پێخۆش نەبێ, ئامین؟ مندال لەتەمەنێك دایە حەز دەکا چەندی بکرێ دەوروبەری خۆی ببینێ و بناسێ...!"

بڕیار دەدرێ بچم. بابم دەلێ:"باشە, ئێستا دەبێ چ بکەین جەناب؟"

مام هۆسپ دەڵێ:"کارێك نیە بیکەی, ئامین ـ کارنامەی هەیـە, لـە قوتابخانەکەشـی گەواهی‌یەك وەردەگرێ ـ دەستێکی دیکەش کـۆت و شـەڵواری دەوێ... لەگـەڵ یـەك دوو دەست کراس و ژێر شەڵوار... ئەمانە دەکرێ لە تارانیش بکڕین. پاشان بەکاڵەو پێتـاوەوە دەکەوێتەڕێ و ساڵێکی دیکە وەك بنیادەمێکی حیسابی بەکەوش ولیباسی قۆزەوە دێتـەوەو بەمن و تۆ پێ دەکەنێ! ئامین ئەمن قەولت پێ دەدەم ساڵێکی دیکە کە دێتـەوە بـەماچ و مووچی دایکی دڵی پێك دا دێ!"

دایکم خۆی تووڕە نیشان دەدا:"بەسە ئیدی, مێشکی سەرت بردین! ..."

ΠΠΠ

ڕێوشوێنی مارەبڕینی مام هۆسپ و دادەئامینە... جوانکاریان بردۆتە ماڵی دوکتـۆر دادەئامینێ بڕازێنێتەوە. قەرارە کراسی زەماوەندی مادام هاسمیکی لەبـەر بکـا" دوکتـۆرو خێزانی برازاواو خوشکی بووکێن... تەشریفاتێکی سەرنج ڕاکێشە.

لەگەڵ بابم ودایکم ومام هۆسپ چووینە کلیسا. قەرارە بابم نەخشـی بـاب یـاری بکـا. پێیان گوتوە هەر کە بووك گەیشتە جێ بابم بچێتە پێشەوە قۆڵی بگرێ و لەنیوەی ڕێگادا, پێش ئەوەی بگاتە ڕووبەڕووی خەلیفـە, تـەحویلی مـام هۆسـپی بـدا ـ لـەجیاتی بـابی دادەئامین, و پاشان لەگەڵ دایکم ـ لەجیاتی باب و دایکی دادەئامین ومام هۆسپ ـ بچـنە پێش میحراب, وکاتێك خەلیفە پرسـی:"کێ ئـەم ژنـە بـەمێرد دەدا؟" بـابم بڵێ:"ئـەمن دەی‌دەم!"

بابم بەمام هۆسپ دەڵێ:"پیاوی باش, ئـەتۆ هـەموو کارەکانـت ئـاوان... تۆسـقاڵێك ئەقڵۆ شعوورت نیە!"

مام هۆسپ دەڵێ:"بۆچی ئاغا, چیمان کردوە ـ بەئەسـپی ئاغامـان گوتـوە بـارگین!؟ دووبارە ئێمە خەتابار بووین!"

"چت کردوە؟ چما ئەتۆ نەت دەزانی ئەمن ئاغام... ئەمن ئەگـەر ببمـە هەرمـەنییش نابمە هەرمەنی‌یەکی ساکار. دەبوو کڵاوی دووفاقە وەك کڵاوی خەلیفەم بـۆ ئامـادە بکـەی لەگەڵ عەبایەکی گوڵدۆزی کراو و زنجیری باش و بەزم وبیسات. هەروا حازر نـیم وەك تـۆی سوالکەر ببمە هەرمەنی ـ کە نە دنیام هەبێ نەقیامەت...!"

مام هۆسپ دەڵێ:"بەچاوان ئاغا, بۆ جارێکی دی... ئەم جارە ببوورە ـ پێکەوە دایك و کچێك دەخوازین ـ دایکەکە بۆمن وکچەکە بۆ جەنابت..."

دایکم دەڵێ:"ئەی رووزەردی دنیاو قیامەتان بی, رۆڵە! بەخوا حەیفە بۆ ئامینێ... بە قەد کێوێك زێڕو جەواهێرات قیمەتیەتی... راست دەکەی وەڵڵا, ئـەم ژنانـە وەك بۆخـۆت دەڵێی, سەیر و سەمەرەن... ئەگینا یەکی وەك تۆ چیی هەیە کەژن ئاشقی بێ ـ ئـەویش ژنێکی وەك ئامینێ... لەکۆنەوە گوتوویانە بزنی گڕوێ لە سەرچـاوەی نـەبێ ناخواتـەوە, سێوی سوور بۆ دەستی سەقەت!..."

"دایە, ئەمن چت پێ بڵێم! ئەتۆ هێشتا دەست ولاقان لێك جیا ناکەیەوەو فەرمایشـتی حەکیمانەش دەفەرمووی. ئەمن کوا دەستم سەقەتە... ئەگەر گوتبات لاق دیسـان شـتێك بوو!..."

دایکم دەڵێ:"خەفەت مەخۆ, رۆڵە... "مقدّر" بووە... هەر چاکە شوکور سـلامەتیو سێبەرت لەسەر ژن و منداڵت ماوە. خۆ دزیو حیزیت نەکردوە کەوەك هێندێکان سەرشۆڕ بی... مقدّر بووە, خوا ویستوویە... حەتمەن مەسڵەحەت بووە..."

"بەڵێ:"ئەگەر نۆرەی مە هات دەبێتە باسی مەسـڵەحەت... ملـی "ئاغـا"ش بـەنۆ بیوران نابڕێتەوە!"

"ئەی خوا بڵێم چت لـێ بکا! زمان زمان نیە, دریشـوکەی ماریـیـە... چـاکە ئـەم زمانەت هەیە, دەنا لە برسان دەمردی... شوانی وگاوانییشیان پێ نەدەدای..."

ППП

بێدەنگی دەکەوێتە سەر کلیسا, هەموو چلچـراکانیان هـەڵ کـردوون, دەنگـی ئـۆرگ لەوپەڕی خۆی دایە. سروودخوێنەکان دەست پێ دەکەن ـ بووك گەیشتۆتە دەرکـی کلیسـا. بابم ئۆقرەی لـێهەڵ گیراوە... مام هۆسپ دەڵێ:"ئاپۆ, خەریکن دێن ـ ئێمـە هـەر لێـرە رادەوەستین, زوو نەجاتت دەدەین..." بابم دووسێ هەنگاوێك بۆ لای دەرگا دەچێ, دوکتـۆر کە بەو قەدوقەوارە, و بەو شاپۆیەو بەو ریشەکۆڕیەیەو بەو یەخە بێکراواتـەوە دەی بینـێ, لە قاقای پێکەنینێ دەدا... دادەئامین وخێزانی دوکتـۆری پێکـەنین گرتـوونی. دادەئـامین رەنگی پەڕیوە... سەیر ئەوەیە بابیشم رەنگی بزڕکاوە... رێوی بەباوەشی کاك هراندەوەیە.

بابم قۆڵی دادەئامینێ دەگرێ, نێوچاوانی ماچ دەکا, بە دابی خۆمان (چەند تاجێکی جوانە!) دووسێ هەنگاو دەڕواو دەی داتە دەستی هۆسپ, ودەڵێ:"برۆ, کەمێك ئاقڵ بە ـ عەیبە ئیدی گەورە بووی!" و هەموومان پێکەوە بەرەو میحراب وەڕێ دەکەوین...

خەلیفە هاتوە ـ تەشریفاتێکی جوان وهەر لەوکاتەدا بەسامە... خەلیفە هێندێ شت دەڵێ و سەرەنجام دەگاتە ئەو جێیە کە "کێ ئەم ژنە بەمێرد دەدا؟" و رادەوەستێ, بۆ جوابەکە. ئەمن لەبابم دوور کەوتوومەوە, بابم لە دنیای خۆیدایە, لەبیری چۆتەوە. خەلیفە چەندجار روو بە بابم چەنەگە دەبزێوێ... بەڵام بابم سامی رێوشوێنەکە گرتوویەتی... ئاخرەکەی خەلیفە بە فارسی دەڵێ:"ئاغا لەگەڵ تۆمە!" بابم دەڵێ:"بەڵێ, جەناب گوێم لێتە!" دوکتۆر وەختە لەبەر پێکەنین بتەقێ. خەلیفە تاوێك چاو لە بابم دەکا. سەرەنجام بابم وەبیری دێتەوەو دەڵێ:"عەرزم کردی ئەمن دەی دەم!" خەلیفەش پێکەنینی هاتوە. دیسان هێندێ شت دەڵێ. دوایە "شەربەتی پیرۆز" بۆ بووك وزاوایان دێنن, هەریەکەی قومێك دەخۆنەوە ـ ئەمجار ئەڵقە دەگۆڕنەوە... سروود خوێنەکان دەست دەکەنەوە بە سروود خوێندنەوەو ئۆرگ لێ دەدرێ... هەرکە مارەبڕین تەواو دەبێ دادەئامین ومام هۆسپ دەست دەستۆی بابم و دایکم دەکەن... ژنەکان هەموو دەگرین... دایکم ملوانکەیەك کە بابم وەك دیاریی زەماوەند بۆ دادەئامینێی کڕیوە, دەکاتە ملی ـ و ماوەیەك دەست دە گیرەکەی وەر دەدا... و دووبارە ماچی دەکا. دادەئامین ومام هۆسپ دەچن دەفتەرەکە ئیمزا دەکەن... و بەرەو ماڵی دوکتۆر دەکەوینەڕێ. لەوێ میوانداری لەمیوانەکان دەکەین...

پیاڵەکان بەخۆشی بووك وزاوا هەڵ دێنن. دەزانن کە بابم مەشرووبی ناخواتەوە. ئاوی میوەیان بۆ هێناوە. دوایە دیارییەکانی زەماوەند دەدەن بە بووك و زاوا... دەست دەکرێ بەقسان ـ بابم لەدوکتۆری دەپرسێ:"ئەرێ خەلیفە دەیگوت چی ـ زۆری قسە کرد...!"

دوکتۆر دەڵێ:"هەر لەوقسانەی هەمیشە, کە بەکراسی سپییەوە دەچیە ماڵێ مێردی, دەبێ بەکفنی سپییەوە بێیە دەرێ" ئیفلیج بوون, شەل بوون, کوێر بوون, شێت بوون دەبێ ئاگاتان لە یەکتر بێ ـ بەکورتی, ئەوەکە هەتا رۆژی قیامەت لەستۆی یەکتر پەستێوراون...! گوتی:"بەدبەخت, ئەتۆ کەهەڵاتبووی هاتنەوەت لە چ بووئیدی!" و قاقا پێدەکەنێ:"راستیش دەکا ئاغا. دەڵێن دووشت ئەگەر رۆیشتن ئیدی نایەنەوە ـ یەکیان

عومری رابردوویەو یەکیان باڵندەیەکە کە لە داوێ بەر بووبێ. بەڵام ئەمن پێم وایە سێ شت: ئەو مێردەش کە لەدەستی ژنەکەی دەرباز بووبێ!" و دووبارە قاقا پێدەکەنێ.

بابم گوتی:"وەڵڵا ئەمن لەجیاتی ئامینێ بام دەم گوت ئاغا ئەمن هەموو ئەمانەم کردوە ـ شێت بووە، شەلە، گێلیشە... هەموو ئەمانەم کردوە، ئەوی راست بێ ئیدی ماندوو بووم، و ئێستا لەسەر ئیزنی جەنابت لەخزمەت مەرەخەس دەبم ـ و لەکلیسا دەهاتمە دەرێ..." هەموومان پێدەکەنین.

دوکتۆر دەڵێ:"ئاغا، زۆر خۆش دەبوو ئەگەر ئەو وەختی خەلیفە گوتی:"ئاغا لەگەڵ تۆمە!" بت گوتایە "ئەمن عەرزێکم نیە" باشترین خزمەتت بە هەردووکیان دەکرد... باوەڕ کە ـ زۆر خۆش دەبوو. ئەمن خۆم بۆ پێکەنینێکی حیسابی ساز کردبوو ـ هێندەی نەمابوو بێتەقێنم!"

بابم گوتی:"لەبیرم چووبوو، هەرچەند فەقیرە دووسێجار چاو و بڕۆی لێ هەڵ تەکاندم... نەم دیبوو، چ بکەم!... ئەو مارەبڕینەی وەش وەك دادگای دیوانی شەڕ دەچێ ـ پیاو سەری لێ دەشێوێ!"

"بەڵێ، وا دیارە زۆر تامەزرۆی قسەکانی بووی کە فەرمووت گوێم لێتە جەناب! زۆر جوان بوو!" و دیسان پێکەنین.

دادەئامین گوتی:"مارەبڕینەکەمانت پێ جوان بوو، بابە؟"

"ئەدی، زۆر جوان بوو، رۆڵە، ئەمەم بۆ دوکتۆری باس دەکرد."

دوکتۆر گوتی:"بەڵام قۆناخی جێبەجێکردنی حوکمی دیوانی شەڕ جوانترە، ئاغا!" و قاقای پێکەنین.

خانمی دوکتۆری گوتی:"ئارتووش، باروون هراند لەگەڵ تۆیەتی..."

دوکتۆر گوتی:"بەڵێ، گوێم لێتانە!" و دیسان پێکەنین... پێکەنینەکەیکردو دوایە رووی کردە مام هۆسپ گوتی:"ئێستا بۆ مانگی هەنگوین دەچیەکوێ؟ وەرە بچینە دووکەڵە ـ ئاغای رۆستەمی هەڵ دەگرین و بەسپایی هەڵ دێین ـ خۆ خەلیفەش رای سپارد... ئاغا، موافیقی؟"

بابم گوتی:"حاڵی نەبووم، دوکتۆر."

"کەوایەگوێت لەمن نەبوو!" و دووبارە قاقای پێکەنین.

ئەو شەوە تادرەنگ دانیشتن، قسەیان کردو پێکەنین. پاش نیوەشەوێ بوو کە لەگەڵ بووك و زاوا ودوکتۆر وخێزانی وهراند سواری دروشکە بووین، چەرخێکمان بەنێو شاریدا

لـێدا, هەتا قەراخ چۆمی چووین, پیاسەیەکمان لە لێواری چۆمیکرد, و چووینەوە ماڵێ. دوکتۆر وخێزانیو هراند هەتا بەردەرکی ماڵێ لەگەڵمان هـاتن... رۆیشـتن... لەسـەری کۆڵانێ دروشکەکەیان راگرت...

بابم گوتی:"بچۆ بزانە رەنگە کارێکیان هەبێ...!"

دوکتۆر بانگی کرد:"ئاغا, عەرزم کردی ئەمن دەی دەم!" و لەقاقای پێکەنینێی دا.

بابم گوتی:"حاڵی نەبووم!..."

دوکتۆر بە دەنگێکی بەرز گوتی:"عەرزم کردی ئەمن دەی دەم!" و دووبارە پێکەنین.

دایکم گوتی:"رەفیقەکانی ئەم پیاوە هـەموویان وەك خـۆی بێئـەقڵن! ئێسـتا حەتمـەن دەروجیران لەدڵی خۆیان دا دەڵێن ئەمانە بەو نیوەشەوە شێت بوون...!"

بابم گوتی:"جحێڵن... دراوسێکان قەوم وقیلەی خۆیانن... دەیان ناسن..."

KKK

# ٢٩

لەتەورێزێ سێشەوان لەماڵی مام گاگیك بووین" شاهین و وەسكان دەچوونە قوتابخانە. پۆلی چوار و پێنج بوون ـ لەوێ هەرمەنییەکان بۆخۆیان قوتابخانەی تایبەتییان هەبوو. شەوێکیان مام گاگیك بردینیە باشگا و باخی خەلیفەخانەو شێوی داینێ. کورو کچێکی گەورەی هەبوون. کچەکەی مێردی کردبوو, کوڕەکەی هێشتا ژنی نەهێنابوو, و هەر لەگەڵ خۆی بوو... شەوێکیش میوانی ماڵێ کچەکەی بووین. بەیانییەکیان بردینی بۆ دوکانەکەی, دوکانەکەی لە شەقامی پەهلەوی بوو. وەزعی گوزەرانی باش بوو. ژنەکەی ـ پووره سیرانووش ـ ژنێکی زۆر میهرەبان بوو. مام گاگیك پێی چەقاندبوو کە جووتێك کەوشی نوێ هەڵ گرم. مام هۆسپ چاوی لێ داگرتم, بەڵام هەرچی هەوڵی دا قبوولم نەکرد. کەوشەکانی خۆم تازە بوون. خێزانی دەت گوت سەد ساڵە دەمان ناسێ ـ بەجۆرێك رەفتاری لەگەڵ من دەکرد کە هیچ هەستم بە غەریبایەتی نەدەکرد. هەمیشە قوربان و سەدەقەی "ئەو چاوە جوانانەم" دەبوو, و هەموویان جۆرێك باسی دایەو بابەیان دەکرد کە هەروا بزانە بە راستی "دایەو بابە"ی خۆیانن. ئەو ناوانەیان لە زمانی منداڵەکان وەرگرتبوو. رۆژی رۆیشتنمان هەموو هاتبوونە گاراژ و شیرنی و ئاجیل "چەرەس"یان هێنابوو. ئاواتی پووره سیرانووش ئەوە بوو جارێك بابم و دایکم ببینێ.

مام هۆسپ گوتی:"پەلە مەکە, سیرانووش دەیان هێنم... ئەمساڵ هەر توانیم ئەمەیان لێ بستێنم... یەك دووساڵ پێ بچێ خۆشیان دێنم... دێین حەوتوویەك بە تەواوی سەرتان شلووق دەکەین ـ بەڵێن بێ. دایە لاقی دێشێ ـ بە ناوی چارەسەرکردنی لاق ئێشەکەی دەی هێنم بۆ تاران..."

رۆژ و نیوێك بەرێوەین و رۆژی دووەم دەگەینێ...

ئای, دنیایەکی دیکەیە! وای, ئەو هەموو شەقامە, ئەم هەموو دروشکەیە, ئەو هەموو ئوتووبووسە, ئەم هەموو ماشێنە!... لە گاراژی تەورێزێ دا دەبەزین. مام هۆسپ دەڵێ ماڵەکە نیزیکە... یادۆ, ئەتۆ ئەو رۆنە هەڵ گرە, ئەمن رووبیکی هەل دەگرم و

ئـامینیش ئـەو وردە حەواجـە..." بـەڵام نـا, کـەلو پەلەکـە زۆرە. بـە ناچـار بـەکۆڵی حەمبالێکیان دا دەدەین, و دەڕۆین.

ماڵی مام هۆسپ لە مەیدانی حەسەن ئابادە, کۆڵانی نعمت اللهی ـ نـاوی کۆڵانەکـە موسوڵمانانەیە, و خەڵکی کۆڵانەکە هەموویان هەرمەنین. خانووەکان زۆرتر دوو نهۆمن, و لە هەر نهۆمە دا لانیکەم ماڵێك هەیە, و حەوشەکان زۆر چـووکن, لـە حەوشـەی مـاڵی ئاغا بەگیش چووکتر. ئێواران حەوشەکە ئاوپرژێن دەکەین و لـە حەوشـەی دا دەنیشـین... هێندێ جار ژنە دراوسێکان دێن و لەگەڵ دادەئامینـێ قـاوەی دەخۆنـەوە, یـان دادەئـامین دەچێتە ماڵە دروسێکان ـ ئەمن لە ماڵێ دەمێنمەوە...

ماڵەکەی مە دوونهۆمە: لە خوارێ دا دەنیشین, نانی دەخۆین و میوانداری لە میوانـان دەکەین و لە سەرێ دەخەوین. هەرکەس لە ژووری خۆی. قەرار بووە لە داهاتوودا ژوورەکەی من ژووری رووبیکی بێ.

مام ئارسەن هێشتا لەسەر کار نەگەڕاوەتەوە... ئێوارێ دێتەوە ـ پیاوێکـە نیزیـك بـە چل ساڵ" براگەورەی دادەئامینە" پیاوێکی زۆر بەڕێز و بە ئەدەب و تێگەیشتوویەو زۆریـش ئۆگری بنەماڵەیە. مام هۆسپ زۆری ڕێز بۆ دادەنێ ـ دادەئامین دەڵێ هێشتا ژنی نەهێناوە.

لە دارالفنون ناونووسی دەکەم. مام هۆسپ دەڵێ مەدرەسەی چاکە. مانگانەیەکی کـەم دەستێنێ, بەڵام دێنێ. مەدرەسەیەکی ڕێك و پێکە, مامۆستاکانی باشـن, جێیەکـە لێـی دڵنیا بی, ئەگینا ناوەندیی ئیسـلام (رەوشـەن) پـەنجا هـەنگاو لـە ماڵـێ دوورە. دەڵـێن مەدرەسەی لات و لووتانە ـ هەرکەس لە هەر کوێ دەردەکرێ دەچێتە وێ" بەڵام دارالفنـون هەموو کەس وەر ناگرێ. تێکڕا (معدّل)ی نمرەکانی من لە سەرێیەو بە ئاسانی وەرم دەگرن.

دووسێ رۆژێك دەگەڕێین, جێگای شیاوی دیتن دەبینین و کەل و پـەلی پێویسـت ئامـادە دەکەین. شـار بەمـە دەڵـێن... ئـەو شـەقامە خاوێنانـەی, بەردچـن, ئاسـفاڵت... ئـەو ماشێنانەی, ئەو چوارڕێیانو مەیدانانەی, ئەو هەموو پەیکەرە! لەنێوەڕاستی چـوارڕێیان دا پاسەوانێك کە قۆڵبەندی سپیی بەسـتوە بـە کڵاوێکـی دووفاقـەوە لەسـەر سـەکۆیەك راوەستاوەو ماشێنەکان ڕێنوێنی دەکـا. مـام هۆسـپ دەڵـێ دەتوانـێ پـێش بـە ماشـێنی ئەمیرلەشکریش بگرێ! تەنیا پێشی شا و وەلیعەهـد ناتوانـێ بگـرێ ـ ئـەگینا دەتوانـێ ماشێنی وەزیرەکانیش سزا بدا. مام هۆسپ ئامۆژگاریم دەکا وەختێـك لەمبـەر شـەقامەوە دەمەوێ بچمە ئەوبەر حەتمەن لەو جێیانە بپەڕمەوە کە بزمارکوت کـراون ـ لـەو جێیانـە

ماشێنەکان هەقیان نیە خێرا بڕۆن و ئەگەر لەو جۆرە جێیانە کەسێك وەبەر بدەن شۆفێرەکە ئێعدام دەکەن!

ΠΠΠ

هێشتا هیچ نەبووە وەڕەزیی ماڵێ و دایكو بابم کردوە... ئەو وەختانەی لەقوتابخانەم و خەریکم وەبیرم نایەنەوە. لەوێ یان دەرسە یان یاری... بەڵام هەر کە دێمەوە ماڵێ دڵتەنگی‌یەکەش دێ. دەڵێی پێکەوە هاتووینەوە. هەتا ئەودەم قەت لە ماڵێ جوێ نەببوومەوە. ئەمە یەکەم جار بوو... دیارە دادە ئامین و مام هۆسپ زۆرم لێ نیزیك بوون, بەڵام بەو حاڵەش هەستم دەکرد کە دیسان فەرقی هەیە, و وەڕەزیی بابە ودایەو ماڵێم دەکرد. راستە لە ورمێش بە تەنیا مابوومەوە, بەڵام لەوێ حوسێنم لەگەڵ بوو, هەستم دەکرد لە ماڵ و بنەماڵە نیزیکم, و دەم زانی شارەکە شاری خۆمانە, دێیەکەمان لە قەدەر نیزیکەو بەشێکە لە ورمێ و هەر لەحزەیەك لەوانەیە بابم یان کاك رەشید یان حەمەفەرەج لە دێڕا بێن... بەڵام ئێرە زۆر دوور بوو, و ئەو دووری‌یەش هەستی غەریبایەتی‌یەکەی تیژتر دەکرد. نەخۆش نەبووم, بەڵام جاروبار هەستم دەکرد ئەو وەڕەزی‌یە لە نەخۆشی زۆر خەراپترە. دادەئامین تێم گەیشتبوو, و هەوڵی دەدا بە هەموو جۆر سەرگەرمم کاو نەیەڵێ خەفەتان بخۆم. ئەمنیش تێدەکۆشام وا نەکەم پێی وابێ ناڕەحەتم. بەڵام نەدەکرا.

منداڵانی ئێرە لە منداڵەکانی ورمێ لە پێش تر نەبوون... مامۆستای فەڕانسەییمان موسیۆ جەلیلی بوو, کە دەیان گوت کەشیشە, بەڵام جل و بەرگی ئاسایی دەکردە بەر. لەبیرمە دانیشتنی دووەم و سێیەمی دەرسەکەمان بوو ـ تازە ئەلف و بێمان تەواو کردبوون. دەفتەرێکی چووکەڵەی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە چاوەدێرەکە, و گوتی ناوی قوتابی‌یانی پۆلەکەی تێدا بنووسێ. چاوەدێر ناوەکانی نووسی و دەفتەرەکەی وێ دایەوە.

موسیۆ جەلیلی گوتی:"باشە, ئەمن ئێستا ناوی هەمووان دەخوێنمەوە" ناوی هەرکەسم خوێندەوە هەڵستێ, کە بی بینم و بی ناسمەوە."

ناوەکانی خوێندەوە. لە هەر کەسە چەند پرسیاری کرد: خەڵکی کوێی, پار لە کوێت خوێندوە... کە گەیشتە من بە فەڕانسەیی جوابی پرسیارەکانیم دایەوە ـ گوتم کوردم, لە ورمێم خوێندوە.

موسیۆ جەلیلی وەك دنیایان دابێتێ لە خۆشحاڵی و سەرسوڕمان هەژا" دەت گوت پاش چەندین ساڵ خۆشەویستێکی لە سەفەرێکی دووردرێژ هاتۆتەوەو لە نەکاو لەگەڵی بەرەوڕوو بووە... باوەڕی نەدەکرد! موسیۆ جەلیلی پیاوێك بوو, وەنێوکەوتوو, دەستە پیاو, سوورکارە, نێوچاوانی رووتابۆوە" سەرێکی درێژو گەورەی هەبوو, و نێوچاوانی خەت خەت, لەگەڵ هێڵێکی رێك و پێکی دەم و چاو و دەنگێکی ناسك. وەك دۆستێك قسەی لەگەڵ بنیادەم دەکرد.

گوتی:"فەڕانسەیی لە کوێ فێر بووی؟" گوتم لە کلیسای کاتولیکانم خوێندوە. گوتی:"ئا... لە لای کێ؟" گوتم لە لای پییەڕ فڕانسوا. هەر بەو سەرسوڕمان و هەژانەوە گوتی:"دەی ناسم, دەی ناسم! چەندت لە لا خوێندوە؟" گوتم دووساڵ. گوتی:"سەیرە... دووساڵ... زۆرت کارکردوە!" گوتم مامم لە ماڵێ بە فەڕانسەیی قسەم لەگەڵ دەکا... لە سووریە بووە, فەڕانسەیی دەزانێ. وەك کەشفێکی گرنگی کردبێ, هەر بەو رووخۆشی و پێکەنینەوە گوتی:"ئای! باشە, زۆر باشە!"

ئێستا منداڵەکان هەروا بە حەبەساوی تەماشا دەکەن... و بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە رێزەوەش! لەحاڵێك دا هەر دووسێ رۆژ پێشتر هەر دەمم هەڵ پچڕیبایە گاڵتەیان پێ دەکردم... ئێستا لە حەوشەی بە قامك من بە منداڵانی پۆلەکانی سەرەوە نیشان دەدەن. جاران گاڵتەوگەپی وان لەسەر من و یەکێك لە منداڵە ئازەربایجانییەکان بوو ـ گاڵتەیان بە راوێژەکەمان دەکرد. رەفیقە ئازەربایجانییەکەم زۆرتر خەتای خۆی بوو. هەروەخت مامۆستایەك دەیگوت:"کێ لە دەرسەکە حاڵی بووە؟" قامکی هەڵ دێنا, و کاتێك مامۆستا دەیگوت بیڵێ, لاڵ دەبوو, لە بیری دەچۆوە, سوور هەڵدەگەڕا, سپی هەڵدەگەڕاو دەلەرزی. بەڵام هەرچی دەکرد وەبیری نەدەهاتەوە. منداڵەکان پێ دەکەنین و شلوقیان دەکرد. سەعاتێك دواتر دیسان کە مامۆستا دەی پرسی کێ حاڵی بووە؟ قامکی ئەو فەقیرە دەچۆ حەواو دووبارە منداڵان دەیان کردە هەرا. نازانم بۆ وا بوو... نمرەی ئەزموونی نووسراوی هەمیشە زۆر باش بوو, بەڵام کە دەهاتە سەر ئەزموونی بەدەم تێکی دەدا. هێندێك لە مامۆستاکان بە لەبەرچاوگرتنی نمرەی ئەزموونە نووسراوەکەی کۆمەگیان دەکردو نمرەی باشیان بۆ دادەنا. بەڵام هێندێکیان چاویان لەوە نەبوو, و نمرەی خراپیان دەدایە, و ئەو فەقیرە خۆی دەخواردەوە... ئاخرەکەشی بەستەزمانە دەستی لە خوێندن هەڵگرت!

موسیۆ جەلیلی وای لـێ هاتبوو ئەو کاتانەی لە پۆلی چوارەم و پێنجەم دەرسـی دەبـوو بەدوای دا دەناردم, و لەوێ لەپێش چاوی قوتابییەکان بەفەڕانسەیی قسەی لەگەڵ دەکردم و کەیفی پێ دەهات... و هەمووان سەریان سوڕ دەما. ڕۆژێکـیش بانگهێشـتنی کـردم بـۆ ماڵەکەی. بەڵام دادەئامین نەی هێشت بچم, گوتی ئێستا وەختی ئەو جۆرە کارانە نیە.

بەسەرهاتەکەم بۆ مام هۆسپ گێڕایەوە. گوتی:"یادۆ, ئامۆژگارییەکت دەکەم دەگوێی بگرە, بە کەلکت دێ. لەبیرت بێ لە ژیان دا لە هیچ کارێـك زۆر وەپـێش خـەڵکی دیکـە نەکەوی... ئێستا خوێندن شـتێکە, پیـاو دەتوانـێ بۆخـۆی بـاش بخوێنـێ و خـۆی پێـوە ڕانەنێ... بەڵام لە شتی دیکەدا نابێ... دژوارە, سیکەدانەی دەوێ. نە زۆر وەپێش خەڵکی دیکە کەوە نە زۆریش بەجێ بمێنە. بنیادەم کە زۆر وەپێش کەوت لەبەرچاوی ئەوانی دیکـە وەك ئەوە وایە تاوانی کردبێ, کەسێك زۆریش دوا بکەوێ هەروایە ـ هەرچەند بـەو رادەیـە رقیان لێی نیە... و بەڕێکەوت ئەمەیان تاوانە. چونکە دراوی ماڵێ و تەمەنی خـۆی بـە خۆڕایی بە فیڕۆ داوە..." ئەمن ئەو وەخت باش حاڵی نەبووم, بەڵام لە ژیانم دا چـەند جـار هاتە پێشێ کە راستی و دروستیی قسەکەیم بەچاوی خۆم دی.

لە ماڵێ ڕا تا قوتابخانە ڕێیەکی دوور نەبوو. دە دەقیقەیەك دەبوو. چەند ڕۆژی هەوەڵی هەتا فێری ڕێگاوبانەکە بووم دادەئامین لەگەڵم دەهات, و نیوەڕۆیانیش و دوانیوەڕۆیـانیش کە مەدرەسە بڵاوەی دەکرد, لەبەر دەرگا چاوەڕوانم دەبوو. هـەر کـە دەردەکـەوتم کیفەکـەی لـێ وەردەگـرتم و رووبیکـی دەخسـتە باوەشـم و دەهاتینـەوە. منداڵـەکان گاڵتـەیان پـێ دەکردم... هاواریـان دەکرد:"دایکـی بـە دووی دا هـاتوە!" "خوشـکی نیگـەران بـووە!" دادەئامین گوێی لـێ دەبوو, بەڵام وەسەر خۆی نەدێنا.

هێندێك منداڵی بەدفەڕ لەبەر دەرگا زۆرجار لەسەر شتی هـیچ و پـووچ بەشـێوەیەکی سامناك تێك بەر دەبوون ـ ئاخر هەموو جێیەکی شەقام و پیادەڕێیـەکان ئاسـفاڵت بـوو. ئەوەندە بەس بوو کابرا سەری وەعەرزێ بکەوێ... یەکتریان لەت وکوت دەکرد. جارێکیـان هەر ڕۆژەکانی هەوەڵێ لەپێش چاوی دادەئامین پێك هەڵ پـرژان. دادەئـامین گوتی:"یـادۆ, نەخەڵەتابی چاو لەمانە بکەی! ئەتۆ کارت بە کاری خەڵکی دیکە نەبێ... چـاوت لێیـە چۆن وەك سەگ یەکتری لەبەر یەك هـەڵ دەدڕن! دەبینـی خـەڵك بـە چ قێزێکـەوە چـاویان لـێدەکەن!... بنیادەمی باش, منداڵی بە حەسڵ و نەسـەب شـەڕێ ناکـا... ئـەو جـۆرە منداڵانە کە دەبینی دەسبەجێ دەزانی کە بنەماڵەیەکی باشیان نیە. نـەکا ئـەتۆ کـاری وا بکەی!"

"بەڵام, دادە, هێندێك کەس شەڕ بە پیاوی دەفرۆشن... ئەتۆ کارت پێیان نیـە ئـەوان کاریان پێتە. بیانووت پێ دەگـرن, ئـەتۆ بـە ڕێـی خـۆت دا دەڕۆی ئـەوان لـەخۆوە لەقـە داوێژن..."

"باشە, با باوێن ـ ئەتۆ جواب مەدەوە."

"دووبارە داوێژن..."

"با باوێژن... نابێ گوێ بدەیە ئەو جۆرە کەسانە... نەکا ئەتۆ خۆت وا سووك بکەی! چاوت لێیە خەڵك چۆنیان چاو لـێ دەکەن! ئەمـانە ئاخرەکەی دەبنە چەقۆکێش..."

دادەئامین لە ماڵەکەی خۆی ئەو دادەئامینە نەبوو کە دیتبووم... لەپڕ گۆڕاو بـوو بـە شمرێك بۆخۆی. نەك هەر لەگەڵ من, لەگەڵ مام هۆسپیش. هاوار بـۆ وەختێـك کـە پێـنج دەقیقە درەنگتر یان زووتر هاتباینەوە: تا ئێستا لەکوێ بـووی? لەگـەڵ کـێ بـووی? چـما دەرست نەبوو?... ئەمن و مام هۆسپ ناومان نابوو باش چاوەش.

لە شەوانی هەینی بەو لاوە کە ئەگەر فیلمێکـی بـاش هەبایـە دەچـووینە سـینەما, شەوەکانی دیکە عادەتەن لە ماڵ دەبووین. ئەمن هەر کە لە مەدرەسە دەهاتمەوە دەرسەکانم حازر دەکردن و دادەئامین وەك مامۆستا دەی دیـتن و بنەکـەی ئیمـزا دەکـردن ـ دوایـەش شێومان دەخوارد ـ و ئەمن ئەگەر خەریکی "ریاضیات" نەبایەم دادەنیشـتم ئـەو چـیرۆکە ئاسـانە فەڕانسـەیی‌یانەم دەخوێنـدەوە کـە دادەئـامین لـە کتێبخانـەی فەڕانسـەیی بـۆی وەرگرتبووم. هێندێك جاریش دیارە یان میوانمان هەبوو یان میوان دەبووین... جارجـاریش دوور لە چاوی "باش چاوەش" لەگەڵ مام هۆسپ تەختە (تاوڵە)مان دەکرد. مـام هۆسـپ فێری کردبووم" ئەو کاتانەی دادەئامین لە ئاشپەزخانە خەریك بوو, یان لیباسـی دەشـوتن, یان خەریکی میوانداری لە میوانانی ژن بوو, یاریمـان دەکـرد. دادەئـامین دژی ئـەم جـۆرە شتانە بوو, دەی گوت قومارە ـ و هەر دەگەیشتێ و مۆرەکانی لێك دەدا... جاری واش بوو پێش ئەوەی ئەو بگاتێ بۆخۆمان تێکمان دەدان.

لەنێو ئەو یاری‌یانەدا تووشی شتێکی سەیر بووم ـ کە هـیچ چـاوەڕوانی نـەبووم. مـام هۆسپ یەك دووجار بە قازانجی خۆی بە غەڵەتی یاری کرد ـ و ئەمن کە پێم وابوو بەهەڵە چووە دەنگم نەکرد... بەڵام دیتم نا, هەمیشە فێڵم لـێ دەکا. ئەوجار هەر کە یاری‌یەکەی پێچەوانە کرد, گوتم:"نا, مامە, وانیە ـ فێڵم لـێ دەکەی!"

گوتی:"نا, فێڵم نەکرد ـ خەراپت دی!"

گوتم:"نا, مامه, ئەوه چەند جار... فێڵم لـێ دەکەی!"

گوتی:"حەتمەن ئەتۆش وەك بابت پێت وایه کارێکی خەراپ دەکەم ـ نا؟"

گوتم:"بەڵێ, دیاره... کارێکی باش نیه... ناوی خۆی بەخۆیەوەیه ـ بۆخـۆت گوتـت فێڵ..."

گوتی:"نا, ئەتۆ بەهەڵە چووی... ئەمه یەکێکه له قانوونەکانی یاری..." نـەختێك زارەکانی له دەستی دا گێڕان و گوتی:"بەڵێ, ئەگەر نەت زانیوه بزانه... ئەمه یەکێك له ڕێوشوێنەکانی یارییه ـ بەشێکه له ڕێوشوێنەکانی ژیان. هەرکەس ئەم قانوونه نـەزانێ دۆڕاوه ـ دۆڕانی مسۆگەره. کێیه پێی خۆش بێ بدۆڕێ؟ هەر یارییـەك, هـەر سـەودایەك, هەر کارێك جۆرێك شەڕه... لەشەڕ دا کێ پێی خۆشه بکوژرێ یان بشکێ؟ نـا, لـه شـەڕ دا, له هەر کارێك دا خۆ نواندن هەیـه, خـۆ ئەمـه دەزانـی؟ فێڵبـازی هەیـه... پاشـان خۆنواندنیش بۆخۆی فێڵبازییه, روکێشێکه بنیادەم بەسەر خـۆی هـەڵ دەکێشـێ تـا وەك هەیه دیار نەبێ و وەك پێی خۆشه بێته بەرچاو... وانیه؟ شەڕ هـەمووی فێڵـه... پیـاوی ئاقڵ هەروا سەر دا ناخا بچێته بەر گولله!... گاڵته نیه, گوللەیەو گوللەش بـرای کـەس نیه, دەکوژرێ! ئەتۆ ئەمه بزانه, لەم سروشتەدا بەم گەورەییه, چ له زەوی, چ له هەوا, چ له دەریا, ئامانجی هەموو بوونەوەرێکی زیندوو ئەوەیه که بخواو نـەخورێ. ئـەو پێشـینیانه لـێ گەڕێ ـ ئەوەدەم خەڵك ساویلکه بوون, ئەوەدەم سیاسەتی گاجووتی هەبوو ـ دەبینـی دوو گای دوژمن که دەگەنه یەك چۆن دەسبەجێ ئامبازی یەکتر دەبن؟ بەوحاڵەش دەبینی که به هەموو ساویلکەیی خۆیان ئەمانیش فێـڵ لـه یـەکتر دەکـەن. بـەڵێ, ئـاژەڵیش. دەبینـی دەنەڕێنن, مل فش دەکەن, کلك رادەوەشێنن, ملیان قیت را دەگرن, چاو دەگێڕن... ئەمـه هەمووی فێڵه, دەیانەوێ حەریفی بترسێنن. خۆ شەڕەکەڵەبابت دیوه, دەبینی چینەی دەکـا, لەکاتێك دا له حەریفەکەی غافڵ نیه... دەیەوێ لێی حاڵی بکا که گۆیا ئاگای لێی نیه, پیاو حیسابی بۆ ناکا بەڵام وریایه... هەم فێڵ دەکا, هەم وریایه که فێڵـی لـێ نـەکرێ! پێشینیان وەك له کتێبان دا دەخوێنینەوه شەڕەفڕیان دەکرد: ئـەمن ئـەوەم کـه فلانکەسـم کوشت, شاخی فلانکەسم شکاند, دایکم فلان و بابم فیساره... ئەمه هەمووی دەهۆ بـوو. دەیانەویست بەم قسانه ورەی حەریف بڕووخێنن. پاشان ئەم فێڵه ساکارانەش ئێمـه دامـان

نەهێناون: شەپ, چووزانم, ناخونەك... بەڵێ, تەنانەت ئەوانیش بەو ساکارییە فیلیان دەکردن... ئەمڕۆ ئیدی فێڵکردن بۆخۆی بۆتە زانستێك: پڕوپاگەند, شەڕی دەروونی...!
دەشکێ, دەڵێ سەرکەوتوە, لێی دەدرێ دەڵێ لێی داوە ـ وا نەڵێ دەدۆڕێ...!"

"نا, مامە, ئەمن قبووڵم نیە... قوتابییەك کە دەرسێ دەخوێنێ و نمرەی باش وەردەگرێ چ فێڵێکی کردوە؟"

"کوڕم, فێڵەکەیان لە جێیەکی دیکە کردوە ـ هیچ دوور ناڕۆین ـ هەر خۆت دەڵێم. ئەتۆ فەرقت لەگەڵ کوڕی فلانە رەعیەت چیە ـ ئەوە نەبێ کە ئەو کوڕە رەعیەتەو ئەتۆ کوڕە ئاغا؟ فێڵەکە باب و باپیران کردوویانە: دەستیان بەسەر زەوییەك, مڵکێك,ماڵێك دا گرتوە, و دەرەتانی ئەوەیان بۆ تۆ پێك هێناوە کە بخوێنی. یان لێرە, دەبینی پووڵ دەدەن و مامۆستای تایبەتی دەگرن و "لە لای" دەخوێنن, لە کاتێك دا منداڵی فەقیر و هەژاران ئەو دەرەتانەیان نیە. رەنگە هەر لە مەدرەسەکەی تۆ لەو جۆرە منداڵانە هەبن... دەبینی منداڵی جلشۆرێکە, بە توانایە, باش فێر دەبێ... بەڵام دوایە دەبینی ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدا. برسییەتی, دەبێ بچێ کار بکا, و ئەوەدەم ئەو چەند پۆلە دەرسەش کە خوێندوویەتی لێی دەبێتە تۆقی نەحلەت و دەچێتە ملی. چونکە کابرا خوێندوویە پێی وایە شەرمە بچێتە تری ڕنین و فەعلەیی...! بەڵێ, کوڕم, لە بیرت بێ, فێڵیش بەشێکە لە رێوشوێنەکانی یاری, کە ئێستا ناویان ناوە, نازانم, هونەری پڕوپاگەند, بڵاو کردنەوە, شەڕی دەروونی, دیپلۆماسی و ئەو جۆرە شتانە..."

ΠΠΠ

حەوتووی یەکەم کە دەگەینە جێ, وێڕای ئەوە کە تەلگراف بۆ بابم لێ دەدەین وێنە (عکس)ی بە کۆمەڵیش دەگرین و بە پۆست دا بۆی دەنێرین ـ ئەمە دەبێتە کاری هەموو ساڵێکمان ـ هەموو ساڵێ, حەوتووی یەکەمی رەزبەر عەکسی بەکۆمەڵ دەگرین و بۆی دەنێرین.

بەرەبەرە شارەزای داب و شوێن بووم ـ بۆ جەژنی لە دایك بوونی منداڵان, چوومە ماڵە دراوسێیان... دابێکی جوانە: خزمان, دۆستان, دۆستانی منداڵەکان کەل و پەلی یاری

کردن بۆ منداڵان دەبەن, جاری وایە زێڕ بۆ کچان دەبەن ـ بۆ دوارۆژیان ـ تەنانەت جاری وایە پووڵیش بۆ ئەوەی بیخەنە دەفتەری پاشەکەوتیانەوە...

ئاخروئۆخری خاکەلێوەیە, ئێمەش جەژن دەگرین, جەژنی چوارەمینساڵی لەدایك بوونی رووبیك... دادەئامین خەریکە شیرنی دروست دەکا, مام هۆسپ ژوورەکە بە فوودان و کاغەزی رەنگاورەنگ دەڕازێنێتەوە... لە مەدرەسە هاتوومەوە ـ خەریکی دەرسەکانم... منداڵانی دراوسێکان دێن و دەچن, کیژۆڵان لەبەر دەرگای ماڵێ تۆوی دەقرتێنن و تریقە تریقیانە... لە ژووری ماڵە دراوسێکەمان دەنگی ئاکاردۆن دێ... و چەندیش ناخۆش... بە قەولی مام هۆسپ ئەو کوڕە جحێڵەیە هێندی زرەزرِ کردوە مێشکی سەری بردووین, کچەکەش بەقەد سەگێك حەمیەتی پێ نادا!... خەریکم, کە لەپڕ دیمەنێکی وەك لادێ دووپات دەبێتەوە...!

پێم وایە شەڕ بووە ـ غار دەدەمە خوارێ. "چ بووە دادە!؟"

"کارۆ دیار نیە!..." رەنگی وەك کفنی مردووانی لێ‌هاتوە.

مام هۆسپ لەبەر خۆیەوە پیش دەخواتەوە... "ئەمانە کە تەشریفیان دێ لەبەر دەرگا دادەنیشن و دەست دەکەن بە تۆوتروکاندن, بڵێ لانیکەم ئەو دەرکە سەگباب خێوە لە دوای خۆیان پێوە دەنەوە!"

"دەرگا زۆرتر کرابۆوە... نەدەڕۆیشت... لەجێی خۆی نەدەبزووت... ئێستا چۆنە رۆیوە ـ چۆتە کوێ لەم وەختەدا... ئەویش وەختی دەست کەوت بۆ گەڕان... تاکووش راستی دەکرد ـ ئەمن گوێم نەدایە... دەستەکەم بشکێ!"

"تاکووش خانم چ فەرمایشتێکی فەرموو... کە دەستت بشکێ بەقسەت نەکرد! ئەم ژنانە مەخلووقاتێکی سەیرن! هیچ لە خۆیان ناپرسن مووی سەری منداڵی کاری بە سەر سەگەوە چیە! خانم چونکە پێی وایە ئاکاردۆنەکە پێوەندیی بە کچەکەیەوە هەیە, کەوابێ ئەمەش پێوەندیی هەیە... کلیسا! ئێرەو کلیسا فەرقیان چیە؟... وەڵڵا شێتن بەخوا...!"

دەر دەکەوێ تاکووش خانم گوتوویە دەبوو لە کلیسا سەری منداڵەکە چاك بکەن و کێشی مووەکانی پووڵ بدەن بە کلیسا, چونکە منداڵەکە تاقانەیە, بەڵام دادەئامین بردوویەتە سەرتاشخانەو لەوێ سەری بۆ چاك کردوە!... مام هۆسپ راستی دەکرد... ئەو ژنانە بەڕاستی بوونەوەرێکی سەیرن...!

هەریەکـەی بەلایـەك دا وەڕێ دەکـەوین: دادەئـامین سـەری حەوشـەی جیرانـەکان و کۆڵانەکانی دەوروبەر دەدا, مام هۆسپ دەڕوا بۆ لای سەنگلەج, کە وێرانەیـە, و ئـەمنیش دەچمە لای تۆپخانەو لەوێ ڕا دەچمە مەیدانی بـاغی شـا, لـە ڕێگـادا سـەر بـە هـەموو کۆڵانەکان دا دەگرم, بە لایـەك دا دەڕۆم و بەلایەکـەی دیکـەدا دێمـەوە, بـەڵام نـا, کـارۆ خەبەری نیە, کارۆ بۆتە دڵۆپێك ئاوو بە عەرزی دا چۆتە خوار!

هاتوومەوە. دادەئامین هاتۆتەوە, و خەریکـە لـە ئاشـپەزخانە رقـی خـۆی بـە قـاپ و قاچاخەکە دەڕێژێ, هەر پیاڵەیە کە بە دەوریی دا دەدا.

دانیشتووین, تازیەمانە... خوایە ئەم حەیوانە چیی بووە! دزیویانـە! بـەڵام سـەگێکی سەقەتیان بۆ چیە! منداڵان لەبەر شەیتانیی خۆیان بردوویانە شرت و گومیـان کـردوە! ـ بەڵام حەیوانەکە ئەوەندەش فەقیر حاڵ نـەبوو... حەتمـەن وەختێـك دیویانـە سـەقەتە لـە دوورەوە هێندیان بەرد پێ‌دا داون کـە بێهـۆش بـووە, دوایـە بردوویانـە شـرت و گومیـان کردوە... بەڵام منداڵی غەریبە نایەنە کۆڵانەکەمان, منداڵانی کـۆڵانی خۆشمـان هـەموو دەی ناسن...

دادەئامین دەگری, ون بوونی حەیوانەکە لە رۆژی لەدایك بوونی رووبیك دا بە بەدیومن دەزانێ... بولێڵی ئێوارێیە, کە مام هۆسپ بە هانکە هانـك بـە خـۆی و کـارۆوە پەیـدا دەبێتەوە... هەتا سەری کۆڵانێ بە دروشکە هێناویەتەوە,...

دادەئامین دەڵێ:"بۆکوێ!؟"

مام هۆسپ سەر رادەوەشێنێ, ئارەقی نێوچاوانی دەسـڕێ... و دەڵێ:"بـابم سـووتا... باوەڕ ناکەی!" پاشـان روو دەکاتـە کـارۆ, بـە پێکەنینـەوە لـە کاتێـك دا قـامکی لـێ رادەوەشێنێ, پێی دەڵێ:"بێ شەرەف ـ هیچ نەبا دەنگـت کردبایـە... بۆخـۆم بـۆم پەیـدا دەکـردی!... هـەروا بـێ‌پرس تەشـریف دەبـەی قوربەسـەر!" ئـاوڕ دەداتـەوە سـەر مـن, دەڵێ:"پیاو پێی سەیرە... لە کوێوە بـۆنی کـردوە... ئەمـە چ هەسـتێکە... تەشـریفی چۆبووە کوڕێنی... چۆن لەو شلووقی‌یەدا, بەو حاڵـەوە, خـۆی گەیاندۆتـە وێ!... باشـە ئیدی, قانوونی سروشتە... دەبینی کاکە یادۆ؟ هەر بوونەوەرێك دەیەوێ و دەبێ, ئـی وەك خۆی بەرهەم بێنێ... ئـەوان ئیـدی ئـەو ئاکـاردۆن لێـدان و چـاو نـەرم کـردن و رەنـگ کردنەشیان نیە... "ئا.ز ـ یزم!" هەی سندان و ژەهرەمار! ئەتۆش وەك ئەم حەیوانە هـەر

تۆسقاڵێك راستیت تێ دابێ. هەرگەیشتە وێ, مادام گـوتی فـەرمووو... لـە بەیانیـیـەوە رۆیشتبوو...

دادەئامین واقی وڕماوە:"راست دەکـەی! سـەرم قـاڵ بـوو... لـە بـیرم چـووە. دەبیـنم بەستەزمانە هێشتا خواردنی نیوەڕۆی نەخواردوە... چۆن بوو لەبیرم چوو!"

"گوێت بۆ فەرمایشاتی حەکیمانەی تاکووش خانم شل کردبوو... ئێستا ئەگـەر ئێمـە دەبووین...!... زۆر باشە... ئێستا شتێکی بۆ بێنە بێخوا, حەیوان ماندوویە ئینێرژیـی خەرج کردوە..."

مام ئارسەن دێتەوە" دادەئامین ئاوێ دێنێ, مام ئارسەن دەست و چاوان دەشواو لیباسان دەگۆڕێ.

مام هۆسپ دەڵێ:"ئارسەن, زانیت چ بوو؟ تێکەڵ بوو..."

مام ئارسەن تەماشایەکی دەکا:"چ تێکەڵ بوو؟"

"لە دایکبوون."

"لەدایکبوون... تێکەڵ بوو! دەڵێی چی... دیسان لەسەری دای؟"

"ناوەڵلا... بەڵام ئەگەر رۆژێك لە سەری دام بزانە لـە دەسـتی ئـەم ژنەیـە... ئـەتۆ شاهید بـە, ئەگـەر رۆژێـك مـردم بزانـە ئـەم خوشـکەت کوشـتوومی... زەماوەنـدمان هەبوو..."

دادەئامین لێوان هەڵ دەچنێ:"ئاایش, ئەو کابرایە بێتامی کردوە. نـاکرێ دەقیقەیـەك قسەی قۆڕ نەکەی هەتا ئەم پیاوە ئیستیکانە چایەك بە ئاسوودەیی بخواتەوە!"

"بەڵێ ـ کارۆ بوو بە زاوا, بـەڵام هـەتیوە هێشـتا هـەر ئاکاردۆنەکـەی لـێ دەدا... کچەکە گوتوویە ئاکاردۆنی پێخۆش نیە... کوڕەکە قەرارە وێلۆنی بکڕێ..."

مام ئارسەن دەڵێ:"هەر زڕەزڕی وێلۆنمان کەم بوو... راست دەکا, ئارمێن؟"

دادەئامین دەڵێ:"کاکە, ئەتۆ چەند ساویلکەی... چ راست دەکا!؟ ـ بە عومری راستی نەکردوە!"

بە مەسڵەحەتی مام هۆسپ قوتوویەکم چوکلیات دیاریی رۆژی لەدایك بوون بۆ رووبیك کڕیوە, بە پازدە قڕان. دادەئامین قەڵسە, دەڵێ زۆرم خەرج کردوە. رۆژی دووقڕانم دەداتێ کە ئەگەر پێم خۆش بوو لە مەدرەسە تۆوگوڵەبەڕۆژە یان برێشـکەو شـادانە بکـڕم. وا نیشـان

دەدەم کە ئەم پووڵەم لە رۆژانەکەم پاشەکەوت کردوە ـ بەڵام دادەئامین کڵاوی ناچێتە سەر. مۆرەیەکم لێ دەکا, دەڵێ:"پووڵەکانت بەخۆڕایی خەرج مەکە..."

دەڵێم:"کامە پووڵ؟"

"نامەوێ لە ئێستاوە وەك "ئەم" فێرە درۆ بی... دەزانم پووڵەکانت لە کوێ دادەنێی... هەڵیان گرە بۆ وەختی چوونەوە شتێك بۆ بابە و دایە بکرە... پێیان خۆش دەبێ."

وەدووسبەی را یەکشەممەیە, لە کلیسارا هاتوونەوە, چاوەڕوانی منن کە لە مەدرەسە بێمەوەو پێکەوە نیوڕۆژ بخۆین ـ مام ئارسەن و مام هۆسپ خەریکن تەختەی دەکەن. لەسەر مێز دانیشتووین, تازە دەستمان پێ کردوە کە زرەزرِی وێلۆن بەرز دەبێتەوە.

کەوچکەکان لە نێوان ئەرز و ئاسمان دا رادەگرین و هەموو تێکەوە رادەمێنن... لەپڕ وێکرا لە قاقای پێکەنین دەدەین.

مام هۆسپ دەڵێ:"ئێستا بڵێ ئەرێ وەڵڵا!"

KKK

# ٣٠

هاوین داهاتوە, کارنامەم وەرگرتۆتەوە, بە پەلەم بۆ ڕۆیشتنەوە ـ مـام هۆسـپ لـەمن بەپەلەترە" دەڵێ ئەم کەژوکێوەی بە دڵەوە نانووسێ. ئەمانە "ماڵی" بـوون... و دەڕۆیـن. لەپێش دا زۆر خۆش دەگوزەرێ" لە شەقامەکان دا دەگەڕێین, بە کۆت و شـەڵواری دووراوی تارانەوە" ڕەفیقە قوتابییەکانی قوتابخانەی سەرەتاییم کە ئەوانیش وەك من چوونە ناوەنـدی دەبینمەوەو داستانی سەیر و سەمەرەیان لەبارەی تارانـەوە بـۆ بـاس دەکـەم ـ وەك پیـاوی جیهاندیدە... پاشان دەچینە دێ. بـەڵام هێشـتا دووحـەوتوو پێنەچـووە وەڕەزیـی تـاران و منداڵەکانی قوتابخانەم کردوە ـ مام هۆسپ پێی وایە وەڕەزیی زڕەزڕی ئاکاردۆنم کردوە. خوا خوامە ئەم دوو مانگ و نیوە بەدوو ڕۆژ تەواو بێ ـ کاتێك وەختی خۆسازکردن بۆ گەڕانەوە دێ, لە نەکاو دەچمەوە بارێکی دیکە.

هاوینان دادەئامین دەچێتەوە بەرگەکەی جارانی ـ و دەبێتـەوە"دادەئامین" زەبروزەنگـی باشچاوەشی لادەچێ و چاوەکانی و روخساری دەبنەوە یەکپارچـە خۆشەویسـتی. هێڵـەکانی دەم و چاوی زۆر ڕێك و پێك نـین, و هەربۆیـە زینـدوون و وەك ئـەو کچـانە کـە ڕەگێکـی یاخیگەرییان تێدا هەیە, شیرنترن.

هەرساڵەی جۆرێك دەچین. ساڵی یەکەم هەر کە مەدرەسە تەواو دەبێ لەگەڵ دادەئامینو مام هۆسپ وەڕێ دەکەوین" ساڵی دواتر لەگـەڵ دادەئـامین و مـام ئارسـەن ـ بـۆ ئـەوەی دوکانەکەی چۆڵ نەبێ. مـام ئارسـەن هـەروەخت دێ مانگێـك دەمێنێتـەوە. وەك زۆربـەی هەرمەنییەکان حەزی لە وەرزشە ـ شاخەوانە ـ هەموو ڕۆژێ کەڕی بەیانی کۆڵەپشتەکەی لەخۆی دەبەسـتێ ودەچـێتە چـیاو بەنـدەنان. دێـی زۆر پێخۆشـە. دوو ڕۆژانـیش دەچـینە دووکەڵە... بەرنامە دادەنێ, کە ساڵی دواتر بچین هـەر نـەبێ حەوتوویـەك لـەوێ بـین و حەوتووێکیش لە پۆلەکانی.

لەگەڵ بابم نێوانیان زۆر خۆشە. پیاوێکی ئاقڵ و تێگەیشتوویە. دایکم دەڵێ لەگەڵ ئەو "شێت و پیتە" فەرقی زۆرە. شێت و پیت مام هۆسپە.

بابم دەڵێ:"حا!... بەو شێتی و پیتییەش هەزار ئاقڵ دێنێ!"

مام ئارسەن دەچێتەوەو مام هۆسپ دێ ـ و هەتا ئاخری، پشووی هاوین دەمێنێتەوە. ئەویش هەموو رۆژێ بە سواری دەچێتە چیا، و بەرەبەری ئێواری دێتەوە ـ جاروبار رووبیکیش لەگەڵ خۆی دەبا... ئەگەر کاك هراند دەست کەوێ دوکتۆر و کاك هراندیش چەند رۆژێکان دێن...

ئەمە بەرنامەی هەموو ساڵێکمانە ـ وا دیارە بابم ئێستا کەمتر دەچێتە شار.

ژیان بێ ئەوەی گوێ بداتە پێشهاتەکان رێگای خۆی دەبڕێ، لە ماناد‌ا لەگەڵ پێشهاتەکان را هاتوە... و سەری لەو پێشهاتانە سوڕ نامێنێ: رۆژێك رەزاشا سەحەب دەسەڵاتە، بە سام و هەیبەتە، رۆژێکیش لە خەو هەڵ دەستی، دەبینی هیچ کام لەمانە نەماون و بۆخۆشی رۆیشتوە ـ کەس نازانێ بۆ کوێ ـ کەسیش پێی خۆش نیە بزانێ بۆ کوێ... پاشان ئەگەر زانییان بۆ وی یان بۆ مە چ فەرق دەکا... ئێستا وەك ئەو پیرەژنانە کە سووراوو سپیاویان کردوەو کەوتوونەتە بەر رێژنە بارانی پاییز، رێژنە بارانی پێشهات هەموو ناو و لەقەبەکانی شوتۆتەوەو بۆتە "شای پێشوو"! پاش ماوەیەکیش دەبێتە "شای رەحمەتی."!

لە دێین، خەریکین خۆ بۆ گەڕانەوە ساز دەکەین کە وڵات ئاڵۆز دەبێ، و تفەنگەکان لەبن گڵ دێنە دەرێ و دووبارە عەشیرەت و عەشیرەتگەری. بابم دەڵێ وەمێنن. دادەئامین دەڵێ:"چۆن وەمێنین بابە. ئەمە دەبێ بخوێنێ، حەیفە. ئێرە ئاوایە، تاران وا نیە."

بابم دەڵێ:"باشە، ئێستا کەوایە، ئازووقە لەگەڵ خۆتان بەرن... زەرەری نیە... ئەمن بە تەجرەبە دەزانم ـ ئەم جۆرە وەختانە گرانی پەیدا دەبێ..." بەڵام ئازووقە بەرینە کوێ! بەهەرحاڵ، لەسەر پێداگرتنی بابم هێندێ شت دێنین، بەڵام زۆر نا ـ و وەختێك دەگەینەوە تێدەگەین کە بابم هەقی بووە، و بریا پترمان هێنابایە... بەڵام رووسەکان نایەڵن! بۆخۆیان پێویستیانە ـ ئازووقەی ناوچەکە دەکڕن و دەی نێرنەوە شوورەوی. ئەوان لە مە برسیترن...

گرانی گاڵە دەکا... شت بە کۆپین دەدرێ، ئازووقە کەم دەست دەکەوێ، بازاڕی رەش پشتی خەڵکی شکاندوە" وەك هەمیشە لەو جۆرە وەختانەدا هێندێك قەڵەو بوون و زۆربە هێزیان لەبەر بڕاوە... رۆژنامەکان هەرایەکیان سازکردوە، هەر رۆژەی قانوونێك لە مەجلیس دەردەچێ، هەر رۆژە دەوڵەت ریفۆرمێك دەکا... بەڵام هیچ ناچێتە زگی خەڵکەوە... لە کەڕی بەیانیەوە دەبێ لە سەفی نانی دا راوەستی تا ئەگەر توانیت، ئەگەر ئەستێرەی بەختت درەوشا، دوو نانی رەش بە ناوی نانی سیلۆ وەربگری.

پۆلی شەشی دواناوەندیم, رشتەی سروشتی. دادەئامین دەڵێ:"ئەتۆ دەرست هەیە, ئـەتۆ نابێ وەختی خۆت لە سەفی نانی دا بەفیڕۆ بدەی, ئەتۆ دەبـێ خـەریکی دەرسـەکەت بـی. ئەمسالْ ئیمتیحانی یەکجارییە...!" بەڵام بە هەرحالْ دەبێ یەکێك بچێ ـ ئـەم ئەرکـە دەکەوێتە سەرشانی مام هۆسپ. رووبیکیش گەورە بووە. پۆلی دووەمی سـەرەتایییە. کـارۆ زۆرتر هەر نوستوە.

لەم هەنگامەیەدایە کە هراند پەیدا دەبێ, هەوەڵی زستانێ. ئێستا لە نێوان تـەوریز و تاران دا کار دەکا. جارجار فیزماڵکی دەداتێ بۆ ورمـێ. بـابم ئازووقـەی نـاردوە... هـەی رەحمەت لە بابت! لە نۆك و مـاش و نیسکەوە بگـرە تـا رۆن و ئـارد, و تەنانـەت قاورمـە! هراند دەڵێ زۆر بە زەحمەت دەربازی کردوە... "هەمیشە لە ماشـێن دا هێنـدێك ڤۆدکـام پێیە, هەر کە "تەواریش" پەیدا دەبێ سـیغارو ڤۆدکـای دەدەمـێ... هـەموو جێیـەکی ماشێن دەگەڕێن, تەنانەت تەگەرەکانیش لە بن ماشێن دەردێنن!"

مام هۆسپ دەڵێ:"دەمـان گەیەنێتـە بـەهارێ, بـەهاریش خـوا کەریمـە!" دادەئـامین دەڵێ:"ئێستا ئیدی فکرم ئاسوودەیە... ئاردمان لە ماڵێ دا هەیە, هەر لە ماڵێ دەتوانین نانی بکەین..." و دەسبەجێ دەچێتە لای تەنەکەسازی سەری مەیدانێ و سێڵێك بـەڕادان دەدا. پاشان هێندێك نیسك و ماش بۆ دووسێ پیرەژن دەبا کە "نێرینـە"یان لـە مالْـێ دا نیە, و گرفتارن. دەڵێ:"لە خۆمان زیادە... گوناحن... ئێستا کە باروون هراندمان هەیە, بابە بۆمان دەنێرێ... وەڵامی نامەکە بنووسنەوە... یادۆ, ئەتۆش بنووسە, لە زمان مەوە سوپاسی بکە!"

مام هۆسپ دەڵێ:"سوپاسی ناوێ ـ دەبێ بنێرێ... ئەتۆ منـداڵی!... ئـەو دەزانـێ چ دەکا... ئاغا دەستی رەپێش خستوە تا دوا نەکەوێ! ئەو دەزانێ سبەی و دووی حکوومـەت دەکەوێتە دەست خۆمان, لە ئێستاوە بەرتیلمان دەداتێ, پێی وایە بـەو جـۆرە شـتانە کـار دروست دەبێ!"

دادەئامین دەڵێ:"بەڵێ, بە هیوا بە, بۆیان زین کردووی, هەر دەبـێ سـوار بـی! یـادۆ, ئەتۆ چاو لەوەی مەکە... ئەتۆ نامەی خۆت بنووسە با هراند بیبا... نەوەك بڕوا."

مام هۆسپ دەڵێ:"هراند دەچێتە کوێ! ئێستا لێرە بوو... دەیەوێ بچـێتە ئیسـفەهان سەری خوشکی بدا... ئارسەن دەبێ ماشێنەکەی وەڕێ خا. ماشێنەکەی زۆر شڕە... هـەر نەبێ حەوتوویەك کاری هەیە. بۆ دایە بنووسە هێندێکیشمان ترخێنە بۆ بنێرێ ـ زسـتانە, جێدەگرێ...

دادەئامین دەڵێ:"دەی, چیی دیکە ـ مەگیرانی دەکەی! ترخێنە!"

مام هۆسپ دەڵێ:"بەڵێ, ترخێنە! جۆرێك باسی ترخێنە دەكا دەڵێی داوای گامێشی ئەفریقاییم كردوە! باشە, كوردستانەو ترخێنە. شتێكی سەیر و سەمەرەم داوا نەكردوە...!" ترخێنەش دەگا.

كەوتوویی تینی هێناوە, وەك باس دەكەن لە تارانێ رۆژی سەد كەس دەمرن... خەڵك هیلاك و برسین... دادەئامین هەموو شەوێ گنج و لۆنجی لیباسەكان ئوتوو دەكاو حەوتووی جارێك لیباسی بنەوەی هەمووان دەكولێنێ" دەسبەجێ هەموومانی ناردۆتە سەرتاشخانە سەرمان كورت كردۆتەوە, رای سپاردوە كە لە پۆلیش جۆرێك لە لای هاوپۆلەكانم دانیشم كە لەشم لە لەشیان نەدرێ...

كالیجی فرۆكەوانی رایگەیاندوە كە خوێندكار وەر دەگرێ... حەزم لێیە ببم بە فرۆكەوان... ئەم تامەزرۆییە لەگەڵ مام هۆسپ دێنمە گۆرێ, بەڵام زۆر بە دوودڵی ـ لە دادەئامینێ دەترسم. بەڵام مام هۆسپ نایكاتە نامەردی و دوای شێوخواردن مەسەلەكە دێنێتە گۆرێ.

"ئارمێن, چۆنە یادۆ بچێ فێری فرۆكەوانی بێ... رایگەیاندوە كە خوێندكاری دەوێ!"

دادەئامین وەك مار دێتە سەركلكێ... تاوێك تەماشای مام هۆسپ دەكا ـ ئەمن سەرم بەر داوەتەوە ـ دەڵێ:"جەناب, ئەگەر لەم مێشكە "پێگەیشتووەت" دا دوروگەوهەرێكی دیكەت نیە دەری بێنی, تەشریف بەرە چاوی خۆت دەرێنە بنوو! چاوت لێیە ئارسەن...! قسە دەخاتە دەمی منداڵەكەوە!"

مام ئارسەن دەڵێ:"هەر پێی خۆشە قەڵست بكا... دوو دانە قشقەڵە خۆیان چی و كالیجیان چی!"

دادەئامین دەڵێ:"باشە وەڵلا, قسە دە زاری كورەكە باوێ... منداڵەكەش سبەینێ بچێ بێ پرس و مەسڵەحەت داوتەڵەب بێ!... ئافەرین, دەستت نەرزێ!" لەپڕ ئاور دەداتەوە سەر من, بە دوو قامكان چەنەگەم هەڵ دێنێ:"چاوم لێكە... نەكا قسەی خۆت بێ!... شێت بووی... دەتەوێ بچی سواری قشقەڵە بی, و بەربیەوە!... وەڵلا هەر ئەمەمان مابوو! بڵێ بزانم, بۆخۆت گوتووتە؟!" و گوێم دەگرێ و دەیكێشێ.

مام هۆسپ پێدەكەنێ و ئەمن ئارەقم كردوە ـ مام ئارسەن نێوبژی دەكا. دادەئامین دەڵێ:"ئیدی هەقت نیە قسە لەگەڵ ئەم منداڵە بكەی!"

مام هۆسپ دەڵێ:"رەزا شا بە رەحمەت چوو!"

دادەئامین دەڵێ:"ئێستا دەبینی بە رەحمەت چووە یا نا!"

"مەملەكەت قانوونی ئەساسیی هەیە..."

دادەئامین چاوی لـێ مۆڕ دەکاتەوە. مام ئارسەن پێدەکەنێ, مام هۆسپ دەڵێ:"ئارسەن ئەتۆ دەزانی ماتۆڕی فرۆکەش داگری؟"

دادەئامین دەڵێ:"ئەتۆ ئیدی هەقت نیە لەم ماڵەدا باسی فرۆکە بکەی!"

مام هۆسپ دەڵێ:"ئەگەر فرۆکە خەراپە, ئەدی بۆچی ئـەو رۆژە بۆخـۆت منداڵەکـەت خستە نێو تەیارەکەو عەکست گرت؟ (رۆژەکـانی هـەوەڵ بـوو لـە دەرکـی وێنەگرییەکـە دادەئامین رووبیکی خستە نێو "ماکێت"ی تەیارەو عەکسی گرت و بۆ بـابمی نـارد) ئـەتۆ بۆخۆت ئەم فکرەت خستە مێشکی منداڵەکەوە." بە جۆرێك دەڵێ "منداڵەکە" کە ئەمن پێکەنینم دێ.

دادەئامین دەڵێ:"با وابێ... زۆر باشە, پێ بکـەنن... دوایـە دەزانـن ئاخرەکـەی کـێ پێدەکەنێ!..."

مەسەلەکە بەوەندە دەبڕێتـەوە, بـەلاّم دادەئـامین وەشـك دەکـەوێ... چـەند رۆژان بـە بیانووی جۆراوجۆر لەگەڵم دێتە مەدرەسەو دێتەوە: دەیەوێ بچێتە بازاڕ بۆ شت کـڕین" بـە رێکەوت لە بازاڕی ڕا دەهاتەوە, گوتی چەند دەقیقە راوەستێ تا پێکەوە بچینەوە ماڵێ, بە رێکەوت... نێوچاوانی گرژە.

شێومان خواردوە, دانیشتووین" دادە ئامین رووبیکی خەواندوە, کیف و کەل و پەلەکەی حازر لەپێش تەختەکەی داناوە, و هاتۆتە خوارێ... ئیمتیحانمان داوە... ئەمسـاڵ بـەخێر دەبێ بچمە زانستگە. باسی ئێرەو ئەوێ دەکرێ... کام رشتە باشە, کام کالیج...

مام ئارسەن دەڵێ:"دەبێ بزانن, لێرە قسە لـە پێخۆشـبوون نیـە... دەبینـی منـداڵی فەڕانسەیی هەر لە هەوەڵەوە... لە پۆلی سێیەمی ناوەندییەوە, دوای زەوقی خۆی دەکەوێ: پێی خۆشە ببێتە موسیقیزان, ببێتە نیگارکێش, یان شانۆ بخوێنێ... وەدوا پێخۆشبوونی خۆی دەکەوێ. لێرە ئەم قسانە نین ـ ئەم شتانە بۆ ئێرە زۆر زوون ـ لێرە دەبێ وەدوای کارێك کەوێ کە بۆ نانی رۆژانەی خۆی چاولەدەستی دەوڵەت نەبی, کە داخوا کـاری پێدەسـپێرێ یان نا. پاشان ئەوە دەوڵەت داشیمەزراند, بە قەولی خۆیان دەبێتە نۆکەری دەوڵەت ـ ئێستا بۆتە مووچەخۆری دەوڵەت... کە لە راستی دا هەر نۆکەرەکەیە. دەبێ هەمیشە چاوی لـە زاری بەرپرسی سەرەوەتر لە خۆی بێ, ئەگەر پێکـەنی, پێبکـەنێو ئەگـەر رووگـرژ بـوو, تازیە داگرێ. ئەمە نەبوو بە ژیان, ئەمە نۆکەرییە. کەوایە دەبێ رشتەیەك هەڵ بژێری کە چاولەدەستی خەڵکی دیکە نـەبی, لەسـەر پێـی خـۆت راوەسـتی ـ وەك پزیشـکی یـان ئەندازیاری... ئەندازیاری هێندێ گیروگرفتی هەن" بۆ ئەوەی سەربەخۆ بی دەبێ دەسمایەت

هەبێ, بەڵام پزیشکی وا نیە ـ بۆ تۆ و ئی وەك تۆ باشترین رشتە پزیشکییە ـ ئەوی دیکە بۆ جوانین کە بە کەڵکی مەمانان نایەن ـ نە ئـەدەبیات, نـە مۆسـیقی یـان شـانۆ, یـان تەنانەت مافیش (حقوق) بەڵێ, ئەگەر کوڕی فلان الدولە یان فیسار السلطنە بی, مـاف باشە, شانسی ئەوەت هەیە ببیە وەزیر و وەکیل. ئەگینا هونەرە جوانەکان...! نا, ئەمانـە هەروەك لە ناوەکەیان ڕا دیارە "جوان"ن, وەك هەمـوو شتێکی جوان بە کەلکی ژیانی مـە نایەن ـ ئەمانە بۆ کەسانێك باشن کە لە پووڵ دا دەگەوزن و ژیانیان بـێڕەنگ ورووبـە, و بەم شتانە دەیانەوێ ڕەنگ ورووبەك بە ژیانی پووچ و بێڕەنگ و ڕووی خۆیان بدەن, یان بـۆ کەسانێك کە تێرن و شەقیان لە دنیا هەڵ داوەو بوونە "دەروێـش" کـالێجی فرۆکـەوانی و ئەفسەری خەراپتریش ـ ئەمانە نانی خوێنی خۆیان دەخۆن ـ نیزامیگەرییش بوو بـە کـار! دەبێ هەم ملهوڕی ببینی و هەم ملهوڕی بکەی. پاشان ژیانیشت هی خۆت و ژن و مـنداڵت نیە ـ هەر ڕۆژە لە قوژبنێکی وڵات. کەسێك چوو بوو بە ئەفسەر ئیـدی دەبـێ وەمێنـێ ـ بێتە دەرێ چ بکا؟ بە داردار خەبەردار پووڵ نادەن بە بنیادەم!... بـە کـورتی, ئەگـەر بـە قسەی من دەکەی رامەوەستە بڕۆ پزیشکی. خەمی ماوەکەیت نەبێ... جحێڵی, هەتا چـاو لێك دەنێی رابردوە. شوکور بابت ماوە, نیگـەرانی بنەماڵەکـەت نـی... بـە قسـەی مـن دەکەی لێی رامەوەستە..."

ئەودەم کونکوور و شتی وا نەبوو ـ کالیجەکان کەمیشیان دێنـا ـ ئەوپـەڕی ژمـارەی ئەوانەی دیپلۆمیان وەردەگرت دەگەیشتە هەزار کەس. لـە کـالیجی پزیشـکی ناونووسـیم کرد.

ΠΠΠ

رووسەکان لەمێژە ئازەربایجانیان بەجێ هێشتوە. وەزعی گوزەران باشتر بووە, حیزبـەکان کەم تا زۆر چالاکن, لەگەڵ دەوڵەتەکان چاوشارکێ دەکەن. بە قـەولی دادەئـامین ئـەمنیش سەرم لـێ دەخورێ ـ ئەمنیش لایەنگری ڕەنجبەرانم... ئێستا گـەورەم... رووبیـك ئێسـتا چاردە پازدە ساڵەیە... دادەئامین کەم کەم دەبەر کەوتوە... لاوەکەی دراوسـێمان لەمێـژە سنووری لاوەتیی پەڕاندوە, بەڵام زرەزرەکەی هەر ماوە: ئیرەن خانم هـەروا سـەڵتە و هـەروا پشتە چاوان نەرم دەکا و مـل و کەفـەڵ بـا دەدا... دەڵـێن لـە "بار"ێـك کـار دەکـا... پێکەنینی شیرن بەرەڵڵا دەکا" بەڵام بە ئاشکرا دیارە ئەو پێکەنینانـە ڕوویـان لـە بـاروون "وێگین" نیە.

جەژنی قوربانە... زستانە, بەڵام بەفر لە خاك دا نیە ـ هەرچەند هەوا ساردە "کـۆڕی گشتی" کۆبوونەوەی گرتوە ـ ژنانی کۆڵانێ لەبەر دەرگا شلووقیان کردوە. گوێم لە دەنگـی مام هۆسپە:

"گۆشتی قوربانیان هێناوە!؟"

"خەبەری مەرگی تۆیان هێناوە...! گۆشتی قوربانی ـ بۆمـە!... شـێت بـووە, ئـەم پیاوە!"

مام هۆسپ دەڵێ:"ئیشتیام لە کەبابە ـ پێم وا بوو گۆشتی قوربانیان بۆ هێناوین!"

دادەئامین دەڵێ:"کەرێ داغ دەکەن!"

"کەوایە, ئەم هەراو هۆریایە هی کەرەکە بوو!... چاك پێوە بووین, ڕۆژێکی هەینییش نایەڵن خەڵك بخەون!"

دادەئامین هیچ ناڵێ. دوایە دەر دەکەوێ کە وێلۆنیش مۆجیزەیەکی نەکردوەو پـاش ئـەو هەمـوو ساڵە "مادموازێل" ئێرەن ئاورێکی بەخێری لە باروون وێگێن نەداوەتـەوەو بـاروون وێگێن خۆی کوشتوەو بردوویانەتە نەخۆشخانەی سینا...!

مام ئارسەن دەپرسێ:"کێ گوتی خۆی کوشتوە؟"

دادەئامین بە راوێژێکی پڕ لە خەفەتی دایکانەوە دەڵێ:"دایکە فەقیرەکەی... پیاو زگی بەو پیرەژنە دەسووتێ ـ بۆتە جووجەڵەیەك..."

مام هۆسپ دەڵێ:"هەمـوو گۆنگەڵەکە لەبن سەری ئەو "جووجەڵە"یەوەن."

مام ئارسەن دەڵێ:"بەچی را زانیتان خۆی کوشتوە... ئاخر گوتت زیندوو بووە...!"

"ئەودەم کە بردیان مابوو... پوورەکەی دەیگوت بە حەب خـواردن خـۆی کوشـتوە ـ نامەی نووسیوە... فەقیرە بێکار بووە, هەر ئاشقێنی نەبووە... بێکـار بـووە, بابەکەشـی بۆڵەی لەسەر کردوە..."

مام هۆسپ دەڵێ:"بەڵێ, هەمووی خەتای ئەو "باب"ەی بووە! کوڕە بێکار بووە. بێکار بووە, بابەکەشی بێئینسافە بە مستان پووڵی لە گیرفانێ نەکردوە... بۆتە بایسی ئەم لاوە شۆخ و شەنگە! ئەویش ئەو لاوە, کە ڕۆژێ دووپاکـەت سـیغاری خـاریجی دەکێشـێ, ڕۆژێ دووجار ریشی دەتاشـێ, هـەر دەقیقـەی کراواتێـك دەبەسـتێ... و مـووی سـەری ڕۆنـی لـێدەتکێ...!"

دادەئامین بە قەڵافەتێکی تووڕەو تۆسنەوە دەڵێ:"ئەرێ جارێك بـوو شـتێك بقـەومێ و ئەتۆ قسەی قۆڕ نەکەی؟"

"چ قسەیەکی قۆڕم کردوە خانم!؟ ئێوە ژنان زۆر سەیرن!... بابی چ بکا؟ بێ کچێ خەڵکییش بەدبەخت بکا؟ ـ پاشان کچە خۆشی ناوێ... ئەو وەدوای کار و"بار"ی خۆی کەوتوە, ناپیاوە گەورەیە ئیدی... بابی فەقیر هەتا کەنگێ بێداتێ؟ کفری کردوە بۆتە باب ـ ئەویش بابی ئەو نێرەکەرە... ئێوە دایکان زۆر بێئینسافن...! بابی فەقیر بۆخۆی کەڕی بەیانی هەڵدەستێ وەدوا بەدبەختیی خۆی دەکەوێ, ئەو مل ئەستوورە مفتەخۆرەش هەتا بانگی نیوەڕۆیە لە بن دەستی دایەگیانی دەخەوێ ـ تازە شتێکیش بەدەستی داوا دەکا! بۆخۆت گوێت لێیە... کراسەکەی ئاوا ئوتوو کراوە, دەبوو جۆرێکی دیکە بێ ـ چووزانم شیرەکەی سارد بۆتەوە, کاکاوەکەی کۆنە... بیسکویتەکەی نەرمە...! هەموو ئاگرەکان لە گۆڕی ئەو "جوجەڵە"یە هەڵ دەستن. باشە, ئەتۆ دەڵێی بابی پووڵی ناداتێ... ئەدی ئەم ئاکاردۆنەو ئەم وێلۆنەی بەچی کڕیون؟ ئەو کەوشە جلف و سووك و ڕەنگاوڕەنگانە بەچی دەکڕێ؟... ناپیاوی مفتەخۆر, بێکارەیە, کرمی ڕێخۆڵەیە... دایکەکەی بابی بە گان داوە...!"

دادەئامین دەڵێ:"ئا ایش!" و لێوان هەڵ دەچنێ:"چ بکا؟ کار هەیەو نایکا؟... کار نیە!"

"بۆچی نیە؟ زۆریش هەیە... کەنگێ هاتە لای من یان ئارسەن؟ نایەوێ کار بکا, دەیەوێ مفت بلەوەڕێ... دەیەوێ ببێتە "مودیر", بەو سەرە چەورەوەو بەو نازو نیمنازەوەو ئەو سیغارە کە بەلێویەوە دەنێ... دەیەوێ بۆی لەسەر سینیی زیو دانێن و بەرن لە پێشی دانێن بڵێن فەرموو جەنابی سەرۆك!"

دادەئامین خەریکە بتەقێ. دەڵێم:"دادە, مام هۆسپ ڕاست دەکا ـ گەنجێکی بێکەلکە, کارو کاسبیەکەی بۆتە کچ دیتن. ئەمە لە هیچ بارێکەوە ڕاست نیە. ئەو شەوەی جەژنی لەدایك بوونیان بۆ گرتبوو, ئەمن ئەو دەستە قەڵشیوانەی بابیم دیتن خەجاڵەت بوومەوە, لە کاتێك دا هیچ پێوەندییەکیشی بە منەوە نیە... خەجاڵەت نابنەوە, پیرەپیاوی فەقیر بەو حاڵە کار دەکاو ئاوا پووڵ پەیدا دەکاو ئەمانە بەو جۆرە ئەو پووڵە ئاگر دەدەن.

دادە هیچ ناڵێ.

مام هۆسپ دەڵێ:"ئەمەش ئۆینێکە... جا ئەوە دەش بینی! هەستی کردوە پیرەژن چەند قرانێکی لە جێیەك شاردۆتەوە ـ لە لینگە گۆرەوییەك شتێك دا ـ ئێستا دەبینی دەیەوێ بە جۆرێك ئەو پووڵەی لە چنگ دەربێنێ..."

"باشە, دایکە... چ بکا؟"

"چاوت لەو مەنتیقە هەیە, ئارسەن؟ دایکە! هەر دایکی ئەم یەکەیە" ئەو کچە فەقیرە نابینیَ کە بۆتە چنگێك ئێسك و پێست, لە بەیانیەوە تا ئێواریَ لە لای دەانسازی گیانی دەدا و چلّك و چەپەلّ لە زاری خەلّکی پاك دەکاتەوە, و لە رێی فرسەقێك را, لە مەیدانی تۆپخانەرا, لەو ئاوی شایەرا, وەك ئاوکێشەکان سەتلّ سەتلّ ئاویَ دەباتە ددان سازیەکە لە چوارڕێیانی یوسف ئاباد! شەوێش سەعات دە دێتەوە! کەچی هەتا قسە لە قسە دەکەویَ ئەم دەبێتە "زەعیفە" و ئەو بەرەلّلا مل ئەستوورەش دەبێتە "وەجاخ"ی بنەمالّە, پشت, کوڕەگەورە ـ و سوێندی گەورەیان "بە گیانی وێگێن!"ە. "وێگێنم کفن کردبیَ!..."

خەجالّەت نابێتەوە پیرەژن, بیست و چوار سەعاتیش ئینجیلی لە دەست ناکەویَ!"

دادەئامین قەلّس بووە, و ددان دەچیڕەوە دەبا. دەلّیَ:"نازانم ئەو پیاوە چۆتەوە سەر کیَ! ئەم قسانە لە کویَ دێنیَ... خوا دای ناوە بۆ جاسووس...!"

"نا, خانم گیان, جاسووس نیم, بە جاسووسیش خەلّق نەکراوم... مەسەلەی ریازی نیە ـ چاوم دەبینیَ..."

کۆنگرەی ژنان لە کۆلانیَ کۆبوونەوەیەتی. ئەم جارە مام ئارسەنە کە بانگ دەکا:"هۆسپ ... لە بیرت نەچیَ... سەرێکی دەفتەری موعامەلات بدە. لە سبەینێوە دووبارە زرەزر دەست پیَ دەکاتەوە ـ ئەمن ئیدی حەوسەلەم نەماوە!"

مام هۆسپ پیَ دەکەنیَ... "لە نەخۆشخانە گوتوویانە حەبەکانی بەغەلّەت خواردوە ـ ئەوانەی خواردوونی حەبی تەرکی تریاك بوون ـ ئارسەن, ئێستا بە تەواوی سازە... ئارسەن, جۆرێك دەرۆیشت دەت گوت لە فەتحی هیرات هاتۆتەوە!..."

دادەئامین بێدەنگ بووە.

KKK

## ٣١

دوکتۆر ئارتووش ماڵ و حاڵی کۆکردۆتەوەو هاتۆتە تاران ـ دەیەوێ پسپۆڕی بخوێنێ. کوڕێکی چووکیشی هەیە. منداڵێکی شیرن و زرینگە. ماڵ و پزیشکخانەکەی لە شەقامی شا ـ چوارڕێیانی ئەمیری ئەکرەمە. ماڵەکەی لە نهۆمی سەرەوەی پزیشکخانەیە. دووسێ جار هاتۆتە ماڵێ مە و ئێمەش دووسێجار چووینە ماڵەکەی. دەڵێ بابم ئێستا زۆر کەم دێتە شاری ـ بابم و دایکم زۆر دەبەرکەوتوون.

ئێمەش چووینە شەقامی شاهرەزا ـ لە ئاخری شاری ـ نیزیك زانستگە. ئەمن لە زانستگە دەخوێنم. دادەئامینیشم بە دوای خۆم دا راکێشاوە. ئەویش بۆتە "زانستگەیی", و ئەمن لەو کارەی ئازار دەچێژم, وا بزانە ئەمن هێشتا منداڵم... دیسان هەر ئەو بەسەرهاتی دارالفنون و یەکەمین رۆژەکانی هاتنم بۆ تاران دووپات بۆتەوە ـ بەڵام بە جۆرێکی دیکە, و بە دووپات بوونەوەیەکی پتر: زانستگە زانستگەیە, زۆر وەخت ئاڵۆزە... وڵات ئاڵۆزەو زانستگە ناوەندی ئاڵۆزییە, هەمیشە میتینگ و خۆپێشاندان و بێزاری دەربڕینە. ئەویش پێ بە پێی من و تەنانەت قۆڵ لە قۆڵی من دا لە خۆپێشاندان دا بەشدار دەبێ ـ منداڵان پێیان وایە مامۆستا, یان کۆمەك مامۆستای جێیەکە هەمیشە ئاگای لە دەنگ و باس هەیە, گوێ پێدا دەگرێ و ئەمن خۆم دەخۆمەوە... هەموو دەرکەوانەکانی زانستگە دەی ناسن...

دەستەودامێنی مام هۆسپ دەبم, دەڵێم:"جوان نیە, مامە" ئەتۆ بۆخۆت ئەگەر لە زانستگەش نەبووبی, لە شوێنی لەو بابەتە بووی, بۆخۆت دەزانی ئەمن ناتوانم خۆم دوور بگرم و لە کوڕەکان جوێ ببمەوە, کە بە چاوی هاوکاری پۆلیس لێم بڕوانن ـ باشە, ئەم بۆ وا دەکا...!"

دەڵێ:"بۆخۆت ئارمێنێ دەناسی... ئەمن زۆر جارم پێ گوتوە, بە قسەی من ناکا ـ بە ئارسەن بڵێ"

بە مام ئارسەنیش دەڵێم. مام ئارسەن شەوێك, هەروا بزانە بە ڕێکەوت پاش نـانخواردن مەسەلەکە هەڵ دەگیرسێنێ. دەڵێ:"یادۆ ناچارە, لەرووداوانە, هاوپێوەندییە, بـە قـەولی خۆیان... جوان وایە ئەم خۆ نەکێشێتە قەراخ, ئەتۆ بەخۆڕایی وەدوای دەکەوی."

دادەئامین دەڵێ:"یادۆ, لە بیرتە ئەو وەختەی تورکان ناردبوویان من بەرن... بابە چیی گوت؟ ئەو ڕۆژە کە بابە تەقەی کردو دووکەسەکەی گرت... لەبیرتە؟"

لە بیرم بوو.

"لە بیرتە بابە چیی گوت؟ گوتی:"ئیدی هەقت نیە لە دەرکی ماڵێ بەولاوە بـڕۆی... ئەمن بەرپرسیارم.؟" ئێستاش ئەمن بەرپرسـیارم... ئـەمن بۆخـۆت شـاهید بـووی لـەو لەحزەیەوە کە گوتی لەدەرکی ماڵێ بەولاوەتر نەچووم ـ بـەلاّم نـاتوانم بـەتۆ بڵـێم مەچـۆ زانستگە ـ ئەتۆ دەبێ بچیە زانستگە... ئەوێش کە دەزانـی چـۆنە... باشـە, لـەونێوەدا بەرپرسایەتییەکەی من چیی لـێ دێ؟"

"دادە, وەزعی من لەگەڵ تۆ فەرق دەکا..."

دەڵێ:"نا, هیچ فەرق ناکا... ئەتۆش ئێستا بۆمان بوویە پیاو! چ فەرق دەکا!"

دەڵێم:"زۆر باشە, فەرق ناکا! ئێستا وا دادەنێین شتێك رووی داو ئەتۆش لەوێ بووی, چ دەکەی؟ بۆوێنە, ئەگەر تەقەیان کرد ئەتۆ سنگی خـۆت وەپـێش دەخـەی کەگوللـە وەمـن نەکەوێ؟ باشە, وەهەردووکمان دەکەوێ ـ وەك بەسەرهاتی مەلاحەسەن و کارۆ!"

دادەئامین لە قاقای پێکەنین دەدا, و دەسبەجێ پێکەنینەکەی را دەگرێ و دەڵێ:"باشە, ئەمنیش هەر بۆ ئەوە دێم ـ کە ئەگەر وەتۆ کەوت وەمنیش کەوێ... ئاخر ئارسەن, ئەمن ئەگەر ـ زمانم لاڵ بێ ـ ئەم کوڕە شتێکی لـێبێ بە چ ڕوویەك چاو لەچاوی ئەو پیرەپیـاو و پیرەژنە بکەم؟... ئەمن بە تکاو ڕەجا ئەمم لە چنگیان دەرهێناوە... باشـە, لـەو حاڵـەدا باشتر ئەوەیە ئەمنیش نەمێنم و چاو لە چاویان نەکەم..."

بە کورتی, هەرچی کردمان دەرەقەتی نەهاتین و ئێستا دەم بینی کـە قـۆڵ لـە قـۆڵی دادەئامین دا مست را دەوەشێنم: بژی!... بمرێ!... ڕاستە...!

دادەئامین هیچ موخلیسی یەکیەتیی شـوورەوی نیـە" لـە بەرامبـەردا ئـەمن ئاشـق و شەیدای یەکیەتیی شوورەویم, هاوار دەکەم دەبێ کرێکار ڕێبەرم بێ, حکوومـەتم بـێ, بـێ کرێکار کارم ناڕوا ـ حەتمەن دەبێ پێشەوایەکەم کرێکار بێ ـ بۆخۆم ئەقڵم نیە...

مام ئارسەن پێ دەکەنێ و سەر ڕادەوەشێنێ. "ڕۆڵـە گیـان, کـام کرێکـار... کرێکـار ئەوەیە کە دەیبینی... نەك لێرە لە هەموو جێیەك. ئەمن بۆخۆم کرێکارم... چ دەزانم تـا

ببمە پێشەوای کەسێك؟... باشە ئیدی, دەورانی گەنجییە - پیاو دەبێ ئەم قۆناغەش تێپەڕ بکا.

ئەمن بە ئەقڵی هەمووان پێدەکەنم. بەڵێ, کرێکار ئەقڵی نیە! پڕوپاگەندی ئەمپەریالیزم... بچن بزانن هەر ئەم کرێکارە چ بەهەشتێکی ساز کردوە!

"دە ناهێڵن, ئەگینا ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە... بابم لەوێیە, لەوێ خزم و خوێشمان هەن, نایەڵن - و ئەمن نازانم بۆچی ئەم بەهەشتەیان بە مەی جەهەننەمی نیشان نادەن؟"

"چونکە دەچن خەراپکاری دەکەن - خۆ بێکار نین هەر موسافیرەی مەئموورێکی وەدوا بخەن, کاروبایان وە لانێن و هەر ئاگایان لەو جەنابانە بێ... ئەوان کاریان هەیە, دەژین, ژیان دروست دەکەن. دەزانی سیاو ئەنتیلجنت سرویس هەموو ساڵێ چەندە خەرجی خەراپکاری دەکەن!"

دادەئامین دەڵێ:"بەڵێ, ئازادی, چینی کرێکار... ڕەنجبەران... هێشتا دەستیان نەگەیشتۆتە پووڵی. وەختێك دەستیان گەیشتێ ئەمانیش بە شەوێك لە بیریان دەچێتەوەو هەر ئەو ڕەنجبەرانە هەتا پێشەکی پووڵی ویزیت وەرنەگرن چاو لە نەخۆش ناکەن و لە پزیشکخانە دەری دەکەن... بەڵام لەپێش دا دەبێ خەفەتی دنیا بە دایك و بابی فەقیر بدەن, دوایە... یەکی وەك ئەو کوڕە... ناوی چ بوو - ویگێن - یەکیش وەك ئەم ئاغایە"و وشەی "ئاغا" پڕ بە گەرووی دەر دەبڕێ.

ΠΠΠ

حەوتوویەکە ماڵەکە تازیەبارە. کارۆ مردوە... هەموومان پەرۆشمانە... باشە ئیدی, حەیوانی ماڵێش وەك ئەندامی بنەماڵەیە... هەموومان نارەحەتین. بەڵام نارەحەتیی ئەمشەو پێوەندیی بە مەسەلەیەکی دیکەوە هەیە.

دانیشتووین, ئەمن گریانم دەوکێ ماوە... مام هۆسپ لە بن لێوانەوە پێدەکەنێ, مام ئارسەن پێدەکەنێ... دادەئامین تووڕەیە, بەڵام ئەویش بۆ بار ڕاست کردنەوە زەردەخەنەیەك تێکەڵی نارەحەتییەکەی دەکا. روویێك لە پەنام دانیشتوە, دەستمی لەنێو دەستی ناوەو دەست بە پشتە دەستم دادێنێ. دەزانم چیی دەوێ - دەیەوێ قەولی پێبدەم سبەینێ لەگەڵ ڕەفیقەکانم بێبەمە کێوی.

دادەئامین دەڵێ:"ناپلیۆنم بۆتۆ لێ نابوو - بۆ نەت خوارد؟"

روو لەولا دەکەم, دەڵێم:"پێم خۆش نەبوو." چاوم لێیە چاو لە مام ئارسەن دادەگرێ.

مام هۆسپ دەڵێ:"دە یەکێکتان بیگێڕنەوە تا هەر نەبێ بزانین چ بووە... خۆ ئێمە تـا ئێستا نازانین چ بووە!"

ПППП

ئەو رۆژە لە زانستگە کۆبوونەوە بوو. هەموو رێکخراوەکان بەشدار بوون" دادەئامین وەك هەمیشە لە تەنیشت من بوو. دە دەقیقەیەك لـە بـەرپابوونی متینگەکـە گوزەرابـوو کـە پۆلیس لە دارودیواری دەرپەڕی و دەستی کرد بـە لێـدانی خوێنـدکارەکان. متیـنگ تێـك چوو... پاشان دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ, کۆماندۆیەکان پێوەربوون و خوێندکارەکان دوای تاوێك بەردە فڕکەو خشت هاویشتن پەنایان بۆ پۆلەکان برد... بەڵام کۆماندۆیـەکان رژانە پۆلەکان ـ تووشی هەرکەس بوون ـ مامۆستا, خوێندکار, کـچ, کـور. بـە قەسـتی کوشتن لێیان دەدان. پەنامان برد بۆ قوژبنێك کە گەیشتنێ, و هەر گەیشتنێ بە قۆنداغـە تفەنگ وەرمان گەڕانێ... ئەمن هەر ئەوەندەم دی کە سەگبابە خۆی فڕێ داو لـە دوورەوە نیشانەی لە سەرم گرت و قۆنداغە تفەنگی دا هێنا. لەسەر زگ خۆم بە زەوی دا داو دەستم لەسەر سەرم دانا. یەك دوو قۆنداغی بە شانان دا دابووم کـە دادەئـامین زیڕانـدی و خـۆی بەسەر دادام...

ئەی کە فەقیرە لێدانی خوارد! ئـەمن هـەر ئەوەنـدەم گـوێ لــێبوو کـە دەیزیڕانـدو دەیگوت:"لێم دە... بێشەڕەف! لێم دە, بێناموس!" کابراش لێی دەداو چۆن! دەت گوت لە کورتانی کەرێ دەدا...!

نازانم چ ئاڵوگۆڕێك رووی دابوو ـ وادیـار بـوو دەوڵـەت دەیـەوێ زانسـتگە چاوترسـێن بکا... پێم وایە مەسەلەی نەوت لە مەجلیس دا هاتبۆ گـۆڕێ... بـاش نـازانم ـ بـەڵام بەهەرحاڵ ئێمە لەو نێوەدا لێدانێکی باشمان بەرکەوت.

پاش ئەوەی جوان جوان بێزاریان کردین, دەنگی فیتە فیت لـە داڵانەکـەدا بـڵاو بـۆوەو گۆڕەهوو بوون. ئەو رۆژە سەرشکاوو لێو ولووت هەڵدڕاو زۆر بوون. لێوی منـیش ـ نـازانم چۆن ـ هەڵ دڕابوو. بردیانینە بێهداری دەرمانیان کردین... و چووینەوە ماڵێ.

هەروا دەڕۆیشتین, هێشتا لەنێو زانستگە دابووین" نەم زانی ئەو چیی گوت یان ئـەمن چیم گوت, کە دیسان زیڕاندی:"بێئەقڵ!... گەمژە!... وڵاغ!... ئاخر ئەمن بەرپرسیارم" و لە پێش چاوی ئەو هەموو خەڵکە هەتا تینی تێدابوو زللەیەکی دە بنانگوێم سرەواند!

ئەمن کە هیچ چاوەڕوانی رەفتارێکی وا نەبووم هەروا رەق رامام... تێ مابووم... بە هیچ جۆر باوەڕم نەدەکرد! بە تەواوی تێك شکابووم - گریانم هات - گریاشم, هەروەك منداڵی چووکەڵە. کوڕەکان لە بنەوە چاوێکیان لێ دەکردم و تێ دەپەڕین... هەرچەند هەنگاوێك رۆیشتین ـ ئەوە هەروا دەگریم ـ دادەئامینیش دەگری چۆن! چەند هەنگاوێك کە رۆیشتین لەپڕ ئامبازم بوو, دەستی کردە ئەستۆم جا ماچ کە:"یادۆ گیان ببوورە... سەهووم کرد ـ ببوورە ـ نەم زانی ـ لەم خوشکە شێتەت ببوورە...!" ئەوە هەروا ئەم قسانە دەکاو ماچم دەکا و وەك هەوری بەهار فرمێسك دەڕێژێ...

لەلایەك بەزەییم پێی دا دەهات, و لە لایەکیش لەوە کە هەردووسێ هەنگاو جارێك دەستی دەستۆم دەکردو لەپێش چاوی خەڵك ماچی دەکردم نارەحەت بووم... ئێستا ئەو خەڵکە دەڵێن چی!... بە تەکانێکی توندی ئانیشك وەپێشی کەوتمەوە... و رۆیشتم.

هاتمەوە ماڵێ:"لەسەر تەختەکەم کەوتم و پەتووم بەسەر خۆم هەڵ کێشا... چەند لەحزەیەك وا مامەوە... گێژ بووم, مێشکم کاری نەدەکرد... پەتووەکەم لەسەر خۆم لادا, و لەسەر تەختەکە دانیشتم... شەیتان بە نەحلەت بێ - ئەمە چ کارێك بوو کردم - بۆچی وا پاڵم پێوە نا!...

شێت بووم لە دەستی ئەم ژنە...! هەستام, و لە ژوورەکە دەرکەوتم. رووبیك لە ژوورەکەی خۆی بوو ـ خەریك بوو دەرسەکانیی دەنووسیەوە. گوتی:"مامە یادۆ, دەچیە کوێ؟" ـ گوتم ئێستا دێمەوە...

رویشتم, پێش ئەوەی بگەمە چوارڕێیانی کالیج دیتم دێ... شووتیی کڕیبوو. راوەستام تا هات“ بێ ئەوەی قسەیەك بکەم شووتیەکەم لێ وەرگرت - و هاتینەوە. لە رێگادا هیچمان قسەمان نەکرد...

ΠΠΠ

ئەمساڵ هاوینێ نەچووینە ورمێ, قەرارە مام هۆسپ بە تەنیا بچێ بابم و دایکم هەڵگرێ و بێتەوە. هەم جەژنی تەواوکردنی زانستگەیە, هەم پاییزە ـ پاییزان تاران جوانە: بێن هەم لە جەژنی لێبوونەوەی زانستگەدا لە لامان بن, هەم تارانێك ببینن, و هەم لەگەڵ مام سرووژ, براچووکەی دادەئامین کە لەگەڵ ژنەکەی لە فەڕانسەوە دێ یەکتر بناسن.

خەریکم خۆم بۆ جەژنی تەواو کردنی زانستگە ئامادە دەکەم ـ بوومە دوکتۆر!

مام هۆسپ چووە, بابم و دایکمی هێناوەو هاتۆتەوە... فەقیرانە لەو یەك دووساڵەی دوایی دا تەواو پیر بوون ـ دایکم توانای هاتوچۆی نەماوە, بەستەزمانە كۆم بۆتەوە! مام هۆسپ دەڵێ:"نەخەیر, ئاپۆ شێرۆ و دایە ـ گوێی شەیتانی کەڕ بێ ـ هەر بەڕاست خەریکن پاڵ وە سەدی دەدەن!" بابم پێ دەکەنێ, دایکم دەڵێ:"بە کوێرایی چاوی حەسوود!"

لە تەورێز سێشەوان میوانی مام گاگیك و منداڵەکان بوون. دایکم دەڵێ:"ماشەڵڵا, بێچاوێنی بن, بوونە چ جحێڵێکی جوان شاهۆ و وەسمان ـ خوا بە دایك و بابی خۆیان بێڵێ... ماشەڵڵا پیاو هەر حەز دەکا تەماشایان کا, ماشەڵڵا وەك داری شمشاڵن... و نازانی چەندیش بەگوێن! شاهۆ و وەسمان هەردووکیان بوونە مەئمووری دەوڵەت..."

مام هۆسپ دەڵێ:"کارمەندی بانکن."

"ئا, لەو جێیە کە هۆسپ دەڵێ... عومریان درێژ بێ, یادۆ نازانی بیست و چوار سەعات بە دەوروبەرمانەوە بوون ـ بابەبابەو دایە دایەیەکیان دەگوت کە هەر حەزت دەکرد گوێت لێ بێ... دەزگیرانیان هەن, دوو کچی چەند جوان... وەك نوقڵ, بیان خەیە زارت دەتوێنەوە."

مام هۆسپ دەڵێ:"چ دەکەی دایە! زاری ئەو کابرایەت پڕ کرد لە ئاو! چاوت لێیە چۆن ئاو بە دەم و لەوسی دا دێتە خوار...! ئاخر ئەمیش ئێستا وردە وردە دەی خورێ... فکرێکیش بۆ ئەم بکەنەوە!"

دایکم دەڵێ:"ئەرێ وەڵڵا... وەختیەتی ئیدی... درەنگیش بووە ـ دەترسم منداڵی وی نەبینم... دوو ئارەزووم هەن: منداڵی ئەم و زەماوەندی ئەم مەیموونە ببینم." و قژەکانی سەری رووبیك تێك دەدا.

مام هۆسپ دەڵێ:"بەو جۆرە کە خۆتان لێخۆش کردوە, مەترسە منداڵی ئەم مەیموونەش دەبینی!..." ئەمن بۆخۆم نیگەران نیم ـ دەزانم بەو ئاسانیە دەست لەم دنیایە هەڵ ناگرن!"

"هەی رووزەردی دنیا و قیامەتان بی رۆڵە! باشە, وا بڵێ ـ لە رقی تۆش بێ هەر دەمێنم... دەبێ ئەو داخەت لەسەر دڵ دانێم...!"

پێ دەکەنین. مام گاگیك جووتێك کەوشی, چاوودڵ ڕوونی بۆ ناردووم. جووتێکیشی بۆ دایکم دووریون کە دایکم دەڵێ بە عومری کەوشی وا خۆشی دە پێ نەکردوە:"نەرم, سووك, رەحەت... گوتی جووتێکیشت بۆ زستانێ بۆ دەدرووم... گەرم, کە پێویستیت بە گۆرەوییش نەبێ. دەستی خۆش بێ, زۆر خۆشن... ئەی رۆڵە, چەند ژنێکی باشی هەیە... ئەویش پێی دەگوتم دایە, لە زمانی منداڵەکان ڕا... چەندیشی لە زاری خۆش بوو.

ماشەڵڵا لە قودرەتێ خوای... بابت راست دەکا, ئەو میللەتە بێگانانە پیاوی چەند باشیان تێدا بوون و ئێمە نەمان دەزانی... بردبوویانە گوێمانەوە ناموسوڵمانن, کە ئەمانە فلانن, فیسارن... رۆڵە, ئەگەر بزانی ئەو پوورە "وەنەوش"ەت چەند ژنێکی خاوێنە سەرت سور دەمێنێ! (سیرانووشە کە بۆتە وەنەوش) نەوەی جوان جوانیشیان هەن, ماشەڵڵا هەزار ماشەڵڵا وەك پەلکی گوڵ ـ لە ئامینێ خۆمان باشتر نەبن منداڵی وەك پەلکی گوڵ رادەگرن. ئەو چەند شەوە کۆشی بابت بۆ سەرینی نەوەکانی پوورە وەنەوشت... ماشەڵڵا... گوتم شاهۆ و وەسمانیش دەزگیرانیان هەیە؟ ئەو هەموو ماوەیە ئەتۆ یەکێکت بۆ یادۆ گیان هەڵ نەبژاردوە؟... وەڵڵا لێت بە گلەییم...!"

دادەئامین دەڵێ:"دایە, دەبێ بۆخۆی هەڵ بژێرێ... لەوانەشە هەڵی بژاردبێ و بەمەی نەڵێ."

دایکم چاوم لێدەکا ـ چاوی باش نابینێ" بەو حاڵەش دەیەوێ وەك جاران شتێك لە چاوانم دا بخوێنێتەوە. بە پێکەنینەوە دەڵێ:"وایە, یادۆ!" و وەك ئەوە کە گومانی نەمابێ "هەی رووت رەش بێ ـ ئەی چۆن بە ئامینێت نەگوتوە!"

مام هۆسپ دەڵێ:"چیی پێ بڵێ؟ هەموو فێڵەکان لەبن سەری ئامینێن... وەك ئامین دەزانێ بۆخۆشی نازانێ... دایە, یادۆ ئێستا بە هەموو کچێك رازی نیە ـ ژنەکەی دەبێ خوێندەواریی بەرزی هەبێ کە هاوشانی ئاغای دوکتۆر بێ...!"

دایە دەڵێ:"ئامین کچێکی ئاقڵە ـ وەك تۆ حەپلیحەپۆ نیە ـ دەزانێ کێ هەڵبژێرێ... هەرکەس ئامین هەڵی بژێرێ باشە ـ نابێ لە قسەی ئامینێ دەرچێ..."

لەو یەك دوو رۆژەدا کە ئەمن لە زانستگە کارم هەیە, مام هۆسپ دایکم و بابم بۆ چارەسەری نەخۆشیی جۆراوجۆر دەباتە لای پزیشکە پسپۆڕەکان ـ هەمووشیان هەرمەنی و هەمووشیان مەحەببەتی لەگەڵ دەکەن.

بابم دەڵێ:"فاتم, چاوت لێیە! هەموویان خوێندەوارن... ئێمەش, خوێندەوارەکەمان مەلاحەسەنە!... هەی زەمانە!" و هەناسەیەك هەڵ دەکێشێ.

بابم و دایکم زۆر رازین, لە پیری بەو لاوە نەخۆشییەکیان نیە" نمرەی عەینەکیان دەدەنێ... چاویلکە دروست دەکەن, بەڵام دەچاویان ناکەن, تەنیا ئێواران نەبێ کە دادەئامین قالیچەیەك لەسەر بەرهەیوانێ را دەخا, بابم و دایکم دادەنیشن, عەینەکی دوور دەکەنە چاویان و کەیف دەکەن.

دایکم دەڵێ:"بەڕاست جێیەکی جوانە, پیاو سەدساڵیش لە ماڵێ نەچێتەدەر, هەر لێرە دانیشێ و تەماشای خەڵکی بکا وەڕەز نابێ."

دادەئامین دەڵێ:"باشە, دایە, ئێستا کە شوکور یادۆ لەسەر خێران بۆتە دوکتۆر ئەتۆ و بابەش وەرنە تاران پێکەوە بژین ـ سەربازییەکەشی هەر لێرە دەکا بە پلەی ئەفسەرییەوە ـ ئێوە هەقی خۆتانە ئیسراحەت بکەن..."

دایکم دەڵێ:"نا, رۆڵە, جوانە, بۆ لاوان باشە, مەبارەکی خۆتان بێ... ئێمە لەوێ ئاسوودەترین... بەرد لەجێی خۆی سەنگینە, رۆڵە" کە لەجێی خۆی هەڵ کەنا ئیدی ئەو وەزنەی نامێنێ..."

بابم دەڵێ:"فاتم راست دەکا" هەرکەس لە شوێنی خۆی ئاسوودەیە ـ لێرە کێ من دەناسێ ـ ئەمن لێرە ون دەبم" رۆڵە, ئەمنیش بەشەرم, دڵخۆشیی من ئەوەیە کە لەجێی خۆم دووکەس سلاوم لێ بکەن... نا, مەبارەکی خۆتان بێ... فەرقی چیە رۆڵە ـ ئاواتی دایك و بابان هەر ئەوەیە مندالەکانیان ئاسوودە بن, ئەگەر ئێوە ئاسوودە بن ئێمەش ئاسوودەین..."

ΠΠΠ

مامە سرووژ و خێزانی هاتوون, و ماڵەکە شلووقە. مامە سرووژ براچووکەیە, دادەئامین لە خۆشییان لاقی عەرزێ ناگرێ. بە ئاشکرا جحێڵ بۆتەوە: دیسان چاوە جوان و زیندووەکانی, و قەلافەتە شادەکەی جارانی پەیدا کردوونەوە.

بە خۆشیی هاتنی دایکم و بابم و هاتنەوەی مام سرووژ و خێزانی و بوونە دوکتۆری من, شەوێ لە باشگا (نادی) جەژنمان هەیە ـ مێزێکی گەورەمان گرتۆتەوە. دوکتۆر ئارتووش و خێزانیشی هاتوون جگە لە میوانانی دیکەش: باروون شووراو مادموازێل ڤانیای کچی کە خوێندکاری سالی ئاخری کالیجی دەرمانسازییە... و یەك دوو کەسی دیکە.

بابم بەو کەوا یەك توێ سپی و درێژە و بەو ریشە کورپەیەوە وەك مەهاراجەکان دەچێ" مام هۆسپ بە گاڵتە بانگی دەکا "راجاکریشنا" و بابم قاقا پێدەکەنێ. سالۆن شلووقە ـ مۆسیقا ئاهەنگی شاد لێ دەدا, ژن و پیاو گۆرانیی دەڵێن, هەر جامی شەڕابە کە بە سلامەتی پڕو بەتاڵ دەبێتەوە. بابم وەك هەمیشە ئاوی میوە دەخواتەوە, دایکیشم دانیشتوەو نوقمی تەماشای مادموازێل ڤانیا بووە...

لە مێزەکانی دیکەوە تاك و تەرا دێن ـ لە هەموو مێزەکانەوە ـ بۆ شەربەت خواردنەوە خولقمان دەکەن... مەحەببەتمان پێشان دەدەن, ئیخلاس دەردەبڕن... تاریفی بابمیان بیستوە...

مام هۆسپ دەڵێ:"کەلکی لێ وەرگرە, کوڕە, بۆ هەموو کەس وا ڕێناکەوێ!"

مام ئارسەن پێدەکەنێ, دادەئامین و دایکم گەرمیان کردوە, بە زمانی خۆمان قسە دەکەن... ئەمن لێیان دوور کەوتوومەوە, بەڵام چاوم لێیە دایکم جارجار تەماشایەکی من دەکاو زۆر بە پارێزەوەش چاو لە مادموازێل ڤانیا... دوکتۆر ئارتووش خەریکە داستانی نەخۆشیی دادەئامینێ بۆ مامە سرووژ و باروون شووراو دەوروبەری دەگێڕێتەوە, و وەك هەمیشە پێدەکەنێ... دەڵێ:"دایە, لەبیرتە چۆنت منداڵەکە رووت کردبۆوە, بە خوات نیشان دەداو هەڵت داویشت هەتا چاکتری ببینێ!"

"باشە, خەراپم کرد, ئاغای دوکتۆر!؟ ئەوە نیە ئەلحەملای دایکی ساغ و سەلیمە... دیارە جەنابیشت زەحمەتت کێشا, بەڵام..."

دوکتۆر دەڵێ:"بەڵام بەخۆڕایی...!" و قاقا پێدەکەنێ "دەتەویست وا بڵێی دایە؟... ئاغای رۆستەمی چاوت لێیە دایە دەڵێ چی؟"

بابم دەڵێ:"بەڵێ, دوکتۆر... گوێم لێتە..." هەر کە ئەمەی دەڵێ, دیسان دوکتۆر دەتەقێتەوە...

دایکم بە دادەئامینێ دەڵێ:"ئەم مێردە شێت و پیێتەت ئەو پیاوەشی لەڕێ لاداوە...!"

مام هۆسپ دەڵێ:"دیسان دیزەو گۆزەکان لەسەری منی قوڕبەسەردا شکان!؟ ئەمن چیم کردوە, ئەمن وەك پیاوێکی ئاقڵ و حیسابی بۆخۆم دانیشتووم... هیچم گوتوە!"

دوکتۆر دەڵێ:"نا دایە, ئاخرەکەی تێگەیشتم کە هیچم نەکردوە..."

"بۆچی, رۆڵە, ئەتۆش کارت کرد, زۆریشت کرد ـ دەستت خۆش بێ ـ خوا ئەم کوڕە جوانەت پێ بێلێ... بەڵام رۆڵە, خوا ویستی کە کردت. ئەگەر خوا نەی ویستایە هەر پێت نەدەزانی..."

دوکتۆر دەڵێ:"بەڵێ... باشە, ئەمە بوو بە شتێك... " و وتوویژ لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەست پێ دەکاتەوە" بەسەرهاتی دوعای منداڵەکان لە کاتی نەخۆشیی دادەئامین داو داستانی مارەبڕینەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە... هەموو پێدەکەنن... چەند لەحزە دواتر هەناسە هەڵ دەکێشێ... و وەك ئەوەی قسەکان درێژەیان هەبێ دەڵێ:"بەداخەوە بەرەی ئەو جۆرە پیاوانە وردە وردە خەریکە دەبڕێتەوە ـ ئەمانە کە بڕۆن ئیدی کەس نیە جێیان بگرێتەوە" ئێستا هەمووی بۆتە ماشێن, خانوو, پووڵ... حەیف!" پاشان بە پێکەنینەوە بە بابم دەڵێ:"ئاغا, ئەگەر گوێت لە منە, چۆنە هاوینی دادێ دیسان چەند رۆژێك بچینە دووکەڵە؟"

بابم دەڵێ:"ئەرێ وەڵڵا... وەرن. ئاغا، ئەم کیژۆڵە، کاکە سرووژ... هەمووتان لەگەڵ خانمەکان وەرن... ئەمن ئیدی ئاخری عومرمە... وەرن، بچن حەوتوویەك لەوێ بن. "پۆلەکانی"یش ببینن ـ جێیەکی جوانە..."

مام هۆسپ دەڵێ:"بە فکری من "پۆلەکانی" زۆر جوانترە..."

دوکتۆر دەڵێ:"ئەم وشەی "جوان"ەش بە راستی شتێکی کەمە... ئیدەئالە... بێوێنەیە ـ لە هیچ کوێی دنیا شتی وا نابینین... باروون شوورا... مادموازێل ڤانیا... شتێك دەبیسن... حەتمەن بچن. سرووژ، ئەمن لە جیاتی تۆ بم ئەم یەك ساڵە دەمێنمەوە تا ئەو یەك حەوتووە لەوێ بم. بە خوا هەڵ دەگرێ!"

بابم دەڵێ:"زۆر باشە، کەوایە ئەمن هەموو خانمەکان و ئاغاکان و میوانەکانیان بانگهێشتن دەکەم... و زۆریش خۆشحاڵ دەبم ـ پاشانیش وەبیرتان دێنمەوە. بەڵام دوکتۆر، دوایە بیانووان نەبینیەوە... ئەتۆ بۆخۆت خانمەکان و ئاغاکان سازکەو ئەوی دیکە لە ئەستۆی ئامینێ. هۆسپی فەقیر هەموو ساڵێ دێ و دەزانم هەتا ماویشە دێ. لەوی خاترجەمم، ئەو بێ وێ کاری لەنگە. وەرن لەو سەرە ڕا نیشتمانەکەشتان ببینن... نەیەن پەژیوان دەبنەوە، وەڵڵا!... بەڕاست جێی هراند خاڵی..."

مام هۆسپ دەڵێ:"ئەرێ وەڵڵا، دیسان ئێوە... ئێمە هیچ لە بیرمان نەبوو."

دوکتۆر دیسان چپەیەك لەگەڵ باروون شووراو مادموازێل ڤانیا و سرووژ و خێزانی دەکا... دیارە هەموویان لەوە کە دەتوانن دووراودوور نیشتمانەکەیان ببینن کەوتوونە هەژان. خێزانی دوکتۆر بە خانمی سرووژ و مادموازێل ڤانیا دەڵێ:"بەیانیێیان کە دەچووین لە سەرێ ڕا تەماشای ئاگری بکەین ڕێوی و سمۆرە دەهاتنە مەودای دوو هەنگاومان. خواردنمان دەدانێ... ڕایان نەدەکرد. ئاغا ڕاوی قەدەغە کردوە... جێیەکی جوانە!" لەو نێوەدا هەروا لە مێزەکانی دیکەوە دێن و هەروا مەحەببەت دەنوێنن... هەڵپەڕین دەست پێکراوە، ژن و مێردەکان دەچنە سەر "پیست" شوێنی دانس... مێزەکەی مەش تەنکەی کردوە... چاوم لە بابمە کە بەسپایی چاویلکە دووربینەکەی دەردێنێ و دەچاوی دەکا، و بە دایکم دەڵێ:"فاتم عەینەکەکەت لێدە، کەس هۆشی مەی نیە..." پێدەکەنم. دادەئامین دێ، دەستی من و مادموازێل ڤانیا دەگرێ و دەمان باتە سەر "پیست"... چاوم لە بابمە کە نێوچاوانم لێ تێك دەنێ و بە حاڵ و باڵ سەر ڕا دەوەشێنێ ـ پێکەنین بە روخساری دایکمەوە بڵاو بۆتەوە.

لە نیوەشەو لای داوە، ئیدی وردەوردە دەبێ بڕۆین بەڵام... ئێ... دوکتۆر... دادەئامین ـ لە پشت میکرۆفۆنن ـ دوکتۆر وێلۆنەکەیشی هێناوە...

سالۆنەکە نوقمی بێدەنگییە. دوکتۆر دەچێتە پشتی میکرۆفۆن, دەڵێ بە یادی "ئەوانەی رابردوون و ئەوانەی رۆیشتوون" و شتێکی وەك حەیرانی کوردی لێ دەداو دادەئامین تێ هەڵ دەکا... ئای, هەر ئەو ئاهەنگەی "شاخەڕەش"ە. هەر بەندێك دووجار دەڵێتەوە جارێك بە هەرمەنی و جارێك بە کوردی:

ئەی هاوار لەمن
خواحافیز ئاگری, ئیدی نات بینم
بەڵام ئەشقی تۆم قەت لەبیر ناچێ.
باوەشی ساردت پەنای گەرمم بوو, بە شەوو بە رۆژ
دایك بووی بۆ من.
ئەم دەسرۆکەیە هەڵ بگرە ئاگری.
ئەوم بۆ بدە بە دەزگیرانم.
دایکمیان برد ئاگری,
بابم لەڕێ مرد,
کاکم لە جادە بەردان دەشکێنێ.

ΠΠΠ

ئەم دەسرۆکەیەم بدە خێزانم
ئەم تفەنگەشم بدە بە کوڕەکەم
بلێ بابتیان لەگەڵ خۆیان برد.
کوڕم چووکەیە, بلێ با زووتر گەورە بێ چونکە منداڵان دەکوژن.

ΠΠΠ

بەڵکوو رۆژێکیش پێك شاد بووینەوە
ئەگەریش نەبوو, لە هەر جێیەك بین
پێش هەتاو کەوتن لە دوندێکی بەرز, هەموو پێکەوە تەماشای بەژنی ئاگری دەکەین.
ئاگریی دلۆڤان روانینەکانمان پێك دەگەیەنێ

ΠΠΠ

خوا حافیز ئاگری, بە هیوای دیدار...
ماڵت ئاوەدان, خۆشەویستیی تۆم قەت لەبیر ناچێ

شێوەی جوانی تۆم قەت لەبیر ناچێ
ئەوا کوڕەکەم بە تۆ دەسپێرم...

ΠΠΠ

دەنـگ لـە گـەرووی دەنگبێـژ دا شـکاوەتەوە, دەنگـی وێلـۆن بڕاوەتـەوە. سـالۆن لـە بێدەنگییەکی بەسام دا نقوم بووە... چەند لەحزە بێدەنگی و دوایە دەنگی چـەپڵەلێدان و ئافەرین گوتن... دادەئـامین وەك منـداڵێکی چـووکەڵە کـە لـە مەجلیسـی جـەژنێك دا سەمای کردبێ و پاش تەواو بوونی سەماکەی پەنای بۆ باوەشی دایکی بردبێ, بە غـاردان هاتوەو بە هەنیسك دانەوە دەستی دەستۆی بابم کردوە ـ ریشی بابیشم بە فرمێسـکان تـەڕ بووە.

بابم دەڵێ:"ئامین... ئەمشەو هەمووی لایەك, و ئەم حەیرانەی تۆ لایـەك... زینـدوو بوومەوە. زۆر جوان بوو" بە قەولی فاتم نەمرم لە زەماوەندی ڕێـوی دا سەرچـۆپی بگـرم... خوا عومرت درێژ کا... ئەم چەند لەحزەیە گەنج بوومەوە...!"

دایە دەستی دەستۆی کردوە, دەڵێ:"یاخوا بژی... نەوەکانت ببینم. ماشەڵڵا لـە هـەر قامکێکت سەد هونەر دەبارێ... هەتا ئێستا دەنگی وا خۆشم نەبیسـتبوو. دەرد و بـەلات لە گیانی هەرچی بنیادەمی خەراپ و بێکەلکە بکەوێ...! هێندێ شتی خۆش هـەڵ گـرە بۆ زەماوەندی کاکە یادۆ ئیشەڵڵا... بە قوربانی ئەو زارو لێوە جوانەت بم!"

دوکتـۆر دەڵـێ:"دەی, ئاغـای دوکتـۆر..." ڕووی لـە منـە "بـە نیـازی ئیشـەڵڵا پزیشکخانەکەت لە کوێ دانێی؟"

دەڵێم:"هێشتا ساغ نەبوومەوە, ئاغای دوکتۆر... لەوانەیە بچمە جێی جەنابت, ورمێ. ئەگەر مام هۆسپ و دادەئامین ڕازی بن... لەوێ منداڵەکانی کاك ڕەشید و کاك مـارفیش دێنین کە بخوێنن..."

مام هۆسپ دەڵێ:"عەرزم نەکردی تاران جێیەکی خـەراپ نیـە, شـامیکەباب دەدەن! ئێستا دەیەوێ منداڵی ئەوانی دیکەش بێنێ...! بەلام لـە گاڵتـە دەرچـێ ئەمـە ئـاواتی منە... ورمێ جێیەکی جوانە ـ ئەوێ هەموو شتێکی باشە, هـەم شـارەکە جوانـە, هـەم دێمان هەیە, هەم ئەسپمان هەیە... هـەم چیامان هەیـە, هـەم ئاوهەڵـدێر... هـەموو شتێکمان هەیە..."

دایکم دەڵێ:"ئەم دووسێ ڕۆژە ئاقڵ بووی... هیچ باوەڕم نەدەکرد... زۆر شێت و پێـت بووی!"

"بەڵێ دەزانم... پێت خۆش بوو... مەترسە "منداڵەکە" دیسان لە پەنا خۆت دادەنێم... توخوا تەماشا." وەك فەرمانـدە لەشکرێك دەست بۆ زگی زلی گرووبانێك رادێرێ, دەست بۆ لای من را دەدێرێ:"توخوا ئەم زرتە زەلامە منداڵە!"

دایکم دەڵێ:"بلێ ماشەڵڵا, شێت و شوور!"

هەموومان پێدەکەنین. مام هۆسپ سەر دەباتە بن گوێی دایکم و دەڵێ:"مەترسە, بۆخۆشی وەرزیی ئەسپێیەکانی وێی کردوە. ڕۆژەکانی هەوەڵی بۆ ئەوەی زۆر وەرەز نەبێ ئامین دەچوو لەو خوارەی شاری چەند دانەیەکی دەکڕی و لە قوتووە شەمچەی داویشتن و لە بن سەریی دادەنان. حەیف, ئەو هەموو ئەسپێ چاکەی بەجێ هێشت, هات بوو بە دوکتۆر!... ئاخر دوکتۆرییش بوو بە کار!..."

دایکم قژقژ پێدەکەنێ.

دوکتۆر دەڵێ:"ئێمە بێگانەین!"

مام هۆسپ دەڵێ:"قسەی خۆمان بوو."

ئاخر دەوری دانس دەست پێ دەکا...

ΠΠΠ

هاتووینەوە ماڵێ. دایکم دەڵێ:"زۆر جوان بوو!"

مام هۆسپ دەڵێ:"کامەیان؟"

"هەمووی... مەبارەکی لاوان بێ هەمووی جوان بوو... ئیشەڵڵا بە سلامەتیی کاکە رووبیك ـ نەمرم ئیشەڵڵا لە زەماوەندەکەی دا خزمەت بکەم ـ زۆر جوان بوو!"

مام هۆسپ دەڵێ:"ها, ئەمن پێم وابوو کیژۆڵەکە دەڵێی!"

دایکم دەڵێ:"ئا ـ بەڵێ, کیژۆڵەکەش جوان بوو ـ چما خوانەخواستە گوتم جوان نەبوو! ماشەڵڵا دەت گوت پارچە جەواهێرە!... بەڕاست هۆسپ, ئەدی دایکی لە کوێ بوو؟"

"دایکی نیە."

دایکم بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ:"ئەدی کێ ئەم منداڵەی گەورە کردوە, ئەویش ئاوا وەك چەپکەگوڵ!؟"

"خەفەت مەخۆ... وەك هەمیشە نەنکەکان هەن..."

دایکم دەڵێ:"منداڵی مەعسووم! پیاو لە تەماشاکردنێی تێر نابێ..."

بابم دەڵێ:"هۆسپ, بابی چ کارێك دەکا؟"

"ئەندازیارە, ئاپۆ ـ کاری خانووبەرە دەکا ـ وەزعی باشە ماشەڵڵا... دوو کوڕیشی هەن. ئەوانیش هەروەك خۆی ئەندازیارن ـ لەگەڵ خۆی کار دەکەن..." پاشان بە دایکم دەڵێ:"ئاخرەکەی پێت نەگوتین, دایە؟"

چیم پێ نەگوتی, ڕۆڵە؟"

"پێت باش بوو یان نا؟"

دایکم دەڵێ:"نابێ ئەمن هەڵی بژێرم, ڕۆڵە ـ دەبێ ئامین هەڵی بژێرێ... ئەمن کە هەر ئەمجارم دیوە فەقیرە... هەرچی ئامین پێی باش بێ جوانە ـ وەك خۆی."

مام هۆسپ ڕوو دەکاتە بابم:"ئاپۆ, جەنابت چۆن... پێت باش بوو؟"

بابم دەڵێ:"ئەمن؟ ئەمن چ کارەم, ڕۆڵە... ئامین شتی خەراپ هەڵ نابژێرێ."

مام هۆسپ دەڵێ:"دیتت ـ دیتت گوتم! ئامین بە چاکی دڵی لێ ئەستاندوون... کەوایە زەماوەندەکەمان دروست کرد...! قەرەبووی "زللە"کەش کرایەوە, کاك یادۆ... ئەمە ئیدی لە شەقیش خەراپترە!" و قاقا پێدەکەنین...

ئاخری وەختی ڕۆژی ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٥
ڕێکەوتی ساڵوەگەری شەهید بوونی هەڤاڵان